8

# ڕۆژنامەنووس

گۆڤارێکی وەرزییە
تایبەتە بە کلتوری ڕۆژنامەنووسیی

ئەندامیەتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
لە IFJ لە بەشدارەوە دەبێتە کارا

2006

# بە مەسئوولیەتەوە
# کارە پیشەییەکانمان ئەنجام دەدەین

فەرهاد عەونی

* گۆرەپانی کاری رۆژنامەنووسی کوردستان لەسایەی بارودۆخە سیاسییەکە بەبەردەوامی فراوانتر دەبێت.
* دەزگاکانی راگەیاندن (رۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ، تەلەفزیۆن، سایتەکانی ئینتەرنێت) ئامرازی سەرەکییان مرۆڤی رۆژنامەنووسە کە ئەوانیش بەبەردەوامی بەژمارە روو لەزیادبوون دان.
* لەهەمان کاتیشدا کۆمەڵگای کوردستان لەچەندین رووەوە فراوانتر دەبێت و بەرەو پێشەوە دەچێت، لە هەندێ رووشەوە بەرواڵەت لاسایی وڵاتانی پێشکەوتوو دەکاتەوە بێ ئەوەی لەبنەرەتدا لەرووی زەمەن و قۆناغی مێژوو بەو ئاستە گەیشتبن.
* رووناکبیران، رۆشنبیران کە تێیدا رۆژنامەنووسان لەپێشەوەی ئەو توێژەن کە زۆرتر لەپێش خەڵکی دیکە خەون بە گۆرانکارییەکانەوە دەبینین بە پەلەتریش هەندێ جار ئەرکەکانیان ئەنجام دەدن کە ئەویش لەروانگەی دڵسۆزی و نیشتمانپەروەرییەوە دێت.
* لەبەرامبەردا دەسەڵاتی سیاسی وەکو (سروشتی دەسەڵات) ئەوجا لەزەمەنێک و لەهەر شوێنێک بێت هەوڵی خۆ چەسپاندن دەدات کە ئەمەشیان پیادەکردنی مافی دەسەڵاتە.
* رۆژنامەنووسانی کوردستان لەئاکامی خەون دیتن بەپێشکەوتن و لاسایی کردنەوەی رۆژنامەنووسانی وڵاتانی پێشکەوتوو بەپیادەکردنی ئازادی رەها (سەرەرای جیاوازی ئێرەو ئەوێ) و (سەرەرای جیاوازی بارودۆخی زەمینەی لەبار) توشی جۆرە رووبەروو بوونەوەیەک دەبێت لەگەڵ هەندێ دام و دەزگای دەسەڵات بێ ئەوەی ئامانجی بێت.
* هەندێ لەدام و دەزگاکانی دەسەڵاتی سیاسیش بەئەرکی سەرەکی خۆی دەزانێ بنکەو دەسەڵاتی دەسەڵات زیاتر بچەسپێ و فراوانتربێت کە هەندێ جار لەچوارچێوەی گۆرەپانی ئازادی و ئازادی رۆژنامەنووسیی تەسک دەکاتەوەو رۆژنامەنووسان تووشی تەنگە نەفەس دەکات، وەکو رەت دانەوەیەکی دام و دەزگاکانی دەسەڵات بۆ ئەو تەنگە نەفەسییەی کەتووش هاتوون لەئاکامی ئەو ئازادییەی کە رۆژنامەنووسان پیادەی دەکەن.
* لەئاکامدا کێشەیەک دێتە ئاراوە، کاتی رۆژنامەنووسان بەحوکمی کاری رۆژنامەنووسییان تێکهەڵکێشی رێپێوان و بەشداری خۆنیشاندانەکان دەکەن (دیسان لەئاکامی جیاوازی سروشتی دەسەڵات و رۆژنامەنووس) دەکەونە بەر کاردانەوەی هەڵسوکەوتی هەندێ لەکاربەدەستانی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش کە ئەویش خۆی لەو رووداوانەوە دەبینێتەوە:

١- لێدان و ئیهانەکردن.
٢- زەوت کردنی ئامرازی کاری رۆژنامەنووسیی.
٣- حەپس کردن.

ئەویش لەئاکامدا رووبەرووی سەندیکا دەبێتەوە کە ئەمەشیان ئەرکی سەندیکایە، چونکە سەندیکا چوارچێوەی یاسایی سەرجەم رۆژنامەنووسانە (چ ئەوانەی ئەندامن یاخود لەدەرەوەی سەندیکان) کە ئەرکی سەرەکی هەوڵدانە لەپێناو:

- چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسیی.
- دابین کردنی مافی رۆژنامەنووسان.

* لەپێناوی پیادەکردنی ئەم مەبەستەشدا سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان (ئەنجوومەنی سەندیکا + لقەکانی سەندیکا) بەهەموو شێوەیەک (دەربرینی نارەزایی، چاوپێکەوتنی بەرپرسان، ئاگادارکردنی لێپرسراوان بەتەلەفۆن،پێشکەش کردنی یاداشتی نارەزایی، دەربرینی هەڵوێستی راشکاوانەی سەندیکا لەلایەن بەرپرسەکانیانەوە، گرێدانی کۆبوونەوەی تایبەتی ئەنجومەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی رۆژنامەنووسان و داکۆکی لەمافەکانیان). لەهەوڵ و کۆششی بەردەوام دایە بەخوێندنەوەیەکی بابەتیانەی گیانی نیشتمانپەروەری و هەست کردن بەمەسئولیەت کە ئەمەشیان رێرەوی راستەقینەی ئەو رێکخراوەیە کە ئەرکە پیشەییەکانی لەو بارودۆخە ناسکەدا هێمنانە پیادە دەکات.

# ڕۆژنامەنووس

ژمارە

8

2006

kurdistanjournalists.org

govar2004@yahoo.com

**گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە کلتوری ڕۆژنامەنووسیی**

**سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات**



خاوەن ئیمتیاز

**فەرهاد عەونی**

سەرنووسەر

**عەبدوڵڵا زەنگەنە**

Mobile: 4568886

سکرتێری نووسین

**خالید بەکر ئەیوب**

دەستەی نووسەران

ئازاد عوبێد

ئەکەد مراد

ئەنوەر حوسێن

ئیسماعیل عەلی

ڕەفیق ساڵح ئەحمەد

سۆزان مامە

موسەدەق تۆڤی

دەستەی ڕاوێژکاران

حامد محەمەد عەلی

د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی

د.کەمال سەعدی

د.مۆفەق دەرگەڵەیی

د.هیمداد حوسێن

یونان هۆزایا

**تایپ و نەخشەسازی**

**هاوڕێ محەمەد زادە**

**هەوار محەمەد عەلی**

**ئەیوب محەمەد بابەکر**



**ناونیشان**

**هەولێر- شەقامی شەست مەتری (کوردستان) - گەڕەکی زانیاری**

Tel: 2220367

Fax: 2294800

# بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەنووس


| | | |
|---|---|---|
| سڵاو لە (موزعیج)ـەکانی وڵاتەکەم | سەرنووسەر | ٣ |
| ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم | فەرهاد عەونی | ٦ |
| پایەی ڕۆژنامەوانی وەك سەرچاوەیەکی | د.کەمال مەزهەر | ٥٢ |
| لە یادی بیست ساڵی دەرچوونی (چوارچرا)دا | ن.ع.أ | ٥٨ |
| یەکسانی ژن و پیاو لە ڕاگەیاندنی سویدی دا | د.سەپان | ٦٩ |
| ڕای گشتی و ڕۆڵی ڕاگەیاندن | سۆزان مامە | ٧٨ |
| کەناڵی ئاسمانی کوردسات | بەهادین ئەحمەد | ٨٣ |
| دامەزراندن و پێشخستنی Ktv | حەبیب ماڵەڵلا | ٩٠ |
| بیبلیۆگرافیای بابەتەکانی گۆڤاری (پێشەنگ) | ئەنوەر حسێن | ٩٥ |
| گوڵبژێریك لە ڕۆژنامەگەری زانکۆی | ئیدریس عەبدوڵڵا | ١١٠ |
| دیدارەك دگەل مالمیسانژ | دیدار: عەبدوڵڵا زەنگەنە | ١١٩ |
| **ڕۆڵی میدیا لە پێکەوە ژیان** | لەتیف فاتیح فەرەج | ١٢١ |
| ڕۆژنامەی زەردو ئەخلاقی میدیایی | و: کارزان محەمەد | ١٣٠ |
| کاریگەری شۆڕشی پەیوەندیکردن | د.مۆیەد عەبدولجەبار | ١٣٤ |
| بۆ بابەتێکم لە ژمارە شەشی (ڕۆژنامەنووس)دا | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ١٤٠ |
| بۆ ڕێناس–ی ڕۆژنامەناس | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ١٤٦ |
| ژ ٧٤ سالان ڤە هاوار هاتیە هاوارا | کۆنی ڕەش | ١٥١ |
| مێژووی ڕۆژنامەنووسی تورکمانی | ئیسماعیل عەلی | ١٥٢ |
| ڕۆژنامەوانی سریانی | ئەکەد موراد | ١٥٥ |
| لە وێستگەی چەند گۆڤارێکدا | عەبدولخالید سابیر | ١٦٠ |
| ل کوردستانا یا کوردو ل ترکیێ | ع.ز | ١٦٣ |
| دیاریی ژمارە | کوردێکی یەك ڕەنگ | ١٧١ |
| هەواڵ و چالاکییەکانی سەندیکا | | ١٧٩ |
| | | ٢٣٧ |


ڕیزبەندی بابەتەکان تەنیا پەیوەندی بە لایەنی هونەرییەوە هەیە

هەواڵنامەی کتێب

# گیوی موکریانی هەتاوی بەهەموو دنیادا بڵاوکردۆتەوە..!!

عەبدوڵلا زەنگەنە

دانیشتوانی هەر ئاوەدانییەکی سەر رووی ئەم گۆی زەوییە خەسڵەت و ئاکاری تایبەت بەخۆیان هەیە، دیارە رووداو و کارەساتەکان تەنانەت دەوروبەرو ئاوو هەواش رۆڵی خۆیان لەسەر هەڵسوکەوتی تاکەکان بەتایبەتی و کۆمەڵگا بەگشتی دەبێت، خەڵکی هەولێریش بەپێی ئەو رۆژگارە درێژەی بەسەر شارەکەیان دا رابردووە، کۆمەڵێک ئاکارو خەسڵەتی تایبەت بەخۆیان هەیە، حەواندنەوەی ئاوارەو لێقەوماوانی دەوروبەر دیارترین و جوانترین خەسڵەتەکانی خەڵکی ئەم شارە بێوەیەیە، مێژوو شاهێدە کە هەولێرییەکان چەندە رێزی خەڵکی دیکە دەگرن، ئەگەر ئەم خەسڵەتە بەزیانیش بۆ خۆیان گەڕابێتەوە ئەوان هەر لەسەر ئەم خووە ماونەتەوەو شانازییان پێیەوە کردووە، هەر بۆیەش کاتێ یەکێک ئاوارەی هەولێر دەبێت بەئاسانی تێیدا دەحەوێتەوە، لەبیستەکانی سەدەی رابردوو بوو کە (حوسێن حوزنی موکریانی) و (عەبدولڕەحمان لەتیف)ی داک برای کە بە (گیو) ناسراوە چوونە شاری رەواندزو لەوێ چاپخانەی (زاری کرمانجی)یان دامەزراندو گۆڤارێکیشیان بەم ناوەوە دەرکرد، (حوزنی موکریانی) خاوەنی گۆڤارەکە بووە لەسەر بەرگی گۆڤارەکەش (عەبدولڕەحمان) وەکو (مدیری ئیدارە) ناسێنراوە، لەژمارە (١٦)ی ئەم گۆڤارەش (بۆ ئاگاداری)یەک بەئیمزای (خێوی زاری کرمانجی-موکریانی) بڵاوکراوەتەوەو تیایدا هاتووە:

(عەرچی خوێندەوارە خۆشەویستەکانی زاری کرمانجی ئەکەین کە عەبدولڕەحمانی مدیری ئیدارەی ئەم کۆوارە قەتعی عیلاقەی لەگەڵمان کردو حەقێکی بەسەر ئێمە نەماوە، بەناوی ئێمەوە هەرچێکی بدرێتی قبوڵی ناکەین).

بەپێی بۆچوونی د.کوردستان موکریانی بێ، دەبێ ئەم دابڕانەی (حوزنی) و (گیو) لەبەر ئەوە بووبێ گوایە ئەوەی دواییان چۆتەوە سابڵاخ هۆی بڵاوکردنەوەی ئەو (بۆ ئاگاداری)یەش هەر بۆ ئەوە بووبێ، کە لەئێراندا ئازاری نەدەن

و ببێتە بەڵگـەی نەمانی بەندیوارییان بەیەکەوە، بەڵام ئەوەنـدەی من سـەرنجی بڵاوکراوەکانی ئەو دوو زاتە دەدەم لەگەڵ هەر دێرێکی نێوانیان هەسـت بـە پێویسـت بوونی توێژینـەوەی دیکە دەکەم،

هـەر بۆ نموونـە: زەینێ خۆبدەنـێ ئەوەتا نە لەهیـچ کام لە ١٦ ژمارەکـەی (زاری کرمانجی) و نە لەم (بـۆ ئاگاداری)ییەی (حوزنی) نازناوی (گیو) لەتەک عەبدولڕەحمان نابینرێ، دە کەواتە هەقمانە بپرسـین دەبـێ (عەبدولڕەحمان) کەی ئـەم نازنـاوەی بۆ خـۆی دانابێ؟ یـا کێ بۆی هەڵبژاردبـێ، هیچ بەڵگەیەکمان لەبەردەسـت دا نییە کە دوای ئەم لێک دابڕانە (گیو) بۆ چ لایەک چووبـێ، بەڵام هەندێک سـەرچاوە بـاس لەوە دەکەن تا ناوەڕاسـتی سییەکان ئەو لە (سابلاغ) بووەو لەوێ وانەی فەرەنسی گوتوتەوەو دەرسی بەیەکێکی وەکو قازی محەمەدیش داوە، تەنانەت من لەدووتوێی چاوپێکەوتنێکی وەرگێڕی ئێرانی (محەمـەدی قـازی) خوێندوومەتـەوە کـە ئەو لەناوەڕاسـتی سـییەکان لای (گیوی موکریانی) زمانی فەرەنسـی خوێندووە، لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (ڕوناکی)یشدا کە لە (هەولێر) دەرچووە نـاوی (گیو) لەتـەک چەنـد بابەتێـک دەبینرێ، بەدرێژایـی سـاڵانی ١٩٣٦-١٩٤٧ نە(حوزنـی) و نە(گیـوی موکریانـی) ئیمتیـازی هیچ گۆڤارو ڕۆژنامەیەکییـان بەنـاوی خۆیانـەوە نەبـووە، تـا بزانیـن دواتـر پەیوەنـدی ئـەو دوو برایـە لەگـەڵ یەکـدی چـۆن بـووە، ئەوەنـدە هەیـە لەسـەر لاپەڕەکانـی (گۆڤـاری گەلاوێـژ) چەند ئاگادارییـەک بڵاوکراوەتەوەو (گیوی موکریانی) وەکـو (وێنەگـری هونەرمەنـد) ناسـاندووەو دانیشـتووی (هەولێـر) بووە، هەرچـی گۆڤاری (دەنگـی گێتـی¬ی تازە)ش بووە، ئەوە سـەرەتا سـەفارەتی بەریتانی دەری دەکـرد وەکو (گیو) دەیگێڕێتـەوە ئـەوا (حوزنی) بەناچـاری کاری تێداکـردووەو لەسـەر ئەم هەڵوێسـتەش بووە نێوانیـان تێکچووە، هەرچەندە دواتر سـەفارەت وازی لەگۆڤارەکـە هێناوەو ئیمتیازەکەی داوەتە (حوزنی) و دەسـتەکەی، بەڵام بەقسەی (گیو)بێ دەبـێ ئەوان تا ئابی ١٩٤٧ سـاردی لەنێوانیاندا هـەر هەبووبێت، لەم مانگەدا بووە بەئامۆژگاری چەنـد پیاو چاکێک و بزواندنی سـۆزی برایەتی لای (گیـوی موکریانـی) ئـەوا هەنگوێـن و گوێزو پێداویسـتی دیکەی ماڵـەوە لەگەڵ خۆی هەڵدەگـرێ و دەچێتە سـەردانی برا ئاوارەکەی لەبەغـدا، مـاوەی چەند ڕۆژێـک بەیەکەوە کات بەسـەر دەبەن دواتر (حوزنی) بەشـەمەندەفەر (گیـو) دەنێرێتەوە هەولێر، دوای گەیشـتنەوەی بەبروسـکە هەواڵی مەرگی (حوزنـی) پێدەدەن، دیـارە حوزنی جگە لە (گیو) و (ژن)ەکەی خۆی کەنـاوی فاتیمـەو لەکوردەکانی سـوریە بووە، کەسـی دیکەی لەم وڵاتـە نەبـووە، بۆیە دوای مەرگـی (حوزنـی) دەبـێ میراتەکەی بـۆ (گیو) مابێتەوەو ئەویش بە ماوەی دوو مانگان نزیکی دە جاران چۆتە موسـڵ و دوای گەلێک ڕەنج و ئەرک کێشـان ئەوسـا توانیویە (٤٠) دینار بداتە (فچیلـی عیسـی محفـوڤ) و ئـەو چاپخانەیەی لـێ بسـێنێتەوە کە پێشـتر لەبـڕی (٥) دیناری قەرزی لای (حوزنی) دەسـتی بەسەرداگرتبوو، هەروەها چاپخانە کۆنەکەشـی هێنایەوە هەولێر کـە (حوزنـی) لەڕەواندز جێی هێشـتبوو، وەکو لەپێشـەوەش گوتومـە سـەرەتا (گیـو) لەگـەڵ (حوزنی) لـە (زاری کرمانجـی) کاری کردووە، بۆیە دەبێ زۆر ئاسایی بێت کە ئەوکاتەش بۆتە خاوەنـی چاپخانەی خۆی حـەزی کردبێ گۆڤار یان ڕۆژنامەیەک لەشاری هەولێر دەربکات.

بەڵام بەداخەوە تا سـاڵی ١٩٥٤ ئەم خەونەی بۆ نەهاتۆتە دی. لەمایسـی ئەو سـاڵەدا بوو کە یەکەمیـن ژمـارەی (هەتـاو)ی بڵاوکردۆتەوەو یەکـەم (سەروتار)یشـی بەناونیشـانی (نازانـم بۆچی تـا ئێسـتا ئیمتیازم نەدەدرایـە) بووەو هەموو شـتێکی تیادا ڕوون کردۆتەوە، وا دیارە متەسـەڕفی ئەوسا ئیسماعیل حەقی بەگ بووە،. زۆر یارمەتـی (گیـو)ی داوە، هـەروا بێتـەوە وەزیـری ناوخۆی ئەوسـا (سـەعید قـەزاز) بۆ وەرگرتنی ئیمتیازەکەی هاریکاری دڵسـۆزانەی کـردووە، وا ئێسـتا هەنـدێ لەژمارەکانـی ئەم (هەتاو)ەم لەبەر دەسـتە، ئەوندەی لاپەڕەکانیان هەڵگێڕو وەرگێڕ دەکەم لەخوێندنەوەیان تێرنابم و نازانم باسـی چ لایەنێکی ئەو گۆڤارە بەشێوە پەڕپووت و بەناوەڕۆک دەوڵەمەندەتان بۆ بکەم، لەئەمڕۆی دنیای ڕۆژنامەنووسیی و ڕۆشنبیری لە کوردسـتاندا کە پەخش و دابەشکردنی کتێب و بڵاوکـراوەکان ئەوەنـدە زەحمەت بووە، بۆیە مـرۆ زانیاریی پێشـینەی مێژووی نەبێ بیری بۆ ئـەوە ناچێ ئـەوان چۆن کارەکانـی خۆیان ڕەهـا کردووە، ئەوەتا ئەو ژمارە (١)ەی (هەتاو) کـە لە(چاپخانـەی کوردسـتان) و لەشـەقامی

موزەفەرییەی هەولێر دەرچووە جگە لەبەرگ بە (٢٠) لاپـەڕە بووە، بەداخـەوە ئەو دانەیەی لای من دوا بەرگی پێوە نەماوە تا بزانین چی لەسەر نووسـراوە، جگە لە مامۆستا (گیو) کە خاوەندی ئیمیتـازو مدیـری ئیـدارەو نووسـین بـووە، مدیری بەرپرسیاری سـەرەتا محامی (ئیبراهیم عەزیـز ئاغـا دزەیـی) بـووە، دواتـر (محەمەد شـەهاب دەباغ) ئەم لێپرسـراویەتییەی لەئەستۆ گرتووە، لەدوادواییەکانـی تەمەنی گۆڤارەکەش رەئیسـی متەقاعید (جەلال قـادر) بووە. (هەتاو) هـەر لەهەوەڵەوە ئابوونەی سـاڵانەی بۆ مەلاو فەقێیانـی مزگـەوت و مەکتـەب زۆر لەئابوونە رەسـمییەکەی کەمتـر بـووە، بـۆ هەژارانیـش بەخۆڕایـی بـووە، بەڵام ئـەوەی لەژمـارە (٢) سـەرنجی منی بۆ لای خۆی راکێشا ئەو هەموو باوەڕپێکراوانـەی (هەتاو) بوو کە لەشـارەکانی کوردسـتان، لەکۆیەو زاخۆو پردێ و کەرکووک و سـلێمانی و هەڵەبجـەو پێنجوێـن وکفـری و خانەقیـن و شـوێنانی دیکـە بـووە، تەنانەت رۆشـنبیری حەلـەب و دەرباسـییەو عاموودەو حەسەکەی سوریا کاریان بۆ گۆڤارەکە کردووە، باوەڕپێکـراوی بەغدای گۆڤارەکە ئەوە (بەشـیر موشـیر)ی بەناوبانگ بووە، نازانم مامۆستا گیو چۆن وێراویە بە (وەستا بەشیر مشیر بەرگدروو) پەسـنی بکات، چونکە وەکو لەم زاتە دەگێڕنەوە دەبـێ پێی ناخۆش بووبێ پێی بڵێین (وەسـتا)و ئـەو ناوهێنانـی بە (مامۆسـتا) یان (اسـتاژ) و (فەیلەسـوف) بەهەقـی خـۆی زانیـوە، لەژمارە (٣)ی (هەتاو)دا ئەوەی زیاتر سـەرنج رادەکێشێ هەرچوار ناوی شـارەکانی سوریە لەنێو لیستی باوەڕپێکراوەکان نەماون، بەڵام لەسـەر دوابەرگدا ئەم هەواڵەی بڵاوکردۆتەوە کە دەڵێ: (داخەکەم دوکتور نوری دێرسـمی کە لاوێکی نیشتمانی و تەبیبی بەیتەری شـاری حەلەبێ بوو لەبەر ئەوە کـە تەئریخێکی لەبابەت زوڵم و زۆری ترکانەوە لەکوردەکانی دێرسمی پەخش کردووە دەوڵەتی سـوریە بـۆ خاتری تـرکان لەسـەر ئیشـییان لابـردووە) هـەروا بێتەوە (هەتـاو)ی دەگەیاندە (تاران) و شـارەکانی کوردستانی ئێران، ئەوەی زۆرتر سـەرنج رادەکێشـێ (هەتاو) گەیەنراوەتە ئەو (ئەستەنبۆڵ)ەی لەبیستەکانەوە تا ئەوساکە، نـەک هەر بڵاوکـراوە بەڵکـو زمانـی رۆژنانەی لەخەڵکـی کـورد تێـدا قەدەغـە کرابـوو بـەڵام مامۆسـتا (گیو) کارێکی وای کردووە نووسەرو



رۆژنامەنووسـێکی بەتوانـای وەکـو (محەمـەد مهری) سەرنووسـەری گۆڤاری (کوردستان)ی ١٩١٩-١٩٢٠ کۆمەڵێـک بابەتـی بەناونیاشـنی (زمانـی ئێمـە یەک جـۆرە، شـێوەکاری زۆرە) لەسەر لاپەڕەکانی (هەتاو) بڵاوکردەوە.

هەروەها (بەهجەت مەریوانی)ش لەشـیکاگۆی ئەمریکاوە گۆڤارەکەی بەسەر کردۆتەوە لەژمارە (٥٠)اوە بابەتی تێدا بڵاوکردۆتەوە.

مامۆسـتا (گیوی موکریانـی) ئەوەندە بایەخی بەم نووسـەرانە داوە، تەنانەت هەواڵی نەخۆش و مردنیانی بڵاوکردۆتەوە، ئەو (١٨٨) ژمارەیەی (هەتـاو) وەکـو لەپێشـەوە گوتـم کە سـەیری دەکـەی لەرواڵەتدا ئەوەندە پێشـچاو نییە، بەڵام لەراسـتیدا دەیـان دەنـگ و بـاس و هـەواڵ و چالاکی و شـیعرو چیـرۆک و مەتەڵ و هەڵهێنی تێدا بڵاوکراوەتەوە، دەهێنی لەلایەن تۆژەرانەوە بەسەر بکرێتەوەو چەندان نامەو تێزی ماستەرو دوکتۆرای لێ دەربهێنرێ. دیارە بۆ ئەم کارەش دەبـێ ئەو بەڵگەنامـەو کتێب و دەستنووسـانە بەسـەر بکرێنـەوە کـە لەلایـەن ئـەو دوو زاتە (حوزنـی و گیـو) دەپارێـزران، هەر بۆ مێژوو دەڵێم: (دەزگای ئاراس) کارێکی باشـی کردبوو کـە کاک (مەحمـوود زامـدار)ی راسـپاردبوو رێنووسـی هەمـوو بەرهەمـە چاپکراوەاکنـی (حوزنـی) نـوێ بکاتەوە، ئەویـش بەماوەی پتر

لەساڵێک ئەم کارەی جێبەجێ کردبوو، شەرەفی پێداچوونەوەش بەرمن کەوت، کاتێ لە (غونچەی بەهارستان)ەوە دەستم پێکرد زوو هەستم کرد (پاش و پێشی)یەک لەچەند بڕگەیەکی دەستنووسەکەی (زامدار)دا هەیە، کاتێ بەراوردم لەگەڵ کتێبە چاپکراوەکەدا پێ کرد، هەمان هەڵە لەوێشدا هەبوو، هەروەها لەناوەڕۆکی کتێبەکەشدا ئاماژە بۆ بەرگی دووەمی (غونجەی بەهارستان) کرابوو کە نووسەر بەتەمابووە دواتر چاپی بکات، پێشتریش کەمن بەتەمابووم ژمارە (٩)ی گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی) بۆ (حوزنی) و (زاری کرمانجی) تەرخان بکەم چوبوومە لای (ئازادی گیوی موکریانی) تا بۆ هەندێ بابەت یارمەتیم بدات، چەند وێنەیەکی باوکی دابوومێ و لەگۆڤارەکەدا ئاماژەم پێی کردووە، هەروەها دەستنووسێکی (غونچەی بەهارستان)ەکەی (حوزنی) نیشان دام دوای هەڵگرو وەرگێڕێکی کەم دامەوە دەست خۆی، کاتێ بەکارەکەی (زامدار)دا چوومەوەو ئەو هەڵەیەم تێیدا دیتەوە ئاماژەکەم لەبارەی بەرگی دووەمی کتێبەکە تێدا خوێندەوە، جارێکی دیکە چوومەوە لای (کاک ئازاد) و باسی پرۆژەکەی (دەزگای ئاراس) و کارەکەی (زامدار)م بۆی کردو داوام لێی کرد یارمەتیم بدا دەستنووسەکەم پیشان بدا، ئەگەر بەرگی یەکەم بوو ئەوە هەڵەی کتێبەکەی لەبەر چاک بکەینەوە، خۆ ئەگەر بەرگی دووەم بوو، پێشنیازم بۆی کرد بخرێتە سەر پرۆژەکە، بەڵێنی پێدام کە دەستنووسەکەم بۆ بێنێتەوە، چەندجار هاتوچۆم کرد هەرجارەی بە پاساوێک ڕاگیری دەکردم، تا جارێکیان ئاماژەیەکی وای بۆ کردم کە باوکی و مامی لەپێناوی کورد هەر بەنەبوونی و برسێتی ژیاون ئەو وەکو ئەوان ناکا. کاتێ پێم گوت کە ئەو باش دەزانێ من ئەو کارەی دەیکەی بێ بەرانبەرە، ئەگەر مەبەستیشم قازانجێکی مادی بووایە کاری ئەندازیارییەکەی خۆم نەدەکردە قوربانی ئەم بوارەی مێژوو و ڕۆژنامەنووسیی کوردی و خۆم چاو بەرەژێری چەند دووڕوو و ماستاوچی و تەمبەڵ و تەوەزەلی وەزیفەکەم نەدەکرد. چاویشم لەوە نەدەپۆشی پلەو پایەو مووچەکەم کەم بکەنەوە، ئەوەبوو ماوەی پتر لە (٨) مانگان هاتوچۆی لای خۆی پێکردم و هەرجارەی محازەرەیەکیشی دەدامێ، تا دواجار کە لە هێنانەوەی دەستنووسەکە بێ ئومێد بووم، ڕووبەڕوو پێیم گوت: ئەگەر حەزناکات دەستنووسەکە بهێنێتەوە دووکانەکەی سەیرێکی بکەم، با پێم بڵێت واز بێنم و دەست بەپێداچوونەوەی پرۆژەکە بکەمەوە، دیاربوو ئەو پێی باش بوو پرۆژەکە وەکو خۆی تێپەڕێنم، بەخۆشحاڵییەوە دەڵێم لەحوزەیرانی ٢٠٠٦دا دوای ئەوەی بەهۆی ئەم (٨) مانگەی ئەو زاتە ڕاگیری کردم، تەواوی پرۆژەکەم داوەتەوە بەرپرسی (دەزگای ئاراس)، دڵنیاشم بەچاپکردنەوەی تەواوی بەرهەمەکانی ئەو زاتە زۆر لەبۆچوونەکان کە بەخراپ لەسەری تۆمار کرابوون گۆڕانی بەسەردا دێت، لەم سەکۆ ئازادەی ڕۆشنبیریشدا داوا لەبەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری دەکەم، چ بەهیمەت چ بەقیمەت، چارێکی ئەو دەستنووس و بڵاوکراوانە بکات کە لای ئەو زاتە پارێزراون، بۆ زێتر زانیاریش چەند جاران کاک ئازاد لای من و برادەرانم گوتویە ئەگەر ئەرشیفێکی نەتەوایەتی هەبێت من ئامادەم یارمەتیان بدەم و هەموو ئەو کەل و پەلانەی باوکم و مامیان بدەمێ، بۆیەش ئەوەندە بۆ ئەم کارە بەپەرۆشم، جارێکیان کاک (ئازاد) نزیکەی (٧٠) ژمارەی (کوردستان)ی سەردەمی (کۆماری کوردستان)ی خستە بەردەستم لەبەر دڵۆپە و شێ ئەوەندە پەڕپووت ببوون هیچ شوێنێکی (فۆتۆکۆپی) ئامادەبوون وێنەیان لەبەر بگرێتەوە، جارێکی دیکە کۆمەڵێک لە (ڕۆژنامە نەک گۆڤار)ەکانی (دەنگی گێتی تازە)ی بۆ هێنام، کە هەندێک لەژمارەکانی بەدەرزەن بوون، بەڵام زۆربەیان (مۆرانە) لێی دابوون و خێریان پێوە نەمابوو، بۆیە ناچاربووم ئەویشیان بۆ کاک ئازاد ببەمەوە، بەخۆشحاڵییەوەش ئەوە بەخوێنەران ڕادەگەیەنم کە ئێمە لە (بنکەی ژین بۆ بڵاوکردنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانی کوردی) زۆربەی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەمان لەبەغداوە بۆ هاتووە، ئەوانی دیکەشمان لەڕێگای کاک (سەباحی غالب) لە (لەندەن)ەوەو بۆ هاتووە، جارێکی دیکە دەیڵێمەوە دڵنیام دوای چاپکردنەوەیان زۆر لەبۆچوونەکان لەبارەی ئەو دوو زاتەوە دەگۆڕێن و ڕاست و دروستی ڕێبازەکەشیان بۆ کورد ئاشکرا دەبێت...

# سڵاو لە (موزعیج)ەکانی وڵاتەکەم..!!

**سەرنووسەر**

زۆر بەداخەوەم کەوا ئەم ژمارەیەی (ڕۆژنامەنووس) کەمێک لەکاتی دەرچوونی خۆی دواکەوت، یەک لەهۆیەکانیشی ئەوەبوو کەوا نەخشکاری گۆڤارەکەمان ببووە زاوا، ئێمە وامان دەزانی دوای چوونە ناو قەفەزی زێڕین چیدیکە ناپەرژێتە سەر کارەکانی گۆڤاری ئێمە، بۆیە لەگەڵ خاوەن ئیمتیاز ڕێککەوتین زوو بەخۆمان بکەوین و یەکێکی دیکە بدۆزینەوە، ئەوەبوو بڕیاردرا یەکێکی دی کارەکانمان بۆ ئاسان بکات، کەچی مانگێکی پتر پێچو ئەویان ڕۆژ دوای ڕۆژ دەستی پێدەکردین و کارەکانی دوادەختین تا ناچاری کردم گلەیی لای نەقیبی ڕۆژنامەنووسان بکەم، ئەویش کابرای بانگ کردو هەندێ هانی داو ئامۆژگاریشی کرد، بەڵام چەند ڕۆژ دواتر دەرکەوت بێ سوودەو کارەکان هەروەکو خۆیان مابوونەوە، بۆیە جارێکی دیکە گلەییم کردەوە بەسێ قۆڵی لەگەڵ نەقیب دانیشتینەوە، یەکەم ئامۆژگاری بۆ کابرا ئەوەبوو: من دەزانم عەبدوڵڵا کەمێک (موزعیج)ە، بەڵام بڕوا بکە ئەوە لەبەر دڵسۆزیتی، کاتێ نەقیب ئەو قسەیەی کرد من ئەو ڕۆژانەی ساڵی (٢٠٠٠)م بەبیر دەکەوتەوە کە زۆرجار ڕۆژانە لەگەڵ مامۆستا محەمەدی حەمەی باقی، کە لەئێرانەوە بۆچاپکردنی کتێبەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری هاتبۆوە کوردستان، بۆ سەرپەرشتی کتێبەکانمان هاموشۆی چاپخانەی پەروەردەمان دەکرد. ڕۆژێکیان کارمەندێک ڕووبەڕوو پێی گوتم: ئێمە حەز ناکەین ئەو دووانەتان، تۆو ئەو مامۆستایەی لەگەڵتە، ئەوەندە بێنە ئێرە، چونکە (ئیزعاج)مان دەکەن، دیارە دوو ڕۆژ پێشتریش لێپرسراوی ئەو دەزگایەی کتێبەکەی بۆ چاپ دەکردین وا پەسنی منی کردبوو، گوایە چیرەدرێژو قیرسیچمەم، ئەوەندەی پێنەچوو بۆ بەرپرسی دەزگاو ئەو کارمەندەمان سەلماند ئەو چەند کتێبەی ئێمە لەزۆربەی کتێبەکانی دەزگاکە سەنگین ترن و زووبەزووش شوێنی خۆیان لەبواری ڕۆشنبیریی کردەوە،من لای خۆمەوە شانازی بەمەوە دەکەم کە هەر لەزوویێکەوە ئەم (موزعیج)یەم لەگەڵدایە، لەم ساڵانەدا برادەرێکم پرسیاری لەبرادەرێکی دیکەم کردبوو: کە ئەندازیارێکی پێشکەوتووی بیناسازییەو (جەلال حەمەدەمین)ی ناوە، ئەوە چۆنە بەم هەموو سەرقاڵییەوە، بەبێ بەرانبەر، ئەوەندە خۆت لەگەڵ عەبدوڵڵا زەنگەنە ماندوو دەکەی، نەخشەی کتێبخانەت بۆ کردووەو بەبێ بەرانبەر دەچێتە سەر خانووەکەی، ئەویش لە وەڵامدا گوتبووی: ٣٥ ساڵێک لەمەوبەر لەگەڵ ئەو عەبدوڵڵایە بەیەکەوە قوتابی بووین، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان عادەتی وابوو کلیلی ژووری پۆلەکانی دەدایە ئەو قوتابیانەی زیرەک بوون، تا پاش نیوەڕۆو ڕۆژانی پشوو خۆبەخۆ دەرسی تێدا بخوێنن، ئێمەش هەردووکمان هەریەکەی ژوورێکمان وەرگرتبوو، بەڵام هەرچی عەبدوڵڵا

بوو کاری پارتایەتی و قوتابیان ماوەی نەدەدایە وەکو جاران بەوانەکانی خۆیدا بچێتەوە بۆیە هەوڵی دەدا بێت لەگەڵ ئەو قوتابیانە دابنیشی کە من رۆژانە لەخۆم کۆدەکردنەوەو دەرسەکانم بۆ شەرح دەکردن، دیارە من پێم ناخۆش بووە ئەو بێتە ژوورەکەی من، بۆیە رۆژێکیان رووبەڕوو پێم گوت کاکە من حەزناکەم بێیە دەرسی من، ئەویش زۆر بەرووخۆشی و بەپێکەنینەوە گوتی: کاکە جەلال من دەزانم زۆر ئێسک قورس و رەزاگرانم، بەڵام ماوەم بدە چەند رۆژێک دێم، بەبێ دەنگی گوێ دەگرم، بەڵێن بێ ئەگەر (ئیزعاج)م کردی من خۆم دەرسەکەت جێ دەهێڵم، بەڵام دڵنیام ئەوسا ئەگەر وازت لێ بێنم، تۆ واز لەمن ناهێنی، لەگەڵ ئەو وەڵامەی دڵم نەرم بوو فەرمووم لێی کرد، جا کاکی خۆم بڕوا بکە لەوساوە بڕیارم داوە، ئەگەر ئەو وازیشم لێ بێنی من وازی لێ نەهێنم.

بڕوا بکەن کاتێ بۆ یادداشت کردنی ئەو چەند دێرەی سەرەوە قەڵەمم بەسەر کاغەزدا دەهێنا موچرکی خۆشی بەگیانمدا دەهات، ئەی ئەوە نییە جەنابی نەقیب لە هەموو ئەلقەکانی (ئەزموونی رۆژنامەگەریم)یەکەی خۆی باس لە (مزعیج)ی خۆی دەکات و شانازیشیان پێوە دەکات، جارێکیان لێمان پرسی: بەگوێرەی باروزرووفی تایبەتی خۆت و گشت وڵات و نەتەوەکەمان ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین زۆرت بۆ رۆژنامەنووسان کرد، چییە ئەوەندە خەم بۆ (دەزگای برایەتی و خەبات) دەخۆی، لە وەڵامدا گوتبووی: کاری رۆژنانەی رۆژنامەنووسیی جۆرە سیحرێکی تێدایە..!!

لەم ژمارەیەی (رۆژنامەنووس)دا هەواڵی بەرزکردنەوەی پلەی ئەندامێتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەنێو فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهانی، لەبەشدارەوە بۆ کارا، بڵاوکراوەتەوە، هەروەها باس لەو ئاهەنگ و چالاکییانە کراوە کە بەم بۆنەیەوە کراون و ئەنجام دراون، بەڵام کاتێ من ئامادەی ئاهەنگەکەی هەولێر بووم، داخم بۆ هەڵوێستی ئەو (موزعیج)انەی وڵاتەکەم دەخوارد کە لەوێ نەبوون، یەکسەر فیلمی یادەوەرییەکانم گەیشتە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ کە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی خوێندکارانی جیهانی IUS لەبەغدا دەبەسترا، وەفدێکی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا)ش لەسەر ئاستی چاودێر تیایدا بەشدار بوو، مشتومڕو دەمەقاڵێیەکی زۆر لەسەر وەرگرتنی خوێندکارانی کورد لەرێکخراوە جیهانییەکە کرابوو، دیاربوو وەکو جاران رێکخراوەکانی ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەر دابەش کراوە، کلکیان کردبووە یەک، ئەو مەهدی حافزەی بەم دواییە، لەحکومەتی پێشووی عیراقی دوای سەدام پۆستی وەزارەتێکی پی سپێردرابوو، سەرۆکی یەکێتی گشتی قوتابیانی عیراق بووەو سەر بەحیزبی شیوعی عیراق بووە، بەداخەوە لەهەمووان زیاتر دژی ئەو خواستەی قوتابیانی کورد بوو، لەسەر ئەوە جەماوەری کورد ورووژاو نەک هەر لەزاخۆوە تا خانەقین، بەڵکو کوردی هەموو عیراق رۆژانە بروسکەی نارەزاییان بۆ رۆژنامەی خەبات و ئێزگەی کوردی بەغداو رۆژنامەو گۆڤارەکانی دیکە دەناردو نارەزاییان دژی ئەوانە دەردەبڕی کە دژی خواستەکانی قوتابیانی کورد بوون، ئەوەبوو لەگەرمەی ئەم رووداوانەدا خوالێخۆشبوو (ئیبراهیم ئەحمەد)ی سکرتێری (پارتی) (سەروتار)ە گرنگەکەی لەرۆژنامەی خەبات-دا بڵاودەکرەوەو وەکو دەڵێن: ئەوەی بن بەرپێ، لەبارەی ماف و ئەرکەکانی کورد لەعیراقدا، هێنایە سەر بەرێ، ئەم سەروتارە کە بەناونیشانی (الامه الكرديه والماده الپانيه من الدستور) بوو زیاتر خەڵکی ورووژاندو وەکو دەڵێن بەنزینی بەسەر ئاگردا کرد، من ئەوەندەی ئاگاداریم لەسەر ئەو جۆرە نهێنیانەی مێژووی هاوچەرخی کورد هەیە، پێم وایە هەر ئەو وەرنەگیرانەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووە دواتر ئەو وتارەی بەدوا داهاتووەو ئەنجامی وتارەکەش دادگایی کردنی رۆژنامەی (خەبات) و (سەرنووسەر)ەکەی بووە، ئەوەبوو هەموو ئەم رووداوانە شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ و زۆر رووداوی دیکەی لێ کەوتەوە، کاتێ لەئاهەنگی بەرزکردنەوەی پلەی سەندیکا لەبەشدارەوە بۆ کارا ئامادە ببووم، لەدەم و چاوی ئەو ٥٠-٦٠ کەسە، بەکامیرامان و پەیامنێری گۆڤارو رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆنەکانیشەوە، ورد دەبوومەوە، کەم مابوو بۆ حاڵی نەتەوەکەمان بدەمە پرمەی گریان، هیچم پێ نەما ئەو رووداوانەم چرپاندە گوێی ئەو برادەرەی لەتەکمەوە دانیشتبوو، دواتر بەنەقیبی رۆژنامەنووسانیشم گوتەوە، زۆر حەیف و مخابن، دەیان رووداوو چالاکی

ڕۆژانە بەبەرچاوماندا تێدەپەڕن، بایەخێکی ئەوتۆیان پێنادرێ، ئەوانەش کەچارەنووسی خەڵکیان بەدەستەوەیە وەکو بڵێی ئەو ڕووداوانە هیچ پەیوەندییەکی بەوانەوە نەبێ، نازانم بەشی حەوتەمی (ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم)ی کاک (فەرهاد عەونی) کە لەم ژمارەیە بڵاودەکرێتەوە دوابەشی ئەم قۆناغە دەبێت یان نا، بەڵام وەکو (سەرنووسەر)ی ئەم گۆڤارە کاتێ بەسەر ڕووداوەکاندا دەچوومەوە، زیاتر خەمم بۆ بێخەمی خۆمان دەخوارد، چونکە بەحوکمی مەسئولیەتم لەم گۆڤارەدا، ڕۆژانە کە دووسێ جار سەردانی سەندیکا دەکەم، بۆم دەرکەوتووە قورسی پارسەنگی (موزعیج)ی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و چالاکی و (موزعیج)ی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا کاک (شێرکۆ حەبیب) بووە، سەندیکا ئاوەها ئەو شانازییەی پێ بەخشراوە، لەوانەیە زۆر لەڕۆژنامەنووسانی لای خۆمان بایەخی ئەم پلەی سەندیکا نەزانن، بەڵام بەم ڕۆژنامەنووسانەو ئەو کەسانەش دەڵێم کە چارەنووسیی ئێمەیان لەبەر دەستە، تازە پێناسەکەی خۆم لەسەندیکا وەرگرتبۆوە کاتێ گەڕامەوە ماڵ خزمێکم، کە تازە لە ئەڵمانیا هاتبۆوە، دانیشتبوو، هەرچاوی بەپێناسەکەم کەوت بەزرەپێ لەشوێنی خۆی هەستایەوەو گوتی: ئەوە لەکوێت هێناوە، یەکێکی ئاواش بۆ من ناکەی..!!

دیارە لێرەدا من کە ئەم گلەیی و گازاندانە دێنمە سەر کاغەز مەبەستم ئەوە نییە، پارسەنگی لایەک بەسەر لاکەی دیکەدا بشکێنمەوە، یان گومانم لەدڵسۆزی و لێهاتوویی دەستەبژێری نەتەوەکەمان هەبێت، بەڵکو پێم وایە گلەییەکان لەلێکدانەوەو چۆنیەتی مامەڵەکردنمانە لەگەڵ ڕووداوەکان، لەکەسی ناشارمەوە لەساڵی ١٩٩٨ بەدواوە، تا ساڵی ڕووخانی ڕژێم، هەردوو مانگ و سێ مانگ جارێک چوومەتە بەغدا، لەوێ بەدوای گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێب و بەڵگەنامەی کوردیدا گەڕاوم، سەردانی زۆر لە ڕۆشنبیرانی ئەوێشم کردووە، بیرم نایێ ڕۆژێ لەڕۆژان ئەوەندەی ئەو ١٧ ڕۆژە ترسابم کە لەکانوونی دووەمی ٢٠٠٤ لەبەر نەخۆشیی دایکم بەناچاری لەبەغدا مابوومەوە، ئەوسابوو بۆم دەرکەوت ئەو عەقلییەتانەی دوای ڕووخانی ڕژێم حوکمیان بکەوێتە دەست و دەسەڵاتیان وەکو جاران بڕوا حیسابی پەڕۆی بێ نوێژیش بۆ ئێمە ناکەن لەوساوەش تاوەکو ئەمڕۆ نەوێرام جارێکی دیکە سەر بە بەغدادا بکەمەوە، بۆیە لەسەر (موزعیج)ەکانی وڵاتەکەم پێویستە بەئاگابێنەوەو واز لەم پەرتەوازییەی نێوانیان بێنن، دیارە (موزعیج)ەکانیش زۆر جۆریان هەیە، هەیانە سەلبی و هەشیانە ئیجابی، هەرچی (موزعیج)ە ئیجابییەکانن ئەوە سەرو ماڵ و گیانیان لەپێناو بەرژەوەندی گشتیی دایە، بەڵام (موزعیج)ە سەلبییەکان خۆپەسندن و زۆرتر بەلای خۆیاندا دەیشکێننەوە، ئاوێنەی ڕووداوەکان وای نیشان دەدەن کاتی ئەوە هاتووە (موزعیج)ە ئیجابییەکانی وڵاتەکەمان ڕۆڵی خۆیان ببیننەوە...

# ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم

فەرهاد عەونی

بەشی حەوتەم

لە ئەڵقەکانی پێشوودا تا ڕادەیەک باس لە وردەکارییەکانی زۆربەی لایەنەکانی ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم کردووە، تەنانەت هەندێ جاریش لە بابەتەکە چوومەتە دەرەوە، بەڵام دیسان بەشێوەیەک لە شێوەکان یاخود ڕاستەوخۆ، پەیوەندی بە ئەزموونەکە یاخود ڕۆژانی گوزەرانم لەکات و ساتی سەرقاڵیم بە کاری ڕۆژنامەنووسییەوە هەبووەو زۆر جاریش خوێنەر (کە یەک لەوانە خۆمم) حەز لە هەندێ بابەت دەکا کە نووسەر ڕۆژانی تێدا بەسەر بردووە، بە مانایەکی دیکە جۆرە پێکەوە گرێدرانێک بەستوویەتییەوە کە خۆ دزینەوە لێی جۆرە لێکترازانێک دروست دەکات و بابەتەکە مافی خۆی وەرناگرێت، بۆیە منیش ئەو ڕێگایە هەڵدەبژێرم کە خوێنەر دەخاتە چوارچێوەیەکی ئاگادار لە ژیانی پیشەیی و سیاسی و هەندێ جاریش شتی شەخسی تێدەکەوێ کە هەمووی سەراپا دەبێتە بابەتێکی تەواو تێروتەسەل.

لە نێوانی کاری ڕۆژنامەنووسیم لە (برایەتی)دا چەندین (سەفەری) دەرەوەی کوردستانم کردووە کە ڕاستەوخۆ وەکو ڕۆژنامەنووسێک لە چوارچێوەی ئەو شاندانە بووم کە لەلایەن (سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە هەڵدەبژێردرا و هەموو ئەو گەشتانەشم لە دەفتەری بیرەوەرییەکاندا تۆمار کردووە، لەگەڵ هەندێ وردەکاری کە بە گەشتەکەوە پابەندبووە، بەڵام تەنیا لەسەر یەک لەو سەفەرانەم بابەت بڵاوکردۆتەوە کە ئەویش کاتێ لە زستانی ساڵی (٢٠٠٢)دا سەرۆکایەتی شاندێکم کرد کە پێکهاتبوو لە (١٥) ڕۆژنامەنووس و وێنەگر و نووسەر بۆ یادی (سەید تاهیری هاشمی) لە (کرماشان) کە هاوکات شاندێکی دیکەش لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە هەڵبژێردرابوون بە سەرۆکایەتی (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) کە تێیدا بەوپەڕی هەست بە لێپرسراویەتییەوە هەڵسوکەوتمان دەکرد وەکو بڵێی بەیەک (شاند)دەچوو بەڕادەیەک وەکو کاک (بارامی وەلەدبەگی) گوتەنی (خەڵکانی بەشداربووی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێیان تێک چووە نازانن کامتان پارتینەو کامتان یەکێتی) تەنیا لەسەر ئەم (گەشتە)سێ ئەڵقەم لە (برایەتی) لە ژمارەکانی ٢٩٨٩، ٢٩٩٤، ٢٩٩٩ نووسی دەنا لەسەر گەشتەکانی دیکە شتێکم لێ بڵاو نەکردۆتەوەو لە دووتوێی (دەفتەری بیرەوەرییەکانم)دا هەڵگیراون تاکو ڕۆژی خۆی دێت، چونکە گەشتەکان گەشتی سیاسی بوون ناکرێ باس لە هەندێ لایەنی بکرێت کە لەوانەیە بڵاوکردنەوەی سوودی تێدانەبێت لە ڕۆژگاری

هەواڵنامەی کتێب

ئیمرۆدا.

گەشتی یەکەمم لە کاتی کارکردنم لە برایەتی دەگەڕێتەوە بۆ بەهاری ساڵی ١٩٩٦ لە نێوانی شاندێک دا کە خوالێخۆشبوو (سامی عبدالرحمن) سەرۆکایەتی دەکرد و ماوەی (١٠) رۆژێک لە دیمەشقی پایتەخت و سەرەتاش دوو رۆژ لە شاری قامشلی کە تێدا چاومان بە زۆربەی لایەنە سیاسییە کوردستانییەکانی ئەو دەڤەرە کەوت و لە پایتەختیش سەردانی (القیادە القومیە)مان کرد کە ئەوکاتە (عبداللە الاحمر) جێگری سەرۆک (حافظ الاسد) بوو لە




ئەمینداریەتی سەرکردایەتی نەتەوایەتی (القیادە القومیە) حیزبی بەعس لەگەڵ دیتنی (عبدالحلیم خدام) و سەرۆکی پەرلەمانی سووری و (عەلی دوبا) کە ئەوکاتە لێپرسراوی گشتی دەزگای موخابەراتی سوریا بوو سەرەڕای دیتنی هەندێ لایەنی سیاسی عیراقی وەکو (نوێنەرانی مەکتەبی الحزب الشیوعی العراقی) و (حزب الدعوە)و (حسن مصطفی النقیب) لە هەمان کاتیشدا بەتایبەتی لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی دیمەشق سەردانی خوالێخۆشبوو کەسایەتی تێکۆشەر و کوردپەروەری سوریا (کەنعان عگید)مان کرد، لەم گەشتەدا (سورییەکان) بەڵێنی زۆریان دا بەتایبەتیش دروست کردنی پردێکی گەورە لەسەر ئاوی (دیجلە) بە مەبەستی ئاسان کردنی هاتووچۆی نێوان کوردستان و وڵاتی سوریا لە کاتێکدا تورکەکان رۆژانە (سەدویەک)کێشەیان بۆ هاتووچۆکەرانی کە لە کوردستانەوە بۆ تورکیاو یاخود لە رێگای تورکیاوە بۆ ئەوروپا، دروست دەکرد، بەڵام بەداخەوە کاربەدستانی سوریا نەئەو بەڵێنانەو نەهەندێ شتی دیکەشیان بەجێ نەهێنا، چونکە ئەوان لەنێوانی بڕیار و جێبەجێ کردندا حساباتی موخابەراتی زۆر وردیان بۆ کورد دەکرد، بەڵام دیسان ئاسانکارییێکی زۆریان بۆ دەکردین کە تارادەیەکی باش رێگا واڵابوو بێ ئەوەی وەکو تورکەکان رۆژانە خەڵک (ئیهانە) بکەن و کێشەیان بۆ دروست بکەن.

گەشتی دووەم لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٩٩ بوو لەچوارچێوەی شاندێکی کوردستانی گەورەی حیزبی، عەشائیری و لایەنە سیاسیەکانی سەر گۆرەپانی کوردستان بەجیاوازی نەتەوەو ئایین لە یادی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران کە تێیدا بە سەرۆکایەتی کاک (فازڵ میرانی) بوو لەو سەفەرەدا چاومان بە (ئاغای رەفسەنجانی) کەوت کە ئەوکاتە (سەرۆکی دەزگای تەشخیسی مسلەحەتی نیزام) بوو لە بارەگاکەی خۆیدا و پەیمانی ئەوەی دا کە بە هەموو شێوەیەک ئاسانکاری بۆ ئەزموونی گەلی کوردستان بکەن و هەر لەم سەردانەشدا زیارەتی مەزاری خوالێخۆشبوو ئیمام (خومەینی)مان لە بەهەشتی زەهرادا کرد کە هەر لەو گۆڕستانە بەرفراوانە چوینە سەر مەزاری (گۆڕ غەریبی) هەندێ لە شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە کە هەندێکیان ناوەکانیان

لەسەر کێلەکان نووسرابوو و هەندێکیشیان تەنانەت ناوەکانیشیان نەزانراوبوون، گەشتی سێیەمیشم ئەو گەشتە بوو کە بۆ کرماشان کردمان و لە پێشەوە ئیشارەتم پێداوە.

سەفەرکردن بۆ ڕۆژنامەنووس یەکجار بەکەڵکە بەتایبەتی بۆ ڕۆژنامەنووسانی وڵاتی ئێمە کە لە زۆر شت بێبەشن سەرەڕای ئەوە کە دیتنی وڵاتانی دەرەوە ئاسۆی بیرکردنەوەی مرۆڤ فراوانتر دەکات، چونکە هەر وڵاتەو سیماو سروشت و شتی جیاوازی لەگەڵ وڵاتەکەی تۆی تێدایەو سەرەڕای ئەو ئاسودەییە دەروونییەی کە سەفەر بە مرۆڤی دەبەخشێت، ئەوجا دیتنی ئاسەواری شارستانی و پێشکەوتنی بواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووس کە تا ڕادەیەکی گەورە ڕۆژنامەنووسانی ئێمەی لێ بێبەشن کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار بەو ئومێدەی لە ئێستاو ئایندەدا دەرگاکان فراوانتربن و ئاسانکاری بۆ بکرێت.

خاڵێکی گرنگی دیکەی ڕۆژانی ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم لە (برایەتی)دا بابەتی پێوەندیمە بە (مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن)ی ئەوکاتە کەلە سەرەتاوەو لە ساڵی (١٩٩٣) تاکو پێکهێنانی کابینەی سێیەم لە (١٩٩٩/١٢/٢٠)خوالێخۆشبوو شەهید (سامی عبدالرحمن) راستەوخۆ لە ١٩٩٣وە تاکو ١٩٩٧ و پاشان ناڕاستەوخۆ کاتێ بووە لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی پارتی لێپرسراوی بوو، تێیدا سەرەڕای هەندێ کەموکوڕی لە شێوازی ئیش کردن و پەیوەندی نێوانادا (کە ئەمشیان مەسەلەیەکی ئاساییە)کە لە هەموو بوارێکدا هەیە بەتایبەتیش لەبواری راگەیاندندا، بەڵام وەکو ڕێکوپێکی ئیشوکارەکان و ڕۆڵی کاک سامی لە لێپرسراویەتی مەکتەب زۆر ئاسایی بەڕیوە دەچوو، چونکە کاک سامی دەیزانی چۆن سەرکردایەتی مەکتەب دەکات، چونکە ئەو خۆشیی لە بنەڕەتدا هەمیشە لە کاری راگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی نزیک بوو، هەر لە سەرەتای پێوەندیکردنی بە شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦٣ تاکو ڕۆژی بەجێ هێشتنی مەکتەب، پاش تەکلیف کردنی کاک سامیش بۆ جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن بێ لێپرسراومایەوە، لەو سەروبەندەدا ئێمەی ئەندامانی مەکتەب لەوکاتەدا ڕۆژنامەنووسان (زاهیر ڕۆژبەیانی، کاروان ئاکرەیی، ئاسۆ کەریم، سەرۆ قادر،



*شاندی کوردستان لەبەردەم مەزاری ئیمام خومەینی لە بەهشتی زەهرا*

نەژاد عەزیز سۆرمێ، ئاریان فەرەج، بەندە) وامان لێک دەدایەوە کە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی دیکە لەمەودوا سەرپەرشتی مەکتەبی راگەیاندن دەکات یاخود یەکێک لە ئەندامانی مەکتەب هەڵدەبژێردرێ بۆ لێپرسراویەتی لەژێر چاودێری ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کە ئەمیشیان (خیلافی پرۆگرامی پارتییە)، بەڵام پاش ماوەیەک هەردوو بۆچوون بە هەڵە دەرچوون کاتێ کە زانیمان سەرکردایەتی پارتی برادەرێک لە (ئەوروپا)وە دێنێتەوەو لێپرسراویەتی مەکتەبی دەداتێ کە ئەویش کاک (عبدالسلام بەرواری)یە، برادەرانی مەکتەب پێشووتر کاک عبدالسلامیان نەدەناسی، بەڵام من لە ساڵانی پاش رێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠وە دەمناسی کە ئەویش لە ریزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو، لە راستیدا من زۆرم لا سەیر بوو کە کاک (عبدالسلام)یان بۆ ئەم پۆستە هەڵبژاردووەو لە ئەوروپاوە بۆ ئەم مەبەستە دەیهێننەوە کوردستان، چونکە لەگەڵ رێزم بۆ کاک (عبدالسلام) نەم زانیبوو کە ئەو رۆژێک لە رۆژان کاری راگەیاندن، یاخود کاری رۆژنامەنووسیی کردبێ، سەیرتریش ئەوەبوو بۆچی لەناو خودی ئەندامانی مەکتەب برادەرێک دەستنیشان نەکرا بۆ ئەم لێپرسراویەتییە، کە هەر هەموویان ئەزموونی رۆژنامەگەرییان یاخود کارکردنیان لە بواری راگەیاندن لە کاک (عبدالسلام) زیاتر بوو و ئەگەر مەسەلەی پارتایەتیش حیساب بکرابایە (بەندە) بەتایبەتی زۆر لە کاک عبدالسلام (کۆنتر)بووم و ساڵانێکی زۆریش پێشووتر لە بواری رۆشنبیری و رۆژنامەنووسی یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەروەها کارکردنم لە (التآخی و برایەتی) و راگەیاندنی شۆڕشی ئەیلوول لەنێوان ئاداری ساڵی ١٩٧٤ تا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ لەم بوارە کارم کردبوو سەرەڕای سەرنووسەریم لە رۆژنامەیەکی رۆژانەی ئۆرگانی پارتی کە (برایەتی) بوو، لێرەدا ئەگەر مەسەلەکە باس لە ئەزموونی رۆژنامەگەریم نەبوایە کە پەیوەندی بەشێکی بە مەکتەبی راگەیاندنی پارتییەوە هەبووە رۆژێک لە رۆژان بیرم نەدەکردەوە کە بیخەمە سەر کاغەز و باسی لێوە بکەم، بەڵام لێرەدا مافی خۆمە باس لەو مەسەلەیەو هەندێ لایەنی شاراوەی دیکەش بکەم بۆ ئەوەی کەس بە (هەڵە) لە من و لە مەسەلەکە نەگات، بەتایبەتیش کە هەموو لایەکمان تاکو رۆژانی نووسینی ئەم بابەتە لە سایەی خواوە زیندووین و دوعای تەمەن درێژیش بۆ هەمووان دەکەم.

بەهاتنی کاک (عبدالسلام بەرواری) لەگەڵ رێزێکی زۆرم بۆی، ئیشوکارەکانی مەکتەب کەوتە بەر مەحەک و مقیاسی (میزاج)، کاتێ حەفتانە کۆبوونەوەی مەکتەب دەکرا، دەتوانم بڵێم زۆربەی کاتەکان دەبوو، (حوار الطرشان)ی نێوانی کاک عبدالسلام و من کە ئەو لە (ئەدای) بەندە رازی نەبوو تەنانەت جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە (سەروتار)ەکانی (برایەتی) بەناوی بەندەوەبێت، چونکە ئەم سەرووتارانە تەعبیر لە رای پارتی ناکات و رای نووسەرەکەیەتی، بەڵام کاتێ من ئەو راستیەم بۆ شی دەکردەوە کە هەر لە دەرچوونی رزگاری لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٦ ئەوجا (خەبات) پاشانیش (التآخی) و دیسان (خەبات)ی شاخیش هەموو کاتێک سەروتار بێ ناوی سەرنووسەر هاتۆتە خوار و تەعبیری لە سیاسەتی پارتی کردووە و هەمیشەش مەکتەبی سیاسی یاخود ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی ئەو رۆژنامانەی کردووە هەر لە زەمانی خوالێخۆشبووان (هەمزە عبداللە)و (ئیبراهیم ئەحمەد) ئەوجا بەڕێزان (مام جەلال) (حەبیب محەمەد کەریم)، پاشانیش شەهید (صالح یوسفی) و شەهید (دارا تۆفیق) تاکو رۆژانی پاش راپەڕینیش کاک (حەبیب محەمەد کەریم) لە سەرەتادا سەرنووسەری (برایەتی)و سەرپەرشتی (خەبات)ی دەکرد، تەنیا لە ساڵی ١٩٩٣وە ئەم رێچکەیە شکا، بەڵام دیسان سەرەڕای ئەم (خیلافاتانەش) پەیوەندییەکی ئاسایی لەنێواندا هەبوو، نەم دەهێشت لێک ترازانێک دروست بێت، بەڵام بەهەرحاڵ (تەجروبەکە) یانی رۆڵی مەکتەبی ناوەندی بەم شێوەیەی کە باسم لێوەکرد سەرکەوتوو نەبوو، چونکە هەر یەکەمان بە (ئاوازێک) دەمان خوێند کە لە خزمەتی راگەیاندنی پارتی نەبوو، کە تاکو ماوەی دواتریش نەکەوتەوە سەر رێچکەی خۆی کە ئەمیشیان خودی هەندێ لە (دەستڕۆیشتوانی) ناو مەکتەبی سیاسی (تەحەمولی) ئەم دیاردە نامۆیە و زەرەرمەندە دەکەن، کە نەیانتوانی بەو هەموو ئیمکانیاتەوە راگەیاندنی پارتی بگەیەننە قۆناغێک کە سەرکردایەتی پارتی و خەڵکی لێ رازی بێت، چونکە لە بنەڕەتدا (نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب) نەبوو، بەڵکو

زۆر جار (نان بۆ قەساب و گۆشت بۆ نانەوا) پیادە دەکرا، کە ئەمیشیان ڕەنگدانەوەی سەلبی لەسەر خودی ڕاگەیاندن هەبووەو تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت بەشێوەیەک لەشێوەکان هەر ماوە.

درێژەی کاری ڕۆژنامەنووسیم لە (برایەتی) ئاسایی و بەڕێکوپێکی بەڕێوە دەچوو، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە بێ لەمپەر و ئاستەنگ کارەکان ڕۆیشتبێ، بەڵکو هەندێ جار ڕۆژانەو هەندێ جاریش هەفتە نەبوو کێشەیەکم بۆ دروست نەبێ جاری لە پێشەوە (هەڵەی چاپ) بۆ من سەرئێشەیەکی زۆری دروست دەکرد، سەرەڕای دانانی (ستافێکی کارامەو بە ژمارە زۆری کارمەندانی هەڵەچن)، ڕۆژانەش جارێک و شەوانەش جارێ سەردانی هەردوو بەشی (کۆمپیوتەر و هەڵەچن)م دەکرد و دەفتەری ڕاژەی هەڵەی هەر یەک لە کارمەندانی چاپم دانابوو تاکو بزانم کام لەو کارمەندانە هەڵەی زۆرە بۆ ئەوەی ئاگادار بکرێنەوە، بەڵام دیسان هەندە سوودی نەبوو کە من ڕازی بکات، چونکە زۆر جار هەڵەی چاپیش بۆ من دەبوو بە (گایەک) سەدو یەک حیسابی بۆ دەکرا، هەمیشە ڕۆژانە یەک دوو تەلەفۆنم لەسەرەوە بۆ دەکرا لەسەر دووبارەبوونەوەی هەڵەی چاپ کە بەڕاستی بێزاری دەکردم.

ڕاستە هەڵەی چاپ بابەت دەشێوێنێ و دیاردەیەکی زۆر خراپ و ناشیرینە، بەڵام ئاشکرایە چاپەمەنی نییە لەسەر ڕووی ئەم زەوییە هەڵەی چاپی تێدا نەبێت، تەنیا وەک دەڵێن (چاپەمەنییەکانی زانکۆی ئۆکسفۆرد نەبێت) کە تاکە هەڵەی تێدا ناکرێ، منیش حەزم دەکرد (برایەتی) و ئەو چاپەمەنیانەی کە لەو دەزگایە بڵاو دەبوونەوە وەکو چاپەمەنییەکانی ئۆکسفۆرد بێ هەڵەبان، بەڵام چیم بکردایە کە ئەم مەسەلەیە (مەیسەر نەدەبوو) و ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە، زۆر جار کێشەی سەیر و سەمەرەم بۆ دروست دەبوو، چونکە وەکو بڵێی (هەندێ بۆم لە (کەمین)دا بوون، بەڕادەیەک ڕۆژێک لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٦ کاتێ دیمانەیەکی فراوان لە یەکێ لە ژمارەکانی (برایەتی) بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ هەندێ لە نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان (ئەو کاتە یەکجار زۆربوون) بە بڵاوبوونەوەی بابەتەکە پاش ڕۆژێک بە ئیمزای ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کە هیچ پەیوەندی بە ڕاگەیاندنەوە نەبوو، نووسراوێکی هەڕەشە ئامێزی ئاراستە کردبووم و وێنەیەکی بە سەرووترەوە دابوو، وای نیشاندابوو کەوا، برایەتی تاوانێکی سیاسی گەورەی کردووەو سەرنووسەر لێی بەرپرسیارە کە نابێت ببڕای ببڕ ئەم هەڵە گەورەیە دووبارە ببێتەوە (خودی تاوانەکەش) خۆی لە بەقسەهێنانی نوێنەرێکی یەک لەم لایەنانەبوو کە لەسەر ڕەوشی ئەو کاتە ڕای خۆی دەربڕیبوو بێ ئەوەی (پارتی)


پارتی دیموکراتی کوردستان-یەکگرتوو
مەکتەبی سیاسی
ژمارە: ٦١٤
بەروار: ١٩٩٧/١/٢٠

بۆ/ سەرنووسەری ڕۆژنامەی برایەتی تێکۆشەر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

بایەخ و گرنگی ڕۆژنامەی برایەتی ڕوون و ئاشکرایەو هەر بۆیەش سەرکردایەتی پارتیمان بە پەرۆشی ئەوەیە کە بەردەوام ئاستی ئەم ڕۆژنامەیە بەرزبێتەوەو بەرەو پێشەوە بچێ.
بەداخەوە لە ژمارەی ٢٢٥٦ی ڕۆژی ١٩٩٧/١/١٦ی ڕۆژنامەکەتاندا ژمارەیەک هەڵەی سیاسی و زمانەوانی و چاپەمەنی بەرچاو دەکەوێت بێگومان ئەم وەزعە قابیلی قبوڵ نی یەو نیشانەی بایەخ نەدان و کەمی موتابەعەیە.
هیوادارین لەمەودوا ئەم شتانە دووبارە نەکرێتەوە.

لەگەڵ ڕێزدا

وێنەیەک بۆ/
- بەڕێز جێگری سەرۆک / بۆ ئاگاداری تکایە.
- بەڕێز خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی برایەتی / بۆ ئاگاداری و ئەوەی پێویست تکایە.
- مەکتەبی ئاوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی تێکۆشەر / بۆ ئاگاداری و ئەوەی پێویست تکایە.

بە هیچ شێوەیەک بریندار بکات، بەڵام منیش هەمیشە لەوەڵامدا دەستەوەستان ڕانەدەوەستام و پڕ بەپێستی خۆی وەڵامی بەجێی خۆیم دەدایەوە (کە زۆربەی ئەو دیکۆمێنتانە) لای من پارێزراون، هەندێ جاریش لەلایەن هەندێ (ڕاپۆرت نووسی بێ ویژدان)ەوە کە بەداخەوە ڕاپۆرتەکانیان دەخوێندرێنەوە تۆمەتی (سەیروسەمەرەم) بۆ دروست دەکرا، تۆمەتە سەیروسەمەرەکانیش بریتی بوون لە (شیکردنەوەی) بابەتێک کە لەناوئاخنی یەکێ لە دێڕەکاندا وشەیەک یاخود ڕستەیەک دەکەوتە بەر (زەڕەبینی) ئەو جۆرە کەسانەو ئەوجا خۆت بگرە بابەت بەختەتی گەورەی سوور وشەکە یاخود ڕستەکە ڕەنگ دەکراو وا لێک دەدرایەوە کە سەرنووسەر (کەمتەرخەمە)و بابەتەکە لەگەڵ سیاسەتی (پارتی) ناگونجێ زۆر جار لەناخمدا بێزار دەبووم و بڕیاری وازهێنانم لا دروست دەبوو، بەڵام چونکە هەر لە منداڵیمەوەو تاکو ڕۆژانی لاویەتیم ئەوجا تاکو ڕۆژی ئەمڕۆش ئەو قسەیەی خوالێخۆشبووی باوکم لا ئامادەیە کە دەیگوت (نابێ ئینسان بیر لە بەزین بکاتەوە، ئەگەر زەرەری زۆریشی تێدابێت) پاشانیش لە ڕۆژانی قۆناغی ئامادەیی قوتابخانەم (١٩٦٤-١٩٦٦)کە ئەوکاتە سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبی هەمەجۆر بووم، ڕۆژێک بابەتێکم لەسەر (ئەرستۆی) فەیلەسوف کەوتە بەرچاو کە دەڵێ (کاتێ لەسەرەتادا کە بابەتەکانم بڵاودەکرانەوە هەمیشە گوێم بۆ ڕا جیاوازەکان هەڵدەخست و هەمیشە لە قوتابیەکانی خۆمم دەپرسی (ماذا یقولون) ئەوانە چی دەڵێن، بەڵام بەرە بەرە ئەم بەدواداچوون و لێکدانەوەم لا کاڵ بووەوە گەیشتمە ئەو ئاستەی کاتێ کە یەکێ لە قوتابیەکانم دەیگوت (مامۆستا فلان وا دەڵێ) منیش یەکسەر لە وەڵامدا دەمگوت (دعهم یقولون فأنا باقی فی مکانی ولن اتحرک) یانی (لێیان گەڕێن چی دەڵێن بابڵێن من لەجێگای خۆم وەستاوم)، کە لە ڕاستیدا ئەم (قسەیەی باوکم و ئەو پەندە پڕلە مانایەی (ئەرستۆ) سەلوای پێ دەدام و لە بڕیارەکە پاشگەز دەبوومەوە و سێ چوار جگەرەم لەگەڵیدا دەکێشاو کە تێدا ناڕازی بوونەکەم و لەگەڵ دووکەڵی جگەرەکەم بەبادا دەدا و بەگوڕ و تینێکی زیاترەوە گوڕم بە کارەکانم دەداو شەونخونیم بۆ دەکرد).

دوایین سەفەر، کە لە پێشەوە ئیشارەتم بۆ کردووە، گەشتەکەی (کرماشان)مان بوو کە لێپرسراویەتی ئەو شاندەبووم، کە بۆ یادی (سەید تاهیری هاشمی) ڕێکخرابوو، دەتوانم بڵێم تاکو ئەوکاتە سەردانی بەو چەشنە نەکرابوو کە تێیدا شاندێکی هەمەجۆر لە ڕۆژنامەنووس و نووسەر و شاعیر و هونەرمەندی شێوەکار و وێنەگری تێدابوو، سەرەڕایی بەشداریکردن لەم بۆنەیە شاندەکەی ئێمە پێشانگایەکی شێوەکار و فۆتۆگرافی پێ بوو کە لە شاری (کرماشان) و (سنە) نمایش کراو خەڵکێکی زۆر ڕۆژانە ئامادەی دیتنی دەبوون، دیسان نزیکەی ٣٠٠٠ کتێبی کوردیمان لەگەڵ خۆمان بردبوو ئەویش لە کرماشان و سنە نمایش کران و دواتر بەبێ بەرانبەر بەسەر نووسەران و ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابەش کراو ڕەنگدانەوەیەکی باشی لێ کەوتەوە و ڕۆژانەش هەواڵەکانی لە میدیاکانی کوردستان و هەندێ میدیای ئێران بڵاو دەکرانەوە بۆیە کاتێ لە یەکەم کۆبوونەوەی پاش هاتنەوەمان لە مەکتەبی ڕاگەیاندن کە (سەرۆک مسعود بارزانی) سەرپەرشتی دەکرد، بە گەرمی دەست خۆشی لێکردین و هیوای خواست کە گەشتی لەم جۆرەمان زۆربێت، لێرەدا بۆیە باسی ئەو ڕووداوەم کرد، چونکە هەر لەو کۆبوونەوەی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن کە لە هەفتەی کۆتایی مانگی یەکی (کانوونی دووەمی) ساڵی (٢٠٠٠) لە بارەگای (سەرۆک مسعود بارزانی) کە خۆی سەرپەرشتی دەکرد و بەڕێوە دەچوو، لەسەرەتای بەرنامەی کاری مەکتەبی ئەو ڕۆژە پاش هەندێ ئاخاوتن بەڕێزیان گوتیان (من لە ڕاگەیاندن ڕازی نیم، کەمو کوڕی زۆرە پێویستە لە سفرەوە دەست پێ بکەین) ئەو ڕایەی سەرۆک مسعود بارزانی دەستپێکی کاری ئەو کۆبوونەوانە بوون کە لەسەرەتای مانگی یەکەمی ٢٠٠٠ەوە دەستی پێ کرد بوو و لە ماوەی(٥) کۆبوونەوەی چڕوپڕ کە تێیدا لە هەموو بارێکەوە ڕاگەیاندن بە گشتی هەڵسەنگێندراو هەر لە کۆبوونەوەی دووەمەوە، کە سەرەڕای ئەندامانی مەکتەبی پێشوو ڕۆژنامەنووس (بەدران ئەحمەد حەبیب) لێپرسراوی سەتەلایتی کوردستانی ئەوکاتە و ئەندازیار (ئەحمەد بریفکانی) بەرپرسیاری بەشی تەکنیکاری مەکتەبی ڕاگەیاندن ئامادە دەبوون کە لە سەرەتادا بڕیاری ئەوە درا بۆ کۆبوونەوەی دووەم (ورقە عمل)ێ ئامادە

بكرێت لەلایەن (ئاسۆ كەریم و كاروان ئاكرەیی و بەندە) ئیمەش هەرسێكمان هەمان ئێوارە لە هۆڵی (میقداد بەدرخان) لە باڵەخانەی برایەتی كۆبوونەوەیەكی دوو سەعاتیمان كرد و ئەو وەرەقەیەمان ئامادەكرد دەربارەی (هەیكەلەی) دەزگاكانی سەر بە مەكتەبی راگەیاندن، كە بە دیارترین خاڵی هەڵوەشاندەوەی سیستەمی كاری دەزگای (برایەتی و خەبات) بوو كە پێشووتر (بەندە) سەرەڕای سەرنووسەریەتی رۆژنامەی (برایەتی) لێپرسراوی كارگێڕی دەزگای (برایەتی و خەبات) بووم هەر لە رۆژی دەست بەكاربوونم پاش مامۆستا حەبیب محەمەد كەریم (لە ١٩٩٣/١٠/٢٦) تاكو ئەم رۆژە یانی جیاكردنەوەی كاری سەرنووسەری لەگەڵ ئیشوكارە كارگێڕییەكاندا كە ئەویش زیاتر كاك ئاسۆ كەریم پێوەی سەرقاڵ بوو، چونكە ئەو وای بۆ دەچوو كەنابێ دوو ئیش پێكەوە بكرێت. لە سەرەتادا من لەگەڵ ئەو رایە نەبووم، چونكە ئەزموونی پێشووتری (التآخی و برایەتی) لە ساڵانی (١٩٦٧-١٩٦٨) (١٩٧٠-١٩٧٤) كە تێدا خوالێخۆشبوو شەهید (سەیدا ساڵح یوسفی) پاشان مامۆستا (عەلی عبدالله) و دواتریش خوالێخۆشبوو شەهید (دارا تۆفیق) هەم سەرنووسەری (التآخی) بوون و هەم لێپرسراوی كارگێڕی دەزگاكە بوون، پێشووتریش ئەزموونی هەر دیاری كاری رۆژنامەنووسی وەكو (الآهالی)ییەكەی (كامیل جادرچی) و (البلاد)ی (روفائیل بطی) و (طریق الشعب) ی پاش ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ی (عبدالقادر اسماعیل) و (خەبات)ی مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد)ی پاش شۆڕشی چواردەی تەمووز و تاكو رۆژانی ئەمڕۆش كە بە دەیان رۆژنامە دەبینین كە لەلای سەرەوەی تایتڵی رۆژنامەكان نووسراوە (رئیس مجلس الادارە و رئیس التحریر)، چونكە ئەگەر هاتوو وەكو (ئەزموونی خۆم) ئەگەر سەرنووسەر جڵەوی كارگێڕی لەدەست نەبێت ناتوانێ كارەكان بەو شێوەیە رابپەڕێنێ كە خۆی جڵەوی كارگێڕی لەدەستدایە، هەر بۆ نموونە، كاتێ سەرنووسەر پەیامنێرێك رادەسپێرێ بابەتێك ئامادەبكات، دەبێت پێشووتر داوای رەزامەندی لێپرسراوی كارگێڕی بكات تاكو خەرجی ئەم پەیامنێر و ئەو ریپۆرتاژەی بۆ ئامادە بكات و لەوانەیە زۆر جار میزاج و بۆچوون و لێكدانەوەی لێپرسراوی كارگێڕی وەكو سەرنووسەر نەبێت، كە هەریەكەیان ئاو لە ئاشێك دەكەن، سەرەڕای گرنگی كارێك لەلایەن سەرنووسەرەوە بە پێچەوانەی لێكدانەوەی لێپرسراوی كارگێڕی بێت، بەهەرحاڵ بۆ ئەوەی مەسەلەكە بەشێوەیەكی دیكە لێك نەدرێتەوە رازی بوونی خۆم لەسەر وەرەقەكە دەربڕی بێ ئەوەی قەناعەتم پێی بێت، لێرەدا دەمەوێ ئەو خاڵە روونبكەمەوە كە من لەژیاندا هیچ شتێكم نەكردووە، كە قەناعەتی تەواوم پێ نەبووبێ سەرەڕای قەناعاتی سیاسیم و دەمێكیشە ئەو قسە نەستەقەی مامۆستای خوالێخۆشبوو (مەسعود محەمەد)م لە مێشكدا چەسپاوە كە دەیگوت، من هەمیشە (ئەسیری تەواوی قەناعاتی خۆمم)، بەڵام ئەوسا من بۆچی و لەبەرچی بەبێ قەناعەت رەزامەندیم لەسەر ئەم وەرەقەیە دەربڕی وا ئێستا ئاشكرای دەكەم و دەڵێم تەنیا لەبەر ئەوەبوو كەوا لێكدانەوەی خراپی بۆ نەكرێ، چونكە مەسەلەكە پەیوەندی بە پارەوپوول و بە سەلاحیاتەوە هەبوو. كۆبوونەوەكان هەرهەمووی هەفتانە بە سەرپەرشتی (سەرۆك مسعود بارزانی) بوو زۆربەی كۆبوونەوەكان لە سەعات ١٠ی سەرلەبەیانی دەستی پێدەكرد تاكو سەعات (١) نیوەڕۆ ئەوجا پێكەوە نانیش دەخوراو پاش پشوویەكی كورتیش دەست بە كۆبوونەوەكە دەكرایەوە، لەسەروبەندی ئەم كۆبوونەوانەو پێشووتریش پەیوەندیم لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی مەكتەبی سیاسی باش نەبوو، یاخود بە مانایەكی راستتر و دروستر ئەوان لەگەڵ مندا باش نەبوون، چونكە ئەوان دەست رۆیشتوو بە دەسەڵات بوون مەسەلەكە لای من نەبوو، لێرەدا هەندێكی (خودا وەكیلە) وەكو خۆی و بە ئەمانەتەوە باس لە لایەنێكی كەمی دەكەم و مەبەستیش لە باسكردنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆكارانەی كە كاریگەری لەسەر دوور خستنەوەم هەبوو لە دەزگاو لە سەرنووسەری (برایەتی) كە ئەمیشیان (مسك الختام)ی ئەو ئەزموونەیە كەوا لەم حەلقەیەدا منیش كۆتایی پێ دەهێنم، بە ئەمانەتەوە لەسەرەتادا باسم لە بارودۆخی چۆنیەتی وەرگرتنی ئەم پۆستەم كردووە، لێرەدا جێگای خۆیەتی كە باس لە (دەركەنارەكەشم بكەم، چونكە زۆربەی لایەنەكانی بواری كاركردنم باس كردووە لە ماوەی ئەوەندە ساڵەدا (١٩٩٣/١٠/٢٦-٢٠٠٠/٢/٢٠) كە درێژترین ماوەی

سەرنووسەرایەتی (برایەتی)یە کە بەندە ئیشغالی کردووە هەر لە سەرەتای دەرچوونییەوە تاکو ڕۆژانی (لەگۆڕ هەڵگیرانی) لە گۆڕەپانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، بەڵام دیسان هەندێ وردەکاری و هەندێ نهێنی هەیە کە ماوە بە خۆم نادەم باسی لێوە بکەم، چونکە سەرەڕای ئەوەی مەسەلەیەکی سیاسییە لە پێشەوەش بە مەسەلەیەکی (ئەخلاقی) دادەنێم کەنابێت و ناکرێ باسی لێوە بکرێ لە هەر بارودۆخێکیدابێت و هەتا ئەگەر (برینداریش)کرابم.

کە دەڵێم پەیوەندیم لەگەڵ هەندێ لە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی باش نەبوو، یاخود لاواز بوو، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان، چونکە ئەوان خاوەن دەسەڵات و بەشداری دروست کردنی بڕیاریان دەکرد، ڕاستە لە پارتی مەکتەبی سیاسی تاڕادەیەک بڕیار دروست ناکات، بەڵکو (مەرجەعیەت) لە پارتی هەر لە پاش ساڵی ١٩٦٤ەوە دەگەڕێتەوە بۆ شەخسی یەکەم یانی سەرۆکی حزب کە ئەم دیاردەش بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ململانێی ناو خودی سەرکردایەتی ئەوەی فەرزکردووە، کە ئێمەی ڕۆشنبیرانی ناو پارتی لە پاش لەت بوونیەوە لە ساڵی ١٩٦٤ەوە کە هەندێکمان لەگەڵ ئەو خەتەو ئەو لایەنەی پارتی کارمان دەکرد و پێیان دەگوتین (مەلایی) زیاتر و بە گوڕتر بانگەشەمان بۆ ڕاست و دروستی ئەو (مەرجەعییەتە) دەکرد کە خۆی لە شەخسی (بارزانیی نەمر) دەدیتەوە، چونکە سەرکردەیەکی کاریزمی جۆری (بارزانیی نەمر) ئەو (واقیعی و حاڵەتەی) دروست کردبوو کە بانگەشە بۆ ئەو مەسەلەیە بکەی سەرەڕای پشتیوانی لێ کردنی لە هەموولایەکەوە، بەڵام دیسان مەرجەعیەت بەو مانایە نییە کە ئەندامانی سەرکردایەتی بێ ئاگابن یاخود بەشداری لە بڕیار نەکەن، چونکە وەکو لە ئەڵقەی (چوارەم) ژمارەی (٣) (ڕۆژنامەنووس) باسم لەو دوورکەوتنەوەی نێوانی شەهید سامی عبدالرحمن و بەندە کردووە، دەبێ ئەوەش بڵێم: پاش زیاتر لە سێ ساڵ کاتێ لە سەروبەری کۆنگرەی موعارەزەی عیراقی لە لەندەن لە دالانیکی ئوتێل (هلتن) شوێنی بەستنی کۆنگرەکە، ڕووبەڕووی یەک هاتین لە ڕاستیدا من ویستم خۆمی لێ لادەم، بەڵام ئەو هەڵوەستەیەکی کرد و تەماشای کردم و بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: وەرە (قەهوەیەک) بخوێنەوە "لەکاتی قاوە خواردنەوەکە گوتی دەزانم لێم عاجزی، بەڵام نەدەبوو ئەو ماوەیە بخایەنێ، چونکە عیلاقەی من و تۆ ٣٠ساڵی تێپەڕاندووەو (یا کاکە بیناتنا الف ملح و خبز) منیش لەوەڵامدا گوتم: ڕاستە بیناتنا ملح و خبز، بەڵام دەبوایە ئەو خوبز و ملحە وای لە جەنابت بکردایە کە لە دوو موناسەبەتدا بە دەنگمەوە



شەهید سامی عەبدولڕەحمان، نووسەر لە بارەگای برایەتی بە بۆنەی (٣١)ەمین ساڵیادی دەرچوونی ڕۆژنامەی برایەتی ١٩٩٨/٥/٦

بهاتبای یەکەمیان کاتێ پێش چەند مانگێک لە یەک ڕۆژدا دووجار تووشی (جلطة قلبية)هاتم و چومە تاران و نەشتەرگەریی دڵم بۆکرا، دەبوایە ئەگەر خۆشت (کاتت) نەبوو بە سکرتێرەکەت یاخود بە دۆستێکی نێواندا تاکە گولێکیشت بۆ ناردبام لەگەڵ هیوای سەلامەتی قەبوڵم دەکرد و مەسەلەکەی دیکەش کە جێگای گلەیی و گازاندەی منە هیچ کامێکتان (لە دۆستەکانی ناو مەکتەبی سیاسیم) مەوقیفێکتان نەبوو، کاتێ کە باس لەو گۆڕانکارییەی ناو ڕاگەیاندن کراو منیان لەسەرنووسەری (برایەتی) لابرد، خوالێخۆشبوو شەهید سامی زۆر لەسەرخۆ و بەوپەڕی پەرۆشییەوە گوتی: (ئەوەی ئەوەل حەق بە تۆیە، بەڵام من لەو وەقتە لە خارج بووم، ڕاستە پاشان پێم زانی حەق بوو سوئال بکەم و من لێرە قەرزداری تۆم و تەمەنای ساغ و سەلامەتیت بۆ دەکەم الحمدلله ئێستا باشی و نیشاتیشت باشە.

مەسەلەی دووەم بە نسبەت برایەتی بە قەبری باوکم کاتێ کاک مسعود بڕیارەکەی پێ گوتین لە م.س منیش لام تەعەجوب بوو، بەڵام ئەو قەراری خۆی دابوو عیلاقەی بە مەکتەبی سیاسییەوە نەبووە).

هەڤاڵێکی دیکەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی کە (د.ڕۆژ نوری شاویس)ە لەساڵی ١٩٩٨ەوە پەیوەندیمان پچڕا بە هۆی ئەنجامدانی کارێکی ڕۆژنامەنووسی کە ئەوکاتە بەندە وەکو سەرنووسەری (برایەتی)بوو لەگەڵ ڕۆژنامەنووس ئاسۆ کەریم، کە ئەوکاتە سکرتێری نووسینی (برایەتی)بوو لەگەڵ وێنەگری ڕۆژنامە شێخ محيي الدين (بابەکە) سەردانی (د.ڕۆژ)مان کرد لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە مەبەستی ئەنجامدانی دیمانەیەک دەربارەی ئەرک و چالاکییەکانی کابینەی (سێیەم) بەڵام بەهۆی (سوء التفاهم)ێک کە دروست بوو دیمانەکەمان ئەنجام نەداو گەڕاینەوەو تا ماوەیەکی زۆر پەیوەندییەکە پچڕا کە لە ناخدا حەزم لەم پچڕانە نەدەکرد بەتایبەتیش مەسەلەکە لای من (موقف)ە، کاتێ زۆر بەگەرمی داکۆکیم لە هەڵوێستێکی ڕۆژنامەنووس ئاسۆ کەریم کرد، بەڵام د.ڕۆژ بە جۆرێکی دیکەی تەفسیرکرد و پەیوەندییەکە پچڕا.

هەڤاڵی سێیەمی مەکتەبی سیاسی کەوا نێوانم لەگەڵی سارد بوو کاک جەوهەر نامیق بوو، کە ئەوکاتە سکرتێری مەکتەبی سیاسی بوو



*د.ڕۆژ نوری شاوەیس، نووسەر*



سێ شەممە ٢٠٠٠/١/٢٥ ژمارە (3015)

# بەرپرسی لقی دووی پارتی دەست بەکاربوو

دوێنێ بە ئامادەبوونی بەڕێزان جوهر نامق سالم سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی و د. فازل میرانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و ژمارەیەک لە بەرپرسانی دیکەی حزبی، بەڕێز فرەنسۆ هەریری لە بارەگای لقی دوودا لە ڕێورەسمێک دا پۆستی لقی دووی وەرگرت.

بەم بۆنەیەوە وێرای پیرۆزبایی داوای سەرکەوتن بۆ بەڕێزی دەکەین لە کارە تازەکەی دا.

ئەویش بە جۆرێک لێم تورەو عاجزبوو کە ساردبوونەوەی نەبوو مەسەلەکەش بەم شێوەیە بوو: ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٠/١/٢٥ ڕۆژنامەنووس خالد محەمەد ئەمین نامەیەکی کاک جەوهەری پێدام کە دەقەکەی بەو شێوەیە نووسرابوو.

**بۆ/برایەتی تێکۆشەر**
**لە/ جەوهەر نامیق**
**لەمەولا بەهیچ شێوەیەک هەواڵی من لە برایەتی بڵاو مەکەنەوە**

کاتێ نامەکەم خوێندەوە بەڕاستی نیگەرانی کردم، بەڵام دیسان دانم بەخۆمدا گرت تاکو شەو گەڕامەوە بۆ ماڵ و ئەوجا دەستم دایە تەلەفۆن و پەیوەندیم بە کاک جەوهەرەوە کرد و بە قسەم هێنا، بەڵام لە ئاخاوتنیدا زۆر تورەو بێ سەلیقەبوو تەنانەت لە کۆتاییشدا خواحافیزیشی نەکرد، مەسەلەی تورەبوونەکەی کاک جەوهەریش دەگەڕێتەوە بۆ شێواز و شوێنی بڵاوکردنەوەی هەواڵێک کە پەیوەندی بە



*جەوهەر نامق سالم، نووسەر لە بارەگای برایەتی لە ١٩٩٨/٥/٦*

شـەهید (فرەنسۆ هەریری)وە هەبوو کە ئەویش بەم شـێوەیەبوو لە ژمارە (٣٠١٥)ی برایەتی کە لە رۆژی سـێ شـەممەی رێکەوتی ٢٠٠٠/١/٢٥ دەرچـووە لەلاپـەڕە (٤)دا کـە تایبـەت بوو بە هەواڵەکانی ناوەخۆ، لە بەشـی هەرە سەرەوەو لە ناوەندی لاپەڕەکەدا هەواڵەکە لەگەڵ وێنەیەکی بۆنەکـە بەم شـێوەیە بڵاوکراوەتەوە کە ئەمەی خوارەوەیە:-

**بەرپرسی لقی دووی پارتی دەست بەکاربوو**

(دوێنێ بـە ئامادەبوونی بەڕێزان جەوهەر نامق سـالم سـکرتێری مەکتەبـی سیاسـی پارتی و فازڵ میرانی ئەندامی مەکتەبی سیاسـی پارتی و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حزبی، بەڕێز فرەنسۆ هەریری لە بارەگای لقی دوودا لە رێورەسمێکدا پۆستی لقی دووی وەرگرت بەم بۆنەیەوە وێڕای پیرۆزبایی داوای سەرکەوتن بۆ بەڕێزی دەکەین لە کارە تازەکەیدا).



*١٩٩٩/٤/٢٢ لە بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان- شەهید فرەنسۆ هەریری، نووسەر*

توڕەبوونەکـەی کاک جەوهـەر لـە من لەبەر خـۆی نەبـوو، بەڵکو وەکـو لە کاتـی ئاخاوتنە تەلەفۆنییەکەی نێوانمان بەدیارکەوت دەیەویست هـەواڵ و وێنەکەی بابەتی دەسـت بەکاربوونی کاک فرەنسـۆ لەلاپـەڕە (١)دا بڵاوبکرابایـەوە، چونکـە ئـەو یانـی کاک جەوهـەر دەیەویسـت موراعاتی زیاتری کاک فرنسـۆ بکرابایە لەوەی

پاش گۆڕینی پۆستی کاک فرەنسۆ لە پارێزگاری هەولێر بۆ بەرپرسی لقی دوو وای دەخواست کە زیاتر بایەخ بە هەواڵەکە بدرێت، سەرەڕای ئەوەی لـە هەواڵەکـەدا هاتووە کە سـکرتێری مەکتەبی سیاسـی لەگـەڵ ئەندامێکـی مەکتەبی سیاسـی ئامادەی رێورەسمی ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی کـە بەرپرسـیاریەتی گرنگترین لقـی پارتی پێ دەسپێردرێت کە ئەویش لقی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە، کە ئەویش لقی دووە، لێرەدا مـن ناهەقـی کاک جەوهـەر ناگرم کـە یەکجار زۆر (پارتیانە) بیری دەکردەوەو هەڵسـوکەوتی دەکرد و هەمیشـە بەرژەوەندی پارتی لە ریزی پێشـەوەی هەموو شـتێک دادەنا، تەنانەت زۆر جار ئێمە لەو جۆرە مەسـەلانەدا نەدەگەیشـتینە یەک و جیاوازیمان لەم جۆرە بۆچوونانە هەبوو، لەلایەکـی دیکەوە، منیش خۆم بەڕاسـت دەزانی کـە هەواڵەکـەم لەلاپـەڕە (٤) بڵاوکردۆتـەوە، چونکـە منیـش لـە روانگـەی بۆچوونی رۆژنامەنووسـیەوە مامەڵـەم لەگـەڵ هەواڵەکـە کردبـوو یانـی دوو بۆچوونی جیاواز، یەکـەم لـە روانگەی بەرژەوەنـدی و گرنگیـدان بە هەواڵی چالاکییـە حیزبییەکان کـە بەسـەر بۆچوونـی کاک جەوهـەردا زاڵ بـوو، دووەم مامەڵەیەکی رۆژنامەنووسـیی لەگـەڵ هەواڵێکی ناوخۆیی کە بەلای منەوە باشـترین جێگای لاپـەڕەی چوار بوو کە تایبەت بوو بە هەواڵەکانی ناوخۆ.

هەڤاڵێکـی دیکـەی مەکتەبی سیاسـی کـە لـە دروسـت کردنی بڕیاری سیاسی پارتی نزیـک و کاریگەرە کـە لێرەدا نامەوێ ناوی بێنم وەکو دەڵێن (فـی سـبیل للـە) مامەڵەیەکی نادۆسـتانەو دوور لە گیانـی هەڤاڵەتی مامەڵەی لەگـەڵ دەکردم، بێ ئەوەی هیـچ خراپەیەکم بۆ ئەو هەبووبێ، بەڵام ئەو شەڕێکی (بالتعویض)ی لەگـەڵ دەکردم یەکەمیـان بەهۆی رەنگدانەوەی ململانێی ناپارتیانەی خودی ناو مەکتەبی سیاسی بۆ سەر هەندێ لە کادیری پارتی، کەتێیدا بەهۆی خزمایەتی کاک جەوهەر لەگەڵ من، پڕیشکی ئاو

ئاگرە زۆر جار لەو برادەرەو یەک دوو برادەری دیکەی مەکتەبی سیاسی دەگەیشتە من، بێ ئەوەی ڕۆژێ لــە ڕۆژان ڕێـگام بەخۆم دابـی کە بێمە ئەو ئاسـتەی تێکەڵاوی ئەو جۆرە ململانێیە بم، چونکە جارێ لە پێشـەوە خۆدانە پاڵ ئەندامێکی سەرکردایەتی بۆ ئەوەی لە شەری یەکێکی دیکە بەشداربێت لە روانگەی خۆمەوە من ئەو مرۆڤە نەبـە پارتـی و نەبە خاوەن هەڵوێسـتی دەزانم، ئەمیان کاری مرۆڤێکی لاوازە و جێگای ڕێزلێنان نییە، دووەمیان بەندە لە ریزی پارتی دیموکراتی کوردسـتان لە هەندێ ئەندامانی سـەرکردایەتی (کۆنترم) کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ هاوینی ساڵی ١٩٦٣، کە چوومە ریزی پێشمەرگایەتی و پارتی دیموکراتی کوردسـتان کە دەڵێم کۆنترم یانـی چ بە تەمەن یاخود بـە تەمەنی چوونە ناو ریـزی تێکۆشـانی کوردایەتـی، کە مـن هەر لە سـەرەتای تەمەنی (حەڤدە) ساڵییەوە لە کات و سـاتی دیتنی (بارزانیـی نەمر) لە کۆیە لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٦٣ کە لە ژمارەی گوڵان العربی لە حەڵقەیەکی (من الذاکرة) باسـم لێوەکردووەو بڕیـاری چوونە نـاو ریزی (پارتـی دیموکراتی کوردسـتان)مدا، بـەڵام وا پـێ دەچێـت لـەو سەردەمەدا (یانی ئێستا) نە تەمەنی حزبایەتی و نە تێکۆشان و نە ماندووبوون نە زەرەرو زیان کە لە مرۆڤ کەوتووە نابێتە هۆکاری (هەڵسەنگاندنی حزبایەتی) و پێشـکەوتن و خۆشەویست بوونی لەلای هەندێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی کە لە بنەڕەتدا بیریشی لێ ناکەنەوە، من کە لێرەدا باس لەو مەسەلەیەو ئەو جۆرە پەیوەندییە نەخۆشەو نادروسـتەی نێـوان کادیرێـک و هەنـدێ لـە ئەندامانی سەرکردایەتی دەکەم، پێم باوەڕ بکەن و خـوا وەکیلـە (دڵم دێتـە ژان) و (نەعلەت) لەو جۆرە بیرو هەڵسەنگاندن و بۆچوونە نەخۆشانە دەکـەم، کە بۆتە هـۆکاری دوورکەوتنەوەی من و سـەدان کادیـری هاوچەشـنی من لـە ریزی حزبایەتـی بێ ئەوەی (برژانگـی) بەرچاوی ئەو جۆرە ئەندامانەی سەرکردایەتی بجولێنێ، چونکە بـە لێکدانـەوەی من ئـەوی پەرۆشـی حزب و ئایندەی حزب و چارەنووسی حزب بێت، دەبێت و پێویستیشە وەکو (دێوانە) بەدوای پەیداکردنی دۆسـت و لایەنگر بگەڕێ نەک پـاڵ بە کادیری (٤٠)سـاڵ تەمەنی پارتایەتی بۆ دەرەوەی حزب بنێ و ببێتە هۆکاری دروسـت بوونـی رایەک کـە ئەمەو هەندێ شـتی شـاراوەی دیکە وا لە

(مەرجەعیەت بـکات دەسـتبەرداری ئەو جۆرە کادیـرە بن)بەتایبەتـی کە هەندێکیـان لە قۆناغە سـەخت و دژوارەکاندا نموونـەی خۆڕاگری و قەڵغانی ئەو حیزبە بوون. جارێ لێرەدا بۆ ئەوەی زیاتـر لە مەسـەلەکە دوور نەکەومەوە، دێمەوە سەر بابەتی یاخود رۆژانی دەرچوونی بڕیارێک کە لەسەرنووسـەری (برایەتی) لا بدرێم، لێرەدا بە پێویستی دەزانم بگەڕێمەوە سەر لاپەڕەکانی دەفتـەری ڕۆژانـی (بیرەوەرییەکانم)و هەندێکی وەکـو خۆی بڵاو بکەمەوە، بەڵام کە دەڵێم وەکو خـۆی یانی هەندێ دەق لەگەڵ بڵاونەکردنەوەی هەندێکـی دیکـە کـە بـە پێویسـتم نەزانی بڵاو بکرێنەوە.

**چوار شەممە ٢٠٠٠/٢/٢**

ئەمـڕۆ کاتژمێـر دوو و نیـوی پـاش نیوەڕۆ سـەرۆک مسـعود بارزانـی سەرپەرشـتی کۆبوونـەوەی دووەمـی مەکتەبـی ناوەنـدی راگەیاندن و لێپرسراوانی دەزگاکانی راگەیاندنی کـرد دەربارەی (اعـادە هیکلە الاعـلام)، کە تێدا تەئکید لەسەر (ورقە العمل)ی دانیشتنی هەفتەی پێشوو کراو، سەرۆک پێی راگەیاندین کەوا کاک فەلەکەدین لەمەولا دەبێتە لێپرسـراوی مەکتەبی راگەیانـدن، بـەڵام نەزاندرا کاک عەبدولسـەلام بۆ چ لایەک دەچێت و سـەرۆک پێی راگەیاندین کـەوا گۆڕانکارییەکان لە هەفتـەی ئایندە پێمانی رادەگەیەنـێ، لـە کاتـی دانیشـتنەکەدا یانـی لە سـەعات (٣,٥)وە بەفر دەسـتی بەبارین کرد و سـەعات (٥)ئێوارە کۆبوونەوەکە کۆتایی هات و ئێمەش گەڕاینەوە کە تاکو خوارەوەی لۆفەکانی سەلاحەدین بەفر گرتبووی.

**شەممە ٢٠٠٠/٢/١٢**

سـەعات (١٠)ی سـەرلەبەیانی سـەرۆک سەرپەرشتی کۆبوونەوەی سێیەمی راگەیاندنی کرد، سەرەتا هەندێ بابەتی سیاسی قسەوباسی لێوەکـرا پاشـان پێـی راگەیاندین کـە (فەرهاد عەونـی، کاروان ئاکرەیی، ئەحمەد بریفکانی) بۆ ئەو هەیئەتەی کە کاک فەلەکەدین لێپرسراویەتی کە تێیدا کاک کاروان بۆ لێپرسراویەتی راگەیاندن و کاک ئەحمـەد بریفکانـی بـۆ لێپرسـراویەتی لایەنـی تەکنیکـی دەزگای راگەیاندن و بەندەش بـۆ لێپرسـراویەتی کارگێـڕی و (ئیـدارەو مالیە)داندراون.

ئەوەی راستی بێت لەسەرەتادا راگەیاندنی ئەو

ئاڵوگۆڕییە بۆ من وەکو (صدمە)وابوو و ماوەی چەند چرکەیەکیش بێ دەنگ بووم، چونکە لە ڕاستیدا بۆم (ئیستیعاب) نەدەکرا، بۆیە کاتێ کە سەرۆک بارزانی گوتی:(کێ قسەی هەیە و کێ ناڕازییە) یەکسەر من دەستم هەڵبڕی و کەوتمە قسەو وەکو چۆن لە دەفتەری بیرەوەرییەکاندا تۆمارم کردووە گوتم: (من تاوەکو ئەمڕۆ و ئەم ساتە خۆم بە سەرنووسەرێکی سەرکەوتوو و ئیدارەیەکی پێشکەوتوو دەزانم لە هەموو بارێکەوە، ناکرێ بزانم هۆکاری ئەم گۆڕینەی من چییە)!؟.

سەرۆک بارزانی لەوەڵامی پرسیارەکەی من گوتی: (ئێمە مانگی چەند ملیۆن دینار (دیناری ئەو کاتە یانی چاپی سویسری) لە ڕاگەیاندن سەرف دەکەین نازانم چۆن سەرف دەکرێت و نەبۆتە سەبەبی پێشکەوتنی ئیعلام، تۆشم ئیختیار کردووە بۆ ئەوەی تۆ کۆنترۆڵی بکەی و ببێتە سەبەبی پێشکەوتنی).

منیش لەوەڵامدا گوتم (جەنابی سەرۆک من ڕاستە لێپرسراوی دەزگای برایەتی و خەباتیشم، بەڵام ئێمە لە دەزگا ژمێریار و بەڕێوەبەری کارگێڕیمان هەیە، من ڕاستە دەرچووی کۆلێژی (اقتصادم) بەڵام بۆ یەک ڕۆژ ئیشی موحاسبیم نەکردووە، پێم باشە دوو موحاسبی زیرەک و ڕێکوپێک لەو شوێنە دابنێی تاکو بتواندرێ کۆنترۆڵ بکرێت).

کاتێ من لە قسەکانم بوومەوە کە ناڕەزاییم پێوە دیار بوو، کاک سەرۆ قادر لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو لەسەر خۆ پێی گوتم (کاکە گیان بڕیارەکە دراوە پێویست بەو جۆرە موناقەشە ناکات!) منیش لەوەڵامدا بە کاک سەرۆم گوت: (بۆ مێژوو دەیکەم بۆ ئەوەی سبەینێ خەڵکانێک نان و پیازی پێوە نەخۆن و تەفسیراتی جیاجیای بۆ نەکەن).

پاش تەواو بوونی کۆبوونەوەکە من یەکسەر بەرەو بارەگای مەکتەبی سیاسی چووم و تووشی کاک جەوهەر هاتم کە تا ئەو ساتەش هەر لێم تووڕە بوو، پێم ڕاگەیاند کە ئەو ئاڵوگۆڕیانە لەلایەن (کاک مسعود)ەوە کراوە هیوادارم بە زووترین کات مەکتەبی سیاسی لیژنەیەک پێکبهێنێت بۆ ئەوەی دەوروتەسلیم بکەم و بە زووترین کات شوێنەکە تەسلیم بەو کەسە بکەم کە دێتە جێگای من.

کاتێ گەڕامەوە هەولێر یەکسەر چوومە بارەگای ڕۆژنامەو کۆبوونەوەیەکی خێرام لەگەڵ دەستەی نووسەران و لێپرسراوانی لاپەڕەکان کرد و گۆڕانکارییەکانم بۆ باس کردن و داوام لە کاک یوسف مەولود قەساب بەڕێوەبەری کارگێڕی دەزگا کرد، کە هەر لەم ساتەوە خەریکی ڕێکخستنی ئەوراقی دەوروتەسلیم بێت، تاکو ئێمە پێش هەموو دەزگاکانی دیکە ئاڵوگۆڕیەکان ئەنجام بدەین، پێش بەکۆتاهاتنی کۆبوونەوەکە، بە چەند ساتێک شەهید فرەنسۆ هەریری سەری بە ژوورەکەی مندا کرد و گوتی: "خێرە" (ئەرێ ئەو کۆبوونەوانەی ئێوە کەی تەواو دەبێت؟) منیش لە شوێنی خۆم هەڵسام و کۆبوونەوەکەم کۆتایی پێهێناو فەرمووم لێکرد و ئەویش پێش ئەوەی دانیشێت ڕووی تێ کردم و گوتی (دەموچاوت باش ناخوێنمەوە خێرە!؟) منیش لەسەر خۆ جگارەیەکی ڕۆرثمانم لە پاکەتەکە دەرهێناو دام گیرساند و مژێکم لێداو گوتم (ئەمڕۆ سەرۆک گۆڕانکارییەکانی پێ ڕاگەیاندین کە بەم شێوەیەبوو، بەڕاستی من بەدڵم نییە، بەڵام دیسان من لەگەڵ گەڕانەوەم داوام لە مەکتەبی سیاسی کرد، بۆ پێکهێنانی لیژنەی دەوروتەسلیم و بە گەیشتنم بۆ هەولێریش دەستەی نووسەران و لێپرسراوانی لاپەڕەکان و بەڕێوەبەری کارگێڕیم کۆکردنەوە بۆ ئەوەی ئاگاداری گۆڕانکارییەکان بن لە زاری منەوە بیزانن باشترە نەک بە سەد جۆری دیکە ڕابگەیەندرێ و تەفسیراتی جۆراوجۆری بۆ بکرێت)، شەهید فرەنسۆش لە پێشەوە سەرێکی بۆ باداو تەنیا یەک ڕستەی لە دەم هاتە دەر و گوتی: (عەجەلەت کرد، انشاءاللە ئاخیری خێر دەبێت، بە هەرحاڵ (مەسئولیەت) تا سەر بۆ کەس نییە، بەڵام جارێ بۆ تۆ زوو بوو) ئەو ئێوارەیە شەهید فرەنسۆ چایەکەی کە هەموو ئێواران داوای دەکرد و تەئکیدی لەسەر خاوێنی (ئیستیکان)ەکە دەکرد و بێ ئەوەی بیخواتەوە ژوورەکەی بەجێهێشت.

**یەک شەممە ٢٠٠٠/٢/١٣**

ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی دەزگا بە کوڕ و کچەوە پەیتا پەیتا ڕوویان لە ژوورەکەم دەکرد و پێیانەوە دیاربوو کە بەتەواوی نیگەرانن هەندێکیان قسەیان بۆ نەدەکراو هەندێکیشیان فرمێسک لە چاویان قەتیس مابوو، سەر لە بەیانی ئەو ڕۆژە ڕۆژنامەنووس شێرزاد


کۆنووسی تەسلیم کردنی دەزگای ڕۆژنامەنووسی
برایەتی و خەبات

ئەمڕۆ شەممە ڕێککەوتی ٢٠٠٠/٢/١٩ بە ئامادە بوونی بەڕێزان ڕەمزی شەعبان بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی دارایی بەڕێز/ دەزگای ڕۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات تەسلیم بە بەڕێز بەرپرسی تازەی دەزگا کرا کاک نەوزاد عەزیز سورمی بەپێی لیستی مجردە بویە لە خوارەوە ئیمزا کرا.



عەبدولڕەحمان سەعات (٨,٥)هاتەماڵەوەو سۆز و نیگەرانی خۆی ڕاشکاوانە دەربڕی.

**دوو شەممە ٢٠٠٠/٢/١٤**

ڕۆژێکی سارد و هەورێکی زۆر بە ئاسمانەوەیە، بەڵام باران ئەمڕۆ نەباریوە، بەشێوەیەکی ئاسایی ئیشوکارەکان بەڕێوە دەبەم، بەڵام لە ناخمدا بێزاربووم لەو گۆڕانکارییەی کە کراوە، چاوەڕوانی لیژنەی دەورو تەسلیم.

**شەممە ٢٠٠٠/٢/١٩**

بەیانی سەعات (٧) لە خەو هەستام بۆ دە دەقیقە گوێم لە رادیۆی لەندەن گرت، سەعات (٩) بە (قاتە جلێکی تازەوە چوومە بارەگای ڕۆژنامە) سەعات (١٠) لیژنەی سەرپەرشتی دەوروتەسلیم هاتن کە بە سەرۆکایەتی کاک (ڕەمزی شەعبان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لێپرسراوی مەکتەبی دارایی) بوو کە زۆر بەڕێزەوە تەماشای کۆنووس و مەوجوداتی قاسەو سجلاتی أثاثی کرد و لە کۆتاییدا گوتی "دەستتان خۆش خۆزیا هەموو دەزگاو بارەگاکانی ئێمە وا ڕێکوپێک بان، بەڕاستی موستەحەقی سوپاسن، هیوادارم لە جێگا تازەکەشت موەفەق بیت) سەعات (١٢)ی نیوەڕۆ لە باغچەی پێشەوەی بارەگا کە بە شێوەیەکی جوان کاک یوسف مەولود قەساب شوێنی کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و کارمەندان لەگەڵ بەندە ڕێکخستبوو کە لە سەرەتادا ڕۆژنامەنووس ئاسۆ کەریم بە (تەئەسورەوە) باسی گۆڕانکارییەکانی کرد، پاشان ڕۆژنامەنووس زاهیر ڕۆژبەیانی سەرنووسەری تازەی برایەتی ئەویش قسەی خۆی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ کردین.

پاشان منیش بە کورتی باسی ئەم چەند ساڵەی خۆمم لە (برایەتی)و لە دەزگا کرد و هیوام خواست کە لێپرسراوی دەزگای تازە و سەرنوسەری (برایەتی) تازەو سەرنووسەری (خەبات)ی تازە بەهەمان شێوەی ئێمە مامەڵەیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی دەزگا بکەن و گیانی یەک تیمی و پەیوەندی شێوازی یەک خێزانی ڕابگرن.

ئەمڕۆ ڕۆژێکی خۆش و ناخۆش بوو لە ژیانمدا خۆشییەکەی لەوەدایە کە سەربەرزانە و سەرکەوتوانە لە لوتکەدا شوێنێکی دیکەشم بەجێهێشت، ناخۆشیش بوو، چونکە شوێنێکی یەکجار ئازیزم بەجێهێشت کە لە هەموو ناخمەوە حەزم لێ دەکرد و بەکاری سەرەکی خۆمم دەزانی کە بەدیلی نییە سەرەڕای بەجێهێشتنی ئازیزانی زێدە ئازیز لە ڕۆژنامەنووس و کارمەندان و خزمەتگوزار و پاسەوانانی بارەگا، بەڵام ئەمڕۆ ئەوەی کە دڵی خۆمم پێ دەدایەوە ئەو هەموو سۆزە پاک و ڕاستگۆییەو خۆشەویستی (خەڵکی شارەکەی دەزگای برایەتی و خەبات بوو).

هەر بەم بۆنەیەوە دوا نووسینیشم لە (برایەتی) ئەو بابەتە ماڵ ئاواییە بوو کە لە ژمارەی(٣٠٣٣) برایەتی ڕێکەوتی ڕۆژی ٢٠٠٠/٢/٢٠ کە لەلاپەڕە

١٢ بڵاوکراوەتــەوە لەژێر نــاوی (برایەتی ئازیز بەخێــر بمێنــێ)، بــەڵام بڵاوکردنــەوەی وێنەی من لەگــەڵ بابەتەکە بە ئــارەزوو و بڕیاری من نەبوو، بەڵکو بە ئارەزوو بڕیاری رۆژنامەنووس (حەیــدەر عەبدولرەحمــان) بــوو کــە ئــەو کاتە لێپرســراوی لاپــەڕە (١٢) بــوو ئــەو وێنەیــەی منــی لەگــەڵ بابەتەکە بڵاوکــردەوە. کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

**برایەتی خۆشەویست بەخێر بمێنێ**

فەرهاد عەونی

شکســپیری مــەزن لــە یەکێ لە شــانۆگەرییە بەناوبانگەکانــی و لــە ســەرزاری یەکــێ لــە پاڵەوانەکانــی شــانۆگەرییەکە کاتــێ ئەم مرۆڤە لەگەڵ خۆشەویســتەکەیدا زەمانــە لێکیان جودا دەکاتــەوە بــە نابەدڵییــەوە ئــەو رســتەیەی لە مێشــکی دووبارە دەبێتــەوە (الفراق حزن عژب) واتە لێکدابڕان خەمێکی خۆشە.

راســتە لێکدابــڕان ئەو جا هــەر لێکدابڕانێک بێــت جۆرە خەمێک بۆ مرۆڤ دروســت دەکات، کە ئەویش پەیوەندی راســتەوخۆی بە هەســت و نەســت و بیرو ســۆزی ئەم مرۆڤــەوە هەیە، بەتایبەتیــش کاتێ ئەگەر ئــەم مرۆڤە رۆژانێکی زۆری بــە خۆشــی و ناخۆشــییەوە لەگەڵ ئەو شــوێنەدا بەســەر بردبێ و بە دەست و پەنجەو مێشــک و جەســتە دروســتی کردبــێ بوو‌بێتە بەشێک لە مێژووی.

پێشــەکی ئــەم چەنــد دێــڕە نووســینەم لــە کاتێکدایــە کــە پــاش (٦) ســاڵ و (٣)مانــگ و (٢٣)رۆژ ئــەم دەزگایــە بەجێ دەهێڵــم چ وەکو ســەرنووســەری یەکەمین رۆژنامــەی رۆژانەی کوردی کە ئەویش "برایەتی"زێدە خۆشەویستە یان وەکو بەرپرسی کارگێڕی و دارایی دەزگای رۆژنامەنووســی "برایەتــی و خەبــات" کە تێیدا بەوپــەڕی دڵســۆزییەوە لــە خزمەتیانــدا بووم، شەونخونیم بۆ کردوون لەگەڵ تێکڕای کارمەندە خۆشەویست و سەربەرزەکانی، کە بە هەموومان خێزانێکمان دروســت کردبوو، دەتوانم بڵێم کەم جێگا هەیە ئەو جــۆرە پەیوەندییە گیانییەی تێدا دروســت بووبێت، کە بۆتە مایەی رازی بوون و ئارامــی گیانیم بەرانبــەر یەزدانی گەورەو گەلی کوردســتان و پارتــی دیموکراتی کوردســتان، دیسان بەرانبەر ویژدانی خۆم کە دەبینم ئەمرۆ ئەم دەزگایە لە چ ئاستێکی بەرز و پێشکەوتندایە کــە تێیــدا رۆژنامــەی برایەتی بــە (١٢)لاپەڕەو گۆڤــاری ســەنتەری برایەتــی و هەفتەنامــەی برایەتی ئەدەب و هونەر و هەفتەنامەی وەرزشی برایەتــی و گۆڤــاری برایەتــی وەرزشــی لــێ



٢٠٠٠/٢/١٩– دواکۆبوونەوەی ماڵئاوایی لە رۆژنامەنووسانی برایەتی و دەزگای رۆژنامەنووسە برایەتی و خەبات دا



برایەتی خۆشەویست بە خێر بمێنێ

فەرهاد عەونی

شکسپیری مەزن لە یەکێ لە شانۆگەرییە بەناوبانگەکانی ولەسەر زاری یەکێ لە پالەوانەکانی شانۆگەرییەکە کاتێ ئەم پالەوانە لەگەل خۆشەویستەکەیدا زەمانە لێکیان جودا دەکاتەوە دەلێ (الفراق حزن عذب) واتە لێکدابران خەمێکی خۆشە.

راستە لێکدابران ئەوجا هەر لێکدابرانێک بێت جۆرە خەمێک بۆ مرۆڤ دروست دەکات، کە ئەویش پەیوەندی راستەوخۆی بەهەست و نەست و بیر و سۆزی ئەم مرۆڤەوە هەیە، بەتایبەتیش کاتێ ئەگەر ئەم مرۆڤە رۆژانێکی زۆری بە خۆشی و ناخۆشییەوە لەگەل ئەو شوێنەدا بەسەر بردبێ و بووبێتە بەشێک لە مێژووی.

دەردەچێت، سەرەڕای هەفتەنامەی تێکۆشەری "خەبات" و جێگای شانازیشە کە دەبینین ئەمڕۆ بڵاوکراوەکانی ئەم دەزگایە بە تەواوی دەچێتە ناو تۆڕی (ئەنتەرنێت)ەوە، لە چەندین پایتەختی وڵاتانی ئەوروپا پەیامنێری بەتوانا و کارامەی هەیەو چەندین کادری رۆژنامەنووسی و راگەیاندنی پێگەیاندووە، کە ئێستا لە دەزگا جیاجیاکانی راگەیاندن ئەرک و کار بەڕێوە دەبەن **لە کانگای دڵمەوە لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە، کە ئەم دەزگا سەربەرزە بپارێزێ لە هەموو جۆرە بەڵا و پیلانێک.**

هیوادارم برایانی رۆژنامەنووس و کارمەندانی زێدە خۆشەویستم هەنگاو بە هەنگاو بەرەوپێشەوە بچن و لێپرسراوو سەرنووسەری تازەش کاروانی شەهید ساڵح یوسفی و مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا و شەهید دارا تۆفیق و مامۆستا حەبیب محەمەد کەریم درێژەی پێ بدەن، کە هەر چواریان هەریەکە لە قۆناغێکی تایبەتدا لە رۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی برایەتی لە (١٩٦٧/٥/٦)وە تاکو رۆژانی ئەمڕۆ قوتابیانی هەمان قوتابخانەی ئەو ڕێبازەین کە پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی دەکات و بارزانیی نەمر بەردی بناغە پۆڵاینییەکەی بۆ داناوە.

جارێکی دیکەش لەگەڵ ئەوپەڕی خۆشەویستیم بۆ خوشک و برانی کارمەندی ئەم دەزگایە.

برایەتی خۆشەویستیش بە خێر بمێنێ.

**شەممە ٢٠٠٠/٢/٢٦**

رۆژێکی سارد بوو بەپێی بڕیار دەبوایە ئەمڕۆ لە یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی راگەیاندن (هیئە الاعلام المرکزی) ئامادەبم کە لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن رێکخرابوو بۆ بەدواداچوونی بڕیارەکانی پێشوو، دەربارەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دەزگاکانی راگەیاندن کرابوو، بەڵام من ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبووم و بڕیارمدا کەوا راگەیاندن بەجێبهێڵم و جارێکی دی بۆی نەگەڕێمەوە، چونکە هەست دەکەم کە غەدرێکی گەورە لە برایەتی و لە من کراوەو رەچاوی بنەمای کاری رۆژنامەنووسی نەکراوە، سەرەڕای ئەوەی من ئەمڕۆ نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستانم کە بە تێکڕای دەنگ هەڵبژێردراوم لە کۆنگرەیەکی گشتی و چەند مانگێکی ماوە بەسەر تەواوبوونی خولی یەکەم

و خاڵی بەهێزیشم وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسان جێگەو پێگەی سەرنووسەرایەتیم بوو لە یەکەم رۆژنامەی رۆژانەی کوردی لە مێژوودا سەرەرای مێژوو و کەسایەتی خۆم، بۆیە تۆ کاتێ ئەرکی سەرنووسەری لە رۆژنامەنووسێک وەردەگرییەوە کە لە هەمان کاتدا نەقیبی رۆژنامەنووسانە دەبێت هەڵوێستەیەک بکەیت بۆیە دەبوایە بریاربەدەستانی ناو سەرکردایەتی پارتی ئەو مەسەلەیان بەهەند هەڵبگرتایەوە و ئەو بریارە بەپەلەیە نەدەن، بەتایبەتیش دەربارەی من و کاری سەرنووسەرایەتیم لە برایەتی، چونکە تۆ کاتێ رۆژنامەنووسێک لە مەرکەزێکی رۆژنامەنووسی بەبێ هۆ لادەبەی دەبێ بیر لەوە بکرێتەوە ئایا ئەو بریارە چەندی زەرەر و چەندی قازانجە و تا چ رادەیەک خزمەتی رەوشەکە دەکات و کاریگەری لەسەر مەرکەزەکەی دیکەی (نەقیبی رۆژنامەنووسان)چی دەبێت؟ بەڵام بەداخەوە من ئەو کاتەو ئەمرۆکەش لەو باوەرەدام ئەوانەی (مەبەست لەو هەڤاڵانەیە کە کاریگەرییان لەسەر دروست کردنی ئەو بریارە نامۆیە هەبوو) هەرگیزاو هەرگیز بیریان لەو لایەنە نەکردۆتەوە، بەپێچەوانەی مەنتیق و بەرژەوەندی هەتا ئەو لایەنەی کە منی تێدا ئەندامم). کاریان بۆ کردبوو.

**یەک شەممە ٢٠٠٠/٢/٢٧**

سەعات (٣) پاش نیوەرۆی ئەمرۆ رۆژنامەنووس (سەرۆ قادر) لە بارەگای سەندیکا سەردانی کردم، هاوسۆزی خۆی بۆ من دەربری، بەڵام موقاتەعەکردنەکەمی بۆ کۆبوونەی دوێنێ لا راست دروست نەبوو گوتیشی (حەزم دەکرد بیروڕای خۆت لە کۆبوونەوەی مەکتەب باس بکردایە).

ئێوارەی ئەمرۆ رۆژنامەنووس (فەیسەڵ دەباغ) کە ئەوکاتە و تاکو رۆژانی ئەمرۆ پۆستی (سکرتێری رۆژنامەنووس سەرۆک بارزانی) وەرگرتووە لەماڵەوە سەردانی کردم دیاربوو راسپاردەیەکی (سەرۆک مسعود بارزانی) پێ بوو، تەنانەت زانیبووشی کە لە کۆبوونەوەی مەکتەبی راگەیاندن بەشداریم نەکردووە کاک فەیسەڵ لە زاری سەرۆکەوە پێی راگەیاندم (کە هەر ئیشێکی هەم بێ بۆمی جێ بەجێ دەکا) منیش لە وەڵامدا گوتم (ساغ و سەلامەتی و سەرکەوتنی ئەوم دەوێ تاکە داخوازیم دیتنی بەرێزیانەو بە تەنیا).

**سێ شەممە ٢٠٠٠/٢/٢٩**

سەعات (٨,٥)ی بەیانی هاوکات لەگەڵ کاک فەیسەڵ هەریەکەو بە ئۆتۆمبێلی خۆمان بەرەو سەری رەش چوین، رۆژێکی خۆش بوو سەرما و بەستەڵەکیش نەمابوو.

بە گەیشتم بۆ بارەگای (سەرۆک) سەعات (٩,١٥) دەقیقە کاک کەریم جومعە یەکسەر منی بردە مەکتەبی سەرۆک، کە چوومە ژوورەوە سەرۆک لە سەر مێزی خۆی خەریکی خوێندنەوەی هەندێ ئەوراقی بەردەستی بوو، بە گەرمی جوابی بەیانی باشی منی دایەوە. پاش چەند دەقیقەیەک لە شوێنی خۆی هەڵساو هاتە بەرامبەرم و لە ئەحواڵی پرسیم. پاشان بە زەردە خەنەیەکەوە گوتی: "ئەو رۆژە هەستم کرد ناڕازیی لە بریارەکان، حەز دەکەم بزانم ئەسبابی ئەو ناڕازیبوونەت چییە"؟

منیش لە دوێنێ شەوەوە خۆم بۆ ئەو دیدەنە ئامادە کردبوو، سەیری هەندێ ئەوراق و نووسراوی مەکتەبی سیاسی وەڵامەکانی خۆم و پاشان خاڵ بەخاڵ لە سەرەتای چونم بۆ ناو ریزەکانی پارتی لە ساڵی ١٩٦٣ەوە تاکو ئەمرۆ ٢٠٠٠/٢/٢٩ کە ماوەی سی و حەفت ساڵە ئەوجا ماوەی کارکردنم لە برایەتی و بەرپرسیاریەتی نزیک حەفت ساڵەی دەزگای برایەتی و خەبات ئەوجا بەدرێژی ئەو پێشکەوتنەی کە برایەتی و دەزگا بە خۆیەوە بینیوە، سەرەرای ئەو لەمپەر و ئاستەنگانەی کە هاتۆتەوە پێش کەلەلایەن خودی هەندێ لە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی بۆم دروست کراوە کە بەرێزیان ئاگای لە هەندێکی هەبوو کە خۆم لە دیدەنییەکانی پێشووتر بووم باس کردبوو بۆم گێرایەوە. ماوەی قسەکردنم بە بەردەوامی لەنیو سەعات تێپەری کرد و هەستم بەخۆم کرد کە زۆر رۆیشتووم و ئامانجی کۆبوونەوەکەم پێکاوە کە تەماشای سەعاتم کرد دیتم سەعات (١٠) کەم پێنج دەقیقەیە و لەسەر خۆ بە سەرۆکم راگەیاند کە قسەکانی من تەواوبوو.

سەرۆک بارزانی ماوەی چەند دەقیقەیەک وا پێ دەچوو بیر لە قسەکانی من بکاتەوە وە ئەوەی من لە سیمای بەرێزیانم خوێندەوە "جۆرێ لە هاوسۆزی بوو لەگەڵ مندا". لەسەرەتای قسەکانی زۆر مەوزوعیانە هۆکاری ئاڵوگۆری



بەهاری ساڵی ١٩٩٦ لە بارەگای سەرۆک مسعود بارزانی لە کاتی ئەنجامدانی دیمانەیەکی رۆژنامەنووسیدا

لە نـاو دامودەزگاکانی پارتی شـی کردووە، لە پیشەوەشیان لە دەزگاکانی راگەیاندن، گوتیشی "من زۆرم مەبەسـت بوو کە شـوێنی باشـترت بدەمێ و وەکو تەرفیعێک دەمزانی کە جێگایەکەت مانـدووی کـردووی، لەو جێگا تـازەش ماندوو دەبێـت، بەڵام ماندووبوونی فکر نییە، کە دەڵێم تەرفیع یانی ئەو هەیئەتەیە کە بەرزترین هەیئەتی ئیعلامـەو من ئەگەر بمزانیبایـە کە تۆ حەز لەو جێگا تازەیە ناکـەی ئەوا دە سـاڵی دیکەش لە برایەتی دەم هێڵایەوە".

کاتـێ سـەرۆک بارزانـی گوتی: "مـن زۆرم مەبەسـت بـوو کـە شـوێنی باشـترت بدەمـێ وەکـوو تەرفیعێـک..." لێـرەدا وەکوو بروسـکە ئاسا رووداوێکم بیر کەوتەوە کە ناوەڕۆکەکەی لەم قسـەیەی (بارزانیـی نەمر)دەچوو، بەڵام بە پێچەوانـەی بۆچوونەکەی کاک مسـعود ئەو کە ئەمیشیان بۆ مێژوو وەکو خۆی دەگێڕمەوە.

پـاش رێکەوتننامەی یـازدەی ئاداری سـاڵی ١٩٧٠ بەتایبەتی ئەو ئێوارەیەی کە گۆڕانکاری لە وەزارەتدا (التعدیل الوزاری) لە بەغدا راگەیاندرا کە تێیدا پێنج وەزیری شۆڕشـی کورد و پارتی لـەم وەزارەتـەدا داندران کـە بریتی بـوون لە خوالێخۆشبوان:-

١-سامی عبدولڕەحمان، بۆ وەزارەتی کاروباری سەروو (وەزارە شؤون الشمال).

٢-نـوری شـاوەیس بۆ (ئیشـغاڵ و نیشـتەجێ کردن).

٣-صالح یوسفی وەزیری دەوڵەت.

٤-ئیحسان شێرزاد وەزیری شارەوانی.

٥-نافیز جەلال حەوێزی بۆ وەزارەتی کشتووکاڵ، ئەو ئێوارەیەی کـە گۆڕانکارییەکە لە وەزارەتدا راگەیاندرا ئێمە هەرسـێکمان (سیروان عەبدوڵڵا سەعید و جەلال خۆشناو و بەندە) بەرەو ئوتێلی بەغدا (فندق بغداد) دەچووین کە هەر لە رۆژی ١١ ئادارەوە وەکوو بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش و پارتـی لێهاتبـوو تاکـوو ماوەیەکـی زۆریش ئـەو سـەرکردایەتییە لەوێ نیشـتەجێ بوون و ئەرکەکانیان رادەپەڕاند، کاتێک ئێمە هەرسێکمان لە شـەقامی (السـعدون)وە بەرەو ئوتێلی بەغدا دەچووین لەناکاو ئۆتۆمبێلێکی تاکسی لەلامانەوە وەسـتاو کاکـە دارا تۆفیقـی لێ دابـەزی من لە یەکـەم سـاتەوە کاک دارام بـە تەبیعـی نەهاتە پێش چاو پاش چاکوچۆنی هەر چوارمان بەرەو باخچەکەی پێشەوەی ئوتێلەکە دەچووین و لەو سـاتەدا کاک دارا پرسـیاری ئـەوەی لێ کردین کە ئایـا گوێمان لـە تەعدیلـە وەزارییەکە بووە یان نـا ئێمەش بە بەڵێ وەڵاممانداییەوە، بەڵام وا پێدەچوو ئەو مەبەسـتێکی دیکـەی هەبوو، بۆیە کاتێ لێم پرسـی خێر بوو تۆی تێدا نەبووی؟ لە وەڵامدا کاک دارا بە زەردە خەنەیەکی خەماویەوە گوتی: لە سەرەتادا لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە من دەسـتنیشـان کرابووم بۆ وەزیری کشتوکاڵ بەڵام پێش چەند رۆژێک لای (سـەرۆک مستەفا بارزانی)بـووم و پێی راگەیانـدم کە لەبەر چەند هۆکارێک بڕیار دراوە.

کـە کاک (نافیز جەلال) بە وەزیری کشـتوکاڵ



پاییزی ساڵی ١٩٧٤- بارزانی نەمر، دارا تۆفیق، یۆنان هورمز

دابنرێ، بەڵام بارزانی هەر ئەو کاتە پێیگوتم (دارا دڵگیر مەبە وەعد بێت وا بکەم شوێنێکی باشترت بدرێتێ).

شوێنە باشەکەی کە (بارزانیی نەمر) بۆ شەهید دارا تۆفیقی دەستنیشان کردبوو کە دەیزانی دارا شایانی ئەو جێگەیە پۆستی ( سە ر نو و سە ر ی رۆژنامەی التآخی و برایەتی) بوو کە لای (بارزانیی نەمر) زۆر لە پۆستی وەزارەت گەورەتر بوو، ئەوەبوو پاش چوونم بۆ التآخی وەکو بەڕێوەبەری کارگێڕی کە ئەوکاتە کاکە دارا تۆفیق سەرنووسەری بوو زۆر جار ئەم رووداوەی دەگێڕایەوە کە (بارزانیی نەمر)چەند بە بایەخەوە باسی پۆستی سەرنووسەری التآخی دەکرد و ئەو شوێنەشی بە رەوای کاکە دارا دەزانی، لە ئاکامیشدا دەرکەوت کە بۆچوون و هەڵبژاردنەکەی (بارزانیی نەمر) چەند لە جێگای خۆی بوو کە تێیدا دارا تۆفیق توانی ئەم متمانەو تەشخیسەی (بارزانیی نەمر) لە سەداسەد حەقی خۆی بداتێ و تێیدا سەرکەوتنی یەکجار گەورە لەو پۆستەدا بەجێ بهێنێ و التآخی بکات بە دەنگی رەسەنی هەموو گەلانی عیراق و (برایەتی)ش بکاتە یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردی لە مێژوودا بەو هەڵوێستە و بۆچوونەی کە بە هەموو قەناعەتی ویژدانی و سیاسی هەڵی بژاردبوو کە بریتی بوو لە هەڵبژاردنی رێبازی کوردایەتی پێشکەوتوخواز کە لە ئاکامدا بووە هۆکاری لەناچوونێکی تراژیدیایی ئەو (دارا) کە تاکو نووسینی ئەم بابەتەش نهێنی لەناوچوونەکەی نادیارە و تاکە ئاسەوارێکی نەکەوتۆتە بەردەست.

تاکو سەعات (١٠,١٥) بە بەردەوامی خەریکی ئاڵوگۆڕی بیروڕابووین کە لە دوا وتەمدا گوتم (جەنابی سەرۆک لەگەڵ داوای لێبوردن هیوادارم بمبوری لەو ئەرکە تازەیە، چونکە لە روانگەی دەروونیشەوە ئامادەباشیم بۆ ئەو جێگایە نییە بەو تەشکیلەیەی کە بڕیارت لێ داوە ئەمەش هۆکارەکانیەتی) ئەوجا سەرۆک هەڵسایە سەرپێ و گوتی: "دەتەوێ ئیعلام بەجێ بهێڵی" لەوەڵامدا گوتم (بەڵێ ئەگەر لێم قەبووڵ بکەی). سەرۆکیش بە نارەزاییەوە گوتی (باشە مادام ئارەزووی خۆتە) پاشان لەگەڵ بەڕێزی ئامادەی دوا کۆبوونەوەی راگەیاندن بووم کە هەر

ئەوساتە ئەندامانی هەیئەتی ئیعلام و مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن کە لە هۆڵی کۆبوونەوەکان لە چاوەڕوانی ئیمەدابوون) پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس کاک (ڕێبوار یەڵدا) پێکەوە هاتینەوە هەولێر کاتێ کە قسەکانی نێوان سەرۆک و بەندەم بۆ دەگێڕایەوە کە دوا بڕیارم ئەوە بوو لە ڕاگەیاندن دوور بکەومەوە، یەکسەر هاتە قسەو گوتی (بەڕاستی پێم ناخۆشە قەرارێکی سەلیم نییە حەق نەبوو ئەم جۆرە هەڵوێستەت هەبێت، چونکە تۆ تەنیا بۆ ڕاگەیاندن و سیاسەت خەلق بووی، هیوادارم موراجەعەی خۆت بکەی و دوورکەوتنەوەت لە بەرژەوەندی ڕاگەیاندنی پارتی نییە!). منیش بەدەم لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەوە گوتم (کاکە ڕێبوار مەسەلەکە تەواو بوو من بڕیاری خۆم داوەو هەروەک مامۆستا "مەسعود محەمەد" دەڵێ: (من ئەسیری قەناعەتی خۆمم).

سەعات نزیکەی دووی پاش نیوەڕۆ بوو کاتێ گەیشتمەوەماڵەوە لە هەولێر یەکەم ئەندامی خێزان (پەروین)ی هاوسەرم بوو کە هەر یەکسەر لێی پرسیم (دەموچاوت باش ناخوێنمەوە، خێر بوو چیتان کرد" منیش لەوەڵامدا زۆر لەسەر خۆ بە هێمنییەوە پێم گوت) "هەرچی بوو بوو گرنگ ویژدانم ئاسودەیە، تۆ لە هەموو کەس باشتر دەزانی من کاتێ بڕیارێک دەدەم (ماانطق عن الهوی) من چەند ڕۆژە دیراسەتی هەموو مەسەلەکەم کردووە، هاتوومەتە ئەو قەناعەتە (غەدرم لێکراوە) تاکە کەسێکیش لە مەکتەبی سیاسی نەبووە داکۆکیم لێ بکات.

(پەروین)یش یەکسەر بەرووم‌دا هات و گوتی: دەبوایە لەبەر خاتری سەرۆک جێگا تازەکەت قەبووڵ بکردایە، پاش ئەو تەمەن و ماندووبوونەت دەتەوێ لە ماڵەوە دابنیشی!؟ لەوەڵامدا گوتم (خاتری سەرۆک لەسەر سەرم من لەنێوانی قسەکانم بە سەرۆکم گوت: "ئێستا لەبەر خاتری تۆ ئیستعدادم هەیە ببمە پێشمەرگەیەک و بمنێری بۆ چیای "گارە" وەعدی شەرەفیش بێت هەر شەش مانگ جارێک بە ئیجازە بۆ دوو سێ ڕۆژ بێمەوە ماڵەوە، بەڵام ئەو ئیشەی تازەم پێ ناکرێ) من بە قەناعەتەوە شەوو ڕۆژم لەسەر یەک دادەنا بۆ ئەوەی لە کاری ڕۆژنامەنووسی سەرکەوتووبم، بەڵام دەزانم چونکە هۆکارێکی مەنتیقی لە پشت گواستنەوەم لە برایەتی بوو ئەو جێگا تازە نییەو مەسەلەیەکی دیکەی لە



نووسەرو هاوسەری

پشتەوەیە (کە تێدا هەندێک تەئسیریان لە جەنابی سەرۆک کردووە) بۆیە گوناهە من پۆستێک وەربگرم کە لە بنەڕەتدا قەناعەتم پێی نییە.

بەهەرحاڵ خوێنەری بەڕێز ئەمە چیرۆکی ئەزموونی ڕۆژنامەنووسێکە کە بە دڵ و بەگیان لە خزمەتی دابووە بێ ئەوەی بۆ ماوەی ساتێکیش کەمتەرخەمی لە ئیشوکاریدا کردبێت، ڕۆژنامەنووسانی (برایەتی و خەبات)، کارمەندان، تێکڕای خێزانی دەزگای (برایەتی و خەبات) لە ماوەی کارکردنم ئەو شایەدیەم بۆ دەدەن کە مامەڵەم چۆن بووە لەگەڵ هەر هەموویان هەر لە مام حەسەنی خزمەتگوزارەوە تاکو جێگری سەرنووسەر لەوانەیە لای خوێنەران مایەی سەرسوڕمانبێت، ئەگەر بڵێم دوو بەش و نیوی لە سێ بەشی ٢٤ سەعاتدا بۆ ڕۆژنامەم تەرخان کردبێت کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ پاشخانی ڕابوردوویێک کە هەر لە سەرەتای لاویمەوە تێکەڵاوی سیاسەت بووم، کە ئەگەر لێم ببوری کورتەیەکیشت بۆ دەگێڕمەوە، چونکە لێرە زیاتر بەڕەوای نازانم کە ئەو بیروڕایانەی لێ تۆمار بکەم کە هەموو تێکڕا بوو بە ئەزموونێک، کە سەدان ڕۆژی تاڵ و سوێری و ترس و لەرز و جورئەت و بەرەنگاربوونەوەو بەردەوام بوون لە ڕێبازی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی

و زەرەر و ماڵکاولی بەخۆیەوە بینیوە کە لێرەشدا تۆماری دەکەم بۆ ئەوە نییە خۆمی پێ هەڵکێشم بەڵکو وەڵامێکی پڕ بە پێستی هەندێ لەو کەسانەیە کە دەیانەویست وای لێک بدەنەوە کە گوایە من پۆستی سەرنووسەری (برایەتی)م لەبەرخاتری ئەم یاخود ئەو وەرگرتووە کە ئەمیشیان لێکدانەوەو جۆرە بۆچوونی (کاڵ فامانی) ناو دونیای سیاسەتی ئەو سەردەمەیە کە ڕەش و سپی و تێکۆشەر و دەست بەکڵاوی خۆگرتوو ماندوو و پاڵدەرەوەو زەرەرمەند و سوودمەند و نیشتمانپەروەر ماستاوچی لێک جیا ناکاتەوەو **بەشێوەیەک شێواندوویانە کە ماستاوچیان و ڕاپۆرتنووسانی بێ ویژدان بوونەتە هەڵسەنگێنەری (تقیم) تێکۆشەر و پارتی ڕەسەن و خۆڕاگر ماندوو نەناسانی دوێنێ و ئەمڕۆ.**

پاش شۆڕشی چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ کەوتمە قۆناغی ناوەندی لە کۆیە یانی لە قۆناغی سەرەتاییەوە بۆ قۆناغی ناوەندی کە تەمەن لە نێوان (١٣-١٤) ساڵان بوو، بەڵام بەهۆی کاریگەریەتی باوکێکی هۆشمەند و شاعیرو کوردپەروەر لەگەڵ مامێکم بەناوی (عومەر حەبیب) کە بە عومەر سور ناوزەد دەکرا، کە بە هەموو گیان و دڵەوە هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە لە ساڵی ١٩٤٦ پارتایەتیان دەکرد کە ئەو کاتە تاکە ڕێگای بزووتنەوەی کوردایەتی بوو، کە تێیداو لە ئاکامیدا خێزانەکەمان ساڵی یەک دوو جار تووشی کێشمەکێشمی تەوقیف و حەپس و خۆ شاردنەوە دەبوو، هەتا جارێکیان وابزانم ساڵی ١٩٥٤ بوو کە لەبەر دەرگای خۆمان نەنکم ئێمەی لە پەنای خۆی گرتبوو بۆ ئەوەی باوکم و مامم کە لە (سەرای کۆیە)ی ئەو سەردەمە بە (کەلەپچە)کراوی بۆ (قشلەی) کۆیەیان دەبردن کە کەوتۆتەلای سەروو بەرزایی (کەکون) لە کۆیە دیتنی باوک و مام بە کەلەپچەکراوی و دەیان جاری لەخەو هەڵساندنمان لەنیوە شەودا بەهۆی ماڵ پشکنینەوە (تەحەڕیات) و خۆشاردنەوەی مامم بە هۆکاری ڕاگەیاندنی (ئەحکامی عورفی) سەردەمی پاشایەتی هەموو ئامەمانە پاش خانی گردبوونەوەی مەسەلەیەک بوو کە سیاسەتی لێ دچۆڕاو ئێمە خستە ئەو دنیایەی کە سیاسەت و کوردایەتی سەراپای ژیانمان لێ داگیر بکات، پاش شۆڕشی چواردەی تەمووز زیاتر کەوتمە دونیای خوێندنەوەو هەوڵدان بۆ فراوان کردنی ئاقاری بیرکردنەوەم کە هەر لەسەرەتای پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خولیام پێوە گرتبوو ئەوەبوو کەوتمە (شیعر نووسین) یەکەم شعریشم لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ی خوالێخۆشبوو (محمد بريفكانى) بڵاوکردەوە کە خوالێخۆشبوو (محەمەد تۆفیق وردی) پێشەکیەکی چەند دێڕی بۆ نووسیوە کە لە ئەڵقەی یەکی پێشووی ئەم زنجیرەیە بڵاوم کردۆتەوە لە ژێری ناوی (کوردستان) پاشانیش شیعری (کۆتری ئاشتی)م لە نامیلکەی یەکێتی قوتابیان کە مامۆستا (کەمال غەمبار) یارمەتی بڵاوکردنەوەی دام پاشان شیعری (کوردم)دیسان هەر لە (پێشکەوتن) کە ئەمانە هەمووی سەرەتا هاندەربوون بۆ سەردانی ڕۆژانەی کتێبخانەکانی کۆیە کە بریتی بوون لە دوو کتێبخانە، یەکێکیان کاک (محەمەد شوان) کوردپەروەر بەڕێوەی دەبرد کە سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، دووەمیشیان کتێبخانەی (ئازادی) بوو کە شاعیری نیشتمانپەروەر (ئەحمەد دڵزار) سەرپەرشتی دەکرد، پاش ماوەیەک کەوتمە ژێر کاریگەریەتی ئەو یانی مامۆستا(ئەحمەد دڵزار) کە ڕۆژانە بەشێوەو شێوازێکی زۆر ڕێکوپێک باسی لە سیاسەت و شیعر و حەپسخانە و تێکۆشان دەکرد، ئەوەبوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ کە ئەوکاتە تەمەنم (١٤ساڵان بوو) لە پۆلی دووی ناوەندی بووم بە (پاڵێوراو) یانی تەرشیح کرام بۆ ئیش کردن لە ڕیزی (حزبی شیوعی) عیراقیدا، کە دەبوایە قۆناغی پاڵێوراویەتی لە ماوەی شەش مانگدا ببڕم، ئەگەر دوو مەرجی (سەرەکی)م لێبهاتایە دی، یەکەمیان ئیلتیزام بە قەواعیدی سلوکی حزبایەتی بکەم کە ئەویشیان لەسەر ڕاپۆرتی (لێپرسراوەکەم) ڕادەوەستا، کە مامۆستا (جەمال عەزیز) بوو، دووەمیان خوێندنەوەو تێگەیشتنی دوو کتێب بوو کە بریتی بوون لە:

١-(كيف تصبح مناظلا "شيوعيا" جيدا) کە نووسەرەکەی (لیو شاوش)ی کە یەکێ لە هەرە سەرکردە بەناوبانگەکانی ئەوسای پارتی کۆمۆنیستی چین بوو.

٢-(من مستلزمات كفاحنا الوطنى) کە نووسەرەکەی سەرکردەو دامەزرێنەری حزبی شیوعی عیراق خوالێخۆشبوو هاوڕێ (فهد)بوو.

بۆ من کارێکی گران بوو ئەو دوو کتێبە بخوێنمەوە، چونکە بە زمانی عەرەبی بوون


کوتري ئاشتی

فەرهاد عەونی

پۆلی یەکەی قوتابخانەی ناوەندی کۆیە

ئەی کوتری ئاشتی
باڵندەی جوان
تۆی هیوای گەلان
لابەری جەنگی

* * * *

گەلان لەدواتن
راستی ئەبیژن

* * * *

بفرە بخوێنە
بەسەر کوماردا
لە گوندو شارا
شادی بنوێنە

* * * *

گەلان یەك دەنگن
هاتوونە مەیدان
بۆ ئاشتی جیهان
بۆ دووربوونی جەنگ

وەرگێردراوی لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکردۆتەوە کاتی خۆی لە پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندبوومەوە بابەتێکیان وەکوو لەبیرم ماوە بەناوی (نامەی سەربازێکی سۆڤیەتی بۆ دایکی)بوو کە تاکو رۆژانی ئەمرۆش رووداوەکانی لە مێشکمدا هەرماوە.

خوالێخۆشبوو کاک (ئەکرەم) هەفتەی جارێک یان دووجار لە ماڵی خۆیان کە بە تەنیشت ماڵی ئێمەوەبوو، لە هەمان کات وەستای ئەو (ئاشە)بوو کە باوکم یەکێک بوو لە خاوەنەکانی بە هیمەتی کاک ئەکرەم و یارمەتی مامۆستا جەمال عەزیز لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٠ یانی پاش حەفت مانگ لە (تاقیکردنەوەی بەکەلۆریای حیزبیدا سەرکەوتم)و بوومە ئەندام لە حزبی شیوعی عیراقی و لەوماوەیدا یانی لەسەرەتای ساڵی (١٩٦٠)ەوە تاکو کۆتایی ساڵی (١٩٦٢)دا زۆر چالاکانە لەناویدا کارم دەکرد تەنانەت لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢ لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بووم، لێپرسراوی شانەی سەرەکی حزبی لە قوتابخانەی (دواناوەندی کۆیە).

حزبی شیوعی عیراقی قوتابخانەیەکی یەکجار دەوڵەمەندی کاری سیاسەت بوو، لە مێژووی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کە تێیدا بە سەدان و هەزاران تێکۆشەری پێگەیاندووە و ئەگەر تەماشای مێژووی حزبە سیاسیەکانی عیراق و کوردستان بکەین دەبینیدرێ کە حزبی شیوعی عیراقی بەسەدان کادیری پێگەیاندووی و چوونەتە ریزی ئەو حزبانەو تەنانەت هەندێکیان پلەوپایەی زێدە بەرزیان وەرگرتووە، بەڵام سەد حەیف و مەخابنە کە هەندێک لەوانە زۆر بە ناشیرینی و بێ ویژدانیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو (کانی)یە دەکەن کە ئاویان لێ خواردۆتەوە.

بەنسبەت خۆم شتی زۆر لەو حزبە تێکۆشەرە فێر بووم کە بریتییە لە شێوازی کارکردنی حزبایەتی (مەسئولیەت) قەواعید و دەسپلینی حزبی و حزبایەتی، بەرێوەبردنی شانەو شانەی سەرەکی، خوێندنەوە، لێپرسینەوە، رەخنەو رەخنە لەخۆ گرتن، ئیحترامی کات و و چیرۆک و شیعر نەبوون بەڵکو دوو کتێبی سیاسەت و لێدوانی سیاسی بوون، بەڵام ئەوەی ئاسانکاری بۆ کردم گیانی فێربوونی زمان و خوێندنەوەی خۆم بوو، دووەمیان مامۆستا (جەمال عەزیز)یش یارمەتی دەدام، بەڵام یارمەتی دەری سەرەکیم خوالێخۆشبوو (ئەکرم عەبدولقادر) بوو کە پێشووتر لە زەمان و سەردەمی پادشایەتی ئەندامێکی کارای پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، پاشانیش لە بەر هەندێ هۆکار پارتی بەجێهێشتبوو چووبوو بۆ ناو ریزەکانی حزبی شیوعی عیراقی کە لە پاش شۆرشی ١٤ی تەمووز لە کۆیە لە دەستەی سەرۆکایەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی عیراق کاری دەکرد، خوالێخۆشبوو کاک (ئەکرەم) خوێندەوارێکی زۆر باش بوو، کتێبخانەیەکی مام ناوەندیشی لە ماڵەوە هەبوو لە ساڵانی نێوان (١٩٣٨-١٩٤٨) چەندین بابەتی

کۆبوونەوەو گیانی لەخۆبردن، نەترسان، چوونە ناو کۆمەڵانی خەڵک. کە ئەوانە هەموویان تاکو ڕۆژی ئەمڕۆش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیم هەبووە و ڕەنگی داوەتەوە.

هۆکاری دەرچوونیشم لە حزبی شیوعی عیراقی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ململانێیەی کە لە ناخمدا پەیدا ببوو تەوژم و هێزی کوردایەتی بوو کە ڕۆژ بەڕۆژ لە مێشکمدا گەورەتر دەبوو ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی خێزانیم، بەتایبەتیش باوکم و مامم کە ڕاستە باوکم ڕاستەوخۆ تێکەڵی ئیشوکاری شەخسیم نەدەبوو، بەڵام بەهۆی حەپس کردن و دوورخستنەوەی بە تۆمەتی کوردایەتی لە سەرەتای ساڵی ١٩٦١ لەسەروبەندی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن، پاشانیش لە ئابی ساڵی ١٩٦٢ کاتێ کە حەپس کراو ڕەوانەی حەپسخانەی (فضيلية)ی بەغدا کراو ئەوجا بۆ (نوگرە سلمان) کە تاکو سەرەتای مانگی ئاداری ساڵی ١٩٦٣ لەوێ مایەوە و لەژێر فشاری سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول لەکاتی وتووێژکردن لەگەڵ حکومەتی بەعسدا پاش ڕووخانی حکومەتی (عبدالكريم قاسم) ئازادکرا کە تێیدا سۆزی کوردایەتی ڕۆژانە لام زیاد دەبوو، ئەگەرچی من هەر لە سەرەتاوە لەو بوارە بێ بەش نەبووم و سەرەتای نووسینی شیعریشم بۆ کورد و کوردستان بووە، کە زۆرجار برای بەڕێز (بەکر فەتحوڵڵا) کە بە مەلا بەکر ناسراو بوو لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦١ەوە بوو بە لێپرسراوی ئەو شانە سەرەکییەی (دواناوەندی کۆیە) کە من تێیدا ئەندام بووم پێی دەگوتم (تۆ شیوعییەکی قەومی و وەکو شیوعیە چینییەکان بیر دەکەیەوە) سەرەڕای گلەیی و گازاندەی مامم کە هەر کاتێ دەهاتە کۆیە ڕووبەڕووم دەبووەو هەمیشە پێی دەگوتم (تۆ زیڕی بەڵام کەوتیە ناو قوڕاو)، ئەمەو ڕۆژێکیان لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا ململانێ لە گۆڕەپانی کوردستان لە نێوان حزبی شیوعی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان لە لوتکەدابوو (شیوعیەکان) سیاسەتی (كفاح و تضامن)یان پەیڕەو دەکرد لەگەڵ حکومەتی (عبدالكريم قاسم) و شیعاری (السلم في كردستان)یان بەرزکردبووەوە کە تێیدا دەیان هەزار ئیمزاو سەدان چالاکییان لە پێناویدا ئەنجامدا (کە بەندە بەشداری چالاکییەکی ئەو سەردەمەی کردووە لە کۆیە) بەشداری کردنم لەو کۆبوونەوە فراوانەی کە لە (نزیک فولکەی حاجی قادری کۆیی) ئێستا، لیژنەی ناوچەی کۆیەی حزبی شیوعی ڕێکی خستبوو، کە تێیدا مامۆستا (سەڵاح حوسێن) بەشێوەیەک هەموو سیمای خۆی گۆڕی بوو، هاتە سەر مێزێک لە ناوەندی شەقام دەستی بە هیتاف کردن کرد و وتارێکی خوێندەوە کە بریتی بوو لە سیاسەتی حزبی شیوعی کە ئەویش خۆی لە (ئاشتی لە کوردستان) دەدیتەوە کە تێیدا بەندەش یەکێ لە بەشداربووان و (حیمایەی شوێنەکەبووم). بۆ ئەوەی دوورنەکەومەوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢ بوو لە کۆبوونەوەیەکی شانەی سەرەکی قوتابخانەی سانەوی کۆیە لە ژوورێکی بەلاوەی مزکەوتی (مەلا ئەسعەد) بە حوکمی ئەوەی (عیزەدین)ی کوڕی خوالێخۆشبوو مەلا محەمەدی مەلا بەهادین ئەندامی ئەو لیژنە سەرەکییە بوو مزگەوتەکە عائیدی ئەوان بوو باوکی ئیمام و خەتیبی مزگەوتەکەبوو بۆمان ئاسایی بوو بە فیڵی (دەرس خوێندن) کۆبوونەوەی لێ بکەین. لە کۆبوونەوەکەو لەسەرەتادا کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بوو سەرپەرشتیاری ئەم کۆبوونەوەیە ئەندامێکی لیژنەی ناوچەی کۆیە بوو زۆر بە خۆشحاڵییەوە پێی ڕاگەیاندین و دەقاودەق گوتی: (مزگێنی، دوێنی مەسئوولی ئیختیالاتی پارتی لە سلێمانی کوژراوە کە پێشووتر دەستی لە کوشتنی هاوڕێیەکی ئێمەدا هەبوو) لە ڕاستیدا شێوازی گوتن و ناوەڕۆکی خەبەرەکە لە ناخمەوە هەژاندمی و ڕقێکی ئەستووری بەرانبەر ئەم برادەرە لا پەیدا کردم، بۆیە یەکسەر بە شێوازێکی نائاسایی پێم گوت: (هاوڕێ ئایا بە کوشتنی ئەو بەرپرسە دیموکراتییەت و چارەنووسی ململانێ چینایەتی سەردەکەوێ). لە وەڵامدا ئەو برادەرە تۆزێ بە توندی وەڵامی دامەوەو گوتی: (ماوەیەکە هەست دەکەم جۆری بیرکردنەوەت گۆڕاوە، فیکری قەومی زاڵە بەسەرتا، واپێ دەچێت کوشتنی ئەو (زەلامەت) پێ ناخۆشبێت، دەبێت ڕەخنە لەخۆت بگریت دەنا "موحاسەبەت دەکەم). ڕووداوی ئەم کۆبوونەوەیە سەرەتای لێکترازانی پەیوەندی ڕێکخستنم بوو لەریزی حزبی شیوعی عیراقی، کە دەڵێم پەیوەندی تەنزیمی یانی دوورکەوتنەوەم بە ڕەسمی پاش چەند ڕۆژ بەنامەیەک ئیستیقالەم ئاراستەی ناوچەی کۆیە کرد، بەڵام زۆر بە هێمنی کە دواتر

چەند برادەران هەوڵیان لەگەڵ دام بگەڕێمەوە، بەڵام بڕیاری کۆتاییم دابوو، بەڵام ئەمەیان نەبوو هۆکاری دوورکەوتنەوەم لە هاوڕێ و دۆست و برادەرانی حزبی شیوعی کە تێیدا تاکو پاش کودەتا رەشەکەی (٨)ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ هەر بە شیوعی دەناسرام. بۆیە کاتێ فەرمانی گرتنی شیوعییەکان لە کۆیە دەرچوو پاش کودەتا یانی لە کۆتایی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ (بەندە) ئەوکاتە لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بووم لەگەڵ مامۆستایەکی عەرەب بەناوی مامۆستا (قاسم) کە مامۆستای بیرکاری بوو ساڵێک پێشووتر بە هۆی بیروباوەڕی شیوعیەتی لە بەغداوە بۆ کۆیە (ابعاد) کرابوو، فەرمانی گرتنمان دەرچووبوو، سەر لەبەیانی ئەو رۆژە (حەسەن ئەفەندی) کە ئەوکاتە مفەوزی ئەمنی کۆیە بوو خۆی و دوو پۆلیسی چەکدار هاتنە قوتابخانە تابمان گرن، بەڵام خوالێخۆشبوو (سەید بەکر)کە فەرمانبەر بوو لە قوتابخانە کە ئەویش هەواداری حزبی شیوعی بوو زانیبووی هاتوونەتە لای مودیری قوتابخانە کە ئەوکاتە (مامۆستا سدیق عەبدولقادر) بوو داوای بەندە و مامۆستا قاسمی کردبوو، یەکسەر مامۆستا سدیق عەبدولقادر بە (ئیشارەتێک) (سەید بەکر) تێدەگەیەنێ تاکو ئاگادارمان بکات، ئەوکاتە ئێمە لە (پۆل) بوین کاتێ سەید بەکر هات و گوتی مامۆستا قاسم تۆ و فەرهاد مودیر بانگتان دەکات کە هاتینە دەرەوە سەید بەکر پێی گوتین: (حەسەنە فەندی) هاتووە بۆ گرتنی ئێوە فریای خۆتان کەون) ئەوجا من لە پێشەوەو مامۆستا قاسم بەدوامەوە لەسەر شورەی مەکتەب بازمانداو یەکسەر بۆ لای (چیای باواجی) لە ناوچەیەک پێی دەڵێن (زرێبار) لە ماڵی خوالێخۆشبوو (حەمەد ئەمین باپیر) کە باوکی قوتابی (عەبدولڕەحمان) بوو کە ئەویش پێشووتر شیوعی بوو، بەندەش لێپرسراوی بووم کە ئەوکاتە باوکی خاوەن مەڕوماڵات بوو لەو ناوچە شاخاویە رەشماڵی هەڵدابوو (کۆز)ی بۆ مەڕ و ماڵاتی دروست کردبوو لای ئەو پیاوە بەڕێزە ماینەوەو (تفەنگە)کۆنەکەی لەژێر (لبادێکی) راخراوی بن رەشماڵەکە دەرهێناو گوتی (فەرموو دانیشن، پیاوم دەوێ نزیکتان بکەوێ) ئەوسا مامۆستا قاسم ئارام بووەو دەستمان کرد بە (شیر) خواردنەوە.

ماوەی دوو شەو لەو شوێنە ماینەوە تا کاتێ (بارام)ی پورزام بە هەڵەداوان ئێوارەی رۆژی دووەم هاتەلامان پێی راگەیاندین کەوا ئەو رۆژە شاری کۆیە یەکجار شڵەژاو بووەو شەو پێشمەرگەیەکی زۆر هاتوونەتە لامان هەندێ لەوانە چەند پێشمەرگەیەکی (بارزانی)ن کە ژمارەیان (١٠) کەسن هاتوونەتە ماڵی (ئێمە) چونکە سبەینێ (مەلا مستەفای بارزانی) دێتە کۆیە و کاتێ لێپرسراوی ئەم دەستە پێشمەرگەیەی بارزانی پرسیاری خاوەن ماڵیان کردووە دایکت پێی گوتوون (باوکی منداڵان لە نوگرە سەلمان لەسەر کوردایەتی ئەوە ساڵێکە حەپسە و فەرهادی کوڕیشم کە چاو ساغی ماڵەکەیە (ئەمری حەپس کردنی دەرچووەو لە چیای باواجی خۆی شاردۆتەوە) لێپرسراوی دەستەکەش یەکسەر بەدایکمیان گوتووە (هەر ئێستا بەدوای فەرهادی کوڕت بنێرە بێتەوە ماڵ، هەر (سەگبابێکیش) نزیک ماڵەکەشتان بکەوێ بەم تفەنگە دەی تۆپێنم) لەو سەروبەندەدا باوکیشم لە حەپسخانە بە لیستی شۆڕش ئازاد کرا، پاش سێ چوار رۆژی دواتر و هاتنی دەستەیەک پێشمەرگەی بارزانی بۆ ماڵی ئێمە کە هاوکات لەگەڵ هاتنی خوالێخۆشبووان (عەباس مامەند ئاغای ئاکۆ واحیدی حاجی مەلو و ئەحمەد تۆفیق یانی (عەبدوڵڵا ئیسحاقی) سکرتێری ئەو



*نووسەر لە ساڵی ١٩٦٣دا*

سەردەمەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) و مەلا برایمی پیاوی نزیک بارزانی و سالّح میران و لەگەڵ شێخ تەحسینی میری ئێزیدیان و شێخ جەلالی برای بۆ ماڵی ئێمە، چونکە (بارزانی نەمر) لە ماڵی خوالێخۆشبوو (کاکە زیاد ئاغای غەفوری) دابەزیبوو ماڵی ئێمەش دراوسێی دیوار بە دیواری ماڵی کاکە زیاد بوو و نەدەکرا ئەو هەموو میوانە لە ماڵی کاکە زیاد بن بۆیە ئەو زاتانەی کە ناوم هێناون لە ماڵی ئێمە میوان بوون)و شەوانە دەچوونە مەجلیسی بارزانی بۆیە کە لێرەدا باس لەو رووداوە دەکەم، چونکە خاڵێکی وەرگەڕانی ژیانی سیاسیم بوو وەکو لە پێشەوە باسم کردووە کە چۆن پێش چەند مانگێک لەو رووداوە لە حزبی شیوعی دوور کەوتمەوە و هۆکاری دەروونیش بە گەڕانەوەی باوکم لە (نوگرە سەلمان) سەرەڕای گەڕانەوەی خۆم بۆ ماڵەوە پاش راوەدوونانم لەلایەن ئەمنی کۆیە زەمینەی بەهێز کردنی قەناعاتی ویژدانی و سیاسی کوردایەتیم بوو، بەڵام ئەوەی مەسەلەکەی بە تەواوی یەکلایی کردەوە، (بەخزمەت گەیشتنی بارزانیی نەمر) بوو لە کۆیە شەوێکیان میوانانی خوالێخۆشبوو کە لە ماڵی ئێمە میوان بوون دەیان زانی کە بە پەرۆشم بۆ دیتنی بارزانی (لە زنجیرەی ژمارە (١٠)ی (من الذاکرە) لە گۆڤاری گولان العربی ژمارە ١٨ لە ١٩٩٧/١١/٢٥) بە درێژی باسم لەو رووداوە کردووە) شەوێکیان لەگەڵ باوکم و جەماعەتێ میوان چووینە ماڵی کاکە زیاد و بەدیدەنی بارزانی (شاد) بووم، بارزانی لەماڵی ئێمە (غەریب) نەبوو پێشووتریش زۆر جار بە گەورەییەوە ناوی دەهات باوکیشم بە گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت پاش ١٢ساڵ ئاوارەیی بۆ عیراق شیعرێکی بەناوی (نامەیەک بۆ بارزان) لە ژمارە (٣٥)ی رۆژی ١٩٥٨/١١/٢٢ لە رۆژنامەی (پێشکەوتن) بڵاوکردۆتەوە کە دەڵێ:-

**نامەیەک بۆ بارزان**

**ئەی سروەی شەماڵ، کزەی بەر بەیان**
**فیدات بم هەڵسە، برۆ بێ وچان**
**نامەی گوشادی کوردو کوردستان**
**هەڵگرە بیبە بۆ شاخی بارزان**
**بڵێ مژدە بێ ئەی کێوی سەربەرز**
**دێنەوە ولات شێرانی نەبەز**
**رۆڵەی ئازادین، هاوڕێی دڵسۆزن**
**خەمخواری گەل و خاکی پیرۆزن**
**ئەوان رابەری گشت تیرە و هۆزن**
**بانگدەری مژدەی جەژنی نەورۆزن**
**بڵێ موژدەبێ، موژدەی یەکجاری**
**گەل رزگار ئەبێ لەدەست زۆرداری**
**بڵێ مژدەبێ بەسەر چوو گریان**
**بەسەر چوو رۆژی شین و قوڕ پێوان**
**بەسەر چوو بۆ گەل کەلەپچە و زیندان**
**ئاسایش خوازی بکرێ بەتاوان**
**کاروانی گەلان لەرێی ئازادی**
**دێتە گوێ دەنگی زەنگۆڕێ شادی**
**ئەوجا بای شەماڵ لەێوە برۆ**
**بۆ دهۆک، ئاکرێ، ئامێدی، زاخۆ**
**بۆ مووسڵ، ژەنگار، دیاربەکر، شنۆ**
**بۆ سنەو سابلاخ، سلێمانی، کۆ**
**بەسەر کەرکووک و هەولێر رابرە**
**گوێ لە ئاوازی ئازادی بگرە**
**ئەوجا بای شەماڵ رۆیشت گەڕاوە**
**گەشتێکی وایکرد لە هەموو لاوە**
**لەشار، لەلادێ، لەم لا، لەولاوە**
**هەرچی بیستبووی بۆمی گێڕاوە**
**ئەڵێ هەر کوردە وەک شێری ژیان**
**سوێند ئەخوا بە کورد خاکی کوردستان**
**لەمەولا ئەبێ هەر تێکۆشەر بین**
**بەوێنەی تیرو شیر و خەنجەر بین**
**هەڵبڕی ئاسک و گیانی تێکدەر بین**
**کوشندەی هەموو چینی شەرکەر بین**
**هەر بە تێکۆشان بە هەوڵ و خەبات**
**گەل ئازاد ئەبێ ئەوگات بە ئاوات**
**سوێند بەو دارە بێ لەبن قووت کرا**
**سوێند بەو بەردە بێ بەخوێن سوورکرا**
**سوێند بەو دایکە بێ کە جەرگی برا**
**سوێند بەو باوکە بێ کە رۆڵەی کوژرا**
**سوێند بە سێدارە و بەخوێنی گەش بێ**
**سوێن بە ولاتی کوردی بەش بەش بێ**
**کۆڵ نادەین ئێمە هەرگیز ناوەستین**
**زۆر زۆر لەمێژە هەرگیز ناوەستین**
**خاوەنی هۆش و زانین و هەستین**
**ئەبێ یەک بیر و یەک دەنگ و هەست بین**
**ئێمەش ئێستاکە ئازادی خوازین**
**بۆ گشت گەلان و بۆ کورد دەخوازین**
**کوردیش خاوەنی نیشتمانێکە**
**لەمێژووی گەلان قارەمانێکە**

## بیری یەکێتی کوردستانێکە تایبەتی خاوەن کە داستانێکە بۆ کورد سەربەستی و سەربەخۆیەتی مافی خۆیەتی مافی خۆیەتی

کاتێ باوکم دەقی شیعرەکەی بۆ جەماعەتی میوانی خوێندەوە، وای لە خوالێخۆشبوو ئەحمەد تۆفیق کرد داوای شیعرەکە لە باوکم بکات کە بە خەتی خۆی بۆی بنووسێتەوە، چونکە پاش ئەوەی کە گوێی لە شیعرەکە بوو دوو سێ جار لەسەر یەک گوتی (ئافەریم بەڕاستی شیعرێکی "جالب"ە) یانی سەرنج راکێشە.

دیتنی بارزانی و قسەو هەڵوێستی ئەو شەوە دەربارەی هەندێ رووداوی وەکو لە پێشەوەتر ئیشارەتم بۆ کردووە بیروباوەڕ و قەناعەتی لام یەکلایی کردەوە، ئەوەبوو پاش دەست پێ کردنەوەی شەڕ لە (١٣)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٣) کە ئێمە چەند رۆژ پێشووتر بەرەو سنووری عیراق و ئێران چووبووین لە گوندی (هەڵشۆ) گیرساینەوە پاشان منیش چوومە ریزی پێشمەرگەو لە دادگای بەرزی شۆڕش لە ماوەت بوومە (کاتب)، شانەی یەکەمی ناو پارتیم مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی ساڵی ١٩٦٣ کە تێیدا بۆ یەکەم جار (بەندە و کاک سەباح جەلال و خوالێخۆشبووان کەمال ئەحمەد بەرقی ئەفسەری پۆلیس کە موحەقیق عەدلی دادگابوو، تاهیر ساڵح فەتاح مولازمی یەکەمی پۆلیس کە بەڕێوەبەری گشتی دادگابوو) یەک شانەی حزبی کۆیکردینەوە کە لێپرسراوەکەشمان مامۆستا (عوسمان)ێک، کە کادیری کەرتی دووی (ماوەت)ی ئەو سەردەمە بوو، تاکو کۆتایی رووخانی حکومەتی بەعس و وتووێژی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عەبدولسەلام بەردەوام بوو کە پاش راگرتنی شەڕ بە چەند مانگێک گەڕاینەوە کۆیە و بە (خارجی ئیمتیحان)ی بەکەلۆریای سێی ناوەندیمانداو تێیدا سەرکەوتین، بەداخەوە لەو سەروبەندەدا (گەورەترین لێکترازان-انشقاق) لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان روویدا کە دیسان سەد جار بەداخەوە گەورەترین زیانی بە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان گەیاند، (کاتێ کە بیر لە رۆژانی پێش ئەو لێکترازانە دەکەمەوە پارتی دیموکراتی کوردستانم بەشێوەیەک دێتە بەرچاو کە دەتوانم بڵێم (رێکوپێکترین و بەجەماوەرترین و شۆڕشگێڕترین حزبی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو) دیسان سەد جار بەداخەوە کارەساتی ئینشیقاقی لێ کەوتەوە تێیدا بەندە بە ئارەزوو بە قەناعەتەوە بوومە تەرەفگیری ئەو لایەنەی کە بارزانیی نەمر سەرکردایەتی دەکرد و یەکەم شانەی کە لە کۆیە پاش ئینشیقاق دروست بوو کاری پارتایەتیم تێدا ئەنجامدەدا، بریتی بوون لە کاک عەزیز سەربەست سەرۆک شانەمان و لەگەڵ خوالێخۆشبووان سەید عەلی نەجاڕ و سەید حەمەد ئەمین-ی موختاری گەڕەکی قەڵات لە کۆیە، کە هەمیشە لە دوکانەکەی خوالێخۆشبوو (وەستا زاهیری نەجاڕ) کە شەریکی سەید عەلی بوو، ئەویش پیاوێکی کورد پەروەربوو کۆبوونەوەمان تێیدا دەکرد، دواتریش دەستمان بە شانە دروست کردنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کرد، کە مامۆستا (عەلی) مامۆستای بیرکاری بوو خەڵکی ناوچەی شێخان بوو مرۆڤێکی پاکی کوردپەروەربوو) سەرپەرشتی رێکخستنەکانی ناو قوتابیانی ئێمەی دەکرد تاکو پایزی ساڵی کە تێیدا ١٩٦٦ چوومە زانکۆی بەغداو لە کۆلیژی (ئابووری و زانستە سیاسییەکان) وەرگیرام، لێرەدا نامەوێ باس لەو قۆناغە بکەم، چونکە باسی زۆر کراوەو بەدرێژیش لە زنجیرەکانی (من الذاکرة) لە گۆڤاری (گوڵان العربی) باسم لێوە کردووە، بەڵام هەر هەندە دەڵێم لە سەرەتادا بە چەند قوتابیەک دەستمان پێ کرد و شانەمان دامەزراند و پاشان لە هەر کۆلیژێک لیژنەیەک ئەوجا لقەکانی پارێزگاکان، بەڵام رێکخستنەکانی زانکۆی بەغدا کە (خانەقین و کوت و بەسرەش)ی لەگەڵ دابوو مایەی سەرنج راکێشانی هەموو لایەک بوو بەتایبەتی جموجوڵە سیاسیەکانی بەشێوەیەک رێکوپێک بەدیسپلین بوو، بووە مایەی پێخۆشحاڵی و رێز لێنانی بارزانیی نەمر، بۆیە کاتێ ئێمەی ئەندامانی مەکتەبی ناوەندی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە بریتی بوون لە (ئەنوەر عەبدوڵڵا، قادر حەمە ئەمین، جەواد شێروانی، جەلال خۆشناو، بەندە) لە دیلمان) بۆ ماوەی شەش سەعات لەگەڵماندانیشت، بەوپەڕی رێز و خۆشحاڵییەوە ئێمەی بە سەفیری کورد لە بەغدا وەسف کرد و رێنمایی بە سوودی کردین کە ئەویشم لە زنجیرەکانی (من الذاکرة)



*سەرۆک بارزانی، نووسەر- ساڵی ١٩٩٤ لە بارەگای رۆژنامەی برایەتی*

لە (گوڵان العربی)دا بڵاو کردۆتەوە. لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە لە ١٩٧٠/٧/١٤ لە ناوپردان بەستراو بوومە سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە تاکو کۆنگرەی حەفتەم کە لە ١٩٧٢/٣/٢٩ بەسترا مامەوە، بەڵام لە کۆنگرە رازی نەبووم بەهیچ شێوەیەک خۆم هەڵبژێرمەوە و پاشان بە تەکلیفی شەهید سامی عەبدولڕەحمان و لە سەر راسپاردەی مەکتەبی سیاسی بووم بە مودیری ئیدارەی (دار التآخی) کە هەردوو رۆژنامەی التآخی و برایەتی تێدا دەردەچوو، سەرەڕای ئەوەی لێپرسراویەتی کارگێڕی دەزگام لە ئەستۆ بوو سەرپەرشتی سیاسی بابەتەکانی برایەتیم دەکرد و بۆ (التآخی)یش بابەتەکان لەلای منەوە دابەش دەکران و تێبینی خۆم بۆ سەرنووسەر خوالێخۆشبوو (دارا تۆفیق) دەربارەی بابەتەکان دەخستەڕوو و بۆم دەنووسی، کە تاکو رۆژانی پێش ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بەردەوام بوو ئەوجا لەگەڵ خێزانی (دار التآخی) بەرەو کوردستان بارگەمان تێک ناو چوینە ناو شۆڕش، لێرەدا پێش ئەوەی بچمە ناو ئەو رۆژانەی

نێوانی یازدەی داری ساڵی ١٩٧٤ و رۆژە رەشەکانی کە نسکۆی تێدا روویدا دەمەوێ دەربارەی مەسەلەیەک بدوێم کە پەیوەندی بە (بەندە) و (التآخی)یەوە هەیە کە تێدا گەورەو بچوک نزیک و دوور دەزانن کە (فەرهاد عەونی) چ رۆڵێکی لە ئیدارەی ئەو رۆژنامەیە هەبوو تەنانەت (مەکتەبی سیاسی) پارتی ئەو سەردەمە (جناح)ێکی لە باڵەخانەی ئەم، رۆژنامەیە کە لەسەر شەقامی گشتی (السعدون) بوو ئیشغاڵ کردبوو کە تێدا رۆژانە ئەندامانی (م.س) کە لە بەغدا دەبوون بە سکرتێری گشتی پارتی ئەو سەردەمەشەوە کە مامۆستا (حەبیب محەمەد کەریم) بوو لە جیاتی دەوام کردن لە بارەگای لقی (٥)کە لە شەقامی دڵڕفێنی (ابو نواس) بوو لەو (جەناحە)ی (التآخی) کارەکانیان ئەنجام دەدا بەتایبەتی ئەو رۆژانەی کەوا کێشە لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی (بەعس) دروست دەبوو ئەو مەکتەبە یاخود ئەو (جناح)ە وەکو شانەی مێش هەنگوینی لێ دەهات کە تێیدا (بەندە) ئیدارەی ئەم شوێنەشی دەکرد سەرەڕای (فۆتۆکردنی کۆنووسی گفتوگۆیەکانی

نێوان پارتی و بەعس و پاراستنی نهێنییەکانی
هەروەها تەکلیف کردنم لەلایەن پارتیەوە لە
ڕێگای شەهید سامی عەبدولڕەحمان و شەهید
دارا تۆفیقەوە بە هەندێ ئەرکی حیزبی دوور
لە پلەی پارتایەتی و جۆری بەپرسیاریەتی کە
بە هەندێ کەس نەدەکرا (سەرەڕای پلەو پایەی
وەزیفی و حیزبی) تەنیا نموونەیەک دەهێنمەوە کە
ئەرکی بردن و گەیاندنی نامەی تایبەتی (بارزانیی
نەمر) بوو کۆنگرەی وڵاتانی (عدم الانحیاز) کە
ئەوکاتە لە جەزائیری پایتەختی وڵاتی الجزائر
دەبەسترا بە (بەندەو برای خۆشەویستم کاک
عادل موراد) سپێردرا کە ئەمیشیان بابەتێکی
ئەڵقەی (٢)ی (من الذاکرة)یە کە لە ژمارە (١٠)ی
گوڵان العربی کە لە ١٩٩٧/٣/٢٥ بڵاوکراوەتەوە.
جێ بەجێ کردنی ئەو ئەرکانە کە هەندێکیان
(مەترسی داربوون) کە بۆ هۆکاری ڕاستەوخۆی
ئەوکاتەی (بارەگای بارزانی) کە هۆشیاریمان
بدەنێ دەربارەی خۆپاراستن و ئاگاداری لە
دەوروپشت. (تەنانەت ڕۆژێکیان کاکە دارا
تۆفیق)ی شەهیدی جوانەمەرگ لە ناوەڕاستی
ساڵی ١٩٧٣ کاتێ لە
یەکێ لە کۆبوونەوەکانی
(کۆمیتەی ناوەندی)
لەناوپردان گەڕایەوە و
وەکو عادەتی هەمیشەیی
هاتە ژوورەکەی من کە
تێیدا لەگەڵ مەکتەبی
ئەو لەیەک (شوقە)ی
سەربەخۆی نهۆمی ئەو
باڵەخانەیەبووین، پاش
دانیشتنێکی (٥)دەقیقەیی
دەستی بۆ جانتا ڕەشە
چەرمەکەی‌بردوکردیەوەو
دەمانچەیەکی تازەی
جۆری چواردەخۆری
لێ دەرهێناو دایە دەستم و پێش ئەوەی من
دەمم بکەمەوە گوتی (فەرموو ئەو دەمانچەیە
دیاری بارەگای جەنابی "بارزانی")یە بۆتۆیە و
دانەیەکیشم بۆ (فلک الدین) هێناوەو ڕێنماییشیان
ئەوەیە کە ئاگاداری خۆتان بن) دیسان لە یەکێ
لە ڕۆژانی هاوینی ساڵی ١٩٧٤ کاتێ بەندە
لەگەڵ هەردوو برای زێدە خۆشەویستم کاکە
د.کەمال مەزهەر و کاکە جەلالی عومەری سام
ئاغا لە ناوچەی (ئازادی) کە نزیک بە حاجی
ئۆمەرانەوەیە کە ئەوکاتە ئەمانەتی گشتی
ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیر و لاوانی لێ بوو بە
پیاسە بەرەو بەرزایی گوندی (زینویی شێخی)
هەڵدەگەڕاین باس هاتە سەر ئەو ڕۆژەی کە تێدا
گەلی کوردستان بە تێکڕایی مانیان گرتبوو دژی
ئەو سیاسەتە بە عەرەب کردن و شۆفێنستەی
حکومەتی بەعس کە بەرامبەر ڕووداوەکانی
ئەو ڕۆژانەی ناوچەی (شنگار) پیادەی دەکرد
کە تێیدا لەم ڕۆژەدا ئێمەش لە (التآخی) شان
بەشانی جەماوەری گەلەکەمان مانمان گرتبوو
دەرگای باڵەخانەکەمان پێوەدابوو، بەڵام سەعات
(١١)ی پێش نیوەڕۆی ئەم ڕۆژە هەردوو برای
بەڕێزم (د.کەمال مەزهەر و د.ئەوڕەحمانی حاجی
مارف) هاتنە سەرەوە کە تێیدا بەندە بە تەنها لە
ژوورەکەی خۆم سەرقاڵی وەرگرتنی ڕاپۆرت
و دەنگوباسی کوردستان بووم کە بە تەلەفۆن
لە لقەکانی پارتی و پەیامنێرانی (التآخی)یم
وەردەگرت، کاتێ ئەو دوو بەڕێزە هاتنە
ژوورەکەی من (د.کەمال مەزهەر) یەکسەر هاتە
قسەو گوتی (کاکە فەرهاد... من و د.ئەوڕەحمان
هاتووین وەکو وەرگرتنی هەڵوێست لەگەڵ
تێکڕای گەلی کوردستان بەرامبەر بەو
سیاسەتە چەوتەو نالەبارەی حکومەتی بەعس
بەرامبەر بە سنجاری خۆشەویست، باشترین
جێگاش بۆ نیشاندانی ئەم هەڵوێستە لە بەغدا
بارەگای (التآخی) یە، بەڵام باشە بۆ بە تەنهای
لێرە!؟) ڕۆژانێک ڕۆیی و ڕۆژانێک هات سەر
لە ئێوارەی ڕۆژێکی ناو شۆڕشمان کاتێ
هەرسێکمان (د.کەمال و کاکە جەلالی عومەری



*لە ڕاستەوە: شەهلا خان خێزانی د.کەمال مەزهەر، د.کەمال مەزهەر، نووسەر- لەژێر پەیکەری هەژاری موکریانی لە مەسیف سەلاحەدین*

سام ئاغا و بەندە) بەرەو (زینویی) هەڵدەکشاین و قسەوباس هاتە سەر ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەو ڕۆژانی دیکە کاکە د.کەمال ڕووی لە کاک جەلال کرد و گوتی (کاکە جەلال بەسەری تۆ ئەو کاک فەرهادە دینەمۆی ئەوکاتەی التآخی بوو) لەلایەکی دیکەشەوە، کاکە (حەمەی مەلا کەریم)یش کە هەمیشە پشت و پەنای (التآخی) و کاکە دارا بوو لە هەموو بارێکەوە تاکو ڕۆژانی چوونی بۆ مۆسکۆ بەمەبەستی خوێندن، لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی کە لە کۆتایی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٠دەرچووە کاکە حەمە بابەتێکی لەلاپەڕەکانی (٩-١٧) لەژێر ناوی (چەند لاپەڕەیەک لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی ڕۆژنامەنووسێکی خانە نشین) بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا لە برگەیەکی دڵی (کاک دارا تۆفیق*) هەندێ کادری کارامەی عەرەبی هێنایە ڕۆژنامەکەوە. لەوانە (ضیاء المرعب و جعفر یاسین و رشدی العامل و عبدالغنی الملاح) و لە کوردانیش (د.عزالدین مستەفاو ساڵح حەیدەری و بەدرخان سندی و محەمەد مەلا و کەریم و کامەران قەرەداغی و...هتد.

هەر لەو سەردەمەیشدا کاک فەلەکەدین کاکەیی کە لە پێشترەوە (حلاجیات)ی بە ئیمزای (أ.پرشنگ) بڵاو دەکردەوە لە زیندان هاتە دەر و ڕاستەوخۆ لە تەئاخی دامەزرا، ناوبراو بابەتی جوان ناسکی بۆ ڕۆژنامەکە دەنووسی و نووسینەکانی زۆر بە دڵی خوێنەران بوون. **هەر لە سەردەمی کاک دارایشدا بوو کاک فەرهاد عەونی هاتە ڕۆژنامەوەو بوو بە بەڕێوەبەری ئیدارەو سکرتێر و ڕاوێژکاری کاک دارا**). هەر لەم قۆناغەدا بوو چەندین جار وەکوو ڕۆژنامەنووس بەنوێنەرایەتی دەزگای (دار التآخی) سەردانی دەرەوەم کردووە کە یەکێک لەوانە سەردانی وڵاتی ڕۆمانیای سۆسیالیست بوو، بەداوەتێکی

ڕەسمی ڕۆژنامەی (سکانتیا)ی ئۆرگانی ناوەندی پارتی کۆمەنیستی ڕۆمانیا بۆ ماوەی دوو هەفتە لەگەڵ (١٢) ڕۆژنامەنووسی وڵاتانی جیاجیا بۆ ڕۆمانیا بانگهێشت کرابووین. ئەم بابەتەشم لە گۆڤاری (گولانی العربی) ژمارە (٩) لە ١٩٩٧/٢/٢٥ لە ژێر ناوی (من الذاكرة ١) بعنوان (كوردستان كانت حاضرة معنا في رومانيا قبل ٢٤ عاما)، پاش گەڕانەوەشم لەم گەشتە بابەتێکم لە ژمارە ١٣٨٦ی التآخی کە لە ڕۆژی ١٩٧٣/٧/١٧ دەرچووە لە لاپەڕە (٢)دا بڵاو کردۆتەوە کە تێیدا هاتووە:- (ان الشعوب الصغيرة والمظلومة تجد بصعوبة بالغة اصدقاء حقيقيين لها بسبب تداخل المصالح في العلاقات الدولية لا سيم منذ بداية الستينات وانخفاض حدة التوتر الدولي وتقليص سياسة الحرب الباردة ومع هذا نرى ان الشعب الروماني وحزبه الشيوعي قد ابديا تفهما عميقا للمسألة الكوردية في كردستان



العراق وحركة شعبنا بقيادة البارزاني بأعتبارها الحركة التحررية للشعب الكوردى كجزء هام من حركة التحرر العالمى وأكدوا خلال تلك الزيارات المتبادلة وقوفهم بجانب الحقوق القومية للشعب الكوردى وثمنوا استقلالية قيادة الحركة الكردية وعدم القبول بفرض الوصايا عليها والتدخل فى شئونها الداخلية كأنعكاس لطبيعة الحركة وتقدميتها).

کاتێکیش کە (نیکۆلای شاوشیسکۆ)ی سکرتێری حزبی شیوعی و پیاوی یەکەمی دەوڵەتی ڕۆمانیا کە لە ١٩٧٤/٢/١٩ سەردانی عیراقی کرد هەر پاش دوو ڕۆژ (١٩٧٤/٢/٢١) لە سەعات چوار و نیوی پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە مامۆستا (حەبیب محەمەد کەریم) سکرتێری گشتی ئەو سەردەمەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەرایەتی (بارزانیی نەمر) لە کۆشکی بەغدا (قصر بغداد) سەردانی شاوشسکۆی کرد کە تێیدا (بەندە)ش وەکوو ڕۆژنامەنووس و نوێنەری التآخی ئامادەی تەواوی دیدارەکە بووم. ئاشکراشە ئامادەبوونی ڕۆژنامەنووسێک لەو جۆرە دیدارانەدا و لەو ئاستە بەرزەدا چ مانایەک دەبەخشێ.

لێرەدا ئەم چەند دێرانەم وەکو بەڵگەیەکی زیندوو هێنایەوە (کە شایەد حاڵەکانی) لە سایەی خواوە زیندوون و هیوای تەمەن درێژییان بۆ دەکەم بۆ ئەوەی خوێنەری خۆشەویست بزانێ کە زۆر جار هەندێ لە (ڕۆشنبیر و ڕوناکبیر)ی گەلەکەمان چۆن (سەقەتانە) بیردەکەنەوەو لایان وایە بەری ڕۆژ بە بێژنگ دەگیرێ.

کرۆکی ئەم چەند دێرەش بۆ مەسەلەیەکە کە تێیدا ڕەخنەی توندم ئاراستەی ئەو (فیلد مارشاڵ و سوپەر ڕۆشنبیرە) دەکەم کە لە دەورەی دەرچوونی ڕۆژنامەی (التآخی) پاش ڕووخانی ڕژێمی (صدام) کە تێیدا (بەندە) دیسان بە حوکمی لێپرسراویەتی کاری حزبیم وەکو لێپرسراوی دووەمی لقی پێنج لە بەغدا چ ڕۆڵێکم بینی لە وەرگرتنەوەو ئامادەکردنی باڵەخانەو چاپخانەکەو (مەبەست لەو چاپخانەیە کە پێشووتر لە لایەن بارزانی نەمرەوە لە ساڵی ١٩٧٤ بۆ التآخی کڕابوو، پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە لایەن حکوومەتی بەعسەوە لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ دەستی بەسەرداگیراو تاکو ڕووخانی ڕژێم ئەوسا وەرگیرایەوە، کە ئێستاکەش لە ناوچەی (باب المعظم) لە بەغدایەو التآخی پێ چاپ دەکرێت) کەرەستەی چاپ کردن کە پاشان بە فەرمانی سەرۆک مسعود بارزانی کە ئەو کاتە لە بەغدا بوو هەموویم تەسلیم بەلایەنی پەیوەندی دار کرد. سەرەڕای ئەو هەموو ڕاستیانە کاتێ ئەو سوپەر ڕۆشنبیرە ساڵ و خول و ناوی سەرنووسەر و بەڕێوەبەر و کارمەندە سەرەکییەکان و لاوەکییەکانی (التآخی) هەر لە ساڵی ١٩٦٧ەوە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆش ڕۆژانە کە تاکو نووسینی ئەم بابەتەش بڵاو دەکرێتەوە، هیچ ناوێکی لە بیرو یاد نەچووە تەنها ناوی (بەندە) نەبێت، نووسینوو نەنووسینی ناوی من بە قەدر تۆزقاڵێک لە من زیاد و کەم ناکات، بەڵام ئەو کەسە زەرەرمەند دەکات کە بە دەستی ئەنقەست درۆ لەگەڵ مێژوو دەکات بە تایبەتی بۆ ڕۆشنبیرێک کە ئیدیعای ڕۆشنبیری و (تەساموح و دیموکراتیەت و شەفافیەت و ڕاستگۆیی) بکات لێرەدا وتەیەکی بە نرخی (بارزانیی نەمر)م دێتەوە یاد کاتێ لە دیدارێکی بەڕێزیان لەگەڵ دەستەی سەرکردایەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ڕۆژی (٦)ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧٠ لە (دیلمان) ئەنجام درا کە تێیدا بەندە لەگەڵ پێنج لە ئەندامانی ئەو دەستەیە ئامادەی ئەو دیدارەبووم، بارزانیی نەمر لە کاتی قسەوباسی سیاسی هەمەجۆر کە تێیدا باسی ڕۆشنبیران کرا بارزانیی فەرمووی (مرۆڤی ڕۆشنبیر ئەوەیە کە نێوانی خراپ و چاک دەستنیشان بکات و ڕەشوو سپیش لێک جیاکاتەوەو بزانێت مەسەلەحەتی میللەتەکەشی لە چ تەرەفێکدایە و حەقی کەسیش نەخوات و درۆش لەگەڵ میللەتەکەی نەکات، ئەگەر وانەبێت ئەسڵەن نە ڕۆشنبیرەو نە خوێندەواریشە)، ئەو بابەتەشم لەژێر ناوی ("اللقاء كان فى ديلمان" ذكريات عن لقاء تأريخى مع البارزانى الخالد تم فى شباط ١٩٧٠ واستغرق ست ساعات كامله. لە ڕۆژنامەی (خەبات) ژمارە ٦٨٢لە ١٩٩٣/٧/٧ بڵاوکردۆتەوە).

کاتێ کە چووینە ناو شۆڕشیش بەوپەڕی حەماسەتەوە کارمان لە ئەمانەتی گشتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و لاوان دەکرد، تێیدا وەکو بەڕێوەبەری گشتی لاوان ئەرکەکانم بەجێ دەهێنا، هەتا ڕۆژانی (نسکۆ) نەمان دەزانی (خەتەر و ماندووبوون چییە). پاش نسکۆی شۆڕشیش بە گەڕانەوەمان قۆناغییێکی تراژیدیایی دیکە دەستی پێ کرد گەڕانەوەشمان

پاش نسکۆی شۆڕش بە (خەیاری) شەخسی نەبوو، ڕووداوو هۆکارەکانیشم دیسان لە یەکێ لە زنجیرەی (من الذاکرة)دا باس کردووە. قۆناغە تراژیدییەکەی پاش نسکۆ لە کەس شاراوە نییە، بەڵام کاتێ کە دێمە سەرگورشتەی خۆم ڕووداوەکان و هەڵوێستەکان خۆی لەو ڕووداوەی خوارەوە دەبینێتەوە:

پاش نسکۆی شۆڕش و گەڕانەوەمان بۆ کوردستان یەکسەر لەگەڵ (پەروین)ی هاوسەرم بڕیارماندا بگەڕێینەوە شاری (کۆیە)، چونکە پێشووتر ماڵم لە بەغدا بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بارودۆخی سیاسی لە بەرژەوەندی ئێمەدا نەمابوو کە لە بەغدا بمێنینەوە، سەرەڕای ئەوەی کە تێکڕای کەلوپەل و ناوماڵی بەغدام بە کتێبخانەو وێنەو ئەرشیفەوە لەلایەن دەزگای (الامن العامە)ی حکومەتی بەعس (حجز وهەراج) کرابوو، تەنانەت (دەفتەری نفوسیشمان سەری تێداچوو. دیسان ئەو بابەتەشم لە ئەڵقەی(١٥)ی (من الذاکرة) لە گۆڤاری گوڵان العربی ژمارە ٣٩ی ئابی ساڵی ١٩٩٩ بڵاو کردۆتەوە، لەژێر

**التآخي**

جريدة يومية
تصدر عن دار التآخي للطباعة
والنشر - بغداد

**الدورة الأولى (١٩٦٧ - ١٩٦٩)**

صاحب الامتياز ورئيس التحرير :
صالح اليوسفي
هيئة التحرير : حبيب محمد كريم
المهندس شوكت عقراوي
المحامي نجيب بابان
محمد سعيد الجاف
عبدالله سعيد
(حل الاستاذ حبيب محمد كريم محل المهندس شوكت عقراوي بعد استقالة الاخير )

**الدورة الثانية (١٩٧٠ - ١١ آذار ١٩٧٤)**

صاحب الامتياز : حبيب محمد كريم
رئيس التحرير : علي عبدالله (١٩٧٠)
دارا توفيق (١٩٧٠-١٩٧٤)

**الدورة الثالثة (من ٢٠٠٣/٥/١٠)**

نائب رئيس التحرير :
محمد البدري
سكرتير التحرير
كارزان صالح محمود
مدير شوون الادارة والمالية:
محمد رزوقي ابراهيم
الأخراج الصحفي :
صباح احمد محمد

**التآخي**

جريدة يومية
تصدر عن دار التآخي للطباعة
والنشر - بغداد

**الدورة الأولى (١٩٦٧-١٩٦٩)**

صاحب الامتياز ورئيس التحرير:
صالح اليوسفي
هيئة التحرير: حبيب محمد كريم
المهندس شوكت عقراوي
المحامي نجيب بابان
محمد سعيد الجاف
عبدالله سعيد
(حل الاستاذ حبيب محمد كريم محل المهندس شوكت عقراوي بعد استقالة الاخير)

**الدورة الثانية (١٩٧٠-١١ آذار ١٩٧٤)**

صاحب الامتياز: حبيب محمد كريم
رئيس التحرير: علي عبدالله (١٩٧٠)
دارا توفيق (١٩٧٠-١٩٧٤)

**الدورة الثالثة من ٢٠٠٣/٥/١٠- ( )**

رئيس مجلس الادارة الؤقت ورئيس التحرير
فلك الدين كاكه يي
نائب رئيس التحرير
محمد البدري
مساعد رئيس التحرير للشؤون الثقافية
حسب الله يحيى
مستشار رئاسة التحرير
د.عدنان حقي زنكنه
مدير التحرير: مخلص خوشناو
مدير الادارة والمالية: عبدالله بابان
مدير المطبعة: احمد شبيب
الدولية والاقليمية: د.فؤاد حمه خورشيد
العلاقات والتربية والتعليم: حسين الجاف
التصحيح والتنفيذ: دارا صديق نورجان
المرأة: ميادة نورالدين
المراسلون والتحقيقات: هشام بدران
الصفحة الاخيرة والترجمة
شاخوان ادريس
الرياضة: رضا كركوكي
الشباب: د.ازهار رحيم
الثقافة الكردية: جمعة جباري
الأخراج الصحفي: ستكر حسين
المسؤول الفني: فريد شيوه زووري
التنفيذ: سليمان خالد الزكه يي
الاشراف الطباعي والتصميم: مؤيد داود يار
الاشراف اللغوي: صادق الجلاد
الهندسية: توفيق احمد حسين
مكتب رئيس التحرير: رزكار محمود محمد

هەواڵنامەی کتێب

ناوی (مرثية لمحطات ثلاث تعرضت فيها ممتلكاتي ومكتبتي واوراقي للضياع.....) بەڵام دیسان بڕیارێکی ئاسان نەبوو، بەتایبەتی بۆ (پەروین) کە ماڵی باوکی لە کۆنەوە هەر لەبەغدا بوون و فێری ژیانی ئەوێ بوو، منیش هەروەها، وەنەبێت بڕیارێکی بە قەناعەتەوە بووبێت، چونکە دوورکەوتنەوە لە شارێکی وەکو بەغدای ئەوکاتە کە مەڵبەندی ڕۆشنبیری و ڕووناکبیری و سیاسی ئەو سەردەمەبوو سەرەڕای دوورکەوتنەوە لە کەش و هەوایەک کە لە (مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٦)وە لەسەری ڕاهاتبووم، بەڵام هەروەکو گوتراوە (الرياح لاتجري بما تشتهي السفن) و لە کۆتاییدا لە کۆیە گیرساینەوە.



ئاسەواری بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان لە ئەمانەتی گشتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و لاوان لە دەربەند رایات پاش ٢٧ ساڵ بە کامێرای نووسەر

ماوەی نزیکەی ساڵێک لەماڵی باوکم بووین، زۆرجار بە هەفتەو مانگ لەماڵەوە نەدەچوومە دەرەوە، چونکە خانووەکەمان تاکو بڵێی گەورەو دڵگیربوو لە هەر چوار لاوە چیمەن و درەخت بوو کە پانتاییەکەی (١٥٠٠م) بوو، تێدا زۆربەی کاتەکەم بە خوێندنەوەو گوێ گرتنی ڕادیۆ بەسەر دەبرد، بەڵکو ئەوە خوایە گوێم لە هەواڵێکی پەیوەند بە کوردەوە بێت و ناوەناوەش برادەرە ئازیز و نیشتمانپەروەرەکانم لە کۆیەو سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و دهۆک و شوێنەکانی دیکەی کوردستان سەردانیان دەکردم و ساتەکانمان بە باسی سیاسەت و دەنگوباسەکانی کوردەوە بەسەر دەبرد، بەتایبەتیش لەگەڵ برای ئازیز و دێرینم (عبدالموجود طه) کە ناوە ناوە چ بەندە دەچوومە هەولێر و چ ئەو دەهاتە کۆیە، کە هەر لەسەرەتای یەکترناسینمان لە ڕۆژی یەکەمی دەوام لە کۆلیژی (ئابووری و زانستە سیاسییەکان) لە مانگی ئەیلوولی (١٩٦٦)وە کە هەمیشە شەوانە تاکو سەعات دوو و سێی شەو خەریکی خوێندن و خوێندنەوەو گفتوگۆبووین چ لەو شوقەیەی کە لە (عمارە الشيخلي) کە لەسەر شەقامی شێخ عومەر یاخود لەو ژوورەی ژمارە (٨) ئوتێلی (دنیا) لە شەقامی (السراي) لە حیدەرخانە لەنێوان چوار ساڵی بەغدا کە پێکەوەبووین، لەسەر تێکڕای ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە دۆزی کورد و سەرکردایەتی کورد هەبوو کە تێکڕای دەبوو زادەی ڕۆژانەی کارمان لەڕیزی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)، وابزانم تێکڕای قوتابیانی زانکۆی بەغدا ئەو سەردەمە ئاگاداری ئەو ڕەوشەی ئێمە بوون کە چەند بەدڵ و گیانەوە سەرقاڵی کوردایەتی بووین، ئەو پەیوەندی و هاتووچۆیەش بەتایبەتیش دوای نسکۆی ئاداری ١٩٧٥و گەڕانەوەم بۆ کۆیە لە زیادبووندابوو تاکو ئەو ڕۆژەی کاک (عبدالموجود) تووشی بارودۆخێکی مەترسیدار بوو کە تێیدا دامودەزگای ئەمنی هەولێر خەریکی گرتنی بوون لەسەر هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی و خۆڕاگری و ڕەتکردنەوەی چوونەریزی (الجيش الشعبي). ئەوەبوو لە یەکێ لە ڕۆژەکانی هاوینی ساڵی ١٩٨٥ بڕیاری چوونە دەرەوەی داو کە تێیدا (بەندە) بە ئوتۆمبیلی خۆم بە خۆی و تێکڕای ئەندامانی خێزانی بەرەو کۆیەم بردن و پاش دوو ڕۆژیش لە کۆیەوە بەرەو سلێمانی لە سلێمانیشەوە بەهۆی هەردوو جووتە برای کورد پەروەر (جەلال و جەمالی حەمەعەلی) برایانی شەهید (نوری حەمەعەلی) کە ئەوانیش

بە ئۆتومبیلی خۆیان گەیاندیانە ناوچەی (ئەحمەد ئاوا) لەوێشەوە بۆناو شۆڕش. بە رۆیشتنی (عبدالموجود) تاڕادەیەک لایەکم چۆڵ بوو و بۆشاییەکی گەورەی بۆ دروست کردم.

پاش نسکۆ و گەڕانەوەمان بۆ کوردستان و لە یەکەم سەردانم بۆ بەغدا شەوێک لەگەڵ شەهید (دارا تۆفیق) و (سیروان عەبدوڵڵا سەعید) چووینە ماڵی خوالێخۆشبوو و نیشتمانپەروەری گەورە کاکە خەسرەو تۆفیق پاش باس و خواس و تاوتوێ کردنی بارودۆخی ئەم سەردەمە کاک (خەسرە)و رایەکی دەربڕی کە بەڕادەیەکی تەواو کاریگەریی لەسەر بۆچوونی ئێمە هەبوو دەربارەی کاری پارتایەتی، رایەکەش خۆی لەم ئامۆژگارییە دەدیتەوە کە پوختەکەی ئەمەبوو (بۆ ئێوە "مەبەستی من و سیروان بوو" کە پێشووتر ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووین و خەڵک دەتانناسن، نابێ کاری پارتایەتی ئاسایی بکەن "مەبەست لە شێوازی ڕێکخستنی پارتایەتی بوو)، چونکە لە یەکەم هەنگاو ئاشکرا دەبن و سەرتان تێیدا دەچێت، باشترین رێگا ئەوەیە کە ئێمە هەر هەمووومان ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پتەوتر بکەین و ئاگاداری یەکتری بین و بیروڕاکان لە ناو خۆماندا بگۆڕینەوە، کە دوورە لە جۆری کاری حزبایەتی تەقلیدی کە باشترین شێوازی ئەمڕۆی خەباتە و زامنی پاراستنی ریزەکانە، بێ ئەوەی حکومەت بتوانێ شتێکمان لەگەڵ بکات، هیچ بەڵگەیەکی دەست ناکەوێ، چونکە ئێمە لە بنەڕەتدا کاری حزبی ناکەین، بەڵام دەتوانین بەم شێوازە درێژە بە خۆڕاگری و گیانی رەتکردنەوە بدەین).

راوبۆچوونەکانی کاکە خەسرەو ئێمەی هەموو پابەندی ئەم شێوازە پەیوەندییە کرد کە تاکو رۆژانی راپەڕین و دوای راپەڕینیش کە ئەو لە ماڵی خۆی لە بەغدا بوو، ئەم پەیوەندییە لە نێوان زۆربەی ئەو برادەرانە بەردەوام بوو بە درێژایی ئەو ساڵانەش هاتووچۆی بەردەوام و گۆڕینەوەی راو بۆچوونەکان و زۆر جاریش لە رێگای بەڕێزان (هەڤاڵانی تێکۆشەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بابەت و شتی (زیدە خەتەر)مان بۆ یەکتری دەنارد.

پاش نسکۆ بارودۆخی سیاسی بە شێوەیەک گۆڕدرا کە هەموو کەس بەرگەی نەدەگرت بە تایبەتیش لە سەرەتادا، بۆ منێکی پارتی کە تووشی ئەو کارەساتە هات راستەوخۆ کاریگەریەتی سەد لە سەدی لەسەر ژیانی منەوە هەبوو، چونکە وەکو لە پێشەوە باسم لێوە کردووە هەر لە بەهاری ساڵی ١٩٦٣ەوە تاکو نسکۆی ١٩٧٥ کە تێدا ماوەی ١٢ ساڵ هەموو کات و ساتێکی ژیانم بە کاری کوردایەتی خەریک کردبوو کە ئەویشم لە رێگای ئەندامیەتی پارتی و یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئەنجام دەدرا.

شاری (کۆیە) بۆ من هەم (مەئواو هەم سەلوا) بوو، بەتایبەتیش بارودۆخی سیاسی و مادی وای فەرزکرد کە تێیدا بمێنمەوە، زۆربەی کاتەکانیشم لە ماڵەوە بەسەردەبرد تاکو رۆژانی دامەزراندم لە دائیرەی ئینحیساری تووتنی کۆیە لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٧ کە پاشان بوو بە (کارگەی پوختەکردنی تووتن) کە لەلایەک لە رووی کارگێڕییەوە سەر بە کارگەی جگەرەی هەولێر بوو لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی بە کارگەی جگەرەی سلێمانییەوە هەبوو کە تێیدا لە هەردوولا کۆمەڵە هەڤاڵ و برادەر و دۆستانی زیدە نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی تێدابوو کە زۆربەی بەشە گرنگەکان بە دەست ئەوانەوە بوو، بۆیە کاتێ بە (معاون ملاحظ نقل) بە مووچەیەکی (٤٠) دیناری دامەزرام کاری (مأمور مخزن) یشم دەکرد کە زۆرجاریش تووشی هەڵەی ژمارە دەهاتم، بەڵام دڵسۆزی و هیمەتی برایانم لە سلێمانی و هەولێر خوا کاریان راست بکات، یارمەتیان دەدام لە راستکردنەوەی هەڵەکان لەکۆیەش لەناو فەرمانگەکەمان، کە برای بەڕێز (حەمیدی کاکە زیاد ئاغای غەفوری) بەڕێوەبەری فەرمانگەکە بوو، رێزی تایبەتی دەگرتین و هەمیشە لە رووی کوردایەتییەوە هاوڕا و هاوبیربوو تا بۆشی بلوایە دەی پاراستین و رێنمایی دەکرین بۆ نموونە رۆژێک لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠دا لە بەغداوە یانی لە وەزارەتی پیشەسازییەوە کە فەرمانگەکەمان سەر بەو وەزارەتەبوو (فۆرمێک)مان بۆ هات بریتی بوو لە (٨٨)پرسیار کە هیچی تێدا نەهێشتبووەوە، تەنانەت دەبوایە زانیاری لەسەر خزمی (پلە چواریش) بنووسی و هەندێ لە پرسیارەکان بە شێوەیەک بوو کە نەتدەتوانی خۆتی لێ گێل بکەیت کە لێرەدا دەقی هەندێ پرسیاری ئەم (فۆرمە)و وەڵامەکانی خۆم دەخەمەروو.

**١–الانتماء السیاسی الحالی= مستقل**

**٢–الانتماء السیاسی السابق=عضو فی الحزب**

**الديمقراطى الكوردستانى.**

**٣-اسباب ترک التنظيم السابق- الاحداث التى اعقبت اتفاقية السادس من اذار عام ١٩٧٥.**

کاتێ فۆرمەکەم بەوشێوەیە دایە دەستی (حەمید ئاغا)، پاش ماوەیەک هاتە ژوورەکەی ئێمە کە چوار فەرمانبەری لێ دادەنیشت و بریتی بوو لە (موحسن عەزیز ئاغا حەوێزی و محەمەدی حاجی گەورەو عەبدولڕەحمان حەمە ئەمین بایز و بەندە)بووین حەمید ئاغا رووی تێکردم و گوتی: (وەڵامەکانت دەڵێی بۆ پارتی پێش نسکۆت نووسیوە نەتیجەکەی بۆتۆ زۆر خراپە حەزناکەم تووشی بەڵا بیت، چونکە خۆت دەزانی بەعس چەند دڕندەیە، هیوادارم فکری زیاتری لێبکەیتەوە و دبلۆماسیانە وەڵامەکان بدەوە، چونکە بە تەنیا تۆ بەو شێوەیە وەڵامەکانت داوەتەوە). لە سەرەتادا سوپاسی حەمید ئاغام کرد بۆ ئەو هەڵوێستە دۆستانەو دڵسۆزییەی بۆ من، بەڵام بۆم روونکردەوە کەوا (بەعس من دەناسێ و دەزانێ من پێشووتر چی بویمەو مەجالی خۆشاردنەوەی تێدا نییە، باشتریش دەزانێ کەوا ئەگەر بارودۆخی پاش رێککەوتنامە خیانەتکارییەکەی (جەزائیر) نەبا کە تێیدا سەرکردایەتی شۆڕش بە ئاشکرا خەڵکیان سەرپشک کرد بۆ گەڕانەوە، بەندە بە هیچ جۆرێک نەدەگەڕامەوە، بۆیە ناکرێ خۆم لەم مەسەلەیە بە دوور بگرم، "خواش لە سوڵتان مەحموود گەورەترە").

دیسان لە پایزی ساڵی ١٩٨٣ (فۆرم)ێکی دیکەیان دابەش کرد کە ئەو جارەیان زۆر لەوەی پێشووتر سەختتربوو، تێیدا راشکاوانە پرسیارە سەرەکییەکە بەشێوەی ئەم خشتەیە بوو:-

| اتطوع وادافع عن العراق | لا اتطوع ولا ادافع عن العراق |
|---|---|
| السبب | السبب/ بسبب ما آلم بي من مرض القولون |
| الاسم الثلاثي | الاسم الثلاثي/ فرهاد عثمان عوني |
| التوقيع | التوقيع |

بۆ خوا دەڵێم ئێمە فەرمانبەرانی کارگەی پوختەکردنی تووتن لە کۆیە کە بریتی بووین لەو چەند فەرمانبەرە (حەمید ئاغا کاکە زیاد، موحسین عەزیز حەوێزی، محەمەد حاجی گەورە، عەبدولڕەحمان حەمە ئەمین بایز، خەیرەدین محێدین، پەروین عەبدوڵڵا سەعید، "هاوسەری

بەندە، و بەندە، خەبات بەکر مەنسور، گزنگ محەمەد نافع حەوێزی) هەر هەمووومان بە (لا اتطوع ولا ادافع عن العراق) وەڵامیمان دایەوە، کە وابزانم ئەگەر، بەعس سەرقاڵی شەڕی ناوەخۆ و شەڕی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران نەبوایە، قەت ئەم وەڵامەی لە ئێمە قەبووڵ نەدەکرد، کە نکۆڵی لە پاراستنی عیراق بکەیت.

پارتی دیموکراتی کوردستان پاش نسکۆ و بارودۆخی دروست بووی پاش ئەم کارەساتە بە دەیان و بگرە بە سەدان کیلۆمەتر لێمان (دوور)بووا!

سەرکردایەتییەکەی تووشی بارودۆخێکی یەکجار دژوار بوو، بۆ (بارزانیی نەمر) لە (کەرەج) هاتووچۆی سنووردار کرابوو لە خانوویەکی گەڕەکی (عظيمية) نیشتەجێ بوو، پاشان بەرەو ئەمریکا چوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییەی کە تووشی هاتبوو، ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی و مەکتەبی سیاسی هەریەکە بەلایەکدا چووبوون (تاک و تەرا) نەبێت و هەندێکیان تاقم و حزبی دیکەیان دروست کرد و لە ناوەوەش خەڵکی زۆر نیگەران و تووڕەبوون، حیسابیان بۆ بارودۆخی نسکۆ و تێکشکانەکە نەدەکرد و خەڵکانی پارتی وەکو (دەنکەکانی تەزبیحێکی پچڕاوی) لێهاتبوو، هەریەکە بەلایەک، راوبۆچوونی جیاجیا دروست بوو، حزبی تازە سەری هەڵداو جەماوەرێکی زۆریان لە دەور کۆبووەوە کە زۆربەیان پێشووتر ئەندام و لایەنگر و هەوادارانی (پارتی) بوون ئەویش لە ئاکامی گۆڕانی قەناعاتی سیاسی پاش نسکۆوە روویان لە رێکخراوە تازەکان کرد بە هەمان گیانی شۆڕشگێڕی تینووی کوردایەتی، ئەوەی مابووشەوە نیسبەتێکی کەمی ئەو خەڵکە تێکۆشەر و بەوەفایە بوون بۆ ئەو رێبازەی کە پێشووتر بە قەناعەتەوە هەڵیانبژاردبوو، کە لە پێشەوەیان خۆشەویستی بوو بۆ (خودی بارزانیی)نەمر وەکو سەرکردەیەکی (کاریزمی)ی گەورە تەماشا دەکرا، ئەوەی مابووینەوە ژمارەمان زۆر کەم بوو تەنانەت هەندێ جار بە (شەرمەوە) داکۆکیمان لە هەڵوێستی (سەرکردایەتی پارتی)

دەكـرد، چونكە تەوژمـی لایەنەكانی بەرانبەر و هاوكات لەگەڵ هەڵوێسـتی (حزبـی دیموكراتی كوردستانی ئێران)ی ئەو سەردەمە بە شێوەیەک (ركەبـار) بـوو كەم كەس هەبوو لـە بەرانبەردا خۆی پێ ڕابگیرایە.

موعاناتی (ئێمەمانان)دوو لایەنەبوو:

یەكەمیـان ژیان و گوزەران لە ڕۆژگارێكدا كە سەرتاسـەر تراژیدیای مەرگەساتی نەتەوەیەک بـوو، كە لە ئاكامی نسـكۆی (٦) ئاداری سـاڵی ١٩٧٥وەوە دروست بوو، تێیدا بەعس بە گەمەیەكی خیانەتكارانەی توانی گەورەترین زەبری كوشندە لە شۆڕشـی ئەیلوول بـدات، ڕۆژانە بەو دەردە جەرگ بـڕە دەتلاینەوە، دوومیشـیان (وەزعی) نالەبـاری پارتی بوو كە تێیدا دەژیا بە تایبەتیش ئـەو خەڵكـەی كـە دابڕاو بـە جێماوبـوو زۆر بەزەحمەت خۆمـان بەرانبەر ڕەخنەو بۆچوونی خەڵكـی ڕادەگـرت ئـەوەی زیاتریـش ئێمـەی لاوازكردبوو شـتێک نەبوو پشـتی پێ ببەستین وەكو (ئێسـتگەیەک، بەیاننامەیەک، ڕاگەیاندنێک) زۆرجار لە بەر ڕۆشـنایی بارودۆخەكە، خۆمان شـتمان دروسـت دەكـرد تاكـو سـاڵی ١٩٧٨ بارودۆخەكە بەم شێوەیە مایەوەو لە سەفەرێكی سلێمانی كە كۆمەڵە برادەرێكی زۆر دڵسـۆزی ئـەم ڕێبـازەی كـە وەكـو خۆیـان مابوونەوە، لەوانـەی كە من دۆسـتایەتی نزیكـم لەگەڵیاندا هەبـوو وەكـو (هیوا جـەلال حەمـدی، حەمەی فـەرەج ئاغـا جـەلال و جەمالـی حەمەعەلی كە هەردووكیان برای شەهید (نوری حەمەعەلی)ین ئازاد ڕەشید و هەڵكەوتی برای و كەمال محێدین كە بە (كەمال)ە شـەل ناسـراوە، ئازاد عەبدوڵلا یەحیا، مامۆسـتا سـەلاح عیرفان، شێخ ئەحمەد شێخ مەحمودی مامۆسـتا و شێرزاد مەحموود حەسـەن كـە ئەوكاتـە سـتۆدیۆی نـەورۆزی هەبـوو لە جادەی سـجن و دارا حەسـەن یارە پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە، ئەحمەد سـەلام، كە ماڵی حەمەعەلی، كامیلی ئەمین سامون و فازیلی براگەورەی و دەیان براو برادەری دیكە كە تێیدا لەم سـەفەرە برای ئازیـزم هیوا جەلال حەمدی دوو سـێ بەیاناتـی (قیادەی موەقەتـەی پارتی دیموكراتی كوردستانی دامێ) كاتێک نیوەڕۆیەک لـە میوانداری ماڵی ئەوان بووین لەگەڵ ماڵەوەم كە بە وەرگرتنی ئەم چەند (نەشـرەیە) بە قەدەر هەمـوو دنیا (پێی شـاد و كەیف خـۆش بووم) لە گەڕانەوەشم بۆ كۆیە كە ئۆتۆمبێلێكی جۆری (فۆلكس واگـن) مۆدێل (١٩٧٦)م هەبوو لە كاكە (دارا تۆفیـق)م بـە نرخێكی هـەرزان كڕیبوو لە شـوێنێكی نادیاری ئۆتۆمبێلەكەم شـاردبۆوە و وردە وردە پێشـانی برادەرانی دڵسۆز و جێگای متمانەم دەدا، بۆ نموونە (مەجید ئاسنگەر، مەجید فەقێ، عەبدولڕەحمان ڕووتە، شێردڵ حەوێزی كە ئەویش زۆر جار بەیاننامەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستانی بۆ دەهێنام و قسەمان لەسەر دەكرد، چونكە هەمیشە پێكەوە (شێردڵ و بەندە) و كاک مەجید میرخان سـەرەڕای بیروڕای جیاوازمان پێكـەوە بووین زۆر جاریـش پێكەوە دەچووینە ئەم لاو ئەولا، لەكۆیە و سـلێمانی و سـەرەڕای برادەرە هەوادارەكانی (پارتی) چەندین هاوڕێ و برادەری دڵسۆزی دیكەم هەبوو، بەتایبەتی ئەندام و لایەنگر و دۆسـتانی ئەو سـەردەمەی (حزبی شـیوعی عیراقی و یەكێتی نیشتمانی كوردستان و خەڵكانی سـەربەخۆی نیشـتمانپەروەر كە بۆ نموونـە نـاوی هەندێكیان دەهێنـم وەكو برایان (شـەهید جەبـاری حاجی ڕەشـید و خەسـرەو گـوڵ محەمـەد و سـەلام محەمـەد و جەلالـی عومەری سـام ئاغا، وكامـەران عارف فەرەج و فەرەیدوون ئەحمەد جارێكیان لەو سـەردەمەدا وابزانم سـەرەتای ساڵی ١٩٧٨ بوو كە شەوێک لە شـەوان بە تەنیا میوانی كاكە (خەسرەو گوڵ محەمەد)بووم لەماڵەوەی لە سلێمانی كە ئەوكاتە ماڵەكەی لە خانووەكانی پێشەوەی ناو سەرچنار بوو، پاش درەنگانێكی شەو باسی لە بارودۆخ و ڕووداوە سیاسییەكانمان دەكرد، داوای لێكردم پەیوەندی لە ڕێگای ئەوەوە بە یەكێتی نیشتمانی كوردستانەوە بكەم، بەڵام من بۆم ڕوونكردەوە، كـەوا (بەندە) وەكو هەواداری پارتی ماوەتەوەو دەمێنێتـەوە، ئەویش لە پاشـاندا گوتی (موهیم ئەوەیـە خەڵكـی بـە كـورد پـەروەری و پاكی بمێنێتەوە).

لـەو سـەردەمە تاكـو سـاڵی ١٩٨٠ دووجار بـە (كوڵ) گریاوم یەكەمیـان مێژووەكەیم لەبیر نەماوە، بەڵام وا دەزانم پایزی سـاڵی ١٩٧٨ بوو كە تێدا ڕۆژانە ئیشتراكم لە ڕۆژنامەكانی (الثورة، العـراق، الفكر الجدید) هەبوو لـە كتێبخانەكەی كاک نـەوزادی وەسـتا كەریـم لەكۆیـە كاتێک ئێوارەیەكیـان بـە ڕۆژنامەكانـەوە گەڕامـەوە ماڵەوەو پاش پشـوودانێكی كـورت، یەكە یەكە ڕۆژنامەكانـم دەخوێنـدەوە، نـۆرە هاتە سـەر ڕۆژنامەكـەی (الثورة) كە لەلاپـەڕەی یەكەمیدا

نووسـرابوو (مقتل جلال الطالبانی) ئیدی بەپەلە هەواڵەکەم خوێندەوەو بە تەواوکردنی هەواڵەکە بەشێوەیەک تاساندمی کە بۆ پێنج دەقیقە نوزەم لێوە نەهات، پاشـان هەر لە ناخەوە گریانم هات و قوڕگم پڕبوو و دەسـتم کرد بە گریان کە لەو سـەروبەندەدا (پەروینی هاوسـەرم) کە ڕێکانی کوڕی نۆبەرەمی بەباوەشـەوەبوو، زۆر ترساو بە حەپەساوییەوە هاواری لێکردم و گوتی (خێرە چـی قەومـاوە! بۆ دەگـری!؟) منیش بەدەسـت ئیشـارەتم بـۆ هەواڵـی رۆژنامەکە کـرد، کاتێ ئەویـش لە خوێندنەوەی بووەوە ڕەنگی تێکچوو و گوتی (مع الاسـف بەڕاسـتی خەبەرێکی زۆر ناخۆشـە، بەڵام لام سـەیرە کە تۆ بەم شێوەیە دەبینـم و دەگری، چونکە ئەوەی من دەیزانم تۆ لە پاش ئینشیقاقی ناو پارتی لە ساڵی ١٩٦٤ەوە تۆ لەگـەڵ خەتی مام جەلال نەبووی، یەکێک کە زۆر لـەم پیاوە نزیـک نەبێت و خۆشـی نەوێ بەم شـێوەیە بـۆی ناگری)منیش پـاش دەمێک بۆ پەروینم روونکردەوە (کە راسـتە من لەگەڵ خەتـی مام جـەلال نەبـووم، بەڵام مـام جەلال سەرکردەیەکی کوردە و سەرکردایەتی لایەنێکی بزووتنـەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردسـتان دەکات، ئەمـڕۆ کورد لە "میحنەتە" پێویسـتی بە ئـەو و بە غەیری ئـەو هەیە، لەدەسـتدانی مام جەلال و هەر سـەرکردەیەکی کورد لەم رۆژەدا تەنانـەت لەدەسـتدانی تاکـە پێشـمەرگەیەکی کوردیش خەسـارەتێکە کـە هەرگیـز تەعویـز ناکرێتـەوە)، هـەر بـەم ئێوارەیـە یەکسـەر بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆم چوومە ماڵی خواڵێخۆشـبوو (عەبدولڕەحمان رووتە) کە پیاوێکی تێکۆشەری رێبـازی کوردایەتـی بـوو کەلە چلەکانـەوە لە ریـزی پارتیدا کاری کردووەو پێشـمەرگەیەکی بەتوانـای شۆڕشـی ئەیلول بوو پاشـانیش لە دوو بەرەکیەکەی ناو پارتی بەلای (باڵی مەکتەبی سیاسـی) کـەوت، ماڵەکەی لەگەڕەکی سـەرباغ بوو، کاتێ منی دیت پەشـۆکاوم یەکسەر گوتی: (خێرە بەو درەنگە هاتووی دەمووچاوت ئاسایی نییە، خێرە) منیش زۆر لەسەر خۆ هەواڵەکەم پێ راگەیاند، ئەویش یەکسەر گوتی (بەسەری بابت درۆیـە، من پێش دوو سـەعات لە هەولێر بووم هەندێ لـە برادەرانی نزیکم دیـوە کە ئاگاداری هەموو خەبەرێکن ئەسڵ و ئەساسی نییە).

جـاری دووەمیـش کە تێیدا نەک هـەر گریام، بەڵکـو بەشـێوەیەک تاسـاندمی کە بـۆ ماوەی نیوسـەعات وەکو منداڵ دەگریام (شەوی یەکی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٩) لـە ماڵەوە بـووم (کاکە عەبـدەم) کـە خوالێخۆشـبوو وەسـتا عەبدەی ئاسـنگەری ئامـۆزای باوکـم و مێـردی پـورە (شـەمام)م بوو لە هۆڵی ماڵی ئێمە دانیشتبووین ئەوکاتە من هەمیشە رادیۆم بە دەستەوە دەگرت (میلەکەیـم) بـەولاو بەولادا دەگەڕانـد لەو کات و ساتانەشـدا هەواڵەکانـی ئێـران و رووخانی رژێمی شـاهی خائین دنیـای پڕکردبوو، کاتێک سـەعات (٨)ی شەو میلی رادیۆکەم خستە سەر ئێسـتگەی (مونت کارلـۆ) کە لە ناکاو گوتی (فی الوقت الذی یحتفل اکراد ایران بسقوط نظام الشاه و مطالبتهم بحقوق الشـعب الکـوردی فی تجمع جماهیری حاشد فی مدینه مهاباد اعلن الیوم فی واشـنطن عـن وفاه ابرز زعیم کـردی فی القرن العشـرین وهو الملا مصطفی البارزانی عن عمر ینـاهـز الثمانون عاما فی مستشـفی جورج تاون فی الوقت الذی کان یستعد للعودة الی ایران عقب انتصار الثورة الایرانیة...)

هەواڵەکە بروسکەئاسابوو، دڵتەزێن بوو، سەر سوڕهێنەربوو بە شـێوەیەک باوەڕ نەدەکرا من بەشبەحاڵی خۆم دوور لە هەموو لێکدانەوەیەکی زانسـتی وام دەزانـی بارزانـی جـاری وازوو نامـری! یاخـود هەر بیـرم لە مردنـی بارزانیی نەدەکردەوە، لە ناخمەوە بە هەموو قەناعەتێکەوە خۆشـم دەویسـت تاکو رۆژانی ئەمڕۆش تەنیا وێنەیەکی ئەوم (لەسـەر سەرە) پێشووتر باسم لێوە کردووە، ناوی بارزانی هەر کە منداڵ بووم پێش شۆڕشی چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ گوێبیستی بووبووم، پاش گەڕانەوەشی لە یەکێتی سۆڤیەت (عەونی) باوکم شیعرە بەناوبانگەکەی لە رۆژنامەی پێشـکەوتن لەژێر ناوی (نامەیەک بۆ بارزان) بڵاو کردەوە، کاتێکیش سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوولی کرد بەجارێک بوو بە سونبوڵی بزووتنـەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردسـتان و کوردی پێ دەناسـرا، بەڵام کە لە مانگی ئاداری سـاڵی ١٩٦٣ لە ماڵی خوالێخۆشـبوو کاکە زیاد ئاغای غەفوری لە کۆیە بەخزمەتی گەیشـتم بۆ هۆکاری راستەوخۆ و بڕیاری چوونە ریزی ئەو کاروانەی کە ئەو سەرکردایەتی دەکرد.

وەکـو گوتم هەواڵـی مردنەکەی لەسـەرەتادا تاساندمی پاشان بەشـێوەیەک گریام کەوای لە دانیشتوانی هۆڵەکە کرد ئەوانیش دەست بە گریان بکەن تەنانەت (رێکان)ی کوڕم کە تەمەنی سـێ

سالان بوو ئەویش لەگەڵ ئێمە دەگریا، لەماڵی باوکیشم هەمان شیوەن بوو بەتایبەتیش لەوکاتە قوتابیەکی زانکۆی (موسڵ)ی دەستە خوشکی (پەری) خوشکم لایان میوان بوو کە ناوی (رمزیە احمد رشید )بوو و خەڵکی (ئامێدی) بوو ئەویش هەروەک خۆمان هەواداری ڕێبازی (بارزانی) بوو، شیوەنەکە گەرمتر بوو بۆ بەیانییەکەی بۆینباغێکی ڕەشم بەست، بەڵام خوالێخۆشبوو (سالح شمس) کە ئەویش ئەندامێکی پارتی چلەکان و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بوو پاشانیش لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بوو ئەو سەردەمە ئەویش (مراقب عمل) بوو لە هەمان فەرمانگەکەی ئێمە، ئەو بەیانییە کە چوومە فەرمانگە لە باغچەی پێشەوەدا تووشی هاتم و بەیانی باشم لێکرد، ئەویش زۆر غەمبار بوو پاشان پێی گوتم، (منیش بە مامی خۆت حسێب بکە حەز ناکەم ئەم بۆینباغە ڕەشە ببەستیت لەوانەیە سەگبابێک بتبینێ و بچێ خەبەرت لێ بدا، موهیم ئەوەیە تۆ چیت لە دڵدا هەیە، بە بەستنی ئەو بۆینباغە تازە بارزانی زیندوو نابێتەوە، سەد ڕەحمەت لە گۆڕی).

تەنانەت (پەری خوشکیشم) بۆ ماوەی یەک هەفتە لە زانکۆی موسڵ کە قوتابی دوا قۆناغی کۆلیژی زمان بەشی ئینگلیزی بوو (جلی ڕەشی پۆشی بوو) کە دیسان لەوێش (ڕاپۆرت نووسە بێ ویژدانەکان)ی ئەو سەردەمە ڕاپۆرتێکیان لە دژی نووسیبوو، پاشتر بووە مایەی دوورخستنەوەی لە کوردستان لە دامەزراندنی وەکو مامۆستا، بەڵکو دوو ساڵی ڕەبەقی لە قەزای (السعدیە)ی سەر بە پارێزگای (بعقوبە) بەسەر برد کە پاشتر بەواستەو پارەیەکی زۆر گەڕاندمانەوە کۆیە.

ئەو شەوە سەرەڕای تێکچوونی باری دەروونیم، سڕبوونی هۆش و بیر توانیم تاکو درەنگانێکی شەو هەواڵەکان لە ئێستگەکانی (مۆنت کارلۆ، ئیسرائیل، لەندەن، دەنگی ئەمریکا) بەدرێژی تۆمار بکەم لەسەر کاسێتێک و هەڵی بگرم تاکو دوای ڕاپەڕین کە لە یەکەم سەردانی کاک مسعود بارزانی بۆ کۆیە لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٠ کە تێیدا خوالێخۆشبوو شەهید فرەنسۆ هەریری یاوەری بوو لەماڵی هەردوو برا (موشیر و هیمداد) کوڕانی خوالێخۆشبوو شەهید (شێخەی حاجی ڕەسوڵ) کاسێتەکەم پێشکەش کرد، تێیدا بووە مایەی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێکی بیانی کە خاوەنی (فلیمی دیکۆمێنتی) (ریاح الموت) بوو کە ئەوکاتە لەگەڵ کاک مسعود بوو دەربارەی ئەو کاسێتەی کە من لەم هەموو ماوەیەدا پاراستوومە.

هەواداریم بۆ پارتی و داکۆکی کردنم لە ڕێبازی بارزانی هەر لە سەرەتاوە بەتایبەتیش لە ڕۆژانی خوێندنمان لە زانکۆی بەغدا (١٩٦٦-١٩٧٠)دیسان لە قۆناغی یەکگرتنەوەی ریزەکانی پارتی لە ساڵی ١٩٧١ ئەوجا لە ڕۆژانی ناو شۆڕشمان، پاشتریش لە ساڵانی دوای نسکۆوە تاکو ڕاپەڕین لە ڕاپەڕینیشەوە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ، ڕۆژێک لە ڕۆژان نەبووە هۆکاری دوورکەوتنەوە لەو دۆست و براو برادەرە خۆشەویستانەی کە بڕوایان بە قەناعەتەوە بە بیروباوەڕێکی دیکە هەبوو، ڕاستە بەندە بەوپەڕی بڕواوە داکۆکیم لەو ڕێبازە دەکرد و (بارزانی نەمر)م بە سەرکردەیەکی کاریزمی هەرە زاناو دڵسۆزی کورد و کوردستان دەزانی (ئێستاشی لەگەڵدابێت)، بەڵام هیچ کاتێک هەڵوێستی ناکوردانەو ناشیرینم بۆ هیچ سەرکردەو ڕێبازێکی دیکە نەبووە، ڕێزم لە بیروڕای بەرانبەر گرتووە، چونکە ئەوەم دەزانی کە ڕاستییەک هەیە ئەویش خۆی لەو شیکردنەوەیە دەبینێتەوە کە (بەرانبەریش) لە قەناعەتەوە بۆ کورد و کوردستان وەکو من تێدەکۆشێ، بەڵام بەرێبازێکی جوداتر کە دەمێکە هاتوومەتە ئەو قەناعەتەش کە لە ١٠٠٪ بڕوام پێیەتی کە نێوانی پارتی و یەکێتی ئەو بۆشاییە فیکری و بۆچوونە گەورەی تێدا نییە ببێتە مایەی دوو حزب، دوو بیروڕا، دوو بۆچوون، دوو فیکر، دوو فەلسەفە، بەڵکو هۆکاری لێک چوون و فیکریان بەشێوەیەک لێک نزیکە کە لە بنەڕەتدا مایەی بوونە یەک حزبە، چونکە هەردووکیان پارتی و یەکێتی (حزبی ڕێبازی کوردایەتین، کوردستانیانە بیردەکەنەوە، خەون بە دەوڵەتی کوردستانەوە دەبینن، تاکو سەر ئێسقان حیزبی عیلمانین، دوورن لە ململانێ چینایەتی لە کۆمەڵگای کوردستاندا لە بنەڕەتیشدا هەردووکیان ئاوی دوو جۆگای یەک سەرچاوەن کە بە بڕوای من دەکراو گونجاوتر و سوودمەنتر دەبوو کە وەکو دوو خەتی (هاوتەریب) (خطان متوازیان) هەڵسوکەوت و مامەڵەی سیاسی لەگەڵ ئێستاو ئایندەی کورد و کوردستان نەکەن.

پاش وەفاتی بارزانی بە ماوەیەک بە تەلەفۆن لەگەڵ کاکە (دارا تۆفیق) ڕێکەوتین کە لە کاتێکی دیاردا سەردانی سلێمانی بکەین، کاتێ کە لە سلێمانی یەکمان گرتەوەو سەردانی ستۆدیۆکەی کاک (شێرزاد مەحموود حەسەن)مانکرد کە پاشان پەیوەندی بە ریزی شۆڕشەوە کرد و ئێستا ئەندامی مەکتەبی ناوەندی (دارایی) لە پارتی کە لە ستۆدیۆکەی پێی ڕاگەیاندین کەوا (کاسێتی ڕێورەسمی بەخاک سپاردنی بارزانیی نەمری لە شنۆ) پێگەیشتووەو هەر ئەوکاتە یەکی کاسێتێکی بۆ ئامادەکردین کاتێ کە نیوەڕۆ چوینە ماڵی باوکی کاکە دارا خوالێخۆشبوو (تۆفیقی فەتحوڵڵا ئاغا) کە ئەوکاتە لە دەستە چەپی جادەی ئۆرزدیباک بوو، پێش نانخواردن بە پەلە (موسەجەلێک) پەیداکراو دەستمان کرد بە لێدانی کاسێتەکە کە لە ناخەوە کاکە داراو منی هەژاند و قوڕگی هەردووکمانی پڕلە گریان کرد کە گەڕاشمەوە کۆیە، کاسێتەکەم بۆ خزم و دۆستانی نزیک لێ دەداو هەر جارە بە کۆمەڵە فرمێسکێک کۆتاییمان پێ دەهێنا.

لەسەرەتاوە ئاماژەم پێداوە کە پارتی لە ئێمە دووربوو کە ئەویش هۆکاری خۆی هەیە کە لێرەدا جێگای باس نییە، بەڵام ئێمەمانان زۆری لێ نزیک بووین، چونکە لە هەڵوێست و کرداردا خۆمان بە پارێزەر و دەمڕاستی ئەو حزبە دەزانی تەنانەت هەندێ مرۆڤی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز وای دەزانی کە ئێمە بە ڕێکخستن لە پارتییەوە نزیکین، تەنانەت ڕۆژێکی بەهاری ساڵی ١٩٨٤ کاتێ یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەر گەرمی وتوویژ بوو لەگەڵ حکومەتی بەغدا (بەندە) دووجار سەردانی (سورداش)م کرد کە ئەوکاتە بارەگای سەرەکی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لێ بوو، جاری یەکەمیان بە تەکلیفی گەلاوێژ خانی خێزانی شەهید دارا تۆفیق لەگەڵ برایانی ئازیز (عبدالموجود طە، عثمان عبدالرحمن کە برا گەورەی شەهید سامی عەبدولڕەحمانە، لەگەڵ کاک حسێن سنجاری و سەربەست بامەڕنی) سەردانی (سورداش)مان کرد، کە تێدا بەڕێزان (مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی و هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان)مان دیت تێیدا داخوازیەکی خێزانی کاک (دارا تۆفیق)مان پێ ڕاگەیاندن و کاک نەوشیروان مستەفا وەعدی ئەوەی دا کە ئەوان بە رەسمی لە کاتی چوونە بەغدادا لەگەڵ سەرکردایەتی بەعس باس لە چارەنووسی ئەوو چەند تێکۆشەرێکی دیکە دەکەن (لە ئەڵقەی ١١ی من الذاکرة، صفحات مجهولە من حیاە دارا توفیق- گولان العربی-العدد ٢٣ فی ٢٥ نیسان ١٩٩٨) باسی لێوەکراوە. لە هەمان بوونەدا کەبووشەوە کەش لە سورداش ماینەوەو ڕێزێکی بێ پایانیان گرتین و لە ژوورێکی سادەی ئەو خانووەی کە لێی دەژیان دەستمان بە قسەو باس کرد و ئامادەبوانیش کە بریتی بوون لە بەڕێزان (نەوشیروان مستەفا، مولازم عومەر، فەرەیدون عەبدولقادر، سالار عەزیز، حسێن سنجاری، عبدالموجود طە، بەندە) تێیدا بە گەرمی باس لە وتوویژ و هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرا، من سەرەڕای ئەوەی هەڵوێستم لەگەڵ بۆچوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆک) بوو دەربارەی وتوویژکردن لەگەڵ حکومەت کە جۆرێکە لە خەبات و تێکۆشان، چونکە منیش لەو ڕوانگەوە لەگەڵ ئەو بۆچوونەبووم کە پێویستە ئەوەی دەکرێ بکرێ لە پێناو (انقاذ مایمکن انقاذە) کورد لە میحنەت بوو، کوردستان دەسووتا شەڕی ئێران و عیراق لە گەرمی دابوو، بۆ کورد قازانج بوو لەو سەردەمە ئەگەر لایەنێک بتوانێ شتێک بۆ کورد بکات، ئەگەر وەکو حاجی قادری کۆیی دەڵێ (بە ئۆینیش بێت) بۆیە کاتێ ڕاوبۆچوونی خۆمم دەربارەی ئەم مەسەلەیە نیشاندا کە تێیدا دیسان گوتم: (پێویستە سەرکردایەتی یەکێتی سەرەڕای ڕاست و دروستی هەڵوێستی دەربارەی وتوویژ لەگەڵ میری پێویستە لەم مەسەلە چارەنووسسازەدا لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان جۆرە (تەنسیق)ێکی هەبێت جارێ، سەرەڕای ئەو ناکۆکییەی کە لەنێواندا هەیە، بەڵام ئەمەیان مەسەلەیەکی چارەنووسسازە پێویستی بە یەکڕیزی ئەگەر شکلیش بێت، چونکە یەک لایەنی سیاسی بە تەنیا ناتوانێ بارودۆخی کوردستان کۆنترۆڵ بکات لە هەمان کاتیشدا ئەگەر بە (ئۆینیش)بێت پێویستە لایەنێک لە عیراق و لایەنێک لەگەڵ ئێران ئیدامە بە بارودۆخەکە بدەن تاکو بارودۆخەکە دەگۆڕێ و (ئینفراج)ێک دروست دەبێت و لە قوڕگی شووشە دەردەچین) لە وەڵامدا کاک فەرەیدون عەبدولقادر ڕووی تێکردم و گوتی: (کاکە ئێمە لە سەرکردایەتی یەکێتی وەرەقەیەکی سپی بۆ

کاک مسـعود ئیمزا دەکەین ئەو چی دەوێ ئێمە رازین، فەرموو هەر بەیانی ئەو وەرەقەیە تەسلیم بە جەنابت دەکەین و بۆی ببەو لەپێشـەوە ئێمە رازین) منیش یەکسەر بە کاک فەرەیدوونم گوت: (کاکە گیان بەندە سواری (فارس) ئەم کارە گرنگە نیم، مـن لە کاک مسـعود دوورم و بەئاسـانی نایگەمێ، دووەمین ئەمەیان کاری سەرکردایەتی یەکێتییە پێویسـتە لـە ڕێگای خۆتانـەوە کە بۆ ئێوە ئاسـانە ئەم هەڵوێسـتە بـە پارتی بگەیەنن بەرژەوەندی کورد لەوەدایە سەرەڕای پەیوەندی ناڵەبـاری نێوانتـان دەبێـت بەرژەوەندی باڵای کورد و کوردسـتان لە سەرووی ناکۆکیەکانتان دابێـت). جـاری دووەمیش دیسـان لەگەڵ کاک عبدالموجود و کاک شـێردڵ حەوێزی سەردانی سورداشـمان کرد و لە چارەنووسـی کاکە دارا تۆفیقـم پرسـییەوە کە لە سـەردانی پێشـووتر بەکاک (نەوشـیروان مسـتەفا)م ڕاگەیاندبوو کە تییـدا وەکـو کاک نەوشـیروان لـە زاری (عزت الدوري) گیرایەوە گوتبووی (إذا طيب يرجع إلى بيتـه). پێی ڕاگەیاندم و منیش خانەوادەی کاک دارام لێ ئاگادار کرد.

سـاڵی ١٩٨٦ لەدایکبوانـی (مواليد)ی سـاڵی ١٩٤٦ بۆخزمەتـی سـەربازی (احتياط) پـاش گرتنـی فاو بانگکرایـن تییدا پـاش تەواوکردنی (دورە التدريب الاولى) لە سـەربازگەی هەولێر بـۆ سـنجار گوێزراینـەوە ئێمـە کۆمەڵێـک لـە سـەربازەکانی خەڵکـی کۆیـە، بڕیارماندا پاش تەواوکردنـی دەورەی سـیلاح فێربـوون فیرار بکەین، ئەوەبوو تێکرامـان کە (١٥)کەس بووین گەڕاینـەوە کۆیە و هەریەکـە بۆخۆی ڕێگایەکی گرتەبەر بۆ پاراسـتنی گیانی خۆی و کەسـمان ئاگامـان لەوەی دی نەبـوو، من لە یەکەم ڕۆژدا لەگـەڵ خوالێخۆشـبووی باوکـم بـەرەو ڕانیە چووین، کە ماڵی کچێکی پورمی لێ بوو خێزانی خوالێخۆشـبوو (کاکـە ڕەسـوڵی فەقـێ حاجی سـاڵح)ی بوو، کە بەڕاستی مرۆڤێکی جوامێر و بەدڵ و مەرد بوو بە گەیشـتنمان پێشوازییەکی پیاوانـەی لێکردین و یەکسـەر گوتی: (ماڵ ماڵی فەرهادە) و ئێمە لە خزمەتیداین و هیچ دڵتان پێوەی نەبێـت). لە قۆناغی یەکەم ماوەی (شـەش مانگ و ١٠ ڕۆژ) لـەوێ مامەوە، ڕۆژانە لە ژوورێکی ماڵەکەدا نەدەهاتمە دەرەوە کەسـیش نەیدەزانی لەو شوێنەم، تەنیا ئەندامانی خێزانەکەمان نەبێت و کاکـە ڕەسـوڵیش درێخی لە خزمـەت کردنم نەدەکـرد و دوو هەڤاڵی زێدە ئازیزم، یەکەمیان کاکـە (حاجی حسـێن)ی قەڵادزەییە کە هەفتەی جارێـک یـان دووجـار سـەردانی دەکـردم و جارێکیشـیان لێم بوو بە (خدری زیندە) ئەویش سەر لە ئێوارەیەک (نائب چابگ)ێکیان کوشت لە بەردەمی ئەو ماڵەی منی تێدابووم کە پاشتر بوو بە (منع التجول) لە ڕانیەو هەر ئەوکاتە من لەگەڵ (نەسرین)ی کچە پوورم یەکسەر ڕوومان لە ماڵی ناسـراوێکی ئەوان کرد کە ماڵی (خوالێخۆشبوو عیزەتی حەمە مسـتەفا) بوو لەوێشەوە بۆ ماڵی کاکە ئاکۆی عەباسـی مامەندئاغای ئاکۆ کە ئەو شـەوە بە ڕێزێکی تایبەتییەوە میوانداری کردم، بـۆ ڕۆژی دوایـی کاکـە حاجی حوسـێن فریام کـەوت و منـی بۆ مـاوەی چەند ڕۆژێـک بردە ماڵە خزمێکی لە (بەستەستین) کە ئەو سەردەمە کۆمەڵگایەکی گەورەی ئەو ناوە بوو سـەرەڕای ئەوەی مەڵبەندی قاچاخچییەکانی ئەو دەڤەرەبوو، تاکو مەسـەلەکە ساردبووەوە، ئەوجا گەڕامەوە ماڵی کاک ڕەسـوڵ لە ڕانیە، دووەمیشیان کاکە (دڵشادی شـێخ نەجیب) (عەمید دڵشادی ئێستا) بوو کە دوو سێ جار سەردانی کردم لە بەهاری هەمان ساڵ ١٩٨٧یش کاتێ کە تووشی نەخۆشی (نەزیفـی قوڵۆن) بووم (بارامی وەسـتا عەبدەی ئاسـنگەر) کە باوکمـان ئامۆزایـەو پورزامە بە کوسـتەرێک کـە ئەندامانـی حزبـی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی تێدا بوو بە کۆمەڵ دەچوونە سـلێمانی، کـە بارام لێپرسـراوەکەی دەناسـین ئێمەیـان هەڵگرتـوو بەرەو سـلێمانی چووین و هەر ئەو ئێوارەیـەش لەگەڵ کاکە هیوای جەلال حەمـدی چوینە لای (د.جەمالی میرزا غەفور) کە عیادەکەی لەگەڕەکی مەڵکەندی بوو، چارەسەری تـەواوی بۆ کردم و لە سـلێمانیش ماوەی (١٠) مانـگ لـە ماڵـی (ئـاوەڵ زاوام) قـادری حاجی مـەلا خالید بەنهێنی مامەوە کـە ناوە ناوە برای دڵسۆزم (جەلالی حەمە عەلی) دەهاتە لام و هەر جارە چەند شـەوێکیش لە ماڵی ئەوان دەمامەوە و خوالێخۆشـبوو (لطفية)خانـی خێزانـی وەکو خوشکێکی دڵسۆز و میهرەبان خزمەتی دەکردم، لێرەداو لەو سـەرو بەندەدا هەڤاڵ و برادەرێکی نزیکـم کە ئەوکاتـە (ضابط احتياط) بوو، تاکو بڵێی مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر و دڵسـۆزی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لە ڕێگای کاک جەلال و مامۆستا شـێخ ئەحمەدی شێخ مەحمودی دۆست و برای ئازیزم زانیبووی

کـە من لە سـلێمانیم و خۆم شـاردۆتەوە، ناوە نـاوە ئەویـش بـە نهێنـی سـەردانی دەکـردم، رۆژێکیـان بە کاک جەلالـی حەمەعەلی گوتبوو (من لە وەزعی فەرهاد زۆر دەترسـم بەتایبەتی لە سـلێمانی ئەگەر هاتوو خوانەخواستە بگیرێ یەکسەر ئیعدامی دەکەن، چونکە هیچ وەرەقەیەک، شتێکی پێ نییە کە خۆی پێ بپارێزێ، بۆیە حەز دەکـەم تۆ پێی بلێی کە من دەتوانم وەرەقەیەکی لـە یەکێ لەو (موستەشـارانە) بۆ پەیدا بکەم کە بـە حوکمی ئـەوەی پلەکـەم (ضابـط احتیاط)ە دەتوانـم بێ ئەوەی کەس بزانـێ بۆی جێبەجێ بکەم) لە راسـتیدا کاکە (ئەحمەد سەلام) کە ئەو جوامێرەبوو کە بەراسـتی خەمخۆر و دڵسۆزی من بـوو وەکو لە پێشـتریش باسـم کـردووە، مرۆڤێکی نیشـتمانپەروەر و دڵسـۆزی رێبازی بارزانـی بوو (کە بە داخەوە لە رۆژانی شـەڕی خۆکووژیدا تووشی دەردی سەری هات و هاتە هەولێر و لە برایەتی دامەزراند و تاکو منیش لە برایەتی بووم ئەویش لەوێ مایەوە پاشووتریش کەسێک لە بەندە زیاتر گرنگی پێ نەداو تەنانەت مووچـەی رێزلێنانیشـی پێـی رەوا نەدیتراو بە ناچـاری پێـش ماوەیـەک گەڕایەوە سـلێمانی) کاک (جەلالی حەمەعەلی)یش لە وەڵامدا بە کاک (ئەحمەد سەلام)ی گوتبوو (تکات لێ دەکەم ئەم مەوزوعە لەگەڵ فەرهاد هەر باس مەکە، چونکە ئەگـەر قەبووڵی وەرەقە وەرگرتنی کردبا خۆ لە کۆیە دەیتوانی پەیدای بکردایەو خۆی تووشـی ئەو نارەحەتییەو دەردەسـەرییە نەدەکرد). هەر لەو ماوەیەدا رۆژێکیان دایکم سەردانی کردم و لە سـۆزی دایکایەتییەوە پێی گوتم (کوڕی خۆم قسـەیەک هەیە لـە رووتـی دەدەم رەجام وایە لێـم تـووڕە نەبیت، ماوەیەکە "ئەو کاتە سـاڵێک زیاتر بەسـەر فیـرار کردنەکەم چووبوو" ماڵ و منداڵت بەجێ هێشـتووە و هـەر رۆژە لەماڵێک خۆت دەشـارییەوە، خۆت سەرگەردان کردووە، وەڵـلا کـە منداڵەکانـت دەبینم ئاگـرم لەجەرگ بەردەبێـت، کوڕی پیاوبە وەرگرتنی وەرەقەیەک نـە دەبێتە خائین و نـە عەیبداریش دەبیت، ئەوە هەزاران کەسی وەکو تۆ وەرەقەیان لەگیرفانەو بە حورییەتی خۆیان هاتوو چۆ دەکەن. (بەقسەی دایکی خۆت بکەو لە کەلی شەیتان وەرە خوارێ). لە وەڵامی قسەکەی دایکم زۆر لەسەر خۆ هاتمە جواب و گوتم، (رەجات لێ دەکەم جارێکی دیکە ئەم مەسـەلەیەم لەگەڵ بـاس مەکە بۆ من نابێ،



وزارة الصناعات الخفيفة
المؤسسة العامة للصناعات الغذائية
المنشأة العامة للألبان الوطنية
في اربيل

الرقم ٤٦٦٧/ ذ م / ٨ / ٨ / ٦
التاريخ : ٢ / ١٢ / ١٩٨٦

القسم : الذاتية والارشيف

الى :- السيد فرهاد عثمان عوني حبيب - رئيس ملاحظين
الساكن في قضاء كويسنجق / محلة القلعة رقم الدار ٥٧١

م :- انذار

استنادا الى كتاب مقر اللواء الاول الخاص / الادارة الرقم آ / ١٨ / ٧٥٤
في ٥ / ١١ / ٩٨٦ والمتضمن ارتكابك جريمة الهروب من خدمة الاحتياط اعتبارا من ٢ / ٩ / ١٩٨٦
تبلغ ..
تخطرك بالالتحاق بالخدمة المذكورة اعلاه خلال سبعة ايام اعتبارا من تاريخه اعلاه وبعكسه
تعتبر مستقيلا من الوظيفة وتتخذ كافة الاجراءات القانونية الاخرى بحقك .

رۆژێک دادێ بە رووميدا دەدەنەوە، لەوانەیە بۆ خەڵکی دیکە ناشـیرین نەبێت، بەڵام بۆ من سەد جار عەیبەو روورەشـی دونیاو قیامەتم مەکە) دایکم تاکو رۆژانـی ئەمڕۆش کە لە ژیاندا ماوە باس لەو هەڵوێسـتەی من دەکات، تەنانەت کاتێ لەسەرەتای قۆناغی دووەمی شەڕی خۆکووژیدا کاتێ برادەرانی پێشـمەرگەی یەکێتی نیشتمانی دەچنە سـەر ماڵی باوکم بە دایکم دەڵێن (ئەگەر لە ماوەی ٢٤ سەعات ئەم خانووە و کۆیە بەجێ نەهێڵـن بەم (٧٥)یە "مەبەسـت لە کلاشـینکۆفی مەخـزەن ٧٥ فیشـەکییە" سـاردت دەکەمـەوە، لێـرە جێگاتـان نابێتەوە برۆن بـۆلای فەرهادی کـوڕت). دایکیشـم مەردانە دێتـە وەڵام و روو لەو قسـەکەرە دەکات و پێی دەڵێ: (شانازیی بە فەرهادی کوڕمەوە دەکەم، چونکە یەکەم سیلاح بەدەسـت و پیاو کـوژ نییە، دووەمیش ئەو لە رۆژە هەرە ناخۆشـەکاندا تەنازولی نەکرد تەنیا وەرەقەیەکـی جاشـایەتیش (الافـواج الخفیفـە) هەڵگرێ، چونکە پەروەردەی ئەخلاقی باوکیەتی، مەعلومیشـە باوکـی کێیە، بەڵام شـەرمەزارییە بـۆ ئێوە کـە موعامەلەی خێزانـی (عەونی) بەم شێوەیە دەکەن). ئەمەو ماوەی (دوو ساڵ و ١٤ رۆژ لەنێوانی رانیەو سـلێمانی و هەولێر "لەماڵی وریـای برام" وەختم بەسـەر برد و لە دائیرەش فەسـڵ کـرام) تاوەکـو پـاش راپەڕین ئەوسـا گەڕامەوە وەزیفە.

## خوێنەری خۆشەویست

لەپێشـەوە داوای لێبوردنتـان لـێ دەکـەم کـەوا بـەم چیرۆکە کە نـاوم نـاوە (ئەزموونی رۆژنامەگەریم) سـەرم هێشاندوون کە بەشێکی تایبەتـە بـە رووداوی شەخسـی و جـۆری هەڵوێستی سیاسـی کە لەوانەیە پێتان وابێ من بۆ خۆ هەڵکێشـان باس لـەو رووداوانە دەکەم، کە پەیوەندی راستەوخۆی بە خودی (ئەزموونی رۆژنامەگەریم)ەوە نییـە، بـەڵام سـەرەڕای ئەوەی کە ئەزموونی رۆژنامەگەریم بەشـێکە لە ئەزموونی سیاسـی و کوردایەتیم، هیوادارم پێم باوەڕ بکەن کە مەبەستی سەرەکیم لێک گرێدانی هەڵوێستەکانە، چونکە لەسەرەتادا پێم راگەیاندن کە مەبەسـتم بـە درێژەدانـی ئـەم چیرۆکە بۆ وەڵامی ئەو پرسـیار و ئەو هەڵوێسـتانەبوو کە رووبـەڕووی من دەبووەوە تێیدا هەندێک لە بێ ئاگاییەوە وایان لێـک دەدایەوە کە من بە حەقی

خۆم ئەو شـوێنەم وەرنەگرتووە (مەبەسـت لە سەرنووسـەری برایەتی) بوو، هەندێکیش تەنیا سەرەڕای بە ئاگابوونی لەرۆڵ و بیرو هەڵوێستی من بە (وەکالەت) شـەڕی بە من دەفرۆشت تاکو کاک (جەوهەر نامیق سـالم)ی پێ ئەزیەت بدات کـە ئەمەشـیان جـۆرە ناحەقییەکـە چ بەرانبەر بـە پارتـی و چ بەرانبەر بـە کاک جەوهەر و چ بەرانبەر بە من، کە بە بەڵگە لە زۆری ئەندامانی سـەرکردایەتی پارتی، پارتی تربووم و لە ریزی ئەوا پارتییە کۆنترم و هەڵوێسـتی کوردانەشـم لای دۆسـت و دوژمن ئاشکرایە هیچ کاتێکیش حیسـاب بۆ ئـەو جـۆرە خەڵکە ناکـەم کە (فی غفلـە مـن الزمن)و لـە رۆژانێک کـە تەعقیداتی رۆژانـی پـاش نسـکۆی ١٩٧٥ کـە هەریەکەی بەبـێ ئیختیـارو قەناعـەت بەلایەکـی فڕێـدان، بوونەتە ئەو شـتەو دژایەتی خەڵکی دڵسـۆز و کوردپـەروەری پێ دەکەن لێـرەدا لای خوێنەر سـەیر نەبێت کە دەڵێم حیسـاب بـۆ ئەو جۆرە خەڵکـە ناکـەم، چونکـە جارێ لە پێشـەوە هەر لـە تەمەنی چـواردە سـاڵییەوە چوومەتە ریزی بزووتنەوەی نیشتمانی، پاشانیش لە تەمەنی ١٧ سـاڵیدا بوومەتە پێشـمەرگەو ئەندامی پارتی و قاڵبووی خێزانێکم کە زیاتر لە حەفتا سـاڵە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حزبی هیواو رزگاری پاشـانیش لەگەڵ دروست بوونی پارتی لە ئابی سـاڵی ١٩٤٦ (عەونـی) ئەندامی یەکـەم لیژنەی ناوچـەی پارتـی بووە لە کۆیە (لێـرەدا تەنیا بۆ مێژوو بە پێویسـتی دەزانم ئەم باسە بگێڕمەوە وەکو خۆی.

(پاش راپەڕین بەماوەیەک لە رۆژێکی بەهاری ساڵی ١٩٩٣ بەڕێز مام جەلال لە سەردانێکی بۆ کۆیە سەردانی کردین لە ماڵی خۆمان بۆ ئەحواڵ و سـیحەت پرسـینی باوکم کە ئەوکاتە ناسـاغ بوو، کە بەهۆی تەمەن و ناسـاغییەوە لەماڵەوە بوو تێیدا بەڕێزان کاک کۆسرەت رەسوڵ عەلی و د.بەرهـەم سـالح و کاک شـێردڵ حەوێزی و کاک چەتـۆ حەوێـزی لەگەڵ هەندێکـی دیکەی لێپرسـراوانی یەکێتـی لەم سـەردانە لەگەڵ مام جەلال بوون، پاش دانیشـتن و سیحەت پرسین مام جـەلال رووی لە دانیشـتوان کرد و گوتی: ("کوڕینە بۆ مێژوو شتێکتان بۆ باس دەکەم ساڵی ١٩٤٦ کاتێ پارتی دروسـت بوو من بە پاڵێوراو وەرگیـرام، ئەوکاتـەش زەوابتی حزبـی وابوو کە پـاش تەواوکردنـی مـاوەی پاڵێوراویەتی و

بەرزبوونەوە بۆ پلەی ئەندامیەتی، دەبوایە دوو ئەندام ئیمزا لەسەر بەرزبوونەوە بۆ پلەی ئەندامیەتی بکەن، یەکێ لەوانەی کە ئیمزای لەسەر بەرز کردنەوەی پلەی ئەندامیەتی "بەندە"کردووە لە ساڵی ١٩٤٧ (لێرەدا مام جەلال دەستی بۆ باوکم درێژ کرد و گوتی) ئەم زاتە یەکێ لەو دوو ئەندامە بوو، بۆ مێژوو لە بیرتان نەچێت).

لە دیمانەیەکیش لەگەڵ بەڕێزی دا لە ٢٠٠٤/٨/٢ لە قەڵاچولان کاتێ لەگەڵ برای بەڕێزم (مستەفا ساڵح کەریم) وەکو نەقیب و جێگری نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سەردانیمان کرد، پاش تەواو بوونی کارە رەسمییەکە رووی تێکردم و گوتی (پێش ماوەیەک لە کۆیە گلەییم لە بەرپرسانی حزبی و حکومی کۆیە کردووەو رێنماییم کردوون کە یەکێ لە شەقامە سەرەکییەکانی کۆیە بەناوی (عەونی) شاعیر و نیشتمانپەروەرە ناوبنێن).

درێژە بە رێڕەوی کوردایەتی خەسڵەتی ئەو بنەماڵەیەی ئێمەیە کە هەر لەناوەندی سییەکانی ئەو سەردەمە لە رێگای رێبەری ئەم خێزانە کە (عەونی)یە گوتوویەتی:

**ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم**
**کۆیە ١٩٣٥**

**ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم پاسی کوردستان دەکەم**
**قەتل و عامی تورکەکانوو غارەتی ئێران دەکەم**
**چونکە ئەم دوو چینی زاڵم خوێنی کوردیان زۆر رژاند**
**دوژمنی خاک وڵاتم پەرت و سەرگەردان دەکەم**
**ناکەسێک نیم بۆ مەتالیب من لە رووی لافەوە**
**ئیرسی خۆمە بەڵکو داوای دەوڵەتی ساسان دەکەم**
**من لە رێگای سەربەخۆیی خاک و رزگاری گەلم**
**گیانی خۆم و قەوم و خوێشانم هەمووی قوربان دەکەم**
**چیم بە ئاشوور کرد لەکاتی خۆی بەڵێن بێ هەروەها**
**تەخت بەختی دوژمنانی کورد بە خاک یەکسان دەکەم**
**هەرکەسێک بێت و لە هەرلا خوێنی کوردی رشت بێ**
**خۆم بەشوێنی دا دەڕۆم خانەی بەسەر وێران دەکەم**
**گیان بەخت کردن لە رێگای نیشتمان پێویستی یە،**
**من کە کوردم پەیڕەوی فەرمایشی یەزدان دەکەم**


٢٠٠٤/٤/٢٢ دوکان- لەگەڵ بەڕێز مام جەلال دا

**خزمە گوێ بگرن لە بەندە (عەونی) زۆر بێ چارەیە**
**من گرینم نەک لە بۆخۆم، بەڵکو بۆ کوردان دەکەم**

بۆیە لام سەیر نەبوو کاتێ رێکخراوی بەعس (الفرقە الحزبیە) ساڵی ١٩٩٠ لە کۆیە کاتێ وەکوو سەگی هار خەریکی بە بەعس کردنی قوتابیانی ناوەندی و دواناوەندی کۆیە بوون دەمێک بە هێمنی و بە پەیمان پێدان، کە لەدوا رۆژدا ئەوانەی ئیمزا بۆ بەعس دەکەن و دەبنە بەعسی لە کۆلیژی باش وەردەگیرێن پاشان کە دەیان زانی سیاسەتی پەیڕەوکردنی هێمنایەتی کەڵکی نابێت و بەرهەمی نییە ئەوجا دەکەوتنە هەڕەشەو گورشە و تۆقاندن و رۆژێک دەچنە ئەو (پۆلەی) کە رێکانی کوڕمی لێ بوو کە ئەو لە قۆناغی سێی ناوەندی قوتابیەکی زیرەک و هەڵکەوتووبوو لەلایەن بەرپرسێکی بەعسی کە یاوەرەکەی (جوامێرێک)ی کۆیی بوو روو لە قوتابیان دەکەن جارێک بە خۆشیوو جارێک بە هەڕەشە بۆ ئەوەی بچنە ریزی (بەعس)ەوە، بەڵام هەندێ لە قوتابیان کە ژمارەیان چوار قوتابی بوون کە تێیدا یەکێکیان (رێکان)ی کوڕم رەتی ئەوەیان کردبووەوە کە ببنە بەعسی و لە ئاکامدا پاش مشتومڕێکی زۆر کابرای بەرپرسی بەعسی روو لە قوتابیەکان دەکات و دەڵێ: ئێوە چاو لە رێکان مەکەن، چونکە (هذولە

تأريخهم اسود) یانی ئەوانە کە مەبەستی ڕێکان بوو مێژوویان ڕەشە (خاوەن مێژوو ڕەشیش لای بەعس ئاشکرایە کە چییە!). ئەو (مێژووە ڕەشەش) ئاشکرایە کە بە شەو و ڕۆژێک دروست نەبووە بەڵکو پێکهاتەی زیاتری نیو سەدەی خەبات و تێکۆشان و دەردەسەرییە کە لەلای (هەندێک) (بەهەند) وەرنەگیراوەو ڕێگای چوونە پێشەوەشیان لێ دەگرن و ئەگەر بۆیان بکرێ لە ڕیزی پارتیشیان دەرکەنار دەکەن!.

لێرەدا سەیر و سەمەرەکەش لەوەدایە کە هەندێ جاریش تانە لە خەڵکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر دەگیرێ و بە ناحەق دەکەونە گیان و مێژووی خەڵکانی بە هەڵوێست کە ئەمیشیان بەڕای من تۆڵەسەندنەوەیە لە خودی پارتی و لە مەرجەعیەتی پارتی کە بەم ڕێگایە بە (کۆنە قین و هەڵوێستی ناجوامێرانە) تۆڵە لە خەڵکانی دڵسۆزی ڕێبازی ڕاستەقینە دەکەنەوە، بەڵام سەیروسەمەرەتریش لەوەدایە، کە مەرجەعیەتیش زۆر جار بەداخەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریەتی هەندێ لەو بەرپرسانەی کە بەرەو هەڵدێری دەبەن، چونکە بنکوڵ کردنی پارتی لەلایەن هەندێکەوە وەکو چیرۆکی ئەم (موهەندیسە سۆفیەتیەوەیە وایە کاتێ لەلایەن دەزگای جاسوسی ئەمریکی (C.I.A) کڕابوو کە تەنیا ئیشی ئەوەبوو کە لەو کارگەیەی ئەو بەڕێوەبەرایەتی دەکات نەهێڵێ هیچ تەکنیکارێکی بەتوانا ماوەی ساڵێک زیاتر بمێنێتەوە بۆ ئەوەی سامانی زانیاری (تراكم المعلومات) لەو کارگەیە کۆنەبێتەوە).

لێرە من کاتێ گلەیی خۆم ئاراستەی مەرجەعیەتی پارتی دەکەم وەنەبێ جارێکی دیکە بە تەمای پلەوپایەیەکی حزبی بم، چونکە قەت بە تەما نەبووم و هەمیشە وەکوو (سوار چاکێک) کارم تێدا کردووەو پێوەی ماندوو بووم، ڕام گەیاندووە (وەکو خرۆشۆف)گوتەنی "من لە بازاڕ دێمەوە و پێویستم بە چوونە بازاڕێکی دیکە نییە"، بەڵام کاتێ گلەیی و گازاندە لە (حزبەکەم) دەکەم مەبەست لە هۆشیارکردنەوەیەتی، کە ئەگەر وابڕوا بەرەو چ هەڵدێرێک دەچێت، مێژوو باس لە گەورە پیاوانی کورد دەکات کە کات وساتی خۆی چییان بۆ میللەتەکەی خۆیان کردووە، بەڵام کاتێک کە کەسێک و تاقمێک نەبووە لەو بنەماڵانە درێژە بە خەباتی ئەو کەڵە سەرکردانە بدات، کاروانی پڕ لە سەروەریی ئەو سەرکردانە لە شوێنی خۆی لەو قۆناغەدا وەستاوە، لەبەر ئەوەی خاوەن حزب نەبوون، تاکە ئامرازی درێژەدانیش بە خەباتی سەرکردە بە تایبەتیش لەو چەرخەو لەو سەردەمەدا بوونی ڕێکخراوێکی خاوەن سەرکردایەتییەکی هۆشیارە، کە نەهێڵێ خەڵکانێک دەستووری موکەرەمیان هەبێت بە تەجاوز کردنە سەر حورمەتی دڵسۆزان و تێکۆشەرانی، کاتێ بەندە لە برایەتی و لێپرسراویەتی دەزگای برایەتی و خەبات دەرکەنارکرام ئەندامی دوو مەکتەبی ناوەندی پارتی بووم هەر لە ساڵی،١٩٩٣ەوە یەکەمیان مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن بوو کە بە بڕیار و قەناعەتی خۆم کاتێ کەلە برایەتی لابرام لێی چوومە دەرەوە، بەڵام دووەمیان کە ئەویش مەکتەبی ناوەندی (دیراسات) بوو تێیدا لەگەڵ کۆمەڵێک لەگەڵ مامۆستایانی بەڕێزی زانکۆ و پسپۆرانی جۆراوجۆری دیکەی ئەندامی ئەم مەکتەبە بووین (بە قودرەتی قادر) بەبێ ئاگادارکردنەوە تەنانەت بەبێ نووسراوێکی ڕەسمی هەموومانیان (فنیش)کرد بێ ئەوەی هۆکارێکیش هەبێت لەکاتێکدا کە ئەو دەستەیە بە لێپرسراویەتی کاک جەوهەر نامیق سالم (خاوەنی ٣٥کتێبی چاپکراوەو هەرهەمووی بە قەڵەمی ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرە ئامادەکراوە)، بەڵام لێرەدا کەس ناپرسێ بەتایبەتی مەرجەعیەتی ئەم حزبە (پارتی) کە هۆکاری لابردنی ئەو دەستە جەمعە چی بوو! کێ لە پشتەوەیەتی!؟ قازانج و زەرەری چی بوو کاتێ ئەو (شۆڕشە) کراو کێ لە پشتەوەیەتی؟! پاشان مەکتەبەکە چی بەسەرهات و بەرهەمی چییە؟! ئەمەو سەدان پرسیار ڕۆژانە لای تێکۆشەرانی حزب ئاراستەی یەکتری دەکرێ، بەڵام هەر هەمووی بێ وەڵامە و کەس خۆی لێ بەساحێب ناکات!. هۆی لێنەپرسینەوەکەش بە ڕاوبۆچوونی شەخسیم دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی گرنگ، کە بێ گوێ نەدان بەو هۆکارانە ئایندەیەکی نیمچە باشیش چاوەڕوانی لێ ناکرێت و بەرەو هەڵدێر دەچێت لێرەدا دوو نموونەی سادەی دەسپلینی پارتایەتی دێنمەوەیاد کە ڕۆژانێک دەسپلینی پارتایەتی لەناو پارتی لەسەرووی هەموو (بەرژەوەندییەکان)بوو، بەڵکو ئەمە خوایە پەندی لێ وەربگیرێ دوور لە میزاجی شەخس.

یەکەمیان: لەنێوەڕاستی ساڵی ١٩٦٢ لیژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی، بێ ئاگادارکردنی (م.س)

بڕیاری کوشـتنی پیاوێکی دا لـە کۆیە کە گوایە کاری سـیخوڕی بـۆ حکومـەت دەکات، کارەکە ئەنجامـدرا، بەڵام کابرا تەنیـا بریندار بوو، پاش ماوەیـەک مەکتەبی سیاسـی لیژنـەی ناوچەی کۆیـەی تێکـڕا (تەجمید)کـرد و (فاعل)ەکەشـی موحاسـەبەکرد و سـزادرا لەبەر ئەوەی بەپێی بڕیاری مەکتەبی سیاسـی نەدەبا هیچ کارێکی لـەم جـۆرە ئەنجـام بدرێـت بەبـێ ئـاگاداری و موافەقەتـی پێشـەکی مەکتەبـی سیاسـی بە نووسراوی رەسمی.

نموونەی دووەم: سـاڵی ١٩٦٣ چوومە ریزی پێشـمەرگەو لـە دادگای بـەرزی شـۆڕش لـە ماوەت بە نووسـەر (کاتب)داندرام پاش ماوەیەک بارەگای سـەرۆکی دادگا گوێزرایەوە بۆ گوندی (عیسـاوی) کـە بـارەگای مەکتەبی سیاسـی و ملحەقاتی لێ بوو، سەرۆکی دادگا خوالێخۆشبوو (عومـەر حەبیب) و بەندە لـە خانوویەکی قوڕی دوو ژووری دەژیایـن بـە رێکەوت لە زسـتانی ئەوسـاڵەدا خوالێخۆشـبوو (دارا تۆفیـق) کـە ئەویش تازە پەیوەندی بە شۆڕشـەوە کردبوو، ماوەیەک لەگەڵ ئێمە لەو خانووە دەژیا، پاشـان کاک (عومەر دزەیی) هونەرمەندیش بۆ ماوەیەک میوانی هەمـان خانووی ئێمە بـوو. خواردنمان رۆژانە یان (نان و چا یاخود چاو نان) بوو تەنیا رۆژانی پێنج شـەممە (نیسـک یاخود نۆکاو)یان بۆ لێ دەنایین.

نیـوەڕۆی رۆژێکـی زسـتانی بەفـراوی ئەم سـاڵە، سـەرۆکی دادگا داوای لێکردم کە بچمە لای خوالێخۆشـبوو (عەلی مام رەزا)، کە ئەکاتە بەڕێوەبـەری ئیداری مەکتەبـی سیاسـی بوو، چوونەکەشـم بۆلای لەسـەر داوای سـەرۆکی دادگا، بۆ وەرگرتنی هەندێ (پیاز) بوو کە لەگەڵ (نۆکاو)ەکە بیخۆین، بەتایبەتی ئەو رۆژەش ئەو دوو میوانـە بەڕێـزەش (ناوبـراوان) لەگەڵمـان بوون،

چونەکـەم زۆر پـێ ناخـۆش بـوو، چونکـە دەبوایـە مـاوەی دەخولەک لـە رێگایەکی گیراو بـە بەفر ببڕم بەڵام ملـی رێگام ناو چوومە لای ئـەو خانـووەی کـە کاک عەلی مـام رەزای لێ بوو کاتێک رووبـەڕووی کاک عەلی بوومەوەو داوایەکـەی سـەرۆکی دادگام پێ راگەیاند، کاک عەلی لە وەڵامدا گوتی (سـەلام لە حاکم عومەر بکـەو پێی بڵێ بـە ئەمری مەکتەبی سیاسـی لە غەیری ئیستیحقاتی رۆژانەی (موتبەخ) ناتوانین یـەک دانـە پیازێکیش بـە کەس ببەخشـین)، بە دڵشکاوی گەڕامەوە زۆر جاریش ئەم مەسەلەیەم



*بەهاری ساڵی ٢٠٠٣ ئاسەواری باڵەخانەی دادگای بەرزی شۆڕش لە ماوەت پاش ٤٠ ساڵ*

بۆ برادەرانی خۆم گێڕاوەتەوە، کە پاشان بۆم دەرکەوت کاک عەلی راست بوو، چونکە لەو رۆژە دژوار و ناخۆشانەدا، ئەگەر فەرمانەکانی مەکتەبی سیاسیی جێبەجێ نەکردبا لەوانەیە رۆژانە تووشی تەنگژەیەکی ئیداری ببا، ئەگەر بهاتبایە حیساب بۆ ئەم مەسەلە وردانە نەکرابایە، بەڵام سەد حەیف و مەخابنە کە ئێستاکە سەدجار بەداخەوە نەک هەر حیساب بۆ یەک دانە پیازی ژووری ئازووقەکەی خوالێخۆشبوو عەلی مام رەزا ناکرێ، بەڵکو رۆژانە چەندین جار (پەیڕەوی ناوەخۆی حزب)یش پێشێل دەکرێ بێ ئەوەی کەسێک حیسابی بکات یاخود جۆرە لێپێچینەوەیەک هەبێت و هەریەک بە ئاوازی خۆی لێ دەدات. راستە سەردەمی پارتی زەمانی خوالێخۆشبوو عەلی مام رەزا جیاوازی لەگەڵ ئەم سەردەمە هەیە، کە ئەندامێکی تەمەن چل و سێ ساڵەی حزبی وەکو (بەندە) کە لە پاڵێوراوێکی پارتییەوە دەستی پێ کردووە و پاشان بوو بە ئەندام و ئەوجا لە لیژنەیەکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە کۆیە تا گەیشتینە پلەی سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، پاشان مودیری ئیدارەی رۆژنامەی (التآخی) و سەرپەرشتیکاری بابەتە سیاسییەکانی برایەتی و بەڕێوەبەری گشتی لاوان لە ئەمانەتی راگەیاندن و رۆشنبیر و لاوان لە پاش نسکۆش گەرچی پارتی بە سەدان کیلۆمەتر لێم دووربوو، بەڵام ئەوکات لە هەموو کاتێک لێی نزیکتر بووم، ماوەی نێوانی ساڵی ١٩٧٥-١٩٩١ دەیان و سەدان چیرۆکی ئەو رۆژە سەختانە دەبنە هەوێنی رۆمانێکی چەند سەد لاپەڕەیی کە بەدەیان رووداوی ناخۆش و ترسناک و دژواری بەخۆیەوە دەگرێ، کە تێیدا ساتەوەختێکی ترسناک لەو رۆژانەدا بەرامبەر دەیان و سەدان رۆژانی خۆشییەکە لێرەدا تۆمار بکرێت، بەڵام خۆشبەختانە سەروەت و سامانێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کوردایەتی، ئەوتۆی بۆ من دروست کردووە، کە بۆتە مایەی دروست کردنی (حصانە)یەکی ئەوتۆ کە نە بە نووسینی راپۆرت نووسی بێ ویژدانی دوور لە گیانی پارتایەتی رەسەن و نە بە هەڵوێستی ماستاوچی و خۆرەپێشکەران، کە بوونەتە کۆرپەی بەنازی (مدلل) هەندێ لە لێپرسراوان ناسڕێتەوە.

بەندە ئەگەر لە یەک کات و ساتدا ئەندامی دوو مەکتەبی ناوەندی و سەرنووسەری رۆژنامەیەکی رۆژانەو لێپرسراوی دەزگایەکی رۆژنامەنووسی بێت هیچ فەرق ناکات بۆمن کە هیچ یەکێ لەو پۆستانەم نەبێ و هیچ زەرەرێکی بۆ من تێدا نییە ئەگەر لە هەموو ئەو ئیمتیازاتانە بێ بەش بم، چونکە من لە ناخەوە و لەسەرەتاشدا تینووی پلەو پایە و پارە نەبووم، بۆیە کاتێ لە ساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن شەخسی بەڕێز (جەوهەر نامق سالم) سکرتێری پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاگادار کرام کەوا سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستنیشانی کردووم بۆ پۆستی لێپرسراوی نووسینگەی پارتی لە (قاهیرە)ی پایتەختی وڵاتی میسر و داوای لێکردم کە خۆم ئامادە بکەم وێڕای پیرۆزبایی شەخسی بەڕێز سەرۆک بارزانی، بەڵام پاش ماوەیەک بێ ئاگادار کردنەوەو دیاری کردنی هۆکار لەناکاو زانیم کەوا خوالێخۆشبوو کاک (عومەر بۆتانی) بۆ ئەم پۆستە داندراوە. دیسان لام ئاسایی بوو، چونکە لە بنەڕەتدا من خۆم داواکاری ئەو پۆستە نەبووم و هیچ هەولێکیشم لەم بارەیەوە بۆ نەدابوو، چونکە هەمیشە بە قەناعەتەوە خۆم بە (تێر) ناسیوە و داواکاری هیچ لەو پۆستانە نەبووم، کە کارم تێدا کردوون بەڵکو بە هەوڵو کۆششی بەردەوام و شەونخوونی و ساڵانێکی زۆری خەبات و تێکۆشان پێگەیشتووم، بەڵام ئاشکرایە و وەکو رۆژی رووناک دیارە کە خودی پارتی گەورەترین زەرەر دەکات کاتێ، ئەو حزبە خۆی لەو جۆرە (کادیر)ە بە ئەزموونانە بێ بەش دەکات کە لەجیاتی ئەو جۆرە کادیرە بە ئەزموونانە، بەداخەوە هەندێ خەڵکی وا لە پۆستی حکومەت و حزبی دادەندرێ (لەگەڵ رێزم بۆ هەرهەموویان کە لە بنەڕەتدا خەتای ئەوانی تێدا نییە، بەڵکو خەتای ئەوانەیە کە هەڵیان دەبژێرن)، کە بە هیچ کلوژێک لەگەڵ ئەو شوێنەی کە بۆی داندراون یەک ناگرنەوە تاکە قازانجی ئەم کەسانە زیادبوونی توێژی جۆری (فەرمانبەری) حیزبییە کە بۆتە لەشکرێک، لەشکرێکی (بێ چەک) کە هیچ کاتێ ئامادەی ماندووبوون و قوربانی تێدا نییە، کە ئەمەیان هۆکاری ئەو نارەزاییەیە کە رۆژانە لە زیادبووندایە و بەری ناگیرێ.

خوێنەری بەڕێز

لەکۆتاییدا هەگبەکەم ئێستاش نیوە بە نیوە نەبووە، بەڵام وەکو پێشووتر باسم لێوەکردووە

ئەو (مەقام)ە لەوە زیاتر هەڵناگرێ، بەڵام لێرەدا بە پێویستی دەزانم راستییەک روون بکەمەوە بۆ ئەوەی کەس (نان و پیازی) پێوە نەخوات، ئەوەی نووسیوومە یەک دێڕم لە رووداوە راستییەکان لانەداوەو بە مەبەستی (طعن) لێدان نییە کەسم بریندار نەکردووە، کورد دەڵێ (دۆست ئەوەیە بتگریێنێ) هەمیشە وتاکو دوارۆژی ژیانم شانازی بە ژیانی پڕ لە سەروەری و مێژووی خۆم دەکەم، دژی خورەپیشکردن و لەپێشەوەی ریز دانیشتنم، ماوەی چارەکە سەدەیەکیش ئابوونەی حزبیم داوەو زۆربەی جاریش بێ رێکخراو ماومەتەوە، هەمیشە دژی نەرجسیەت و خۆپەرستی و بەرزکردنەوەی دروشمی درۆم رێز لەو سەرکردەو مرۆڤانە دەگرم کە راستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ خۆیان و دەرووپشتیان دەکەن و درۆ لەگەڵ مێژوو ناکەن، ئێستاکە وەکو مرۆڤێکی سەربەخۆ، مرۆڤێکی بە نەژاد کورد و بە بۆچوونی کوردستانی کاری رۆژنامەم ئەنجام دەدەم، دوورم لە هەڵوێستی تەسکی حزبایەتی کە گەورەترین زەرەی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان گەیاندووە و دەیگەیەنێ، (ئەوجا هەر لایەنێک و هەر کەسێک بیکات)، هەموو سەرکردەکانی کورد و کوردستانم لا ئازیز و بەڕێز و بە حورمەتەوە تەماشای بیرو بۆچوونی هەموو لایەنە کوردستانییەکان دەگەم، دەمێکە و زەمانێکە هاتوومەتە ئەو قەناعەتە کە ئەرکی مرۆڤی تێکۆشەر و کورد پەروەر ئەوەیە بە هەموو هێزییەوە دەبێت لە خزمەتی یەک ریزی گەلی کوردستان بێت، ماوەی دروست بوونی بچووکترین (درز)نەدات، بەو بەرنامەیە لەگەڵ برایانم لە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان مامەڵە لەگەڵ هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم بە جیاوازی نەتەوە، بیروڕای سیاسی، و ئاینی، چونکە شوێنەکە سەرەڕای قەناعەتی تەواوم ئەوە دەخوازێ کە بەم جۆرە هەڵسوکەوت بکەم کە ئەوەیان بەداخەوە بۆتە مایەی لێکدانەوەی جیاجیا لەسەر من، لە پێشەوە لەلایەن خودی هەڤاڵانی رێبازی ٤٣ ساڵەم(لە ناو پارتیدا) کە زۆر جار بە ناحەق ئەو جۆرە لێکدانەوانە بۆ هەندێ لە راوبۆچوونەکانم کە لە کاتی دیمانە رۆژنامەوانییەکانەوە دەری دەبڕم، خراپ لێک دەدرێتەوەو تەفسیراتی جۆراوجۆر و هەمەڕەنگی بۆ دەکرێ، جارجاریش (موحاسەبە)ی نادیاریش کراوم و تانەشم لێ دراوە، بەڵام دیسان ئەوەی راست بووە بەڕاستم زانیوەو سڵم لێنەکردۆتەوەو سڵی لێ ناکەمەوە، چونکە بە ویژدان و قەناعەتەوە بڕوام پێ بووە لە پێشەوەش دەزانم وەکو دەڵێن.

"داری بە بەر هەمیشە بەردی پێ دەکەوێ".

(برایەتی و التآخی)م زۆر لام ئازیز بووە تاکوو دوا ساتیشم خۆشەویستیم بۆیان دەمێنێ، چونکە التآخی تاکوو رۆژانی ١٩٧٤/٣/١١ بەناودارترین رۆژنامەی گۆڕەپانی رۆژنامەگەریی عیراقە لە سەردەمێکدا و کارم تێدا کرد و رۆژنامەی برایەتیش لەسەرەتادا چ وەکوو خوێنەر ساڵی (١٩٦٧) چ وەکوو بەڕێوەبەری کارگێڕی ئەو دەزگایەی ئەوەی لێ دەردەچوو کە تێیدا رۆڵی سەرپەرشتیاری بابەتە سیاسیەکانیم دەبینی (٩٧٢-٩٧٤) پاشان چ وەکوو سەرنووسەری ئەو رۆژنامەیە (١٩٩٣-٢٠٠٠) لام یەکجار خۆشەویستە و بە شانازییەوە هەمیشە باس لەو ماوەیە دەکەم کەی کارم تێدا کردووەو بەقەدەر خۆشەویستییەکەی برایەتیش (رقم) لەو بڕیارەیە، کە تێیدا برایەتی ئەوجا بە هەر بیانوو و هۆکارێک بووبێت (زیندە بەچاڵ) کرا کە تێیدا کڵاوی (عەلۆ)یان لەسەر (جەلۆ) دانا و بێ ئەوەی حیساب بۆ مێژووی رۆژنامەگەری کوردی بکەن کە تێیدا پارتی دیموکراتی کوردستان شەرەفی خاوەنیەتی یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی پێ برابوو، بەڵام سەد حەیف و مەخابنە کە نازانم چ (بڕیارێک) بوو کە ئەو دەسکەوتەو ئەو سەروەرییە لە پارتی، بسێنێتەوە و برایەتی وەکوو رۆژنامە لەگۆڕەپانەکەدا نەمێنێ، لێرەدا سەد جار بەداخەوە ئەوەی بۆ یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردی لە مێژوودا ماوەتەوە تەنیا (یادکردنەوەیەتی) لە لای خەمخۆرانی، لای هەندێکیش باوەڕناکەم ئەوەیان لا مەبەست بێت کە برایەتی یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردییە لە مێژوودا کە پاش ٢٧ ژمارەی یەکەمی لە ساڵی ١٩٧٤دا (خوولی یەکەم) بەعس بڕیاری خنکاندنی داو بەڵام برایەتی جارێکی دیکە لە پێشەوەی ئەو کاروانەی رۆژنامەگەری کوردستان بوو کە لەگەڵ راپەڕینەوە قۆناغێکی زێڕینی بەخۆیەوە دیت، بەڵام سەد حەیف و مخابن کە بە بڕیارێکی سەیرو سەمەری ئەوجارە (خۆماڵی) لە گۆڕەپانەکە **دابڕا...!!**

# پایەی رۆژنامەوانیی
# وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی رەسەن



د.کەمال مەزهەر ئەحمەد

خۆشەویستان. ئەمڕۆ رۆژێکی پڕ لەبەختیارییە بۆ منی دڵسۆزی ئێوە، بۆ منی نۆکەری خەڵک، زۆرم پێخۆشبوو ئەمڕۆکە گوێم لەم وتە بەنرخانەبوو کە لەم هۆڵەدا وتران، زۆر بەسۆزەوە بەخێرهاتنی برایانی کوردستانی رۆژهەڵات دەکەم، هەرچەندە گوێم لەو دوو وشەیە دەبوو هەستێکی تایبەتی بەناخی دەروونمدا دەهات، زۆر زۆر بەگەرمیش بەخێرهاتنی برا عەرەبەکان، ئەوانەی لەبەغدای خۆشەویستەوە هاتوونەتە ئێرە، دەکەم و دەڵێم خۆزگە ئەوانیش کەمێ کوردییان دەزانی و گوێیان لەئاوازی سیمفۆنیاکەی (کۆسارخان) بوایە، بەراستی ئەمڕۆ بۆ هەمووان رۆژێکی گەورەی رووناکبیرییە، چونکە سلێمانی سەربەرز، دوو دیاری بەنرخی پێشکەش بەگۆڤاری هەرە زیندووی گەلاوێژ کردووە. ئەم فێستیڤاڵە کە ئەمڕۆ حەوتەمینیەتی، حەوتەمین جاریەتی لەگەڵ گەلاوێژی نوێدا، بەراستی دەمویست بابەتێکی تایبەتی دەربارەی گەلاوێژ پێشکەش بکەم، بەڵام سەرقاڵی و لەپڕ بانگهێشتکردن بۆ ئەم دیدارە کارێکی ئەوتۆی کرد، کەوا هەوڵبدەم بابەتێکی گشتی بەپێی ئەو شتانەی کە بیرم کەوتنەوە، لەماوەی دوێنی و ئەمڕۆدا، لەسەر رۆژنامەوانیی و پایەی رۆژنامەوانیی وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی رەسەن. زانایان و پسپۆڕان، سەرچاوەکانی مێژوو دەکەن بەسێ بەشی سەرەکییەوە:

سەرچاوەی رەسەن، سەرچاوەی گشتی، لەگەڵ سەرچاوەی یاریدەدەر، پایەو مەقامی سەرچاوەی رەسەن زۆر گەورەیە بۆیە دوایی دێمەوە سەر ئەو باسە، سەرچاوەی گشتی لەبواری مێژوودا مەبەست لەو سەرچاوانەیە کە

خەڵکی دیکە پێوەی خەریک بووبوون و ئەوان دیدو بۆچوونی خۆیان هەیەو گەیشتوونەتە ئەنجامی ئەو رووە کە باسەکەیان شیکردۆتەوە، بۆیە کە پلەو پایەی دووەمی هەیە لەسەرچاوەی مێژوودا، سەرچاوەی سێیەمیش کە پێی دەڵێن سەرچاوەی یاریدەدەر، مەبەست لەو سەرچاوانەیە کە یاریدەدەری توێژەر دەدەن بۆ زانینی هەندێک بابەتی لاوەکی یان ئەوانەی کە یەکسەر پەیوەندییان بەقووڵایی باسەکەوە خەریکبووە، وەک سەرچاوەی ئەنسکلۆپیدی بۆ ئەوەی بەدووی ساڵێک یان بەدووی زانیارییەکی تایبەتدا بگەڕێ یا ئەو سەرچاوانەی کە ئەتڵەسین و نەخشەیەکی وایان پێویستە. ئەمێنێتەوە سەر سەرچاوەی ڕەسەن، سەرچاوەی ڕەسەنیش دەبێت بەچەند بەشێکەوە: دیکۆمێنت و بەڵگەنامە نهێنییەکان، ئەوانەی کە بڵاونەکراونەتەوە، بایەخێکی زۆریان هەیە، چونکە تۆ یەکەم کەسیت کە زانیاری نوێ لەو دیکۆمێنت و بەڵگەنامە بڵاونەکراوانە هەڵدەهێنجی و لەسەر بناغە یان بیروباوەڕی نوێ دایدەڕێژیت، وەکو بەڵگەنامەی بڵاوکراوە کە دەقی بەڵگەنامەکان بڵاوکراونەتەوە، ئەوە دوای ئەو کە زنجیرەی بایەخە، یادداشت، دیدەنی، ئەمانە هەموویان بەسەرچاوەی ڕەسەن دادەنرێن، لەهەمان کاتدا، ڕۆژنامەوانیی یا بڵێین بابەتی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیش بەسەرچاوەیەکی ڕەسەنی یەکجار بایەخدار دادەنرێت، من ئیمڕۆ زۆر بەکورتی چەند نموونەیەک دەربارەی بایەخی ڕۆژنامەو گۆڤار وەک سەرچاوەی مێژوویی دەهێنمەوە. ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هەموو وەک یەک ناتوانن وەسفکرێن، ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە نهێنیین، هەڵبەت بایەخیان لەوانە زیاترە کە ڕۆژنامەو گۆڤاری ئاشکران، با بڵێین (رزگاری و خەبات و القاعدە و الشرارە) ئەمانە ئەگەر بەژمارە بێت ژمارەیان کەمە و دەگمەنن، بەڵام بەناوەڕۆک یەکجار دەوڵەمەندو بایەخدارن، یا بابڵێین ڕۆژنامەکانی ڕۆژگاری شێخ مەحموود، ڕۆژنامەکانی مەهاباد، ئەوانیش لەپایەو مەقامدا جێگەیەکی تایبەتییان دەبێت، هەر لەم ماوەیەی دواییدا دوو نامەی ماجستێری زۆر بایەخدار بەپشتیوانی ڕۆژنامەکانی ڕۆژگاری شێخ مەحموود لەگەڵ ڕۆژگاری مەهاباد، یەکێکیان لەزانکۆی سەلاحەدین لەهەولێر ئەوی دیکەیان لەزانکۆی سلێمانی. پێشکەشکران، ئەگەر ئەو ڕۆژنامانە نەبوونایە پێم وایە توێژەرەکان نەیاندەتوانی بگەنە گەلێک ڕاستی. لەڕۆژئاوا بایەخێکی یەکجار زۆر دەدەن بە ڕۆژنامەو گۆڤار، لەلینینگراد، لەمۆسکۆ، لەماتینەگراد، لەیەریڤان، لەلۆڤەر، لەپاریس، دیمان چ بایەخێک بەڕۆژنامەو گۆڤار دەدرێت.

ڕۆژنامەو گۆڤار لەیەک ئەوتۆ کە خراونەتە ناو سندوقی شووشەی تایبەتەوە کە هەوای لێهێنراوەتە دەر، تۆ هەر سەیری دەکەیت دوای ئەو کەوا وێنەیان لەسەر گرتووە ئیتر مافی ئەوەت نییە دەستی بۆ بەریت. یەکێکی وەکو ئەدمۆندس ئەوەندەی کە بەکاری سیاسییەوە خەریکبووە، ئەوەندەش بەکاری کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو ڕۆژگارە خەریکبووە، بەتایبەتی بەدیاری ناردوونی بۆ مۆزەخانەی لەندەن، بەهۆی ئەوەوە ئێستا، بەوێنە (تێگەیشتنی ڕاستی) کە ڕۆژنامەیەکە ئینگلیزەکان لەدواساڵی جەنگی یەکەمی جیهاندا دەریانکرد، زۆر بەداخەوە لەڕۆژگاری ڕژێمی رابردوودا (تێگەشتنی ڕاستی) فەوتێنرا، ئێستا تاکە دانەو تاکە نوسخەی ئەو ڕۆژنامەیە بەهۆی ئەدمۆنسەوە لەئینگلتەرە پارێزراوە. (بانگی حەق)ەکەی ڕۆژگاری شێخ مەحموود کە شتێکی ئەوتۆمان دەربارەی نەدەزانی، لەوە زیاتر کەوا لەئەشکەوتی جاسەنە دەرکراوە، دیسانەوە بەهۆی ئەوانەوە لەئینگلتەرا پارێزراون. ڕۆژنامەو گۆڤار زانیاری یەکجار بەنرخییان تێدایە، بۆیەکە بەسەرچاوەیەکی ڕەسەن دادەنرێت، چونکە ئەوەی کەوا ڕۆژانە ڕوودەدات، ڕۆژنامەنووس تۆماریان دەکات، لەدواییدا دەبێتە سەرچاوەیەکی زۆر بایەخدار بۆ زانینی ئاڵوگۆڕو ڕووداوە سەرەکییەکان، بەڵام ئەبێ ئەوە لەیادنەکەین کەوا کارکردن لەناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا وەک سەرچاوەی مێژوویی ئێجگار ئێجگار زەحمەتە، سەرچاوەکانی دیکە تۆ بەئاسانی تەنانەت بەڵگەنامەکانیش لەدوویاندا دەگەڕێیت و دەتوانیت بگەیتە ئەو زانیارییانەی کە مەبەستتە، بەڵام ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کە من لەسەر بنچینەی تاقیکردنەوەی خۆم قسەیان لەسە دەکەم، زۆرباشیش بیرمە، ئەو ڕۆژانەی کە تەرخانم دەکردن بۆ ئەوەی لەناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بابەتی تازە بدۆزمەوە دەربارەی نامەی دکتۆرام، ڕۆژی واهەبوو بەیانی لەسەعات (٩)وە دەچوومە کتێبخانەکە، بەتایبەتی




کتێبخانەی لینین سەعات (٩) دەکرایەوە، شەویش لە سەعات (١١)دا دادەخرا، جاری وا هەبوو ئەو هەموو رۆژنامەیەمان دەردەهێناو بەدوایدا دەگەڕاین تووشی زانیارییەک نەدەبووین کەوا بتوانین بەکاری بهێنین لەنامەکەدا، کەچی لەپڕ هەندێ جار دەگەیشتینە زانیاری ئەوتۆ کە لەهیچ سەرچاوەیەکی دیکەدا وەبەرچاوم نەدەکەوت، تەنانەت ئەو رۆژانەش کە بابڵێن هیچ بابەتێک دەست نەدەکەوت کە خزمەتی نووسینەکەم بکات. لەناو رۆژنامەو گۆڤارەکاندا یاریدەدەری زۆری دەدای بۆ ئەوەی ئاگاداری ئاڵوگۆڕەکانی ناو وڵات و جیهان بیت. لەبەر ئەوەی هەمیشە کارکردن لەگەڵ گۆڤارو رۆژنامەکاندا هەمیشە شتێکی زۆریان گەڕاوەتەوە وەک بەڵگە بۆ خۆم هەر یەک لەو بەرهەمانەی کە تا ئێستا نووسیومن، بەلایەنی کەمەوە یەک دەرسێ زانیارییەکانیان لەرۆژنامەو گۆڤارەکانەوەم وەرگرتوون، بابڵێن راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران، ئەوەی (تایمس نیوز ئەند ئیندیەن Times News an Indian) رۆژنامەو گۆڤارەکانی دیکە بڵاویانکردۆتەوەو هێند بەنرخن، کارەکانی ناو ئەو رۆژنامەو گۆڤارە رۆژئاواییانە یاریدەی ئەوەیان داوە، هەمیشە بتوانن رووی راستەقینەی گشتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بخەنە بەرچاو، وێنەی راستەقینەی شێخ سەعیدی پیران و سمکۆو شێخ مەحموودو بەرزانییەکان

لەناو ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەدا بەدیدەکرێت، بۆ نموونە دەڵێم لەکاتێکدا (مید نیوز ئەند ئیندیەن) شێخ مەحموود دەشوبهێنێ بەراهێنەری هێزە ئاسمانییەکانی بەریتانیای گەورە (مدرب القوە الجویە البریگانیە) وە، لەو کاتەدا کە بەریتانیای گەورە مستەعمەرەکانی لەسی و دوو ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشەدا تێپەڕی بوو، لەناو ئەو هەموو وڵاتانەدا بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود هەڵبژێری و باسی ئەوە بکات تا چ رادەیەک ئینگلیز فڕۆکە دژی ئەو بزووتنەوانە بەکاردەهێنن و ئەو نازناوە بدات بە شێخ مەحموود، کە شێخ مەحموود راهێنەری فڕۆکەوانە ئینگلیزەکانە، ئەمە وا بزانم پاکانەیەکی زۆر گەورەیە، یان شەهادەتێکی ئێجگار گەورەیە، دەربارەی سروشتی بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود، نموونەیەکی دیکە کتێبێکم نووسی لەسەر چینی کرێکار بەزمانی عەرەبی، (چینی کرێکاری عیراق)، ناونیشانی کتێبەکە بەم جۆرەیە (الگبقە العاملە العراقیە التکوین والبدایات التحرک)، بەشی هەرە زۆری زانیارییە دەگمەنەکانی ناو ئەو کتێبەم لەرۆژنامەو گۆڤارەکان وەرگرتووە وەک نموونە دەڵێم: (لغە العرب) گۆڤارێکە کە (نووسەرێکی ئەرمەنی دەری دەکرد، زانایەکی پایەبڵند و کەم وێنەبوو، کەم کەس هەیە بەرادەی ئەو خزمەتی زمان و رۆشنبیری عەرەبی کردبێت، لەگەڵ ئەوەشدا نەتەوەپەرستە توندڕەوەکان پێی

ڕازی نەبوون و هەر بەنۆکەری ڕۆژئاوایان دائەنا، (لغه العرب) گۆڤارێکە لەجیهانی سێهەمدا لەوێنەی ئێجگار دەگمەنە، لەو ژمارانەی گۆڤاری (لغه العرب) دا ڕاستییەکی وەهام دۆزییەوە کە کەس ئەوەی نەئەزانی، لەیەکێ لەژمارەکانیدا لەساڵی ١٩١٠-١٩١١دا دووجار باسی مانگرتنی دەبباغەکانی (الاعقمیه) ئەکاتد کە چۆن مانیان گرتووە بۆ ئەوەی کەوا مووچەکەیان زۆر بکرێت و ڕۆژی کاریان کەم بکرێتەوە، کێ سەرکردەی ئەو مانگرتنەی کردووە؟ کێ وتاری خوێندۆتەوە؟ لەو مانگرتنانەدا چۆن خاوەن کارگەکان ناچاربوون کەوا داخوازییەکانیان جێبەجێ بکەن، ئەوە یەکەم مانگرتنی ڕێکوپێکی چینی کرێکارە لەعیراقدا.

نموونەیەکی دیکە، یەکێ لەقوتابییەکانمە، کە بەڕاستی جێگەی تەقدیرێکی زۆرمە چونکە پیاوێکی بەتەمەنە، ڕەنگە برا عەرەبەکان زۆریان بیناسن و بەتایبەتی (د.علی السامرائی) دەیناسێ (د.فواد حسێن) ئەیناسێ، چونکە ماوەیەک لەمەوبەر لەبەغداد بوو لەکۆلێجی پەروەردە لەنامەکەی توێژینەوانی، من سەرپەرشتی ئەو نامەیەکم کرد، (عبدالحسین الرفیعی) بۆیە شانازی پێوە ئەکەم و خۆشم ئەوێ، لەبەر ئەوەی تەمەنی شەست ساڵ بوو گەڕایەوە خوێندن و دەستی کرد بەخوێندن و لەشەست و چوار ساڵیدا بڕوانامەی ماجستێری وەرگرت، بێ ئەوەی ئەو ئاتاجی ئەو بڕوانامەیە بێت، چونکە خۆی لەبنەماڵەی (رفێعیە)و بنەماڵەی (رفێعی) بەبنەماڵەیەکی زانستی ناسراون لە (نەجەف) پێویستی بەوەنەبوو، بەڵام خۆشەویستی بۆ زانست پاڵی پێوەنا بۆ ئەو هونەرە، ناونیشانی نامەکەی (النخبه القانونیه العراقیه ودورها السیاسی والفکری ١٩٠٨-١٩٢٣) (دەستەبژێری یاسایی عیراقی و ڕۆڵی لەژیانی فیکری و سیاسیدا) ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەیە لەڕێگای گۆڤاری (المحامی)یەوە گەیشتینە ئەنجامێکی زۆر سەیر توانیمان ئەوە بزانین و ئەوە بدۆزینەوە کە کەی لەمێژووی هاوچەرخی عیراقدا یەکەم مانگرتنی قوتابیان دەستی پێکرد، لەو گۆڤارەدا باسی ئەوە دەکات کە لەبەغداد ساڵی ١٩٠٨ یەکەم فێرگەی یاسا (مدرسه الحقوق) دامەزرێنرا، لەساڵی (١٩١٠)دا (جەمال پاشا السفاح) (جەمال پاشای خوێنڕێژ) بوو بەواڵی عیراق کە بینی چۆن قوتابیانی ئەو فێرگەیە ڕۆڵێکی باڵا دەبینن لەوریاکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکدا، ئەوەی پێ تەحەموول نەکراو ویستی هەر بەجارێک فێرگەکە دابخات، بۆ یەکەمجار ئەو قوتابیانە دەکەونە ڕێکخستنی مانگرتنێکی گەورەی کاریگەرو هەموو ڕای گشتی بەغداو تەنانەت (ئەستەنبوڵ)یش دەبزوێنن، (جەمال پاشای سەفاح) کە یەکێک بوو لەوانەی بەئاسانی پاشەکشەی لەبڕیارەکانی خۆی نەدەکرد، ناچار دەبێت دەست لەو بڕیارەی هەڵبگرێت، ئەمە دۆزینەوەیەکی نوێیە لەبواری مێژووی هاوچەرخی عیراق و لەبواری بزووتنەوەی قوتابیاندا، وەک ئەزانن قوتابیان لەو ڕۆژگارەدا پێشەنگی دەستەی ڕووناکبیری بوون لەخەبات و لەتێکۆشاندا، لەبەغداش لەم دواییە بەسەرپەرشتی د.فوئاد حسەین نازانم خۆی لێرەیە بانگکراوە، یان نا، کیژە کوردێکی خانەقینی ڕێک و پێک کە ناوی (سروودە) لەگەڵ ژمارەکانی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دا خەریکە، گەیشتۆتە گەلێک ئەنجامی بایەخداری ئەوتۆ کە بەشی هەرە زۆری شتی نوێ دەبن بەنیسبەت خوێندەواری کوردەوە چ لەڕووی ئاڵوگۆڕی ڕووناکبیریی و فیکریی و دەوری سیاسی و خزمەتی ئەدەب و گەلێک لایەنی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارێک دەبێت زۆر وردبێت لەجۆری کارکردندا لەگەڵ بابەتەکانی ناو ڕۆشنبیرو تۆژەرێک، چونکە هەست زۆرجاری دەورێکی باڵا دەبینێت لەبزواندنی ڕۆژنامەنووسدا بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی، هەندێ جار تووشی شتی وەها سەیر دەبێت کەوا لەگەڵ عەقڵ و مەنتیقدا بەهیچ جۆرێک یەکناگرنەوە، تەنیا یەکێک لەو نموونانە لەڕۆژنامەنووسی کوردی دەهێنمەوە وابزانم لە (پێشکەوتن) یان لە (تێگەیشتنی ڕاستی)دایە وتارێکی وەها بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت کە (بەخت و ساوی) کورد چۆتە خزمەت پێغەمبەر، هەوڵئەدەم چۆن بیرم بکەوێتەوە بەزمانی ڕۆژنامەکە بدوێم دەڵێم ئەو (بەخت و ساو) سەروسەکوتی زۆر زۆر ناشرین بوو، پێغەمبەر کەدی بێزی لێهاتەوە، لێی پرسی گوتی تۆ (أقوام)ت کێیە، ئەویش پێی وت من لە (أکراد)م، گوتی خوای (تبارک التعالی) قەت ئەو قەومە تووشی ئیتفاق نەکات، چونکە ئەگەر ئیتیفاق بکەن عالەمێک بەسەر یەکەوە دەخۆن، دیارە ئەمە بەهیچ جۆرێک ڕاست نییە، چونکە هیچ کوردێک

نییە کەوا پێغەمبەری دیبێت و دیدەنی لەگەڵ پێغەمبەردا کردبێت و پێغەمبەریش هاتبێتە ئەو ئاستە قسەیەکی وابکات، کە ناشێ پیاوی عاقڵ بەو جۆرە قسەبکات. یان نموونەیەکی دیکەیان بۆ دەهێنمەوە لەڕۆژنامەیەکی فەرەنسییەوە (مۆنیتێر) لەسەدەی نۆزدەیەمدا گەورەترین و بەرزترین ڕۆژنامەی فەرەنسی بوو، وەک (لۆمۆند)ی ئێستا، ئەگەر بیرتان بێت (ناپلیۆن پۆناپەرت) دوای پاشەکشێکەی لە (ڕووسیا) و دوای ئەوە کەلەشکرەکەی بەدیل گیرا، نێردرایە دوورگەی (ئەلبا) لەوێوە لەدوورگەی (ئەلبا) رایکرد بەرەو فەرەنسا گەڕایەوە، بابزانین (مۆنیتێر) چۆن باسی گەڕانەوەکەی (ناپلیۆن) لەدوورگەی (ئەلبا) هەڵاتووە دەکات، (مۆنیتێر) دەنووسێت کابرایەکی یاخیبووی خوێری هەیە ناوی (ناپلیۆن)ە، دەڵێن لەدوورگەی (ئەلبا) هەڵاتووە، بەو جۆرە باسی (ناپلیۆن پۆناپەرت) ئەکات، لەیەکەم ڕۆژ کە هەواڵی ڕاکردنی ناپلیۆن بڵاو دەکاتەوە ڕائەگەیەنێت، دوای ئەوەی ناپلیۆن دەگاتە ناو خاکی فەرەنسا، کاتێک دەزانێت (مۆنیتێر) بەجۆرێکی دیکە نەختێک لەو توندڕەوییە کەم دەکاتەوەو دەڵێن کابرایەکی خوێری، ئەمجارەیان دەبێت بەناپلیۆن گەیشتە ناو خاکی فەرەنسا، بەڵام هەموومان بەرابەری پادشای گەورەمان خاوەن شکۆ (لویسی هەژدە) خەونەکانی زیندەبەچاڵ دەکەین، چونکە فەرەنساییەک نییە بتوانێت جەورو ستەم و خوێرییەتی ئەو جانەوەرە لەیادبکات، ڕۆژ بەڕۆژ (ناپلیۆن) پێشدەکەوێت و لەپایتەخت نزیک دەبێتەوە، دوایی زەمانی (مۆنیتێر) و باسکردنی (مۆنیتێر) دەربارەی ئەو ڕووداوە وایلێدێت هێزەکانی ڕوودەکەنە (ناپلیۆن) پایتەخت ڕووئەکەن، بەڵام هەرگیز ئەو خەونەیان نایەتەدی بێنە ناو پاریسی نازدارەوە. (ناپلیۆن) نزیکتر دەکەوێتەوە دەگاتە (ڤەلجی بیرلۆت) شوێنێکە نزیک لەپاریسەوە، دەڵێن هەرهەمان (مۆنیتێر) دەڵێت جەنابی (ناپلیۆن پۆناپەرت) و هێزەکانی گەیشتنە (فۆت پێن پلۆ) دوای ئەوەی ناپلیۆن دەگاتە ناو پاریس هەمان (مۆنیتێر) دەڵێت: ئێمرۆ سەرلەبەیانی هێزی شکۆداریی ئیمپراتۆری فەرەنسا پاریسییان شەرەفمەند کرد بەبۆنەی گەڕانەوەی (پۆناپەرت)ی خۆشەویستەوە خۆشی و سەماو ئاهەنگ سەرتاپای شاری گرتۆتەوە، (بۆربۆن)ی خۆفرۆش و، (بۆربۆن)




لێرەدا مەبەستی لە (لویسی هەژدەیە) پیاوە زەلیلەکانیشی بەهەڵەداوان هەڵهاتن. نزیکترین نموونەیش بۆ هەموومان ڕۆژنامەکانی ڕژێمی ڕابردووە بەپێی بابەتەکانی ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژگارە کەسێک نەبوو لەسەرانسەری جیهاندا بەقەدەر ئەو کابرایەی نامەوێت ناوی بهێنم بۆ ئەوەی نەڵێن باسی ئەو ئەکات، یەعنی دڵ لەدڵ نەدەن بەهیچ جۆرێک ئەو کابرایەی (ڕەبەن) وەصیەی وەصایەی ( ) بڵاوکردەوە مەبەستم لەوەیە ڕۆژنامە دەتوانێت، گۆڤار دەتوانێت یان ڕۆڵێکی زۆر ڕێک و پێک ببینێت یان ڕۆڵێکی خراپ دەبینێت، بۆیە کە ئەوە لەسەر توێژەر وەستاوەو پێویستە هەمیشە توێژەر ئاگای لەسەرچاوەکانی بێت و کوێلە نەبێت بەدەستیانەوە، بەدەست ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەوە، بەداخەوە ئەوەی تا ئێستا هەستم پێکردووە نەک هەر لای خۆمان تەنانەت لەبەغداو لەشوێنەکانی دیکەش شاگردەکانمان ساویلکانە دەکەونە ژێر کاری ئەو بابەتانەی لەناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا هەن، ئەگەر بەوردی بەکاریان بهێنین وابزانم جێگەیەکی زۆر شیاویان

هەیە لەناو سەرچاوە رەسەنەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، ئەمڕۆ رۆژی گەلاوێژی خۆشەویستە، گەلاوێژ بەراستی سەرچاوەیەکی ئێجگار رەسەن و گرنگە بۆ مێژووی کورد، هەر ئەوەندە ئەوەم دێتەوەیاد کەوا کەڵە مێژوونووسانی کوردی وەک مامۆستا عیزەدین بەگ و تۆفیق وەهبی و رەفیق حیلمی و پیرەمێردو حسەین حوزنی موکریانی و گەلێکی دیکە وەک ئەوان بەرهەمی زۆر بایەخدارو بەکەڵکیان لەگۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکردۆتەوە نەک بەپێی قسەی ئێمەو مانان، تەنانەت رۆژنامەنووسی بیانیش هەیە لەرۆژگاری خۆیدا زۆر بەتایبەتی و بەقووڵی بەشان و باهووی گەلاوێژیدا هەڵداوە، وابزانم زێدەرۆیی نییە، ئەگەر بڵێم لەرووی بەراوردەوە، ئەگەر بێت و هەموو مەرجەکانی وەبەرچاو بگرین بەتایبەتی کات، ئەوساکە دەتوانین بڵێین هەتاکو ئێستا گۆڤارێکی دیکەی ئەوتۆ هەڵنەکەوتووە کەشان لەشانی گەلاوێژ بدا، لەساڵی (١٩٦٠)ەوە کە بۆ خوێندن چووم بۆ وڵاتی شوورەوی هەر (١٠) دە بەرگەکەی گەلاوێژم لەگەڵدابوو لەگەڵ خۆشما هێنامەوە بۆ بەغدا، ئێستا یەکێکە لەسەرچاوە هەرە دەوڵەمەندەکانی کتێبخانەکەم کە هەر رۆژە نارۆژێک دەگەڕێمەوە بۆ ژمارەکانی و زانیاری نوێیان لێوەردەگرم، هەر بۆ وێنە ئەڵێم هیچ سەرچاوەیەک نییە بۆ نموونە باسی رۆڵی کورد لەراپەڕینی ساڵی ١٩٤٨دا وەک گەلاوێژ بکات، زانیاری ئەوتۆی تێدایە ناتوانین کە لەهیچ سەرچاوەیەکی دیکە دەستمان بکەوێت، بۆیە کەبێگومان رۆژنامەوانی سەرچاوەیەکی رەسەنی لێکۆڵینەوەکی مێژوویی و .. .

ئیتر زۆر سوپاس.

***خوێنەری بەڕێز ئەم بابەتە یەکسەر لەکاسێتەوە وەرگیراوە بەدەستنووس پێمان نەگەیشتووە بۆ زانیاریتان لەگەڵ رێزماندا...**

**گ.ن**

**ئەم بابەتە لە ژمارە ()ی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)دا بڵاوکراوەتەوە، وەکو لە پەراوێزدا نووسراوە: ئەوان بەبێ دەستکاری لەسەر کاسێت رایانگواستووە، دوای خوێندنەوەی بابەتەکە پەیوەندیمان بە نووسەرەکەیەوە کردو بڕیاریدا دوای چاککردنەوە هەڵە زمانەوانی و مێژووییەکانی، جارێکی دیکە بۆی بڵاوبکەینەوە، ئومێدی ساغ و سەلامەتی و تەمەن درێژی بۆ مامۆستامان د.کەمال مەزهەر دەخوازین، کەوا ئێستا لە لەندەن چاری نەخۆشییەکەی دەکات.**




# لە یادی بیست ساڵەی دەرچوونی "چوار چرا"ی سویددا

ن.ع.ا

**پێشەکی**

سەرەتا کە ژمارەکانی چوارچرام دەستکەوت بە مەبەستی خوێندنەوەی بابەتە مێژووییەکانی، لاپەڕەکانیم هەڵدایەوە، بەڵام پاشان بۆم دەرکەوت کە سنووری بڵاوکردنەوەو گەیاندنی بەرتەسک بووە، بەتایبەتی لە کوردستاندا لە چەند کەسێک بترازێت ئەگەرنا کەسی دیکە ژمارەکانی نەبینیوە. ئەم هۆکارەو ناوەڕۆکی گۆڤارەکە بوونە دوو هۆکار، بۆ ئامادەکردن و نووسینی دێڕەکانی دادێ.

لەم بابەتەدا ناسینەوەو خوێندنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکان وەک ئامانجێک کاریان لەسەر کراوە، کە لەژێر چەند ناوونیشانێکی وەک ناسینی گۆڤارەکە، ئامانج لە دەرکردنیدا، ناوونیشانی بابەتەکان، فۆڕمەکەی، ناوەڕۆکی، مەبەستەکە گەیێنراوەو بابەتێکیش لە گۆڤارەکە هەڵبژێردراوەو نووسراوەتەوە.

دەکرێت خوێندنەوەی دیکەیش بۆ ئەم گۆڤارە بکرێت، بەڵام من لەم بابەتەدا زیاتر مەبەستم تۆمارکردنی ژمارەکانی گۆڤارەکەیە لە دووتوێی لاپەڕەکانی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، بەتایبەتیش ئەمساڵ بیست ساڵ بەسەر دەرچوونیدا تێدەپەڕێت.

**ناسینی گۆڤارەکە**

چوارچرا، گۆڤارێکی کولتووری گشتی بووە، لە ماوەی سێ ساڵدا شەش ژمارەی لێدەرچووە. ژمارەکانی (١،٢،٣)سێ ژمارەی سەربەخۆن و

لە سێ بەرگی جیادا، بەڵام ساڵی ١٩٨٩ بەرگێکی دیکەی (١٥٢) لاپەڕەیی، لەگۆڤارەکە، دەرچووەو دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە ناویان لەم بەرگە ناوە (سێ) ژمارەی بەسەر یەکەوە.

خاوەنی چوارچرا (پرۆژەی کوردی)بووە لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی وڵاتی سوید و هەر لە سویدیش کارە هونەرییەکانی لە بواری تایپ و دیزاین و چاپخانەدا رایی کراون نرخی گۆڤارەکە (١٥) کرۆنی سویدی بووە، بەرانبەر بە (٦) مارک، بەرپرسیار و دەستەی نووسەران و کارە هونەرییەکانی بەمجۆرە بووە:

*** ژمارە (١)**

بەرپرسیار: فەردا تۆران
دەستەی نووسەران: جەمشید حەیدەری، کەمال عەلی، رۆژەن بارناس.
دەرهێنانی هونەری: ڤەژین.
چاپ: بنکەی چاپەمەنی ئازاد: ستۆکهۆڵم.

*** ژمارە (٢)**

بەرپرسیار و دەرهێنانی هونەری و چاپخانە هەمان شتن، تەنیا لە دەستەی نووسەراندا ناوی رۆژەن بارناس نەماوەو ناوی مالمیسانژ دانراوە.

*** ژمارە (٣)**

بەرپرسیار و دەستەی نووسەران و دەرهێنانی هونەری گۆرانیان تێدا نەکراوە، تەنیا شوێنی چاپکردنەکەی گۆڕدراوەو بۆتە (ئینتەرئۆفسێت).

*** سێ ژمارەکەی دیکە پێکەوەن، ژمارەکانی (٦،٥،٤)**

بەرپرسیار: فەردا تۆران
دەستەی نووسەران: مالمیسانژ، کەمال عەلی، مەحموود لەوەندی، کەریم عەبدوڵڵا.
دەرهێنانی هونەری: مەحموود لەوەندی.
سەرنج: ناوی چاپخانە دیار نییە.

## ئامانج

بۆ باشتر ناسین و ئامانج لە دەرکردنی چوارچراو بۆ گۆڤارەکە ناونراوە چوارچراو پرۆژەی کوردی چییەو بۆ چ مەبەستێک ئەم گۆڤارەی دەرکردووە، (وتەی ژمارە)ی ژمارە (١)ی چوارچرا دەقاودەق دەگوازینەوە:

(هەشتاو هەشت ساڵ لەمەوبەر لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨دا، یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان بە زمانی شیرینی کوردی دەرچوو کە ئەمەش لە خۆی دا هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەورە بوو لە بواری رۆژنامەنووسی و رۆشنبیری کوردی دا.

هەشتاو هەشت ساڵ ماوەیەکی کەمە بۆ مێژوو، بەڵام لە ژیانی کوردستان و خەباتی نەتەوەی کورددا دیاردەیەکی گرینگ و گران بەهایە، چونکە نیشانەی گۆڕانێکی نوێ و پلەیەکی پێشکەوتووخوازترە لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی خەباتی کورد کە بۆ یەکەم جار چەکێکی گرینگ و کاری گەر دێتە مەیدانی تێکۆشان لە کوردستان دا، کە ئەویش رۆژنامەگەریەو رۆڵێکی باڵا دەبینێ لە ریسواکردنی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان دا.

لە هەمان کات دا ئەم رۆژنامەگەریە دەورێکی دیاری هەبووە و هەیە لە پێشخستن و پێ ناسینی کورد بە میراتی ئەدەبی و شیعر و کەلەپووری نەتەوایەتی و راگەیاندنی دەنگی کورد و تۆمارکردنی هەڵوێستی بەرامبەر رووداوەکانی جیهان و ناوچەکە.

لەو ماوە کورتەدا گەلێک هەنگاوی پیرۆز لە بواری رۆشنبیری و فەرهەنگی بە گشتی و پێشکەوتنی رۆژنامەگەری کوردی دا بەتایبەتی نراوە. لەماوەی ئەو هەشتاوهەشت ساڵەدا پتر لە سەدان گۆڤار و رۆژنامەی کوردی چاپ کراوەو بڵاوکراوەتەوە کە نۆبەرەکەیان "کوردستان"ەکەی میقداد مدحەت بەدرخان بووە.

بەڵی رژێمە کۆلۆنیالیستەکان نەک هەر دان بە مافەکانی کورددا نانێن، بەڵکو رێگا لە پێشکەوتنی کولتوور و ئەدەب و زمانەکەی دەگرن و مێژووەکەشی دەشێوێنن، جا بەوەشەوە ناوەستن بەڵکو لە نیشتمانی باوباپیرانیشی بە بیانی دەزانن و راگوێز و ئاوارەو سەرگەردانی وڵاتانی دیکەی دەکەن.

ئێمرۆکە نیو ملیۆن کورد لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا سەرو و کەنەداو ئوستralیان و ژیانێکی دژوار و دوور لە کەسوکار و نیشتمانیان بەسەر دەبەن، لەنێوانیان بەسەدان مامۆستاو دکتۆر و پارێزەر و نووسەر و توێژەر...هتد هەن کەلە ئەنجامی سیاسەتی شۆڤێنی و رەگەزپەرستانەی ئەو رژێمە کۆلۆنیالیستانە دەرفەتیان نەبووە

لە وڵات دا خزمەتی نەتەوەکەیان بکەن، هەر بۆیەشە شتێکی زۆر ئاسایە کە ئیمڕۆ بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری فراوان لە دەرەوەی نیشتمان بەدی دەکرێت کە ژمارەیەکی زۆر لە گۆڤار و بڵاوکراوە چاپ دەکرێن و چەندانیش رێکخراو و مەڵبەندی کولتووری دامەزراوون.

پرۆژەی کوردیش لەستۆکهۆلم کە بریتی یە لە دەزگەیەکی رەسمی گرێدراوە بە دایرەی کۆمەڵایەتی "سۆسیال: ١٦-١٨"ی سەر بە شارەوانی ستۆکهۆلم، تایبەتە بە جێ بەجێ کردنی کاروباری کورد و ئاوارەکانی: تێنیستەو رینکەبی و یولیستاو گەیاندنی هەموو گیروگرفتیان بە دەزگاکانی دەوڵەت و پێشنیار کردن بۆ جێ بەجێ کردنیان، هەروەها راگەیاندنی کاروباری دەوڵەتی سوێد و پارتە سیاسیەکانی بەکورد، ئەو کارەش بۆ ماوەی چوار ساڵ بە پرۆژە سپێردراوە، کە بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک دەبێ دەستی بەکار کردووەو تاکو ئێستاش گەلێک هەنگاوی سوودمەندی ناوە.

لەبەر رۆشنایی ئەوەی سەرەوەدا دەمانەوێ بۆ خوێنەرانی کوردی ئازیز روون بکەینەوە کە ئەم گۆڤارە هیچ جۆرە پەیوەندیکی بە پارتە سیاسییەکانی کوردەوە نییەو نابێت و خۆشی بە هیچ لایەکیانەوە گرێ نادات، بەڵکو پرۆژەی کوردی بە شانازیەوە هاوبەشی بزووتنەوەی رۆشنبیری کوردی دەکات و چالاکی خۆی بە دەرکردنی گۆڤارێکی کولتووری گشتی سەربەخۆی ناو بەناو نیشان دەدات، ئامانجی تەنیا "خزمەت کردنی بزووتنەوەی رۆشنبیری کورد و پێشکەوتنیەتی".

### بۆچی ئەم گۆڤارەمان نێو نا چوار چرا؟

گومان لەوەدا نیە کە هەموو کوردێکی رۆشنبیر نێوی چوارچرا بەرگوێ کەوتوە، یاخود لە کتێب و چاپەمەنی دا بەرچاوکەوتوە. گۆڕەپانی چوارچرا کە دەکەوێتە شاری مەهابادەوە، جێگایەکی تایبەتی لەمێژووی کورددا هەیە. بۆ یەکەم جار لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا لە ٢ی رێ بەندانی ١٩٤٦دا ئالای ئازادی و سەربەخۆی کوردستان لە چوارچرا هەڵ کرا.

ئێمە گەلێک خۆشحاڵین کە دەرچوونی یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارە دەکەوێتە یادی (٤٠) ساڵەی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان. بەم بۆنەیەشەوە دەستەی نووسەران پیرۆزبایی گەرمی پێشکەش بە هەموو جەماوەی کورد دەکات و لەهەمان کاتدا هاوبەشی ماتەمینی نەتەوەی کورد دەکات لە رووخانی کۆماری کوردستان دا.

بەڵێ چوارچرا نێوی شوێنێکی پیرۆزە لە مێژووی نەتەوەکەمان دا و هەر لێرەشدا سەرۆکی کۆماری دیموکراتی کوردستان و پارتی دیموکرات پێشەوا قازی محەمەد لەلایەن دەستەو دایرەی رژێمی شاهەنشاو نۆکەرانی ئیمپریالیزمەوە لە سێدارە دراو گیانی پاکی بە نیشتمان و نەتەوەی کورد سپارد. جەماوەری کورد هەرگیزاو هەرگیز ئەو رۆژەی بیر ناچێ جا چ لەژێر سیاسەتی زوولم و زۆری و قەتڵ و عامی رژێمە کۆلۆنیالیستەکان دا چ لە دەرەوەی نیشتمانیش بە بلاوکراوەو نووسین و گرتنی چەندان کۆڕ یادی پیرۆزی دەکرێتەوە.

خوێنەرانی ئازیز

پرۆژە بە پێویستی دەزانێ دەست بۆ ئەم خاڵەش رابکێشێ کە هەرچی نووسین و ووتارێک لە چوارچرا بڵاوبکرێتەوە، نووسەر خۆی بەرپرسیارە، ئەو وتارانەی بڵاونەکرێتەوە بۆ خاوەنەکانی ناگەڕێتەوە.

چوارچرا گۆڤاری ئێوەیەو چاوەڕوانی تێبینی و لەهەمان کات دا بەرهەمەکانتان دەکات، بە ئومێدی هاوکاری و یارمەتی هەموو کوردێکی دڵسۆز ژمارەکانی ئایندەی چوارچرا بە ئەنجام دێنین.

ئومێدی سەرفرازی هەموو و خوێنەران و سەرکەوتنی کورد دەخوازین)

"دەستەی نووسەران"

ئەم وتارە وەڵامە بۆ چەندان پرسیار، بەتایبەتیش چ لایەنێک گۆڤارەکەی دەرکردووەو ئامانج لە دەرکردنی گۆڤارەکە چ بووە، بۆ زانیاری زیاتر ئەم گۆڤارە بە هەردوو دیالێکتی کرمانجی سەروو و خواروو دەرچووە.

### ناوونیشانی بابەتەکان (ناوەڕۆک)

*** ژمارە(١) ساڵ (١) رێ بەندانی ١٩٨٦، (٥٠) لاپەڕەیە.**

- گوتارا ڤی ژمارەیێ. لاپەڕە (١-٢) رەداکسیۆنا چارچرا.
- ئەدەبیات و رەوشا مەیا ئیرۆین. لاپەرە(٣-٥) رۆژەن بارناس.
- هونەرمەندەک کورد م.عەلی. لاپەڕە (٦).






- گەرگەڕینۆک ئان سواری ب تەنێ-بەشی یەکەم. لاپەڕە (١٠-١٨)چیرۆکی باڤێ نازێ.
- بۆ بیرانینا فەریق پۆلاتبیکۆڤ. لاپەرە (١٩) شیعری: تۆسنێ ڕەشید.
- نرخپێدانەک ل سەر کار و خەباتێن، جەلادەت بەدرخان، محەمەد عەلی عەونی و عەلی سەیدۆ گۆرانی. لاپەڕە (٢٠-٢٥) د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، وەرگێڕ،م. دەرسیمی.
- کوردم ئەمن. لاپەڕە (بێ ژمارە) شیعری: هێمن.
- چاوخشانێک بە کوردستانی ڕوسیا لە سەدەی نۆزدەدا. لاپەڕە (٢٦-٢٩) کەمال عەلی.
- د.شەمسەدین فارس کارو ژیانی وی. لاپەڕە (٣٠).
- گۆرانی و ئاوازی میللی کوردی لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتی و مۆسیقاناسی کورد دکتۆر نوری جەواری. لاپەرە (٣١-٣٤)بروسک.
- ئەحمەد موختار جاف و چیرۆکی مەسەلەی ویژدان-لاپەڕە (٣٥-٣٨)جەمشید حەیدەری.
- بیری نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیونال لە شۆڕشی میر بەدرخانی بۆتان دا. لاپەڕە (٣٩-٤٦)کەمال عەلی.
- باخچەی شاعیران، حاجی قادری کۆیی ١٨١٧-١٨٩٧..لاپەڕە (٤٧-٤٨).
- وتەی ژمارە..لاپەڕە (٤٩-٥٠) دەستەی نووسەران.

*** ژمارە (٢)ساڵ (١) خاکە لێوەی ١٩٨٦، (٥٢)لاپەڕەیە.**

- ڕۆژنامەگەریا کوردی ل کوردستانا باکوور و ل تورکیێ..
لاپەڕە (١-١٢)، مالمیسانژ و مەحموود لەوەندی
- گەر گەرینۆک ئان سوارێ ب تەنێ، بەشی دووەم-لاپەڕە (١٣-١٨) باڤێ نازێ، چیرۆک.
- کوردیزادە ئەحمەد رامزێ لچی.. لاپەڕە (١٩-٢٢) مالمیسانژ.
- ژ وەشانێن هێڤیێ، هینکەرێ زمانێ کوردی. لاپەڕە (٢٣-٢٥) مالمیسانژ.
- کۆسرەت جەمال (هونەرمەند)..لاپەڕە (٢٦-٢٧).
- کورد لەسەرچاوەکانی ئیتالیادا.. لاپەڕە (٢٩-٣٢).
- کۆچی دوایی هێمن ١٩٢١-١٩٨٦...لاپەڕە (٣٣).
- ئەو پیاوەی بوو بە بۆق لاپەڕە (٣٤-٣٧)نون کاف، چیرۆک.
- ئەحمەد موختار جاف و چیرۆکی مەسەلەی

ویژدان، بەشی دووەم، لاپەڕە (٣٨-٤٢)جەمشید حەیدەری.
- باخچەی شاعیران، فایەق بێ کەس ١٩٠٥-١٩٤٨. لاپەڕە (٤٣-٤٤).
- کورتەیەک لە خەباتی عەبدول ڕەزاق بەدرخان.. لاپەڕە (٤٥-٥١)، کەمال عەلی.
- ڕۆژنامەی کوردستان لە چەند دێڕێکدا..لاپەڕە (٥٢)دەستەی نووسەران.

*** ژمارە (٣)ساڵ (١) گەلاوێژی ١٩٨٦، (٥٢) لاپەڕەیە.**

- خەریتا مەحموودێ قاشگاری و وەلاتێ کوردان. لاپەڕە (١-٢)مالمیسانژ.
- چەند سترانێن شێخ بزینیان..لاپەڕە (٣-٤)مەحموود لەوەندی.
- گەرگەرینۆک ئان سوارێ بەتەنێ. بەشێ سییەم. لاپەڕە (٥-٨)چیرۆکی: باقی نازێ.
- عەبدولرەحمان بەگی ساحیبقران (سالم ١٨٠٥-١٨٦٩). لاپەڕە (٩-١٠)کاروخ.
- ڕۆژنامەگەریا کوردی ل کوردستانا باکور و ل ترکیێ-بەشێ دووەم..لاپەڕە (١١-٢٤)، مالمیسانژ و مەحمود لەوەندی.
- دوو هونەرمەندێن کورد ژ گورجستانێ. لاپەڕە (٢٥-٢٧).
- کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئەڵمانیادا- بەشی یەکەم..لاپەڕە (٢٨-٣١).
- هەنگاوێکی پراکتیکیانە بەرەو زمانی یەکگرتوو. لاپەڕە (٣٢)حەمە.
- باری ژیان و کولتووری کوردی گورجستانی سۆڤیەت. لاپەڕە (٣٣-٣٧)بروسک.
- باخچەی شاعیران: شێخ نوری شێخ سالح ١٨٩٨-١٩٥٨..لاپەڕە (٣٨-٣٩).
- محەمەد عەلی کوردی و چیرۆکی دوای سەرخۆشی پشتی یە..لاپەڕە (٤٠-٤١)جەمشید حەیدەری.
- دایک. لاپەڕە (٤٢-٤٣)چیرۆکی: ئیحسان مستەفا.
- پێوەندی نێوان کورد و روسیا لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا-بەشی یەکەم. لاپەڕە (٤٤-٥٤)کەمال عەلی.

*** سێ ژمارەی دیکە، نەورۆزی ١٩٨٩.، (١٥٢) لاپەڕە:**

سێ ژمارە لەبەرگێکدایە و ئەم بابەتانەی تیادا بڵاوکراوەتەوە:
- لەبابەت نقیسکار، زمان و ئەلف بایێ، پەرتوکێت دینێ ئێزدیان.. لاپەڕە (٣-٢٦) پرۆفیسۆر قەناتێ کوردۆ.
- چەند شاعیرێن کلاسیک.. لاپەڕە (٢٧-٣٩) ز.زنار.
- ڕۆژنامەگەریا کوردی ل کوردستانا باکورو ل ترکیێ، بەشێ سێ یەم.. لاپەڕە (٤٠-٥٨) مالمیسانژ و موحموت لەوەندی.
- ئەلیک و فاتیک، چیرۆکێکی فۆلکلۆری بەزاری دەملی. لاپەڕە (٥٩-٦٤).
- بەیاننامەی شێخ سەعیدی پیران.. لاپەڕە (٦٥-٦٨).
- گەرگەرینۆک نان سوارێ ب تەنێ، بەشێ چوارەم. لاپەڕە (٦٩-٧٣) باقێ نازێ.
- هونەرمەندەکی کورد: لالە عەبدو ئەمین.. لاپەڕە (٧٤-٧٧).
- کورتە مێژوویەکی کوردناسی لەئەڵمانیادا، بەشی دووەم.. لاپەڕە (٧٨-٨٧).
- بەیتی سمۆ. لاپەڕە (٨٨-٩٣) چیرۆک: ر.بێگەرد.
- ٥٠ ساڵ بەسەر ڕۆمانی نازدار یان چنی لادێ. لاپەڕە (٩٤-١٠٠) جەمشید حەیدەری.
- گۆرانی ساوار کوتانەوە.. لاپەڕە (١٠١-١٠٥) فەخرەدین گەردی.
- پێوەندی نێوان کوردو رووسیا لەسەرتای سەدەی بیستەم دا. لاپەڕە (١٠٦-١١٤) کەمال عەلی.
- باخچەی شاعیران. بەختیار زیوەر ١٩٠٨-١٩٥٢.. لاپەڕە (١١٥-١١٧).
- زمانی یەکگرتووی کوردی.. لاپەڕە (١١٨-١٢٧) د. جەمال نەبەز.
- لەچوارچرای مەهاباد.. لاپەڕە (١٢٨-١٥٠) کەمال عەلی.

## فۆرمی چوارچرا

بۆ باشتر خوێندنەوەو بەیانکردنی لایەنی هونەری فۆرمی گۆڤارەکە، لە بوارەکانی تایپ، دیزاین، وێنە، بەرگ دەدوێین.

**١- تایپ:**

لەبەر ئەوەی چوارچرا بە هەردوو دیالێکتی کرمانجی خواروو و سەروو چاپکراوە لە تایپکردنی بابەتەکانیشی دا هەردوو فۆنتی لاتینی و فۆنتی بەکارهاتوو لە کوردستانی خواردوودا بەکارهێنراوە، بابەتەکانی بەشی کرمانجی خواروو زیاتر بەتایپی (IBM) تایپکراون و

ناوونیشان و ناوی نووسەر و وەرگێرەکانیش بەدەستخەت نووسراون، سەروو بۆر و ژێری پیتەکانیش بەدەست داندراون و کێشراون، بابەتەکانی بەشی کرمانجی سەرووش هەمان شێوە بەتایپی (IBM) تایپکراون، هەندێک جاریش تایپی پێشکەوتووتر بەکارهێنراوە، چونکە وەک دەردەکەوێت تا بۆ نووسین و دانانی ناوونیشانی بابەتەکان سوود لەو جۆرە تایپ و تایپی پێشکەوتووتر بینراوە.

**٢- دیزاین**

نەخشەی هونەرکارییەکی سادەو ساکار بۆ لاپەڕەکان داندراوەو کاری لەسەر کراوە، هەموو بابەتەکان لەسەر یەک ستوون راکێشراوەو فەزای ماکێتی لاپەڕەکانی پێ پڕکراوەتەوە، تەنیا لەبەشی کرمانجی سەروودا لەچەند بابەتێکدا پێڕەوی دوو ستوونی کراوە، لە ژمارە دوو و سێ دا لاپەڕەکان چوارچێوەیان بۆ کێشراوە، ژمارەکانی دیکە بێ چوارچێوەو ساکارن، ئەوەی زیاتر جوانکاری بە بەرگ و لاپەڕەکان داوە سوود لە دایزاین و بڵاوکردنەوەی وێنە بینراوە، قەبارەی گۆڤارەکە بەم شێوەیەیە.

* ژمارە(١) ٢٤×١٧,٨سم
* ژمارە (٣,٢)٢٣,٥×١٧,١سم
* ژمارە (٦,٥,٤) (لەیەک بەرگدایە) ٢١×١٥سم

**٣-وێنە**

چوارچرا یەکێکە لەو گۆڤارە کوردییانەی بەشێوەیەکی بەرچاو گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وێنەداوە، لە ژمارەکانیدا ئەم وێنانەی بڵاوکردۆتەوە:

*** ژمارە (١)**

- هێڵکارییەکی هونەرمەند (م.عەلی) واتە (مەدحەت کاکەیی).. لاپەڕە(٦).
- تابلۆیەکی هونەرمەند محەمەد عارف.. لاپەڕە (١١)
- جەلادەت بەدرخان..لاپەڕە (٢٠) وێنەی کەسی (شەخسی).
- محەمەد عەلی عەونی. لاپەڕە(٢٢) وێنەی کەسی.
- عەلی سەیدۆ گورانی.. لاپەڕە (٢٢) وێنەی کەسی.
- هێڵکارییەکی دیکەی هونەرمەند (م.عەلی).. لاپەڕە (٢٥)
- هێڵکارییەکی دیکەی هونەرمەند (م.عەلی).. لاپەڕە (٢٦
- هێمن-ی شاعیر..لاپەڕە (٢٧)وێنەی کەسی.
- د.شەمسەدین فارس. لاپەڕە (٣٠)وێنەی کەسی.
- د.نوری جەوادی..لاپەڕە (٣٤)وێنەی کەسی.
- حاجی قادری کۆیی..لاپەڕە (٤٨)وێنەی کەسی (بە خەیاڵ)

*** ژمارە (٢)**

- وێنەی لاپەڕە یەکی رۆژنامەی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی). لاپەڕە(٤).
- وێنەی لاپەڕە یەکی رۆژنامەکانی (شەرق و کوردستان) و (پەیمان)..لاپەڕە(٧).
- وێنەی بەرگی ژمارە(١)ی گۆڤاری (رۆژی کورد). لاپەڕە (١٠).
- پەیکەرێک لە پەیکەرەکانی هونەرمەند (کۆسرەت جەمال)-لاپەڕە (١٢).
- بەرگی کتێبی (هینکر زیمان کوردی).. لاپەڕە(٢٤).
- وێنەی هونەرمەند (کۆسرەت جەمال). لاپەڕە(٢٦).
- پێنج وێنە بۆ قۆناغەکانی دروستکردن و رووخانی پەیکەری کاوە لە شاری سلێمانی پێشان دەدات کە هونەرمەند (کۆسرەت جەمال) دروستی کرد و رژێمی سەدام حوسێن رووخاندی..لاپەڕەکانی (٢٦-٢٧).
- فایەق بێ کەس. لاپەڕە (٤٤)وێنەی کەسی.

*** ژمارە (٣)**

- وێنەی نەخشەکەی مەحمودێ قاشگاری.. لاپەڕە(٢)
- سالم-ی شاعیر..لاپەڕە(٩) وێنەی کەسی (بەخەیاڵ).
- وێنەی لاپەڕەیەکی گۆڤاری (ژین)..لاپەڕە (١٤).
- وێنەی لاپەڕەیەکی گۆڤاری (کوردستان)... لاپەڕە (١٧).
- وێنەی لاپەڕە یەکی رۆژنامەی (دیجلە کایناگی) لاپەڕە(٢١).
- وێنەی لاپەڕە یەکی هەفتەنامەی (شارکن سەسی)...لاپەڕە (٢٢).
- تابلۆیەکی هونەرمەند (ب.جەعفەرۆڤا).. لاپەڕە (٢٦).
- تابلۆیەکی هونەرمەند (ئا.میرزۆییڤ)...لاپەڕە (٢٧).
- هونەرمەند (ئانتۆن میرزۆییڤ)...لاپەڕە (٣٣)وێنەی کەسی.

– هونەرمەند (بەسێ جەعفەرۆڤا).. لاپەڕە (٣٤) وێنەی کەسی.
– گەلەرییەکی پڕ لە تابلۆ.. لاپەڕە (٣٤).
– دوو وێنە لە شانۆگەرییەکدا.. لاپەڕە (٣٥).
– شێخ نوری شێخ سالح-ی شاعیر. لاپەڕە (٣٩) وێنەی کەسی.

*** ژمارەکانی (٤-٥-٦)لە یەک بەرگدا.**

– وێنەی کۆپیکراوی چەند ئەلفابێ یەکی جیاواز.. لاپەڕە (١٠).
– کۆپی لاپەڕەیێک لە کتێبی جلوە. لاپەڕە (١٣)
– دوو وێنە لە پەرستگای لالەش، وێنەی یەکەم بەدەست کێشراوەو ئەوی دیکەیش فۆتۆگرافی یە....لاپەڕە (١٧).
– وێنەی پیاو و ژنێکی (وابزانم) ئێزیدییە لە شاری سنجار سالی (١٨٢٠)..لاپەڕە (٢٣).
– وێنەی لاپەڕە یەکی گۆڤاری (دیجلە-فرات).. لاپەڕە (٥١).
– وێنەی لاپەڕە (بەرگ)ی یەکی گۆڤاری (دەنگ).. لاپەڕە (٥٦).
– شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥). لاپەڕە (٦٦) وێنەی کەسی.
– هونەرمەند(لالە عەبدە ئەمین). لاپەڕە (٧٤)وێنەی کەسی.
– تابلۆیەکی هونەرمەند (لالە عەبدە ئەمین).. لاپەڕە (٧٥).
– دوو تابلۆی دیکەی هونەرمەند (لالە عەبدە ئەمین).. لاپەڕەکانی (٧٦-٧٧).
– بەختیار زێوەر..لاپەڕە (١١٦)وێنەی کەسی.

بۆ ئەوساو بۆ گۆڤارێکی لەو شێوەیە جێگای سەرنج و پێزانینە کە لە تەنیا شەش ژمارەدا توانراوە زیاتر لە پەنجا وێنەو هێلکاری بلاو بکاتەوە، وێنەکانی روون و ئاشکران بە ئاسانی دەناسرێنەوە، بەلام باشتر دەبوو ئەگەر بۆ وێنە شەخسییەکان ناوی کەسەکە لە ژێری بنووسرێت، ئەو وێنەو تابلۆ و هێلکارییانە بە قەبارەی جیاواز دابەزیون و لەو لاپەڕانەی کە وێنەی تێدا دانراوە هارمۆنیەتی بە ئیستاتیکای لاپەڕەکان داوە.

**٤- بەرگ**

لەپێناوی بەرگێکی سەرنجراکێشەر و وەک بەشێک لە گرنگیدان بە بوارەکانی کولتوور لە هەر ژمارەییێکدا کۆمەلێک تابلۆ و هێلکاری بۆ هونەرمەندانی کورد بلاوکردۆتەوە، بەلام هەر ژمارەییێک تەرخانکراوە بە کارەکانی




هونەرمەندێک یاخود دوو هونەرمەند نەک زیاتر، ئەو تایبەتمەندییە بەرگیشی گرتۆتەوە.

لە بەرگەکانی چوارچرادا تەنیا رەنگی رەش بەکارهاتووە لە بەشی رووبەری سەرەوەیدا ناوی گۆڤارەکە بە دەستخەتێکی تا ئاستێک جوان نووسراوە لەژێرەوەی ناوی گۆڤارەکەشدا ئەم دەستەواژەیە نووسراوە (گۆڤارێکی کولتووری گشتییە) لەژێر ئەمەشدا ژمارەو سال و مانگی دەرچوونی گۆڤارەکە نووسراوە، زیاتر دوو لەسەر سێی بەرگ بۆ دانانی هێلکاری و کاری هونەری تەرخانکراوە دەتوانین بلێین ئەمە دیزاینی لای پێشەوەی یەکەمین و دووەمین بەرگی هەر شەش ژمارەکەیە کەبەفۆنتی باوی کوردستانی خواروو نووسراوەو دووەمین بەرگیشی بە فۆنتی لاتینی نووسراوە، بەلام لە یەکەمین و دووەمین بەرگدا بەلای پشتەوەدا ناوی بەرپرسیار و دەستەی نووسەران و نرخی گۆڤارەکەو ناوەڕۆکی بابەتەکان و لە چەند ژمارەیەکدا وتەیەکی کورتیش نووسراوە، بەرگی گۆڤارەکە لەسەر کارتۆنی شەست گرامی چاپکراوەو لە ژمارەکاندا تەنیا رەنگی کارتۆنەکان گۆڕدراوە، بەرگەکان:-

*** ژمارە (١)**

– لە پێشەوەو پشتەوەی بەرگی یەکەمین و

دووەمیندا تابلـۆی هونەرمەند مەدحەت کاکەیی داندراوە.
– بەرگـی یەکەمیـن بـەلای پشـتەوەدا وێنـەی پێشـەوا قازی محەمـەد و شـیعرێکی هێمن-ی شاعیر بڵاوکراوەتەوە.
– بەرگی دووەمین بەلای پشتەوەدا وێنەی بەرگی گۆڤارەکە بە بچووککراوی لەگەڵ ناوی دەستەی نووسـەران و بەرپـرس و نرخـی گۆڤارەکە بە فۆنتی لاتینی داندراوەو نووسراوە.
*** ژمارە (٢)**
– لە بەرگی یەکەمین بەلای پێشەوەدا کۆلاجێکی چەنـد گۆڤـار و ڕۆژنامەیێکـی کۆنـی کوردی داندراوە، ئەو کۆلاجە لە دووەمین بەرگدا بەلای پێشـەوەدا دووبارە کراوەتەوە لای پشـتەوەی وەک ژمارەی یەمینە.
*** ژمارە (٣)**
– لە یەکەمین بەرگ بەلای پێشەوەدا، تابلۆیەکی هونەرمەندی کورد (بەسێ جەعفەرۆڤا) داندراوە، بەلای پێشەوەی بەرگی دووەمینیشدا تابلۆیەکی هونەرمەندی کورد (ئەنتۆن میرزۆییڤ) داندراوە، لای پشتەوەی هەردوو بەرگەکەش وەک ژمارەی یەکەمین و دووەمین.
*** ژمارە (٤،٥،٦) (لە یەک بەرگدا)**
– تابلـۆی ئێـزدی هونەرمەند (هێنـری لایارد)ە کە لە سـاڵی ١٨٤٩ کێشـراوە، لەلای پێشەوەی یەکەمیـن بەرگ دانـدراوە، بەڵام لە پێشـەوەی دووەمین بەرگدا چەند دێڕێک لە کتێبی (جلوە)ی ئێزدییـان، لای پشـتەوەی هـەردوو بەرگەکـە بەسپی جێهێڵدراوە.

## ناوەڕۆک

* میتۆدی کارەکە زیاتر لەسـەر هێڵی نەتەوەیی دامـەزراوەو کاری بـۆ کـراوەو بەرهەمـی بڵاوکردۆتەوە، هەوڵدراوە لـە چوارچرا یەکێتی بابـەت بپارێزرێـت، دەسـتەی دامەزرێنـەری (پرۆژەی کـوردی) کە یەکێک لە بەرهەمەکانیان گۆڤـاری چوارچرا بـووە، دەرکیان بـە گەرمی ئامێـزی "هەسـتی نەتەوەیـی" کـردووەو هـەر لـەم پێودانگەشـدا پرۆژەکەیـان پرۆژەیەکـی کوردسـتانی بووە، بە خوێندنـەوەی بابەتەکانی هـەردوو بەشـەکەی گۆڤارەکـە هەسـت بەلێکنزیکبوونەوەیەکی حاڵیبوون لە ئامرازەکانی خەبـات و تێکۆشـان هەبـووەو زۆر هەسـتدار و هەسـت بـە لێپرسـراوێتی کـردن کاریان بۆ بڵاوکردنـەوەی بابەتەکان کـردووە، بۆ نموونە خۆیـان دوورەپەرێـز گرتووە لەنـاو زڕاندن و ناشـیرین کردن و شـێواندنی کەسـی بەرامبەر یاخـود حـزب و ڕێکخـراوو گروپـە کـورد و کوردستانییەکان، کە ئەوسـا ئەو شێوازە لەنێو بڵاوکراوە و گۆڤارە کوردییەکاندا زۆر باوبووە، گوتاری چوارچرا لەسەر بنیاتی هۆشیارکردنەوەو هۆشـیاری نەتەوەیـی دامـەزراوەو بەرهەمـی بڵاوکردۆتەوە.
* زمانەکەی کوردی بووە، کوردی بەو واتەیەی کە ڕەهەندەکانی زمان و نووسـینی بەشێوەیەک لێدەکەوێتـەوە، کە تیایـە پارێزگاریـی لە زمان کراوەو بەشـێوە زمانێک بابەتەکان نووسـراون لـەوە دەچێـت سەرپەرشـتیار و دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤارەکە لای مەبەسـت بووە کە زمانـی گۆڤارەکـە، زمانێکی پـاراوو بێ گرێ و گۆڵ و تەتەڵەکراوبێت لە وشـەی نامۆ و بێگانە، زمانی بابەتەکانی چوارچرا خوێنەر بەلای خۆی کێش دەکات و زهنی مرۆڤ ماندوو ناکەن.
* مێـژوو وەک بەشـێک لـە گەیانـدن و بڵاوبوونـەوەی پەیامی نەتەوەیـی ڕووبەرێکی باشـی لە چوارچـرادا بەر کەوتـووە و چەندان بابەتی بەکەڵکی بڵاوکردۆتەوە کە تابە ئەمڕۆش دەگات هێـز و زانسـتیەتی خۆیـان لەدەسـت نـەداوە، ئەوەی زیاتریش بابەتـە مێژووییەکانی بە زیندوویی هێشـتۆتەوە زۆربەیان پشتیان بە کۆمەڵێک سـەرچاوەی هەمەجۆر و دۆکیۆمێنت بەستووە.
* ئەدەب، تا ئاستێک لای لێکراوەتەوە بەتایبەتیش لێکۆڵینەوەو کورتە وتار و لێدوان، دەقی شـیعر بڵاونەکراوەتـەوە، دیارە مەبەسـتم لـە دەقێکە یەکەمینجار لە چوارچرادا بڵاوکرابێتەوە ئەگەرنا چەنـدان دەقی شـاعیرانی کۆچکـردووی کورد بڵاوکراونەتەوە، لەوە دەچێت ئەو دەرگا داخستنە بە ڕووی دەقی شـیعردا بـۆ دنیای دەوڵەمەندی شـیعری کوردی بگەڕێتەوە کە هەردەم ڕێژەی شێری لە دنیای ڕۆژنامەگەریدا بەرکەوتووە.
* ئەگەرچـی زۆربـەی بابەتەکانـی چوارچرا بەتایپـی ئاسـایی دەسـتی و کارەبایـی یاخود بـە تایپـی (IBM) تایپکراون، بـەڵام هەوڵدراوە بـە کەمتریـن هەڵە دەربچێت و پێـڕەوی دانانی نیشـانەکانی خاڵبەندی کـراوەو دەتوانین بڵێین یەکێتی ڕێنووسێک کاری لەسەر کراوە.
* هونەری شێوەکاری و هونەری گۆڕانی گرنگیان

پێدراوە، بەتایبەتیش هونەری شێوەکاری کە لە هەر ژمارەیێکدا هونەرمەندێکی کورد ناسێنراوەو چەند تابلۆ یاخود هێلکارییەکی بڵاوکراوەتەوە و وێنەی بەرگ گۆڤارەکەش تایبەتە بەو هونەرمەندەی کە لە هەمان ژمارە دا باس کراوە، هەروەها چوارچرا بابەتیشی سەبارەت بە گۆرانی و گۆرانی میللی و فۆلکلۆری بڵاوکردۆتەوە.

* بەگشتی چوارچرا لەناوەرۆکدا گۆڤارەکە بەوردەکاریی کاری لەسەر دانان و هەڵبژاردن و بڵاوکردنەوەی بابەتەکاندا کردووە کە بۆ من جێگای سەرنج و مایەی دڵخۆشییە، کە چەند (ناو)ێکی دیاری نێو لیستی نووسەر و لێکۆڵەرانی کورد کۆببینەوەو گۆڤارێکی بەو شێوەیە دەربکەن.

* لێدوان و لێکۆڵینەوە لە رۆژنامەگەریی کوردی لە هەر شەش ژمارەکەدا گرنگی پێدراوەو هەوڵدراوە بۆ یەکەمینجار چەند گۆڤار و رۆژنامەیێکی دانسقە بە خوێنەران بناسرێت.

## بابەتی هەڵبژاردە

کۆمەڵێک بابەت لە چوارچرادا بڵاوکراونەتەوە تا ئێستاش هێزی خۆیان لە دەست نەداوەو دەشێت وەک سەرچاوەی باوەڕپێکراو سوودییان لێ ببینرێت، لەژێر ناوونیشانی بابەتی هەڵبژاردەدا بابەتێک دەنووسینەوەو کە لێدوانە لە بڵاوکراوەیەک لە بڵاوکراوەکانی هێڤی و دەقی بابەتەکە بە پیتی لاتینی کە لێدوانە لە بڵاوکراوەیەک لە بڵاوکراوەکانی هێڤی و دەقی بابەتەکە بە پیتی لاتینی نووسراوەو ئێمە تەنیا پیتەکەمان کردۆتەوە پیتی باوو بەکارهاتوو لە کوردستانی خواروودا، ئەم بابەتە لە ژمارە دووی چوارچرا بڵاوکراوەتەوە.

ژ وەشانێن هێڤیێ (١٩٢١)

## هینکەرێ زمانێ کوردی

ئەڤ کتێب، ئالیکی دە کێماسیەکە مە یا ئیدۆین ژ نیشانێ مەددە، ب تایبەتی کێماسیامە کوردێن کوردستانا باکور، گەلۆ ژ ١٩٢١ ئان ڤر دە، کامە چقاس کتێبێن کوردی ئامادەکرنە؟ ژ بۆ هینکرنا کوردی، ب دەستێ رێخستنەکە خوەندەکارێن کورد و ڤە نە بە دو زاراڤان؟.

بەرێ شێست و پێنج سالان. ل ئیستەنبۆلێ کۆمەلەیەک ب ناڤێ جڤاتا تەلەبەی کوردان- هێڤی (کورد تەلەبە-ی هێڤی جەمعیەتی) ب ناڤێ هینکەرێ زمانێ کوردی (رەهبەرێ زمانێ هەردوو کوردی: کورمانجی، بابانی) کتێبەکە وەشاندیە.

ئەڤ کتێبا یەکەمین ئا هێڤی یا بوو.

هەرچی جڤاتا تەلەبەی کوردان- هێڤی ب خوە. ژ ئالیێ خوەندەکارێن کوردان ل ئیستەنبۆلێ، د (٢٧-٧-١٩١٢) ئان دە ئاڤا بوویە. هەر چقاس هنەک نڤیسکار دنڤیسن کو ئەڤ کۆمەلە د ١٩١٠ ئان دە ئاڤابوویە ژی ئەڤ یەکا نە راستە چمسکید کتێبا هینکەرێ زمانێ کوردی دە، د (١٩٢١)ئان دە هاتیە نڤسین کو هێڤی، بەری نەه سالان دەست ب خەباتێ کریە. ژ ئالیێ دن هنەک چاڤکانیێن ترکان ژ دنڤیسین کو هێڤی، ب ئاواکی خەیری رەسمی د (١٩٠٨)ئان دە دەست ب خەباتێ کریە.

ل گۆر هنەک چاڤکانیان، کۆمەلا هێڤیێ ژ بۆ کوردستانێ هنەک رەفۆرم د خوەستن. مەسەلا ئیددیێ دم. شوکر و سەکبان ژی ئەوە کو دۆزا سەرخوەبوونا کوردستانێ و ژ ئیمپەراتۆریا ئوسمانی جهێ بوونێ نەکریە.

د گەل ڤیا د سالا ١٩١٢ ئان دەخەباتا ئاسیۆنالیستێن کوردان گەش بووبوو. ب تایبەتی خەباتا خوەندەکارێن کوردان ل ئیستەنبۆلێ خوە باش نیشان ددە. دمەها گولانا ڤێ سالێ دە (هنەک تێکۆشەرێن کوردان ل ئیستەنبۆلێ بانگەکە یەکیتێ بەلاڤ کرن ئەوان ژ نونەرێن هەموو کۆمەلە، رێخستن و کەسێن کوردان دۆز دکرن کو هەڤکاری و یەکگرتنا هێزێن خوە کۆم بکن. نونەران داخوازا بریارا دامەزراندنا پارتیەک یەکگرتی کربوو کو ئەو بکارە ببە چارەسەرا ئارمانج و رێیەرا نەتەوا کورد).

دیسان د (١٩١٢)ئان دە ل ئیستەنبۆلێ کۆمەلەیەک ب ناڤێ کوردستان موهبلەر جەمعیەتی (کۆمەلا دۆستێن کوردستانێ) ئاڤا بوویە. تێ زانین کو کوردێن وەکی م.نوری دەرسیمی، ب بزاڤێ د ڤێ کۆمەلێ دەکار کرنە.

هەر دسالا (١٩١٢)ئان دە، ل ئەرزورومێ ژی ب ناڤێ ئیرشاد رێخستنەک یللەگال هەبوو.

لێ خەباتا هەرێ خورت، یا هێڤیێ بوو. شاخ (شوبە)ێن ڤێ کۆمەلێ، ل دەرڤەیێ ئیستەنبۆلێ ژی هەبوون. مەسەلا تەییب ئەلیێ دارا هێنیێ، ل ئەرزورومێ ژ بۆ ئاڤاکرنا کۆمەلا هێڤیێ خەبات دکە، د سالا (١٩١٣)ئان دە ژی شاخەکی هێڤیێ، ل لۆزانێ، باژارێ ئیسچرێ ڤە دبە.

دگەل خەباتا خوەیا دن، هەڤیێ د (١٩١٣)ئان دە کۆڤارێن رۆژێ کورد هەتاوی کورد و یەکبوون ژی دەرخستبوون.

(ژ بە سەبەبێن ئێرشێن تەرۆری و هۆڤت کو د دەستپێکا شەرێ جیهانێ یێ یەکەم دە دهاتن سەر کۆمەلێ، ئەوێ د وێ ناڤێ رە بزاڤا خوە هنەک دا

سـەکناندن. ئارشـیڤێن کو د دەسـتێن کۆمەلێ دە هەبوون ژی، ئەوان دابوونە ئەبدولئەزیز بابان کو بپارێزە.

ل گـۆر هنـەک چاڤکانیـان، کۆمـەلا هێڤـی، د (١٩١٨)ئـان دە ب ناڤـێ پارتییا مللی یـا کورد، ژ نووڤە دەسـت ب خەباتێ کرد و کوو رە ناڤێ وێ بوو کۆمیتا ئیستیقلال (سەرخەبوون)ێ.

پشـتی شـەرێ جیهانێ یـێ یەکـەم، کۆمەل ب سـەرۆکاتیا ئاسیف بەدرخان دەسـت ب خەباتێ کریـە، ئەکـرەم جەمیل پاشـا سـەرۆکێ فەخری بوویـە. د وێ قۆناخـا خەباتـێ دە کۆمەلە هنەک کتێبـان ژ چـاپ کرییـە، ژ بۆ میناکـی، ئافراندنێن ئەحمـەدێ خانی، کتێبا هینبوونا زمانێ کوردی کو ئەکرەم جەمیل پاشا نڤیسی یە. د سالا (١٩٢٢)ئان دە، ژ بەر سـەبەبێن سیاسـەتا کەمـال ئەتاتورک، کۆمەلە هاتییە قەدەخەکرن.

**رووپەلا دووەمین**
**چەند قسسەیەک**

ئەم کتێبە ب دیاری پێشکێشـی چەند برایەکمان دەکەین کەوا کـوردی نازانن، لەم کتێبەدا زیادەتر دڵخوازیامە، قسەکردنە، لەبەر ئەوە زۆر تەماشای ئیملاو قەواعیدەمان نەکردووە. رێخستنی شێوەی سـەرف و نەحوی هەواڵەی هیمەتی خوێندەواری گەورەکەمان کرد.

ئـەم کتێبـەدا لـە هەمـوو پێشتر قسـەکردنە. نووسـین ماوەتـە دوواداو، لەگەڵ ئەمـەژدا ئەمرۆ چـاک دەزانرێـت زوو بـەزوو چارەی ئیسـلاحی حروف لازمە.

هێڤی- جەماتی تەلەبەی کوردان، وانە نۆ سـاڵ خزمەت دەکەن ئەم جارە ژ ئەسـەرەیان هێناوەتە مەیدان، خۆیان بەختیار دەزانین.

**هێڤی**
**جەماتی تەلەبەی کوردان**

وەک کو نڤیسـکارێن هێڤیێ ژی دنڤیسن ئەلفابا تێرێ زمانێ کوردی ناکە.

پشـتی (چەندگۆتـن) دەرسـا یەکەمین و بە وی ئاوایی پانزدە.

دەرس هەنە. ب کورتی ئەڤ دەرسـا نا بەحسـا تشتێن هات دکن.

دەرس

١: چەند کەلیمە، پرس و بەرسیڤ (رووپەل:٥)

٢-٣-٤: رەنگ و چەند جوملە (رووپەل: ٦-١٦)

٥:هەژمار و چەند جوملە (رووپەل:١٦)




٦: ئەندامێن بەدەنێ مرۆڤ و چەند جوملە (رووپەل ١٧-٢٠)

٧-٨: کنجێن مرۆڤ و چەند جوملە، (رووپەل ٢٠-٢٤)

٩: لێکەر (فعل)ێن کەتن، دەرکەتن (چوون دەرەوە)و چەند جوملە (رووپەل ٢٤-٢٨).

١٠-١١: ژێکـرن، شکسـتن، و هنـەک لێکەرێن دن بتەڤ چەند جوملان (رووپەل: ٢٨-٣٦).

١٢: نڤیساندن (نووسین) ستەندن (وەرگرتن) تاعم دان (جۆلاندن) و چەند لێکەرێ، دن (رووپەل: ٣٦-٤٠)

١٣: ناڤـێ فێکیـان و چەند جوملـە (رووپەل: ٤٠-٤٢).

ژ وەشانێن هێڤی، کتێبا هینکەرێ زمانێ کوردی- کو ئەم د ڤێ نڤیسارا خوە دە ل سەر دسەکنن- د ببلیۆتەکا مللی (مللی کوتوپهانە) یا ئانکارا دە هەیە ئەڤ پرتـووک، ب حەرفێن ئەرەبـی لی ب زمانێ کوردی و ترکی یە و (٦٤) رووپەلە. کوردیا وێ ژی ب دو زاراڤان هاتیە نڤیسـین: کورمانجی (کوردیا باکور) و بابانی (کوردیا باشـوور، سۆرانی) کتێبا کو ئەکرەم جەمیل پاشـا نڤسـی بوو و مەل ژۆر بەحسا وێ کردبوو، دبە کو ئەڤ کتێب بە.

د رووپەلی یەکەمین ئاڤێ کتێبێ دە ب ترکی وەها

دنقیسه:
Kurd، Cogrenmek isteyenlere Lisan (rehberidir
(ژ بۆ کەسێن کو دخوازن هینی کوردی بن، ڕێبەرا زمانە).
ب ئامە، ئەڤ کتێبا سادەو پچوک گاڤەک پر هێژا بوو، ژ بەر کو ب تایبەتی ژ بۆ هینکرنا کوردی هاتیه نڤسین، ژ بەر کو ب دەستێ ڕێخستنەک خوەندەکارێن کورد هاتیە نڤیسین و یا هەری گرینگ، ب دو زاراڤان هاتیە نڤسین.
ئەڤ کتێب، ئالیکی دە کێماسیەکە.
رووپەلا پێشین یا هینکەرێ زمانێ کوردی ب چەند گۆتن (Bir iki Soz) دەست پێ دکە. بێی کو ئەم زمانێ وێ بگوهەرینن، مە وێ ژ حەرفێن ئەرەبی وەرگەراند حەرفێن لاتینی.

## چەند گۆتن

ئەڤ کتێبێ، بچووک و نەهێژا (هینکەرێ زمانە کوردی) ئەم چاپ دکن، ڕەهبەرەکی بیە بۆ وان هەڤالان کو زمانێ کوردی نزانن، ڤێ ئەسەرێ خوەدا ئەم دخوازن بتەنێ "پەیڤین" ئا زمانێ کوردی هین بکن. بۆما ئەم باش بالا خوە نەدانە ل ئیملا و قەواعید.
وەزیفا ئادلاندنا ئەڤ نڤسین- کو ب زمانێ مە نایە- چێکرن و قەواعیدا مە- کو هێژا نەمەزبووتە- ئەم دهێلن بۆ ئۆستاد و زانان. هنگی ژ دەستێ مە هاتیە ئەم خەبتینە گالەگال چاوتێ گۆتن وسا بنڤیسن.
ب نڤسینا ئەڤ کتێب جارەکی دی ژ باش خویا دبە ئەم چقا هەوجەی ئاولاندنا ڤان حەرفێن ئە.
هێڤی- جڤاتا تەلەبەی کوردان، دلشا یە سەرکرنا ئەڤ کتێب ل خەباتا خوە نەە سالان.

**هێڤی**
**جڤاتا تەلەبەی کوردان**

:١٤ ناڤێ فراقان و چەند جوملە (رووپەل: ٤٢-٤٥).
:١٥ ناڤێ چووکان و چەند جوملە (رووپەل: ٤٥-٤٧).
پشتی دەرسان ئەڤ مەتنێن کورت هەنە (رووپەل: ٤٧-٥٩).

* دێ و زارۆیێ وێ (دایک و منداڵەکانی).
* شەڤ (شەو)
* رۆژ
* ساعەت
* سال
* زڤزتان
* بەهار
* هاڤین (هاوین)
* پایز
* چەند پەیڤین (چەند قسسە)، رووپەل: ٥٩-٦٤

د رووپەلێن داوی دەژی راست نڤیساندنا شاشیێن چاپی هەیە.
ژ بۆ نموونە ئەم ژ ڤێ پرتوکێ تەنێ چەند کەلمان رابەر دکن. ل هەمبەرێ وان، ترکیا وان ژی هاتییە نڤیساندن:

| | |
|---|---|
| قەلەمی زیرەچ: | Kursun Kalem |
| راست: | Cetvel |
| نەختی رەش: | Yazi tahtasi |
| گلێ سپی: | Tehesir |
| پێشتەختە: | Rahle |
| کورن: | Soba |
| میچ: | Tavan |
| راخەر: | Doseme |
| دەستەسیر: | Mendil |

## پەراوێز:

١- Vedat، Sadillili، Turkiyede Kurtculuk Hareketleri ve Isyanlar cilt: I kon Yayinlan، Ankara، ١٩٨٠، r: ١٥٠.
٢- د.مەحمەت شوکر و سەکبان د وێ دەمێ دە ب بزاڤێ د ناڤ تەڤگەرا سیاسی یا کوردان دە کار دکر لێ پشت رە دەڤ ژ دۆزا کوردستانێ بەردا و ب نڤیساندنا کتێبا (Kurtluk Sorunu) (پرسا کوردیتی) ژ دەوڵەتا ترکیێ رە نۆکەریا خوە ئیعلان کر.
٣- جەلیل، د.جەلیلێ، ژیانا رەوشەنبیری و سیاسی یا کوردان (د داویا سەد سالا ١٩ ئا و دەستپێکا سەد سالا ٢٠ئادا) وەرگێر: عەلی شێر، وەشانێن ژیانا نو، ستۆکهۆڵم ١٩٨٣، ر. ١٥٣.
٤- النقشبندی، عبدالرحمن علاءالدین، خطوط عریضة عن حیاة المرحوم الدکتور محمد نوری الدرسیمی، کاروان هەولێر، الّی ٤، ژمارە ٣٧ (١٩٨٥)، ل ١٢٠.
٥- جەلیل ر:١٥٥.
٦- سیلۆپی، زننار، دۆزا کوردستان، ستەور باسنمەڤی، بیروت ١٩٦٩،ر:٣٠.
Yamulki، Abdulaziz، Kurdistan ve Kurd ihtilaleri Bogdat* ١٩٤٧،r:٥٦.
* (ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین ئەم کتێبە لەتاران چاپکراوە- رۆژنامەنووس)
٨- جەلیل، ر:٩٢.
و.بنێرە: (Le Jour Nouveau) (رۆژانو) بەیروت.
نۆ: ٥٣ (١٣-٨-١٩٤٥) (:٣: چاپانو، رۆژانو. وەشانێن ژینانو، ستۆکهۆڵم ١٩٨٦.
١٠- جەلیل، ر: ٩٢.
١١- هینکەرێ زمانێ کوردی (رەهبەرێ زمانێ هەر دوو کوردی کورمانجی، بابانی) چاپخانەی نەجمی ئیستیقبال، بابی عالی، ئەبو سعود، ئیستەنبول.

# یەکسانی ژن و پیاو لە ڕاگەیاندنی سویدی دا

**د. ئەکرەم ئێنێن**
**د.سەپان لە سویدییەوە وەریگێڕاوەتە کوردی**

**پێشەکی**

لە ساڵی ١٩٦٠ وە ڕۆژنامەنووسانی ژن لە ڕاگەیاندنی سویدی ڕێژەیان بە شێوەیەکی خێرا بەرەو پێشەوە دەڕوات. ساڵی ١٩٦٩ ڕێژەی ئەوان ٢٠٪ بوو. (Löfgren Nilsson ١٩٩٤، ٩٠). سەردەمی پاش ٧٠ش ئەم ژمارەیە گۆڕانکاری تێکراو تا نزیکەی ٤٥٪ بەرەو سەرەوە ڕۆیشت. وەدەست هێنانی ئەو یەکسانییەش، زیاتر لە مەرجی وەرگرتنی خوێندکاران و پەروەردەکردنیان لە بەشەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ خەباتی درێژی دەزگای یەکسانی (ibid، ٩١; Abrahamsson ١٩٩٠ ) وەدەست هات. ئەو بەرزبوونەوەیە زۆرتر لەو چاپەمەنی و بڵاوکراوانەی باس لە پرسی ژنان و ژیانی ئەوان دەکات و لە لایەن ڕۆژنامەنووسانی ژنان خۆیان دەنووسرێن و سەرپەرشتی دەکرێن، بەرچاو تر دیارە. لێرەدا نابێت خەباتی ڕۆژنامەنووسی فرینلاندس * لەبیر بکرێت.

ڕاستە ڕێژەی ڕۆژنامەنووسانی ژن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەرزبۆتەوە، بەڵام دیارە، ئەم بەرزبوونەوە زۆرتر لە شارۆچکە و ناوچە بچووکەکان بووە (هەمان سەرچاوەی پێشتر).

ئایا هیچ جیاوازییەک هەیە، ئەگەر ڕۆژنامەنووس ژن بێت یان پیاو؟ بۆچی ڕۆژنامەنووسانی ژن لە دەنگوباس و هەواڵەکان ئەوەندە دەگمەنن؟ ئەوانە پرسیاری ڕۆژانەن، کە ڕووبەڕوی سەنتەری لێکۆڵینەوەی دەزگای یەکسانی دەبنەوە و لە مێدیاکان مرۆڤ گوێی لێدەبێت. ئەگەرچی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، ئاسان نین، لەگەڵ ئەوەش هەنگاوی بچووکیان بۆ وەڵامدانەوەیان نراوە.

پێش هەموو شتێک، کەمێک بۆ مێژوو دەگەڕێینەوە. لە بواری ڕۆژنامەوانیی، بە گوێرەی ئاماری CSB ڕۆژنامەنووسان دەچنە خانەی تایبەت. بەڕای ئەوان، لە هیچ شوێنێک، یەکسانی وەک لە ڕاگەیاندن سەری نەگرتووە و بەرەو پێشەوە نەچووە و لەگەڵ پیاو هاوتەریب نەبووە. بەڵام، ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئێمە لەسەر مێدیا، ڕاستییەکی ترش و تاڵمان نیشان دەدات.

ساڵی ٢٠٠٠ پڕۆژەیەکی نێودەوڵەتی لەسەر مێدیا دەستی بەکار کرد. ئەم پڕۆژەیە بەم ناونیشانەی خوارەوە دەتوانین لە نێت بیخوێنینەوە (www. wacc.org.uk). Friviliga. بۆ ئەم پڕۆژەیە ٧٠ دەوڵەت بە نزیکەی ٥٠ هەزار بابەتی هەواڵ

و گوتار، بڵاوکراوەی چاپەمەنی، بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەخۆیەوە گرت. ئەنجامەکەی دەرکەوت، کە تەنیا ١٨٪ نووسەری بابەتەکە ژن بوون و لەسەر ئەوان بوون. بەرزترین ڕێژەی ٣١٪ لەنێو هەموو بەشدار بووان، سوید هێنای. هیچ زانیارییەک نییە، بەوەی نیشانمان بدات، کە ڕێژە و بەشداربووانی ژنان بەرزتر ببێتەوە، بەڵکو ژمارەکان بەرەو خوارەوە دەڕۆن! لە ساڵی ٢٠٠٣ "ڕاگەیاندنی ناوچەیی" تەنیا ٢٦٪ باسی لەژن و بابەتەکانی تایبەت بەوان دەکرد. لە دەنگوباسی تەلەفزیۆنی لۆکاڵی سویدی ٣/١ ی چاوپێکەوتن لەگەڵ ژنانە و لە دەنگوباسی سەرتاسەری وڵاتیش لە "ڕاپۆرت" و "ئەکتوئێل"** ¼ ی ژنن. (کەناڵی SVT ٢٠٠٣).

لە هەمان کات، زۆر گرنگە، کەدەبینین ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەناو کۆمەڵ بەرزتر سەیر دەکرێت. هاوڵاتیانی سویدی، ڕۆژانە شەش کاتژمێر لە کاتیان بە میدیا دەکوژن. (Mediebarometern Nordicom ٢٠٠٢) ، ئـەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە لەلایەن میدیاوە چەندین پەیاممان لەسەر ڕەگەز و چۆنێتی بەڕێوەبردنی ژیانمان پێدەگات. پیاو دەتوانێت بڵێ، کە هەردووک دەزگای دیموکراتی و ڕاگەیاندن، دەربارەی ڕاستی پرسیاری ژنان، لە کورتیان داوە و تا ئێستا وەک پێویست پێشوازیان لێ نەکراوە.

## سێ سەردەم لە مێدیای سویدی

میدیا دەزگایەکی زۆر گرنگی کاربەخشی سویدییە. ڕۆژنامە و گۆڤار، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، خەڵکێکی زۆری لەدەورەی خۆ کۆکردۆتەوە، ئەوانیش بە پیشەی جیا و لە بواری جیا کاری تێدەکەن. ئەو لێکۆڵینەوەیەی من، باس لە دامەزراوەکانی میدیای سویدی دەکات. من بە شێوەیەکی مێژوویی باس لە پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی میدیای سویدی دەکەم.

میدیای سویدی لە سەدەی بیست بەسەر سێ سەردەم و قۆناغ دابەش دەبێت:

١- ڕاگەیاندنی حیزبی لە ١٩٠٠ تا ١٩٥٠ بەخۆیەوە دەگرێت.

٢- قۆناغی بە پرۆفسبوونی (پسپۆر) ڕۆژنامەگەریی لە ١٩٥٠ – ١٩٨٥ بەخۆیەوە دەگرێت.

٣- بە (ئیندوستری کردن) بەپیشەسازی کردن لە ١٩٨٥ وە بەرەو دواتر بەخۆیەوە دەگرێت.

خاڵی دابەشبوونی بەسەر سەردەمی جیا لە مێژوودا، گۆڕان و پێشکەوتنی بناغەی دەستەڵاتە لە ڕۆژنامەنووسیدا. ڕۆژنامەگەریی سێ لایەنی جیا بەڕێوەی دەبات: "سیاسەت"، "ئابووری"، "پسپۆری". هەریەک لەوانەش لەڕەوڕەوەی مێژوو گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە. ئەوانیش ڕۆڵی مەزنیان لە جیاوازی نێر و مێ لە کارکردن گێڕاوە.

من لە چوار پرسیاری گرنگ باس لەو بابەتەوە دەکەم. پرسیاری یەک: **ژن و پیاو چ شوێن و ڕۆڵێکیان لە ڕۆژنامەگەریی هەبووە؟ پرسیاری دوو: تایبەتە بە دامەزراندنی ڕۆژنامەنووسان. ئەم دامەزراندنە بە چ ئاراستەیەک بەڕێوە چووە؟ پرسیاری سێ: چۆن ئەو ڕۆژنامەوانییە "باشە" لە نێوان پیاو و ژن دابەش کراوە. لە چ سەردەمێک ڕۆژنامەوانیی پیشەیەکی بەرز و باش و خاوەن ڕێز بووە. چۆن ئەم بەرزییە لە نێوان پیاو و ژن دابەش کراوە. پرسیاری چوار: کە دەکاتە دوا پرسیار، چۆن خەباتی ڕەگەز بەرە و پێشەوە چووە و ئەوان چ ستراتیژییەکیان بۆ چارەسەر کردنی بەکار هێناوە؟** ئەگەر گرژییەک هەبوبێت، ئەم گرژییە باسی لە چ کردووە و چۆن پرسیارەکان بەرز کراونەتەوە؟ لە کۆتاییدا، باس لە ئەنجامەکانی لۆژیکییەکانی ڕۆژنامەوانی دەکەم. لێرە باس لە گیروگرفتەکانی پیاوان و ژنان دەکەم، کە چۆن بەرزی پیشە، دەستەڵات لە ڕاگەیاندن بەسەر ڕەگەزی نێر و مێ دابەش دەبێت.

## چوارچێوە (هەیکەل)

شۆڕشی بورژوازی لە ١٧٠٠ و ١٨٠٠ لە ئەوروپا، کاردانەوەی لەسەر بیر و ڕای جەماوەر هەبوو و دەتوانین بڵێین: ڕاگەیاندنی ئەمڕۆ، بەرهەمی ئەو شۆڕشە بوو. لەو سەردەمدا زۆرتر پیاو لە: سیاسەت، کەنیسە، زانست، ڕۆژنامەنووسی باڵا دەست بوو. ئەوانەی سەرەوە، کاری پیاوان بوون و ڕەگەزی پیاو بەسەریدا زاڵ بوو. ژن لەو کاتە هێشتا نەخزابوونە ناو ئەم بوارانە. یەکەم کاری ژنانی سویدی لە سەدەکانی ١٦٠٠ – ١٧٠٠ بەڕێوەبردنی چەند چاپخانەیەک بوو. ئەم کارەش بێوەژن بەمیرات لەلایەن مێردیانەوە بۆیان مابووە و دوای مردنی ئەوان چاپخانەکانیان بەڕێوەدەبرد، لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان بەردەوام بوون.

بەمیرات مانەوەی ئەم کۆمپانیا گەورانە، وای لە ژنان کرد، فێری بەڕێوەبردنی دەزگای گەورە ببن. لە نیوەی دووەمی ١٨٠٠ ژنانی سویدی بواری گەورەتریان بۆ نووسین و بڵاوکردنەوە بۆ ڕەخسا. ئەوان توانیان وەک ڕۆژنامەنووس، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وڵات کار بکەن.

### ڕاگەیاندنی حیزبی ١٩٠٠ – ١٩٥٠

لە سوید و دەوڵەتانی باکوور، چاپەمەنی حیزبی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە نێوان ١٩٠٠ – ١٩٥٠ بەرەو پێشەوە چوو. ڕۆژنامەکان چاپ دەکران، تاکو بیروڕای خۆیان بە جەماوەر بگەێنن و لە پرسیار و بەرزکردنەوەی پرسیار و باسکردنی دێباتەکان، ڕای سیاسی خۆیان هەبێت و بەرگری لێبکەن. هەر لەو سەردەمەش بزووتنەوەی جەماوەری و ڕێکخراوە گشتییەکان، هەوڵیان دەدا بەڕێگای ڕۆژنامەکانەوە پەیامی خۆیان بگەێننە شوێنی مەبەست.

رادیۆ لە سوید ڕۆلی دیکەی پێ بەخشرا. ئەمەش بەجیاوازی لەگەڵ ئەمریکا، کە لە پەیدابوونییەوە کەوتە دەست پارەدارەکان و بۆ دەوڵەمەند بوونی خۆیان سوودیان لێوەرگرت. لە ئەوروپا لە ژێر ناوی (خزمەتگوزاری بڵاوکراوە یان چاپەمەنییەکان) سوود لە رادیۆ وەرگیرا. لە سوید لە ساڵی ١٩٢٥ لە ژێر ناوی خزمەتگوزاری رادیۆ پەخشی خۆی بڵاوکردەوە. هەر لەوکاتدا یاسایەک نووسرا و لەو یاسایە رادیۆ بوو بە دەزگایەکی حکومی و ڕۆژنامە و گۆڤاریش کران بە ئەهلی. لەو کاتەدا ڕەگەزی پیاو تەواو بەسەر راگەیاندنی سویدی زاڵ بوون. سەیری نەخشەی ژمارە یەک بکە.



**نەخشەی یەک: بەشداری کردنی پیا و ژن لە ڕۆژنامەگەریی سویدی لە نێوان ١٩١٤ – ٢٠٠٣**

### ڕەگەز و کاری باش

لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٠دا هەندێک ژن لە ڕۆژنامەکان کاری باشیان پێدرا. ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامە بورژواکان، باش پەروەردە کرابوون و زانیارییان لەسەر زمانی گەلانی دیکە هەبوو. بەهۆی زمان زانینی ئەوان تواندرا سوود لە بابەتی ڕۆژنامە بیانییەکان وەربگیرێت و بۆ زمانی سویدی بابەتی پێویست وەربگێردرێت. پیاوان هەواڵە زەقەکان، سکەنداڵ و کوشتن و برین و تاوانیان، بۆ زمانی سویدی وەردەگێرا. کاری ڕۆژنامەنووسە ژنەکانیش، نووسینی زنجیرە و فلیتۆن بوو. پیاوەکان زاڵ بوون بەسەر هەندێک بابەتی دیکەی ناو ڕۆژنامەکان وەک لەسەر: "سیاسەتی ناوەوە و ئابووری وڵات"یان دەنووسی. لەپاش شەڕی یەکەمی جیهانی، بایەخی زۆرتر بە سیاسەتی دەرەوەش درا و ئەم بوارەش بووە کاری پیاوە ڕۆژنامەنووسەکان. بواری فەرهەنگیش، بە بوارێکی گرنگ لە ڕۆژنامەگەریی دادەندرا، نووسینی ئەم بەشەش بووە کاری پیاوان. پرۆگرامەکانی رادیۆ لەگەڵ ڕۆژنامە جیا بوون. ئەوان زیاتر بایەخیان بە لایەنی پەروەردەی جەماوەر و ڕای گشتی کۆمەڵ دەدا. ئەمەش زۆرتر بە گوێرەی پلان و سیاسەتی بورژواوە بەڕێوە دەچوو.

لە سەرەتای پەیدابوونی رادیۆ، زۆرتر پیاو لە بەڕێوەبردنی زاڵ بوون. "ژنە پرۆلیتاریاکان و دەنگی هەرێمەکان، لەم پرۆژە میللییە پشتگوێ خران". ئەمەی سەرەوە، ڕای مێژوونووس کارین نوردبێری بوو. تەنیا پاش شەڕی دووەمی جیهانی، دەنگی زوڵاڵی ژن، شوێنپێی خۆی گرت. هەر لەو کاتەش ژنان بوونە خاوەنی بەرنامەی تایبەت بە خۆیان.

### سەرمایە و دامەزراندنی خەڵك

دەستەڵات لە رادیۆ درابووە پیاوانی خاوەن بڕوانامەی بەرز و بەتوانا. لە ساڵی ١٩٣٠ بەڕێوەبەری دەنگوباس "ئۆلف فۆرشێن" دکتۆرای لە ئیتنۆلۆگی (زانستی گەل ناسی) هەبوو. بەڕێوەبەری رادیۆ، "کارل ئەندەش دیملینگ"، دکتۆرای لە مێژووی ئەدەب هەبوو. بەڕێوەبەری پلان، "ئینگڤە هوگۆ" سیاسییەکی بەناوبانگ و سەرۆکی زانکۆی "بڕونڤیکس"ی

جەماوەری بوو.

سەرنووسەری پیاو لە ڕۆژنامەکانی بلۆکی بورژوا، یان خاوەن بڕوانامەی زۆر بەرز بوون، یان لە چینی ئەرستۆکرات و دەوڵەمەند لەدایک بوو بوون. ئەوان دەرچووی زانکۆ بوون یان بڕوانامەی دکتۆرایان هەبوو و یانیش پرۆفیسۆر بوون. بەڵام سەرنووسەری ڕۆژنامەکانی سۆسیال دیموکرات لە هەبوونی بڕوانامە هەژار بوون. ئەوان زۆربەیان لە خێزانی هەژار و کرێکار لە دایک بوو بوون. ئەوان لە ڕێگای سیاسەت یان سەندیکاوە هاتبوونە ئەم مەیدانە. کەم لەوان خاوەنی بڕوانامەی بەرز بوون. ئەوان زۆرتر بەڕێگای کاری حیزب یان نەقابەوە، لە بواری ڕاگەیاندن کاریان وەر گرتبوو.

### خەبات لە گۆڕەپان

ڕۆژنامەنووسە ژنەکان نەیان دەتوانی خۆیان بخزێننە ناو ڕۆژنامەگەری پسپۆر. (کۆمەڵەیەی بەرگری کردن لە راستی و باشی ناوەڕۆکی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان) ساڵی ۱۸۷٤ دامەزرا. ئەم کۆمەڵەیە وەک کۆمەڵەیەکی پیشەیی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە لە مێدیای سویدی دامەزرا. ئەم کۆمەڵەیە لەو سەردەمدا، زیاتر نوێنەرایەتی ڕەگەزی نێری دەکرد. سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش، کەلە ساڵی ۱۹۰۱ دامەزرا، پیاو دەستەڵاتی تەواوی تێیدا هەبوو. لە دامەزراندنی سەندیکا، تەنیا دوو ژن Maria Cederschiöld لەگەڵ Anna Wallin، کاریان وەرگرت. هەردووکیشیان لە ڕێگای ڕۆژنامەدا ئەفتۆن بلادێتەوە، بۆ سەندیکا چووبوون. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا چەند کۆمەڵەیەکی فەرمی و نافەرمی "ژنانی ڕۆژنامەنووس" دروست بوو. نەقابەی پیشەیی ژنان لەگەڵ کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژنامەنووسی ستۆکهۆڵم، لەو دروستکراوانە بوون.

### سەردەمی بە پسپۆری بوونی ڕۆژنامەوانیی ۱۹۵۰ – ۱۹۸۵

لە نێوان ۱۹٤۰ – ۱۹۵۰ ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەکانی وڵات داخران و زۆریش لە وان خرانە نێو قالبی مۆنۆپۆلی ناوچەیی. (دەستبەسەراگرتن، لەلایەن کۆمپانیای گەورە) ئەم مۆنۆپۆلە، ناچاری کرد، کە ڕۆژنامە دەبێت خوێنەری زۆرتر بۆخۆی پەیدا بکات و تیراژ بەرز بکاتەوە و پەیامی حیزبی تا رادەیەک پشتگوێ بخات. هەر لەو کاتەدا، رادیۆ بەسەر سێ بەش دابەش کرا و دەرگایەکی نوێ بۆ ڕاگەیاندن کرایەوە.

لە ساڵی ۱۹۵٦ تەلەفزیۆن هاتە مەیدان و بوو بە بەشێک لە کۆمپانیای خزمەتگوزاری رادیۆ. ساڵێک دواتر، ناوی بۆ ئێزگەی سوید گۆڕدرا.

سەردەمی پاش شەڕی دووەمی جیهانی ڕۆژنامەکانی ئێواران، تیراژیان زۆر بە خێرایی بەرز دەبۆوە. چەتر و ڕووبەری ڕۆژنامەنووسان بەرێژەیەکی بەرچاو زیادی کرد. لە ساڵی ۱۹۵٤ سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، ۲۵۰۰ ئەندامیان هەبوو. ساڵی ۱۹۷٦ ئەم ژمارەیە بۆ ۹۰۰۰ بەرز بۆوە و ساڵی ۱۹۸۵ گەیشتە ۱۲ هەزار ئەندام. سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، لەگەڵ ئەوەی ژمارەیان زۆر بوو، ئەندامەکانیان زیاتر لە ڕۆژنامەکانی ڕۆژانە کاریان دەکرد. ئامارێکی ساڵی ۱۹٦۹ نیشانی دەدات، کە ڕۆژنامەنووسان ٦۷٪ لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە کار دەکەن، (٤٤٪ لەناوچەکان و ۲۳٪ لە شارە گەورەکان) و لە رادیۆ و تەلەفزیۆن تەنیا ۵٪ کار دەکەن.

لەو کاتەی پسپۆری لە راگەیاندن بایەخی زۆرتری پێدرا، بەرهەمیش زیادی کرد و بیر و باوەڕ گۆڕدرا. گۆرانکارییەکی بنەڕەتی لە مێدیای سویدی ڕوویدا. چ لە تێڕوانینی جەماوەر، چ لە کارەکانی ڕۆژنامەوانی، بەتایبەتیش، لە "رادیۆ و تەلەفزیۆن"، گۆڕانکارییەکان باشتر بەرچاو دەکەوتن. ئەم گۆڕانکارییە، کاریگەرییەکی چالاکی کردە سەر جەماوەر و دەوروبەری. ڕۆژنامەنووسی لە دەستەڵاتی سێی حکومەت، بوو بە "ئەرکێک" ئەوەش لە: "ڕەخنە گرتن"، "بەدواداچوون"، "بەرزکردنەوەی کەموکورتییەکانی ناو کۆمەڵ" بە دیار کەوت. لەم گۆڕانکارییە نوێیە، ڕۆژنامەی حیزبی دەستەڵاتی کەم بووەوە. بە پسپۆرکردنی راگەیاندن، دەیکردە پەیدابوونی دەستەڵاتی نوێ، لە ژێر چەتری ڕۆژنامەگەریدا.

### جیاوازی کردن و هەیبەت لە ڕاگەیاندن

لە پەنجاکان، ڕۆژنامەگەریی کار و ئەرکی لەنێوان رەگەزی پیا و ژن لە نێو خۆیدا، دابەش کرد. ئەوەش زیاتر لە بەڕێوەبەرایەتی و بەرپرسێتی ڕەنگی دەدایەوە. "ماڵ و ماڵداری"، "پەروەردەی منداڵ" بۆ ڕۆژنامەنووسی ژن

بەجێهێڵدرا و "سیاسەت و ئابووری و دەرەوەی وڵات" بە ڕۆژنامەنووسی پیاو سپێردرا.
لە ناوەڕاستی ١٩٦٠ ئەم دابەشکردنە زۆر بە ڕوونی بەدیار کەوت، هەر لەو کاتدا، چەند ژنێکی ڕۆژنامەنووس لە دەستەی نووسەران کاریان پێسپێردرا بوو. لە دەنگوباسی تەلەفزیۆن، بەڕێوەبەرەکان پیاو بوون، بەڵام لە گروپی "سیاسەتی ناوەوەی وڵات"، لە "سیاسەتی دەرەوە"، "ڕۆژنامەنووسانی گشتی"، ژمارەی ژنان هەندێک زیاتر بوو.

## دامەزراندن و سەرمایە

بە پسپۆر کردن لە ڕاگەیاندن، کاری کردە سەر گۆڕینی پیشە، ئەوەش بووە یارمەتییەک، تاکو ژنان بە ئارەزووی خۆیان بێنە پیشەوە. لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییە، مەرج نەبوو، ئەو ڕۆژنامەنووسەی لە ڕۆژنامەی حیزبی کاری دەکرد، ئەندامی حیزبەکە بێت. حیزب ڕۆڵی لە بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکان کەمتر بۆوە. فەرهەنگی ڕۆژنامەنووسی، کە خۆی لە پەروەردەکردنی ڕۆژنامەنووسان دەدۆزییەوە، بووە کلیل، بۆ هاتنە پیشەوە و کارکردنی ئەوان لەم بوارەدا. لەهەمان کاتدا ئەزموونی کاری ڕۆژنامەنووسیش پشتگوێ نەخرا و بووە یارمەتییەکی زۆر بۆ وەرگرتنی دەستەڵات لە میدیاکاندا. لە وەرگرتنی پۆستی بەرز، ئەزموونی لایەنی ڕۆژنامە وەک سەرمایەیەکی باش سەیر کرا و هەڵسەنگێندرا. بۆیە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیش هەمان ڕێچەکەی ڕۆژنامەیان گرتە بەر. لە ئەنجوومەنی پێشتری ڕادیۆ، زۆربەی ئەندامان، لە پیاوەکانی ستۆکهۆلم، کە خاوەنی بروانامەی زانستە مرۆڤایەتییەکان بوون پێک هاتبوو و کاریان دەکرد و بەڕێوەیان دەبرد. بەڵام لە ٦٠ کاندا، ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەکان، زیاتر بڕوانامەی بەشە کۆمەڵایەتییەکانیان هەبوو و دواتریش بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن سوودی لێوەردەگیرا.
بە پسپۆر بوونی ڕۆژنامەگەریی، کاری ڕۆژنامەنووسانی ژنی زۆر ئاسان کرد. ئەوان لەسەر بەرهەم و بڵاوکراوەکانیان بوونە خاوەنی خەڵاتی جیا جیا. ئەمەش لەو کاتدا کارێکی نوێ بوو، کە ژنی پسپۆر لەلایەن هاوپیشەی خۆی خەڵات بکرێت.

## خەبات لە شوێنی خۆی

لە نیوەی یەکەمی ١٩٧٠ بزووتنەوەی چەپ لە ئەورووپا، زۆر زاڵ بوو. پرسیارەکانی سەندیکا و مەرجەکانی کار، زۆرتر سەرنجی جەماوەری بۆلای خۆی ڕادەکێشا. ئەندامان مەرجیان زۆرتر لەسەر بەڕێوەبەرەکانیان هەبوو. پرسیاری یەکسانی بوو بە یەک لە مەرجەکانی کار و پرسیاری تایبەت بە ڕەگەزی نێر و مێ زیاتر و زەقتر بوون. ناڕازی نەبوونی ژنانی ڕۆژنامەنووس بەو بارودۆخەی هەیان بوو و تێیکەوتبوون، چەندین ڕۆژنامەی وەک: "ئەفتۆن بلادێت"، "یەتەبۆری پۆستن" و "داگینس نیهێتەر" لەسەریان نووسی. جگە لە ڕۆژنامەکان، دەنگی ناڕەزایی ژنانی ڕۆژنامەنووس لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیش دەبیسترا. ڕەخنەکانیش زۆرتر ژینگەی کار و شێوەی کاری بەخۆیەوە گرتبوو. لە هەندێک کۆمپانیای ڕاگەیاندن، دەنگی زوڵاڵی ژنان بەرز دەبیسترا و ڕەنگدانەوەی لەسەر دەستەڵات و چۆنێتی بەڕێوەبردنی دەزگاکە هەبوو. ئەنجامەکەشی لە ساڵی ١٩٧٨ بووە ڕێژەی زۆرتر لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ئەفتۆن بلادێت و دواتریش لە پرۆگرامی ڕادیۆی ئێلین لە ساڵی ١٩٨١ پێشکەش دەکرا.

## سەردەمی بە بازرگانی کردن و بە فێمینیست کردنی ڕاگەیاندن لە ١٩٨٥

لە ناوەڕاستی ١٩٨٥ لۆژیکی بازاڕ زیاتر وای کرد، کە دەستەڵاتی سەرمایەداران لە کۆمپانیای ڕاگەیاندن زۆرتر بێت. ئەمەش لە لایەک پێشبڕکێی بەهێزتر بوو و زیادی کرد، لە لایەکی دیکەش بە جیهانی بوون لەم بوارە زیادی کرد. بازاڕی میدیا خۆشتر بوو، ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بازرگانیش لە کۆتایی ٨٠ کان پەیدا بوون. ڕۆژنامەکان زیاتر بوونە بەشێک لە زنجیرەی ڕۆژنامەکان و ڕۆژنامەی زۆریش خاوەنیان بوونە خەڵکی بیانی. بازاڕی میدیا زیاتر سویدی نەما و بووە هی هەموو باکوور (نورد). گۆڤارەکانیش تووشی پێشبڕکێی توند هاتن و زۆرتر لەسەر بابەتی جیا جیا و تایبەت چاپ دەکران. دەزگاکان ناچار کران بایەخی زۆرتر بە خوێنەرانی خۆیان بدەن، ئەمەش وەک نووسین لەسەر بابەتی جیا و بۆ خوێنەر و تەمەنی جیا. لێرەش بەرنامەی تایبەت و جیا بۆ هەردووک ڕەگەز ئامادە کران و ڕۆژنامەکانیش هەوڵیاندا

زۆرترین خوێنەر لە خۆیان کۆ بکەنەوە.
ساڵی ٢٠٠٠ سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ١٨ هەزار ئەندامی هەبوو. لەم ژمارەی نزیکەی ٣٠٪ لە ڕۆژنامەی ناوچەیی کارییان دەکرد. ١٥٪ لە ڕۆژنامەی شارە گەورەکان و ٢٠٪ نوێنەری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بوو. لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن کۆمپانیاکانی "خزمەتگوزاری بڵاوکراوە یان چاپەمەنی" تەواو زاڵ بوون. تەنیا ٥/١ ڕۆژنامەنووسانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە کەناڵە بازرگانییەکان کاریان دەکرد.

ژمارەی ڕۆژنامەنووسانی ژن تا ناوەڕاستی ١٩٩٠ بەردەوام لەزیادبوون دابوو و لەو کاتدا ڕێژەیان گەیشتە ٤٥٪ (سەیری نەخشەی ١ بکە). دوای ١٩٨٠ ڕێژەیان تەنیا ٣٠٪ بوو. لە کۆتایی ٨٠ بووە ٤٢٪ دواتریش وەک دەزانین گەیشتە ٤٥٪.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەسەر ڕۆژنامەنووسان لە ساڵی ٢٠٠٠ کرا، نیشانی دەدات، ڕێژەی ژنانی ڕۆژنامەنووس جیایە لە نێوان میدیای جیادا. (سەیری نەخشەی ٢ بکە). لە "فریلاندس" لەگەڵ ڕۆژنامەی بەیانیانی شارە گەورەکان، زۆرتر پیاو کاری تێدەکرد. "پەپولێرپرێس"*** وەک پێشتر زیاتر بە ژنانی ڕۆژنامەنووس بەسەری زاڵ بوون. لە ڕادیۆی سویدی لە ستۆکهۆڵم پیاو بە ڕێژەیەکی کەم زۆرترن. لە ساڵی ١٩٨٩ لەو چوار بەڕێوەبەرانەی دەزگاکانی ڕادیۆ، ١٥٪ درابوو بەژن. لەگەڵ ئەوەی، گۆڕانکاری زۆر لە پرسیاری ژنان لە ٩٠ کان ڕوویدا، پیاو هێشتا ڕێژەی زۆرتری هەبوو. ساڵی ٢٠٠١ ¾ پیاو بوون. بەڵام لە "پەپولێرپرێس" ڕێژەی ژنان خۆی لە ٤٥٪ دەدا. هەر لەم بوارە بەڕێوەبەرە گەورەکان ٥٩٪ یان ژن بوون. لە "خزمەتگوزاری بڵاوکراوە یان چاپەمەنی"ی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکان، ژمارەی کورسیەکان ٤٤ لەگەڵ ٣٣ بەسەر ژنان دابەش کرابوو. لە ڕۆژنامە ڕۆژانەکان، نەقابە و پرێسی تایبەت، ڕادیۆی بازرگانی و کۆمپانیاکانی تەلەفزیۆن ڕێژەی ژنان ١٥٪ بوو. کەمترین ڕێژە لە کۆمپانیا گەورەکانی ڕاگەیاندن (میدیا کۆنسێرن) (کۆنسێرن دەیان کۆمپانیای گەورە بەخۆی دەگرێ) لە ڕیزی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر تەنیا ٧٪ ژن هەبوون. لە پۆستی بەڕێوەبەر هەرە گەورەکان ٨٩٪ بە پیاو دراون. ڕۆلی ژنان زۆر بەرزتر بوو، بەڵام کاری ئەوان زۆرتر لە ناو دەستەی نووسەران فراوان بوو بوو و لەوێش ژمارەیان زۆرتر بوو.

## سەرمایە ودامەزراندن

لە یەک لەو لێکۆڵینەوانەی ساڵی ١٩٨٩ کراوە نیشانی دەدات، کە باری کۆمەڵایەتی لە ساڵی ١٩٦٩وە هیچ نەگۆڕاوە. ئاستی بڕوانامەکان زیادی کردبوو، بەڵام پیشەی ڕۆژنامەنووسی تا ئەوکات پیشەی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵ بوو. ژنانی ڕۆژنامەنووس بە ئەزموونتر بوو بوون. ئەوان بڕوانامەکانیان بەرزتر بوو و لە چینی بەرزتری کۆمەڵیش هاتبوونە ئەم بوارەوە. پیاوانی خاوەن بڕوانامەی نزم، لە خێزانی زەحمەتکێش، زۆرتر لە پرێسی (ڕۆژنامە و گۆڤار) گوند و هەرێمەکان کاریان دەکرد. ژنانی خاوەن بڕوانامەی ڕۆژنامەوانیی لە شارە گەورەکان و چینی ناوەندی کۆمەڵ لە ڕۆژنامەکانی شاری گەورە، لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن کاریان دەکرد. ساڵی ٢٠٠٠ تەنیا ٣٥٪ لە ڕۆژنامەنووسانی سوید خاوەنی بڕوانامەی ڕاگەیاندنی زانکۆکان بوون و ١٨٪ ش بڕوانامەیان لە پەیمانگای جیا جیای بەشی ڕاگەیاندن وەرگرتبوو.

## جیاوازی کردن و هەیبەت لە ڕاگەیاندن

جیاوازی لە نێوان هەردووک ڕەگەز لە ١٩٨٠ – ١٩٩٠ کەمتر بووەوە. لە لێکۆڵینەوەیەکی سەرنووسەرانی بەشی هەواڵ و ڕاگەیاندن، کەلە تەلەفزیۆنی سوید SVT کرا، لە ١٩٨٥ – ١٩٩٥ لە نێوان پیاو ژن هیچ جیاوازییەک نەبووە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ جارێکی دیکە پرسیاری جیاوازی و نایەکسانی بەرز کرایەوە. لە ڕۆژنامەکانیش ئەم پرسیارە تا ساڵی ٢٠٠٠ هەر مابوو، بەڵام بایەخی کەمتر پێدرا بوو. لەو کاتدا پیاوانی ڕۆژنامەنووس زۆرتر لەسەر: وەرزش، پیشەسازی و لێکۆڵینەوە، ڕۆژنامەنووسی تاوان و برین، ڕۆژنامەنووسی کاریگەری لەسەر خەڵک هەیە، (بەشی دێبات، کۆمێنتار)، (تەعلیق) دەیان نووسی. بابەتەکانی: بەدواداچوون، کۆمەڵایەتی، خەرجکردن و باری خێزان، زۆرتر ژنان دەیان نووسی.

## خەباتی گۆڕەپان

بە بازرگانی کردنی ڕۆژنامەنووسی، دەستەڵاتی زۆرتری پەیدا کرد. پسپۆڕی لە

میدیا شوێنی بۆ بازرگانی ڕاگەیاندن لەق کرد، زۆرتر باری ئابووری بەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن زاڵ بوو. بە گوێرەی ستێفان سوندین، بەڕێوەبەرکان لەم کۆمپانیایانە، زیاتر ڕۆلی سەرۆک دەگێڕن لەوەی پێشتر "پوبلیست" (ڕۆژنامەنووس) یان "سەرنووسەر" بوون. خاوەن پارەدارەکان، خەباتی خۆیان بۆ گۆڕەپان گواستەوە. پرسیارەکەی ئێمە لێرە ئەوەیە: ئایا ئەم گۆڕانکارییە ئابوورییە لە میدیا کاری کردۆتە سەر پرسیاری ڕەگەز؟

لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لەسەر هەمان پرسیار کراوە، دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە جارێ ئاسان نییە. لەلایەک، ژنانی خاوەن ئەزموون، بایەخیان زۆرتر پێدرا و بوونە شوێنی سەرنجی پارەدارەکان، ڕۆژنامەنووسیی ژن ئازادییان زۆرتر پێدرا. جیاوازییەکانی نێوان گشتی و تایبەت ئەستوورتر بوو. بەم شێوەیەی سەرەوە ژوور دروست بوو و ڕاگەیاندن بە (فێمینیست) (ژنانە) کرا. لەلای دیکەش بازاڕ بۆ هەندێک بەش زۆر بەرز بۆوە نموونە: بۆ وەرزش، ئابووری، تاوان و یاسا، کە زۆرتر بابەتی ڕۆژنامەنووسانی پیاون. ڕۆژنامەنووسی پیشەسازی و تایبەت بەو پرسیارانە وەک: ڕۆژنامەی ئابووری، Dagens Industri (پیشەسازی ئەمڕۆ) بۆ نموونە ڕەگەزی پیاو تەواو بەسەر ئەم ڕۆژنامەیە زاڵە. بۆ میدیا و ئەنجوومەنی بەرزی دەزگاکان، زۆرتر ببووە کاری پیاوان. (لێرە باس لە پرێسی پەپولێر ناکەین). جگە لەوەش لە میدیای دەرەوەی بازرگانی، ڕۆژنامە بە قەبارەی تابلۆید لە نەوەدەکان دەردەچن، کە پیاوان ناویان لێناون "Babe-efeekt". ئەمەش وەک: بە سێکس کردنی ڕاگەیاندن، کچی گەنج و مۆدێلەکان، وێنەیان بە کەم جلی بڵاودەکرایەوە. لەم وێنانە، ئەو کچە گەنجانە زۆرتر وەک: (کەرەستەیەکی تام و چێژ بۆ پیاوان) سەیر دەکران. بازاڕی لۆژیکی سەردەم وای پێویستە جیاوازی لە نێوان ڕەگەزەکان هەبێت، ئەوەش مەترسی ئەوەی لێدەکەوێتەوە، کە ژنان ناچار بکرێن خۆیانی لەگەڵی بگونجێنن و کاری خراپتریان لە دەستەی نووسەران پێببەخشرێ.

لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ژنانی ڕۆژنامەنووسی کەناڵی SVT، دەربارەی فەرهەنگی ڕۆژنامەنووسانی ژن کرا. ئەم لێکۆڵینەوەیە پرسیاری یەکسانی پیا و ژن نیشان دەدات. ئەم



**نەخشەی دوو: ئەو ئامارەی من لە میدیای جیا جیای سویدی وەدەستم کەوتوون، نیشانی دەدەن، چۆن کارەکان لە نێوان ژن و پیاو دابەش کراوە.**



**نەخشەی سێ: دابەش بوونی ڕەگەز لە میدیا گەورەکانی سوید بەسەر ڕۆژنامەنووسان**



**نەخشەی چوار: دابەش بوونی ڕەگەز لە میدیا گەورەکانی سوید بەسەر بەڕێوەبەران**

کارە، نیشانی نادات، کە پیاوان وەک یەک دەبینن و بۆچوونی وەک یەکیان لەسەر هەمان پرسیار هەیە! نەخشەی کاری ڕۆژنامەنووسانی سوید، نیشانی دەدات، کە لە ساڵی ٢٠٠٠ یەکسانی باش لە نێوان هەردووک ڕەگەز لە مێدیای سویدی هەبووە. پیاو دەتوانێت بڵێت، نیوەی لەشکر لە ڕۆژنامەنووسانی سوید لە ژن پێک دێت.

## دەستەڵاتی پیاوان لە ڕاگەیاندن

ئەگەرچی بواری ڕۆژنامەوانیی لە ١٩٠٠ بەرەو پێشەوە دەچێت، لەگەڵ ئەوەش ئەم بەشە زیاتر لەلایەن پیاوانەوە داگیر کراوە و دەستی بەسەردا گیراوە. لەبەرچی تا ئێستا بەم شێوەیە بووە، بەداخەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆر هەیە. لەگەڵ ئەوەش زۆریان لەسەر ئەوە کۆکن، کە بە شێوەیەکی مێژوویی، دەستەڵات لەلایەن پیاوەوە بووە. ئەگەرچی شێوەی دەستەڵات لە مێژوو گۆڕاوە. ئەوەش زۆرتر لە مێژووی ڕاگەیاندن بە جوانی دیارە.

لە هەموو ڕەشماڵێک، بناغە بۆ بڕواکردن بە جیهانێکی یەکسان و جوان دادەڕێژدرێ، ئەو کەسانەی ڕۆلی مەزنیشی تێدا دەگێڕن دیارە خەڵات کراون. لە خیوەتی یان گۆڕەپانی ڕاگەیاندن، زیاتر باس لە بناغە ئەساسییەکان و ئامانجی نوێ لە جیهان دەکرێت. لە هەموو سەردەمی ١٩٠٠ ئەو پرسیارانە باس کراون و ڕۆلی مەزنی ئەوان لە کۆمەڵ باس کراوە. ئەمەش لە زمان حاڵی حیزبەکانەوە دەست پێدەکات و دەستەڵاتی سێی لە سەردەمی بە پسپۆری کردن و ڕاگەیاندنی جەماوەری لە سەردەمی بەبازرگانی کردنی بووە. بناغەی هەڵبژاردنی ئایدیا وای کردووە، کە ڕۆژنامەنووسان، بەرهەم نیین، لەلایەن بازرگانەکانەوە بکڕدرێن و بفرۆشترێن! بەڵکو کاری ئەوان، خەبات کردنە لە کۆمەڵ و بە بەدیموکراتی کردنی وڵاتە.

لەسەر ڕەنگدانەوەی تەواوی کۆمەڵ دەمەوێت باس لەسەر کار، دەستەڵاتی ڕۆژنامەنووسان بەشێوەیەکی مێژوویی بکەم، کە چۆن ئەم پیشەیە زیاتر لەسەرەتادا بە پیاوان بەستراوەتەوە.

گۆڕەپانی ڕاگەیاندن بەسەر سێ خاڵ دابەش کراوە: "سیاسەت"، "ئابووری" لەگەڵ "پسپۆری". دەستەڵاتی هەریەک لەمانە بۆ سەردەمی جیا دەگەڕێنەوە، بەڵام لە هەموو سەردەمەکاندا، دەستەڵات زۆرتر لەلایەن ڕەگەزی پیاوەوە بووە.

ڕۆژنامەگەری حیزبی، دەستەڵاتی کەم کرایەوە، بە پسپۆڕکردنی مێدیا لەگەڵ خزمەتگوزاری بڵاوکراوەو چاپەمەنی، دەستەڵاتی نوێی هێنا کایەوە. ڕۆلی ڕۆژنامەنووس وەک سەیرکردنی پرسیارەکان لە ڕوانگەی ڕەخنەوە، بەدواداچوونی پرسیارەکان، لەلایەن سیاسییەکانەوە، پێشوازی گەرمی لێکرا. ئەگەر چی ئەو پرسیارانە زۆرتر ڕۆژنامەنووسانی پیاو بەرزیان دەکردەوە، لەگەڵ ئەوەش تەواو لە سەردەمی ڕاگەیاندنی حیزبی جیا بوو. بەرزکردنەوەی ڕۆژنامەنووسی "باش" لەگەڵ جیهانی دیکە دەبەسترانەوە، بۆ ڕۆژنامەنووسان دەیکردە: ئازایی، بێسنووری، قارەمانێتی بەرزکردنەوەی تاک بوو وەک قارەمان و مرۆڤی ئیدیا. بە بازرگانی کردنی ڕاگەیاندن، دەیکردە، بەرەوپێشبردنی دەستەڵاتی ئابووری. ئەم بوارە، دەرگای نوێی بۆ پیاوان خستە سەرپشت، کە پێشتر ئەم پیاوانە زیاتر لە بواری بازرگانی بەرچاو دەکەوتن. بەڕێوەبەرانی گەورەی نوێی کۆمپانیا گەورەکانی مێدیا، نوێنەرایەتی چینی نوێیان دەکرد. "ئەزموونی سەرەکی"، "خەستکردنەوەی پرسیارەکان"، "بڕیاردەری مەزن"، "مامەڵەکردنی باش و زانینی بابەت بە تێر و تەسەل"ی لەو کادیرانە بە ئاشکرا و جوانی دیار بوو.

بە شێوەیەکی گشتی پیشەی ڕۆژنامەنووسی بە پیاوان بەستراوەتەوە، بەڵام ئەوەش لەسەردەم تا سەردەم جیاواز بووە. ڕۆژنامەنووسانی ژن و سەرنووسەرانی ژن بۆ خوێنەری ژن، بینەری ژن، بیسەری ژن پێویست بووین. لەلایەکی دیکەش دەبینین، زۆربەی جار ژنان فڕێدراونەتە بەشانی دیکە، کە کەمتر دەستەڵاتیان پێدراوە، لەوەی کە دەیانتوانی بەڕێوەی بەرن.

بە پسپۆربوونی ڕۆژنامەش، باشتر ژنیان بەرز نەکردۆتەوە، بە پێچەوانەوە، دەبینین، لەسەرەتای بە پسپۆربوونی مێدیا، نیشان دەدرا پیاوان سەرکەوتنیان بەدەست دێنا و ژنانیش لەدواوە دەڕۆیشتن! ئەمەش لە خوێندنی ڕاگەیاندن باشتر دیار بوو. کە باس لە پسپۆربوونی مێدیا دەکرا، زۆر جار لەلایەن ڕەخنەگرانەوە مافی خۆیان پێنەدەدرا. لە هەمان کات، فۆرمی وەرگرتنی ژنان لە بەشی ڕاگەیاندنەکان، وایکردووە، ژنانیش بێنە مەیدانی خەبات و لەم بەشە وەربگیرێن.

وەرگرتنی ژنان لە بەشی ڕاگەیاندنەکانی

سەر بە زانکۆکان، بواری نوێی بەژنان دا، تاکو لەم بوارە پۆستی باش وەربگرن و وەک بەڕێوەبەر کار بکەن. سیاسییەکان، بە یاسای نوێ دەزگاکانیان ناچار کردووە، چاوێک بەخۆیان دابخێشننەوە و نوێنەری هەردووک لا وەک یەک سەیر بکرێت و ئەم تۆزە جیاوازییەی هەیە نەمێنێت. سیاسەتی یەکسانی و کردنەوەی کۆرسی زۆر، ئەرگومێنتی باشتری بەدەست داوە، بۆ یەکسانی ژنان لە مێدیا. لە هەمان کات، پرسیاری ڕۆژنامەگەریی ژنان، ئەو مەترسییەمان دەخاتە پێش، کە ژنانی ڕۆژنامەنووس لە شوێنی تایبەت، حیسابی تایبەتیان بۆ بکرێت و لە پیاوان جیا بکرێنەوە. لێرە مەترسی ئەوە هەیە، پیاو وەک خۆی ببیندرێت و ژنانیش بەجیا. ئەگەرچی زۆر بە دەگمەن، ڕوو دەدات، کە یەکێک داوای کردبێت، پیاو شتی جیا و تایبەت لە ژنان لە ڕاگەیاندن بکات!

ئەو لێکۆڵینەوەی من کردوومە، نیشان دەدات، کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەی زۆر لە ڕاگەیاندنی سویدی لەسەر ئەم بابەتە کراون. من دەتوانم ناوی هەندێک لە زانایان بهێنم:

Arja Tyrkkö، Lena karlqvist، Kristina Lundgren، Ulla Abrahamsson، Ulla Carlsson، Ulrika Fricks och Jenny Stenros بەڕای من باشترین کار لەم بوارە، Madeleine Kleberg، Margareta لەلایەن .Stål Margareta Melin Higgins ئەنجام دراوە.

پەراوێز:

* مەبەست لە ڕۆژنامەنووسی فرینلاندس، ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووس سەر بەهیچ دەزگایەک نییە، بەڵکو نووسین دەنووسێ و بە ڕۆژنامە و گۆڤاری جیای دەفرۆشێت/ وەرگێڕ.

** دوو بەرنامەی دەنگوباسی تەلەفزیۆنی سویدن.

*** ئەو گۆڤارانەی باس لە ژیان و بەسەرهاتی خەڵکی دەوڵەمەند و بەناوبانگ دەکات.

سەرچاوە

Studien refereras i Svenska journalister. .1
Ett grupporträtt، red Lennart Weibull،
Tidens förlag 1991، s18 –20.48. Studien gjord av Lars Furhoff och Lennart Nilsson، pressenterades i rapporten journalistkåren i .Sverige. 1970 och var den första i sitt slag
Journalist 2000 är en del av journalist .2
undersökningarna vid JMG، Göteborgs universitet، regelbundet återkommande enkätundersökningar riktade till den svenska journalistkåren. Urvalet i journalist 2000 bestod av 2000 medlemmar slumpmässigt utvalda ur sjfs medlemsregister.
.Svarsfrekvensen var drygt 57 procent
Studien Journalist –89، redovisad i .3
.Weibull 1991،s 29
.Journalist2000 .4
Djerf- Pierre och Löfgren– Nilsson(under .5
.(utgivning
Journalist2000 samt projektet kvinnor .6
.och män i dagspressen
.Sundin1996.s 79 .7
Monica Löfgren- Nilsson: ”Att göra 8 skillnad. Kvinnors villkor och betydelse i svensk nyhetsjournalistik”، Kvinnor och medier. Rapport från ett seminarium، red. Jarlbro och Näslund Dahlgren، Stiftelsen .institutet för mediestudier 2000
Ulrika Fricks och Jenny Stenros uppsats .9 ”Dagens industri vs Finanstidningen” vid JMG 2000 visade total brist på kvinnliga aktörer i artiklarna. Könsfördelningen bland rapportarna var inte mycket bättre، 19 resp. .9 procent
Margareta Berger: Pennskaft. Kvinnliga.10 journalister i svenska dagspress 1600- 1975، Norstedts 1977.s21ff
Uppgifter från i journalistkulturen، ett .11 forskningsprojekt om kvinnliga journalisters villkor och betydelse i televisionens nyhetsjournalistik som genoförs av Monica .Löfgren- Nilsson، JMG
Bourdie1993، s.162 .12

تێبینی:

دکتۆر ئازاد، لە ڕاستیدا (ئەکەڕەم ئێنێن) کوردی ڕۆژهەڵاتە و فاکولتێتی ڕۆژنامەنووسی لە زانکۆی مۆسکۆ تەواو کرد و لەهەمان فاکولتێتیش، ماستەر و دکتۆرای وەرگرت. دکتۆر ئازاد، لە بواری ڕاگەیاندن خاوەنی دەیان گوتاری بەنرخە و ئێستا لەوەزارەتی فەرهەنگی سوید کار دەکات. لەسەرەتای ساڵ ئەم گوتارەی بە ئیمەیل بۆ ڕەوانە کردم و پاش خوێندنەوە، بە پێویستم زانی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری "ڕۆژنامەنووس" بۆ زمانی کوردی وەرگێڕم. دکتۆریش لەسەر ئەم داواکارییەم ڕازی بوو.

# ڕای گشتی و ڕۆڵی ڕاگەیاندن



سۆزان مامە

هەواڵنامەی کێژ

**پێشەکی**

ڕۆژنامەگەری، دیاردەو پرۆسەیەکی شارستانی کۆمەڵایەتییەو پێ بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵی شارستانی و بەچەرخی پێشکەوتندا هاتۆتە ئاراوە، ئەگەر وەک ڕەگ و ڕیشەو مێژووش قسەی لەسەر بکرێ، دەکرێ بڵێین مێژوویەکی دێرینی هەیە. بەپێی بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتیش، کاروانی ڕۆژنامەگەری بەگشتی و ڕۆژنامە بەتایبەتی تووشی چەندان ئاستەنگ و دژواری و بەربەرەکانیی کردن، هاتووە تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی خۆی لەمەیدانەکەدا بسەپێنێ، بە "دەسەڵاتی چوارەم" ناوزەد بکرێت. بۆیە دەتوانین بڵێن ڕۆژنامە دریغی نەکردووە لەپارێزگاری کردن لەبوونی نەتەوەو ناسنامەی کەلتووری گەل و هەروەها ڕاگەیاندن بۆتە یەکێک لەکۆڵەگەکانی دروست کردنی ڕای گشتی و چەسپاندنی سیماو بنەماکانی دیموکراسی لەهەر کۆمەڵێکداو نیشانەیەکی پێشکەوتنی ئاستی عەقڵی شارستانیانەو بەخشینی بەهایە بەمرۆڤایەتی و بەدەستهێنانی مافەکانی.

ڕۆژنامە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە ترسی خستۆتە نێو دڵی دەسەڵاتدارو دیکتاتۆران، بۆیەش ناپلیۆن ئاواتی پەل هاویشتن و داگیرکردنی هەموو دنیای هەبووەو گوتویەتی: (سێ ڕۆژنامە لەسەد هەزار سەرباز زیاتر دەمترسێنن) کەواتە ڕۆژنامە کە ئەو کاریگەری و ڕۆڵە باڵایەی هەبێت بێگومان ڕۆدەچێتە ناو خەڵک و ئازارەکانی میللەت و هەر لەم پێناوەشدا زۆر جاران ڕۆژنامە توانیویەتی ڕۆڵی کاریگەریی لەبەدی هێنانی گۆڕانکاری لەسیاسەتی وڵاتدا بگێڕێ.

کەواتە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ڕۆژانە لەناو پەڕەی ڕۆژنامەکاندا دەبێتە بەشێک لەمێژووی نەتەوە، بۆیە وا پێویست دەکات بەئامانەتەوە تۆمار بکرێ.

بێگومان تۆمارکردنی ڕاستیەکانیش

لەئەستۆی ئەو تاکانەدایە کەوا لەو ئاقارەدا ئەرکی تۆمارکردنی مێژوو خستنەرووی دەکەوێتە ئەستۆ دەبێت ئەوانەی لەو بوارەدا کاردەکەن بەهەردوو توخمەوە بەپەرۆشەوە ئاوێتەی کارەکانیان بن و خۆیان لەدەرخستنی راستییەکان نەدزنەوەو کلک و گوێیان نەکەن، چونکە رۆژنامەنووسیی پێش ئەوەی ئیش و کاری خۆ ژیاندن بێت زەوق و عیشقە، دەبێت بزانن لەپێناوی چ ئامانجێک هاتوونەتە نێو دەریای رۆژنامەنووسیی، ئەگەرچی هەندێکیان بەشێوەی هەرەمەکی و دوور لەعیشق بۆ ئیشەکە تێکەڵ بەو بوارە بوون و ئەم هەنگاوەیان لەسەر ئاستێکی عەقڵانی و وشیاری نەبووە، لێرەوە راگەیاندن کاریگەربی تەواوی لەبەدەستهێنانی رای گشتیدا دەبێت، بۆیە دەبێت رۆژنامەنووسان رای گشتی بەگەورەتر بزانن لەدەستکەوتنی تایبەتی وتاکەکەسی و هەمیشەو هەرگیز پاساو بۆ هەڵوێستە چەوتەکان نەهێننەوە، تا پایەی خۆیان لەکۆمەڵدا سەنگین تر بکەن، چونکە رۆژنامە واتە زمانحاڵی میللەت و بڵند گۆیەکە بۆ دەرخستنی راستییەکان و ناوی راستییەکانی تێدا خەفەبکرێت.

### رای گشتی و کاریگەریی راگەیاندن لەمەڕ دروست بوونی:

هەموو دەزگاکانی راگەیاندن بەهەرسێ کەناڵە جیاوازییەکەیەوە نووسراوو بینراوو وتراو، ئامانجیان فەرهەنگ کردنی رای گشتی و دروست کردن و گۆڕینی رای گشتییە کە بگونجێت لەگەڵ ئامانجە گشتییەکاندا.

### رای گشتی لەرووی چەمکەوە:

(کی) وا پێناسەی رای گشتیمان بۆ دەکات کە بریتییە لەو راو بۆچوونانەی کە دەبنە بیروباوەڕ لای کەسانێکی تایبەت و لەم رووەوە حکومەت بەبایەخەوە ئەم رایە بەهەند وەردەگرێت و ئاگادارو وریای دەبێت.

(چایلدز) دەڵێت رای گشتی بریتییە لەکۆمەڵێک لەراوبۆچوونی تاکەکان.

(البرج) پێی وایە رای گشتی دەربڕینی بابەتێکی دیاریکراوە، کە جێی وتوویژ بێت لای گروپێک لەگروپەکان.

(لیۆنارد دۆب) دەڵێت بریتییە لەئاراستەکردنی گروپێک لەخەڵک بۆ کێشەیەکی تایبەت یان رووداوێکی تایبەت.

بەڵام هەندێکی تر رای گشتی لەرووی زاراوەوە دابەشی دەکەن بەسەر وشەی (را)، (گشتی)دا بۆ پێناسەی واتاکەی تا لەرووی چەمکەوە لێکدانەوەیەکی باوەڕپێکراومان بۆ بدۆزرێتەوە.

(ئەلفریز سوفی) بەچەند وشەیەک چەمکی رای گشتی لێک داوەتەوەو دەڵێ رای گشتی حوکم و ویژدانە، ئەو دادگایەیە کە داماڵراوە لەدەسەڵاتی دادوەری کەچی لەگەڵ ئەوەشدا جێگەی سام و ترسە، بڵند گۆی ویژدانی نەتەوەیە.

بەپێی ئەو چەند پێناسەیەی سەرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کەرای گشتی هەڵگری بیروڕای زۆرینەیە لەپێناو هەر ئامانجێکدابێت، بەمەرجێک ئەو رایە کاریگەریی خۆی لەسەر گۆڕانکارییەکان هەبێت هەر بۆیە پێناسەی (دۆب) زۆر نزیکە لەواقیعەوە، چونکە هەرسێ رەگەزە سەرەکییەکەی تێدایە کە پابەندە بە رای گشتییەوە کە ئەوانیش (ئاراستە، کۆمەڵ، بابەت یان رووداوێکی دیاریکراو) کە زۆرجار ئەمانە رووبەڕووی دەسەڵاتی سەروو دەکرێت بەمەبەستی کاریگەریی بوون.

### گرنگی رای گشتی

رای گشتی کۆمەڵێک گرنگی تایبەتی هەیە، کە کاردەکاتە سەر گۆڕینی رەوتی کۆمەڵ بەئاراستەی ئەو بیروڕایانەی کە هەر میللەتێک بۆ بەرژەوەندی گشتی یان هەر گروپێک بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێک مافی خۆی پێی باشە. لەو هۆکارانەی کە جەخت لەسەر رای گشتی دەکات بڵاوبوونەوەی دیموکراسیەت و فراوانبوونی دەنگ دانە ئەمە وەک هۆکاری یەکەم و جگە لەوەی کە چەند هۆکارێکی تر هەن وەک گەشەو بڵاوبوونەوەی پەیوەندییەکان و نزیکبوونەوە لەیەکتر.

گۆڕانکارییە ئابوورییەکانیش کاریگەرییەکی گرنگیان هەیە بۆ قووڵ بوونەوەی لەسەر رای گشتی، چونکە بەرهەم هێنانی ئابووری دامەزراوە لەژێر گوشاری فرۆشتن و پروپاگەندەو پیاهەڵدان کە هەموو ئەمانەش لەلایەن کۆمەڵەوە فەراهەم دەکرێت.

لەهەمانکاتدا رای گشتی بایەخێکی زۆری هەیە لە دبلۆماسیەتی گشتیدا چونکە سیاسەت پێویستی بە پاڵپشت و یارمەتی ژمارەیەکی

زۆری تاکەکانی نێو کۆمەڵگەو هاوڵاتیانە، کە ئەمەش بەشێوەیەکی ئاشکرا لەکاتی هەڵگیرساندنی جەنگەکاندا دیارە، تەنانەت لەکاتی بەرقەراربوونی ئاشتیشدا پێویستمان بەرای گشتییە بەشێوەیەکی فراوان بۆ بەدەستهێنانی سیاسەتی جۆراوجۆری ناوخۆیی و دەرەکی کە ئەمەش کێشەی حکومەتە لەزۆر رووەوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، گرنگی رای گشتی زیاتر فراوان بوو لەدوای جەنگی جیهانییەوە کەبیروڕا باوەکان وا باوبوو، کە هۆکاری هەڵگیرساندنی جەنگەکان بەهۆی ئە دبلۆماسیەتە گرنگانەوە بوو کە بە (پشت پەردە) ناوزەد دەکرا، کە ئێستا لەلای خۆمان زاراوەی ژوور داخراوەکانی پێ دەڵێن، پشت پەردە تایبەت بوو بەشاردنەوەی ئەو پەیوەست نامەو بەڵێن نامانەی کە لەبارەی میللەتانەوە دەدراو بووە هۆی ئەوەی شەڕ دەست پێ بکات، لەمەوە چەند ئاراستەیەکی بەهێز دەرکەوت داوای ئەوەیان دەکرد پەیوەست نامە نێو دەوڵەتییەکان بەشێوەیەکی ئاشکرابێت، میللەت خۆی قسەی لەبارەیانەوە هەبێت، ئەمانە داوای رەت کردنەوەی دبلۆماسیەتی نهێنیان کرد تا راستی رووداوەکان بزانن، ژمارەیەک لەنووسەران بۆچوونیان وابوو خەڵکە ئاساییەکە کەمتر تاوانی خستنەرووی راستییەکانیان هەیە، بەڵام بۆچوون یان دەنگی شەقام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەمان پێ دەڵێت هاوڵاتیان خاوەن توانا و زیرەکییەکی ئەوتۆن کە دەتوانن هەڵوەستەی هۆشمەندانە لەبارەی مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە بکەن، چونکە ئەمانن کە لەناوجەرگەی رووداوەکان دەژین.

ئەفلاتون و باریتو کە بە (جماعة الصفوة) واتا بەگرووپی پاکژی ناو دەبەن.

تشمبرلن و هیتلەر بە (العروق المختارة) رەگەزی هەڵبژاردەی ناودەبەن.

لەبەرانبەر ئەمانەشدا لایەنگرانی فەلسەفەی میپالی پێیان وایە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا بوونەوەرێکی عەقڵانی و هۆشمەندن و دیدو بۆچوونی خۆیان هەیە لەبارەی رووداوەکانی ناو کۆمەڵەوە.

ماکیافیلی ئاماژە بەوە دەکات وەک لەوتە بەناوبانگەکەیدا دیارە (دەنگی میللەت دەنگی خوایە) بە مەرجێک ئەو میللەتە میللەتێک بەدو خراپ نەبێت بەمەش زۆربەی زۆری کەڵە نووسەران و ئەوانەی لەبواری هزری رامیاریدا کار دەکەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە تەنیا میللەت توانای ئەوەی هەیە بگاتە راستییەکان و لێی تێ بگات بەمەرجێک بەئازادی بژی و یەکسانی لەنێوانیاندا هەبێت.

## جۆرەکانی رای گشتی

رای گشتی دەتوانین بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشی بکەین کە هەریەک لەو دابەشکردنانە بەباشترین شێوە چەمک و تێگەیشتنمان بۆ دیاری دەکات:

یەکەم: رای گشتی لەرووی بوونەوە:

بریتییە لەرای گشتی هەبوو یاخود لەوانەیە هەبێت.

دووەم: رای گشتی لەرووی کاتەوە:

بریتییە لەرای گشتی چەسپاوو نەچەسپاو.

سێیەم: رای گشتی لەرووی شوێنەوە:

بریتییە لەرای (ناوخۆیی، هەرێمی، دوەلی یان جیهانی).

چوارەم: رای گشتی لەرووی دەرکەوتنەوە:

بریتییە لەهەبوویەکی دیار یان شاراوە.

پێنجەم: رای گشتی لەرووی گەشەو نما کردنەوە:

بریتییە لەرۆشنبیرو خاوەن هزر.

شەشەم: رای گشتی لەرووی نەگۆڕییەوە (بەردەوام و نەچەسپاو)

کاتێک باسی رای گشتی لەرووی دەرکەوتنەوە دەکرێت یان بەوتراوی یان بەئاشکرا کراوی لێرەدا سیستەمی دیموکراسیەت رێگەمان پێ دەدات، بۆ ئەم مەبەستەش (سوفی) مەرجی داناوەو پێی وایە دەبێت هاوئاهەنگییەک هەبێت لەتەواوی راوبۆچوونە ئاشکراکاندا و ناکرێت دابەش بێت بەسەر سێ یان چوار گرووپدا و هەریەکەیان لەئاوازێک بڵێت و مەبەستێک کۆیان نەکاتەوە، کە ئەمە هەرگیز ناچێتە خانەی رای گشتییەوە ئەگەر راوبۆچوونی شاراوەش وەرگرین کەبەلای سۆفیەوە ناوی ناوە (رای گشتی دێرین) کە ئەم رایە لەرای گشتی ئاشکرا دیارترە، بەڵام زیاتر لەچوارچێوەی وتەوت و بێدەنگییەوە لەناخی تاکەکاندا هەیە، لەهەندێ سیستەمی وڵاتدا سانسۆرێکی نهێنی لەسەر پۆستەکان هەیە، کە زانیاری بۆ بڕیاردەرو حاکمەکان بنێرن، ئەم جۆرە رایە بەشێوازەکانی گەڕان و پشکنین بەشوێنی دا زیاتر ئاشکرا

دەكرێت.

ئەگەر بڕوانینە رای گشتی لەڕووی كاتیشەوە دەبینین هەندێک رای گشتی هەن كە چەسپاون و بۆ ماوەیەكی درێژ دەمێننەوە، بەڵام هەندێک رای گشتی دیكە هەن كە كاتییەو بۆ چارەسەركردنی كێشەیەک یان رووداوێک هاتۆتە ئاراوە لەگەڵ نەمانیدا یان چارەسەری كێشەكەدا ئەویش نامێنێت.

## كاریگەری راگەیاندن لەسەر دروست بوونی رای گشتی

دەتوانین راگەیاندنی بەهۆكارگەلێكی ئێجگار گەورە دابنێین كە كاریگەریی لەدروست بوونی رای گشتیدا هەیە، چونكە راگەیاندن چاوی هاوڵاتیانەو رۆژانە لەگەڵ هاوڵاتیاندا مامەڵە دەكات و ئەندامەكانی بواری راگەیاندنیش تاكەكانی نێو ئەو كۆمەڵگەیەن بەمەرجێک ئەمان بە ئامانەتەوە باسەكان بخەنە روو پێش رووداوانی كێشەو گرفتەكان چارەسەرێكی گونجاوی بۆ بدۆزنەوەو پێش لەڕوودانی بگرن، بێگومان ئامانجی هەر پەیوەندییەكی رێكخراوەیی كاریگەریی لەسەر رای گشتیدا هەیە، راگەیاندن، پڕوپاگەندە، شەڕی دەروونی و چەندەهای دیكە ئامانجیان كاریگەربوونە، لەسەر راوبۆچوون، هەر بۆیە زۆرجار دەوڵەت لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا سانسۆر دەخاتە سەر راگەیاندن و دەیخاتە ژێر گوشاری خۆیەوە، بۆ ئەمەش لەنێو میللەتێكی وەک ئێمەدا كە فرە رەنگی و فرە دەنگی حزبی هەیە هەریەكەیان بەئاراستەی خۆی و شێوازی تایبەتی خۆی لەرێگەی پڕوپاگەندەو راگەیاندنەوە كاری بۆ دەكات، كە هەموو بانگەشەیەک بەئامرازەكانی پڕوپاگەندە كاریگەریی لەدروست كردنی رای گشتیدا هەیە.

لەراستیدا كەناڵەكانی راگەیاندن بەتایبەتی رۆژنامە بەهۆكارێكی ترسناک دادەنرێت لەرێگەی ئەو بڵاوكراوە وتاری و هەواڵی و بیرورا جیاوازانەوە بەتایبەتی سەروتاری رۆژنامەكان بۆ سەر رای گشتی. ئەو رۆژنامانەی كە دیدی لایەنێكی دیاری كراو بێت پێی دەڵێیی رۆژنامەی (را) كە جیاوازە لەرۆژنامەی ئازاد، هەندێكیش بەرۆژنامەی ئازادی ناودەبەن بۆ نموونە لەرۆژنامەی رادا ئەو رۆژنامە حزبی و نهێنییانەن كە ئامانجیان كاریگەرییە لەسەر رای گشتی لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا كە زۆرجار رۆژنامەنووسانی ناو ئەو رۆژنامانە بەتایبەتی دەستەی بەڕێوەبردن كاریگەریان بۆ سەر هاوڵاتیان دەبێت.

بەم شێوەیە كەسیەتی رۆژنامەنووسیش دەتوانێت گۆڕانەكان دروست بكات بەو وتارەی كە دەینووسێت یان بەو رۆڵەی كە دەیبینێت و دەچێتە ناو خەڵكەوە، ئەمە لەتەلەفزیۆن و رادیۆكانیشدا ئەم كەسێتییانە رۆڵەكانیان بەرفراوانتر دەبێت لەئاراستەكردن و گەیاندنی هەواڵەكان كە زۆرجار لەرێگای بلندگۆكانیانەوە چەند كەسێكی دیاریكراو دێنن قسە لەسەر لایەنێک یان باسێكی هەنووكەیی بكەن تا رای گشتی بۆ هاوڵاتیان فەرهەنگ بكەن و هاوڵاتیانیش بچنە ژێر سێبەرییانەوە.

لەهەموو بارەكاندا هۆكارەكانی راگەیاندن لەدروست كردنی رای گشتیدا دەبێت و بیرورای رۆشنبیرانەو رووناكبیرانەی هەبێت دوای زانینی ئەو باس و بابەتانەی كە هەن بەشێوەیەكی راست گۆیانە بڵاوی بكاتەوە، لێرەوە هێزی رۆژنامەگەری باڵا لەدروست كردنی رای گشتیدا دەردەكەوێت كە بەشداری لە سیاسەتی گشتیدا بۆ بونیادو دارمانی حكومەتەكان، كە هۆكاری جەنگ و بەردەوامی ئاشتی و پاراستنی ئەو بارو كەشەی كە هەیەو سەر لەنوێ بونیاد نانەوەی كۆمەڵ و تازەكردنەوەی لەسەر دەستی چەند كەسێكدا بۆتە جێگەی پرسیارو تێڕامانی گروپێک لەخەڵكی كە ئەوانیش گروپی سێیەمن.

## ئەركەكانی راگەیاندن

راگەیاندن یان میدیا، كە بەشادەماری هەموو ئامرازەكان یان هۆكارەكانی ژیان دادەنرێت چەند ئەركێكی گرنگی لەئەستودایەو دەكرێت بەسەر چەند كایەیەكدا دابەشی بكەین بەتایبەتی لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەكاندا.

١- لەكایەی سیستەمی سیاسیدا:

خزمەتكردنی راگەیاندن لەم بوارەد ئەركی هۆشیاركردنەوەو پەروەردەیەكی تەندروستانەی نەتەوەییەو گفتوگۆی سیاسی و چاودێری كردنە لەمەڕ گۆڕانكارییەكان و لە هەمان كاتیشدا بلندگۆیەكە بۆ دروست كردنی بیروبۆچوونە جیاوازەكان، لێرەدا دەتوانین راگەیاندن بكەینە ئامرازێک بۆ وتووێژ لەنێوان بەرپرسان و هەروەها بیروڕاكانی دەرەوەو

لەهەمان کاتیشدا ڕۆڵــی خۆی لەگەشــەپێدانی مەدەنیەتدا دەبینێتــەوەو هەندێ بۆچوونی واش هەن ڕاگەیانــدن بەئامرازێکی بەهێز دادەنێت بۆ ڕێکخســتن و چەســپاندنی بــواری کۆمەڵایەتی دەیشــوبهێنێ بەدەســتی بڕیــاردەر لەکۆمەڵدا کەڕێکخســتنی کۆمەڵایەتی واتــە (چیگ) کردنی کۆمەڵایەتــی هەڵگــری هەندێــک بیروڕایــە کــە دەبێتە خســایەتێکی گرنگ بۆ سەر هۆکارەکانی ڕاگەیاندن.

٢- لەکایەی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا:

خزمــەت و ڕێنمایــی کردنــی خێــزان، بواری فێرکــردن، بــرەودان بەوشــیارکردنەوەی تەندروســتی کۆمــەڵ، پێشکەشــکردنی هەندێک بەرنامەی تەرفیهی و دڵخۆشــکەر بەتایبەتی لەو کاتانــەدا کەکۆمەڵگا بەقۆناغێک یــان ماوەیەکی دودڵی و دڵە ڕاوکێــدا تێپەڕدەبێت، لەم ڕووەوە ئــازادی دان بەتاکــەکان، کە مافــی هەریەکەیانە بۆ بەدەســت هێنانــی ئەفراندن کاری جدی باش لەڕێکخســتنەوەی کۆمەڵــدا بەهــەر شــێوەیەک لەشــێوەکان بکەن، کاتێکیش ئازادی ســەرکوت دەکرێت، پایەی مرۆڤ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە تێکدەچێ و تووشی دڵە ڕاوکێی دەروونی دەبێت بۆیە لەڕێگەی هەندێک لەو بەرنامە تەرفیهییانەوە و دانان و ئامادەکردنی بەشێوەیەکی ڕۆشنبیرانە کاریگــەری دەبێــت، بەمەرجێــک نەکەوێتە ژێر ژاوەژاوی بازرگانی پێکردن.

بەهۆی گەشەکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بــواری فێرکردن و هۆشــیاری کۆمەڵگا پابەندە بە هەردوو بواری پــەروەردەو ڕاگەیاندنەوە تا توانای کۆمەڵگا لەسەر گەشەکردن گەورەتر بێت، چونکە گەشــەکردن لەگەڵ خۆیدا هەمەجۆری دەهێنێت.

لەواقیعی ئامرماندا ئەوەی پێویســتە ئاماژەی بــۆ بکەیــن پێداگرتنــی لەســەر ڕەخنەگرتن لەو کلتــوورەی کــە بەهــۆی ئــەو داب و نەریتانــە کــە چەســپاوە، لەگــەڵ ڕۆژگاری ئەمڕۆمانــدا ناگونجێت، بــۆ نموونــە ئــەو داب و نەریتانەی بەشێوەیەکی هەڵە یەخەگیری تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێت و بەشێوەیەکی هەڵە پابەند دەبین پێوەی، بــۆ نموونە ئەوەتا ڕۆژانە چەندان ئافرەت و ژن لەماڵەکانــی خۆیانــدا بەهۆی ئەو بیــرو میتودە دواکەوتووانەی خێزان و تادەگاتە ئەو ژینگەیەی تیــادا دەژین ڕووبــەڕووی ناڕەحەتی و مەرگی دەکاتــەوە کــە ڕاگەیاندنــی پێش هەمو شــتێک دەبێت پێش ڕوودانی کارەسات چارەسەری پێ بێت، ئەرکی ڕۆژنامەنووسان لە سەروو هەموو شــتێکەوە ڕەخنەگرتنــە، چونکــە ڕەخنەگرتــن هۆکارێکــە بــۆ خوێندنــەوەی واقیعــی کۆمەڵگا (ڕەخنەیەک بەمانا قووڵ و کۆمەڵایەتی و ڕۆشن ســازەکەی، ڕەخنــە وەک چەکــی ڕاڤەکــردن و چەکی بینین و ئامرازی گۆڕان)

٣-لەکایەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا:

ئــەرک و وەزیفەی ڕاگەیاندن لەم کایەدا زۆرە لەوانــە ئاڵوگۆڕکردنــی زانیــاری گەشــەپێدانی پەیوەنــدی پتــەوی نێــو میللەتــان و خزمەت و گەیاندنی ئاشتی و تەبایی و ناساندنی کەلتوورو کەسیەتی نەتەوە بەرووی نەتەوەکانی دنیادا.

٤- لەکایەی سیستەمی ئابووریدا:

هەر ڕاگەیاندنە دەتوانێت لەبواری پیشەسازی و کشــتوکاڵی و بازرگانیدا لەبەرزبوونەوەو نزم بوونــەوەی نرخی کاڵاکانــدا ڕۆڵ ببینێت و ئەو ئاســتەنگانەی کــە لەبوارەکانی بەرهــەم هێناندا دروست دەبێت بخات ڕوو.

لەکۆتایی ئەم باسەدا هەر ڕاگەیاندنە دەتوانێت گوشــار بخاتــە ســەر عەقڵــی کۆنخــوازی نێو کۆمەڵــگا بۆ دەســت بەرداربوون لەو پرنســیپە دواکەوتووانــەی کــە هەنگاوەکانــی میللــەت ئیفلیــج دەکات، هەموو مەرامەکانــی مرۆڤایەتی و چاکســازی کــردن بەهــۆی ئــەو شــادەمارە زیندووەیە کە ڕاگەیاندنەو دەبێتە هۆی پرۆسەی نوێ کردنەوە لەجومگە وردو دەمارە ناسکەکانی دیکــەدا، بەمــە کۆمەڵگا لەڕێگەیــەوە پتر وتاری ڕۆشنبیرانەو تەفســیرکردنی دیکە بۆ دنیا قبوڵ دەکات.

**سەرچاوەکان:**


**١- دور الأعلام فی التنمیة ، محمد عبدالقادر احمد.**

**٢- التخطیط الأعلام السیاسی، انور السباعی.**

**٣- ڕۆشــنبیر،کۆمەڵگا، دیموکراسیەت، چەند سەرنجێک بەپێنووســی بەختیــار عەلــی، مەریوان وریــا، ئاراس فەتــاح.**

# کەناڵی ئاسمانیی کوردسات (Kurdsat)
## (دامەزراندن و گەشەکردن)

بەهادین ئەحمەد*

***دەسپێک**

لەدوای راپەڕین ئاداری ۱۹۹۱ی جەماوەری کوردستان لە دژی دامودەزگا سەرکوتکارەکانی رژێمی بەعسی رووخاو، هەرێمی کوردستان وەرچەرخانێکی مێژوویی و سیاسیی و کارگێڕیی گرنگ و بەرچاوی بەخۆوە بینی.

هەروەها لە پاڵ ئەم گۆڕانکاری و وەرچەرخانانە لە هەمان ساڵدا بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری و راگەیاندنی گرنگ لە کوردستان سەری هەڵداو لە بواری راگەیاندنی بینراوی کوردیدا یەکەم کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردی بەناوی (تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان) لە رۆژی ۱۹۹۱/۹/۱۱ لە شاری سلێمانی لە مەراسیمێکدا لەلایەن (مام جەلال)ەوە کرایەوە.(۱)

لەساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کەناڵەکانی راگەیاندنی بینراوی ئاسمانی (سەتەلایت) لە رێگەی مانگە دەستکردەکانەوە سەری هەڵداو، گەلی کوردیش وەکو سەرجەم گەلانی دیکەی جیهان هەوڵیدا دەنگی رەوای خۆی بەدنیا بگەیەنێت و وێنەی شێوێنراوی لە ئاوێنەی بەرنامەکانی راگەیاندنی بینراوی جارێکی دیکە بەشێوەیەکی جوان و راست بە جیهان پیشانبدات، بۆیە یەکەم کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانیی کوردی بەناوی کەناڵی میدیا تی.ڤی (MEDIA T.V) لە رۆژی ۱۹۹۵/٥/۱٥ لە (پاریس)ی پایتەختی فەرەنسا دامەزرا.(۲)

لە پاش داخرانی کەناڵی میدیا تی.ڤی هەریەکە لە کەناڵی رۆژ (Roj) لە پاریس و میزۆپۆتامیا (Me.TV) لە شاری (ئەمستەردام)ی پایتەختی هۆڵەندا کرانەوە.(۳)

هەروەها شانبەشانی کرانەوەی ئەم کەناڵانە لە هەندەران، بۆ یەکەمجار لە ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئاسمانی بەناوی (کوردستان تی.ڤی KURDISTAN T.V) لە رۆژی ۱۹۹۸/۱۲/۱٥ لە شاری (هەولێر)ی پایتەختی هەرێم دەستی بە پەخشی ئەزموونیی

کرد.(٤)

لە ڕۆژی ٢٠٠٠/١/١ کەناڵێکی دیکەی ئاسمانیی نوێی کوردی لە شاری سلێمانی بەناوی کەناڵی ئاسمانیی کوردسات (KURD SAT) دامەزرا.(٥)

دواتر کەناڵێکی دیکەی ئاسمانیی بەناوی زاگرۆس (Zagros) لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/١٦ لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کرایەوە.

پاشان کەناڵی تەلەفزیۆنی (الحریه) کە پێشووتر کەناڵێکی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لە بەغداد پەخشی بەرنامەکانی دەکرد، لە ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٥ گۆڕا بۆ کەناڵێکی ئاسمانی و هەمان ڕۆژ پەخشی بەرنامەکانی وەکو کەناڵی ئاسمانیی (الحریه) دەستپێکرد.

هەروەها لە ڕۆژی ٢٠٠٦/١/١ کەناڵی ڕۆژهەڵات تی.ڤی (Rojhelat T.V) لە کۆمەڵەی ئەورووپی (Hotbird)کرایەوە.

دواتر لە هەمان کۆمەڵەی ئەورووپی بەم دواییانە هەریەکە لە کەناڵەکانی کۆمەڵە (Komala)و، تیشک (Tishk) و عەشتار (Ishtar) پەخشی ئەزموونیان دەستپێکرد.

***بیرۆکەی دامەزرانی کوردسات** (KURDSAT):

سەرەتای بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم کەناڵە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، خاوەنی بیرۆکەکەش خاتوو (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد)ەو، لەو ماوەیەدا هەوڵ و پرس و ڕاگۆڕینەوەی بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ خاتوو (شاناز)ی خوشکی و (د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح)دا لە هەندەران کردووەو یەکەم هاندەری هێرۆخان) بۆ دامەزراندنی کەناڵی کوردسات بریتی بووە لە کاک (کۆسرەت ڕەسوڵ).(٦).

***چۆنێتی دامەزراندنی:**

لەپاش هاتنەوەی (د.بەرهەم) بۆ هەرێمی کوردستان، لەسەر داوای خاتوو (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، کۆبوونەوەیەکی پێنج قۆڵی لە ماڵی ناوبراو لە شاری سلێمانی بە مەبەستی بیرکردنەوە لە چۆنێتی دامەزراندنی کەناڵەکە بە ئامادەبوونی هەریەکە لە (کۆسرەت ڕەسوڵ، ئەرسەلان بایز، د.بەرهەم، دارۆی شێخ نوری و هێرۆخان) ئەنجامدەدرێت و بڕیاری دامەزراندنی کەناڵی کوردسات دەدەن.(٧)

*ناوی کوردسات (KURDSAT):

لە هەمان ئەو کۆبوونەوە پێنج قۆڵیەی کە لە پێشووتر ئاماژەمان پێدا، لە دوای بڕیاری دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانیی کوردی لە سلێمانی، باس و خواسی ناوی ئەو کەناڵە دێتە پێشەوە، سەرەتا خاتوو (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد) ناوی کورد تی.ڤی (KURD T.V) بۆ کەناڵەکە پێشنیاز دەکات و (د.بەرهەم) لە بەرانبەردا پێشنیازی ئەوە دەکات کە (تی.ڤی T.V)ەکەی بکرێت بە (سات Sat) بۆیە سەرجەمیان بڕیار دەدەن کە ناوی ئەو کەناڵە نوێیە کوردسات (KURD sat)بێت.(٨)

*ئارم و لۆگۆی کوردسات (KURD sat):

لەسەر داوای ئەو کۆمپانیایەی کە گرێ بەستی کردنەوەی کەناڵی (کوردسات)ی لەگەڵدا دەکرێت، (خاتوو هێرۆ) داوا لە کاک (ئالان)ی کارمەندی بەشی کۆمپیوتەری کەناڵی تەلەفزیۆنی (خاک) دەکات کە (لۆگۆ)یەک بۆ کەناڵەکە بە مەبەستی (test) بۆ دروست بکات ئەویش (KURD sat) و چلە نێرگزێکی لەسەر باکگراوندێکی ڕەشی بۆ دروست دەکات و ناوبراو ڕەزامەندی تەواوی لەسەر دەردەبڕیت و دواتر دەبێتە (لۆگۆ)ی بەردەوامی کەناڵی کوردسات.(٩)

*ڕۆژی دامەزراندن و دەستپێکردنی یەکەم پەخشی ئەزموونیی کوردسات:

٢٠٠٠/١/١ لە ڕۆژی دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانیی کوردسات یەکەم پەخشی ئەزموونیی کەماوەی (٣) کاتژمێری خایاندووە لە هەمان ڕۆژدا بە سیستەمی ئەنەلۆگ (Analogue) لە کاتژمێر (١١,١٠خولەک بۆ کاتژمێر ٢,١٠)ی شەو بەکاتی هەرێمی کوردستان پەخشکراوە.(١٠)

*قۆناغەکانی پەخشکردنی کوردسات و سیستەم و ماوەی پەخشکردنی:

کەناڵی ئاسمانیی کوردسات لە ڕووی قۆناغەکانی پەخشکردنییەوە دەکرێت بە (٦) قۆناغ:

قۆناغی یەکەم: لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی (واتە: ٢٠٠٠/١/١)ەوە کە هاوکات دەستپێکی پەخشی ئەزموونیەتی، تاوەکو ماوەی ٤ مانگ (واتە٢٠٠٠/٤/١) دەخایەنێت کە بە سیستەمی ئەنەلۆگ (Analogue)پەخشکراوەو ڕۆژانە ماوەی پەخشەکەی (٣) کاتژمێر بەردەوام بووە.

قۆناغی دووەم: لە ڕۆژی (٢٠٠٠/٤/١)ەوە

دەستپێدەكات هەتاوەكو رۆژی (٢٠٠٠/٨/١) كە دیسان ماوەی ٤ مانگ دەخایەنێت و ماوەی پەخشەكەی بووەتە (٥)كاتژمێر لە رۆژێكدا (واتە(٢) كاتژمێر ماوەی پەخشەكەی زیادكراوە)و بە هەمان شێوە بەسیستەمی ئەنەلۆگ (Analogue)پەخشكراوە.

قۆناغی سێیەم:

لە رۆژی (٢٠٠٠/٨/١) هەتا كۆتایی ساڵی (٢٠٠١) دەخایەنێت و، ماوەی پەخشەكەی رۆژانە (٦)كاتژمێر بووە و لەم قۆناغەدا گۆڕانكاری تەواو لە سیستەمی پەخشی كوردساتدا ئەنجامدراوە بۆ یەكەمجار بەرنامەكانی بە سیستەمی ژمارەیی (Digital)پەخشكراوە.

قۆناغی چوارەم:

ئەم قۆناغە لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠١)ی زایینی تاوەكو كۆتایی ساڵەكە دەخایەنێت و ماوەی پەخشەكەی كراوە بە (١٨) كاتژمێر لە رۆژێكداو بەردەوام بە سیستەمی ژمارەیی (Digital)پەخشكراوە.

قۆناغی پێنجەم:

لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٢)ەوە دەستپێدەكات هەتا رۆژی (٢٠٠٣/٣/١٥)و ماوەی پەخشەكەی ٢١ كاتژمێر بووەو بە سیستەمی دیجیتاڵ پەخشكراوە.

قۆناغی شەشەم:

لە رۆژی (٢٠٠٣/٣/١٥)ەوە دەستپێدەكات و ماوەی پەخشی كراوە بە(٢٤) كاتژمێری بەردەوامی رۆژانەو هەتاوەكو ئەمڕۆ دەخایەنێت و پەخشی بەرنامەكانی لەسەر سیستەمی ژمارەیی (Digital) جێگیركراوەو بەردەوامە.(١١)

*شوێن، و رووبەری كەناڵی كوردسات:

كەناڵی ئاسمانیی كوردسات سەرەتا لەناو بینای كەناڵی تەلەفزیۆنی (خاك) دامەزراوە، هاوكات لەبەر بچووكی رووبەری تەلەفزیۆنەكە (واتە: خاك T.Vكە لە رۆژی ١٩٩٧/٣/١ لە سلێمانی دامەزراوە). بیر لە پرۆژەی دروستكردنی بینایەكی سەربەخۆ بۆ كەناڵی ئاسمانیی كوردسات كراوەتەوەو رووبەری ١٥ هەزار مەتری چوار گۆشە لەسەر چیای (دەباشان)ی نزیك لە شاری سلێمانی بۆ دروستكردنی ئەم پرۆژەیە تەرخانكراوەو بەپێی ئیمزاكردنی گرێبەستێك لەلایەن دەستەی بەڕێوەبردنی كەناڵی (كوردسات)ەوە لەگەڵ كۆمپانیای (نەورۆز) لە رۆژی (١٩٩٩/١١/١٢) دەست بە دروستكردنی پرۆژەكە كراوە كە رووبەری زەوی بینای كەناڵەكە بە تەنیا (٧٨٦)مەتر چوار گۆشەیە.

جێی ئاماژەیە كەناڵی كوردسات بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك بارەگاكەی لەناو بینای تەلەفزیۆنی (خاك)دا بووە، هەتاوەكو تەواوبوونی پرۆژەی دروستكردنی بینای كەناڵی كوردسات. لە رۆژی (٢٠٠١/٦/١) لە مەراسیمێكدا لەلایەن (مام جەلال)ەوە بە ئامادەبوونی نوێنەران و جەماوەرێكی بەرچاو پرۆژەی بینای نوێی كەناڵی ئاسمانیی كوردسات كراوەتەوە.(١٢)

*پەیكەری رێكخستن و كارگێڕیی كەناڵی كوردسات:

ئەم كەناڵە لەلایەن دەستەیەكەوە بەڕێوە دەبرێت بە سەرپەرشی خاتوو (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد) و بەڕێوەبەری گشتیی (ئاوات نەجمەدین ئیسماعیل)(١٣)ە.

كەناڵی ئاسمانی كوردسات لەم بەشە سەرەكیانە پێكدێت:

١-بەشی كارگێڕی.
٢-بەشی ئەرشیف و تەنسیق.
٣-بەشی مۆنتاژ.
٤-بەشی كامێرا.
٦-بەشی تەكنیك و پەخش.
٧-بەشی دیكۆر و رووناكی.
٨-بەشی كارەباو میكانیك.
٩-بەشی بەرنامەكان.
١٠-بەشی عەرەبی.
١١-بەشی ئینگلیزی.
١٢-بەشی توركی.
١٣-بەشی فارسی.
١٤-بەشی تێكست.
١٥-بەشی منالان و...هتد.(١٤)

بەشەكانی كوردسات بەپێی تێپەڕبوونی كات، پێداویستی و فراوانكردنی لە رووی ناو و پێكەوە بەستنی كارگێڕییەوە گۆڕانكارییان بەسەرداهاتووەو ئەرك و كارەكانیان زیاد و كەمی كردووە.

هەروەها كردنەوەی پەخشەكانی ناوخۆ لە بەشی تەكنیكی كوردسات هەنگاوێكی گرنگ و نوێیە كە ئێستا وێستگەی پەخشی ناوخۆی كەناڵەكە لە شارەكانی (بەغدا، موسڵ، كەركووك، هەولێر، دهۆك، خانەقین و سلێمانی و ناوچەكانی

دەوروبەری)هەیە(١٥).

*زمانەکانی پەخشکردنی کوردسات:

کەناڵی ئاسمانی کوردسات بەپێنج زمانی پەخشی بەرنامەکانی دەکات کە جگە لە زمانی خۆماڵی کوردی (بە هەردوو شێوەزاری کرمانجی ژووروو خواروو) بە زمانەکانی (عەرەبی، ئینگلیزی، فارسی و تورکی) هەندێ لە بەرنامەکانی پەخش دەکات(١٦).

*تایبەتمەندی و سیفەتەکانی کوردسات:

کەناڵێکی (سیاسی، نەتەوەیی، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، هەواڵی، دیالۆگ، منالان و گاڵتە ئامێز)(١٧)ە.

*پێگەی کەناڵی کوردسات لە کۆمەڵەی مانگە دەستکردەکانی سەتەلایت:

کۆمەڵەی ئەوروپی (HOTBIRD) بە گۆشەی ١٣ پلە ئاسۆیی یانە (Horizontal) بە ئاراستەی رۆژهەلات.

*پێگەی کەناڵی کوردسات لە تۆری ئینتەرنێت:

WWW.kurdsat.tv

*نووسینگەکانی کەناڵی کوردسات:

ئەم کەناڵە چوار نووسینگەی سەرەکی لە وڵاتانی جیهان و ناوخۆ هەیە

کە بریتین لە:

١-نووسینگەی سلێمانی (بارەگای سەرەکی کەناڵەکە).

٢-نووسینگەی بەغداد.

٣-نووسینگەی لەندەن.

٤-نووسینگەی سوید.(١٨)

*ژمارەی کارمەندانی کەناڵی ئاسمانیی کوردسات:

بەپێی ئامارێکی ژمارە یەک لە خوێندکارانی بەشی راگەیاندنی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کە بۆ (ماس میدیا)کانی شاری سلێمانی و دەوروبەری لە ساڵی (٢٠٠٢) ئەنجامیانداوە ژمارەی کارمەندانی پیاو لە کەناڵەکە (١١٢)کارمەندەو ژمارەی کارمەندانی ژن لەو کەناڵە (٤١) کارمەندەو تێکرا (١٥٣)کارمەندن،(١٩)بەڵام (شەلال گدۆ)ی رۆژنامەنووس بەپێی ئەو بەدواداچوونەی کە لەسەر کەناڵی کوردسات لە ساڵی (٢٠٠٣) کردوویەتی کارمەندانی کەناڵەکە بە زیاتر لە (٢٠٠) کارمەند دەخەمڵێنێت.(٢٠)

*هەواڵ لە کەناڵی ئاسمانیی کوردساتدا:

بەشی هەواڵ یەکێکە لە بەشە سەرەکییەکانی کەناڵەکە و گرنگی و بایەخی تایبەتی پێدراوە بەشێوەیەک ژمارەیەک کادیری راگەیاندن و کارمەندی شارەزاو بە ئەزموون لەم بەشەدا کاردەکەن و ستافێکی چالاک و پسپۆڕ لە بواری زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و تورکی بەرێوەی دەبەن.

کەناڵی کوردسات رۆژانە حەوت پەخشی هەواڵ بەزمانی کوردی (هەردوو شێوە زاری کرمانجی ژووروو خواروو) پێشکەش دەکات.

هەروەها دوو پەخشی هەواڵ بە زمانی عەرەبی و، دوو پەخشی هەواڵ بە زمانی ئینگلیزی بلاودەکاتەوە.(٢١)

*سەرچاوەکانی هەواڵی کەناڵی کوردسات:

١-پەیامنێرانی تایبەتی کەناڵەکە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات.

٢-گرێبەست لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی (ئەسۆشیەتید پریس Associated Press)ی ئەمریکی.

٣-گرێبەست لەگەڵ کەناڵی هەواڵیی (VOA)ی ئەمریکی.

٤-گرێبەست لەگەڵ کەناڵی (CNN)ی ئەمریکی.

٥-گرێبەست لەگەڵ کەناڵی عەرەبی (ئەبوزەبی)(٢٢).

*پەیامنێرانی کەناڵی ئاسمانی کوردسات:

بەپێی ئەو ئامارەی کە لە ساڵی (٢٠٠٤) ئەنجامداوە ژمارەی پەیامنێرانی کەناڵەکە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات (٣٤) پەیامنێرن کە بەم شێوەیە دابەشبوونە:

یەکەم: پەیامنێرانی هەرێمی کوردستان و عێراق:

ژمارەی پەیامنێرانی کەناڵی کوردسات لەناوەخۆی هەرێم و عێراق کە بەسەر سەرجەم شار و ناوچەکانیدا دابەشبوون (١٩) پەیامنێرن و بەم شێوەیەن:

١-سلێمانی چوار پەیامنێر و بەغداد(٣) پەیامنێر و کەرکووک و هەولێر و دهۆک و سۆران و خانەقین و رانیە و قەڵادزێ و کەر و کفری و چەمچەماڵ و کۆیە و پێنجوین هەریەکەو پەیامنێرێکیان هەیە.

دووەم: پەیامنێرانی کەناڵی کوردسات لە دەرەوەی وڵات:

ژمارەی پەیامنێرانی کەناڵەکە لە هەندەران

(١٥) پەیمانێرن و بەم شێوەیە بەسەر وڵاتانی جیهاندا دابەشبوونە:
ئەڵمانیا و سوید یەکەو دوو پەیمانێریان هەیەو بەریتانیاو هۆڵەنداو ئەمریکاو کەنەدا و ئوسترالیاو نەمساو نەرویج و سویسرا و دانیمارک و ئیتالیاو فەرەنسا هەریەکەو پەیامنێرێکیان هەیە.
*سەرچاوەی بەرنامەکانی کوردسات:
١-تەلەفزیۆنی خاک
٢-کەناڵی تەلەفزیۆنی (CNN).
٣-کەناڵی تەلەفزیۆنی (VOA)
٤-کەناڵی تەلەفزیۆنی (ئەبو زەبی).
٥-ئاژانسی هەواڵی ئەسۆشیەتید پریس (Associated Press)(٢٤).

بابەتە هەنووکەیی و مەسەلە چارەنووسسازە نەتەوەییەکان ئاگاداریان بکاتەوە.
٢-ئەم کەناڵە ڕۆڵی ڕایەڵێکی بینیوە کە توانیوێتی وەکو پردێکی پەیوەندیی گەلی کورد بە دونیای دەرەوە ببەستێت و بەپێچەوانەوە توانیوێتی ڕەوەندی کورد لە وڵاتانی ئەورووپی و عەرەبی بە هەرێمی کوردستان گرێبداتەوەو گوتاری ڕاگەیاندنی کوردی و بە هاووڵاتیانی کورد و بیانی لە دەرەوەی وڵات بگەیەنێت.
٣-کەناڵی کوردسات وەکو کەناڵێکی هەواڵی توانیوێتی ڕووداوو هەواڵە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بەجیهان بگەیەنێت و هەندێ جار دەستپێشەری ڕۆژنامەنووسیی هەبووە لەمڕووەوە.

*بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردسات (Kurd sat):
ئەم کەناڵە خاوەنی زیاتر لە (٤٣)(٢٥) بەرنامەیە و ژمارەیەکیان هەفتانەن‌وژمارەیەکی دیکەشیان دوو هەفتە جارێک بەشێوەی پەخشی ڕاستەوخۆ (Live)یان بەشێوەی تۆمارکراو پەخش دەکرێن و نموونەی ئەو بەرنامانە:

| ژ | ناوی بەرنامە | ڕۆژی دابەزین | کاتی دابەزین | ماوەی پەخش | جۆری پەخش |
|---|---|---|---|---|---|
| ١. | هەفتەنامە | شەممە | ٨:٢٠ | هەفتانە | |
| ٢. | خەندەی گەڕەوون | شەممە | ٨:٢٠ | هەفتانە | ڕاستەوخۆ |
| ٣. | هەفتە دیی/ تورکی | شەممە | ٩:٤٠ | هەفتانە | |
| ٤. | کتێب لە گفتوگۆدا | یەک شەممە | ٩:٤٠ | ٢هەفتە جارێک | |
| ٥. | بەرنامەی مەرنامە | یەک شەممە | ٩:٤٠ | ٢هەفتە جارێک | |
| ٦. | ئەو ڕۆژانەی ئەمڕۆیان دروست کرد | یەک شەممە | ٨:١٥ | ٢هەفتە جارێک | |
| ٧. | پێرسپێکتیڤ/ ئینگلیزی | یەک شەممە | ١:١٠ | هەفتانە | |
| ٨. | ڕامەن | یەک شەممە | ٩:٢٠ | ٢هەفتە جارێک | |
| ٩. | چریکەی لادێ | دوو شەممە | ٨:١٥ | ٢هەفتە جارێک | |
| ١٠. | ئەلبوم | دوو شەممە | ٨:١٥ | ٢هەفتە جارێک | |
| ١١. | تەوەر و گفتوگۆ | دوو شەممە | ٩:٤٠ | هەفتانە | ڕاستەوخۆ |
| ١٢. | ژیان | دوو شەممە | ١٢:٢٠ | ٢هەفتە جارێک | |
| ١٣. | شخصیات وحوار/ عربی | سێ شەممە | ٧:١٥ | ٢هەفتە جارێک | ڕاستەوخۆ |
| ١٤. | ئاوێنە | سێ شەممە | ٩:٤٠ | ٢هەفتە جارێک | ڕاستەوخۆ |
| ١٥. | سۆزی ئاواز | سێ شەممە | ٩:٤٠ | ٢هەفتە جارێک | ڕاستەوخۆ |
| ١٦. | لە ڕۆژهەڵاتەوە | سێ شەممە | ٨:١٥ | ٢هەفتە جارێک | |
| ١٧. | جاوەکانی سەدەی بیست | سێ شەممە | ١٢:٢٠ | ٢هەفتە جارێک | |
| ١٨. | میوانداری | سێ شەممە | ٨:١٥ | ٢هەفتە جارێک | |
| ١٩. | پەیڤین | چوار شەممە | ٩:٤٠ | ٢هەفتە جارێک | ڕاستەوخۆ |
| ٢٠. | ساتێک لە تەمەن | چوار شەممە | ٩:٤٠ | ٢هەفتە جارێک | ڕاستەوخۆ |
| ٢١. | بۆ مێژوو | چوار شەممە | ٨:١٥ | ٢هەفتە جارێک | |
| ٢٢. | هونەر و ژیان | چوار شەممە | ٨:١٥ | ٢هەفتە جارێک | |
| ٢٣. | دیدار | پێنج شەممە | ٩:٤٠ | ٢هەفتە جارێک | ڕاستەوخۆ |
| ٢٤. | وەرزش | پێنج شەممە | ٨:١٥ | هەفتانە | |
| ٢٥. | یادیان بەخێر | پێنج شەممە | ١٠:٢٠ | ٢هەفتە جارێک | |
| ٢٦. | دینە/ فارسی | هەینی | ٨:١٥ | هەفتانە | |
| ٢٧. | یادی جاران | هەینی | ٦:٢٠ | هەفتانە | |
| ٢٨. | ڕاز ڕایەڵ | هەینی | ٩:٤٠ | ٢هەفتە جارێک | ڕاستەوخۆ |
| ٢٩. | گزنگەشیگا | هەینی | ٩:٤٠ | ٢هەفتە جارێک | ڕاستەوخۆ |

(٢٦)

***نموونەی بەرنامەکان:**

*ئەنجامی توێژینەوەکە: (کەناڵی ئاسمانی کوردسات، دامەزراندن و گەشەکردنی)
١-کەناڵی ئاسمانی کوردسات لە ماوەی ٦ساڵی ڕابردوودا توانیوێتی گەلی کرد بە جیهانی دەرەوە بناسێنێت و لە کێشەو

٤-ئەم كەناڵە كە سەرەتا پەخشی ئەزموونیی بووەو چەند كاتژمێرێك ڕۆژانە پەخشی بەرنامەكانی كردووەو قۆناغەكانی گەشەكردنی بە شەش قۆناغدا تێپەڕیووەو ئێستا ٢٤ كاتژمێر بە بەردەوامی پەخشی بەرنامەكانی بە زمانەكانی (كوردی، عەرەبی، فارسی، توركی و ئینگلیزی) دەكات.

٥-كەناڵی ئاسمانیی كوردسات، كەناڵێكی تەلەفزیۆنی ئاسمانیی كوردییە كە بەرنامەكانی هەمەجۆر و گشتگیرە لە بوارەكانی (هەواڵی، مێژوویی، سیاسی، كۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، هونەری، منالآن و گاڵتە ئامێز و...هتد)، بەڵام ئەم كەناڵە بواری ئایینی تاڕادەیەك فەرامۆش كردووە!!.

٦-ئەم كەناڵە تاڕادەیەك مۆركی ناوچەیی پێوە دیارەو پێویستە بایەخ بە سەرجەم شار و ناوچەكانی هەرێمی كوردستان و ناوەڕاست و باشووری عێراق بدات و ماوەی پەخشی بەرنامەكانی بە زمانەكانی (عەرەبی، فارسی، توركی و ئینگلیز) زیاتر بكات.

***پەراوێزەكان:**

١-هەڤاڵ ئەبوبەكر، ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی كوردی، چاپخانەی تیشك، چاپی یەكەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٧١.

٢-حەبیب مال الله، سەرهەڵدان و گەشەكردنی كەناڵی ئاسمانیی كوردستان تی.ڤی (K.tv)، گۆڤاری (نەوشەفەق)، ژ. ١٦، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، تەمووزی ٢٠٠٤، ل١٢٠.

٣-هەمان سەرچاوە،ل١٢١.

٤-هەمان سەرچاوە،ل ١٢٠.

٥-چاوپێكەوتنی (ئاوات نەجمەدین ئیسماعیل) بەڕێوەبەری كارگێڕی كەناڵی ئاسمانیی كوردسات لە سلێمانی لە ڕۆژی (٢٠٠٤/١٢/٢٢).

٦-چاوپێكەوتنی خاتوو (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد) سەرپەرشتیاری كەناڵی كوردسات لە شەوی ٢٠٠٦/١/١ لە كەناڵەكە بڵاوكرایەوە.

٧-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٨-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٩-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٠-چاوپێكەوتنی (یوسفی حاجی یونس) ل. هونەری كوردسات لە شەوی ٢٠٠٦/١/١ لە هەمان كەناڵ بڵاوكرایەوە.

١١-چاوپێكەوتنی (یوسفی حاجی یونس) لە ڕۆژی ٢٠٠٤/١١/١٧ لە سلێمانی.

١٢-ڕاپۆرتی (ئالان ڕەئوف)ی پەیامنێری كوردسات لە سلێمانی لە شەوی ٢٠٠٦/١/١ لە هەمان كەناڵ بڵاوكرایەوە.

١٣-بیبلۆگرافیایەكی گشتی ماس میدیا لە شاری سلێمانی تا ٢٠٠٥/٥/١، ئا. بەشی ڕاگەیاندنی كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی، گۆڤاری ڕۆژنامەنووسان، ژ.٢، سلێمانی، هاوینی ٢٠٠٢، ل١٧٦.

١٤-چاوپێكەوتنی (ئاوات نەجمەدین)، سلێمانی، ٢٠٠٤/١٢/٢٢

١٥-بەرنامەی تایبەتی كوردسات لە شەشەمین ساڵیادی دامەزراندنیدا لە شەوی ٢٠٠٦/١/١ پەخشكرا.

١٦-چاوپێكەوتنی (یوسفی حاجی یونس) جێگری بەڕێوەبەری كارگێڕی كوردسات، سلێمانی، ٢٠٠٤/١١/٧.

١٧-ڕۆژنامەنووسان، ژ٢٠، سلێمانی، هاوینی ٢٠٠٢، ل١٧٦.

١٨-چاوپێكەوتنی (ئاوات نەجمەدین)، سلێمانی، ٢٠٠٤/١٢/٢٢.

١٩-ڕۆژنامەنووسان، ژ٢٠، سلێمانی، هاوینی ٢٠٠٢، ل١٧٦.

٢٠-شەلال گدۆ، فەزایی كوردسات، الاتحاد، ژ٥٧٧، سلێمانی، ٢٠٠٣/٧/٢٦.

٢١-بەرنامەی تایبەتی كوردسات، ٢٠٠٦/١/١.

٢٢-شێرزاد شێخانی، فەزایە كوردییەكان، الشرق الأوسگ، ژ.٩٠٩٦، ٢٠٠٣/٩/٢٧.

٢٣-چاوپێكەوتنی خۆم لەگەڵ (ئاوات نەجمەدین) بەڕێوەبەری كارگێڕی كەناڵی ئاسمانیی كوردسات لە سلێمانی لە ڕۆژی ٢٠٠٤/١٢/٢٢.

٢٤-الشرق الأوسگ، ژ. ٩٠٦٩، ٢٠٠٣/٩/٢٧، ل١٥.

٢٥-ڕۆژنامەنووسان، ژ٢٠، سلێمانی، هاوینی ٢٠٠٢، ل١٧٦.

٢٦-خشتەی بەرنامەكانی كەناڵی ئاسمانیی كوردسات كە لە ڕۆژی ٢٠٠٤/١٢/٢٢ لە بەشی تەنسیق و بەرنامەكانی كەناڵەكەم وەرگرتووە.

هەولێرنامەی کتێب

**٭سەرچاوەكان:**
١-كتێب:
هەڤاڵ ئەبوبەكر، راگەیاندن و راگەیاندنی كوردی، چاپخانەی تیشك، چاپی یەكەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٢-راپۆرت:
رێكخراوی (ASK)، راپۆرتی (ASK) بۆ مافەكانی مرۆڤ لە كوردستان ساڵی ٢٠٠٠، چاپی یەكەم، (بەبێ ئاماژەكردن بە ناوی چاپخانە)، سلێمانی، ٢٠٠١.
٤-گۆڤار:
١-رۆژنامەنووسان، ژ٢٠، سلێمانی، هاوینی ٢٠٠٢.
٢-نەوشەفەق، ژ.١٦، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، تەمموزی ٢٠٠٤.
٥-رۆژنامە:
١-كوردستانی نوێ، ژ. ٢٦٤٨، سلێمانی، ٢٠٠٢/١/١.
٢-الاتحاد، ژ.٥٧٧، سلێمانی، ٢٠٠٣/٧/٢٦.
٣-الشرق الاوسگ، ژ. ٩٠٦٩، لەندەن، ٢٠٠٣/٩/٢٧.
٦-چاوپێكەوتن:
١-چاوپێكەوتنی (ئاوات نەجمەدین ئیسماعیل) بەڕێوەبەری كارگێڕی كەناڵی ئاسمانیی كوردسات، سلێمانی، ٢٠٠٤/١٢/٢٢..
٢-چاوپێكەوتنی (یوسفی حاجی یونس) جێگری بەڕێوەبەری كەناڵی كوردسات، سلێمانی، ٢٠٠٤/١١/١٧.
٣-چاوپێكەوتنی لێپرسراوی بەشی پەخشی كوردسات، سلێمانی، ٢٠٠٤/١٢/٢٢.
٧-سەتەلایت:
بەرنامەی تایبەتی كەناڵی ئاسمانیی كوردسات لە شەشەمین ساڵیادی دامەزراندنیدا لە شەوی ٢٠٠٦/١/١ پەخشكراوە.
٣-بەڵگەنامە:
خشتەی بەرنامەكانی پەخشی كوردسات لە ٢٠٠٤/١٢/٢٢ لە ل.بەشی تەنسیق و بەرنامەكانی كەناڵەكە وەرمگرت.

٭تێبینی:
ئەم بابەتە بەشێكە لە توێژینەوەیەكی كۆرسی بۆ دەرچوونی ساڵی یەكەمی خوێندنی ماستەر لە ساڵی (٢٠٠٤-٢٠٠٥)پێشكەش بە كۆلیژی راگەیاندنی زانكۆی بەغداد كراوە.

# دامەزراندن و پێشخستنی کەناڵی ئاسمانی K.tv

حەبیب مالەڵلا
و: ئازاد عوبێد

دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانی (کوردستان- K.tv) لەهەرێمی کوردستانی عیراق رووداوێکی مێژوویی دەژمێردرێت، چونکە بۆ یەکەمجارە کەناڵی لەو جۆرە لەهەرێم، دەتوانین رۆژی پازدەی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٨ بەسەرەتای پەخشی ئەزموونی دیاری بکەین، تا حەڤدەی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٩ بەو حاڵەتە مایەوە، بەڵام پەخشی ئاسمانی کوردستان (K.tv) بەچەند هەوارێک تێپەڕیوە، گرنگترینیان[١]:

١- هەواری یەکەم/ لەرۆژی دامەزراندنی لە ١٩٩٨/١٢/١٥ تا ١٩٩٩/٤/٢٤و رۆژانە دوو کاتژمێر پەخشی هەبووە.

٢- هەواری دووەم/ لە ١٩٩٩/٤/٢٤ تا ٢٠٠٠/٣/٣٠ و پەخشەکەی رۆژانە سێ کاتژمێر بووە.

٣-هەواری سێیەم/لە ٢٠٠٠/٣/٣٠ تا ٢٠٠١/١/١ پەخشەکەی رۆژانە پێنج کاتژمێر بووە.

٤-هەواری چوارەم/لە ٢٠٠١/١/١ تا ٢٠٠١/٤/١ رۆژانە پەخشەکەی حەوت کاتژمێر بووە.

٥- هەواری پێنجەم/ لە ٢٠٠١/٤/١ کەپەخشی بەرنامەکانی ئاسمانی کوردستان K.tv بووە (٢٤) کاتژمێر.

کەناڵی ئاسمانی کوردستان K.tv بەرنامەکانی بە شەش زمان کوردی و عەرەبی و فارسی و سریانی و ئینگلیزی پەخش دەکات.

دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە کەناڵی ئاسمانی کوردی لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، بەتایبەتیش لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا، ئەویش کەناڵی ئاسمانی (Media)یە، بەڵام دواتر، لەشوێنی کەناڵی ئاسمانی (رۆژ) لەپاریس دامەزرا، بەم دواییانە کەناڵی کوردی ئاسمانی (Me.tv) لەئەمستەردامی پایتەختی هۆڵەندا دامەزرا.

کەناڵی ئاسمانی کوردستان، کۆمپانیایەکی راگەیاندنی تایبەتمەندە بەپەخشی رادیۆیی

و تەلەفزیۆنی و بەرهەمهێنانی هونەری، بەسەرمایەی (٣٠) ملیۆن دیناری عیراقی، ئەندامە لەیەکێتی کەناڵە ئاسمانییە جیهانییەکان و کۆمپانیایەکی راگەیاندنی لەژووری بازرگانی هۆڵەندی و ژووری بازرگانی هەرێمی کوردستان لەهەولێر[٢] تۆمار کردووە.

**لەمەرجەکانی دامەزراندنیدا[٣]**

١- ناوی کۆمپانیا، کەناڵی ئاسمانی کوردستان، بۆ پەخشی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی و بەرهەمهێنانی هونەری و کاری راگەیاندن.

٢- شوێنی کۆمپانیا/ هەولێر، لقەکانی لەناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستانی عیراق بڵاوبوونەتەوە.

٣- بوارەکانی بەرهەمهێنان لەکۆمپانیاکە

أ. بۆ پەخشی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی.

ب. بەرهەمهێنانی گۆرانی کاسێتی ڤیدیۆی، بەرهەمهێنانی درامی و شانۆیی و فیلم.

ج. پاراستنی مافی چاپ بۆ هەموو بەرنامە بەرهەمهێنراوەکان و لەکاتی رەچاو نەکردنی ئەمە، داوای یاسایی ئەو مافانە دەکات.

٤- چالاکییەکان

أ. ئامادەکردنی کۆنگرەو کۆڕو فێستیڤاڵی هونەری و راگەیاندن بەهەموو شێوەکانییەوە.

ب. بەرهەمهێنانی و نیشاندانی ئاگاداری بازرگانی.

ج. بڵاوکردنەوەی چالاکی هونەری و راگەیاندن لەکوردستان.

د. تێکۆشان لەپێناو چەسپ کردنی کۆڵگەکانی یاسای مافی مرۆڤ و دامەزراندنی کۆڵگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی.

بۆ ئەوەی کۆمپانیای (کەناڵی ئاسمانی کوردستان) ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، ئەم کارانە پەیڕەو دەکات[٤]:

١- بەستنی رێککەوتننامە لەگەڵ ئاژانسەکانی هەواڵی نێودەوڵەتی و کۆمپانیاکانی راگەیاندن لەپێناو هاوکاری کردن سەبارەت بە گۆڕینەوەی چالاکییەکانی راگەیاندن.

٢- دانانی بیرۆکەی پێویست بۆ رێکخستنی فیستیڤاڵ و کۆڕی هونەری و راگەیاندن.

٣- بەستنی رێککەوتننامە لەگەڵ لایەنی تایبەتمەند بەبەرهەمهێنانی هونەری و راگەیاندن لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

٤- بەدەست هێنانی ئامێرو کەرستەو کەلوپەلی هونەری پێویست بۆ کاری هونەری.

٥- دەرکردنی بڵاوکراوەو پۆستەری هەمەڕەنگ.

٦- هاوکاری کردن لەگەڵ بنکە هونەری و رووناکبیرییەکان، تەرخانکردنی خەڵات بۆ کاری داهێنان و دەگمەن.

٧- بەستنی رێککەوتننامەی کاتی و هەمیشەیی لەگەڵ تاک و کۆمپانیا تایبەتییەکانی بەرهەمهێنانی هونەری و رووناکبیری لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

٨- بەشداریکردن لە جموجۆڵ و چالاکییە هونەری و رووناکبیرییەکانی ناو هەرێم و دەرەوەو بانگهێشت کردنی پسپۆڕانی بواری پیشەسازی فیلم و دەرهێنان و گۆرانی و مۆنتاژ.. هتد.

بارەگای سەرەکی کەناڵی (ئاسمانی کوردستان) (K.tv) دەکەوێتە ناوچەی پیرمام لەپاریزگای هەولێر لە ساختمانێکدا کە رووبەرەکەی (٢٦٠٠) مەتری چوارگۆشەیە کە رووبەری گشتی (٣٦٠٠) مەتر چوارگۆشەیە[٥] کەناڵی (ئاسمانی کوردستان K.tv) چوارچێوەی کاری راگەیاندن بەپێی ئەو بنەمایانەی خوارەوە بەڕێوە دەبات[٦]:

١- کەناڵی (ئاسمانی کوردستان) دەزگایەکی راگەیاندنی رووناکبیری کوردستانییەو پابەندی هزری نیشتمانی دیموکراتییە، کە بەدرێژایی مێژوو لەهزرو رێبازی (بارزانی نەمر)دا بەرجەستەبووە، بەمەش کەناڵەکە ئەو کۆتی دابڕان و دیواری بێ دەنگی و شێواندنەی شکاند کە بەدرێژایی مێژووی ئەو گەلە دووچاری بووە. ئەو کەناڵە کەلەبەرێکە بۆ بەردەوامی و تێکەڵەیەی ئەو گەلە کە مرۆڤایەتی بۆی تێدەکۆشێ، ئەویش پێشکەوتن و دامەزراندن لەسەر بنەمای دادپەروەری و بەئاشتی پێکەوە ژیان و یەکسانی نێوان گەلانە.

٢- ئەو پەیامەی خۆی لەکاری کەناڵی ئاسمانی کوردستانەوە بەرجەستە دەکات، کارکردنە بۆ پەرەسەندن و پێشخستنی دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بەرەو هێنانەدی ئەرکە مێژووییەکانی و هێنانەدی ئامانجە رزگاریخوزاییە رەواکان و بڵاوکردنەوە چەمکی هاوکاری و برایەتی و دۆستایەتی لەنێو گەلان بەدوور لە رەگەز پەرستی و مەحکوم کردنی تیرۆرو دروستکردنی کۆمەڵگایەکی

مەدەنی کەبنەماکەی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و سەروەری یاسا بێت.
٣- کەناڵی ئاسمانی کوردستان خۆی بەترۆپکی کەلەپووری رووناکبیری ئەو تێکۆشانە دەزانێ کە هاوشانی خەباتی گەلی کوردستان و داخوازییەکان بووە بەرەو ئازادی. لەگەڵ دەرهاویشتە بەنرخەکانی رووناکبیری پێشکەوتنخوازو بردنی بەرەو تێکەڵبوونێکی رێک و پێک لەگەڵ کەلەتووری مرۆڤایەتی هاوچەرخ کە لەسەر دادپەروەری کۆمەڵایەتی و فرەیی و زمانی گفتوگۆو ئازادی رادەربڕین و رێزگرتنی لەرەوایی بوونی ئەوانی دیکەو بەرجەستەکردنی هەمەڕەنگی نەتەوەیی و ئایینی و تایفی و هەرچی کە ئەزموونی دیموکراتی و کوردستانی پێ پتەو بێت، لەگەڵ رۆیشتنی لەگەڵ کاروانی شارستانیەت بەپێی ئەو بەهاو چەمکانەی کە بەردەوام دەیهێنێتە کایەو داوای پێشکەوتن و ئاشتی و چارەنووسی هاوبەشی دەکات.

کەناڵی ئاسمانی کوردستان K.tv لەلایەن دارایی و کارگێڕییەوە سەربەخۆیەو جیا لە وەزارەت و دامەزراوە حکومی و رەسمییەکان، ئەو بەڕێوەبەرە گشتییەی کە (پارتی دیموکراتی کوردستان) دایدەنێ بەرپرسی سەرلەبەری چالاکییەکانی کەناڵەکەیە، بڕیاری تایبەت بەدامەزراندنی کارمەندو دەست لەکار هەڵگرتنیان لەدەسەڵاتی خۆیەتی. لەلایەنی داراییشەوەو لەبەر ئەوەی کەناڵی ئاسمانی کوردستان نیمچە بازرگانییە، بۆ دابین کردنی داهاتی دارایی پشت بەو تەرخانە دەبەستێ کە (پارتی دیموکراتی کوردستان) بۆی دیاری دەکات، ئەویش مووچەی کارمەندان و خەرجی کڕینی ئامێرو کەل و پەل و کەرستەی گواستنەوەیە[٧].

کەناڵی ئاسمانی کوردستان لەناو (کۆمپانیای ئاسمانی) تۆمارکراوەو مۆڵەتی ژمارە (٤٠٠٨١) لە ٢٠٠٢/١١/٢٧ هەیە، بۆ ئەوەی (کەناڵە)کە مۆرکێکی بازرگای و ئەهلی وەربگرێ و پشت بەداهاتی ئاگاداری ببەستێ[٨] لەرووی تەکنیکییەوە پەخشی (کەناڵی ئاسمانی کوردستان K.tv) لەرێی سێ مانگی دەستکردەوە بەڕێوەدەچێت کە ئەمانەن[٩]:
١- مانگی (Eutelsat) ئاسۆیی بەپلەی (١٦) رۆژهەڵات.
٢- مانگی (Hotbird) ئاسۆی بەپلەی (١٣)ی رۆژهەڵات.
٣- مانگی (Telstar) ستوونی بەپلەی (١٧)ی رۆژئاوا.

سەبارەت بە بەرهەمهێنانی بەرنامەکان، ئەوا پێنج بەشی سەرەکی بەرهەمهێنان لەکەناڵی ئاسمانی کوردستاندا هەیە کە بەرنامەکان بەرهەم دەهێنێ[١٠]:
١- بەشی هەواڵ.
٢- بەشی بەرنامەی سیاسیی.
٣- بەشی بەرنامەی رۆشنبیریی و گەشەپێدان.
٤- بەشی بەرنامەی هونەری.
٥- بەشی بەرنامەی مندالآن.

**نووسینگەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان (K.tv) لەو شارانەی خوارەوە هەیە[١١]:**
١- نووسینگەی شاری هەولێر.
٢- نووسینگەی شاری دهۆک.
٣- نووسینگەی شاری سلێمانی.
٤- نووسینگەی شاری کەرکووک.
٥- نووسینگەی شاری مووسڵ.
٦- نووسینگەی شاری بەغدا.
٧- نووسینگەی شاری هەڵەبجە.
٨- نووسینگەی شاری سۆران.
٩- نووسینگەی شاری ئاکرێ.
١٠- نووسینگەی شاری رانیە.
١١- نووسینگەی شاری شێخان.

**پەیامنێرەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان (K.tv) لەجیهاندا لەو وڵاتانەدا هەن[١٢]:**
١- سوید.
٢- دانیمارک.
٣- فەرەنسا.
٤- ئەڵمانیا.
٥- ئینگلتەرە.
٦- هۆڵەندا.
٧- ئێران.
٨-تورکیا.
٩- قاهیرە.
١٠- نەرویج.

کەناڵی ئاسمانی کوردستان (K.tv) بەپلەی یەکەم پشت بەشارەزایی راگەیاندنی و هونەری ناو هەرێمی کوردستانی عیراق دەبەستێت. هەرچەندە دام و دەزگای فێرکردنی راگەیاندن

زۆرکەمە، وەک پەیمانگەو بەش و کۆلێژی تایبەت بەرادیۆو تەلەفزیۆن. لەو ساڵانەی دواییشدا بەشی راگەیاندن لەکۆلێژی ئاداب و زانستە مرۆڤایەتییەکانی لەهەردوو پەیمانگای تەکنیکی هەولێرو سلێمانی کراونەتەوە توانیویانە کە لەگەڵ پەرەسەندنەکانی راگەیاندن لەبواری تەلەفزیۆن بڕۆن، لەڕێی ناردنی کارمەندانیان بۆ خوولی مەشق لەچەندین بواردا لەدەرەوەو ناوەوەی هەرێم[١٣].

١- خوولی مەشقی یەکەم، بۆ (٢٠) کارمەند لەساڵی ٢٠٠٠ لەپایتەختی هۆڵەندا (ئەمستەردام).

٢- خوولی مەشقی دووەم بۆ دوو کارمەند ساڵی ٢٠٠١ لەپایتەختی ئیسپانیا (مەدرید).

٣- خوولی مەشقی سێیەم بۆ دە کارمەند ساڵی ٢٠٠٢ لەشاری هەولێر.

٤- خوولی مەشقی چوارەم بۆ دە کارمەند لەساڵی ٢٠٠٢ لەشاری هەولێر.

لەلایەنی تەکنیکییەوە[١٤] لەبەر ئەوەی زۆری سیستمی پەخش لەجیهاندا هەیە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن پشتی پێ دەبەستن وەک سیستەمی (VHS) (Video Home System) و سیستەمی (Batagam) بەهەردوو جۆری (sp و sx) وە سیستەمی یۆماتیل، ئەوا کەناڵی ئاسمانی کوردستان سیستەمی (Digital Video Camera) (DVC) بۆ پەخش کردن هەڵبژاردووە، ئەویش لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە[١٥]:

١- بەئاسانی بەکارهێنانی لەکرداری پەخش کردندا.

٢- سنووورداری سیستەمی پەخشی پێشکەوتوو لەهەرێمی کوردستانی عیراق بەهۆی گەمارۆی ئابووری سەپاو بەسەر عیراقدا.

٣- هەبوونی پارچەی پێویستەی سیستەمی بەکارهاتوو لەوڵاتانی دەوروبەری عیراق وەک سوریا و تورکیا و ئێران.

هەرچی ئامێرەکانن، ئەوا هەر بەشێک لەبەشەکانی بەرهەمهێنانی ئامێری تایبەت بەخۆی هەیە، تەنیا لەکردارەکانی بەرهەمهێنان و وێنەگرتنی ناوەوە نەبێت، ئامێرەکان هاوبەشن. بۆ ستۆدیۆش لەبنکەی سەرەکی پەخشی کەناڵی ئاسمانی کوردستان (K.tv) سێ ستۆدیۆ هەیە: ستۆدیۆی هەواڵ و بەرنامە راستەوخۆکان، بەدرێژایی (١٥) مەترو پانی (١٧) مەترو بەرزی (٤) مەتر، ستۆدیۆی بەرنامەی (پەپوولەکانی کوردستان) بەدرێژایی (١٧) مەترو پانی (١٠) مەترو بەرزی (٤) مەتر، ستۆدیۆی دەنگ بەدرێژایی (١٠) مەترو پانی (٥) مەتر و بەرزی (٤) مەتر[١٦].

**ستۆدیۆکانی دیکەش لەو شارانەی خوارەوەن[١٧]:**

١- ستۆدیۆی شاری هەولێر بەدرێژایی (١٢) مەترو پانی (٨,٣٤) مەترو بەرزی (٣,٧٢) مەتر، (٤٢) کادیر کاری تێدا دەکەن.

٢- ستۆدیۆی شاری دهۆک بەدرێژایی (١٠) مەتر پانی (٦) مەتر بەرزی (٤) مەتر، (٣٦) کادیر کاری تێدا دەکەن.

٣- ستۆدیۆی بەغدا بەدرێژی (١٠) مەترو پانی (٦) مەترو بەرزی (٤) مەتر، (٢٥) کادیر کاری تێدا دەکەن.

هەرچی لەڕووی کرداری گواستنەوەی بەرنامەکان لەستۆدیۆیەکانەوە بۆ بنکەی سەرەکی کەناڵەکە لەناوچەی پیرمام ئەوا لەڕێی سیستەمی (الدش link) بەهۆی شەپۆلی (Local)ەوە دەبێت، کە زۆر کەم خەرجە لەڕووی ئابوورییەوە یان لەڕێی ئامێری پەخشی جووڵاو (Flog Way)، لەڕێی گواستنەوەی بەرنامەکانی بنکەی گشتی بەمانگی دەستکرد راستەوخۆ دوای ئەوە بەمانگی دەستکرد پەخش دەکرێ[١٨]، کۆنگرە و کۆڕ و فێستیڤاڵەکان بەئامێری گواستنەوەی راستەوخۆ دەگوازرێنەوە کە ئۆتۆمبێلێکە (٣٥) کامێرای پێیەوە، لەڕێی سیستەمی (Flog Way) دەگوازرێتەوە[١٩].

کەناڵی ئاسمانی کوردستان کارەبا لەوێستگەی سەرەکی هەولێرو ماتۆڕی کارەباییشی هەیە کە وزەکەی (٥٠٠) کیلۆ واتەو سیستەمێکی کۆمپیوتەر رێکی دەخات[٢٠].

**کادیری کەناڵی ئاسمانی کوردستان (K.tv) ئەمانەن:**

١- کادیری راگەیاندن (٥٦) کادیری بێژەرو پێشکەشکاری بەرنامە، نووسەرو ئامادەکاری بەرنامەکانن.

٢- کادیری هونەری (٦٠) هونەرکار بەدەرهێنەرو وێنەگرو بەرهەمهێن.

٣- کادیری کارگێری (٦١) کارگێڕی فەرمانبەرو کارمەندی پرسگەو خزمەتگوزار.

کار بەردەوامە بۆ تەواو کردنی ساختمانی نوێی کەناڵی ئاسمانی کوردستان (K.tv) لەناوچەی (پیرمام) لەپارێزگای هەولێر کە لەسێ نهۆم پێک هاتووە لەسەر سیستەمی جیهانی بۆ ساختمانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و دوو ستۆدیۆی هەیە، یەکیان بۆ هەواڵ بەدرێژایی (٧) مەترو پانی (٨) مەترو بەرزی (٧) مەترو دووەمیشیان بۆ بەرنامە بەدرێژایی (٢٠) مەترو پانی (٢٠) مەترو بەرزی (٧) مەتر.

رووبەری ساختمانی نوێ (٣٥٠٠) مەتری چوارگۆشەیە، سەرلەبەری رووبەری گشتی (١٠٠٠×١٠٠٠) مەترەک گەراج و باخچەو شوقەی نیشەجێ بوونی کارمەندان[٢١].

## سەرچاوەکان:


١- دیدار لەگەڵ (دلێر محەمەد عیسا) بەڕێوەبەری کارگێڕی کەناڵی ئاسمانی کوردستان لە ٢٠٠٤/٥/١٢.
٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٣-کەناڵی ئاسمانی کوردستان ٢٠٠٤/٥/١٢.
٤-سەرچاوەی پێشوو.
٥- دیدار لەگەڵ بەڕێوەبەری کارگێڕی کەناڵی ئاسمانی لە ٢٠٠٤/٤/٢٨.
٦- کەناڵی ئاسمانی کوردستان ٢٠٠٤/٤/٥.
٧- دیدار لەگەڵ کاروان ئاکرەیی بەڕێوەبەری گشتی کەناڵی ئاسمانی کوردستان لە ٢٠٠٤/٤/٢٨.
٨- سەرچاوەی پێشوو.
٩- کەناڵی ئاسمانی کوردستان ٢٠٠٤/٤/٥.
١٠- هەمان سەرچاوە.
١١- دیدار لەگەڵ ئیبراهیم حاجیساڵی بەڕێوەبەری پەیوەندییە گشتییەکان لە ٢٠٠٤/٤/٥.
١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
١٣- دیدار لەگەڵ کاروان ئاکرەیی بەڕێوەبەری گشتی کەناڵی ئاسمانی کوردستان ٢٠٠٤/٤/٢٨.
١٤- دیدار لەگەڵ سیڤەر زامدار بەڕێوەبەری کاروباری هونەری کەناڵی ئاسمانی کوردستان لە ٢٠٠٤/٤/٢٨.
١٥- سەرچاوەی پێشوو.
١٦- سەرچاوەی پێشوو.
١٧- سەرچاوەی پێشوو.
١٨- دیدار لەگەڵ سیڤەر زامدار بەڕێوەبەری کاروباری هونەری کەناڵی ئاسمانی کوردستان ٢٠٠٤/٤/٢٤.
١٩- دیدار لەگەڵ کاروان ئاکرەیی بەڕێوەبەری گشتی کەناڵی ئاسمانی و کوردستان لە ٢٠٠٤/٤/٢٨.
٢٠- سەرچاوەی پێشوو.
٢١- دیدار لەگەڵ دلێر محەمەد عیسا بەڕێوەبەری کارگێڕی کەناڵی ئاسمانی کوردستان.


کتێبخانەی ئەلکترۆنی

# بیبیلۆگرافیای بابەتەکانی گۆڤاری پێشەنگ

## "تایبەت بە دیدار"

### بەشی دووەم



ئەنوەر حسێن (ا.بازگر)

ئـەوەی لێرەدا بڵاو دەکرێتەوە بەشـی دووەمی ئەو لێکۆڵینەوەیە کە پێشـتر بەناوی (ئیندێکسی بابەتەکانی گۆڤاری پێشـەنگ لەژمـارە (١-١٥) وەکو بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە بڵاوکرایەوە. ئەمـەی خـوارەوەش بەشـی دووەمیەتـی، کـە پێکهاتووە لە بیبلۆگرافیای چوار ژمارەی بەشی فارسی پێشەنگ و سێ دیدار لەگەڵ (أ.ع) و ناسری حسـامی و ئەحمـەد بازگر. سـێ هەڵسـوڕاوی چالاکی ناو ناوەندی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان و گۆڤاری پێشەنگ بوون.

لەبەشـی سـێیەمی لێکۆڵینەوەدا کەبەدوای ئەم بەشەدا دێت، وردەکارییەکانی زیاتر سەبارەت بە گۆڤارەکەو ناوەڕۆکی گۆڤارەکە بڵاودەکرێتەوە.

# گۆڤاری پێشەنگ – بەشی فارسی

## ژمارە ( ٦ ) اردیبهشت ١٣٦٧

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانر) | لاپەڕە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| کانونی هنروادبیاتی کارگری کردستان١٣٦٦ | زندەباد یاد رفیق د. جعفر شفیعی | راگەیاندن | ٣ | | |
| | چهارمین مجمع عمومی کانون هنرو ادبیات کارگری کردستان١٣٦٦ | راگەیاندن | ٥ | | |
| ئلخانف | نمایش و نقاشی فرانسوی در قرن هیجدهم ازدیدگاه جامعه شناسی | لێکۆڵینەوە | ٨ | فریدون ناظری | |
| رێبوار | سخنی کوتاه با شاعرو هنرمند امروز | رەخنە | ٣١ | | |
| | دست دردست | چیرۆك | ٣٥ | | |
| جوهیل | سەترانەو سرود از جوهیل رهبر انقلابی، اهنگساز وترانه سرای بزرگ پرولتاریا | شعر | ٤٢ | فریدون ناظری | |
| رێبوار | در ستایش ارتباطات الکترونی | شعر | ٤٨ | | |
| حسام | جوی، رود، دریا | شعر | ٥١ | | |
| ب– امید | من زنده ام | شعر | ٥٢ | | |
| سالار | برگ سرخ | شعر | ٥٣ | | |
| سیمین | اگرکه | شعر | ٥٤ | | |
| باران | ترانه تغییر | شعر | ٥٥ | | |
| | یاد از رفیق هنرمند (جدو نامەیی از لمان*) | یاد | ٥٦ | | *نامەی کانون فرهنگ لاهوت |
| ە.س. سامان | ملاحظاتی برارزوی من | نامە | | | |
| | بخشهایی از نامەیی بایك فرا خوان | نامە | ٦٢ | | |
| | مجله سروە را تحریم کنید | راگەیاندن | ٦٣ | | |
| | اثارمان را هرچه پیشتر ابیمان تودەهای کارگرو زحمتکیش ببریم | چالاکی | ٦٤ | | |
| | اثار رسیده | چالاکی | ٦٦ | | |
| | کاریکاتیر | وێنە | ٦٩ | | |
| | ریکلام | ریکلام | ٧٠ | | |

*وێنەی بەرگی پێشەنگ ئالایەکی سورو کۆبوونەوەیەکی جەماوەری کۆمۆنەی پاریس.

# گۆڤاری پێشەنگ – بەشی فارسی

## ژمارە ( ٧ ) اسفند ١٣٦٧

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەڕە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| کانونی هنروادبیاتی کارگری کوردستان | گزارشی ازبرگزاری پانجمین مجمع کانون هونەر ادبیاتی کارطەی کردستان | راگەیاندن | ١ | | |
| = = = | بمانسبت اعدام تعدادی از زندانیان سیاسی و کومنست درسیا هچال های جمهوری اسلامی | راگەیاندن | ٩ | | |
| یان بیرچال | نان سیاه وشیعر نگاهی گزرابه پرولت کلت "سازمان فرهنگ پرولتری" | لێکۆڵینەوە | ١٠ | فریدون ناظری | |
| | چنین است گرایش ما | = | ١٥ | | |
| ناصح مردوخ | سەقطعە عکس | چیرۆك | ١٨ | | |
| جلال | یاران | چیرۆك | ٢٥ | | |
| برشت | رفراندم | شانۆنامە | ٤٩ | بشرا | |
| رالف چی نی | بردگان مزدی علیه بانیان جنگ | شعر | ٥٢ | فریدون ناظری | |
| دوایت | هدیەها | شعر | ٥٣ | = | |
| والتر سنو | شاعر انقلابی | شعر | ٥٤ | فریدون ناظری | |
| | دو سرود کارگری "بوکس اشتاین" | شعر | ٥٥ | فرشید | |
| | بەپیش، بەپیش برای مبارزه | شعر | ٥٧ | فرشید | |
| ف- پشکو | در حسرتی سوز یدگی | شعر | ٥٨ | = | |
| کاکە | امید- بلوغ | شعر | ٥٩- ٦٠ | | |
| یاور | چرا- بهار ٦٧ | شعر | ٦١- ٦٢ | | |
| سارا فەقی خدر | گم گشته | شعر | ٦٣ | هیوا | |
| | یادی مختصر از چند همسگر | یاد | ٦٥ | | |
| اسو | خاطرەها | بیرەوەری | ٦٦ | | |
| علی داودی | نامەیی از | نامە | ٧٠ | | |
| | چند توضیح لازم | ریکلام | ٧٢ | | |
| | کاریکاتێر | کاریکاتێر | ٧٣ | | |

*بەرگی کتێب پیاوێك بەقەڵەم خۆر دروست دەکات پیاوێکی دیکە لەسەر پشتی پیاوی یەکەم ئاسمان رەش دەکات.

# گۆڤاری پێشەنگ – بەشی فارسی

## ژمارە ( ٨ ) تیرماه ١٣٦٨

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەڕە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| | زیبایی شناسی | لێکۆڵینەوە | ٣ | | |
| | نامەیی انگلس بەمارگارت هارکنس | نامە | ١٠ | | |
| وریا ناظری | ماجرای سلمان رشدی وازادی بیان | لێکۆڵینەوە | ١٤ | | |
| اطلاعیة کانون هنروادبیات کارگری کوردستان/ | در محکوم کردن فتوای خمینی علی نویسندە کتاب "ایەهای شیطانی" | ڕاگەیاندن | ٢٠ | | |
| سرگیی الکسیف | زهبر | چیرۆک | ٢١ | مصطفی یونسی | |
| رحمان بیساران | کشفهای خواهرم | شیعر | ٢٤ | | |
| فریدون ناظری | راه فزاز ندانم | نمایشنامەی رادیۆیی | ٣١ | | |
| جوهیل | کیسی جونز اعتصاب شکن | شعر | ٤٧ | فریدون ناظری | |
| الفرد هایس | بەخیابانها بریزید | شعر | ٤٩ | ریبوار | |
| الفرد هایس | سرود سربازان مرداب | شعر | ٥١ | | |
| مینو | شهید | شعر | ٥٣ | کاکە | |
| ف- پشکۆ | صرفة جویی | شعر | ٥٨ | | |
| ف- پشکۆ | شب اخر اعتصاب | شعر | ٦٢ | | |
| ڕێبوار | ترانه کارگر شهرداری | شعر | ٦٣ | | |
| ڕێبوار | تصورکن | شعر | ٦٥ | | |
| ا- موفتی | کارگر فصلی | شعر | ٦٧ | | |
| ب- امید | بیاد جانبا ختگان گمنام انقلاب پرولتری | شعر | ٦٩ | | |
| | خاطرةها | بیرەوەری | ٧٠ | | |
| | کاریکاتێر | کاریکاتێر | ٧٨ | | |

*بەرگی کتێب دارێکە رەگی داکوتاوە.

## گۆڤاری پێشەنگ – بەشی فارسی

### ژمارە (٩) اردیبهشت ١٣٦٩

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەڕە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| | گزارش به مجمع ششم | ڕاگەیاندن | ٣ | | |
| محمد مصری | در نقد پرومته داروین | ڕەخنە | ١٣ | | |
| ثلخانف | وظائف نقد ماتریالیستی | ڕەخنە | ٢٠ | هزار خانی | |
| | قطعنامة لنین برای پرولت کولت | ڕەخنە | ٢٢ | حجت روشن | |
| | سەخاطرة کوتاه در مورد لنین | | ٢٥ | فریدون ناظری | |
| لنگستون هیوز | یکسان | شعر | ٣١ | ریبوار | |
| شللی | نقاب هرج ومرج | شعر | ٣٤ | محمود تفضلی | |
| کارل سند برگ | ستة کلمة | شعر | ٣٧ | م.أزاد –ئەحمەد کریمی | |
| سعاد صباح | برا بری | شعر | ٣٨ | ریبوار | |
| حسام | برای نلسون مندلا | شعر | ٤٣ | وریا–ن | |
| بهروز– ب | درافق می روید | شعر | ٤٥ | | |
| بهروز–ب | بهار در راه است | شعر | ٤٧ | | |
| بهروز–ب | تلخ میگریم | شعر | ٤٨ | | |
| فریدون ناظری | تنها چرا | بیرەوەری | ٥٠ | | |
| ناهید | همه باهم | = | ٥٩ | | |
| انورہ دوبلزاك | بابا گوریو | = | ٧٤ | | |
| وریا ارنان | پنج روز نخست | بیرەوەری | ٧٥ | | |
| م– ح– امید | وداع | شعر | ٨٩ | | |
| ب– الوند | شهر بیگانه | شعر | ٩٢ | | |
| ب– الوند | استانبول | شعر | ٩٣ | | |
| | سخن باخوانندگان | نامە | ٩٧ | | |
| | پاسخ به چند نامه | | ١٠٠ | | |
| | برخی از آثار رسیده | | ١٠١ | | |
| از سعید درم بخش | طرح روی جلدو صفحات | کاریکاتێر | ١٠٢–١٠٥ | | |
| از منظر صفحات | کارگران نانوائی و سالخوردگان | کاریکاتێر | ١٠٦–١٠٧ | | |

*بەرگی کتێب مێشوولەیەك مرەکەبی ناو پاندانێك هەڵدەمژێت.

# أ.ع:
# هەڵبژاردنی ئەم ناوانە لەژێر کاریگەریی رەخنە لەمەیلی پۆپۆلیستیدا بووە

**یەکێکی تر لەو کەسانەی کە لە نزیکەوە ئاگاداری چۆنیەتی دەرچوونی پێشەنگە (أ.ع) سەبارەت بەچەند بابەت لەو بارەیەوە دیدارێکمان لەگەڵدا سازداوە ئەوەی خوارەوە دەقی دیدارەکەیە:**

***چۆنیەتی بیرۆکەی دەچوون و دەرکردنی ئەم گۆڤارە؟**

-ریزەکانی کۆمەڵە هەر لەسەرەتای دەست پێکردنی خەباتی چەکداری لەکوردستان لەدژی کۆماری ئیسلامی ژمارەیەکی زۆر ئەدیب و شاعیرو نووسەر لەو رادەیەی کەلەئاستی ئەو کاتی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کوردستانی ئێران چاوەڕوان دەکرا، لەخۆیدا کۆکردبوەوە. تیرور و کوشت و بڕی رژێمی ئیسلامی، کارێکی وای کردبوو کەزۆربەی نزیک بەگشتی ئەم هونەرمەندانە بێنە ناو ریزی هێزی پێشمەرگەیان لەو شوینانەدا بژین کە لەدەسترەسی دوژمن دوربون و لەژێر چاوەدێری هێزی پێشمەرگەوە، وەیان لەژێر چاوەدێری هێزی پێشمەرگەدا بوون. ئەو سالانە کەش و هەوای شەڕ باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاو شەڕی قورسی پێشمەرگەو دەوڵەت کەسەرتاسەری وڵاتی داگرتبوو رێگای نەدەدا ئەم جۆرە کەسانە تواناییەکانی خۆیان لەبواری هونەریدا پێشکەش بکەن و گەشەی پێ بدەن.

کاتێک کەدامەزراوەکانی ناوەندی کۆمەڵە، ناچاربوون لەکوردستانی ئێرانەوە بەرەو کوردستانی عیراق بگوازرێنەوە، لەناوچە ئازادەکانی کوردستانی عیراقدا، توانیمان شوێنی تارادەیەک حەسانەوەو ئەمین بۆ ئەو هونەرمەندانەی کەلەریزی پێشمەرگەدا بوون، یان وەکوو دۆست و لایەنگرو پەنابەر لەگەڵ ئێنە لەشارەکان هاتبوونە دەرێ، ئامادە بکەین ئەوجار بوار بۆ کاری تازەبابەتی بە دڵی خۆیان بۆ رەخسا دەرچوونی گۆڤاری پێشەنگ بەرهەمی ئەو ئارامییە نیسبییە کەلەشوێنە رزگارکراوەکانی کوردستان بۆ هونەرمەندانی ناو کۆمەڵەو دەوروبەری رەخسابوو، لەکاتێکدا کەخەباتی چەکداری بەتەنیا بواری تێکۆشانی لێبراوانە دەناسرا و رێزی پێویست لەهیچ چەشنە خەباتێکی دیکە نەدەگیرا، کرانەوەی بوارای ئەم جۆرە چالاکییانە مانایەکی نوێی بەخەبات و بەژیانی ئەم هاورێیانە دەبەخشی، لەپاڵ تێکۆشانی ئەو بەشە لەتەشکیلاتی ئێمە کەبەگەرم و گوری سەرقاڵی خەباتی پارتیزانی لەناوەوەی کوردستان بوو، لەراستیدا دەرکردنی گۆڤارێکی رووناکبیریی و ئەدەبی خۆی لەخۆیدا بیروکەیەکی تازە نەبوو، بەڵکو هەلومەرجی تازە بۆ سەرهەڵدانی رەخسابوو.

***بۆچی ناوی پێشەنگ بوو؟**

-من هیچ قسە و باسێکم بیر ناکەوێتەوە لەسەر ئەوەی کەبۆچی ناوی پێشەنگ بۆ ئەو گۆڤارە هەڵبژێردرا، بەڵام رەنگە نزیک بوونی ئەو ناوە لەناوی گۆڤاری رەسمی کۆمەڵە (پێشرەو) یەکێک لەهۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەو ناوە بووبێ لەناو کۆمەڵێک پیشنیاری دیکە کە لەوانەیە هاتبێتەگۆڕێ. لەپەراوێزدا ئەوە بلێم کە یەکێک لەو رەخنانەی کە لە بۆچوونەکانی سالانی پێشووی تێکۆشانی کۆمەڵە دەگیرا، ئەوە بوو کە کۆمەڵە بەپێی مەیلێکی پوپولیستی کە بەسەریدا زالأ بووە، ئەم هەوڵەیداوە لەناو بزووتنەوەی جەماوەرێدا دەوری (پێشەنگ)و(پێشرەو)و(بەرەو پێش)و(مەشعەل)و..ببینێ، (کە ئەمانە هەموویان ناوی گۆڤارەکانی ناوخۆیء دەرەوو دەوروبەری کۆمەڵە بوون. بەڵکو بەردەوام لەژێر کاریگەریی مەیلی خۆڕسکی جەماوەریدا بووە. لێرەدا مەبەستم بەدەستەوەدانی داوەری دیاریکراو لەسەر ئەم رەخنەیەی نییە، بەڵام لام وایە هەڵبژاردنی ئەم ناوانە لەژێر کاریگەریی رەخنە لەمەیلی پۆپۆلیستیدا بووە.

***سەرنووسەرو خاوەن ئیمتیازی نەبووە، بەڵکو دەستەیەکی نووسەران سەرپەرشتیان کردووە؟**

-هۆکاری سەرەکی بەبڕوای من ئەمانە بوون:

أ/ئاماتور بوونی دەستەی دامەزرێنەر و بەرێوەبەرانی گۆڤار. بۆ هەموویان ئەمە یەکەم ئەزمون بوو.

ب/نەبوونی ئۆتوریتەیەک کە بەهۆی تواناییەکانی بتوانی متمانەی هەموو لایەک بەرەو لای خۆی رابکێشێ.

ج/چاولێکردن لە نموونەکانی تا ئەو کاتی کاری رۆژنامەگەری لەناو کۆمەڵەدا.

***ناوی کۆمەڵەی لەسەرنەبووە بەڵام ناوەرۆکی بابەتەکانی تەعبیربووە لەئایدولوژیای چەپء کۆمەڵەء زۆرترین نووسەرانی چەپء سەربەکۆمەڵە بوونء بابەتی کرێکاریء... تێیدا بلاوکراوەتەوە؟**

-ئەم گۆڤارە لەدەوروبەری بارەگاکانی ناوەندی کۆمەڵەوە لەپاڵ دەزگاکانی راگەیاندنی کۆمەڵەدا (رادیۆی کۆمەڵە، گۆڤاری پێشرەو، ناوەندی چاپەمەنییەکانی کۆمەڵە) گەلاڵە ببوو.

زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی کە کاریان تێدا دەکرد، ئەندامانی کۆمەڵە بوون و کەسانی دیکە لەدوورەوە بابەتیان بۆ ئەو گۆڤارە دەنارد. کەشء هەوای سیاسی ناو ئوردوگاکانی کۆمەڵە کە خەڵکی نا کۆمەڵەشیانتید□ا دەژیا، چەپ بوو. ئەو گۆڤارە لەژمارەیەکی کەمدا لەناوەوەی کوردستانی ئێرانء عیراق بلاودەبووەوە، بەڵام لەدەرەوەی وڵاتء لەناو ریزەکانی کۆمەڵەدا هۆگری زۆر بوو، لەواقیع دا هۆگرانیشی هەر بەهۆی ئەو مەیلء بۆچوونەوەیەوە دەیانخوێندەوە. کەوایە ئاساییە ئەدبیاتء فەرهەنگء بۆچوونی ناو کۆمەڵە کاریگەریی بنەڕەتی لەسەر ناوەرۆکەکەی بووبێت.

***وەکوو مێژوو دەکرێت کۆمەڵە شانازی بەم گۆڤارەوە بکات لەکاتێک دا ئۆرگانێکی حزبی نەبووە؟**

-بەبڕوای من بەڵێ، لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە:

أ/بەڕێوەبەرانء زۆربەی نووسەرانی هەڵسوراوانی بوارە جۆراو جۆرەکانی هەڵسوران، کۆمەڵە بوون کە تەنانەت ژمارەیەکیشیان هەر لەسەر ئەو ریبازە گیانیان بەخت کرد.

ب/ناوەڕۆکەکەی هەر وەکوو خۆشتان ئاماژەتان پێکرد، زۆر لەهەڵوێستء ئایدولوژیء بەرنامەی سیاسی کۆمەڵە نزیک بوو.

ج/کۆمەڵە ئاسانکاری دەکرد بۆ چاپ کردنی، لەهەموو شوێنێک هاوڕێیانی کۆمەڵە ئەو گۆڤارەیان وێرای چاپەمەنییەکانی دیکەی کۆمەڵە بلاودەکردەوە.

***بەشی فارسی هەبووە دواتر جیاکراوەتەوە، بەڵام کەمترین نووسەرانی فارس بەشدارییان تێیدا کردووە؟**

-لەسەرەتاوە بابەتی فارسی کەم بۆ ئامادە کراوە، دواجار کە ئەم بابەتانە زیادیان کردووە ئیتر پێویست بووە کە بەتەواوی جیا بکرێنەوە. مەبەستی ئەم گۆڤارە ئەوە نەبووە لەبۆشاییەکی رۆشنبیریی و هونەری لەئاستی هەموو ئێران دا پڕبکاتەوە. هەڵبەت بۆ ئێمە ئەوە شانازییەکی گەورە بوو ئەگەر توانیبای هاندەرەی جێبەجێ بوونی وەها ئەرکێک بێ، بەڵام پێشەنگ زۆرتر هەوڵی دەدا وەڵامدەرەوەی ویستی موخاتبەکانی خۆی لەکوردستان بێ.

هەبوونی بەشی فارسی زۆرتر هەڵدەگەرێتەوە بۆ ئەو واقیعیەتەی کە خوێندن لە ئێران و کوردستان بە زمانی فارسییە.

بینیوتانە ژمارەیەکیش نووسەری فارس زمان چالاکی یان لەم گۆڤارەدا هەبووە، بەڵام هۆی کەم بوونیان ئەوە بوو کە ئەو کات ژمارەیان لەدەروبەری بارەگاکانی ناوەندی کۆمەڵە زۆر لەژمارەی کورد زمانەکان کەمتر بوو.

***بۆچی ئازادی زۆری تێیدا نەبووە؟**

-ئەوەندەی کە من لەبیرم بێء بیستبێتم پێم شک نایە بابەتێکی بەپێز بەدەست بەڕێوەبەرانی ئەم گۆڤارە گەیشتبێ، کە بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوونەوە سانسور کرابێ.

واقیعەت ئەوەیە نزیک بوونی زۆری بەکردەوەی ئەم گۆڤارە لەکۆمەڵە کارێکی وای کردبوو کە هەست بە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان بابەتەکانی ئەم گۆڤارەو هەڵوێستە رەسمییەکانی کۆمەڵەدا نەکرێ. کەوایە کێشە لەنەبوونی ئازادی نووسین دا نەبووە، بەڵکو لەنەرێتێک دایە کە خۆی، خۆی سانسۆر دەکات، بۆ ئەوەی دژایەتییەک لەنێوان بۆچوونی خۆیء حزبەکەیدا پێک نەیەت.

***ناوی نهێنی زۆر دیارە لەناو گۆڤارەکەدا، بۆچی؟**

-رای تایبەتی من لەم بابەتەوە ئەوەیە کە ئەو نووسەرانەی وا ناوی نهێنییان بۆ بابەتە

هونەرییەکانیان هەڵبژاردوە لەسەرەتاوە بەبڕوا بەخۆی تەواوەوە پێیان نەناوەتە ئەو بوارەوە، پێیان نەبووە پێش تاقی کردنەوەی خۆیانە لەمەحەکدانی نووسراوەکانیان، بکەونە بەر رەخنەی توانجی. ئەم و ئەو، بەڵام پێویستە ئەویش بلێم بەشێک لەمانە ناکرێ وەک ناوی نهێنی حیسابیان بۆ بکرێ بەڵکو هەڵبژاردنی نازناو بووە کە لەدنیای شاعیرانە هونەرمەندان دا نەرێتێکی باوو جێکەوتووەو بۆ ئەوانیش هەر لەو خانەدا دەبێ جێگای بۆ بکرێتەوە.

***بەپچرپچر دەرچووە، بۆچی؟**

-ئەمە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکاری جیاواز لەقۆناغی جۆراوجۆردا:

أ/بۆمبارانە تۆپبارانی بارەگای ناوەندی کۆمەڵە سەردەمێکدا کە شەری ئێرانە عیراق لەکوردستان گەرم بوو و هەروەها شوێنە ئازاد کراوەکانی کوردستانی عیراقیش لەژێر پەلاماری رژێمی بەعسدابوون. کە دامەدەزگاکانی راگەیاندمان بەناچار بەردەوام ئەمبەرە ئەو بەریان پێ دەکرا، ئەو کێشەیە نەک هەر پێشەنگ بەڵکو چاپەمەنییەکانی دیکەی کۆمەڵەشی دەگرتەوە.

-سەرهەڵدانی کێشەو ناکۆکی سیاسی لەناو ریزەکانی کۆمەڵەدا کە کاریگەریی لەسەر هاوکاری نەکردنی بۆچوونەکانی جیاواز لەگەڵ یەکتر هەبوو.

* * *

## ناسری حسامی:

## پێمانوابوو دەبێت گەڕاکانی ئەو جۆرە هونەرەی کەخۆمان پێناسەیەکمان بۆ دەکرد وەک هونەری کرێکاری لەئەدەبی جیهانیدا، دەبێت ئەوانە کۆ بکەینەوەو وەربگێڕێت و بڵاوی بکەینەوە

**بەرێز ناسری حسامی جگە لەوەی وەک شاعیر و چیرۆکنووس، و زۆر بابەتی دیکە جگە لەوەش رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لەگۆڤاری (پێشەنگ) ئۆرگانی ناوەندی هونەرو ئەدەبی کرێکاری کوردستان، لەم بارەیەوە چەند راوبۆچوونێکی بەرێزی وەردەگرین لەسەر ئەو گۆڤارە.**

***ئەم گۆڤارە سەرەتای پێکهێنانی چۆن بوو، بۆچی ناوی پێشەنگ بوو؟ مەبەست لەپێکهێنانی چی بوو؟**

-ئەو کاتەی کەئێمە ناوەندی ئەدەبی و هونەری کرێکاری کوردستانمان دامەزراند، یەکەمین کۆبوونەکانی ئەوکات کەلەئوردگای (مالومە) بووین لەوێگیرا، هەر ئەوکاتە بیرمان لەوەکردەوە کەپێویستە ناوەند گۆڤارێکی هەبێت، ئەوکاتە ناوەند چەند بەشی جیاوازی هەبوو تیپی مۆسیقای هەبوو، گروپی شانۆی هەبوو، دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەمان دامەزراند، بریار درا کە بەناوی (پێشەنگ) بڵاوی بکەینەوە،



ئێستا من لەبیرم نییە ناوی پێشەنگ کێ پێشنیاری کرد، بەڵام ئەوەندەم لەبیرەکە قسەیەکی زۆری لەسەر نەکرا، پەسەندکرا، بەتایبەتی کەلەگۆڤاری پێشرەویش نزیک بوو، هۆیەکەی ئەوە بوو کە گۆڤارەکە دانرا.

***رۆڵی گۆڤاری پێشەنگ لەو سەردەمەداچی بوو، ئێوە دەتانویست ئەرکی ئەو گۆڤارە**

**چی بێت؟**

-ئێمە لەگۆڤارێک دەگەڕاین ئەو وەختە ئەو بابەتانەی کەلەنێو خۆماندا زۆرمان قسە لەسەر دەکردن بڵاویانبکەینەوە، ئەو کاتە قسە لەسەر ئەوە بوو کەئێمە دەبێت لەنێو کۆمەڵێک ڕەوت و ڕێبازی ئەدەبی و هونەری کۆمەڵێک قسەی جیاواز بکەین، پێمان وابو حزبی کۆمۆنیستی ئێران لەبواری فکری و سیاسیدا کۆمەڵێ دەسکەوتی هەبوو لەئێراندا، پێمانوابوو خەتێکی جیاوازی هێناوەتە گۆڕ، پێمانوابوو ڕچەو ڕێبازێکی تازەیە لەنێو چەپی ئێرانداو لەنێو مارکسیزمی ئێراندا، پێمانوابوو ئێمە قسەی تازەمان پێیوو، لەبواری سیاسیداو زۆرشتمان هەیە، ئەمە ڕاست بێت یان ناڕاست، بەهەر حاڵ من مەبەستم ئەو وەختەیە، پێمانوابوو ئێمە کۆمەڵێ دەستکەوتمان لەبواری فکریەوە هەیە، لەوە دەگەڕاین هاوتەی ئەدەبی ئەمانە دەبێتە چی لەکۆمەڵگەی ئێراندا، ئایا ئێمە دەتوانین لەئەدەبی ئێرانیشدا لەئەدەبی کوردستانیشدا، کوردستان ئەو کاتە زۆر کەمتر قسەی لەسەر دەکرا، بەڵام ئایا ئێمەش دەتوانین لەبواری ئەدەب و هونەردا قسەیەکی تازەمان پێبێت، پێمانوابوو بەهەرحاڵ خۆمان بتوانین یان نەتوانین لەم بابەتەوە قسەیەکی تازە بکەین، ئێمە دەبێت گەراکانی ئەو جۆرە هونەرەی کەخۆمان پێناسەیەکمان بۆ دەکرد وەک هونەری کرێکاری لەئەدەبی جیهانیدا هەیە، ئێمە دەبێت ئەوانە کۆ بکەینەوەو وەربگێڕێت و بڵاوی بکەینەوە، (پێشەنگ) ئەوکاتە بەشێکی گرنگی کاری خۆی تەنیا بۆ وەرگێڕان دانابوو، وەرگێران لەبەرهەمە جیهانییەکانی نووسەرانی، ئەو کاتە ئەدەبی کرێکاریمان ناو دەبرد ئەوانە وەربگێررێت، بیکاتە کوردی و بڵاویان بکاتەوەیان یان بیکاتە فارسی و بڵاویان بکاتەوە وئەوەی بەرهەمی خۆشمان هەبوو ئەو کەسانەی لەدەوری یەکتربوون ئەوانەش بتوانێت بڵاو بکاتەوە.

***ئەم گۆڤارە ئەگەر چی ناوی (کۆمەڵە)ی لەسەر نەبوو، بەڵام ناوەڕۆک و بابەتەکانی تەعبیر بوو لەئایدۆلۆژیای چەپ و بیروباوەڕی (کۆمەڵە) لەزۆرترین نووسەرانی سەربەچەپ و (کۆمەڵە) بوون، خۆشت دەزانی، تەنانەت دەستەی پێکهاتەی نووسەرانەکەشی هەمووی کادری (کۆمەڵە) بوون، مەبەستم ئەوەیە بۆچی ئەو کاتە ناوی کۆمەڵەی لەسەر نەبوو، بۆچی زۆر گرنگی بەسیاسەتی ناو کۆمەڵە ئەدا لەڕووی ئایدۆلۆژیەوە؟**

-ئێمە کە ناوەندی ئەدەب و هونەری کرێکاریمان پێکهێنا، بەشێک نەبوو لە(کۆمەڵە)، یەکێک لەئۆرگانەکانی کۆمەڵە نەبوو، دەزگایەکی کۆمەڵە نەبوو، بەڵکو ئێمە ئەو کەسانە کەلەباری ئەدەبی و هونەری ئەوانە پێکەوە پەیوەندیەکی هاوبەشمان هەبوو، ئەوکەسانە هەوڵماندا بۆ پێکهێنانی چەترێک بۆ کارەکەی خۆمان، ناوەند پێکهات مەبەستم ئەوەیە بڵێم ڕاستە ئێمە خۆمان لەناو کۆمەڵەو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراندا بووین، بەڵام ئەو کارەمان وەک کارێکی حزبی نەدەکرد، وەکو کارێک دەمانکرد ڕەنگە ئەگەر ئێمە ئەو کات هەموومان مەجبور نەبووباین لەئۆردگای مالومە کۆببینەوە لەدەرەوەی یەکتر، حزبەکە هەڵسوڕانێکی ئاسایی تری هەبووایە، هەر کامەمان لەشارو دێیەک بووایین، ڕەنگە پێشەنگ ناوەندی ئەدەب و هونەر تا ئەم ڕادەیە وەک ئۆرگانێکی حزبی نەهاتبایەتە بەرچاو، یانی ئەوکات ئێمە دەرفەتی ئەوەمان هەبوو کەسانێک کەئەندامی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش نین، ئەندامی کۆمەڵەش نین، بەڵام لەوانەیە لەبواری ئەدەبی و هونەرییەوەو وەک ئێمە بیربکەنەوە وەک ئێمە یا لەو ڕێبازەدا کار بکەن کە ئێمە کارمان تێدادەکرد، ئەوکاتە دەیانتوانی ببنە ئەندامی ناوەندی هونەر، مەبەست ئەوەیە ئەندامەتی لەحزبی کۆمۆنیستی ئێراندا مەرجی ئەندامەنی نەبوو لەناوەندی ئەدەب و هونەردا، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستمان بەهیچ کوێی دیکەڕانەدەگەیشت هەموومان لەو ئوردوگایەدا کۆدەبووینەوە، بۆیە هەموو ئەندامانی ناوەندیش لەهەمانکاتدا ئەندامان یان لایەنگرانی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش بوون.

***دەکرێ (کۆمەڵە) شانازی بەو گۆڤارەوە بکات؟**

-نازانم وشەی شانازی برێک قورسە، یانی من پێموایە هەوڵمانداوە، لەقەدەر توانایی خۆمان، بەڵام ئایا دەستکەوتێکمان بووە کەمایەی شانازی کردن بێت؟ نازانم، بەڕاستی زۆر دڵنیانیم لەوە، چونکە ئێمە ئەو کاتە کۆمەڵێ کەس بووین، ئەو کاتە خەریکبوو فێردەبووین، زۆر زۆر پێویستیمان بەوە بوو کەفێربین، بۆ زۆرمان ئەوە یەکەمین سەرەتاکانی کارکردن

بوو، ئایا بەرهەمی کاری کۆمەڵێ کەسی تازە کارەکە هێشتا خەریکن بۆ خۆیان فێربین و تاقی دەکەنەوەو هەڵە دەکەن و جارێکی دیکە دەست دەدەنەوە کارکردن، شتێکی تێدایە بۆ شانازی کردن ببێت یان نا نازانم.

***(پێشەنگ) بەشیعر، چیرۆک بەکۆی بابەتە وەرگێڕاوەکانی زۆر جەختی کردۆتەوە لەسەر مەسەلەی مارکسیزم و مەسەلەی چەپ، وا پێویست بوو لەو سەردەمەدا یا کاریگەریی دەستەی نووسەران بوو هەموویان خەڵکی چەپ بوون..؟**

_ئەو کاتە، کەش و هەوای سیاسی حزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەوە بوو، ئێمەش ئەندامی ئەو حزبە بووین، ئەوەندی من لەبیرم بێت ئەندامی دیکەمان نەبوو کەلەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی ئێران نەبێت، ناوەند کەسی وای لەگەڵ نەبوو کەلەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی ئێران نەبێت، لانی کەم ئەوەی کەئێستا لەبیرمە وابوو، کەش و هەوای ناو حزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەوە بوو، ئەو کاتە تازە بەشەکانی پەیوەندیدار بەمارکیسزمی شۆڕشگێڕ، لەناو حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هەبوون و ئێمەش ئەوەمان دووپاتدەکردەوە.

***گەر سەرەنج بدەیت لەناو گۆڤارەکەدا ناوی نهێنی زۆر تێدایە، بەپێی عورفی ڕۆژنامەگەری هەموو ناوێکی نهێنی دەلالەتە لەوەی کەسانسۆر هەبێت، یا ترسێک هەیە، بە بۆچوونی تۆ بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە یان هۆکاری دیکە بووە...؟**

–لەو بابەتەوە ئێمە ڕەچەشمان شکاند، پێموایە کەتائەوکات لەئەدەبی چەپی ئێراندا. کەم کەس بەرهەمی خۆی ئیمزادەکرد، لەنەریتی چەپی ئێراندا زۆر لەسیاسەتکارەکانی دیکەی ئێرانیشدا نەریتی ئیمزا کردن بابەت و نووسراو زۆر زۆر کەم، لەوانە ئەوەبوو بەناوی نهێنیەوە شتەکانی خۆیان بڵاو دەکردەوە، هۆیەکەشی بەشێک ئەوە بوو لەویێ چوونە سیاسییەوە سەرچاوەی دەگرت، کەلەخەباتی سیاس فیداکارانەدا، کەس دەبێت خۆی فیدای گشت بکات، کەس شانازی بەوەوەنەکات چی دەکات و چ دەورێکی هەیە، ئیمزاکردنی بەرهەمێک جۆرێک خۆنواندنی تاکەکەسی بەرچاو دەکەوت، زۆر کەس بەرهەمەکەی هەر ئیمزا نەدەکرد یائیمزای دەکرد بەناوی نهێنییەوە ئیمزای دەکرد، ئێمە تاڕادەیەکیش ئەوەمان شکاند، بەڵام هێشتا هەر ئەوەمابوو هەندێ کەس بەرهەمەکانی خۆیان هەر ئیمزا نەدەکرد، بەشێکیش وەک ئێمە ئەو وەختە لەڕوانگەی خۆمانەوە خەریکی تاقی کردنەوە بووین، زۆرمان کەم ئەزمون بووین، زۆرمان ئەوە سەرەتای دەستپێکردن بوو، تازە دەستمان پێدەکرد هێشتا دڵنیانەبوونی لەوە کەئەنجامی کارەکەمان دەبێتەوە چی؟ ئایە لەنێو کۆمەڵێک کەسدا، لەنێو ئەو بیست کە سەداکە لەوێ دەماننووسی تاقیماندەکردەوە، لەسبەی ڕۆژدا کامیان دەبێتەوە کەسێک بەرهەمەکانی بڵاو بکرێتەوە، بۆیە ئەوانە زۆریان بەناوی نهێنینەوە ئیمزا دەکران.

***لەدوایین ژمارە کەتێیدا گۆشەیەک کراوەتەوە بەناوی (ڕای ئازاد) ئێوە درەنگ هەستان پێکردو کارتان تێداکرد، پێموایە چەند جارێکیش لەنێوان (ڕێبوار)و (ئەحمەد بازگر) و (تۆ)دا کێشە دروستبوو، بۆچی ئەو لاپەڕەی ئازادەتان درەنگ کردەوە، ئایا دەستەی نووسەران سانسۆرێکی دانابوو، لەسەر ئەو ئازادییەتان...؟**

–ئەوە ڕەنگدانەوەی دۆخێک بوو کەلەناو کانوندا هەبوو،ئێمە بەیانامەیەکمان پەسەند کردبوو بۆ ناوەند کەڕەوت و ڕێبازی فکری ئێمەی دەردەبڕی دەکرد، زۆر لەو هاوڕێیانەی کەلەگەلم□ان بوون، لەوانەی من لەبیرمە کەلەدووهەمین کۆبونەوەی گشتی ناوەندا باسێکی زۆر هاتەگۆڕێ، لەبابەت ئەوە کەهەندێ لەهاوڕێیان گووتیان ئێمە کەئەو بەیانامەیە دەخوێنینەوە، کاتێک دەمانەوێت شتێک بنووسین دەستمان دەلەرزێ کەئایا لەگەڵ ئەم بەیاننامەیە دێتەوە یان نایەتەوە، ئەم مەرجانەی کە بەیاننامەکە دای ناون بۆ بەرهەمێکی کرێکاری، کە دەڵێت بەرهەمی کرێکاری ئاوابێتء ئاوابێت، ئایا ئەو شتەی ئێمە دەینووسین دەتوانێت ئەو شتانە پڕبکاتەوەیان؟ بێجگە لەوە هەر کام لەئێمە لەچ روانگەیەکەوە ئەو بەینامەیە لێکدەدەینەوەو هەڵی دەسەنگێنین، چۆنی مانا دەکەینەوە لەسەر ئەوانەش وەک یەک بیرمان نەدەکردەوە، بۆیە هاتینە سەر ئەو بڕوایە رەنگە پێویست بێت، ئێمە لاپەڕەیەکی ئازادیش بکەینەوە کە تێدا ئەو کەسانەی کە بۆچوونێکیان هەیە رەنگە لەگەڵا بەیاننامەی ناوەندیش نەگونجێ، بەڵام ڕێگایان

پێبدرێت لەرێی بیروڕای خۆیان بڵاوبکەنەوە، ئەوەبوو هاتنی ئەو لاپەڕە ئازادە، بۆ زووتر هەستی پێنەکرابوو پێویستییەکەی لەبەر ئەوەی زۆرتر هەستمان بەوەنەکردبوو کە ئێمە لەدرێژەی کارەکەماندا تووشی ناکۆکی دەبین لەسەر هەندێک لەو چەمک و تێگەیشتنانە، پێمان وابوو دەتوانین زۆر لەوە زیاتر خۆمان لەقاڵب بدەینە چوار چێوە بۆ خۆمان دیاری بکەین.

لەدوایی لەئەنجامی کارکردندا بۆمان دەرکەوت کە ئێمە ناتوانین ئەم گەزو پێوانانە دیاری بکەین. هەموو شتێک بەو گەزوپێوانانە بپێوین کە خۆمان دیاریمان کردووە، دەبێت جێگەیەک بهێڵیەوە بۆ جیاوازی تاکە کەس، تاکە کەس ناتوانیت لەهەموو شتێکدا خۆی رێکبخات لەگەڵ ئەو کارە بەکۆمەڵە تێکڕاییەی کە ئێمە دەمانکرد.

***کەسانی چالاکء دەستەی نووسەران کێ بوون لەناو گۆڤارەکەدا؟**

-لەناو گۆڤارەکەدا ئەوانەی لەسەرەتاوە بوونە من لەبیرم نییە ئەو وەختەی (کاکە) لێرە بوو، پێم وا بوو چوبووە دەرێ (کاکە) (سلێمانی قاسمیانی)، بەڵام ئەوانی دیکە (فاتیح شێخ ئیسلامی) مصلح، ئەحمەد بازگر، خالیدی رەحیمی، رەحمانی شافیعی، وریای نازری، مەنسوری سدقی بوو، سەعیدی وەیسی، حەمە امین موهاجر، م.خارا دواتر هات، مامۆستا مەحمودی سجادی) ئەو ساڵانی دواتر هاتە دەرەوە، تا ئەو کاتە لەشاربوو، بەڵام کاک مەحمودی سەجادی کە هات، (شەبەق) بوو، شەبەق ئەو کاتە کە ناوەند دامەزرا، ئەو لەناوچەی مهاباد بوو، دواتر گەڕایەوە هات بۆ ئوردگای مەرکەزی، پێموابێ لیستی ناوی ئەوانە لەبەیاننامەکانی ناوەند هەیە.

***کاک ناسر، کار کردن چۆن بوو یانی ئەم گۆڤارە چۆن بەڕێوە دەبرا، تۆ باسی ئەوەت کرد جارێک گوتت چەند ژمارەیەک من سەرنووسەری بووم، بەڵام ناوی لەسەر نەبووە، چەند ژمارەیەک ئەحمەد بازگر، چەند ژمارەیەک ڕێبوار ئەمە وەکو ئەوە، دوایش کاری چاپەمەنیء تایپء ئەوانە چۆن چۆنی بوو لەشاخ چیتان دەکرد...؟**

-کاری چاپەمەنییەکانی لەچاپخانەی کۆمەڵە دەکرا، پێی دەگوترا (ئینتشارات)، لە(ئینتشارات)ی کۆمەڵە تایپ دەکراو مونتاژ دەکراو دوایش دەبرایە ژێرچاپ، ئەوەی ئێمە دەمانکرد ئەوە بوو، لەکۆبوونەوەی گشتی ناوەندا کە هەموو ئەندامان بەشداریان تێدا دەکرد، لەسەرەتاوە ئاوا بوو دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەندا هەڵدەبژێردرا، دەستەی بەڕێوەبەری ناوەند وام لەبیرە حەوت کەس بوون ئەو دەستەی بەڕێوبەرە، لەنێوخۆیدا کارەکانی ئاوها دابەشدەکرد، کە دەیگوت مەسەلەن ئەم سێ کەسە ببنە دەستەی نووسەرانی پێشەنگ، کەسێک دەبوو بە بەرپرسی کاروباری هەڵسوڕان، کەسێک دەبوو بەبەرپرسی مۆسیقا، کەسێک بە هی تیپی شانۆ، کارەکانمان ئاوا دابەشدەکرد، ئەم دەستەی نووسەرانی پێشەنگ کەسێ کەس بووین، دادەنیشتین لەسەر ئەوە قسەمان دەکرد کە ژمارەی داهاتوو چی بێت یان بەگشتی بابەتەکانی چی بێت...؟ ناوەڕۆکی چی بێت زۆر لەدەوری چ تەوەرەیەک بخولێتەوە، بۆ ئەوە ئەوەمان دیاری دەکرد بەشێوەیەکی گشتی دوایی لەگەڵ کەسەکان قسەماندەکرد لەگەڵ کەسەکان لەم چوار چێوەیە وا بابەتەکانیان بنێرن.

بەشی فارسی ئەوەندەی من لەبیرم بێ، لەهەموو ژمارەکانیدا یان لەزۆربەی زۆری ژمارەکانیدا ئەرکەکەی کەوتە سەرشانی کاک (فەریدونی نازری –کاک وریا) ئەوەی ئێستا من لەیادمایە پێم وایە هەموو ژمارەکانی فارسی بەرهەمی ماندووبوونی ئەوە بوون ئێمە بەشێوەیەکی گشتی کارمان دەکردو بەرهەمی کاری بە کۆمەڵ بوون، بەڵام ئەگەر وەکو تاکە کەسێ بێتە بەرچاوم بۆ فارسی هەوڵی دابێت بەرهەمی کاری کاک فەرەیدونی نازری بوو، بەپێچەوانەی کوردی لەکوردیدا باس و کێشەء گفتوگۆ زۆر بوو لەسەر ساغکردنەوەی هەر بابەتێک، دواتر هەر بابەتێک دەهاتن ئێمە لەسەری دادەنیشتین یەکە یەکە دەمانخوێندنەوەو قسەمان لەسەر دەکردن ئەم بابەتە هەبێت یان نەبێت هەندێ شت رەتدەکرایەوەو هەندێک شت دادەنران.

دواتر لەناو ئەو شتانەدا کەرەتدەکرانەوە گلەیمان دەهاتە سەرو بۆچی ئەم بابەتە رەتکراوەتەوە، یان مەسەلەن، ئاخر ئەم دوو دێرە لابەرە بۆت چاپ دەکەینء لامانە دەبردو دەبوو بەگلەیی و دڵ یەشانء چووزانم ئەمانەشی تێدا بوو، کاری سەیرمان دەکرد واتە بۆ نموونە، ڕێگەمان بەخۆمان دەدا لەشیعر فلانە کەس دوو سێ

دێڕی خەتێک بەژێردا بێنین بڵێیم ئەو دوو سێ دێرەی لابەری بۆت چاپ دەکەین، فلانە وشە بکەی بەفلانە وشە بۆت چاپ دەکەین.

*** کاری ئاواشتان دەکرد، سانسۆرتان دانابوو؟**

–ئا. سانسۆرێکی لەو جۆرە نەک بڵێم ئێمە شتی قەدەغەمان بووبێت راستییەکەی لەم بابەتەوە ناتوانم ئەوە بڵێم، هەوڵمان دەدا لەگەڵا ئەو کەسەی بابەتەکەی هەیە رێکەوتن بکەین، یا ئێمە مەرجەکانی خۆمان باس دەکرد دەمانگوت ئەوە مەرجی ئێمەیە بۆ ئەوەی بابەتەکەت چاپ ببێت، زۆرتر ئەو هەوڵی دەدا کە خۆی بگونجێنێت لەگەڵا مەرجەکان، خۆمان سانسۆر نەدەکرد ئەومان ناچار دەکرد خۆی سانسۆر بکات.

***کاک ناسر لەبارەی چاپەمەنیء ئەوانەو چۆن چاپتان دەکرد، پێموایە دەورانێک لەناوچەی (مالومە، سەفرەو زەرون) لەشارباژێر بوو، دەورانێکی لێرەبوو، دەورانێکی دیکە لەژێر دەستی بەعسدا بووە، چۆن چۆنی بووە؟**

–ئەو کات ماوەیەک چاپخانەکەمان لەئۆردگای مالومە بوو، لەچاپخانەی کۆمەڵە چاپمان دەکرد ساڵی

( ١٩٨٥) لەوێ بووین، ئەو کاتەی ناوەند پێکهات (١٩٨٤) پێکهات تا (١٩٨٥) و(١٩٨٦) ئەوانەش لەوێ بوو، نازانم چ ساڵێک بوو چاپخانەی کۆمەڵە گوازرایەوە بۆ ناوچەی چنارە، چنارەو باساک لەشارباژێرو بەرزنجەء لەوێ بوو، من لەبیرمە چەند جارێک هاتووچۆی ئەوێم کرد بۆ هەڵچنینی پێشرەو.

***پێشەنگیش**

–پێشەنگیش نازانم ژمارەی لەوێ چاپکرا یان نا، بەڵام ماوەیەکی کورت (ئینتشارات) لەوێ بوو، من لەبیرمە بۆ کاری پێشرەو چوومە ئەوێ، ئەوە دەزانم، چاپخانەکەمان ماوەیەک لەوێ بوو، دوای ئەوە چاپخانەی کۆمەڵە هات بۆ (زرگوێزەڵە) لێرەش چەند ژمارەیەکی چاپکرا، ئێمە ئەو کات خۆمان لە(بۆتێ) بووینء دواتر لە (خەندەکێ)، لەبیرمە ژمارە (٨)ی پێشەنگمان لەبۆتێ ئامادە کردو ژمارە (٩-١٠) وام لەبیرە لە (خەندەکێ) کرا، دواتر هاتینەوە بۆ ئۆردوگای (بەردان) کەلەدەوری رانییە، چەند ژمارەیەک لەوێ کران، بەڵام چاپخانە لەو سێ شوێنە بوو

لەئۆردوگای مالومە، دوایی لەباساکء دوای لێرە لەزرگوێزەڵە.

***کاک ناسر تۆ باسی ئەوەت کرد کۆمەڵێ کەس کە لەو گۆڤارەدا کاریان کردووەو ئێستا شەهید بوون، ئەوانە کێبوون؟**

– (مەحمودی سەجادی) لەبۆمبا بارانەکەی هەڵەبجە لەوێ شەهید بوو، کاک (حەمەدەمینی موهاجر) لەناو شاری سنەدا گیراو ئیعدام کرا، کاک (کەریمی فەتحی) لەناوچەی بانە لەشەرێکدا شەهید بوو، ئەو هاورێیەمان کە بەناوی (بێ ئومید) شیعرێکی فارسی چاپکراوە لەپێشەنگداو منیش کردومە بە کوردی (بیهروزی تارانی) ئەویش شەهید بوو، هەر لێرە لای خۆمان، لەو هاورێیانەی دیکە (بیژن) ئەوەی(بزنە زێرینەو ئاواتی شاری خۆشبەختی) نووسیووە.

*** کاریکاتێر رۆڵێکی بەرچاوی گێراوە لەو گۆڤارەدا کە تا ئێستا بەو شکڵە من نەم دیووە لەگۆڤارەکانی دیکە لە کوردستاندا، دەلالەتی چی بووە..؟**

–ئەو سەردەمە لە کاریکاتۆردا کۆمەڵێک بەرهەمی رەخنەگرانە هەبوون لەدەسەڵاتی ئێرانء لەدیاردەی دیکەی ناو کۆمەڵا کە ئێمەش رەخنەمان لێی هەبوو، پێمان وابوەو بەشێوەیەکی باش ئەو رەخنەیە بەیان دەکات لەوانە بەرهەمەکانی (کامبیزی درهەم بەخش)ء ئەوانە ئەو هاورێیانەی ئێمە کە لێرەبوون (رەحمانی شافعیء مەنسوری سدقی) ئەو دووانە ئەوەندەی من لەبیرم بێ بەباشی لەو زەمینەیەدا کاریان دەکردو چەند بەرهەمێکیان کێشاوەو چاپکراوە، لەپێشەنگدا ئەوانەی مەنسوری سدقی پێم وایە بەناوی (سالار)ەوە لەپێشەنگدا چاپکراوە، ئەوانەی دیکەشی هی رەحمانی شافعی بوون ئەو دوو کەسە زۆر کاریان دەکرد

***کاک ناسر باسی ئەوەت کرد کە ژمارە (١٦)ی لەتاراوگە دەرچووە یەعنی لەئەوروپا وایە؟**

–ژمارە (١٦)ی بابەتەکانی لێرە ئامادەکران، بەڵام لەدەرەوە ناوەند یارمەتی بۆ کوردستان چاپی کرد، لەکۆڵن لەئەڵمانیا.

***تاکە ژمارەش کە کاری فەرز یا رەنگاو رەنگی تێدا کرابێت تایبەت بەیادی (دکتۆ جەعفەری شەفعی)، پێموایە ژمارە (٧)ە، چۆن چۆنی بوو ئەوە ئەو ژمارەیە چۆن تایبەت کرا بەو**

**رەنگەو ئەو کارەی چۆن چۆنی تێدا کرا؟**

دکتـۆر جەعفەر دەورێکی یەکجار زۆری هەبوو لە ناوەنـددا، زۆر زۆر یارمەتی دەرمانبوو، لەو کەسـانە بـوو کـە زۆر دڵخۆشـی دەداینـەوەو بەڵێنـی پێ دەداین کە ئیمکانمـان بۆ دەخولقێنێ گۆڤارمان بۆچاپ دەکاو دوای بەپێچەوانەی ئێمە زۆر خۆمان هەڵدە گوشی بۆ نووسین، هەمیشە لەچوار چێوەی ئەوە بۆ خۆمان بخولقێنین ئەوە لەو کەسانە بوو کە زۆر هەوڵی دەدا کە ئاسۆی بەرچاومـان بکاتـەوە بڵێیـن ئەوەندە پێویسـت بـە خۆهەڵگوشـین نـاکات کار بکەنـێ دڵخۆش دەداینـەوەو، لەبیرمە لەدانیشـتنی دامەزراندنی ناوەنـددا، دانیشـتنی یەکەمـی دوای ئـەوە کـە ساڵێک دواتر یا شـەش مانگ دواتر بوو دکتور جەعفەر لەو کەسـانە بوو کـە زیاترین دەوری هەبـوو لەکۆبوونەوەکانـی ناوەنـددا، لەهەموو کۆبوونەوەکانیدا بەشـداری کرد قسـەی کرد تا ئاخیر، قسەکانیش تۆمار کرا بوونێ کاسێتەکەی لـەلای من بوو، رەنگە ئەوە هـەر بۆ بیرەوەری باش بێت بیگێڕمـەوە، لەبۆمبارانی دواین جاردا کـە لەبۆتـی بۆمبـاران کرایـن، وابزانـم مانگی گەلاوێژی سـاڵی(١٩٨٨- یا١٩٨٧) بوو، لەبۆتێ، ئەو رۆژە من لەبەر سێبەری دارێک دانیشتووم کاسـێتەکەی دکتـۆر جەعفـەرم لەسـەر کاغەز دەنووسـییەوە، دەنگەکـەی دکتـۆر جەعفـەرم دادەبەزاند، سەر کاغەزو دەمنووسییەوە.

لەوەختی بومببارانەکەدا بەتەسجیلە بەکاسێتەوە چوومە کونە تەیارەکە، بەڵام تەسـجیلەکە لەوێ بەجێ مابوو، لەوەختی بۆمببارانەکەدا تێدا چوو ئەو کاسـێتە، دکتۆر جەعفـەر دەورێکی زۆری هەبـوو بۆیە دوایـی بڕیارمانـدا یادنامەیەک بۆ دکتـۆر جەعفـەر ئامادەبکەیـن، ئەوەبـوو ئـەو یادنامەیە ئامادەکرا، وێنەیەکی دکتۆر جەعفەرمان هەبـوو کەدەمانویسـت بەرەنگی چاپـی بکەین، گوتیان لەبەغـداد ئیمکانیەتی ئـەوە هەیە، بەڵام هەندێ بابەتیشـی تێدا بـوو لەگۆڤارەکەدا پێمان وابـوو ئەگـەر بچینـە بەغدا سانسـۆرو رقابەو ئەوانە لەوانەیە نەهێڵێت چاپ بکرێت، بڕیارماندا گۆڤارەکـە هەر لێـرە چاپ بکەیـن لای خۆمان هـی کۆمەڵـە، لـەم زرگوێزەڵەیە چاپکـرا، بەڵام یەک وەرقە کەچوار رەسـمی لەسـەرە لەبەغداد چاپکـرا، دوای هاتەوە تێهەڵکێشـمان کرد لەناو لاپەڕەکانـی پێشـڕەودا هـەر بۆیـە وام لەبیرە ژمارەی لاپەڕەشیان بەسەرەوە نییە.

***کاک ناسـر بەحوکمـی ئەوە ئـەو گۆڤارە لەم ناوچەیـە دەرچـووە، کارو چالاکیتان لەم ناوچەیـەدا بوو، بەعـس چ ڕێگریێ چ پشتگیرییەکی لێ دەکردن؟**

- پشـتگیرییەکی راسـتەوخۆی نەدەهێنیـا پێش، ئـەو تێدا بێتە ئەوەی تێدا نەبێـت، چونکە ئەوان نەیـان دەویسـت ئێمە چاپی بکەیـن، بەڵام ئەوە تەنیـا خۆمـان بووین بڕیارمـان دەدا چی چاپ بکەینێ چی چاپ نەکەین، بەڵام هەندێک کۆسـپ هەبـوون لەسـەر رێگای ئـەوە کەئێمـە نەمان دەتوانـی هەموو شـتێک چاپ بکەیـن بۆ نمونە ئەو سـنووردانانە بەسـەر هەموو چالاکییەکانی کۆمەڵەدا هەبوو لەکوردسـتانی عیراق، بۆ کاری قانوونی هونەریش وابوو، کۆمەڵە نەی دەتوانی بابەتێـک چـاپ بـکات کەراسـتەوخۆ لـەدژی حکومەتـی عیـراق بێـت، ئێمـەش نەمانتوانیوە راسـتەوخۆ ئەوە چـاپ بکەین، نەمـان دەتوانی بابەتـی ئـەو سـنوورانە چاپ بکەین کەلەشـاخ بـوون خەڵکـی کوردسـتانی عیـراق بەدژایەتی حکومەتی بەعس ناسرابوون، ئیمزاکەیان نیشان دەداین کەجۆرێـک هاوکاری بوو لەنێوان ئێمەو ئەوانـدا، نەمـان دەتوانی بەنـاوی خۆیان چاپی بکەین، بابەتێکی (شـێرکۆ بێکەس) هەیە بەناوی (جوامێر)ەوە چاپکـراوە، ئەگەر کورتی بکەمەوە هیچ ژمارەیەکی پێشـەنگیان نـەدەدی بڵێن چی چـاپ دەکرێت و چی چاپ ناکرێت، بەڵام ئەگەر گۆڤارەکـە دەرچووە بـازاڕەوەو ئـەوان دەیان دیت، دەبـوو بابەتێکی وای تێدا بێـت کەدژی ئەوان بێـت، یان بابەتی ئەو نووسـەرانەی تێدا کەدژی ئەوان بوو.

***کاک ناسـر چەنـد ژمارەی لـێ چاپ کراو تیراژەکەی چەند بوو؟**

- ژمـارەی یەکەمـی پێموابوو(٣٠٠)بـوو لەژمارەکانی دواتریـدا، ژمارە(٨)تا(١٠)و ئەوانە مـن لەبیرمە(٥٠٠)بـوو، دواتـر پێـم وایـە هەر بە(٥٠٠)بوو، لەدوای ژمارە یەکەوە پێم وایە بوو بە(٥٠٠)فارسـیمان لەتیراژێکـی کەمتـردا چاپ دەکرد(٣٠٠)، ژمارەی ئەوانی دیکە(٥٠٠)بوو.

***نرخیشی لەسەر نەبوو؟**

-نا، ئەو کاتە گۆڤار نەدەفرۆشرا زۆر بەکەمی، هەر بڵاو دەکرایەوە یانی هەربڵاومان دەکردەوە.

***ئەی نەخشەسازییەکەی کێ دەیکرد؟**

- چەند ژمارەیەکی ڕەحمانی شافعی کردی، ئەوانی دیکە مەنسوری سدیقی.

***ئەدرەسی کۆڵن - ئەڵمانی لەسەر بوو بۆچی؟**

- بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی لەدەرەوەی کوردستانەوە ئێرانەوە ویسبایان، یارمەتیکمان بدەن یا بابەتیکمان بۆ بنێرن لەرێگای ئەو ئەدرەسەوە بینێرن، هەموو جارێک ڕێکخراوێکی دین لەوانەی کەئێران یارمەتی دەدان، ئێستا ناوەکەین لەبیر نییە، بەلام کۆمەلێکی زۆر بەرهەمە کتێبە ئەوانەیان بۆ ناردینە داوای پەیوەندیان کردبوو، نازانم گۆڤارەکەیان نەخوێندبووە تەنیا ئەدرەس فاکسەکەیان خوێندبووە، بەلام چەند شتێکی وامان بۆ هات، جارێک لەیەکێکک لە کۆمارە سۆڤیەتەوە کەدواتر جیابوونەوە نامەمان بۆ هاتبوو، لەتاجیکستانەوە وابزانم.

***ئەو ئیندێکسەی سەبارەت بەگۆڤاری پێشەنگ کراوە لەگۆڤاری ڕۆژنامەنووس کراوە، پێت وایە کارێکی مێژووییە دەتوانێت سوودێک بەگۆڤارەکە بگەیەنێت لەکاتێکدا ئەمە یەکەمین ئیندێکسە بۆ گۆڤارێکی چەپ دەکرێت؟**

- پێم زۆر زۆر کارێکی باشە، لەبەرئەوەی ئەو کاتە پێشەنگ لەهەلومەرجێکی دژواردا بلاو دەکراوە نەمان دەزانی بەدەست کێ دەگاتء تاچەند خوێنەری هەیەو دەگاتە دەستی کەس یان نا نەشمان دەزانی چ ڕەنگدنەوەیەکی هەیە بەهەرحالأ، تومار کردنێک نیشان دەدات ئەم گۆڤارە بایەخی پێدراوەو خوێنەری بووەو کەرەسەیەک دەخاتە بەر دەستی ئەو کەسانەی لەداهاتوودا بیانەوێت لێکۆلینەوەیەک بکەن، بۆ من خۆم وەک کەسێک لێرەدا کارم کردووە، دەبینم ئاوا وەکو ئیندێکسێک چاپ کراوە، زۆر بەشێوەیەکی پوختر بەرهەمی کارەکەی خۆمانم دەخاتە بەرچاو،

***کاک ناسر زۆر سوپاس.**

- زۆر سوپاس بۆ ئێوەش.

* * *

# ئەحمەد بازگر:

# لە ڕەوتی سیاسی و فکریدا هەوڵماندەدا سەرنجی دنیا بۆ لەمەیدان دابوون و کۆڵەکەبوونی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان لە بزووتنەوەکەدا رایکێشین، دەمان هەویست لە مەیدانی هونەر و ئەدەبیاتیشدا ئەو چینە چەکی خۆی هەبێ

**سەبارەت بەو کەسە چالاکانەی کە لە ناوەندی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان ڕۆلیان هەبووە، دیدارێکی کورت لەگەل ئەحمەد بازگر کە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی بووە، سازدەکەین، ئەوەی خوارەوە دەقی ئەو دیدارەیە:**

***لە یەکەمین بەیاننامەی ناوەندی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان لە جۆزەردانی ١٩٨٥/١٣٦٤ دا هاتووە ئامانج لە دامەزراندنی ناوەند، پەرەپێدانی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری و پەروەردەکردنی ڕووناکبیری و کۆمەلایەتی بەرینی کرێکاران و زەحمەتکێشانە بۆ خەباتی چینایەتی.**

دەپرسم تۆش لە دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەندی بووی، مەبەست لە دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی بەتەنیای ئەدەبی کرێکاری چی بوو لە کاتێکدا شۆڕش، شۆڕشێکی جەماوەری و کۆمەلایەتی بووە؟

*هەم ئەو وەختی و هەم ئێستاش تەعبیری "هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری" لە ڕوانگەی زۆربەی ئێمەوە باسێکی ئاوەلابوو. پێم وایە ئەم باسە زۆر پرسیاری وەلام پێنەدراوەی



ڕۆژنامەنووس

**لەخۆیدا هەیە.**

زۆر راحەت دەكرێ ئەدەبی كرێكاری لە رۆمان و شیعر و كورتەچرۆكدا دەستنیشان بكەی، بەڵام وەختێک مەسەلەن دەگەیە مۆسیقا و سەما تووشی ژانە سەر دەبی. ئێمە ئەو وەخت زۆر باسی بەپێز و دووررودرێژمان لەسەر ئەو نێودێركردنە كرد. بەداخەوە بەشی كەمیمان نووسییەوەو بە ئاگاداری دەرەوەی خۆمانمان گەیاند.

ئەوەی سەرەنجام ئێمەی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە كە ناوەندەكەمان نێوبنێین ناوەندی هونەر و ئەدەبیاتی كرێكاری، زۆرتر سنووركێشان لە بەینی خۆمان و بەشی زۆری ئەو رەوتە ئەدەبی و هونەریانەدابوو كە هیچ جێگە و رێگەیەكی بۆ ئەدەبی كرێكاری لەبەرچاو نەدەگرت. ئێمە هەروەک لە رەوتی سیاسی و فكریدا هەوڵمان دەدا سەرنجی دنیا بۆ لەمەیدان دابوون و كۆڵەكەبوونی كرێكار و زەحمەتكێشی كوردستان لە بزووتنەوەكەدا رابكێشین، دەمان هەویست لە مەیدانی هونەر و ئەدەبیاتیشدا ئەو چینە چەكی خۆی هەبێ. من ئێستا گومانم هەیە كە لەو كارەماندا سەركەوتوو بووین.

بەڵام ئەوەی كە لێی بێ شكم دانانی بەردی بناغەی رەوتێكی ئینسانی بوو كە بەرهەمی تێكۆشانی دیارترین بەشی شاعیران، نووسەران و هونەرمەندانی كوردستان بوو.

دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەندی هونەر و ئەدەبیاتی كرێكاری زۆر شاعیرانی وەک ئەحمەد بازگر، محەمەدی میسری، فەرەیدون نازری، رێبوار، ناسر حیسامی، سەعید وەیسی، خالید رەحیمی، وریا ئارێنان، رزگار عەلی پەنا، ویدا رەزایی لەخۆ گرتبوو، ئایا ئەمانە هەموو لەسەر كار و مانیفێستی ماركسیزم و ئایدیای ماركسیزم كاریان دەكرد یان شێوازێكی دیكە بوو؟

پاشان دەپرسم ئەم دەنگانە، ئەم شاعیرانە لەكوێن؟

***وەڵامدانەوە لەجیاتی ئەو هاوڕێیانە كارێكی دژوارە. ئەوەی مەعلووم بوو هەمووی ئێمە پێشمەرگەی كۆمەڵە بووین و كۆمەڵەش رەوتێكی ماركسیستی و چەپی كوردستان بوو.**

خاڵێكی گرنگە كە من دەبێ لێرەدا باسی بكەم. ناوەندی هونەر و ئەدەبیاتی كرێكاری رێكخراوێكی لاوەكی سەر بە كۆمەڵە نەبوو. هەوڵی هەمووی ئێمە ئەوەبوو كە ئەو رێكخراوەیە لەبیروبۆچووندا



سەربەخۆبێ و لەسەر پێی خۆی راوەستێ. پاراستنی سەربەخۆیی رێكخراوێكی ئەدەبی و هونەری لەنێو رێكخراوەیەكی سیاسی سەرقاڵی شەڕدا، ئەركێكی سەخت بوو.

ئەو دەنگ و شاعیرانەی تۆ نێوت هێناون ئێستا هەموویان لە وڵاتە جۆربەجۆرەكانی ئەورووپا و ئەمریكا دەژین.

***دەكرێت بڵێین كە بازگر، رێبوار، نەكەروز، م خارا، پشكۆ، محەمەدی میسری، ناسر حیسامی. لە دەیەی هەشتاكاندا وەكوو پێشەنگی شیعری شۆڕشگێڕانە یان شیعری چینایەتی بناسرێن بەتایبەت؟ یان وەكوو ئەدەبی بەرگری چاویان لێ بكرێت؟**

– بەڵای منەوە هەردووكیان.

*** ئایا ناوەند توانی ئەرک و پەیامەكانی بگەیەنێت؟**

– ناوەند ئەوەندەی خۆی لە پەیامەكانی حاڵی بوو، یان باشتر وایە بڵێم بەو رادەیەی كە خۆی لە بابەتە جۆربەجۆرەكانی گەیشت بوو، توانی بە گوێی دەرەوەی خۆیشیان بگەیەنێ. ناوەند باسێكی دامەزراند، یان دیسان باشتر وایە بڵێم زیندوو كردەوە، كە ئێستاش كەم تا كورت درێژەی هەیە. ناوەند بە باسەكانی خەڵكێكی لەخۆی وەدەنگ هێنا كە لە ئاكامدا هونەر و ئەدەبیاتی چەند هەنگاوێک هێنایە پێش.

# گوڵبژێرێک لە ڕۆژنامەگەری زانکۆی سەڵاحەدین



ئیدریس عەبدوڵڵا*

هەواڵنامەی کتێب

**پێشەکی**

زانکۆی سەڵاحەدین وەکو ناوەندێکی گرنگی زانست و ڕۆشنبیری لە کوردستان، ژمارەیەکی زۆر کۆلێژ و بەشی زانستی جۆراوجۆر بەخۆوە دەگرێت، ئەمە وا دەکات ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی واقیعێک بۆ خۆی دروست بکات و پێویستی بەوە بێت، کۆمەڵێک گۆڤار و بڵاوکراوەی پسپۆڕی و ڕۆشنبیری گشتی جۆراوجۆری هەبێت، بۆ گوزارشت کردن لە هزری قوتابیان و مامۆستایان و بۆ بەرەوپێشبردنی کاروانی زانست و ڕۆشنبیری لە کوردستان، لەبەر ئەوە چەندین بڵاوکراوەو گۆڤاری جۆراو جۆر لە بەش و کۆلێژە لێکجیاکان دەردەکرێن، لەو لێکۆلینەوەیە تیشکێکی خێرا دەخەینە سەر هەندێکیان لەوانە، کە دابەشدەبنە سەر دوو بەشی سەرەکی:

**١ـ گۆڤارەکان.**

**٢ـ بڵاوکراوەکان.**

**یەکەم: گۆڤارەکان:**

لە کۆلێژ و بەشە زانستییەکانی زانکۆی سەڵاحەدین دا ژمارەیەک گۆڤار دەرچوونە، لەوانە هەندێکیان بریتینە لە:

**١ـ ژارەبا**

ناسنامە:

گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە، ئەگەرچی (بڵاوکراوە)ی لەسەر نووسراوە، بەڵام وەکو گۆڤار دەرچووە.

خاوەنی:

هۆڵی ڕۆشنبیری کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەڵاحەدین.

مێژووی دەرچوون:

ژمارە (١)ی لە بەهاری ١٩٩٢ و بە تایبەتیش لە ١٩٩٢/٣/١٦ دەرچووە، چونکە ئەو گۆڤارە تایبەت بووە بە کارەساتی هەڵەبجە، بڕیار بووە ساڵانە لەو یادەدا ژمارەیەکی لێ دەربکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا هەر یەک ژمارەی لێدەرکراوەو دوای ئەوە هیچ ژمارەی دیکەی بە دوادا نەهاتووە.

قەوارە:

بە ٣٦ لاپەڕەی قەوارە (٢١ بە ٢٩ سم) دەرچووە.

ـ گرنگترین بابەتەکانی ژمارە (١):

ـ سەرووتار، لا ٣.

ـ چەکی کیمیاوی، ئا: بەختیار ئیبراهیم، لا ٥.

ـ هەڵەبجەو شەڕی عیراق ـ ئێران، چیا، لا ١١.

ـ هەڵەبجە لە سێ هەناسە شیعردا، حەمە عەباس،

لا ١٥.
- هیرۆشیما، شیعری شاعیری تورک: ئومێد یەشار ئوغوزمان، و: خدر ئیبراهیم خدر، لا ١٧.
- بەراورد، شیعری چواس، لا ٢٠.
- بەزەیی، شیعری جەوهەر شێخانی، لا ٢٠.
- بەیانی. ویژدانی مرۆڤ لە خاچ دەدرێ، حەسەن عەبدوڵڵا، لا ٢١.
- خەونی چیا، ڕێباز، لا ٢٥.
- من أحادیپ هیروشیما الجدیده، محدپ، لا ٢٨.
- لە هیرۆشیماوە، لا ٣٢.
- لاوکی هەڵەبجە، شیعری ڕەفیق صابیر، لا ٣٣.
- مەبەستی ئەو گۆڤارە:

مەبەستی ئەو گۆڤارە تیشک خستنە سەر ترسناکی شەڕو ئاسەواری خراپی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بووە، کە لە سالانی هەشتای سەدەی بیستەم لە لایەن ڕژێمی بەعسی عیراقییەوە لە گەلێ شوێنی کوردستان دراو، دواترین و قورسترینی ئەوە بوو، کە لە ١٩٨٨/٣/١٦ لە هەڵەبجە درا، بە هۆیەوەی لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا، پێنج هەزار ژن و منداڵ و پیاوو مێرمنداڵی شارستان و بێ گوناهی کوردی ئەو شارە لەناوبران، ئەوەش کارەساتێک بوو ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاندو جێی خۆیبوو، هەموو جیهان بە خۆیاندا بچنەوەو داوا بکەن سنوور بۆ بەکارهێنان و دروستکردنی ئەو چەکە بە کۆمەڵکوژانە دابنرێت.

## ٢ـ تیشکی زانکۆ

ناسنامە:
گۆڤارێکی ڕۆشنبیری وەرزییە

خاوەنی:
بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.

دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی گۆڤار:
- خاوەن ئیمتیاز: د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان
- سەرنووسەر: فەرەیدون ئەحمەد دەربەندی
- دەستەی نووسەران: وەنەوشە خدر حاجی - حەیدەر حاجی خدر - شێروان خدر عومەر - تاهیر حاجی میرخان - یادگار ڕەسوڵ حەمەدئەمین - سازان ئەحمەد سیڤۆ.

دەستەی ڕاوێژکاران:
د. شوکرییە ڕەسوڵ - د. ئیبراهیم قادر - د. عەبدوڵڵا حوسێن - م. ی. پەخشان سابیر.

مێژووی دەرچوون:
ژمارە (١)ی لە کانوونی دووەمی ١٩٩٩.

قەوارە:
لە بەرگەوە بۆ بەرگ حەفتاو دوو لاپەڕەی قەوارە (٢٠ بە ٢٨ سم)ە.

چاپخانە:
لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین هەولێر لە چاپدراوە.

زمانی نووسین:
زمانی کوردی، زاری کرمانجی خواروو.

گرنگترین بابەتەکانی:
بابەتەکانی ئەم گۆڤارە بەسەر ئەم فایلانەی خوارەوەدا دابەش دەبن:

١- وتار:
- سەرەتا، دەستەی نووسەران، لاپەڕەی پێش لاپەڕە یەک.
- چەند سەرنجێک سەبارەت بە ئاستی زانستی، خالید خورشید، لا ٦١.
- ژینە نیگاری پا (یەڵماز گۆنای)، فەهمی مزوری، لا ٦٢.
- بەهای گۆڤاری تیشکی زانکۆ، پەیدابوونی؟!فەرەیدون ئەحمەد دەربەندی، بەرگی دوواوە، دیوی ناوەوە.

٢- پەخشان:
- قەرەج، بەهرۆز،
- گەڵاڕێزان،...

٣- شیعر:
- شاخی ڕاستی، ی. باڵەکی، لا ٥٥.
- حەزێکی خنکێنراو، قوتابی (پ)، لا ٥٥.
- وەک نێرگز قەدت کرد دەترسم، ئازاد عومەر حەمەد، لا ٥٦.
- ئەبەدیەت، جەواد عیسا حوسێن، لا ٥٦.
- بەندا ساری، ئەسەد شێخۆ، لا ٥٧.
- ڕۆژهەڵات و مەرگی گەڵاکان، بێکەس حەمەد قادر، لا ٥٨.
- نامەی پەشیمانی، دەریا عەبدوڵڵا قەرەچوغی، لا ٥٩.

٤- چیرۆک:
- بارین، سەباح مەجید محەمەد، لا ٤٨.
- ساتە ئاورینگییەکانی تەنیایی، محەمەد عەلی گعێتلی، لا ٥٠.
- پەڕاوگەی (ش)، سیروان، لا ٥٢.

٥- چاوپێکەوتن:
- د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان و وەڵامی چوار پرسیار، ئا: عەلی مستەفا، لا ٤٢.

٦ـ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی:

ـکورتەیەک لە بابەت چەمکی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و ڕێڕەوە مێژووییەکەی، ئا:ح. گرتکی، لا١.

ـ فرۆید لە نێوان جنس و گرێی ئۆدیبدا، یادگار ڕەسوڵ باڵەکی، لا٥.

ـ ئەفسانەی کوردایەتی، دیالۆگی لەگەڵ ڕۆمانی (تەونی جاڵجۆڵەکە)ی حەکیم کاکە وەیس، عەبدولموتتەلیب عەبدوڵڵا، لا٨.

ـ ئەفسانەو شیعر، بەهمەن تاهیر نەریمان، لا١٦.

ـ ژینا لۆژیای (ڕەخنە ـ ئافراندن) لە (ڕۆمانسییەت ـ تەسەوف)دا، سابیر حوسێن، لا٢٤.

ـ تازەگەری لە شیعردا یان ونبوونی شیعر لە تازەگەریدا، فەرمان حەسە، لا٣٠.

ـ شیعرو بوون، بەشی یەکەم، عیرفان مستەفا، لا٣٣.

### ٣ـ ئاڵا

خاوەنی:

دەستەیەک لە قوتابیانی کۆلێژی یاساو ڕامیاری.

دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی گۆڤار:

ـ خاوەن ئیمتیاز: محەمەد نەورۆزی

ـ سەرنووسەر: موەفەق قەرەنی

ـ بەڕێوەبەری نووسین: شوان سەید کاکە

ـ دەستەی نووسەران: محەمەد ئیسماعیل محەمەد ـ هاژە سمکۆ

مێژووی دەرچوون:

ژمارە (١و٢)ی لە سەرماوەزو بەفرانباری ٢٦٩٩ی کوردی، بەرانبەر بە تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٩٩ی زاینی دەرچووە.

قەوارە:

لە بەرگەوە بۆ بەرگ بیست و هەشت لاپەڕەی قەوارە (٢١ بە ٣٠سم)ە.

ناسنامە:

گۆڤارێکی قوتابیانی مانگانەیە.

زمانی نووسین:

بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بابەتەکانی بڵاوکردۆتەوە، سەرجەم بابەتەکانی ئەو دوو ژمارەی سەروو، ئەمانەی خوارەوەن:

أ ـ بابەتە کوردییەکان:

ـ پێناسەو پەیکەری کۆلێژ، ئا: ڕاگەیاندنی کۆلێژ.

ـ ڕێزدار بارزانی و کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی نووسەران.

ـ قوتابیان سەری ڕمن لە گشت شۆڕشێکدا، م.کەمال سەعدی.

ـ ئاڵا، شوان سەید کاکە.

ـ سیستمی نوێی جیهانی (ڕیپۆرتاژ)، ئا: محەمەد ئیسماعیل محەمەد.

ـ بەرەو ئایندەیەکی ڕووناک، محەمەد نەورۆزی.

ـ فرمێسکی مێژوو، محەمەد گەردی.

ـ تاوان و کاریگەری ژینگە، و: نەوزاد میر عەلی.

ـ نەفرەت لە شەڕ، فەرسەت سۆفی.

ـ کارو چالاکییەکانی کۆلێژ، دەستەی نووسەران.

ـ تازەگەری یان سەرلێشێواوی خوێنەر، ڕێبوار هادی.

ـ سەراب، کاوە یاسین.

ـ لە خۆشەویستیت بەردەوام دەبم، یوسف بەرزنجی.

ـ ڕەنگاو ڕەنگ، دەستەی نووسەران.

ـ وەرزش، ئا: یەکەی وەرزشی کۆلێژ.

ب ـ بابەتە عەرەبییەکان:

ـ القضية الكوردية من النافذة السياسية، صادق جعفر.

ـ ماذا تعرف عن مهنة المحاماة، كامران جليل.

ـ أستشارات قانونية، فيصل تقى الدين عقراوى.

ـ الحب الذى لا يموت، ئالان بەهائەدین.

ـ انت منى، هاژە سمكۆ.

### ٤ـ قەڵا

ناسنامە:

گۆڤارێکی ئەندازیارییە

خاوەنی:

دەستەیەک لە قوتابیانی بەشی بیناسازی کۆلێژی ئەندازەی زانکۆی سەلاحەدین.

دەستەی نووسەران:

عومەر حەمە ئەمین، ڕەنج قادر، هیوا قادر.

مێژووی دەرچوون:

ژمارە (سفر)ی ئەزموونیی لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٣.

قەوارە:

بیست لاپەڕەی قەوارە (٢١ بە ٢٩ سم)

ماوەی نێوان ژمارەو ژمارە:

مانگانەیە

زمانی نووسین:کوردی

نرخ: پێنج دینارە.

## ٥- مجلة زانكۆ للعلوم الطبية

ناسنامە:
گۆڤارێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان.
خاوەنی:
کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سەلاحەدین
مێژووی دەرچوون:
ژمارە (٢) لە ساڵی ١٩٩٤.
قەوارە:
٥٢ لاپەڕەی (٢٢بە ٢٩ سم).
زمانی نووسین:
ئەم گۆڤارە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوەو کورتەی لێکۆڵینەوەکان بە زمانی عەرەبی خراونەتە ڕوو.

## ٦- مەشخەڵ

ناسنامە:
بڵاوکراوەیەکی ساڵانەیە.
خاوەنی:
کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی سەلاحەدین
دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی گۆڤار:
- دەستەی نووسەران: د. ڕەشاد میران - م. ئیدریس محەمەد تاهیر - ئاڵان قادر ڕەسوڵ
هونەرکاری بەرگ: شکار
مێژووی دەرچوون:
ژمارە (١)ی لە نیسانی ١٩٩٩ دەرچووە.
قەوارە:
- لە بەرگەوە بۆ بەرگ، بیست و چوار لاپەڕەی قەوارە (٢٠ بە ٢٩ سم)ە.
چاپخانە: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
ماوەی نێوان ژمارەو ژمارە:
ساڵێک، چونکە وەکو لە سەری نووسراوە بڵاوکراوەیەکی ساڵانەیە.
زمانی نووسین:
زمانی نووسینی ئەو گۆڤارە کوردییە.
بابەتەکانی ئەو گۆڤارە:
بابەتەکانی ژمارە (١)ی ئەو گۆڤارە ئەمانەی خوارەوەن:
- سەروتار، مەشخەڵ.
- کۆمەڵگا، وەرزش و وەرزشوان، د. ڕەشاد میران.
- کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی بۆچی، م.ئیدریس محەمەد تاهیر.
- یاساکانی تۆپی باڵەی سەر کەناری دەریا، م. ئازاد حەسەن قادر.
- وروژێنەرە وەرزشیەکان، د. زوهێر نەجاڕ.
- هۆکاری دەروونی و کاریگەری لەسەر وەرزشوان، م. جەمیل خچر عەلی.
- مانای ئامادەکاری لەش، م. شاخەوان مەجید.
- سەرەتایەک دەربارەی جومناستیک، سەعدوڵلا عەباس ڕەشید.
- چۆنیەتی دەستنیشانکردنی یاریزانی تۆپی دەست، م. حامد مستەفا.
- هێزی کێشکردنی زەوی و کاریگەری لەسەر هاوسەنگی لەش، م. ئیدریس محەمەد تاهیر.
- وەرزش چییە، قوتابی سەلاح کاکل.
- ڕۆڵی ڕاهێنەر لە تۆپی سەبەتی نوێدا، یاسین عومەر.
- ئەو مشکەی مەنزەعەی کچانی هەژاند، ژیلوان محەمەد تاهیر.
- هەڵسەنگاندنێکی یاریەکانی گۆڕەپان و مەیدان، م. سیروان کەریم عەبدوڵلا.
- ئینتەرنێت و وەرزش، م. دلێر صالح حەسەن.
- هاوکاری یاریزانان و سەرکەوتنی تیپ، ئاڵان قادر ڕەسوڵ.

## ٧- ئاژێر

ناسنامە:
گۆڤارێکی کلتوری گشتییە
خاوەنی:
کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین
مێژووی دەرچوون:
ژ (١)ی لە ساڵی ١٩٩٦
قەوارە:
بێجگە لە بەرگەکانی پێشەوەو پاشەوە، ٢٨ لاپەڕەی قەوارە (١٥ بە ٢٠ سم)ە.
دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی گۆڤار:
سەرنووسەر: زانا خەلیل
دەستەی نووسەران:
ئەسکەندەر جەلال - سوعاد ئەوڕەحمان - عەبدولڕەحمان عەبدوڵلا - لەیلا عەبدوڵلا - عەبدولڕەحمان مەعروف - ڤیان حەمەد ئەمین.
چاپخانە:
بە ڕۆنیۆ چاپکراوە، لە نووسینگەی هێرش بۆ چاپ و ڕۆنیۆو وەرگێڕان لە هەولێر.
گرنگترین بابەتەکان:
- ئاژێری وەرگێڕان، لا ١.
- ئاسۆی زانکۆ، هیوا، لا ٢.

- لادان، نەهلە جەوهەر، لا ٦.
- با پرسـیارەکان بە دوای رێگەچارەدا بگەڕێن، دیداری: عەبدولڕەحمان مەعروف، لا ١٠.
- ئاویلکـە، دەقی لەیلا عەبدوڵلا، هەڵسـەنگاندنی زانا خەلیل، لا ١٥.
- گۆڕان، ئیدریس شەیداهۆ، لا ١٩.
- شـەقامە نووسـتووەکان، عەبدولڕەحمـان عەبدوڵلا، لا ٢٠.
- جۆگـەکان کیژی کانین، بێکـەس حەمەد قادر، لا ٢١.
- بەرەو...، ئەسکەندەر جەلال، لا ٢٣.
- ئەونا، ئاڤان و سازان، لا ٢٥.
- گییو ئەپۆلینێر، د.فەرهاد پیرباڵ، لا ٢٧.
- زمانی نووسین: زمانی کوردییە، زاری کرمانجی خواروو.

## ٨ـ سابات:

خاوەنی:

- بەشـی کـوردی کۆلێـژی (زمـان)ی زانکـۆی سەلاحەدین

خاوەن ئیمتیاز: د. پەخشان سابیر

سەرنووسەر: هێمن عومەر خۆشناو

ستافی نووسین:

جەمال نەجاری، دەوران محەمەد

لـە ژمارەکانی (٢و٣)یشـی (هۆگر حسـێن)یش خراوەتە سەر ئەم دوو ناوەی پێشوو.

تایپ:

هونەر مەولود بەحرکەیی

نەخشەسازی:

هاورێ محەمەد زادە، لە ژمارەکانی (٢و٣)یشـی (شێرزاد محەمەد).

بەرگ:

شـکار نەقشـبەندی، لە ژمارەکانی (٢و٣)یشـی (ئاسۆ مام زادە).

پێناسـە:

وەرزە گۆڤارێکـی ئەدەبـی زمانەوانـی رۆشنبیرییە

قەوارە:

ئەم گۆڤارە ژمارە (١)ی بە (٩٦) لاپەڕەی قەوارە (٢١ بە ١٤/٨سم) دەرچووە. ژمارەکانی (٢و٣)یشی بە قەوارەی (٢٥ بە ١٨سم)دەرچووە.

ماوەی دەرچوون:

بـە پێناسـەکەی کـە دەڵێـت (وەرزە گۆڤارێکی ئەدەبـی زمانەوانـی رۆشـنبیرییە)، دەبێـت لـە



سەرەتای هەر چوار وەرزەکانی ساڵ دەربچێت، کەچـی لە بەهـاری سـاڵی ٢٠٠٥دا ژمارە (١)ی دەرچووە، تا مایسـی ٢٠٠٦ هەردوو ژمارەکانی (٢و٣)ی لە یەک بەرگ دەرچوونە.

گرنگیدانەکانی ساباتا:

سـابات گۆڤارێکی تایبەت بە زمان و ئەدەبە، لە ژمارە (١)یدا کۆمەڵێک لێکۆلینەوەو وتار و شیعر و چیـرۆک بە پێنووسـی مامۆسـتاو قوتابیانی بەشەکە بلاوکراونەتەوە، کە بریتینە لە:

- بەهەشـتی ونبـووی جـۆن میلتـۆن و چەنـد سەرنجێک، فەرهاد عەزیز، لا ٣.
- سـەرەتای سـەرهەڵدانی ئەدەبیات و رەخنەی ئەدەبـی لە رۆمانی کۆنـدا، و: هەژار ئەحمەد، لا ١٣.
- دیمانەیەک لەگەڵ د. مارف خەزنەدار، لا ٢٣.

جیاوازی نێوان گوتن و نووسین لای دیسۆسێر، م. ئەکرەم عەنەبی، لا ٢٠.

ئەرکەکانـی مۆرفیمی (ە) لـە زمانی کوردیدا، د. عبدالله حسین، لا ٣٨.

- چاوپێکەوتـن لەگەڵ محەمەدی رۆسـتەم زادە (م: نامۆ)، ئا: جەمال نەجاری، لا ٤١.

-پیتاندنی یۆرانیۆمەکانی رق، شیعری عەبدولستار

ئەحمەد، لا ٤٨.
- بەشێک لە شیعرەکانی نەنووسراو، شیعری جەمال نەجاڕی، لا ٥٢.
- سێ کچ بە دار ئەرخەوانێکەوە ئاڵابوون، شیعری شاهۆ عوسمان، لا ٥٨.
- نمایشی پاڵەوانێکی دۆڕاو، دلشاد کاوانی، لا ٦٥.
- کورتیلە چیرۆک، هێمن عومەر، لا ٦٩.
- دوو کورتیلە چیرۆک، بەهار ڕەشید، لا ٦٩.
- مەرگی نووسراو، چیرۆک، و: هومەن، لا ٧١.
- پاراستنی زمانی نەتەوەیی بەشێکە لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، د. ڕەفیق شوانی، لا ٧٦.
- دیموکراتیزمی هونەری، و: وریا بوداغی، لا ٨٤.
- خودی مرۆڤ و دوو لایەنی، دەوران محەمەد صالح، لا ٩٣.
- نامەیەکی محەمەد صالح دیلان، لا ٩٦.

بەم شێوەیە دەبینین گۆڤارەکە بە تەواوی بۆ شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەدەب و زمان تەرخان کراوە، بەوەش گۆڤارەکە تایبەتمەندی خۆی وەرگرتووەو، لە زۆرێکی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی دیکە جیابۆتەوە.

ژمارەکانی (٢و٣)یشی کۆمەڵێکی دیکەی بابەتی ئەدەبی بڵاوکراونەتەوە، بە زۆری خۆیان لە شیعرو چیرۆکدا دەبیننەوە، جگە لە وانە بابەتی مێژوویی و چاوپێکەوتنیشی تێدایە.

## ٩- زانکۆی نوێ:

پێناسە:

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری مانگانەیە

خاوەنی:

ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر

دەستەی نووسەران:

ژمارە (٩)ی ئەم گۆڤارە کە لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ دەرچووە، ئەم ناوانەی بەسەرەوەیە:

خاوەن ئیمتیاز: د. محەمەد صدیق خۆشناو

سەرنووسەر: حەیدەر جەوهەر

جێگری سەرنووسەر: محەمەد عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین: عەبدولستار پیرداود

مێژووی دەرچوون:

ئەم گۆڤارە یەکەمین ژمارەی لە (٢٠٠٤) دەرچوو، تا مایسی ٢٠٠٦ تەنیا (١٢) ژمارەی لێدەرچووە.




قەوارە:

قەوارەی ئەم گۆڤارە بە لاپەڕەی گەورەی (٢١ بە ٢٩/٧ سم) دەردەچێت و ژمارەی لاپەڕەکانیشی دەگەنە (٧٠) لاپەڕە.

پەیامی ئەو گۆڤارە:

ئەو گۆڤارە تایبەتە بۆ چالاکییەکانی زانکۆی صلاحەدین و کۆلێژ و بەشە زانستییەکانی ئەو زانکۆیە، لەگەڵ هەندێ وتار و بابەتی دیکەی ڕۆشنبیری جۆراوجۆر.

## دووەم: بڵاوکراوەکان:

### ١- پەیامی عەرعەر

ناسنامە:

بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە جینۆسایدو ئەنفاڵ.

خاوەنی:

کۆمەڵێک لە فێرخوازانی زانکۆی سەلاحەدین.

مێژووی دەرچوون:

ژمارە (١)ی لە ساڵڕۆژی جینۆسایدو ئەنفالی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٩ دەرچووە.

قەوارە:

بە لاپەڕەی (٢٠ بە ٣١ سم) دەرچووە.

ناسنامە:

بڵاوکەرەوەیەکی ساڵانەیە تایبەتە بە ئەنفاڵ و جینۆسایدکردنی کوردستان، سەرجەم بابەتەکانی هەر لە بارەی جینۆسایدی کوردستان مەترسی

و ئاسەوارە خراپەکانی ئەو پرۆسەیە بۆ سەر دەروونی تاکی کورد و ئاگادارکردنەوەی لە سەختی ئەو پرۆسە ترسناکە تەرخان کراوە.

## ٢ـ پەیام:

خاوەنی:

ئەم بڵاوکراوەیە هەرچەندە هیچ ناوێکی لەسەر نەنووسراوە، کە کێ دەری کردووە، بەڵام وەک ئەوەی لە دوای لێکۆڵینەوەکانم بۆم دەرکەوت، لە لایەن قوتابیانی بەشی عەرەبی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین دەرکراوە.

مێژووی دەرچوون:

ژمارە (١)ی ئەم بڵاوکراوەیە، لە مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١٤٢٤ی هیجری دەرچووە، کە بەرانبەر بووە بە مانگی ٢٠٠٣ی زایینی.

قەوارە:

هەشت لاپەڕەی قەوارە (١٤ بە ٢١ سم)ە.

ناسنامە:

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری ئیسلامییە.

ماوەی نێوان ژمارەو ژمارە:

وەکو لە لاپەڕە (١)ی نووسراوە: (لە سەرە مانگەکانی ئیسلامی دەردەچێت).

زمانی نووسین:

زمانی نووسینی ئەو بڵاوکراوەیە کوردی و عەرەبییە.

## ٣ـ گوڵستان

ناسنامە:

بڵاوکراوەیەکی زانستی ڕۆشنبیری گشتییە.

خاوەنی:

کۆمەڵێک لە قوتابیانی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەدین.

مێژووی دەرچوون:

ژمارە (٠)ی ئەزموونیی لە حوزەیرانی ٢٠٠٣ی زایینی، جۆزەردانی ٢٧٠٣ی کوردی دەرچووە.

قەوارە:

١٢ لاپەڕەی قەوارە (٢٤ بە ٣٣ سم)ە.

دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی گۆڤار:

- سەرنووسەر: محەمەد حەسۆ محەمەد
- بەڕێوەبەری نووسین: کاروان سەلاح مستەفا

زمانی نووسین:

زمانی کوردییە، زاری کرمانجی خواروو.

گرنگترین بابەتەکانی:

- سەروتار، لا١.
- پرۆسەی خوێندن، لا١.
- مووچەی مانگی چواری مامۆستایانی زانکۆ سەرفکرا، لا١.
- مامۆستا فاڕوق ڕەفیق پیرۆزبایی لە کوردستان دەکات، لا١.
- نامەی ماستەری عەبدولڕەحمان عومەر لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەدین وتووێژکرا، لا١.
- تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ پێشخرا، لا١.
- کۆلێژی کشتوکاڵ لە چەند دێرێکدا، د. فەرهاد حەسەن، لا٣.
- زانکۆ لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا، کاروان سەلاح مستەفا، لا٢.
- زانکۆکانی کوردستان لە ئایندەی عیراقی دیموکراتدا، چاوپێکەوتنە لەگەڵ د. فەرهاد حەسەن، ڕاگری کۆلێژی کشتوکاڵ، لا٣.
- قەرەبووکردنەوەی خوێندن و گەرمای بەشە ناوخۆییەکان، سۆران محەمەد، لا٣.
- ئاهەنگی دەرچووانی قوتابیانی کۆلێژی کشتوکاڵ لە ٢ی ٥ی ٢٠٠٣ بەڕێوەچوو، لا٣.
- مامۆستایەکی کورد داهێنانێکی نوێی داهێنا، لا٤.
- ئالیکی نیوەی شەو جۆری قەپێلکی هێلکەی مریشک باش دەکا، بێستون ساڵح، لا٤.
- پەینە نەناسراوەکە، د. ئەکرەم عوسمان ئیسماعیل، لا٤.
- ئامێری NSS-١ بۆ پاسەوانی کەنارەکان، لا٥.
- ئەڤزایم، لا٥.
- ئەم نەخۆشیانەی لە تێکچوونی خۆراک دروست دەبن، ئاهەنگ حەسەن مەولود، لا٥.
- نوێترین ئامێری ئاشکراکردنی منداڵی کوڕ یان کچ لە تەمەنی یەک هەفتەییدا، لا ٥.
- ئایا SARS هەڕەشەیەکی ڕاستە؟ م. سامی حەمەدئەمین، لا ٥.
- کاردانەوەی داگیرکردن لەسەر کەسی داگیرکراو، سابیر وەسمان، لا ٦.
- لەبەرچی و تاکەی؟ ئەسعەد محەمەد، لا ٦.
- کەسایەتی قوتابی زانکۆ لە غیابی ڕووناکبیریدا، هێمن عەبدولخالق، لا ٦.
- کامیان پێشمەرگە بوون، شیوەن نووژدار،لا٦.
- ئافرەت لە ناو کۆمەڵگەدا، شیلان ئارام، لا ٧.
- تەلەفزیۆن منداڵ دەکا بە پیرێکی بچکۆلانە، سنوور حەیدەر کاوانی، لا ٧.
- بە تەمەن بچوک بە بەهرە گەورە، ئا: زین

نانەکەڵی، ـ دیدارە لەگەڵ منداڵ زینە عەبدولکەریم ، لا ٧.
ـ ماسکی بەسوود بۆ دەم و چاوو پێست، لا ٧.
ـ مێشوولەو کاریان لە دۆزینەوەی تاوانی کوشتن، د. عادل عومران عەبدولواحید، وەرگێڕانی لە عەرەبی: هێمن کاکەخان شێخانی، لا ٨.
ـ نووسین لە چارەسەرەوە بۆ قەیران، عەلی کەریم، لا ٨.
ـ هەنگاونانی دیموکراتی لە عیراقی نوێدا، نەوزاد محەمەد عەزیز، لا ٩.
ـ دیموکراسی (ئاینی سەردەم)و، خێزانی دیموکراسی، ڕەنج ڕەسوڵ، لا ٩.
ـ چەمکی شەرم لە نێوان هەندێ خێزاندا، ڕابەر فەتاح، لا ٩.
ـ ئەم وێنەیەی دنیای هەژاند، لا ١٠.
ـ نان بۆ نانەوا، دۆلاریش بۆ دەرماڵە، لا ١٠.
ـ نەبوونی لۆکەر و دیاردەی دزێوی، لا ١٠.
ـ ئابوری کوردستان و پرۆسەی گەشەپێدانی، ئەحمەد عەبدولڕەحمان، لا ١٠.
ـ ژیانی هونەری عەدنان کەریم، لا ١٠.
ـ شنەبای غوربەت، فریا، لا ١٠.
ـ ساتێک لە جوودایی، کاردۆ، لا ١١.
ـ مەم و زینە تێکشکاوەکانی زانکۆ، لا ١٢.
ـ سوپاس و پێزانین، لا ١٢.
ـ دەمەتەقێی گوڵستان، لا ١٢.
ـ ڕەفزی ئاوا، شاخەوان عومەر، لا ١٢.

## ٤ـ البلاغ

ناسنامە:
بڵاوکراوەیەکی ئیسلامییە
خاوەنی:
کۆمەڵێک لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین، کە ئەمانە وەک خۆم لە نزیکەوە ئاگاداریان بووم، قوتابی بەشی خوێندنی ئیسلامی کۆلێژی ئاداب بوون.
مێژووی دەرچوون:
ساڵی ١٤١٨ک ـ ١٩٩٧ز، ژمارە نۆی لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٨ دەرچووە.
قەوارە:
هەشت لاپەڕەی قەوارە (١٤،٥ بە ٢١ سم).
ماوەی نێوان ژمارەو ژمارە:
دوو هەفتە جارێک
زمانی نووسین:
بە عەرەبی بڵاوبۆتەوە

گرنگیدانەکانی:
گرنگیداوە بە بڵاوکردنەوەی بابەتە ئایینییەکان.

## ٥ـ النور

ناسنامە:
بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری ئایینییە
خاوەنی:
قوتابیانی کۆلێژی ئاداب، کە ناوی کەسیانی لەسەر نییە.
مێژووی دەرچوون:
ساڵی خوێندنی ١٩٩٩ـ ٢٠٠٠
قەوارە:
دە لاپەڕەی قەوارە (١٤،٥ بە ٢١ سم).
ماوەی نێوان ژمارەو ژمارە:
دیاری نەکراوە.
زمانی نووسین:
کوردی و عەرەبی
گرنگیدانەکانی:
گرنگی داوە بە بیرو ڕۆشنبیری ئاینی.

## ٦ـ ڕوانگە

ناسنامە:
بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆیە، لە لایەن کۆمەڵێک لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین مانگی دووجار دەردەچێت.
سەرنووسەر:
محەمەد ئەمین عەبدولقادر
بەڕێوەبەری نووسین:
سەلام عەبدولقادر عەبدولڕەحمان
دەستەی نووسەران:
محەمەد بەکر، ئاکۆ محەمەد، هێمن سەعید.
مێژووی دەرچوون:
ژمارە (١)ی لە ١٧ـ ٣ـ ٢٠٠٤.
قەوارە:
هەشت لاپەڕەی قەوارە (٣٢× ٤٥سم).
ماوەی نێوان ژمارەو ژمارە:
دوو هەفتە جارێک.
زمانی نووسین:
چوار لاپەڕەی یەکەمی بە زمانی کوردی و، چوار لاپەڕەی دووەمی بە زمانی ئینگلیزی بڵاوبۆتەوە.

## ٧ـ هێڤارا ئاراس

ناسنامە:

بڵاوکراوەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتی مانگانەیە.

خاوەنی:

کۆمەڵێک لە قوتابییانی زانستە ڕامیارییەکان

مێژووی دەرچوون:

ژمارە (١)ی لە ئاداری ٢٠٠٥ دەرچووە.

قەوارە:

چوار لاپەڕەی قەوارە (٣٢×٤٥سم).

زمانی نووسین:

بە زمانی کوردی دەرچووە.

تایبەتمەندییەکانی:

گرنگی داوە بە هەندێ بابەتی سیاسی، لە پاڵ ئەوەشدا گەلێ هەواڵ و بابەتی هونەری و شیعر و هەواڵی تایبەت بە زانکۆو وردە بابەتی ڕۆشنبیری گشتیی بڵاوکردۆتەوە.

## چەند تێبینییەکی گشتی لەسەر واقیعی ڕۆژنامەگەری زانکۆی سەلاحەدین:

ویڕای دەستخۆشیمان لە هەموو ئەو بەڕێزانەی خامەی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی چالاکی ڕۆژنامەگەری لەو زانکۆیە نەوەستێت و بەردەوامییەکی هەبێت، بەڵام ئەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی دەرچوونە بە دەست چەندین گرفتەوە دەناڵێنن، چەندین تێبینی هەڵدەگرن، دەتوانین ئەو تێبینییانە لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١- زۆربەی گۆڤار و بڵاوکراوەکان بە کۆششی کەسی قوتابیان دەردەکرێن و، لە لایەن بەشە زانستییەکان بودجەیەکی تایبەتیان بۆ دانەنراوە، بۆیە زۆربەیان بە ژمارەیەک و دووان پەکیان کەوتووەو چی دیکەیان بە دوادا نایێت.

٢- لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زۆرێکی ئەو گۆڤارو بڵاوکراوانە لە ئاستی پێویست نین و بە دەست لاوازییەوە دەناڵێنن.

٣- کاتی دەرچوونی زۆربەیان دیار نییەو لە ناکاو دەکەونە بەردەستی خوێنەران.

٤- زۆرێکیان پارێزگاری لە پسپۆڕی کۆلێژ و بەشە زانستییە تیا دەرچووەکانی خۆیان ناکەن، بەڵکو شتی لاوەکی دوور لە پسپۆڕییەکانی خۆیان بڵاودەکەنەوە.

٥- لە پەرش و بڵاوی ئەو گۆڤار و بڵاوکراوانە وا دەردەکەوێت، کە پلانی سەرکەوتوو لە بەشە زانستییەکان بۆ دەرچوونی ئەو گۆڤارو بڵاوکراوانە نییەو ئەرکی دەرچوونی زۆربەیان کەوتۆتە سەر قوتابیانی بەشەکانەوە.

## چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەک بۆ بەرەوپێشبردنی ڕۆژنامەگەری لە زانکۆی (سەلاحەدین)دا

بۆ ئەوەی بزاڤی ڕۆژنامەگەری بزاڤێکی بەهێزو لە ئاستی پێویستییەکانی سەردەم بێت، ئەو چەند خاڵانەی خوارەوە وەکو پێشنیار دەخەمەڕوو، بەو هیوایەی بە سوودبن و بە هۆیانەوە ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری مامۆستایان و قوتابیانیش بەرزببێتەوە، لە گرنگترینی پێشنیارەکانیش:

١- سەرجەم کۆلێژ و بەشە زانستییە لە یەک نزیکەکان پێویستە گۆڤاری تایبەت بە خۆیان هەبێت و، لە ئاستێکی بەرزی زانستیشەوە نووسینییان تێدا بڵاوبکرێتەوە.

٢- دەبێت هەر گۆڤارەی پارێزگاری لە ناسنامەی تایبەتی خۆی بکات و نابێت هەر لاپەڕە ڕەشبکەنەوە، بەڵکو دەبێت شتی پسپۆڕی تایبەت بە بوارەکانی خۆیان لەخۆ بگرن.

٣- دەرکردنی هەر گۆڤار، یان بڵاوکراوەیەک بە بەرچاوگرتنی پلانێکی سەرکەوتووی ڕێک و پێک بێت و بە پێچەوانەوە بێ بوونی پلان و بەرنامەیەکی گرنگ پەنا بۆ دەرکردنی گۆڤار و بڵاوکراوە نەبرێت.

٤- بودجەی تایبەت بۆ هەر گۆڤارێک لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆ دابین بکرێت، کە ئەمە شتێکی زۆر ناکات، بەڵام گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو بێ بوونی ئەمە ئاسان نییە گۆڤار، یان بڵاوکراوەیەک بە سەرکەوتوویی و بەردەوامی دەربچێت.

٥- مامۆستایان داوالێکراوبن، کە بەشێکی لێکۆڵینەوە زانستییەکانیان لەو گۆڤارانە بڵاوبکەنەوە، ڕێگە بە بەرهەمی قوتابیانیش بدرێت بۆ ئەوەی ئەوانیش پێبگەن و شتی جوان و بە نرخ پێشکەش بکەن.

*** مامۆستا لە بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین**



# دیدارەک دگەل مالمیسانژ

**دیدار: عەبدوڵلا زەنگەنە**

*** هەڤاڵی خۆشەویست کاکە مالمیسانژ، من لەساڵی ١٩٩٨وە لەنێوان نووسینەکانت تو ناس کر، ئەو تشتێ کو تو لەسەر بەدرخانیان و د.عەبدوڵڵا جەودەت و هەندەک تشتێ دی نووسیەو ل گۆڤارو رۆژنامەی وەکو بەربانگ و هەندەک جێیدکە تو تشت بلاو کریە لەبەر ئەوە من حەس کریە تو رێزەکی تایبەتی لەنک من هەبوە، من لەدورەوە زانیە ئەو تشتێ کو تو بلاڤ دکەی هەمی بابەتێ ئۆرژنالە و سەرچاوەو بەلگەنامە هەیە، تو لەلایەنی هێزەوە دەئاخڤی و نووسینی خۆ بلاو دکەی. خۆشحالم لەم دواییە ئەوە دووسێ جارە تو ڤەدگەڕی بۆ کوردستان و من لەنزیکەوە تو زیاتر ناس کر، ئەوسال کە ٢٠٠٦/٤/٢٢ بوو توهاتی بۆ کوردستان بەبۆنەی یادی ١٠٨ ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردی هندەک تشت گۆت، من پێحەسیام کە تو تشتەکی نوو ل سەر رۆژنامەی کوردستان ئو عەبدورەحمان بەدرخان گۆتیە، دیارە ئەو رۆژەی کە تو لە فستڤاڵ ئاخفی هەندەک ژاڤە ژاڤ هەبوو، هەندەک دەنگە دەنگ هەبوو، خوێنەران پێنەحسیان کە تۆ مەعلوماتی خۆت بەڕێک و پێکی بێژێ. یان بلاڤ کەی لەبەر ئەوە پێ خۆشحاڵم دەبم تو جارەک دن لەبۆ گۆڤاری رۆژنامەنووس بئاخڤی و ئەو تشتێ کەتو نەشیای بەدلێ خۆ بێژی ئەتوانی بۆمە بێژی؟**

– بەڵی منیش زۆر سوپاس دکەم، وەک تو بەحس کرد ئەو رۆژە لەو سیمینارە چەند شت ئێمە گۆتن، بەقەنەعاتێ من چەند شتێ کو وێ رۆژی هاتن گوتن من بەحس کر، لەپێشان داخەن ئێمە نەدزانی، نەدەهاتن زانین چەند شتێ ئاسایی بوو کو دڤێ ئەم بزانین وەک بێژن لەدایک بونێ یا سالێ لەدایک بونێ عەبدولڕەحمان بەدرخان و ساڵی وەفات کردنێ، ئو هەروەها چەند تشتێ دیکە، بەوان دەست پێ دەکەم عەبدوڕەحمان بەدرخان سالی ١٨٦٨ لەئستەمبول ژ دیا خۆ بویە، ئەو وەختێ خوێندن ئەم بێژن وەختێ لازمە بخوینە وی دەشینێ ل ئستەمبولێ خوێندنگەهەک هەیە بەناوی گەلەتەسەرای،سولتانی دەگۆتن، دەما عبدالحمید.

*** مەبەستت لەقوتابخانەی گەلەتەسەرای**

دەیخوێند؟

- قوتابخانەی گەلەتەسەرای، ئەوکاتەش ژێرە دەگۆتن گەلەتەسەرای، سولتانی دگۆتن. ئەوە هەرێ بێژن خوێندنگەهەکێ هەرێ باشە و ب فرەنسی دەرس دەخوێندرێ لەو دەرێ، منالێن بەدرخانیان دن ژی لوێ خوێندنە، مەسەلەن من دەزانم (سورەیا، جەلادەت، کامران) و ئەوانەش پاشان لەوێ خوێندنە، وەکی گۆتم زمانێ فەرەنسی بەوی زمانێ دەرس دەخوێندرێ، پشتێ وەختێ ئەم بێژم خوێندنێ ئەو دەمە سولتان عەبدولحەمید بەئیختیدار بوو، ئو پارتیەک دروست بوو بەناوی ئیتحادو تەرەقی. ئیتحادو تەرەقیش مخالەفەتێ سولتان دەکرد، سولتان عەبدولحەمید دەکرد، سولتان عەبدولحەمید بە ئستیبداد، بەتەعدا خۆ تێ ناس کرن، ئەوی لە سەر مخالەفەتێ زۆر تەعدا دەکر، خەلک لەبەر ئەوەی مخالەفەتەکێ بچوک تشتەکی گەلەک بچووک ژبایە دەگرت و سرگون دەکردو دەشاندە جێیێ دور، وەک ترابلس یەمەن و زیندان دەکرن، لەبەر ئەوە گەلەک کەس لە ستامبول بێژم جێگەی تر رەڤیا بوو، گەلەک روناکبیرو خوەنداو ئینسانێ زانا سورگون کربوون، هەندەک جهێ سورگونێ دەرەویا، دەرەویا دچون ژ مسرێ، ژ مسرێ یا دچونە ئەوروپایێ، عەبدولڕەحما بەدرخان د وێ دەمێ پشتێ برایێ خۆ مدحت بەدرخان چو بۆ قاهیرێ، مدحت بەدرخان تێزانین ١٨٩٨ لەقاهیرێ دەست بەدەرخستنا رۆژناما کوردستانێ کردبوو، پشتێ



عەبدولڕەحمان بەدرخان و ئێلێزابێتی هاوسەری لەگەڵ منداڵەکانیان

دەرخستنا (٥) ژمارە نەخۆش دکەڤە و ڤەدگەرە ستەمبولێ، عەبدولڕەحمان بەدرخان یا ژمارە (٦) ل قاهیرێ وێ رۆژنامە ددۆمینە، ل ور ئەو رۆژنامەی بخۆ گەلەک بەحس دکا دژی سولتان تشتان دەنوویسینە، پشتێ دەمەکی کەمەجبور دمینە قاهیرە بجێ دەهێلێت تێ ژنەڤێ ل سویسرایێ، ل ور رۆژناما کوردستانێ ددۆمینە، هەر وێ دەمێ ل ژنەڤێ د عەبدولا جەودەت و ئیسحاق سکوتی ئەوانە، چەند کەسێن دن، بێژن کادرێ ناسراوێن ئیتیحادو تەرەقی هەنە، عەبدولڕەحمان بەدرخان ل گەل وان تێکەلی وی باش بویە، هەر ئەو ژی مەنسوبێ ڤێ پارتیێ بویەڤێ ئیتیحادو تەرەقی بوویە، ئو رۆژنا خۆی ور ددۆمینە، دەما کو وێ رۆژنامێ ددۆمینە تێکەلیە وێ، وەکی من گۆت، بەئیتیحادو تەرەقی

رە هەیە، ل سەر وی رۆژنامێ کوردستانا باشور، رۆژنامەو گۆڤاردا راست هاتم، هەر کەس دەبێژن کو ئەو رۆژناما کوردستان ئۆرگانا ئیتیحادو تەرەقیە، ل سەر وێ مناقەشە هەبوو، قەناعەتا من ئەوە نەیە ئیتیحادو تەرەقیەنە زمان حالێ ئتحادو تەرەقیە، چونکو ئیتحادو تەرەقی ئۆرگانێ وی هەنە، ئێن کە هەنە لەسەر وان هاتیە نووسین، کو ئەوانە زمانێ حاڵی وێ پارتینە، یا وێ شوبا وی پارتینە، وەکو ئەم بێژن ئوسمانی یا مەشروتیەت، یان رۆژناما وان کو هەنە، بەرێ ل سەروان دکارە بینە ئەڤ تشت هاتیە نووسین بس لەسەر کوردستان شت هاتیە، نووسین نەهاتیە نووسین، تشتەک دن کو لازمە ئەز بێژم سورەیا بەدرخان ئەو رۆژناما کو ناڤی کوردستان ل قاهیرەی دەر خستبوو سالێ ١٩١٧، ل ژمارەکێ وی رۆژنامێدا ئەگەر غەرەت لەبیرامن بێ، ژمارە یەکێ دا بەحس دەکا دەبێژە ئەو رۆژنامەیە، رۆژنامەی کوردستان دەبێژە سالی ١٨٩٧دا کوردا کۆمەلەیەک ئاوا کربوو، ئەو رۆژنامە وەکو ئەم بێژم زارێ وێ کۆمەلەی هاتیە دەرخستن، یەعنی هەو زاتەن ژ خۆی ئیتحادو تەرەقی نیە، لێ ئەگەر ئەو تشتێ سورەیا بەدرخان ژ خۆی راست بێن ئۆرگانا جەمعیەتەکا کوردایە، لازمە ئینسان بێژێن کو ئەو جەمعیەتەک کو باس دەکا زێدەوی لەسەر ئاگاداریا من تونەیە تشتەکێ دن ئەز بخۆ راست نەهاتمە، نەتیجەتەن یەعنی ئەز دەخوازم بێژم ناتانم عبدالرحمن بخویا ڤەکریە کو ئەنداما تەرەف دارێ وێ پارتیە ئەندامێ وێ پارتیە چونکی بەشدارییێ کۆنگرا وێ وان بویە سالا ١٩٠٢ بەشدارییی کۆنگراوان بویە، د کونگرێ دا ژی ئەو ژی مهمە بەقەناعەتا من دوو باسک هەبوون د کۆنگرا پاریسێ کۆنگرا پاریسایایە، وی دەمێ دوو باسک ل ناڤ ئەڤێ دا هەنە، وێ تەڤگەرێ دا هەنە باسکەک ژ کو بێژە ئێکو عەدەمێ مەرکەزی دخواست، یەعنی ئۆتۆنۆمی دخواست، مەرکەزیەتا ئەو برا هەی تشتێ ئیدارە نەکا ئیمپراتۆریەتێ ل عەدەمێ مەرکەزیەتایا لەهەر ئۆتۆنۆمی مەنتیقە جهێ جهێ باخۆ ئیدارە بکەن، عەبدولڕەحمان بەدرخان لەگەڵ وێ فکرێ بوو، ئەو فکرا سەرکێشیا وێ پرەنس سەلاحەدین دەکرد، عەدەمێ مەرکەزیەت، ئەو باسکێن دن ژی پاش ئەوانەبوون بێژن بەشێ ئیتیحادو تەرەقی کو هاتن ئیختدارێ ١٩٠٨دا و هێدی هێدی بەرە بەرە ئەم بێژن بەشێ شۆڤین؟ رەگەزپەرست هەتا تورانیست و باسکن دن ژ وان دەرکەت، بەتایبەت ئێکو مەسئولێ میللەتێن بندەست بوون، وەک بێژنێ ئەرمەنیا دلەگێ ئەرمەنیا ئێ کوردا بەشەک عەرەبە ئێ میللەتێن دنە، بێژم ئەوانە تەرەف دارێ ئەوێ بوون گروپا مەزناوان تەرەفدارێ عەدەمێ مەرکەزیەت بوون، چونکە عەدەمێ مەرکەزیەت هەر ئەم بێژم وولاتێ بن دەستا عوسمانیا وی ئیدارا خۆ بخۆ بکرانە، ئیدارا محەلی خێبانا وەک تشتەک ئۆتۆنۆمی یان خودمختاریا ئەم بێژن، دەخوازم بێژم وێ دەمێ هن کەس چونکی ئیتحاد تەرەقی ئەو دەکەن وە تەڤلهەڤ دەما وی یا داوی دەما بەری تەڤلهەڤ دەکەن ئیتحاد تەرەقی پاشی وەکو من گۆتبو شۆڤان بوو،رەگەز پەرست بوو، تورانیست بووە، دوژمناتیا گەلێ بن دەست دکرو ئینکار کر فلان لێ دەما کو ئەم بەحس دکەین نە وسابوو مخالەفەتا وێ ١٩٠٨ ئەساس تا ١٩٠٢ هیند مخالەفەت تێدا گەش بوو گرووپی جیها جیها، میللەتێن جهێ جهێ هەبوون، وەهەر میللەتێ هەقێ خۆ دەپاراست لەناو وێ پارتییێدا بێژین ئەرمەنیا، کوردا لی یەعنی ئەو دەما مخالەفەتێ بوو، وێ جاغێ یێ کو مەنسوبێ ئیتیحادو تەرەقی بوون مرۆ دەتارم بێژە یەعنی پێشڤەرۆ بوون، شۆڕشگەر بوون، کەسێ دیموکرات بوون، کەسێ ئازادیخاز بوون، ئازادی دەخاستن نایەوێم یەعنی ئەو کەسێ وی دەمێ هەتا داوی ئیتیحاد تەرەقی ئەم بێژم فکرا وی خراپێن یێن داوی پاراستن ئەویش بەرجڤیا دوی چونها گەس ئەز دخوینن بێژم مەسەلەن سەید عەبدولقادر مەرەفی ئیتحاد و تەراقیە مەسەلن، لێ راستە سەید میسال بۆ میسالێ ئەز دەبێژم یا عەبدولڵلا جەودەت ئیتحاد تەرەقیە راستە لەئیتحاد تەرەقی دەورێن وێ هەنە یا دەورا پێشروەر و دژی سوڵتان ئیختدارێ، دژی ئیستیبدادێ هەتا وێ دەمێ یەعنی کۆنگرا ١٩٠٢ مخالەفەتا ئولی پشتێ وی کوردو هێدی هێدی دژی دور کەتنە کە دەستێ ئێک و زێدەتر ئەم بێژم تورکبون و لەسەر نەتەوا تورک ئەوی ئەمن ژ گۆ چگۆتیە، عبدالرحمان بەدرخان مەنسوبێ وی پارتێ بوو، کار کریە، لێ رۆژناما وێ، رۆژناما وان نەبوو، تەئسریا وان لە سەر هەبوو، راستە، هەتا دەرەجەیەک، فکرا وان دەپاراستن راستە، هەتا مرۆ دکارە بێژە کۆنترۆلا

بێـژن ئەو بەشـێ جەنەڤێ یا ئیتیحـادو تەرەقی کۆنترۆلا وا بە ئاواکی نەراسـتە، نەراسـتەوخۆ بەلام تەئسـیرا وان لەسەر کۆنترۆلا وان لەسەر بە بچوکـی یارمەتیـش دەدانـێ، وان یارمەتین دەدان، چونکـە رۆژناما وی لەچاپخانا وان چاپ دەبـوو ئاریکاریا وی دەکر، چونکە هەڤالێ ئەڤ بوو لێ ئەوی تشـتێ فەترێ خۆ دەگوتن تشـتێ پر جانا پالکێش دەگۆتن چشـتێ سـەر دەگۆتن ئەم بێژم چشتێ، تشتێ نۆرمەل ئیتیحادو تەرەقی نابێژە دگۆتن یەعنی مەسەلە ئەز تەنێ، نمونەکێ ئـەز دکارم ئەوە بکـەم بەحس بکەم وەکو گوت ئەنگۆ پشـتێ کو ئیتیحاد تەرەقی نۆرمال نابێژن ئەوی دگۆتن یەعنی مەسەلە جیکێدا ئەڤ رۆژناما کوردستانێ ئێسـتا تەنێ تەنێ پەرەگرافەک ژی دەخوینـم، مەسـەلەن ژمارە بیسـت و حەفتایە مەسەلە دبێژی: گەلێ کوردنو هون دەزانن کو چ قاسـی میللەت هەنە هەمی لەقەنجیا خو دخەبتن وێ ئـەڤ گەلە خـراپ کو کوردا هـەر خزمەتا بیانیا کریە ئەڤە هەوقاسـی سارا خزمەتا تورکا دکـەن وە چ قەنجـی دیت، وی مقـاولا هەوقاس زولما حکومەتێ وەک وە نیشانەک ئان روبێکتان ون وەغدوریـە اخـو ژ بیـر دەکـەن ریـا ڤـی حکومەتێدە هەندە کو شەرێ دهاتە کوشتن لاکن هەتـا نهۆ تو جاران یەک مرۆڤەک کورد وەتەنێ خۆیە غیرەت سـەرف نەکر، تو غیرەت سـەرف نەکر، وەکی کو ئەم لەسـەر خزمەتا بیانی خەلق بوینـە، تو دەبێژە بۆ بیانیـا خەلق بوینە خزمەتا وان خەلق بوینە، جا بێژم دەبێ بەرێ ٥٠٠ سالە چ تورکـەک لەوولاتێ مـە دە نەبی، ئەڤ تورک هەمی لەتـوران هاتنە ژ وولاتێ مە، ل ولاتێ مە دا حاکمـی لەمـە دکـەن، پادشـاهیێ وا یەعنـی نابێژێ پادشـاهێ مە، پادیشاهێ وان کو هەموو خوێنرێـژو مسـتەبیدن، عنوانـێ خەلیفـە ل خو داهانین و بەبێ عەد چ قاسێ نەوعێ زولمێ ئەو، وەلحاسـل یەعنـی مەسـەلە لەئیتحـاد تەرەقی نابێـژە، ئـەز دخـوازم بێـژم وەک نەتیجـە ئەو مەنسـوبێ ئیتیحـادو تەرەقـی رۆژنامـێ وی نەوسـایە یا تەئسیریا وان لسەر هەیە. کۆنترۆلا وان لەسـەر هەیـە، یارمەتی دایە، ئـەو رۆژناما گاڤا کو تەنگاسـی دەردکەڤن ژێرە، ئالیکادا ژی ئەز بێژم هەم گاڤا لەمیسرێنە هەم گاڤا لەژەنەڤێنە حکومەت هەر بۆ وان بۆ وان رە مژول دبە، ئەم بێژم دخوازا وان ڤەگەرینە، دخوازا ور تەئسـیرا وان کێـم بکا، حکومەتێ سویسـرێ ڤە؟؟؟ وان تاقیـب دەکـرد خەفیـا وان ور هەنـە، جار پەرە تەکلیف دکەن، رشـوە تەکلیف دکەن، مخالەفەتا خۆ سسـت بکەن رۆژناما خۆ بێنە سەکناندن، یا رەحەت نەهێشـتنە، مەسـەلە جیکیدا ئەز راست هاتم چشـتەکی بالکێشـە یەکی ئـەوی من بێژم مەسـئولێ پەرەتورێ ئۆسمانی یەکی مەئمورێ وان ل ور ژ ژنەڤێ، ژ ئسـتەموبلی ڤەرە نامەکی دشـینە خەبـەرەک دشـینە دبێـژێ د.عبداللـە جـەودەت و عەبدولرەحمان بەدرخان ڤا رۆژێدا خەریکن چاپخانەیەک سەیار بکرن، چاپخانەیەکی سەیار بکرن داکو تشتا چاپ بکەن، یەعنی ئەوانە وێ چـاوی حـەول دایـە تەشـەبس کریـە کو چاپخانەیـەک سـەیار چاپخانەیـەک بچـووک جێنـاوی بگـورن بکرن کو چشـتا چـاپ بکەن، ئـەوی بیتێ خەبەرێ ئەو موخبیرە چونکە اخبار دکا وی هەر تشتەکی دن سەبارەت بەعبدالرحمن بەدرخـان گیـرا دی دەبێ بێتە گۆتـن دەما ئەو لەسویسـرای بـوو کچکەک سویسـرایێ هەڤدو نـاس دکـەن کچکـەک بەنـاوێ ئیلیزابـەت کو سویسرایێ مەسئول مالباتەک ئەرستۆقرات بویە هەڤدو ناس دکن ئاشـقێ ئیلیزابت حەز دەکەن و دخوازن بەهەڤـرە بزەوجن ل دڤ ئەڤ زەواجا واندا ژ بەلکو ئەو دەمێ جنسـیا عەبدولرەحمان بەدرخانێ عوسمانیایە، ئەو بەخۆ قاچاغا دبێژن، بەلگەیە وی ناسـنامە رەسـمی وی نـاس ناکن نەوەکـو داکو ماربـبـرن و بزەوجـن، ژ بەر کو کچک مەنسوبێ مالباتەکا مەزنە، عەبدورەحمان بەدرخـان ژی هەروەها ئەو تشـت رۆژنامەڤان دەبێژن و نووسـەر وا گەلەک جارا، دەها جاران، یەعنـی لەسـەر وی مەسـەلا وان نووسـاندیە گەیشـتە پرەنسـەکی کـورد کـو ژ سـولتان عەبدولحەمیـد رەڤیایە هاتیـە جەنەڤێ کچا فلان مالباتا دخوازا بزەوجن لەنەتیجە بەلەدیەک ئەوێ جەنەڤێ ئیـزن دەدات وان، دزەوجن، ئەڤ بەلگا زەواجـا وان هەیـە بال من، ئەقـدە مارێ ژ ور مەسەلەن تاریخا ژ دایک بونا خۆی عەبدورەحمان بەدرخانـم هەیە خانما وی ل ور هەیە، هەروەها ئـەم ژ وێ فێم دکـم کو دەما مـارا وان دەبرن دەمـا زەواجـا وان، عەبـدولا جـەودەت یـەک لەشـاهدێ ماربرینێ عەقدێ زەواجێدا، عەبدولا جەودەت یەکی ژ وانە، ئیدی سویسرەینە، یەعنی ڤی نیشـان دەدا نابەینێ وان پر باش بویە تێکلیا وان پـر خـۆش بوونـە، بەهەڤـرە بوونـە بێژم عەبـدولا جـەودەت و عەبدورەحمـان بەدرخان



هەتا عەبدولا جەودەت شعرەکی هەبوو بەفارسی نووسـاندبوو و ل ور نوویساندیە دبێژە من ئەم شـعر ل (لەکلەمـان) ئـەو گۆلەکـە نەدەریا ئەو دەبێـژە لەکلەمـان ئـەوەوی لەسـەر شـعرێ نووساندنێ دەوێ من ساحلێ لەکلەمانی نووسیە، سەرنووسا وی دەبێژێ عەبدولڕەحمان بەدرخان بەدرە، فارسی نوساندیە، تەنیا بەیتەک دوو بەیتا دی بخوینم، ژ دەبێژێ

**پـڕ جوش و قەهـرێ زەمانێ ز ئـسـرابێ مە**
**بشـە زهونی شاهێ سـتەم گەر شەرابێ مە**

یەعنـی دەبێـژە شـەرابێ مـە ژخوینـا شـاهێ سـتەمگەر مەیە قەسـرێ وی شـاهێ زولم کار یەعنی شـەرابێ مە نـەزرا خوینـاوی بە دبێژە یەعنی کتابێ مە دەبێژێ کتابێ مە سەراپا هەموو ژیانامە بەلایە، یەعنی دبێژم تێکەلیا واباش بوویە ژ بۆیە وی شعر نووساندیە.

*** باشـە ئەو شـعرە بەبۆنـەی زەواجێ وی نووسراوە؟**

– نـەء نەء ئـەو عەلەقەی بەزەواجـێ نیە، ئەوە دەبێژم دەما زەواجێ دا شاهێدێ وی بوویە.

*** ئەو بەلگەنامەی زەواج لەنک تە هەیە؟**

– هەیـە بەلێ دوی بەلگەنامـێ دا نۆرمال وەک رەسمی چاوا ئەو کرنەو بەفەرنسیە، تشتێ کو ئەم بێژم عەلاقەدار دکە یا ئەم بێژم سویسرەینە.

*** ئەو بەڵگەنامەیەت بلاڤکریە؟**

– نەء من نەکریە.

*** بڵاوناکەیەوە؟**

– وەلاهی مومکنە بکەمە، بەلام شـتێ کو زێدەتر نەعەلاقەدار دکە.

*** وێنەکەی بڵاوبکەینەوە خۆشترە؟**

– وەلا ئێسـتا راسـت بێـژم، لای مـن لەنک من نییە.

*** بەئیمیلێ دواتر بۆ من بشینە!**

– بنێریـن کا چۆن دەبـێ، یەعنی دەخوازم بێژم لەوێدا ئەو شاهیدیا عبدالله جودت هەیەو تاریخا بوینا وی هەیە ئەوێ رەسمی.

*** باشـە ئەم ئەگەر جارەکـی دی بگەرینەوە پشـت، لە ژمارە یەکی کوردسـتان، ئەوەی دبێژنێ خولی سـێیەم، ئاماژەیەک دەکا بۆ کوردستان دەوری دووەم ئەوە چەوایە؟ بەرەئی تو ئەو ژمارە دەرچوە؟ یا دەرنەکەتیە؟**

– ئەو قەناعەتا من، ئەوە مەسـەلە قەناعەت نیە، ئـەو ژ خـوە ئەگـەر دەرنەکەتیە چـاوا دەبێژت خولێ سێیەمێ یە.

*** چونکـە من جـارەک لە د.کمـال فوئادم بیست، گوایە لەژمارە یەک نووسراوە دبێژی لەمەتبەعەو ویستیتان دەربکەن شورتە هاتیە ئەو ژمارەی گرتیە؟**

– من ئەوە نەبیستیە لێ ئەو هەر یەکەم ژمارە ئەز جییەکی راست هاتم کو لە جیکی هەیە ئەم بێژم.

*** خۆت نەتدیتیە؟**

– نەء من ژمارەم نەدیتیە نەء نەء.

*** بەلگەنامە هەیە دەبێژی؟**

– من ژ جییەکی خوەند دەلێ ئەو ژمارە لەفلان دەرێ هەیە دەلێ، بەلام من بەخۆ هەلبەت نەدیتیە، ئەزی دەخوازم بێژم زەواجا وان سالا ١٩٠٤ بوو، پشتی سالەکی ئەو ڤە دەگەرینە ستەمبولێ، تەڤی ژنا خۆ، پاشا وان عەفو دەکاو وەدەگەرێنە ستەمبولێ ناوا ژنا وی دیسا بێژم بەتەمامی، ئیلیزابەت ژەن ڤان میودەن، ئەو (ڤان) تایتلی ئەرستوقراتا یە، بابێ وی مهندس بویەو باپیرا وی ژێ، رەسامەکی ناودار بویە، یەعنی مالباتەکی گەلەک ناسراو بوویە، پشتی ڤەگەری ١٩٠٥ دا ڤەگەریا، ل پشتی سالێکی لەئەستەمبولێ دەمێنێن، پشتی سالەکی رەزوان پاشا، سەرۆکی شارەداریا بەلەدیا بەشەک لەستەمبولێ تێ کوشتن، کوشتنا ئەم بێژن بەدەستێ کوردا تێ کوشتن، بەرێ کو بێ کوشتن نابەینا وی و علی شامل و عەبدولرەزاق بەدرخاندا عەلی شامل بەگدا پلورەر چێ بوینە گەڤ لێ هاتە خواردنێ، نابەیناوی نەخۆش بویە، ئەو وەسا تێ فێم کردن.

ئەو کەس پشتی کو تێ کوشتن، هەموو بەدرخانیان، مێر بێ ئستیسناء مێرێ وان تێ گرتن، حەتا کامران بەدرخان بەخۆ بەحس دەکا دەبێژە ئەمن بەخویندگەیا بووم گەلەتەسەراییێ، ئەزو جەلادەت سوریاو هاتنە مەکتەبێ خوێندگەهێ گرت، یەعنی زارۆکو مەزن هەموویا دەگرن دەشێنە سورگنێ ژنێ وان هەموو بێژن ل کۆنترۆلێ دا دەمێنن حەتا لەسەر وان چیرۆک هەنە یەعنی کەسێن کو هەوالەتیا ژ بەدرخانان هەبویە دۆستێ وان بو، گەلەک سورگم کرینەو فلان کەس سلاو هەیە ژ هەڤالێ وانە فلان نەشەرەتە کو ئەڤ بێژم ژ بەدرخانیا بێژی بەئاوایەکی فرە گەلەک کەس ژ وان سورگون دەکەن، وێ دەمێ عەبدولرەحمان و مدحت و عبدالرەزاق، علی شامل، خلیل ئەوانەش، خەلیل رامی ل ور زیندانێ دادەمێنن بەتایبەتی عبدالرزاق و علی شامل گەلەک خراپ دەبینن ل زیندانێ زەحمەتیا دەبینین تاکو ١٩٠٨ مەشروتیەت ئیعلان دبە دیسان علی شامل عبدالرەزاق عەفو نابن ئەو دەمینن ڤەدگەرنە ستەمبولێ، مەسەلەن رۆژنامەی فرانس دەبێژە ٥ێ دیسامبرێ مەها ١٢ی ١٩٠٨ (حەسەن بەدرخان، خەلیل رامی، مەدحەت بەدرخان، عەبدورەحمان بەدرخان، سعید و جمیل) ئەو ٦ کەس هاتنە ئەم دەبێژم مەها داویا ١٩٠٨دا دینە بەردان، ڤەدگەرینە ستەمبولێ سالی ١٩١٠ یەک ژ لە دامەزرێنەری کورد نەشری مەعارف جەمعیەتی، عەبدولرەحمان بەدرخان هەر ل وێ دەمێدا کورد لەستەمبۆلێ دڤستانەکی ڤەدکەن، وێ دڤستانێدا ئەم دبێژم، عبدالرحمن بەدرخان یەک لەوان کەسان بویە پشتگری وی دڤستانێ کریە ٣٠ لیرە، یەعنی ٣٠ لیرەی وێ دەمێ بەخش کرینە، هەتا چافکانی دەبێژن لەوێ خوێندنگەهێ یا لەوێ دبستانێ دا مدیر بوویە، پشتێ وی پشتی کود دەما ئەوێدا، تشتی کو ئەز دزانم دەما شەرێ یەکەمێ جیهانیدا متەسەرفە، متەسەرفێ (بیوکا)دا، عەبا یەعنی گراف، بیکا یەعنی مەزن، گرفا مەزن ل ستەمبولێ بیکادا، جییەکی پر خۆشەل(بسفۆر)ێ، ل ور ئەو متەسەرفە، د دەما شەردا حکومەت تەعلیماتنامەیەک دەردخا دبێژی هەسپا کۆم بکەن بۆ شەڕ، عەبدورەحمان بەدرخان وەک متەسەرف هەسا کۆم کردن، یەکی بەناوی نەجمەدین مەلا هەیە دناو دەولەتێدا، هەسی ویش کۆم دکا ژ بەر وی ئەو گلی کریە، وی دشین بەباشی ئیدارە کردوە وەختێ یونان هاتنە، پشتی ڤە دەگەرێ ستەمبولێ تشتی کو، (ئایدن)ێ، (ئایدن) باژارەکێ. مەبەستت عەبدورەحمان بەدرخان دشێن (ئایدن)ێ وەک متەسەرفی (ئایدن)ی، باژارێ (ئایدن) دکەوە رۆژئاوای ترکیێ، هەتاکو یونانی وێ مەنتیقەی ئیشغال دکن، پشتێ کۆ یونانی ڤێ مەنتیقەیێ ئیشغال کرن ڤەدگەرە ستەمبۆلێ دیسا ئەز دەزانم لە سالا ١٩٢٠دا مالباتا بەدرخانی کۆمەڵەیەک ئاوا دکەن کتێبەک من نوساندم باسێ ئەو کۆمەڵەیەم کردبوو ئەڤ کۆمەڵە لە ١٩٢٠ کۆمەڵەیەکی بالکێشا وەک کۆمەلە مالباتا بەدرخانیان دروست دبەو بەرێک و پێکی جڤینا خۆ دمینە مەسئول مالباتێ دوو کەسێن گرنگ لەو جڤینا بەشداربن یەک ژ وان عەبدورەحمان بەدرخانە، خسوسیەتی وی کۆمەلێ تەنێ مالباتی نینە ئەو ژ بپرسم بۆ ئاواکرنا بۆ دامەزرانا کوردستانەکێ یە، دڤی تشتیدا، لازمە کو مەرف ئیزاحات بدە داخوازا ژ بەرپرسا مەزنێن بەدرخانیان بۆ نموونە ئەمین عەلی بەدرخان وانە دگۆتن رازەکێ

ئینگلیزیا بکەن ژ بەلکو بتەنێ عوسمانی شکستێ خواربوون ئەز کو باس دکەم ئینگلیزا ئستەمبول داگیرکربوو، ئیختدارا تورکان نەمابوو، وانە ولاتێ وانە جیێ وانەیە، وانە بەڤێ ئەو دگۆتن، ئەڤ دەربەدەرێ بەرێ وولاتێ مەیە کارکری مەیە ژ ما هاتیە ستاندن ئەم ژڤیە کاش ژتە دەخازم، دخواستن یعنی بدن وان قبول کرن کو جزیرا بۆتان و وی مەنتیقێ ژ بەر کو د سەورێ دەژی ژ پەیمانا سەورێ دەژی هاتبو قبول کرن کو کوردستانەکا بچوک سنورێ وی هاتبو تەسبیت کرن و گوتبون پشتی سالەکێ ئەگەر خەلقێ وێ مەنتیقێ مراجەعەتێ (عصبە الامم) مراجەعەتا وێ بکەن کو حەقێ سەربخۆ بونا خۆ بکەن و جەمعیەتا ئەگەر قەرار بدا عوسمانیا حەقێ وین نیا هەمبەر دەربکەون ئەو دەبێ قبول بکەن، حەتا گوتبوون ئەو مەنتەقە بێژم موسلێ کو کوردستانا باشورێ ئەکا دبێژن نە مەنتیقە موسلێ غەلەتە موسلێ دگوتن کو کوردستانا باشور بەشەکی گرنگ کڤە ناوێ ئەگەر ئەو ژی بخوازن ئەو دکارن وێ بین یا دبن سەرپەرستیا واندا ئاوا دە ئاوابن ئەو ژ بۆ وی حەول دەدان نویس دەنوساندن ژ فەرانسادا، بەتایبەتی وان نووسین کو دخواستن لفرانسا بنوسین چەندا جارا مەسەلەن وا جڤینادا هەیە دگوت عەبدورەحمان بەگ و جەلادەت وانە وەرگەرینن بگەنە فەرەنسی، ژبەر فرانسیا وان یەعنی پشتی وێ مەسەلێ، پشتی سالێ ١٩٢٠ی زێدەتر عەبدورەحمان بەدرخان ئاگاداریا مە تونە، دەنگی وی دەرنایە، چونکە ئەو کەسێ مەرەڤێ وانە بکوردایەتیا مژول دەبوون وەک جەلادەت و کامەران و بابێ وان ئەمین عالی و خەلیل رامی ئەوانە حەتا ئەوانە مەجبور دبن ژ ترکیا دردکەون دچن ئەوروپایێ، پاشان مسرێ، پاشان لبنانێ وان دەرا سوریایێ، ئەو ل ورە دمینە دەبینن.

یەعنی دەنگێ وان هاتیە برین، تەریرۆزە بونە، نەوێرە دەنگێ خۆ بکەن، چونکی کەمالیست هاتنە سەر ئیختدارێ و کوردیتی قەدەغەکرینەو کو کوردیتی بوە تشتەکی تەهلوکە دەنگ ژڤانە دەرنایێ، ئەو لۆما خەبەر ژوا زێدە تونە، بەوێ ناوێدا ئەم ئاگادارین کو من استاند ژ مرۆوێ وان دگۆتن دەمەکێ رەوشا وان نەباش بویە فەقیر یەعنی مالباتەک دەولەمەندە، مالباتا میرایە، لێ دمەکێ فەقیر کەتنە، مەسەلە ئەوسا بویە کو زەحمەتی کشاندنە تشتێ خۆ تشتێ مالا خۆ فرۆتنە، خێزانێ وی، خانما وی ئەلیزابێت وێ دەمێ مەجبور مایە ئەویش کار بکا، لەئەوێ دەستایا ل ئەستەمبولێ کولیژی ئەمریکایی هەیە ل ور، لەوێ کۆلێژێدا دەرسێ فرانسێ و دەرسێ میوزیکی دایە، هەتا سالا ١٩٤٦ دوی ناوێدا عەبدورەحمان بەدرخان وەفات کریە سالا ١٩٣٦ وەفات کریە.

*** رۆژی وەفات کردنەکە دیارنیە؟**

– رۆژەکە من بەخۆم نازانم، من ژ نەوەیەکی وی پرس کر جارەکێ، مەسەلەن کو من گوتم پشتی کو وان مەروێ وان، براوی، برازاوی درەکەتن، ل ئستامبولێ دەرکەتن، ژ ترکیا دەرکەتن گەلۆ تێکەلیا وان نەما یەعنی برایێ خورە یێ کو دەروابون و برازێ خۆ رە ژ هەورا خەبەر نەدشاندن تێکەلیا وان نەما، زێدە تێکەلیا وا نەما یا ئەگەر هەشبا نەدەزانی، لێ نمونە دگوت مەسەلەن کچەکە عەبدورەحمان بەدرخان بناوێ مەوەدەت جارەکێ چو بو پاریسێ ژ ئەویرا تەلەفۆن کربوو، ژ کامەران بەدرخان را خواستیە ببینە، دبێ کامران ژێ رە دەنگ گوتییە ڤێ گاڤێ ئەز ژ ئالیێ ئیستخباراتێ را تێم تاقیب کرن، لوما توبێی بال من ژ بەلکو بۆتە نەباش بە، تەشقیب بکەن لۆمە بەتەلەفۆنێ قسە کرنەو نەچویە باوێ. دیسان ئەز ژ بیر نەکەم ئەو مەوەدەتە من بەحس کرن ئەو کچە تەلەفۆنێ وی کریە، کورێ وی ئەمرەک گونەسای، دەمەک بەرێ چەند سال بەرێ ل دەمێ سەرۆک وەزیرێ تورکیای تانسوچیلەری دا، ئەو وەزیری دەرەوەی تورکیا بوە، ئەو ب خوە پرۆفیسۆرە، لێ چ حەیف کو زێدە ئەم بێژن کو عەلاقە بەکوردیتێ نەمایە، یەعنی گیانا ژ لەتورکیا زێدەتر بویە. تێزێن تورکا دەپارێزە. تشتەک دن کو وەک ئاگاداری ئەز دکارم بێژم من نامیلکەیەک عەبدورەحمان بەدرخان کەت دەستێ من، کو دیسا ئەز لازمە بێژم ئەو نامیلکەیە خورتەکی ژ کوردستان باکورێ بەناڤێ سەردار، سەردار بوچار وی دایە من ئەز سوپاسدارێ ویمە، هەم ژێ ئەو وی خورتێ ئەز دەبێ بباشی بەبیر بینم کو وێ ئەڤ بەلگە دایە من، ئەڤ بەناوێ کوردستان، نا قیامێ کوردستان، یەعنی راپەرینێ کوردستان، بەوی ناوییە ئەم بەلگە، دوێدا زێدەتر بەحسا وی تێکرن وەزعا کوردستان ئاوێ دەمێ، ئەوا ژ بیرنەکی کو لەسالا ١٩٠٠ چاپ بویە، جیێ چاپێ نەهاتیە نووسین، لێ سال هاتیە نوسین،

ئو زێدەتر لەسەر ئەوێ قسەکر، لەسەر ل وێ دەمێ تێکەلیا کوردا تورکا ئەرمەنیا خراپ ببو، ئەرمەنی دهاتن کوشتن، ناڤ وان و کوردا شەڕ دەرکەتن دەر دکەتن، عەبدورەحمان بەدرخان هەر گازێ کوردا دکە، ژ ئەرمەنیا نەکوژن، مەنفەعەتا کوردا دڤیادا تونیە. ئو سولتان و مەرەڤێت وی، یەعنی پادشاو مەئمورێ دەولەتێ، والی و قورماندانێ دەولەتی وە تەحریک دکەن و تشویق دکەن داکو ناهەقی ب ئەرمەنیا بکەن و وان بکوژن، کوردا و ئەرمەنیا بەرا هەول دەدەن دبێ هون ڤی تشتی دقەت بکەن هو وسا نەکەن یەعنی گۆر وێ دەمێ تشتێن پڕ ئەم بێژن باش گوتنە هەر کوردەو هشیار کرنە ڤی تشتی نەکەن، ئەو گاڤێ من بەرێ بەحس کر و گو سالا ١٨٩٧ دا کۆمەلەیەکی ئاوا کرنە ئەو یا کوردستان ئاکو لقاهیرەی سالا ١٩١٧ دەرکەتیە ژمارە یەکا دیارە تێ گوتن کو ل وردە دبێژە کو بەتورکی هاتیە نووسین دبێژی کو دبێ کو کوردێن بەگزادەی کوردا یێن کوژ ریفۆرمێن عەبدولحەمید هیڤیا وان هاتبوە برین، یەعنی هیڤا وان نەمابوو، کو ئێ دی عەبدولحەمید ریفۆرما بکا، بۆنا کو کوردا ژ دەستێ زولما عەبدولحەمید یا ژی عوسمانیان، ئەو دەبێژێ عوسمانیا خەلاس بکەن، د سالا ١٨٩٧ دا جەمعیەتەک، یەعنی کۆمەلەیەک ئاواکربوون، یەعنی لەتەرەتورا عوسمانیان جەمعیەت وی دەمێ یەعنی کۆمەلێدا کۆمەلەیەک ئاوا کربوون، ئو دبێژە رۆژنامە کوردستانێ کو مەدحەت بەدرخان سالا ١٨٩٨ ل قاهیرەی دەردەخست عەینن وا دەبێژێ، دەبێژێ وەک نسبێ ئۆرگانا وێ جەمعیەتێ، وێ کۆمەلێ دەرکەت، ئەوە تشتەکێ بالکێشە، دیسان د وێ رۆژنامێدا ئەو کو سورەیا بەدرخان دەخستبوو دەرهەقێ دڤستانا کوردی دەژی ئاگاداریا باش هەنە داڤا دفستانێ کو سالا ١٩١٠ ل ستەمبولێ کوردا دڤستانێ کردبوون دبێژی بوک و زاروکا کوردا ژ علم و فەن ئستفادە بکەن، زمانێ عوسمانی وەرگرە بەعەرەبی دبێژە (کوردستان ژ ئەنوارێ علوم دوفنون مستەفیز ببە) یەعنی ژ ڤێ ئیستیفادە بکە، ل سالا ١٣٢٥ تاریخا ئیرۆ دکا ١٩١٠ دا ل ئستمبولێ کورد نەشری مەعاریف دوی ئاوا کربوون، مێزی توربەیا سولتان مەحمود ل ئستامبولێ مەکتەبەکی نمونە ئاوا کربوو، ناڤێ مەکتەبێ دبێژی (کورد نمونە مەکتەبی ئیبتیدائیسی) یەعنی ئیبتیدائی، ئینجا ئەڤ دبێژە



لوحاوێ هەبویە دبێژێ، ژ بەلکو لەوحا کوردو مەکتەبا ئیبتیدائی و کورد نەشری مەعریف جەمعیەتی ژ بەرکو لە لەوحا وان دا گۆتنە کورد هەبوو، ئێتیجاد تەرەقی ژ وانە دەترسە ژ وێ گۆتنێ کەلما کوردی دەترسیە ئو دەبێ بە ئیفتراقتیچتی کورد تاوانبارکرن، ئیفتراقچی تو دزانی هە، ئەوانە دەخوازن جهێ ببن ب وێ تومەتێ کورد ئیتهام کرن لەگەڵ کو تشتەک کو وسا تونە بو ل بەر کو ل ناوێ واندا.

(هەتا ئێرە دیوی یەکەمی شریتەکەیە، بەداخەوە لەدیوی دووەم پچرانێک هەیە، ئەوەی بەبیرم مابێ مالمیسانژ جارێکی دیکە هاتبووەوە سەر باسی کارەساتی بەدرخانەکانەوە بردنەوەی ئیلیزابەت لەلایەن باوکییەوەو ئاستەنگەکانی پۆلیسی ئەستەمبوڵ و پاشان هەوڵ و تەقەلای سەفارەتی فەرەنسی بۆ دەرچوونی لەئەستەمبوڵ)

دیسان تشتەکی دن ژی من بەحس کر، من گو ئەو دەما سالا ١٩٢٠ دا کۆمەلەک وان هەبوو، وان ژ بۆ کوردستانەک ئاوا ببا دبن ئەمرێ دبن ئەم بێژن سەرەکیا واندا، خەباتەک وان هەبوو، عەبدورەحمان بەدرخان د وێ دەمێدا جارێکی دچە ئەوێ بیروتێ تاکو ب فرەنسیارە تیکلی دەینە ئەو د هن چافکانیادا کو بەحسا وی تشتی دکن، ئێ بریتانی، ئینگلیزی هن ژ وان دبێژن نیسانی ٢١ دا دبێژن نیسانا، یا دەبێژن سەباتا ١٩٢٠ دا تاریخ فەرق هەیە ئیحتماله مەزن یانژی

دووجـار هەنە لر هەركە چوە بەيروتێ ل سـەر ناوێ فرانسيارا تێكرى، ئاڤە بێژى تور، ئەليبزات خانم ١٩٦٣دا لستەمولى مرديە، هەر لەئستەمبولى مايـە يەعنى پشـتى كو عەبدولرەحمـان وەفات كريە هەر لستەمبولى مايە دەرنەكەتيە نەچوويە سويسرايێ.

*** پرسـيارەک دێ مێشـكا من ل سەر ئەوەی سالێ ١٨٦٨، باشـە بابێ وی لەشام بووە، چەوا ئەو لەئەستەمبول لەدايک بووە. باشە لەخيلالى ئەوەی عەبدورەحمان شـتەكى دكە لەسەر مقداد مدحت دەرنەكەتيە؟**

– نەء ئەز نزانم ئەء ئەز ژى نەزانم، ئەو شتێ كو من بەرهەڤ كر هەمووی لسر عەبدورەحمانيە.

*** باشە ئەتو لەئەوەی يەک لەنووسينەكانى خۆت، يا با بڵێين لەبەدرخانى جزيرە بۆتان باس دەكەی عەلائەساس ئەو نووسين لەژمارە دووی رۆژی كـورد بلاوبويتـەوە هـی مقداد مدحتە، بەئيمـزای مقداد مدحت بلاوبوەتەوە يەعنى چەوا ئەوە دەسەلمێنى؟**

– ئەوا تەمامەن من سـەدا سـەد نەگۆتيە، من ژ ور گوتيە دەتوانێ ئەو بى يەعنى.

*** بەڵام ئەو شێوازی نووسين جيايە؟**

– نـا مـن باوەڕ ناكـەم زيدەجيابێ چونكە ئەو شتەی كو لەكوردستان لەسەر حكومەت و شت تێ گۆتن ئەو دەتوانێ، بەڵام من نابێژم حەتمەن ئەوەيە ئـەو دەتوانێ ئەو بێ دەتوانێ ئەو نەبێ، ئيحيتمالەكە كو ئەو بێ، بەڵام ١٠٠٪نازانم.

*** باشە هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەكەن بويتە متەسەرەف؟**

– كى بووە؟

*** مقداد مدحت؟**

– ئـەرى دەمەكى كورت بووە، ئەو دبێژە بايتار نورى دەرسـيمى دبێژە، دەبێژم من لەوی كتێبێ خۆ لسر عەبدورەحمان بەدرخانێ بەحس كريە، ئەو دەمەكى كورت، ئەگەر بشبێ دەمەكى كورت يەعنى ئەوباس دەكا.

*** باشـە بە مەزندەش دەر ناكەوێ كەميقداد مدحت لەچ ساڵێک مرديە؟**

– مـن نازانـم! كێ بوو باسـى ئـەوەی كرد! تە بوی؟

*** نەء من نەبووم... شـتەكى دكە بەرای تۆ دەبێ هۆی چبـێ؟ عەبدورەحمـان بەدرخان لەئەسـتەمبول بـووەو لەبلاڤوكەكانى ئەو وەختى، ژين و كوردسـتان و ئەوانە شتەک نەنووسيە؟**

– ئـەوان نۆرمالە، جاروبار نانووسـن، ئەم ژی هەر لەسـتۆكهۆلمێ گەلە كۆڤار تيدا نانووسـم، لەهەولێـرێ ١٠-١٥ گۆڤـارى دەردەچن تە تێدا نانووسى.

*** نەهەر ئەو ناوشـى لەو جەمعيەتانە،نيە ئـەوی دامەزراوە ئەوپـارت و جەمعيەتانە، مەسەلەن كۆمەڵەی تعالى كوردستان، كورد تەشكيلات ئيجتماعيە جەمعيەتى؟**

– دكارم ئـەم دبێژم بەشـدار نەبووبێ، نەخۆش بويـە، وا دەبێـژن ئـەو بەخـۆ عەبدورەحمـان بەدرخـان برای مـن نەخۆش بوە، ئـەو نەكارە بوان چشتان.

*** نا بەنسـبەت عەبدورەحمان بەدرخان نەک مقداد بەدرخان؟**

– عەبدورەحمـان، مـن گووت لـەوێ كۆمەلەيدا بەشدار بووە.

*** كۆمەڵەيەكى عائلى بووە، سياسى نەبووە؟**

– ئەو بۆ شـتێ سياسـيش چووە ب فرانسا رە تێكەلى دانى، ل ئەو متەسەرف بووی، تەئسيريا وی هەيە، بۆيە متەسـەرف بويە.

*** باشـە تو لەكتێبـێ رۆژنامەگەريا كوردى لەكوردسـتانا باكـور ئاماژە بـەوە دەكەی كە شـەرق وەكوردسـتان هەوالى هاتنەوەی عەبدورەحمان و براكەی وی راگەياندیە؟**

– بەلـێ راسـتە؟ ئـەو دەمـا من گوتيـا بەحس كريـە لەمەشـروتيەت ئيعـلان دبە، ئـەو ل گور وی رۆژنامـا فەرەنسـى ١٨ی مەهـا ١٢ سـالا ١٩٠٨ ئـەو عەفو دەبن، لەحەپسـێ دەردەكەون، لەتەرابلوسـێ غەربـێ وە دەگەرنە سـتەمبولێ، ئەو هەردوو شتە...

*** هەر باسـى بەدرخانيەكان دەكەی! با وەک رۆژنامەنووسـێک محمـد صالـح بەدرخان كـە لەسـاڵى ١٩٠٠ ئومێـدی دەركرديـە، رۆژنامەنووسـێكى چالاک بـووە، لەرۆژی كـوردو يەكبون ناوی ديارە كەچى لەهەتاوی كورد ناوی نيە، پێدەچى ئەو وەخت لەسجن گيرابـى لەبيرەوەرييەكانـى خـۆی هەندى شـت باس كريە، كەچى ناوێ لەسالى ١٩١٤ كە هەتاوی كورد دەرچـوە ئەو وەختە ناوی وی نايێ بەرائى تـو دەبى هۆی چى بووبێ؟ لەسـجن بوبێ؟ سـەرچاوە دەبێژن جەليلى جەليلـى باس لـەوە دەكا كە محمد سـالح بەدرخان گيرابى.....**

(جارێكى دیكە پچڕانێک كەوتۆتە ناو شريتەكە)

# رۆڵی میدیا لەپێکەوە ژیان لەکەرکووکدا

لەتیف فاتیح فەرەج

**بۆچی کەرکووک:**

هەڵبژاردنی کەرکووک بۆ ئەم بابەتە پەیوەندی بەجیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکانی ناو کەرکووکەوە هەیە، لەکەرکووک، کوردو تورکمان و عەرەب و کلدۆئاشوورو مەسیحی و موسوڵمانی سونی و شیعەو سابئەو کاکەیی دەژین، کۆی ئەم جیاوازییانە پێویستی بەهەڵوەستەو لەسەر وەستانە، من پێشتر لەکتێبێکدا بەناوی (کوردو کەرکووک)* ئەگەرچی تیایدا کوردبوون بەسەر بابەتەکەندا زاڵە، بەڵام هەوڵم داوە بڵێم ناکرێ شەڕ لەگەڵ چارەنووسێکدا بکرێ کە بڕواناکەم کەس لەو شەڕەدا سەرکەوتووبێت، حکومەتە عێراقییە یەک لەدوای یەکەکان لەسەردەمی پاشایەتیداو چ لەکۆماریشدا لە (یاسین هاشمی)ەوە تا (سەدام حوسێن) هەوڵیان دا لەبری یەکدی قەبوڵکردن و لێبوردەیی لایەک بەسەر لایەکی دیکەدا زاڵبکەن، هەمووشمان ئاکامی ئەو سیاسەتە چەوتەمان دی، کەرکووک بەم رەنگ و روویەوە دەتوانێ ببێتە یەکێک لەشارە هەر دیارەکانی پێکەوە ژیان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێمە هەموومان بەرهەم و داهێنانی پێکەوە ژیانی راستەقینە لەچەند هەولێکی کەرکووکیانەدا دەبینین کە ناکرێ لەسەریان نەوەستین. گرووپی شەستەکانی کەرکووک کە بەگرووپی کەرکووک ناسراون نموونەی ناو گەلی وەک "محێدین زەنگەنە، زوهدی داوودی، جان دەمۆ، سەرگۆن پۆڵس، فازڵ عەزاوی" و ئەوانەی دیکە لەبواری نووسیندا، لەبواری هونەری شێوەکاریشدا چەندین هەوڵی هاوشێوەو پێکەوەیی هەیە.

لەکەرکووکدا، تایبەتمەندییە جیاوازەکان، چ شێوازی زمانەکان و چ کەلتوورو سروتە ئایینیە جیاوازەکان، نیشانەی دەوڵەمەنییەکی باشن گەر هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم جیاوازیانەدا بکرێ و گیانی خودخاوەنی و خودکەڵەگایی و سڕینەوەی ئەوەی دی ریشەکێش بکرێ، کەجێی داخە ئەم گیانە ئەمڕۆ لەهەر رۆژ زیاتر بە شێوەیەکی بەربڵاو لەنێو نەتەوەکاندا دەرکی پێدەکرێت، بەبڕوای منیش زۆر وروژاندنی بابەتەکەو بەبەردەوامی قسە لەسەرکردنی وای کردووە کە لەنێوان نەتەوەکاندا لەوبارەیەوە جۆرێک لەکێبرکێ و ململانێ بکرێ، ئەگەر بەوردی سەرنجی بابەت و نووسینەکانی نێو گۆڤارو رۆژنامەکان بکەین و لەنێو تەلەفزیۆن و رادیۆکانیشدا بەدوای زمانی لێکدی گەیشتن و یەکدی قەبوڵکردندا بگەڕێین، ئەوە بڕوام وایە زۆر زەحمەتە بتوانین ئەوە بدۆزینەوە، دیارە جگە لەو رابردووە خراپە لەپێکەوە ژیان، خراپی مامەڵەی دەسەڵاتی ناوەندو رۆڵی دەرەوەو لەیەکدی حاڵی نەبوون لەنێوان نەتەوەکاندا ئەمانە هەموو هۆکاری ئەوەن کە ئێمە نەتوانین یەکدی قەبوڵکردن بەشێوەیەکی ئاوەزدارانەو ئاکاری لەکەرکووک ببینین، ناکرێ ئێمە دان

بەو راستییەدا نەنێین کە گیانی پێکەوە ژیان لەکەرکووک بەرادەیەک لاوازە خەریکە لەنێو شارەکەدا کانتۆنی جیاجیای نەتەوەکان دروست دەبێت، دیارە ئەوەش لەبەرژەوەندی دانیشتوانی ئەم شارەدا نییە. هەڵبژاردنی کەرکووک بۆ ئەم بابەتە لەو روانگەیەوەو هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی زمانێک بۆ لەیەک گەیشتن، لەراستیدا نامەوێ ئەوەم لەبیربچێت کە ئەم نووسینە بۆ گیانی دکتۆر (فاروق عەلی عومەر) و شەهید (جەبار جەباری) خاوەنی یەکەمین کتێب لەبواری رۆژنامەوانی کوردیداو هەروەها (عەتا ترزی باشی) نووسراوە....

**- چۆن بتوانین لەرێگای میدیاوە پێکەوە ژیان قووڵ بکەینەوە:**

بەبڕوای من راگەیاندن دەتوانێ رۆڵێکی گەورە لەقووڵکردنەوەی پێکەوە ژیانی نێوان نەتەوەکاندا ببینێ، بەڵام ئەم میدیایەی ئێستا لەکەرکووکدا هەیە، کە هیچ بۆنێکی پێکەوە ژیانی لێ نایەت، میدیایەکی ئاراستەو راستگۆو خەمخۆری پێکەوەژیان، میدیایەک بتوانێ کۆی دەنگ و سەدا جیاوازەکان لەچوارچێوەی خۆی کۆبکاتەوە، میدیایەکی هاوشێوەی CNNی ئەمریکی کە (محەمەد حەمە سالح) لەبیرەوەرییەکانی دوساڵەی خۆیدا بەنێوی "ئەمەیە ئەمریکا" باس لەتواناو فرەڕەنگی ئەو دەزگایە دەکات چۆن توانیویەتی کۆی دەنگ و رەنگە جیاوازەکان بەشێوەیەک پەلکێش بکات کە ئیدی مرۆ ناچار بێت بەدوایدا بچێت، وای بۆ دەچم یەکەمین هەنگاو لەو بارەیەوە گەڕانە بەدوای میدیای ئەهلیدا یان دروستکردن و بنیاتنانی میدیای خودخاوەنی، میدیایەک کە پێویستە پشتی پێببەستریت ئەمەش کاتێک کە ئێمە بتوانین لەرێگای ئەو میدیا ئەهلییەوە خەڵک رابێنین کە بەیەک چاو بڕواننە یەکدی و بەگشتیانەوە ئەو شوێنە زایەیان خۆش بوێت کە دواجار هەموویان لەبەرانبەر هەر ناجۆربوونێکیدا بەرپرسیاربن دروستکردنی میدیای ئەهلی کەبتوانێ پشت بەتوانای ئابووری خۆی ببەستێ بێ ئەوەی پێویستی بەوەبێت کە عەرەب، کورد، تورکمان، هەر کەسێکی دیکە لەرووی داراییەوە هاوکاری بکەن دەتوانێ بۆ مەرامی تایبەتی ببێتە زمان حاڵی هەمووان. هەر کاتێک رۆژنامەیەک، تەلەفزیۆنێک، رادیۆیەک دوور لەهەر هاوکارییەکی بەبەرانبەر توایویەتی ئەو کارە بکات ئەوە دەتوانین لەرێگەی راگەیاندنەوە دۆخێکی ئاسایی پێکەوە ژیان لەنێوان نەتەوەکانی کەرکووکدا دروست بکەین، لەدۆخێکی وادا میدیای سەربەخۆ دوو ئەرکی گرنگی لەئەستۆ دەبێت، لەلایەکەوە دەبێ پەرە بەبیروباوەڕی پێکەوەژیان و یەکتر قەبووڵکردن و لێبوردەیی بدات، لەلایەکی دیکەوە دەبێ لەگەڵ میدیای وابەستەدا، میدیای گرێ دراو، وا بەستە بەرادەیەکی زۆر باڵی بەسەر گوتاری نەتەوەو ئایینەکانی نێو کەرکووکدا کێشاوە، سەرنجدان و خوێندنەوەیەکی خێرا بەئاسانی ئەم راستییەت بۆ ئاشکرا دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هێندێ جار میدیای وابەستە بەمەبەست و لەپێناوی مەرامێکی تایبەتدا کار بۆ تێکدانی تەنانەت پەیوەندییە لاوازەکەش دەکات، کارکردنی تەلەفزیۆنی تورکمان ئیلی سەر بەبەرەی تورکمانی لەکەرکووک لەسەر کوردو کاردانەوەی هەندێ جاری تەلەفزیۆنە کوردییەکان بەهەمان شێوە ئەو شێوە زمانە زبرەی رۆژنامەکان، لەسەر یەکتر دەنووسن، مەبەست لەسەر نەتەوەکانە، رۆڵێکی خراپ دەگێڕێ، بۆ پساندنی دەزوولە باریکەکانی پێکەوەژیان، بەبڕوای من حیزبی نەتەوە جیاجیاکان رۆڵێکی گەورە لەو شێواندنەدا دەبینن کە لەبنەڕەتدا بەشێکی زۆر لەو گوتارە پێچەوانەو دژە گوتاری خودی حیزبەکان، شەڕی میدیای وابەستە لەقۆناغی یەکەمداو رەنگە بۆ ماوەیەکی درێژ شەڕێکی قورس بێت کە ئەرکی میدیای ئەهلییە بیکات، بەبڕوای من ئەرکی سەرەکی رۆشنبیرانی سەربەخۆی کوردو تورکمان و کلدۆئاشووری و عەرەبی ئەو شارە لەبەرانبەر ئەو هەموو تەوژمانەدا بەرەیەک دروست بکەن، بەرەیەکی پێکەوەیی کەبتوانێ پێکەوەژیان بباتە ئاقارێکی ئارام و لەبارەوە.. ئارام و لەبار بەو مانایەی هیچ یەک لەکوردبوون، عەرەب بوون، تورکمان بوون نەبنە هەڕەشە بۆسەر یەکترو بۆ سەر ئەوانەی دیکە، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شێواوی کەرکووکەوە کە هەر سێ سیما دیرۆکی و دیموگرافی و جۆگرافیەکەی شێوێنراوەو پێویستە ئەو تەڵخی و خڵتەو خاشەی لەسەر روو لاچێت.

**- میدیای وابەستە و کۆیلەکردنی تاکەکان:**

ئەگەر لەکەرکووکدا ٤ هەزار فۆرم دابەش

بکرێت بەسەر (٤) هەزار کوردو تورکمان و ئاشووری و عەرەبدا و تەنیا یەک پرسیاری تیابێت و بڵێ ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنی کام نەتەوەت بەدڵە نزیکە لە ١٠٠٪ی کۆی وەڵامەکان لەبەرژەوەندی نەتەوەکەی خۆیدایە لەلایەن کەسی وەڵامدەرەوە، ئەمە بەمەرجێ ٤ هەزار فۆرمەکە بەیەکسانی و وەکو یەک دابەش بکرێ، وەڵامەکان ئاوا دەبن هەزار بۆ کورد هەزار بۆ عەرەب هەزار بۆ تورکمان ئەوەی دیکەش بۆ ئاشوورییەکان، لێکدانەوەی ئەم هاوکێشەیە هێندە قورس نییەو ئەگەر لەبری نەتەوەکان ڕەنگیش دابنێیت هەر ئەو ئەنجامە دەردەچێت، مرۆڤ دەتوانێ بۆ تاقیکردنەوەی ئەمە لەبۆنەکاندا یان لە گەشتێکی ئاسایدا هەینی بەراوردی گەمەی ڕەنگەکان لەنێوان چیمەن و تازەخورماتوودا بکات، ئێمە با کەمێک ڕاستگۆبین و خۆمان لەهونەری نواندن و گەمەی زمان دوور بخەینەوە، ئایا بەراست کوردێک، تورکمانێک، عەرەبێک پێچەوانەی ئەوە دەڵێت، بێگومان نەخێر، لەراستیدا میدیای وابەستە ئەرکی ئەوەیە کار بۆ ڕامکردن و دەستەمۆکردنی ئەوانی دیکە بکات ئەگەر ئەوەی بۆ نەکرا هەڵبەت ڕێگا نادات ئەوانی خۆی بدۆڕێنی، لێرەوە میدیای وابەستە تاکەکانی گروپ و نەتەوە لەرێگای هەمیشە سەروەری خودو نیگەرانی لەوی دیکەوە والیدەکات کە بەناچاری و لەپێناوی مانەوەدا مل بدات، دەسکەوتنی ئەو جۆرە لەوەڵام کفر نییە، بەڵام ئەرکی ئێمەیە، ئەرکی دەسەڵاتە، ئەرکی هەموانە لەئایندەدا گروپە جیاوازەکان وا ڕابێنن کە ئەوان دەنگ بەپرۆژەی باشتر، بیروباوەڕی باشتر، ڕێگای باشتر بدەن، ئەمە بەقووڵکردنەوەی لێبوردەیی و پتەوکردنی یاساکانی دیموکراسی دێتە دی. هەستکردن بەئارامی و ئاسایش، سڕینەوەی ترس و دڵەراوکێ لەیەکدی، گێڕانەوەی دۆخی مرۆیی بوون بۆ تاکەکان ڕۆڵی گەورە دەگێڕن، لەگۆڕینی بیروڕای تاکەکاندا، پرسی ئازادکردنی تاکەکان و کۆیلەکردنیان لێرەوە سەرهەڵدەدات میدیای گرێدراو کار لەسەر نیگەرانی کردن دەکات، ئیدی ئەوانەی دەترسن بەدوای پەناگەوەن، لەتەلەفزیۆن و ڕادیۆو ڕۆژنامەکانی کەرکوکدا ئەمە بەجۆرێک لە جۆرەکان بەردەوام ڕەنگیداوەتەوە، چۆنێتی مامەڵەکردنی میدیای کوردی لەگەڵ بەرەی تورکمانی، دارشتنی هەواڵ لەسەریان، نووسینی بابەت لەسەریان چاودێری کردنی هەنگاوو جموجۆڵەکانیان، هەروەک لەبەرانبەردا قسەکردنی بەرەی تورکمانی لەسەر کورد، نیشاندانی وێنەی شەڕەنگێزانەی کورد، دووبارەکردنەوەی برینەکانی ١٩٥٩ و تاوانبار کردنی کورد لەنیشاندانی وێنەکاندا ڕاپۆرت لەسەر پارتی چارەسەری بۆ میدیای تورکیا و تا دوای ئەم دوو جۆرە لەراگەیاندن لای کوردو تورکمان وایکردووە کە توندوتیژی بەرانبەر یەکدی بەرهەم بێت، بۆ نموونە لەڕووداوی کارەسات یا ناخۆشییەکدا لەلایەن گەنجانی ئەو دوو نەتەوەیە ئەو شوێنانە دەبنە ئامانج وەک پێشتر ڕوویدا، لێرەوە ڕۆڵی نەرێنی "نێگەتیڤی" میدیای وابەستە دەردەکەوێت، ئەو میدیایەی توندوتیژی بەرهەم دێنێ، بەبڕوای من بەشێکی زۆر لەکاردانەوە یان پەرچەکردار بەرانبەر یەکدی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی ئەو میدیایە کە کار لەسەر کۆیلەکردنی تاکەکانی خۆی، دیلکردنی عەقڵیان دەکات و دواتر بەکاریان دێنێت، وەک چۆن ڕۆبۆتەکان بەکاردەهێنرێن.

**- فۆرمێک و نیگەرانییەکان:**

کاتێک ئێمە قسە لەسەر بوون یان نەبوونی پێکەوە ژیان لەکەرکووک دەکەین، دەبێ بەدووی هەندێ سەرە خاڵدا بچین تا لانی کەم لەرێگای داتاو ژمارەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ لەو بارەیەوە من ویستم فۆرمێک دروست بکەم لەسەر ڕۆڵی میدیا لەپێکەوە ژیاندا لەکەرکووک، بەڵام لەبەر ناجۆری بارودۆخی کەرکووک و دەست ڕانەگەیشتن بەرۆژنامەنووسیی عەرەبی و تورکمان من تەنیا ١٠٠ فۆرمم بەکوردی و هەر بۆ کورد و ڕۆژنامەنووسیی کورد نارد، من دەزانم کاری مەیدانی و هەوڵی وا ماندووبوونی زۆری دەوێت، دەبێ شارەزا پرسیارەکان دابنێت، دەبێ لەجیاکردنەوەی داتاکندا شارەزای ئەو پۆلێن کارییە بکات و لەبەر ڕۆشنایی دەرخستەو دەرهاویشتەکان لێکۆڵینەوە بکرێت، کە ئەوە نەکرا، ناشتوانین دەستە پاچە دابنیشین، ئەو فۆرمە سادەو ساکارە جگە لەتەمەن، نەتەوە، ڕەگەز، شوێن، ئاستی خوێندن ٩ پرسیاری لەخۆگرتبوو:

**- ئایا ڕاگەیاندن توانیویەتی گیانی پێکەوە ژیان لەکەرکووک قووڵبکاتەوە؟**

**- گوتاری پێکەوە ژیان لە چ ئاستێکدایە؟**

**- چ جۆرێک لەمیدیا خزمەت بەپێکەوەژیان دەکات؟**

**- میدیــای کام نەتــەوە زیاتر بایــەخ بە پێکەوە ژیان دەدات؟**
**- چۆن دەڕوانیتە ناوەندی ڕاگەیاندنی هاوبەش؟**
**- ئایا زمانی گفتوگۆ هەیە لەکەرکووک؟**
**- زمانی کامە میدیا زمانی پێکەوە ژیانە؟**
**- چۆن بتوانین پەرە بەزمانی پێکەوە ژیان بدەین؟**
**- کێ ڕێگرە لەبەردەم پێکەوە ژیان لەکەرکووک؟**

وەکــو لەپێشــەوە وتم من تەنیــا ١٠٠ فۆڕمم دابەشــکرد، لەو سەد فۆڕمە ٧٩ فۆڕم گەڕایەوە، لــە ٧٩ فۆڕمەکــەش ٩ بــێ کەڵک بــوو، واتە من ئەنجامــی ٧٠ فۆڕمم چنگکەوت کە بەپێی ڕێژەی فۆڕمــە گشــتییەکە ٧٠٪ دەکات. هەڵبــەت گرفت، یان کێماســی ئــەم فۆڕمە لەکەرکــووک ئەوەیە تەنیــا کورد وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام بەگوێرەی ژمارەی ڕۆژنامەنووسان، بەپێی لقی کەرکووکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ١٠٠ کەسی نموونە ڕێژەیەکــی بــەرزە، خــۆ ئەگــەر لەکەرکووکــدا (١٠٠٠) هەزار ڕۆژنامەنووسیش هەبێت نموونەی هەڵبژێرەکە ڕێژەی ١٠٪ دەکات کە ئەمەش باشە بەهەرحاڵ بــەلای منەوە نیشــاندانی وەڵامەکان گرنگە.

**سەرەتا دەبێ بڵێم ئەو (٧٠) فۆڕمەی پڕکراوەتەوە:**

٦١ی پیاوە
٩ی ژنە کە هەموویان کوردن
ئاستی خوێندن بەم جۆرەیە:
٤١ کەس پەیمانگاو زانکۆ
١٢ دواناوەندی
٧ ناوەندی

ســەبارەت بــە پرســیاری ڕۆڵــی ڕاگەیانــدن لەقووڵکردنەوەی گیانی پێکەوە ژیاندا:
٤ کەس دەڵێن بەڵێ ڕۆڵی بووە
٢٥ کەس دەڵێن نەخێر نەبووە
٣٣ کە دەڵێن تا ڕادەیەک بوویەتی

ئێمــە ئەگــەر وەڵامــی بەڵــێ بــەراورد بکەین بەوەڵامی نەخێــر ئەوە دەکاتە ١ لە ٦ی ژمارەی ئەوانــەی بەنەخێر وەڵامیان داوەتــەوە، ئەوەش نیشــانەی ئەوەیــە کە میدیــا لــەو ڕووەوە هیچ ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ و بەرچاوی نەبووە، بۆ ئاستی گوتاری پێکەوە ژیانیش لەکەرکووک لەسەرجەم ژمارەکــە تەنیــا ٣ کــەس دەڵێــن ئــەو گوتــارە لەئاســتێکی باشدایە لەکاتێکدا ٢٢ کەس بەخراپی ناودەبەن و ٣٦ کەســیش پێیان وایە لەئاســتێکی مام ناوەندایە، قسە لەسەر ئەوەیە کە تەواوی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی وەڵامی فۆڕمەکەیان داوەتەوە کوردن ئەمە لەکاتێکدا زۆربەشــیان لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندندا کاردەکەن، هەڵبەت میدیای کوردیش بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی دی زۆر باشــە، بەڵام وەڵامەکە مایەی نیگەرانییەکی قووڵە.

بۆ پرســیاری ئــەوەی کە چ جــۆرە میدیایەک خزمەتــی پێکەوەژیــان دەکات، ٢٥ کــەس پێیان وایــە لەکەرکووکــدا میدیای هاوبــەش واتە هی نەتەوەکان، ٣٣ کەسیش پێیان وایە میدیای ئەهلی، تەنیا ٣ کەسیش دەنووسن میدیای وابەستە.

٥٥ کــەس لەژمارەکــە پێیــان وایــە میدیــای کــوردی بایــەخ بەپێکەوەژیــان دەدات ٥ کــەس پێیان وایە میدیای کلدۆئاشوور بۆ بوونی زمانی گفتوگۆ لەکەرکووک ٦ کەس دەنووســن باشــە، ١٤ کەســیش دەنووســن خراپە، ٤٠ کەســەکەی دیکەیش دەنووسن لاوازە.

بــۆ وەڵامــی پرســیاری ئــەوەی کــێ ڕێگــرە لەبــەردەم پێکەوەژیانــی کەرکــووک ٣٨ کــەس دەنووسن دەســتی دەرەوە، ١٧ کەس دەنووسن حکومەتی ناوەندی، ٩کەس دەنووسن حزبەکان، یەک لە گرفتەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی و کورد بەتایبەتی ئەوەیە کە هەمیشــە خەتاکان لەخۆیان دووردەخەنــەوە و دەیخەنــە ئاســتۆی خەڵکــی تر. بەبــڕوای من ئەم فۆڕمە گــەر لەناوچەیەکی فراوانتــر و لەنێــو ســەرجەم نەتەوەکانــدا کرابا دەشــیا جیاوازییــەکان جۆرێکی دی بــان، بەڵام کــۆی وەڵامــەکان حەقیقەتــی ئــەوە بــۆ ئێمــە ڕووندەکەنــەوە، کە شــتێک نییــە وەک پرۆژەی بەنــاوی پێکەوەژیانــەوە ئــەوەش کــە هەیــە قەدەرێکــە و لەگــەڵ ئەوەشــدا پــڕە لەدژدۆنگی و نەخوێندنــەوەی یەکتــر بــۆ ئــەوەی میدیــای کەرکــووک بەکۆی جیاوازییەکانیەوە کارا بکەین ئەرکی ئێمەیە گروپێکی ڕۆشــنبیری ســەربەخۆ دروســت بکەین تا چاودێری میدیای وابەســتەو ئەهلی بکات و دواتــر لەڕێگای هەڵەکانەوە پەرە بەڕێنماییەکانی بدات، هانی خاوەن ســەرمایەکان بدەین کە بەشێک لەسەرمایەکەیان بخەنە خزمەتی میدیای ئەهلییەوە بۆ قووڵکردنەوەی پێکەوەژیان و پەیوەنــدی میدیای نەتەوەو حزب و گروپەکان ساڵانە کۆنفرانسێک بۆ ڕاگەیاندن ببەستین.

گروپەکانی میدیای کەرکووک بۆ شارەزا بوون لەئەزموونی پێکەوەژیان سەردانی وڵاتان بکەن.

# ڕۆژنامەوانی زەرد و ئەخلاقی میدیایی

گفتوگۆ لەگەڵ د.یونس شوکرخوا          وەرگێڕانی: کارزان محەمەد

*د.یونس شـوکرخوا دیارترین ڕۆژنامەنووسی ئەکادیمی ئێستای ئێرانەو خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایـە لە بواری پرۆسـەی پەیوەندی (Communication)دا، لە ڕووی نووسینیشـەوە (٢١) کتێبـی دەربـارەی بابـەت و میتۆدەکانـی ڕۆژنامەوانی هەیە کـە زۆربەیان وەک وانە لـە زانکۆکانی ئێرانـدا دەخوێندرێن. ئەم گفتۆگۆیەی ئێسـتاش، یەکێکە لە ناسـراوترین ئەو هەڤپەیڤینانەی لەبارەی (ڕۆژنامەوانی زەرد)ەوە ئەنجامی داوە.*

***چاپەمەنی زەرد یەکێکە لە باوترین ئەو زاراوانەی کە لەناو ڕۆژنامە ئەهلییەکاندا بۆتەباو، لەسەرەتادا پێناسی تۆ بۆ ئەم جۆرە چاپەمەنیانە چییە؟ ئایا ئەو ئاراستە جۆربەجۆرانەی ئەم جۆرە چاپەمەنیانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەیانە (وەک ئاراستەی وەرزشی، سینەمایی، کۆمەڵایەتی، خێزانی و...) رازیت کە پۆلێنبەندییەکی تایبەتی لەم بوارەدا بکرێن؟**

-من سـەرەتا هـەوڵ دەدەم لە پێناسـەکردنی زانستیانەی ئـەم مەسـەلەیەو ڕەگوڕیشـەکەیەوە، باسـەکەم دەست پێبکەم.

زاراوەی (چاپەمەنی زەرد) یا (ڕۆژنامەوانی زەرد) زاراوەیـەکـە لـە خۆرئـاوا لـەژێـر نـاوی (Yellow Journalism) ناوی دەبەن.

پرۆسیسی لەدایکبوونی ڕۆژنامەوانییەکی لەو جۆرە، لە بنەڕەتدا لەگەڵ ڕۆژنامەوانی شاری نیۆیۆرک لە دەیـەی (١٨٩٠)دا دەستی پێکرد واتـا نزیکەی (١٠٠)سـاڵ لـەمـەوپێش. ڕەنگە بتوانین بڵێین ڕەسەنترین ڕۆژنامە کەبناغەی ڕۆژنـامـەوانـی زەردی لـە ڕوانـگـەی تەنیا سەرنجڕاکێشانی (وەرگر)ەوە نەک ناوەڕۆکەکەی بنیات نا، ڕۆژنامەیەک بوو بەناوی (نیویۆرک سەن New York Sun).

ئەم بڵاوکراوەیە لە ساڵی (١٨٨٣) لەدایک بوو، نیویۆرک سەن بڵاوکراوەیەک بوو نرخەکەی (پنس)ێک بوو لە ڕاستیدا هەرزانبوونەکەی بەهۆی زیادبوونی فرۆشەکەیەوە بوو. لەلایەکیترەوە نـیـویـۆرک سـان بـنـیـاتـنـەری سـەردەمـێکی بڵاوکراوەکانە کە لە خۆرئاوادا پێیان دەوترێ (بڵاوکراوەی یەک پنسی). (بـڵاوکـراوە یەک پنسییەکان)یش بەنزیکەیی وەک ڕۆژنامەوانی زەرد هاتەمەیدانەوە. (بێگومان دواتر دەیڵێین کە بۆچی من ئەم جۆرە بڵاوکراوانە بە بڵاوکراوەی زەردیان نازانم).

بـڵاوکـراوە یـەک پنسییەکان مانشێتی زۆر

هەواڵنامەی کتێب

گەورەیان هەبوو و ئەم مانشێتە گەروانەش لەبەر ئەم فاکتەرانە بەکاردهێنرا کە رەنگە لەو سەردەمەدا پێیان وابووبێت تەنانەت پنسێکیش بۆ کڕینی بڵاوکراوەی زەرد زۆرە. لەسەر ئەم بنەمایە ئەوان لەسەر دیوارەکانی شار دایاندەنا تا ڕێبواران بتوانن بەئاسانی بیخوێننەوەو یا تەنانەت ئەگەر گالیسکەش لەشەقماکەوە بڕوات، سەرنشینەکانی بتوانن ئاگاداری بابەتی رۆژ بن.

بڵاوکراوە یەک پنسییەکان لەراستیدا کۆمەڵە رۆژنامەیەکی تەواو جەماوەریی بوون کەهەواڵیان بۆ خەڵک بەرهەم دەهێنا. بەڵام لەسەدەی نۆزدەیەمدا وەرگۆڕانێک لەم دیاردەیەدا هاتە ئارا و رۆژنامەوانی لەبەرهەمهێنانی هەواڵ بۆ خەڵکەوە بەرەو بەرهەمهێنانی هەواڵ بۆ بازار پەیداکردن راکێش کرا. بەڵام ئەو شتەی تۆ وەک رەهەندێکی زانستی ئەم دیاردەیە دەتەوەێ بیزانیت، پەیوەندیدارە بەسەردەمی دوای بڵاوکراوەی (سەن)ەوە.

لەساڵی (١٨٩٦) جۆزیف پۆلیتزەری بەناوبانگ، بڵاوکراوەیەکی بڵاوکردەوە بەناوی (New York World) ئەو بەهەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا تا ژمارەی (وەرگر)ەکانی بەرز بکاتەوە تیرژاەکەشی زیاد بکات و سروشتیشە لەم ئامرازانەیدا توندوتیژی سێکسی خستبووە پلەی یەکەمەوە.

لەهەمان سەردەمدا رووخسارێکی ترمان هەیە بەناوی (ویلیام راندۆلف هیرستا) کە ئەویش بڵاوکراوەیەکی بڵاودەکردەوە بەناوی (نیویۆرک جورناڵ) ئەم بڵاوکراوەیەوە لەگەڵ بڵاوکراوەی (پۆلیتزەر) کەوتە ململانێوەو شەڕی نێوان ئەم دوو بڵاوکراوەیە لەسەر تیراژ دەستی پێکرد.

بەڵام بۆچی دەڵێن رۆژنامەوانی زەرد؟ لەبەر ئەوەی سەرەتا پۆلیتزەر لەبڵاوکراوەکەی خۆیدا کەسایەتییەکی کارتۆنی دروست کە زاراوەی (منداڵی زەرد Yellow Kid)یان پێدەوت. دوای هاتنە ئارای ئەم کەسایەتییە لەبڵاوکراوەی پۆ لیتزەردا، دوای ماوەیەکی کاریکاتێریستێک هەردوو کەسایەتییە هاوشێوەکەی پێسپێردراو لەراستیدا (منداڵی زەرد) بووە دیاردەیەکی دیکەی شەڕ لەنێوان ئەم دوو رۆژنامەیەدا.

ململانێیەکە دەستی پێکردو پاشکۆی رەنگاو رەنگ و وێنەی گەورەو مانشێتی درشت بووە ئامرازی ئەم تێکۆشانەو هێدی هێدی (Yellow kid) بووە سیمبولی جۆرە رۆژنامەوانییەک کە بە (رۆژنامەوانی زەرد) ناوبانگی پەیداکرد.

لەسەر ئەم بنەمایە، ئەگەر بمانەوێت رۆژنامەوانی زەرد رۆشن بکەینەوە، دەبێ بڵێین لەچاوی منی مامۆستاوە، رۆژنامەوانی زەرد مانایەکی تایبەتیانەی هەیە .

ئەگەر لەمن بپرسرێت کە ئایا ئەم رۆژنامەوانییەی ئێستا هەمان رۆژنامەوانییە زەردەکەیە، دەڵێم پێویستی کەمێ بەویژدان بین، ئەم جۆرە رۆژنامەوانییە بەهیچ شێوەیەک هاوشێوەی ئەو جۆرە (Yellow Journalism)ە نییە. بەڵام بۆ ئەو جۆرە بڵاوکراوانەی هەوڵ دەدەن بەشێوازگەلێکی جۆراوجۆر تیرژاەکەیان بەرزبکەنەوە دروستە. لەراستیشدا ئەم جۆرە زیادکردنەی تیراژ لەبنەڕەتدا هاوشێوەی رۆژنامەوانییە باوەکەی دەیەی (١٨٩٠) نییەو هێندە بەسە کە ئێمە بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمە هەڵبدینەوەو لە بابەتەکانیان بکۆڵینەوە. بەڵام لەئێرانیشدا کاتێک زاراوەی رۆژنامەوانی زەرد بەکاردەهێنرێت، لەراستیدا مەبەست لەجۆرە رۆژنامەوانییەکە لەسەر بنەمای جەنجاڵی، راکێشکردنی سەرنج و هەستە کاتییەکاندایەو هەمووشی لەپێناو زیادکردنی تیراژدایە.

تۆ ئاماژەت بەوەکرد کە هەندێ لەوانە ئینتیمای وەرزشی یان سینەماییان هەیەو هەندێکی دیکەیان ئینتیمای کۆمەڵایەتی کە من پێموایە باشترە بڵێن ئینتیما بۆ رووداوەکان. بەهەرحاڵ ئەم ئینتیمایانە لەمجۆرە رۆژنامەوانییەیانەدا لەهەموو شوێنێکی دنیادا هەیە، بەڵام لەبارەی خوێنەرانی ئەم رۆژنامەوانییەوە دەبێ بڵێن کە زۆرینەیان لەدەستە گەنجەکان پێکدەهێنرێن. کاتێک دەڵێن دەستەی گەنجان، مەبەست لەو کەسانەیە کە تازە هاتوونەتە سەردەمی کارکردنی رۆژنامەوانیانەی خۆیانەوە، واتا ئەم کەسە کاتێک لەخوێندنگا دەگەڕێتەوە لەوانەیە بڵاوکراوەیەکیشی کڕی بێت و بیخوێنێتەوەو بەپێی رێسای ئەو بەجۆرێک بڵاوکراوە هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ ئاستی ئینتیماو زانستی ئەودا پەیوەندیدارو هاوشان بێت. بێگومان دڵنیابە خوێندکارێکی قۆناغی پێنجەمی ئامادەیی بەهیچ شێوەیەک وەرزنامەیەکی لێکۆڵینەوەیی- توێژینەوەیی ناخوێنێتەوە، سروشتیشە هەڵبژاردنەکەی ئەو بەپێی ئاستی خۆیەتی.

***بەڕێز دکتۆر، کورتە مێژووی ئەم بڵاوکراوەیە لەئێراندا بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

– لەوانەیە تۆ بتوانی لەسەردەمی مەشروتەدا جێ پێی ئەم بڵاوکراوەیە لەئێراندا بدۆزیتەوە کە تا ئەمڕۆکەش هەر بەردەوامە، بەم پێیە من ناتوانم ئاماژە بۆ کۆمەڵە ناوێکی تایبەتی بکەم وەک یەکەمینیان. لەراستیدا رۆژنامەوانی زەرد هەمیشە جمکێکی جیانەکراوەیە کە هاوڕێی پیشەی رۆژنامەوانی بووە. واتا ئێمە هەمیشە لەپیشەی رۆژنامەوانیدا، بڵاوکراوەگەلێکمان هەیە کە هەوڵ دەدەن بەپشت بەستن بەفەزایەک لەسەر سۆز، هەست، ئینتیمای کورتەماوەو باسەکانی رۆژ، بڵاوکراوەکەی خۆیان بەڕێوەببەن.

*** لەروانگەی هەندێ لەکەسان و رووناکبیرانەوە، ئامادەباشی و گەشی ئەو جۆرە چاپەمەنییە لەکۆمەڵگادا وەک زیانێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، و ئەوانە ئەم جۆرە چاپەمەنییانە بەجۆرە دیاردەیەک ناشایستەی دەزانن، لەروانگەی تۆ لەم بارەدا چییە؟ و لەبنەڕەتدا کاریگەرییە باش و خراپییەکانی ئەم چاپەمەنییە لەکۆمەڵگادا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

–ئەمە پرسیارێکی گرنگە، ئەمەی کەتۆ بڵێیت ئامادەگی ئەم بڵاوکراوانە لەکۆمەڵگادا زیانێکی کۆمەڵایەتیانەیە، من گومانم هەیەو لایەنی کەم لێکۆڵینەوەیەکی وردتر بەپێویست دەزانم، بەڵام ئەگەر پرسیارەکە بەمجۆرە بخەینە روو کە بۆچی ئەم جۆرە بڵاوکراوانە هەمیشە هەن، من دەڵێم لەبەر ئەوەی خوێنەری ئەم جۆرە بڵاوکراوانە هەمیشە هەن.

من پێموایە ئەگەر تۆ بتوانیت نموونەیەک لەچینی کلاسیکی خوێنەرانی ئەمجۆرە چاپەمەنییانە وێنابکەیت، ئەم هەرمە بەتەواوەتی جەستەیەکی لاو نیشان دەدات. رەنگە نموونەی شوفێرێتی لەم شوێنەدا بەکارهێنانی گونجاو بێت، رووداوەکانی شوفێرێتی لەگەڵ رێژەی تەمەنی سەردەمی لاوێتیدا، پەیوەندییەکی مانادار هەیەو پێ بەپێی هەتا ئەم تەمەنە بەرەو ناوەندی خۆی واتا نزیکەی سی، چل ساڵی بەرەو پێش بچێت، رێژەی رووداوەکانی ئۆتۆمبێلی کەمتر دەبێتەوە. بەڵام دووبارە کاتێک لەپەنجا ساڵییەوە بۆ زیاتر دەجووڵێن، پێ بەپێی پەیوەندییەک لەنێوان زیادبوونی تەمەن و رووداوی ئۆتۆمبێلدا دەبینیت.

یەکەمین ئەنجام لەم بابەتەوە وەریدەگرین، ئەمەیە کە خوێنەرانی بڵاوکراوەی زەرد، خوێنەرێکی وەفادارو هەمیشەیی نین و زۆربەیان خوێنەرێکی رەوتەنین، واتا لەوانەیە ئەوان پێ بەپێ لەبڵاوکراوەی زەردەوە بەرەو خوێندنەوەی دیکە کێش بکرێن، بەڵام درێژەی بەخوێندنەوەی ئەو جۆرە بڵاوکراوانە نادەن و بەتێپەڕبوونی تەمەن و تێربوونی زانیارییەکانی بەم جۆرە چاپەمەنیانە، بەرەو بڵاوکراوەی بەرهەمهێن و قووڵتر راکێش بکرێن. بەم پێیە ئەمەی کە بڵێن ئەم دیاردەیە بەرەهاییەوە زیانبەخشێکی کۆمەڵایەتییە، پێموانییە دادوەرییەکی راست و دروست بێت.

لەهەر کۆمەڵگایەدا گوتاری جۆراوجۆر هەیە، ئەو گوتارانەی لەئەدەبیاتێکی کەم مایەی هەیە، ئەو گوتارانەی ئەدەبیاتێکی مامناوەند بەکاردەهێنن و ئەو گوتارانەش کە ئەدەبیاتێکی بەهێزو قووڵیان هەیە. لەراستیدا بەتێڕوانینی من، هەر کۆمەڵگایەک پێویستی بەسەرجەم ئەم گوتارانە هەیەو تۆ لەبەڕێوەبردنی ئاڵوگۆڕی زانیاریدا پێویستە ئەوە ببینیت کە لەگشت سیستەمە میدیاییەکانی ئەو کۆمەڵگایە. بۆ چ جۆرە وەرگرێک و لە چ کەناڵێکەوە، چ جۆرە پەیامێک بەرهەم دەهێنێت. تۆ ناتوانی پەیامێکی هاوبەشت هەبێت. بەڵام پێویستە بۆ (وەرگر)ێکی جۆراوجۆر بنووسیت و گوتاری جۆراجۆریان ئاراستە بکەیت.

بەمپێیە بوونی ئەو جۆرە بڵاوکراوانە، تەنانەت لەخاڵە تایبەتییەکانیشدا دەتوانرێ بە بەشێک لەزەروورەتەکانی پەیامی میدیای بژمێردرێت. ئەو کەسانەی ئەو جۆرە بڵاوکراوانە وەک زیانبەخشێکی کۆمەڵایەتی دەبینن، رەنگە بابەتەکە چەقبەستوو بکەن، واتا وا هەست دەکەن کە ئەم (وەرگران)ە، (وەرگر)ێکی وەفادار. جێگیرو تەسلیمبووی بڵاوکراوەی زەردن، لەکاتێکدا لەبنەڕەتدا وانییە. بەتێڕوانینی من خوێنەرێکی رەوتەنییەو پێ بەپێ بەرەو بڵاوکراوەکانیتر راکێش دەکرێن. بەڵام وەک رێگاچارەیەک، ئێمە دەتوانین لەرێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی میدیاییانەی (وەرگر)ەکانەوە وەک بابەتێک کە پێویستە هەمیشە لەبەرنامەی مشتومڕی ئێمەدابێت، بەکاریبهێنین و لەسەرەتادا (وەرگر)ەکان ئامادەباشی چوونە فەزایەک بکەین کە پێویستیان بەم قەوارە وزەیە نەبێت و وا هەست بکەن دوای ماوەیەک لەخوێندنەوەی

ئەم بڵاوکراوانە، شتێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێناوە.

لەسەر ئەم بنەمایە من پێموایە ئێمە پێویستە لەبەرانبەر ئەم جۆرە بڵاوکراوانەدا، کەمبوونەوەی داواکاریی دروست بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگاچارەیەکمان نییە جگە لەوەی رووبکەینە ئەدەبیاتێک کە ئاستی میدیای (وەرگر)ەکانی زیادبکەین. ئێمە پێویست ئەنەبیاتێک بەرهەم بهێنین کە (وەرگر)ەکانی وەک رژێمی خۆراک لێی بنۆڕن، بۆ نموونەچۆن زۆرینەی خەڵک چاودێری رێژەی بەکاربردنی کۆلیسترۆڵ، شەکر.. هتد لەخواردنی رۆژانەی خۆیاندا کۆنترۆڵ دەکەن. (وەرگر)ەکانیش پێویستە وا هەست بکەن کە رۆژانە تا چەند پێویستە گوێ لەرادیۆ بگرن، چەند سەیری تەلەفزیۆن بکەن، رێژەی چەند ئینتەرنێت بەکاربهێنن یا رۆژنامە بخوێننەوەو چ جۆرە رۆژنامەیەک بخوێننەوەو چ هەفتەنامەیەک هەڵبژێرن؟ بەڵام سەبارەت بەکارکردنی ئەم بڵاوکراوانە، من لەدوو رووخسارەوە پوختەیان دەکەمەوە: یەکەم ئەمەیە کە لەبەر ئەوەی ئێمە لەئێراندا سادەنووسیمان فەرامۆش کردووەو میدیاکانی ئێمە زۆرینەیان بەئەدەبیاتی جێ مەبەستی خۆیان دەدوێن کە خاڵییە لەئاستی (وەرگر)ەکانی، بەم پێیە بەختی دروستبوونی پەیوەندییەکی نزیک لەنێوان (وەرگران) لەگەڵ بڵاوکراوە زەردەکاندای بەرزکردۆتەوە. واتا کاتێکئەوان بەزمانێک دەدوێن کە بۆ هەمووان شیاوی لێتێگەیشتن نییە، بەدڵنیاییەوە (وەرگران) بەرەو ئەو بڵاوکراوانە راکێش دەکرێن کە بەزمانی ئەوان دەدوێن. بۆ نموونە تۆ ئەگەر لای سەرتاشێک دوو جۆرە بڵاوکراوە ببینیت کە یەکێکیان دەربارەی هێرمۆنتیک یان پۆست مۆدێرنیزم بێت و ئەویتریان لەبواری تەنزو کاریکاتێردا، بەدڵنیاییەوە هەموو تاکێک لەوساتەو لەو فەزایە تەنزو کاریکاتێرەکە هەڵدەبژێرێت.

هەندێ کات، ئێمە پێویستمان بەبڵاوکراوەیەک هەیە کە زانیاری سنووردار بەئێمە بدات و یا ئێمە سەرگەرم بکات. بەمپێیە من کاریگەری پۆزەتیڤانەی ئەم بڵاوکراوانە دەزانم لەبواری زەمینەسازی بۆ خووگرتن بەخوێندنەوە لای چینێک کە زۆربەیان بەهۆی بارودۆخی سیستەمی فێرکردنەوە بەرەو خوێندنەوەی قورس و گران راکێش نەکراون. بەڵام لەرەهەندە نێگەتیڤەکەیەوە پێویستە بڵێین ئێمە لەبنەڕەتەدا پرەنسیپێکی پەیوەندی (Communication) مان هەیە لەسەر ئەم بنەمایەی کە ئایا تۆ دوای ئەو جۆرە پەیوەندییە، بەهایەکی زیاترت بەدەستهێناوە یان نا؟ تۆ وادابنێ، دەیان ساڵ تەنیا شتێ راڤەبکەیت کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەژیانی تۆدا نەبووەو تەنیا زانیارییەکی کورت ماوەت بەدەستهێناوە کەبەهیچ جۆرێک لەبڕیاردانە ستراتیژییەکانی تۆدا کاریگەر نییە، ئەمە زیانێکی گەورەیە بەتایبەتی پێ بەپێی مۆدیلگەلێکیش لەلایەن ئەم بڵاوکراوانەوە پێشکەش دەکرێن کە دەچنە خانەی مۆدیلیزەکردنەوە. بەڵام سەرلەنوێ دەیهێنینەوە یاد ئێمە تا ئەو کاتەی نەتوانین پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاستی میدیایی دروست بکەین، ناتوانین کارێکی ئەوتۆ لەم ئەنجام بدەین.

***یەکێک لەتایبەتمەندییە دیارەکانی ئەم جۆرە چاپەمەنییانە، جووڵانی هاوکاتانەیانە بەپێی حاڵو هەوای رۆژانەی خەڵکی کوچەو بازاڕ بەپشت بەستن بە بەرژەوەندییەکانی ئێستاو زیادکردنی تیراژەکەیان، ئەوا بەشێوەیەک گشتی کاریگەریی لەرەوتی رۆژانەی کۆمەڵگاوە وەردەگرن و هیچ کاتێک نەیانتوانیوە رەوتێکی تایبەتی لەکۆمەڵگادا بەرهەم بهێنن. ئەگەر بمانەوێت ئەم دیاردەیە بەبەراورد لەگەڵ هاوشێوە دەرەکییەکانیاندا هەڵبسەنگێنین، چاپەمەنی ئێران چ کەم و کوڕی و ئیمتیازاتێکی لەم دیدەوە هەیە؟**

- خاڵێک بەشێوەیەکی گشتی لەفەزای میدیادا هەیە، ئەمەیە تۆ لەفەزای رۆژنامەگەریدا لەئەلیکترۆنییەوە بگرە تا نووسراو، لەوەرگرەکانییەوە وزە وەردەگرێت و وزەشیان دەداتەوە. واتا تۆ ناتوانیت بڵاوکراوەیەک بەرهەم بهێنیت تەنیا خۆتان تیایدا بدوێن، بەڵکو پێویستە ئەوانی دیکەش خۆیان تیادا ببیننەوە. ئێمە دیاردەیەکمان هەیە بەناوی (هەواڵی ئێستا)، ناتوانرێت تۆ لەوڵاتێکدا بژێت کە دووچاری برسێتیو یاخود جەنگ بووبێت و میدیاکان بایەخ بەم دیاردانە نەدەن. ئەمجۆرە هەواڵانە، هەواڵی ئێستان کە بەناچارییەوە لەمیدیا جۆربەجۆرەکاندا سەرڕێژ دەکەن و بەشێکیشیان سروشتییە، بەڵام بڵاوکراوە زەردەکان بەشێوەیەکی گشتی بڵاوکراوەی فکریی نین و زیاتر لەسەر ئەو بیرۆکانەی لەدەوروبەریاندا روودەدەن، مانۆڕ ئەنجام دەدەن. ئەم بیرۆکانە زۆربەیان خاوەن هەردوو رەگەزی سەرسوڕهێنی و

کێشمەکێشە. واتا زۆربەی ئەو بڵاوکراوانەی لەئێراندا بەوشێوە بەرهەم دەهێنرێن، لەراستیدا بەسوودوەرگرتن لەزنجیرە تەلەفزیۆنییەکان، بابەتەکان و بیرۆکەکانی خۆیان بڵاودەکەنەوەو ئەگەر ئەو زنجیرە تەلەفزیۆنیانە بەرهەم نەهێنرێن، بەدڵنیاییەوە ئەم بیرۆکانەش لەو بڵاوکراوانە سەوز نابن.

بەڵام ئایا تۆ ئێستا بڵاوکراوەیەکت بینیوە پێشنیازی بەرهەمهێنانی زنجیرەیەکی دابێت؟ بەمپێیە بەتەواوەتی سروشتییە بڵێین ئەم بڵاوکراوانە لەفەزای دەوروبەری خۆیانەوە کاریگەرییەکی زۆر وەردەگرن،بەڵام ئەم کاریگەرییانە لەتوخمی هەمان ئەو بەرژەوەندییە هەنووکەییانەیە. واتا لەوانەیە بایەخ بەشوتی یاریزانێک یا شکانی پێی بدات و یا بۆ نموونە بایەخ بەهێنان و گواستنەوەی یاریزانێک بدات، بەڵام هیچ کاتێک باس لەمە ناکات کە چ دەستوورێک پێویستە بۆ هێنان و گواستنەوەی یاریزان و یا پێویستە چی بکرێت تا رێگە لەشکانی پێی یاریزانێک بگیردرێت.

ئەوان بەر لەوەی بیانەوێت بایەخ بە (بۆچی) بدەن سەرنج لە (چۆن) دەدەن. واتا لەبنەڕەتدا بڵاوکراوەی زەرد لەسەر میکانیزمەکان یان بەگوزارشتێکی دیکە لەهەواڵنووسیندا تیشک دەخەنەسەر رەگەزی (چۆن). لەبەر ئەوەی رەگەزی (چۆن) بەختی فەزا خۆشکردن و درامانووسیی فەراهەم دەکات و ئەم هەلە دەڕەخسێنێت کە نووسەر فەزاو رووداوەکان بنیات بنێتەوە.

بۆ نموونە ئەگەر گریمان ئۆتۆمبێلێک لەکاتی رووداوێکدا، یەک جار وەرگەڕابێک، نووسەرەکەی پێنج جار دەینووسێت. بەم پێیە ئەم جۆرە بڵاوکراوانە زیاتر لەژێر کاریگەری ئەو گۆڕانانەدان کە تیایدا ناوبانگی کێشمەکێش و ...ی تێدایەو لەلایەکی دیکەوە هیچ کەسێک لەم چاپەمەنییانەدا پێشبینی و چاوەڕوانی خستنەڕووی رێگاچارەی رووداوەکانی لێناکرێت رەنگە یەکێک لەجیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان رۆژنامەوانی زەرد لەمڕۆی خۆرئاواداو جۆرە هاوشێوەکەی لەئێراندا ئەمە بێت کە بابەتەکانیان بۆ بەکارهێنانە. بۆ نموونە کاتێک رووداوێکی وەک دزینی تیادا بڵاودەکرێتەوە، زۆربەیان رێگاچارەکانی سوتاندنی رێگاکانی ئەو دزییەش دەخەنەڕوو. رێگاکانی ترافیکیش لەبەرانبەر رووداوەکاندا دەخەنەڕوو و یا ئامۆژگاری و پێشنیازەکانی پۆلیسیش دەکەنە پاشکۆیەکی. ئەو ئەزموونە هاوشێوانەی پێشتر روویانداوە وەک زەمینەیەک بۆ تۆی دەخەنەڕوو. واتا لەستراکتورێکی جۆرنالیستیترو بەپشت بەستن بەفێرکاریی، هەنگاو دەنێن کە لەچاپەمەنییەکانی ئێمەدا زۆر ئەم ڕەگەزە بەرچاو ناکەوێت. واتا لەوانەیە لەبابەتێکدا زیاتر لەوەی کە شێوازی سوتاندن و دزییەکە زاڵ بێت، فێرکردنی ئەو تاوانە دەخرێتەڕوو.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە بەشێوەیەکی گشتی ئاگادارییەکانی ئەو بڵاوکراوانە لەگەڵ بابەتی ناواخنیشیاندا هەماهەنگییەکی تایبەتیش هەیە. واتا تۆ لەخۆرئاوادا کاتێک لەبڵاوکراوەیەکی زەرددا دەنۆڕێتە رووداوێک، ئاگادارییەکانی بۆ نموونە پەیوەندیدارە بەقفڵی خۆپاراستن لەدزی، ئامێری وریاکەرەوە یا رێگا بەرگرییە تاکەکەسییەکان و شێوازەکانی بەگژداچوونەوەی ئەو جۆرە هێرشانە.

لەراستیدا ئەم ئاگادارییانە وزە بە بابەتەکانی ناواخنی دەدات. لەئێرانیشدا شتێکی لەو شێوەیەمان نییە. خاڵێکی دیکە کە لەوێ لەبەرچاو دەگیرێت و ئێمە نیمانە، دیاردەیەکە بەناوی (Infomercial) ئەمەش زاراوەیەکە پێکهاتووە لەدوو زاراوەی (Information)بەمانای (زانیاری)و(Commercial) بەمانای (بازرگانی) دێت. بەو مانایەی بابەتەکانی ناو ئەم بڵاوکراوانە هەم خاوەنی ناوەڕۆکێکن بەکاردەهێنرێت و هەم وەک جۆرە رێکلامێکیشە. رەنگە جۆرە رێپۆرتاژێکی ریکلامییانەش بێت کە شێوازی نووسینی تیادا هەیە، بۆ نموونە رێکلامەکە پەیوەندیداربێت بەحەبی لەشجوانی و لەو بڵاکراوەیەدا چاپ کرابێت، ئەم رێلامە ئاماژە بۆ جۆر، پێشینە، هۆکارەکان.. هتدی، ئەم حەبانەش بکات.

*** بەڕێز دوکتۆر، ئەخلاقی میدیایی، بابەتێکە بەداخەوە هێشتا لەئێراندا پێناسێکی دیاریکراومان بۆی نییەو رەنگە (چاپەمەنی زەرد) یەکێک لەبنەڕەتیترین تەوەرەکانی باس و خواسی ئەخلاقی میدیایی بێت، بەتێڕوانینی تۆ چۆن دەتوانرێ لەنێوان بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە بڵاوکراوانەو ئەخلاقی میدیایی دا پەیوەندییەک بەرقەرار بکرێت؟**

- من وەک مامۆستایەک کە نزیکەی دوو

دەیەی تەمەنم لەکاری رۆژنامەوانیدا بەسەر بردووە، دانی پێدادەنێم ئێمە لەبواری ئەخلاقی میدیای یاخود ئەخلاقی رۆژنامەوانیدا هیچ کارێکمان ئەنجام نەداوە. تەنانەت بەداخەوە لە زانکۆکانیشدا یەکەیەکمان لەژێر ناوی ئەخلاقی پیشەیی لەرۆژنامەوانیدا نییە. لەکاتێکدا ئەگەر تۆ بتەوێت لێکۆڵینەوەیەکی سادەی ئینتەرنێتی ئەنجام بدەیت، دەبینیت چەندین ملیۆن بەڵگەنامە لەبارەی ئەخلاقی میدیاییەوە (Media ethics) دەخاتە بەردەمت. هەڵبەتە من لەرووی خۆمەوە هەوڵم داوە لەکتێبی (هەواڵ)دا کە لەساڵی (١٩٩٥) چاپ کرا، بۆ یەکەمین جار پرەنسیپی نێودەوڵەتی لەلایەن (رێکخراوی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان-IOJ) و (فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان -IFJ) و (یەکێتی کاسۆلیکانی چاپەمەنی نێودەوڵەتی-VCIP)و .. هتدەوە کە ئەم پرەنسیپە (١٠) خاڵییان ئیمزا کردووە، بڵاوبکەمەوە.

بەداخەوە سەرچاوەکانی ئێمە لەم زەمینەیەدا زۆر کەمەو تیۆری ئەخلاقی میدیایی خۆمان نییە، رەنگە هەنگاوی یەکەم ئەمە بێت دەقەکانی پەیوەندیدار بەئەخلاقی پیشەییمان وەرگێڕاوەو ئەوانە راڤە بکەین، پاشان پرەنسیپەکانی وەک ویژدان، ئەخلاق راستی و راستگۆیی، لیبراڵی، سانسۆرکردن یان تۆمەتبار نەکردنی ئەوانی دیکە...کە لەپرەنسیپە نەگۆڕە جیهانییەکانەو هەمووان بڕوامان پێیانە.

لەهەمانکاتیشدا لەبەرئەوەی ئێمە دیدگاو تێڕوانینی تایبەتمان هەیەو لەوڵاتێکدا دەژین کە شۆڕشی تیادا ئەنجام دراوە، دەتوانین کۆمەڵە خاڵێکی تایبەت بەخۆمان هەبێت و سەرەنجام بەراڤەکردنی دەقە نێودەوڵەتییەکانی ئەخلاقی پیشەی رۆژنامەوانی و چەشەکردنی ئایدیاکانی خۆمان، تەنانەت پرەنسیی ئەخلاقی پیشەیی تایبەت بەخۆمان بنووسینەوە.

بەمپێیە بەتێڕوانینی من قسەکەی تۆ بەتەواوەتی لۆژیکیانەیە، کاتێک لەبنەڕەتدا مەترێکمان نەبێت، ئێمە بە چ شتێک دەمانەوێ ئەندازەگیری بکەین؟ ئایا بڵاوکراوە نا جەنجاڵەکانیش پێویستیان بەمەسەلەی ئەخلاقی پیشەیی نییە؟ ئایا دروستە رۆژنامەنووسێک لەچەند رۆژنامەیەکدا کار بکات؟ پێویستە چ بڕیارگەلێک بەسەر جەنگێک یاخود شکاتنامەیەکی یاسایی دا زاڵ بێت؟ رۆژنامەیەک تا چ ئاستێک دەبێ نهێنی پارێز بێت؟ رۆژنامەیەک لەکوێدا پێویستە فشارکار بێت؟ دەستەبەرکردنی زانیارییەکان بە چ مانایەکە؟ حەرەمی تاکەکەس لەگەڵ پەیداکردنی زانیاریدا چ جیاوازییەکیان هەیە؟ ئەم بابەتانە باسگەلێکن هەموویان لەئەخلاقی پیشەییدا هەڵدەسەنگێندرێن کە بەداخەوە ئێمە پرەنسیپێکی هەمیشەییمان لەم بوارەدا نییەو تەنیا دوای ئینقلاب توانیمان سیمینارێک لەبواری ئەخلاقی پیشەییدا بەڕێوەببەین کە ئیتر بەدواداچوونی بۆ نەکراو بەرهەمەکەشی کتێبێک و دوو وەرگێڕان بوون و دوای سیمینارەکە بڵاوکراوەیە.

لەکاتێکدا لەخۆرئاوا هەر رۆژنامە یان بڵاوکراوەیەک ئەخلاقی پیشەیی خۆی هەیە، بۆ نموونە بڵاوکراوەکانی وەک نیۆیۆرک تایمز یان واشنتۆن پۆست.. هتد و هەر کامیان خاوەنی ئامانجی تایبەت بەخۆیانن و رۆژنامەنووسان ئەرکە لەسەریان رەچاویان بکەن. لەکاتێکدا ئێمە تەنانەت لەبڵاوکراوە جدییەکانیشدا، رەگەزێکی لەو جۆرەمان نییە.

**سەرچاوە:**

**سایتی** (www.resaneha.net) **مرداد ١٣٨٤.**

# کاریگەریی شۆڕشی پەیوەندیکردن
# لە بەجیهانیکردنی ڕاگەیاندندا


د.موئەیەد عەبدولجەبار

و/محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری


شۆڕشی پەیوەندیکردن، شۆڕشی ڕاگەیاندن، شۆڕشی زانیاریی، تەکنۆلۆژیای نوێی پەیوەندیکردن...هتد.

ئەمانە هەموویان زاراوەی جۆربەجۆرن کە پەیوەندییان بە تاکە چەمکێکەوە هەیە ئەویش وەسفکردنی شارستانیەتی ئەمڕۆیە بەشارستانیەتی ئامێرە تەکنۆلۆژییە نوێیەکان، کە لە توانایاندا هەیە گۆڕان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بهێننە ئاراوە. ئەو چیرۆکە زانستیانەی کە تا ماوەیەک لەمەوپێش وەک چیرۆکی ئەندێشەیی باسیان لێوە دەکرا وا ئەمڕۆ بوونەتە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر، لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنیکی ئەلیکترۆنی بەو شێوە سەرسوڕهێنەرەی ئەمڕۆ ئەوا چاوان هەمیشە بێدارن لە سەرقاڵبوونیان بە گەڕان بە شوێن زانیارییەکاندا. زۆر پرسیار ورووژێنراون دەربارەی بەجیهانیکردنی ئەم شۆڕشەو ڕۆیشتنی بۆ ئەو میللەت و کۆمەڵگا جیاوازانەی لە ڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوەو ناچارکردنیان بە تەسلیمبوون و گوێڕایەڵبوون و پەکخستنی توانای کارلێککردن و کاردانەوەیان. ئایا مەبەست لە شۆڕشی پەیوەندیکردن چییە؟.

ئایا ئەمە شۆڕشی سێیەم یان چوارەم یان پێنجەمە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا؟.

بۆ دیاریکردنی مێژووی (شۆڕشی پەیوەندیکردن)، دەبێ بگەڕێینەوە سەر بەکارهێنانی وشەی (شۆڕش) بۆ یەکەمجار لە ئەدەبیاتی ڕاگەیاندندا، لە ڕاپۆرتێکدا کە لەلایەن (سیمۆن نورا) و (ئەلین ماین)ەوە پێشکەش بە سەرۆکی فەرەنسی (جۆرج بومبیدۆ) کرا، کە باسی لە بەستنەوەی تەلەفۆن و کۆمپیوتەر و تەلەفۆن دەکرد وەک یەک ئامێر و بەستنەوەیان بە ئامێری دیکەی کۆمپیوتەرەوە کە پەیوەندییان بە مانگە دەستکردەکانەوە هەبێت، بە مەبەستی ئەنجامدانی پەیوەندیکردنی خێراتر، ئەم پێکەوە بەستنەش ناوزەدکرا بە (تێلیماتیک) و بە شۆڕشێکی پەیوەندیکردن لە قەڵەمدرا. (دانیال بل) ئەم شۆڕشەی بە شۆڕشی چوارەم دانا لە شۆڕشەکانی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی لە مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، ئەویش دوای شۆڕشی نووسین و چاپکردن، بەڵام بەلای خەڵکانێکی دیکەوە بە شۆڕشی پەیوەندیکردنی پێنجەم لەقەڵەم دەدرێ، دوای چوار شۆڕشی بنەڕەتی وەک گەشەسەندنی زمان و نووسینەوەو هاتنەئارای چاپکردن لە ناوەڕاستی سەدەی پانزەیەمدا بەهۆی داهێنانی کارەباو شەپۆلە

موگناتیسییەکان و تەلگراف و تەلەفزیۆن و سەرەڕای وێنەی فۆتۆگرافی و سینەما، دواتریش پەیدابوونی ئێزگەو تەلەفزیۆن لەنیوەی یەکەمی سەدەی رابردوودا. لەگەڵ هەموو شۆڕشێک لەم شۆڕشانەدا سیستەمێکی نوێی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن و زانیاری هاتە ئاراوە، ئەم شۆڕشەش گۆڕانی بەسەردا هات بە یەکگرتنی دیاردەی ئەو زانیارییە زۆرانە و پەرەسەندنی هۆکانی پەیوەندیکردن و هەمەجۆرییان، هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکاندا لە دوورەوە بە بەکارهێنانی زیرەکانەی مانگە دەستکردەکان و خێراتربوونی ڕاگەیاندنی گواستراوە، ئەمانەش هەموویان دەرگایەکی فراوانیان کردەوە بۆ پێشکەوتن.

(ئەلفین تۆفلەر) لە پەرتووکەکەیدا (شارستانی شەپۆلی سێیەم) باس لەوە دەکات کە مرۆڤایەتی تا ئێستا بە دوو شەپۆلی گەورەی گۆڕانکاریدا تێپەڕیوە، کە هەریەک لەوانە شارستانیەت و کولتووری ئەویتریانی سڕیوەتەوەو شێوە ژیانێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە کە لەوەوپێش کەس لە ئەندێشەیدا نەبووە، شۆڕشی یەکەمیان بریتییە لە (شۆڕشی کشتوکاڵی) کە مرۆڤایەتی بەدرێژایی هەزاران ساڵ گەشەیان پێداوەو لە ساڵی (١٨٠٠)دا کۆتایی پێهات، دوای ئەوە شەپۆلی دووەم دەرکەوت کە (سەردەمی پیشەسازی)یەو سێسەد ساڵی خایاند و لە کۆتایی شەستەکان یا سەرەتای حەفتاکاندا کۆتایی پێهات، شەپۆلێکی نوێی جێیگرتەوە لە سەردەمێکی نوێدا کە بە چەند شێوەیەک ناوزەد کراوە لەوانە (سەردەمی زانیارییەکان، سەردەمی شۆڕشی ژمارەیی (digital) سەردەمی زیرەکیی دەستکرد و سەردەمی ئەندازەی بۆماوەیی. هتد)، ئەگەری ئەوە هەیە ئەم سەردەمە خێرا کامڵ بێ و زیاتر لە چەند دەیەیەک نەخایەنێ، چونکە وا دیارە مێژوو زۆر خێرا تێپەڕ دەبێ لەم سەردەمەدا. کەواتە ئەم سەردەمە کاریگەریی لەسەر هەموو تاکێکی ئێمە دەبێت، خێزانەکان زیاتر لێک جیا دەبنەوەو بیرکردنەوەی ئابووری جیاواز دەبێت و ڕامیاری بەهاو تیۆری خۆی دەگۆڕێ، کە سەرجەمیان ڕووبەڕووی هێزە پێشووەکان دەبنەوەو دەسەڵاتداران دەکەونە بەر مەترسییەوە، زەمینەیەکی لەباریش دێنێتە ئاراوە بۆ ململانێی هێزەکانی دوارۆژ. مەبەستی (تۆفلەر) لە (شارستانیەتی شەپۆلی سێیەم)

کەڵەکەبوونی ڕۆشنبیریی و زانست و زانیاری و تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی ئەم سەردەمەیە، ئەم تەکنیکانەش لە زۆر بواردا هەن بەتایبەتی لە بواری زانیاری و پەیوەندیکردندا ئەم شارستانیە نوێیە ئامێری ئەلیکترۆنی وای داهێناوە کە زۆر بە ڕێکوپێکی توانای بیستن و کارکردنی هەیە، بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ماڵەوە وایکردووە لە جیاتی ڕۆیشتن بۆ ئیش یان بۆ کارگە مرۆڤ بە ئاسانی بتوانێ هەموو ئیشەکانی لە ماڵەوە ڕاپەڕێنێ..

بێگومان پەیدابوونی ئەم شۆڕشە نوێیە ڕۆڵێکی مەزنی دەبێت لە گەشەپێدانی ئابووری جیهانیدا، هەروەها ئەم شۆڕشە توانای پەیوەندیکردنی تاکە کەس زیاد دەکات و دەرەنجام هەموو کەسێک دەبێتە خاوەن کەسایەتییەکی جیاواز و سەربەخۆ. تا ئێستاش کاریگەریی ئەم شۆڕشە ئەلیکترۆنییە نازانرێ لە ئایندەدا لەسەر کەسایەتی مرۆڤ چۆن دەبێ، چاوەڕوان دەکرێ ڕاوبۆچوونە جەماوەرییەکان بەرە بەرە لە داکشان بن و بۆچوونە تاکەکەسی و گرۆپییەکان زیاتر گەشە بسێنن. دەرەنجام هەمەجۆرییەک لە بیروبۆچوون و دروشم و بەهاکاندا لە هەموو کۆمەڵگایەکی سەر ڕووی ئەم زەمینە بێتە ئاراوە. (مارشاڵ ماکلوهان) کە لێکۆڵینەوەی زۆری کردووە دەربارەی گەشەسەندنی شارستانی بەهۆی گەشەسەندنی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنەوە، لە کۆتاییدا توانی دەستەواژەی (دێیەکی جیهانی) بهێنێتە ئاراوە، کە زۆر لە شارەزایان ئەمە بە پێشبینییەک دادەنێن بۆ بەجیهانیبوونی پەیوەندیکردن. ناوبراو ئەم دەستەواژەیەی لە ساڵی (١٩٦٤) داهێنا، دەتوانین بڵێین پێشکەوتنی تەکنەلۆژی لە بواری پەیوەندیکردندا لە ئەنجامی کارلێککردنی سێ بواردا هاتۆتە ئاراوە:

١-بواری پەیوەندیکردنی تەلدار و بێتەل.
٢-بواری ئامێرەکانی بیستن و بینین.
٣-بواری زانیارییەکان.

**کارلێکردنی ئەو سێ بوارە بەهۆی پێنج فاکتەرەوە دەبێت:**

١-هەوڵدان بۆ یەکخستنی بەکارهێنانی سیستەمی ژمارەیی لە تەکنۆلۆژیادا، هەروەها یەکخستنی هێما ئەلیکترۆنییەکان.

٢-پێشکەوتنی ئامێرە تەلدار و بێتەلەکان و گەشەسەندنی توانایان لە بواری گواستنەوەی

زانیارییە جۆراوجۆرەکاندا وەک وێنەو دەنگ و دەق و بەیانەکان.

٣-بەکارهێنانی شاشەی تەلەفزیۆن وەک ئامێرێکی هەمەجۆر کار ئەنجامدەر کە لە خزمەتی خەڵکدایە.

٤-بەهۆی چارەسەرکردن و خەزنکردنەوە دەتوانرێ هەموو جۆرە دەنگ و ڕەنگ و دەق و زانیاری جۆراوجۆر تێکەڵ بکرێ.

٥-هەوڵدان بۆ زیادکردنی ڕێژەی گفتوگۆو کارلێکردن لەنێوان خەڵک و ئەو ئامێر و دەزگا سەرەکییەی کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات، بەمشێوەیە ئەم ئامێرە تەلەفزیۆنییەی ئێستا دەبێتە ئامێرێکی فرە ئەرک و ئەنجامدەر، هەروەها تۆڕی پەخشکردنیش بەرەبەرە دەبێتە تۆڕێکی ژمارەیی (digital) کە دەتوانێت زۆر ئەرک ئەنجام بدات. کەواتە تەلەفزیۆن دەتوانێ ڕۆڵی چەندەها ئامێر ببینێ لە هەمانکاتدا وەک تەلەفۆن ئاسایی و سەتەلایت و ڤیدیۆ و ئینتەرنێت و فاکس و سەرچاوەی زانیاری و تەلەفۆنی بینراوو ئیمەیل.

ئەم کارلێککردنە تەکنۆلۆژیای تازەی هێنا ئاراوەو گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پیشەسازی پەیوەندیکردن ئەنجامداو هەولیداوە ڕێکخستن و گونجاندنی شیاوتر ئەنجامیدا لەنێوان ئەو هەموو ئامێرانەی کە هەریەکەو ئەرکی خۆی ئەنجام دەدات. تەکنۆلۆژیای نوێ چاوەڕێی لێدەکرێ لە ئایندەیەکی نزیکدا ئامێری پێشکەوتووتر و جۆراوجۆرتر بهێنێتە ئاراوە کە تەکنیکی ژمارەیی تیادا بەکاربێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو جۆرە زانیارییەکی نووسراوو بیستراو بینراودا، ئەم پێشکەوتنە تەکنیکییە بووە هۆی پەیدابوونی ئەمانەی خوارەوە:

١-ڕێکوپێکیی و چاکتربوونی ئامێری وێنەگرتنی ئەلیکترۆنی و چاکبوونی توانای خەزنکردن و چارەسەرکردنی.

٢-گەشەسەندنی ئامێرەکانی گواستنەوەی دەنگ ورەنگ بەهۆی تەکنیکە ژمارەییەکانەوە.

٣-بەهۆی پێشکەوتنی ئامێرەوە توانای پەخشکردن زیادی کرد هەروەها ژمارەی کەناڵە ئاسمانییەکانیش لە زیادبووندایە.

٤-دوو کەس دەتوانن بەهۆی شاشەی تەلەفزیۆن لە دوو شوێنی جیا لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ بکەن، هەروەها بینەر دەتوانێ لەگەڵ دەزگای پەخشکردندا گفتوگۆ بکات و شت بکڕێت و هەر لە دوورەوەش فێربێت.

٥-ئەنجامدانی ئەرکی ئامێری تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر و تەلەفۆن و فاکس بەیەک ئامێر.

٦-دەتوانرێ نووسین و وێنە لەگەڵ دەنگی بیستراو لە هەمان کاتدا پەخش بکرێ.

ئەم پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییە لە بواری پەیوەندیکردندا گۆڕانکاری زۆر خێرای هێناوەو دەهێنێتە ئاراوە، بە شێوەیەکی وا کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەمەوپێش بەخۆوەی نەبینیوە، هەموو ئاستێکی ڕامیاریی و ئابووری و ڕۆشنبیریی و سەربازیی گرتوەتەوە. تەکنەلۆژیا تەنیا بریتی نییە لەو ئامێر و کەرەستانەی کە دروستکراون، بەڵکو توانیویەتی باروودۆخێکی کۆمەڵایەتی نوێ بێنێتە ئاراوە، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی خەڵک بەرو گۆڕان ببات. زانیاری و زانست بوونەتە گرنگترین سەرچاوەکانی هێزی ڕامیاری و ئابووری و سەربازی، کە بەهۆیانەوە وڵاتان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دێنن و بیروباوەڕی خۆیانی پێ باڵا دەست دەکەن بۆ پتەوکردنی دەسەڵات و مسۆگەر کردنی بەرژەوەندییان، کەواتە (هێزی زانیارییە) وەک (میشێل فۆکۆ) دەڵێ: پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی و سەرمایە تەواوکەری یەکترن، دەتوانین ئەمە بە ڕوونی لە بۆچوونەکانی ئەمریکادا ببینین لەمبارەوە، دوای سەرکەوتنی سەرۆکی ئەمریکی (بیل کلنتۆن) بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ جاری دووەم لە نەوەدەکاندا، بایەخێکی زۆر درا بە بواری پەیوەندیکردن و پلانی تایبەتی بۆ دارێژرا لە ژێر ناوونیشانی (N.I.I) ئەم سیاسەتە ئابوورییە نوێیە چاوەڕێی قازانجی زۆری لێدەکرا، کە دەتوانێت گرفتی چاودێری تەندروستی و چاکسازی بەرنامەکانی پەروەردەو فێرکردن چارەسەر بکات، سەرەڕای بەهێزکردنی باڵادەستی تەکنەلۆژیای ئەمریکی لەسەر ئاستی جیهاندا. جێگری سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا (ئەلگۆر) کە خۆی پسپۆرە لە بواری زانیاری و پەیوەندیکردندا، ڕاپەڕاندنی ئەم بەرنامەیەی گرتە ئەستۆ کە ڕەزامەندی لەسەر درابوو وەک بەرنامەیەکی ستراتیژی. دەیان بلیۆن دۆلار لە بواری پەیوەندیکردندا خرایەگەڕ و کەرتی تایبەت ڕۆڵی سەرەکی تیا بینی، هەروەها وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا هەمان پرۆژەیان گرتە بەر کە (٨٠) ملیار دۆلاری تێچوو، لەهەمانکاتدا وڵاتە دەوڵەمەندەکان (٤٠٠)

ملیار دۆلاریان لەم بوارە خستەگەڕ.
بەمشێوەیە شۆڕشی پەیوەندیکردن، بە جیهانیبوونی گەیاندۆتە ئەم ئاستەی ئەمڕۆ، وەک دیارە هێزی ئابووریی تەکنۆلۆژی بەشێوەیەکی نایەکسان لە نێوان جیهانی یەکەم و جیهانی سێیەمدا دابەشبووە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا و ژاپۆن بەگشتی بەشی شێریان هەیە لە دروستکردن و سوودوەرگرتن لە ئامێرەکانی زانیاری و پەیوەندیکردندا، وەک لە بەیانەکانی (رێکخراوی هاریکاری و ئابووری و گەشەسەندن OECD)دا هاتووە، رێژەی خستنەگەڕی سەرمایە لە بواری تەکنۆلۆژیای زانیاری لە ئەمریکا گەیشتۆتە (١٢٪)ی سەرمایەی وەبەرهێنراو لەو وڵاتەدا، لە کاتێکدا رێژەکە (٨٪)ە لە بەریتانیاو ژاپۆن و کەنەدادا، (٦٪)ە لە فەرەنسا لە ساڵانی هەشتادا. هەندێ لە راپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە سەرمایەی وەبەرهێنراوی هەندێ کۆمپانیای گەورەی نێودەوڵەتی لە بواری (تەکنۆلۆژیای زانیاری) و (بەرنامەکان)دا، لە (١٠) ساڵی سەرەتای هەزارەی نوێدا، زیاتر دەبێت لە سەرمایەی وەبەرهێنراو لە بواری ئامێر و کەرەستەی دیکەدا. بەهۆی ئەمەشەوە بوو ململانێی گەورە لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو کۆمەڵەی ئەوروپی بە سەرکردایەتی فەرەنسا روویدا لە میانەی واژووکردنی کۆتایی لەسەر رێکەوتننامەی (GATT) لە ئاداری ١٩٩٤.

لە رووی خاوەنداریەتی بیری و رۆشنبیرییەوە، کۆمەڵەی ئەوروپی وای بۆ دەچێ، باڵادەستی راگەیاندنی ئەمریکی لەگەڵ بە جیهانیبوونی راگەیاندندا، بە واتای لە ناوچوون و پاشەکشەکردنی بیری رەخنەگرانەو لەناوچوونی ناسنامە دێت، بەتایبەتی ناسنامەی ئەوروپی لە بەرانبەر هێرشی راگەیاندن و کولتووری ئەمریکیدا، بەجیهانیبوونی راگەیاندن دەبێتە هۆی کۆنترۆڵکردنی تەواوی هەموو جیهان و میللەتان بەهۆی رۆڵی مەزنی مانگە دەستکردەکانەوە، وەک بیرمەندی فەرەنسی (پۆل ڤیریلیۆ) دەڵێت" ئەوەی کە ناسنامەی ئەوروپی دەخاتە بەر هەڕەشەوە بریتییە لە بە جیهانیبوون، ئەم وشەیەش بە ئەمریکاییبوون و لیبراڵیبوون دەگەیەنێ، کە بە هۆیەوە هەوڵدەدرێ بۆ سڕینەوەی کولتوورەکانی دیکەو توانەوەی کولتوورە بچووکەکان و نەهێشتنی تایبەتمەندیی و ناسنامەکان و دروستکردنی جیهانی بێ کولتوور". ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پشتەوەی ئەم ململانێیەدایە کە بەهۆی کۆمپانیەکانییەوە سێ لەسەر چواری بەرنامەکانی لە سەرتاسەری جیهاندا پەخش دەکات، لە کاتێکدا رێژەی ئەوەی وەریدەگرێ ناگاتە (٢٪) لە ساڵانی نێوان ١٩٨٥-١٩٩٤ هاتنە ژوورەوەی فلیمەکانی ئەمریکا بۆ پانزە وڵاتەکەی ئەوروپا لە (٤٠٠) ملیۆن جار بۆ (٥٥٠) ملیۆن جار زیادیکردووە، بەمەش رێژەی فلیمی پیشاندراوی ئەمریکی لە (٥٦٪) بۆ (٧٦٪)ی زیادیکرد. لە لایەکی تر کێبڕکێی راگەیاندنی ئەمریکی بەرهەمە بیستراوو بینراوەکانیشی گرتۆتەوە، ئەوروپا هەموویان پێکەوە دەرامەتێکی کەمیان هەبووە لەم بوارەدا کە گەیشتە چوار ملیار دۆلار لە ساڵی ١٩٩٥دا، بێتوانایی ئەوروپا لەوەدا دەردەکەوێ کە ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٩٢دا بایی (٢٥٠) ملیۆن دۆلار بەرهەمی بیستراوو بینراویان بۆ ئەمریکا ناردووە لە کاتێکدا بایی (٣٧٥٠)ملیۆن دۆلاریان لێوەرگرتووە.

ئەگەر مەترسییەکانی بەجیهانیبوون بەو شێوەیە بێ بۆ سەر وڵاتە پێشکەوتووەکان وەک وڵاتە ئەوروپییەکان، کەواتە چاوەڕێی مەترسی لە رادەبەدەری لێدەکرێت لەسەر جیهانی سێیەم، مەترسی بەجیهانیبوونی راگەیاندن لەوەدایە ئایدۆلۆژیەتێکی ئیمپریالی لە پشتەوەیە، لە لایەکیتر پێکهاتەی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنیش مەترسی خۆی هەیە، خاوەن شتوومەکە وێنەییەکان تەنیا لە هەوڵی ئەوەدان شتوومەکەکانیان بە زووترین کات و بە زۆرترین قازانج بفرۆشن، بازرگانی رۆشنبیریش لەم پرەنسیپە بەدەر نییە، هەرچەندە گەر بێ ناوەڕۆکیش بێت. تەنیا ئەرکیشی بریتییە لە پڕکردنەوەی کەناڵەکانی ئاڵوگۆڕ و پەخشکردن لەمیانەی بەکارهێنانی وشەو دەنگوڕەنگ، ئەمەش بە روونی لە بواری تەلەفزیۆن و سینەمادا بەرچاو دەکەوێت، کە بەرهەمە هونەرییە ئاست بەرزەکان روو لە بێ بازاڕین، نرخی کاسێتیش تەنیا بەوە دادەنرێ کە ئایا تا چ رادەیەک دەستکەوتی ماددی تێدایە یان بینەری هەیە. بەجیهانیبوون لە هەوڵی دروستکردنی یەک کولتووردایە کە جیهان هەمووی بەڕێوەببا ئەوەش بە بەکارهێنانی ئامرازی ئابووری پەیوەندیکردنەوە، چونکە بە جیهانیبوون لە هەوڵی لەناوبردنی دژەکەیدایە،

هەمیشە پلان دادەڕێژێ بۆ کۆنترۆڵکردن و لەناوبردنی کولتووری بەرانبەر، بەو پێیەی جیاوازی کولتووری دەبێتە تەوەری ململانێی ئایندە.

یەکێک لە گرنگترین خەسڵەتە پێکهاتەییەکانی بەجیهانیبوون بریتییە لە هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی شێوەی بیرکردنەوەو شیکردنەوەو بۆچوونی خەڵک یان ئەوەی کە پێی دەڵێن (ئەندێشە) کە بە ئامرازێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ دەربڕینی هەموو مرۆڤێک بۆ خودی خۆی و ژیان و بوونی، هەرکاتێک کۆنترۆڵی ئەندێشەی مرۆڤ کرا ئەوا ئەو مرۆڤە بەشێوەیەکی ناتەواوو کۆنترۆڵکراو کەسایەتی خۆی دەردەبڕێت، نەخاسمە (بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندن) بەهۆی تەکنۆلۆژیای پەیوەندیکردنەوە لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی (پرەنسیپی لێکچوون) و پاراستنی ئەو پرەنسیپەیە، بۆ ئەوەی ببێتە واقعێکی حاشا هەڵنەگر و کۆمەڵگا بگۆڕێت بۆ پارچەیەکی هەمان شێوە.

**کەواتە (بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندن) ئەمانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:**

١-کۆنترۆڵکردنی ئەندێشەی کۆمەڵ، ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆن کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لەسەر چینی منداڵ و هەرزەکار، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی گۆڕانی شێوەی ڕەفتاریان، سەرەڕای ئەوەی لە هەموو چینێک زیاتر کارتێکراون لەلایەن شارستانییەتەکانی دیکەوە. چینی هەرزەکار و لاو کە زیاتر بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندن لە هەوڵی کارتێکردنیانە، ناتوانێت خۆڕاگربێت بەرانبەر هێرشی ڕاگەیاندن، هەروەها ناتوانێت خۆی بپارێزێت، لە ئەنجامدا دەبێتە خاوەن هەڵوێستێکی لاواز و تەریتیانە، کە وایلێدەکات ناچاربێ شێوەی ڕەفتاری خۆی بگۆڕێت بەو شێوەی کە ئەو ڕاگەیاندنە دەیەوێ.

٢-داڕشتنی ژیانی ڕۆژانە بەشێوەیەک کە ڕوو لە گۆڕان نەبێت، ئەویش بە بەتاڵکردنی مێشکی خەڵک، ئەم جۆرە داڕشتنە ئاڵۆزی و مەترسی خۆی هەیە، چونکە لە هەوڵی بەتاڵکردنی شێوەی بیرکردنەوە کولتووری میللەتانە لە ڕێی جەختکردنە لەسەر شتی بێبایەخ و بایەخنەدان بە هیواو ئاواتە مرۆڤایەتییە سوودبەخشەکان، جێی سەرسوڕمان نییە گەر بە جیهانیبوونی ڕاگەیاندنی ئەمریکی و ئەورووپی ببینین جەختی زیاتر دەکەنە سەر کێشەی توندوتیژی لەنێوان دراوسێ و کێشەی کوشت و بڕین و تاوانی ڕێگەوبان ژن خواستنی میرو دەوڵەمەندەکان و بابەتەکانی گواستنەوەی یاریزانەکان لەنێوان تیمە ئەورووپییەکانداو بڕی ئەو پارەیەی کە وەریدەگرن. بەرانبەر بەمەش کێشە سەرەکییەکانی مرۆڤایەتی پشتگوێ دەخەن، سەرەڕای پشتگوێخستنی بەهاداری شتە پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی و دابونەریت و ڕەفتارە ئایینی و ڕەوشتە بەرزەکانی میللەتان، هۆیەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن لە داڕشتنی ژیانی ڕۆژانەی میللەتانداو گۆڕانی بایەخیان و گۆڕینی ئاستی مرۆڤایەتییان.

٣-ئەرکی دیکەی بەجیهانیکردنی ئەندێشە بریتییە لە داڕشتنی هەستی مرۆڤایەتی و کۆنترۆڵکردنی بەو شێوەیەی کە دەیانەوێ، بۆیە دەبینین مردنی شازادە (دیانا) جێی بایەخی هۆکانی ڕاگەیاندن بوو بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، کە گرنگی و بایەخی زیاتری پێدراو لەو شەڕە ناوخۆیی و ڕەگەزی و تیرەیی و برسێتیانەی کە لەسەرتاسەری جیهاندا ڕوودەدەن. کەواتە کۆنترۆڵکردنی هەستی مرۆڤایەتی و بەرنامەکردن و گرنگیپێدانی، کۆنترۆڵکردنی ئەندێشەی کۆمەڵەو لە ئەنجامدا کۆنترۆڵکردنی کولتووری میللەتانە.

٤-ئەنجامێکی دیکەی بەجیهانیبوونی کولتووری بەشێوەیەکی گشتی و بەجیهانیبوونی ئەندێشەیی بریتییە لە پشتگوێخستن و بێبەها دانانی سەرچاوەی ڕۆشنبیری و داهێنراوە مرۆڤایەتییەکان کە دەرامەتێکی مادی زۆریان لەدواوە نییە، بەگوێرەی ئەم بۆچوونە، هەموو داهێنانێک کە بەشێوەیەکی کەم یان زۆر پەیوەندی بە بازاڕەوە نەبێت، ئەوا بە بێبەهاو بێسوود لەقەڵەم دەدرێ.

٥-بەکارهێنانی بواری هەستیی لە گفتوگۆکردنی ڕاگەیاندندا باڵادەست بووە بەتایبەتی وتووێژکردنی نێوان کۆمەڵگەی پیشەسازیدا، لەجیاتی چەمک و بیروبۆچوونەکان بۆ پەیوەندیی و گفتوگۆکردن، شتوومەکەکان بە کاردێنن، کەرەسەی جوانکاری و خۆڕازاندنەوەو جلوبەرگ لە جیاتی باسکردنی جوانی ئافرەت و مێیەتی بەکار دەهێنرێ، هەروەها ئەو جۆرە دەربڕینە دەتوانێ پەیوەندیکردن دروست بکات لە نێوان ژن و پیاوداو پەیوەندی سۆزی و جوانی دەربڕێت.

٦-پرســەکە تەنیا بەکارهێنانی شتوومەکەکان نییــە، بەڵکــو گەیشــتۆتە رادەیــەک کــە هەوڵی گۆڕینــی بەهــاو دابونەریتــە کولتوورییەکانــی هەموو کۆمەڵگایەک دەدرێ، سینەماو تەلەفزیۆن و یاریگاکانــی تۆپــی پــێ بەرەبــەرە خەریکــی گۆرانــی بیروبۆچوون و بەهــاو دابونەریتەکانن کە کۆمەڵگاکان لەسەری دەڕۆن.

کەواتــە روون و ئاشــکرایە کــە شۆڕشــی تەکنەلــۆژی هەموو قۆناغەکانــی پەیوەندیکردن و راگەیاندنــی گرتۆتــەوە، بەهــۆی ئەویشــەوە بەجیهانیبــوون گەیشــتۆتە ئــەم پلــەو پایــەو کاریگەرییــە، چونکە رۆڵی ئەم شۆڕشــە روون و ئاشــکرایە لەســەر کۆکردنــەوەی مــادەی راگەیانــدن و چارەســەرکردن و بەرهەمهێنانی و دواتــر پەخشــکردن و بڵاوکردنــەوەی، بەڵکو شــێوەو جــۆری گوێگرتــن و تەماشــاکردن و مامەڵەکردنیــش لەگــەڵ هۆکانــی راگەیانــدن گرتۆتەوە، ئەم هۆیانەی کە بارودۆخ و شــێوەی ئیشکردنی گۆڕیوە، هەروەها شێوەو قۆناغەکانی بەرهەمهێنانیــش کــە پیایــدا تێپــەڕ دەبێــت ئەو پرسیارەی کە دێتە ئاراوە ئەوەیە، ئایا هاوولاتی لە جیهانی سێیەمدا چ باجێک دەدات لە ئەنجامی کاریگەریــی ئــەو هەمــوو ئاراســتەکردنەی کە هۆکانــی راگەیاندن ئەنجامــی دەدەن لە هەموو کات و ســاتێکدا و لەژێر چەندەها ناوونیشــاندا. بەم شــێوەیە دەگەینە ئــەو بڕوایەی کە زانیاری و ئامێرەکانی بیســتن و بینیــن و پەیوەندیکردن کۆنترۆڵــی هەمــوو گۆڕانکارییەکــی ســەدەی بیســت و یەک دەکەن. لێرەشدا هێزی دەوڵەت و کۆمەڵگاکان بەگوێرەی توانایان دەردەکەوێت لە پەخشکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکاندا، چونکە زانیاری دەبێتە وزەیەکی ســتراتیژی کە پێشی نەوت و هێزی پیشەسازی دەکەوێت.

**ســەرچاوە: العولمــة الاعلاميــة ، د.مؤيــد عبدالجبار الحديثي، عمان ٢٠٠٢.**

# بۆ بابەتێکم
# لەژمارە شەشی (ڕۆژنامەنووس)دا

نەوزاد عەلی ئەحمەد/ سوید

**سەرەتاو ڕستەی تر:**
لەژمارە شەشی گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)دا بابەتێکی فراوانم سەبارەت بەبزاڤی ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی کوردستان لەژێر ئەم ناونیشانە (ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١ لێکۆڵینەوە، بیبلیۆگرافیا) بڵاوکردەوە، دیارە بابەتی لەم شێوەیە بەپشکنینی زیاتر دەوڵەمەندتر دەبێت، منیش وەکو هەولێری دەڵێن (هەندەک چیرەم درێژە) و هەردەم لەکاتی نووسیندا بەگومانەوە لەئەنجامی لێکۆڵینەوە دەڕوانم، بەتایبەتی لەکاتی ساغکردنەوەی بابەتێکدا، ئەو بابەتەشم لە ژمارەی ناوبراوی (ڕۆژنامەنووس) دا هێشتا زۆری بەبەر ماوە تاتۆزێک لەگومانەکانم بڕەوێنەوە.

پاش پشکنینی چەند کتێبخانەیەکی کەسی و پرسیاری چەند بارەم لەچەند بەڕێزێک، وا زانیاریتر لەسەر چەند بڵاوکراوەیەکی ڕۆژنامەنووسیی بڵاودەکەمەوە، کە پێشتر باسم کردوون، هەروەها ناوو زانیاری لەمەڕ چەند بڵاوکراوەیەکی تازە دۆزراوە دەخەمەڕوو، لەپاشکۆی بابەتەکەشمدا ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی دووەمی یەککگرتووی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەئەوروپا بڵاودەکەمەوە..

**دەنگی کۆمەڵە:**
بەگوێرەی ڕاگەیاندنێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا K.S.S.E ی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان-عیراق، کە ڕۆژی ١٩٨٠/٥/٤ بڵاویانکردۆتەوە بۆ (دەنگی کۆمەڵە) نووسیویانە: ژمارە (١)ی دەنگی کۆمەڵە-بەزمانی کوردی لە شوباتی ١٩٧٨و ژمارە (٢) لە ١٩٧٩ دەرچووە، لەژمارە (٦)ی (ڕۆژنامەنووس) دا نووسیومانە ژمارە (٦) لە ١٩٨٥ و ژمارە (٧) لە ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە.

**الاتحاد:**
لە لایەن (جمعیه الطلبة العراقیین فی السوید-فرع اتحاد الطلبة العام فی الجمهوریه العراقیه) بەزمانی عەرەبی دەرچووەو لەهەر ژمارەیەکدا چەند لاپەڕەیەکی بۆ زمانی کوردی تەرخانکردووە، لەژمارە شەشی (ڕۆژنامەنووس) دا تەنیا لە ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٨١ دواوم، بەڵام دوای پشکنین ئەم ژمارانەشم دۆزییەوە، کە لەهەر


الاتحاد
نشرة دەنگوباس
تصدر عن: جمعية الطلبة العراقيين في السويد - فرع اتحاد الطلبة العام في الجمهورية العراقية
IRAKISKA STUDENTFÖRENINGEN I SVERIGE (G.U.S.I.R)
العدد الاول ١٩٨٩

ژمارەییێکدا چەند لاپەڕەییێک لەپاڵ زمانی عەرەبی بەزمانی کوردی دەرچووە، بەڵام ژمارەش هەیە کوردی تێدا نییە:

– الاتحاد، ژمارە (١) تشرینی یەکەم، ساڵی پێنجەم، ١٩٨٤.
– الاتحاد، ژمارە (٢) ئازار–نیسان، ١٩٨٦.
– الاتحاد، ژمارە (٣-٤) ساڵی ١٩٨٦.
– الاتحاد، ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٧.
– الاتحاد، ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٩.
– الاتحاد، ژمارە (٢) ئایاری ١٩٩٠.

* K.S.S.E بەزمانی ئینگلیزی:

لەبابەتی ناوبراومدا تەنیا ئاماژەم بەژمارە (١)ی ئەم هەواڵنامەیە کردبوو، بەڵام هەر لەساڵی ١٩٨٣ لەمانگی تشرینی دووەمدا (نۆڤمبەر) ژمارەییێکی تری چوار لاپەڕەیی لەگەڵ پۆستەرێک بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە، لەسەر ئەم ژمارەیە نووسراوە ژمارە (٢).

**دەنگ:**

لەبابەتی ناوبراومدا، لەچوار ژمارەی ئەم هەواڵنامەیە دواوم، کە لەساڵی ١٩٨٦ و ١٩٨٧ بڵاوکراونەتەوە، پاش پشکنین ئەم ژمارەیەشم دۆزییەوە.

– دەنگ، ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٥ بریتییە لە شەش لاپەڕە.

بڵاوکراوەو گۆڤاری تر:


کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا
KSSE
DENG
دەنگ
STOCKHOLM
KOMELEY XWÊNDIKARANI KURD LE EWRUPA
LEQÊ SWED
1985
دەنگوباس
لە یادی شەهید بوونی شێخ سەعیدو هاوڕێکانی

لەبابەتەکەم لەژمارە شەشی گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) دا لەم بڵاوکراوەو گۆڤارانەی خوارەوە نەدواوم و وا وەک پاشکۆیەکی بابەتەکەم بە بیبلیۆگرافیاکەی دەلکێنم.

**دەنگی یەکێتی:**

لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد


KSSE
دەنگی یەکێتی
ژمارەی یەک
فبروواری مارتی ١٩٨٨
دەنگی یەکێتی
دوی ڕیبەندان

لەئەوروپا لقی ئەڵمانیای رۆژئاوا بووە.

- دەنگی یەکێتی، ژمارە (١) مارتی ١٩٨٨، چوار لاپەڕەیە، قەبارە (A٤)ە، ئەمە یەکەمین ژمارەی بڵاوکراوەکەیە.

- دەنگی یەکێتی، ژمارە (٢) ئاوریلی ١٩٨٨، شەش لاپەڕە، قەبارە (A٤)ە.

**صوت الرابطة** (**دەنگی یەکگرتن**):

لەلایەن (رابطة الطلبة العراقيين فى النمسا) بەزمانی عەرەبی و کوردی دەرچووە، ژمارە (١) لەتەمووزی ساڵی ١٩٨٢ دەرچووەو بریتییە لە (٣٢) لاپەڕەی قەبارە (نیو A٤)، بەرگێکی جیاواز لەو (٣٢) لاپەڕەیەی بۆ داندراوە.


صوت الرابطة
دەنگی یەکگرتن
رابطة الطلبة العراقيين في النمسا
GUSIR

**النشره:**

لەلایەن (جمعيه الطلبة العراقيين فى المملكه المتحده فرع اتحاد الطلبة-العام فى الجمهوريه العراقيه) بەزمانی عەرەبی دەرچووە، ناوەناوەش لەیەک دوو لاپەڕەدا بەزمانی کوردی نووسینی بڵاوکردۆتەوە، من ئەم ژمارەیەتان پێشکەش دەکەم.

النشره، ژمارە (١) سەرەتاکانی ئازاری ١٩٨٤ ساڵی سی و دووەمین، بریتییە لە (١٦) لاپەڕە، تەنیا لەیەک لاپەڕەدا بابەتی بەزمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە، قەبارەکەشی فولسکابە.


المجد والخلود للشهيد نزار ناجي يوسف
النشرة
من المحتويات

**نشره الطلبة:**

(جمعية الطلبة العراقيين في الدانمارک فرع اتحاد الطلبة العام فى الجمهورية العراقية) بەزمانی عەرەبی و چەند لاپەڕەییەکی بەزمانی کوردی دەرکردووە، من تەنیا ئەم ژمارەیەم بینیوە.

- نشره الطلبة، ژمارە (٤) تەمووزی ١٩٨٥، قەبارەکەی نیو A٤ە، بریتییە لە (١٦) لاپەڕە، چوار لاپەڕەی بەزمانی کوردییە.

**السباع:**

گۆڤاری (رابطة الطلبة العراقيين فى الاتحاد السوفيتى)یەو بەزمانی عەرەبی دەرچووە، بەڵام چەند لاپەڕەیەکی بۆ زمانی کوردی تەرخانکردووە، من تەنیا ئەم ژمارەیەم بینیووە.

- السباع، ژمارە (٤) کانوونی دووەمی ١٩٨٤، قەبارەکەی نیو A٤ بریتییە لە (٤٤) لاپەڕەو لە (٥) لاپەڕەدا بابەتی بەزمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە، گۆڤارەکە بەرگی هەیە.

لەپاشکۆی ئەم وتارەدا:

پێم باشە لەگەڵ ئەم نووسینەدا (راگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی دووەمی یەکگرتووی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەئەوروپا) دەقاو دەق بڵاوبکەمەوە، چونکە وەک دیارە هەم خۆیان بەرانبەر بەدانانی زاراوەی (کوردستان)







ساغکردۆتەوە، هەم وەک دۆکۆمێنتێکی پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١-ی کوردستانی باشوور پێویستە خوێنەران لەناوەڕۆکی ئەم گوتارانە وردببنەوەو زانیارییان هەبێت.

**دەقی ڕاگەیاندنەکە:**

**ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی دووەمی یەکگرتووی**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەئەوروپا لەڕۆژانی ١٨-١٩٩٠/٨/٢١ لەشاری گراتس/ نەمسا کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەئەوروپا لەژێر دروشمی (با بە پتەوکردنی ڕیزەکانمان، کۆمەڵەکەمان بکەین بەدەزگایەکی خەبات و پاڵپشتێکی بەهێزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لەپێناوی مافی چارەنووسی دا) بەسترا.

سەرەتا کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆنگرە بەخێرهاتنێکی گەرمی لەمیوان و نوێنەرانی کۆمەڵە خوێندکاری و سیاسیەکان و کۆنگرە کرد. کۆنگرە دەستی پێکرد بەوەستانی دەقیقەیەک ماتەمینی بۆ گیانی شەهیدانی بزووتنەوەی خوێندکاری و سیاسی کوردستانی و گشت شەهیدانی ڕێگای ئازادی هەموو گەلانی ئازادیخوازی جیهان.

دوای ئەوەی ووتاری کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندرایەوە، ووتارو بروسکەو نامەی ڕێکخراوە خوێندکاری و پارت و شەخصیەتەکان خوێندرایەوە، تێکرا پیرۆزبایی و پاڵپشتی خۆیان بۆ یەکێتی و بزووتنەوەی خوێندکاری لەئەوروپاو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دەربڕی.

ئەوەی شایەنی باسەو وتارێکی دوورو درێژ لەلایەن نوێنەری بەرەی کوردستانی/ عێراق پێشکەش کرا سەبارەت بەبارودۆخی هەموو پارچەکانی کوردستان و ئەرکەکانی خوێندکاران لەدەرەوەی وولات.

دوای ئەوەی بڕیار لەسەر شەرعیەتی کۆنگرەو خشتەی ئیش و کارەکان درا، گفت و گۆ لەسەر ڕاپۆرتەکان دەستی پێ کرد، ڕاپۆرتی سیاسی بەچالاکی و گورج و گۆڵیەوە لەلایەن ئامادەبووان وتووێژی لەسەرکرا، بەووردی بارودۆخی نەتەوەی کوردمان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیەکەی و سیاسەتی قەلاچۆکردنی بەکۆمەڵ و تەهجیرو بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ڕەفتارەکانی ڕژێمە دیکتاتورو شۆڤینیەکانی گەلەکەمان دەچەوسێننەوە باس کرا.

کۆنگرەی زۆر بەتووندی سیاسەتی ڕژێمە دیکتاتورو تیرۆریست و شۆڤینیەکانی مەحکوم کرد کە دەرهەق بەگەلی کورد ئەنجام ئەدرێت، داوا لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتان و ڕای گشتی جیهانی کرا کەسنووری بێدەنگی ببڕن و هاوکاری خۆیان پەرەپێبدەن لەگەڵ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان و سنووریک بۆ ڕەفتارەکانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان دابنێن.

لەلایەمک ترەوە ئەوە دووپات کرایەوە، ئەو جەورو ستەمەی کە بەسەر گەلی کوردمان لە پارچەکانی کوردستان سەپێندراوە سوور بوون لەسەر تێکۆشان و گیانی بەرگری خاو ناکاتەوە، بەڵکو هەموو ئەو کارەساتانە ئەبنە پاڵنەرێک بۆ لێک نزیک بوونەوە، هەر لەو ڕوانگەیەوە داوا لەهەموو لایەنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی کرا کە لەچوارچێوەی بەرەی کوردستانی کۆببنەوە لەهەموو پارچەکانی کوردستان.

سەبارەت بەم ڕووداوانەی کە لەسەر ئاستی جیهانیدا ڕوویاندا کۆنگرە بەدرێژی لەسەری وەستاو دەستنیشانی ئەوە کرا کە لەئەنجامی بیرکردنەوەی نوێ برسترویکا لەیەکێتی سۆڤیەت کۆمەڵێک گۆڕانکاری هاتە کایەوە، بەرهەمەکانی نەهێشتنی شەڕی ساردو کەم کردنەوەی خۆ چەکدارکردن و چارەسەرکردنی گیروگرفتە ناوچەییەکان، جگە لەکێشەی گەلەکەمان، سەرەڕای قوڵکردنەوەی ناوەڕۆکی دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ.

ئەم گۆڕانکارییانە کاری کردە سەر ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەژێر پاڵەپەستۆی خەباتی ئەم گەلانە مافە نەتەوایەتیەکان و دیموکراسی و مافی مرۆڤ بۆتە داواکاریەکی میللی.

دووپاتی ئەوە کرایەوە کە چارەسەرکردنی هەردوو مەسەلەی کوردو فەلەستین بەڕێگای ئاشتیانە بناغەی ئاشتیەکی پتەو دادەمەزرێنی لەڕۆژهەڵای ناوەڕاستدا، کۆنگرە زۆر بەتووندی ئیدانەی بەکارهێنانی هێزو توندوتیژی کرد لەچارەسەرکردنی کێشە ناوچەییەکان.

کۆنگرە بەگیانێکی هەست بەلێپرسینەوەکردن لەسەر گرنگی یەکبوونی ڕێزەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردستانی لەئەورووپا و چۆنیەتی پتەوکردنی لەگەڵ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان لەپێناوی مافە نەتەوایەتیەکانی دا وەستا. کۆنگرە هاوکاری خۆی دەربڕی لەگەڵ تێکۆشانی گەلانی چەوساوەو ئازادیخواز لەپێناو ئازادی و دیموکراسی مافی چەرەنووسی دا. هاوکاری گەلان و ڕێکخراوو شەخصیەتەکان لەگەڵ تێکۆشانی گەلەکەمان بەچاوێکی پڕ ڕێزەوە باسکرا.

کاروبارەکانی ڕابردووی کۆمەڵە بەشێوەیەکی مەوزوعیانەو بەگیانێکی دیموکراسی¬یەوە هاتە باس کردن و هەڵسەنگاندن لەئەنجامدا کۆمەڵێک ڕاسپاردەو بڕیاردران بۆ بەرەو پێش بردنی چالاکیەکانی داهاتووی کۆمەڵە. سەر لەنوێ ئامادەبووانی کۆنگرە بەڵێنی سوور بوون لەسەر خەبات لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دووپات کردەوە.

کۆنگرە ژمارەیەک سڵاونامەی نارد لەپێش هەموویانەوە بۆ پێشمەرگە نەبەزەکان و هەموو ئەو خوێندکارو تێکۆشەرانەی کە لەسەر خاکی نیشتمان و دەرەوەیدا ڕووبەڕووی ڕژێمە دیکتاتۆرو شۆڤینیستەکان دەبنەوە، هەروەها سڵاونامە ڕەوان کرا بۆ یەکێتی خوێندکارانی جیهانی و ڕێکخراوو کەسانی هاوکارو دۆست.

ئەندامانی کۆنگرە بەشێوەیەکی دیموکراسی و دەنگدانی نهێنی ڕاستەوخۆ کۆمیتەی بەڕێوبەرایەتی گشتی نوێ¬ی هەڵبژارد و کارەکانی کۆنگرە بەسروودی نەتەوایەتیمان (ئەی ڕەقیب) کۆتایی پێ هات.

**کۆتایی تەمووزی ١٩٩٠**

**کۆنگرەی دووەمی یەکگرتووی**

**کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان**

**لەئەورووپا**

# بۆ ڕێناس-ی ڕۆژنامەناس

نەوزاد عەلی ئەحمەد- سوید

لە ژمارە (٧)ی ئەم گۆڤارەدا ڕێناس نەوروز-ی بابەتێکی لەژێر ئەم ناونیشانە بلاوکردۆتەوە (لاپەڕەیەکی دیکە لە ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات ١٩٧٥-١٩٩١) بلاوکردۆتەوە، بابەتەکە بریتییە لە چەند سەرنجێک سەبارەت بە بابەتێکم کە لە ژمارە شەشی ڕۆژنامەنووس دا بلاوکردۆتەوە، سەرەتا زۆر سوپاسی سەرنجەکانی دەکەم و ئەم چەند لاپەڕەیەی دەبێتە یەکێک لە سەرچاوەکانم بۆ باشتر دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەم، بەڵام بەپێویستم زانی چەند بەرچاو ڕوونییێک بۆ بابەتەکەی ڕێناس بخەمەڕوو:

*من ئەم بابەتەم لەپێناوی زیاتر دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە بلاوکردۆتەوە، تا چەند پسپۆڕ و شارەزاییێکی بزاڤی خوێندکاران و مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە زانیاری و سەرنج بابەتەکە پڕ زانیاری بکەن تا ئەگەر لە ئایندەدا وەک کتێب چاپم کرد زۆرترین زانیاری دروست لەخۆ بگرێت.

*زۆربەی سەرناوی باسەکەم بریتین لەسەرە قەڵەم و نەمویست درێژدادڕی بکەم.

*کێشەی ڕۆژنامەگەریی ئەوەندە زۆرن، مرۆڤ دەتوانێ نەک بۆ بابەتێکی لەم جۆرە لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیا بنووسێت و ئامادە بکات، بەڵکو هەر لاپەڕەییێک لە لاپەڕەی بلاوکراوەو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانمان پێویستیان بە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون هەیە، بۆ نموونە یەکێک لە کێشەکان دووبارەو سێبارە بوونەوەی ناوی بلاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانە، ڕێناس باس لە (ئاسۆ) و (کۆڵنەدان) دەکات، ئەوەی ئەو ڕاستن، بەڵام زانیارییەکانی منیش هەمیسان ڕاستن.

*لەبابەتەکەی ژمارە (شەش)دا، ئەم دەستەواژەیەم لەلاپەڕە (٤٨)ی گۆڤارەکەدا نووسیوە:

(ئەم بابەتەی ئێمە جۆرێک لە تایبەتمەندی خۆی هەیە، زیاتر باس لەو کۆمەڵە خوێندکارییە کورد و کوردستانییانە دەکات کە لەنێوان ساڵی ١٩٧٥-١٩٩١ ئەو حزبە کورد و کوردستانییانە دایانمەزراندوون کە زیاتر لە کوردستانی خواروو خەباتیان کردووە) بەڵام ڕێناس لە بابەتەکەیدا چەند بلاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارێکی نووسیوە کە ئەو کۆمەڵە خوێندکارییانە دەریانکردوون کە سەر بەو حزب و ڕێکخراوو کۆمەڵە سیاسییانە بوونە، کە زیاتر لە پارچەکانی کوردستانی باکوور یاخود ڕۆژهەڵات یاخود ڕۆژئاوا خەباتیان کردووە، دیارە من ئەو تایبەتمەندی و پۆلێنەم تەنیا بۆ مێژووی خەباتی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی کوردستان لە ساڵانی ١٩٧٥ تا ١٩٩١ بە دروست زانیووە، بەڵام بۆ پێش ئەو مێژووە ناتوانرێت مێژووەکە پۆلێن بکرێت، بۆیە چەند بلاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارێک هەن کە لەنێوان ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩١ دەرچوونە فەرامۆشم کردوون.

*بۆ شوێنی دەرچوونی بلاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان زیاتر پشتم بەو ئەدرێسانە بەستووە کە لەسەریان نووسراوە، چونکە ئەمە بەڵگەی بەڵگەدارن.

*من بەهیچ شێوەیەک ئەو وڵاتانەی کوردستانیان تێدا دابەشکراوە بە (دەرەوەی کوردستان) نازانم وەک ڕێناس لە کۆتایی نووسینەکەیدا ئاماژەی بە ناوی چەند شارێک کردووە.

* سنووری بابەتەکەی من لەنێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩١) نەک دوای ساڵی (١٩٩١)یش، کەچی ڕێناس پەڕیوەتەوە بۆ دوای ١٩٩١ و ناوی چەند گۆڤارێکی هێناوە، بەڵام ڕێکخراوی (لاوان) و (خوێندکاران)ی تێکەڵاوکردووە، بۆ نموونە (دیمانە) و (دیدار) لەنێوان دوو ڕێکخراوی جیاوازی لاوانەوە دەرچوونە کەچی ڕێناس وەک دوو (بلاوکراوە) گۆڤاری خوێندکاران لە قەڵەمی داون. سەرەڕای سەرنجی ترم.


هاوار
كوفارا كردى * مجلة كردية

# ژ ٧٤ سالان ڤه هاوار هاتیه هاوارا مه گەلۆ ئەم هاوارا وێ ڤه چوونه

کۆنێ رەش

ڤەگوهاستنی ژ تیپێن لاتینی: چیایی

بـەری هــەر تشــتی، دخــوازم ب گوتنەکــە میر جەلادەت بەدرخان دەست پێبکم (مال خەرابۆ! ما وە ئەو چەند وەخت نینە، کو هوون ژ بۆ هینبوونا زمانێ بیانیان ب ســالانە ڤــە خەبتینە، ئیرۆ ژی دخەبتــن، ژ بۆنا کو بکارن فینفۆنەکە درەوین ب لیڤ بکن. کورۆ! عەیبە، شەرمە، فهێتە، ئان هینی خوەنــدن و نڤیســاندنا ب زمانێ خــوە ببن، ئان مەبێژن ئەم کوردن، بێ زمان کوردیتی ژ وە را نە روومەتە، ژ مە را روورەشیەک گرانە. هەیف و خەبینەت و هەزار مخابن، نەمازە ژ وان را ب زمانێن دن دزانن بخوینن و بنڤیســن و ئالفابێیا زمانێ خوە هێچ ناس ناکن..).

میـر جەلادەت بەدرخان، کوڤـارا هاوار، هژمارا (٢٧)، ١٩٤١

وەک کــو دیارە، د رۆژا ١٥ێ گولانا ئیســال دە (٢٠٠٦)، ٧٤ ســال د ســەر دەرچوونــا کوڤــارا هــاوارێ رە دەربــاس دبــن. ب ڤــێ مەبەســتێ ئــەز دخــوازم جارەکــە دن هەولا خــوە د بیرا بەدرخانیــان دە داکــم و کەلا خــوە و کەلاتیێن زمــان و رۆژنامەگەریا کوردی ب قورتەک ئاڤ ژ ڤێ بیرا بەدرخانیان هێنک بکم...

وەک کــو ناســە، میر جەلادەت عالــی بەدرخان دەســتپێکا ژیانا خوە دە پیش ب سیاسەتێ کریە و دگــەل رە ژی هەولدایــە کــو تورکــێ خوە ژ رەوشەنبیریا گشتی داگرە.

وی ئــەڤ هــەردوو بــار ب هەڤــرە هلگرتینە و شــۆپاندنە. ژ خوە سیاســەت بێ رەوشەنبیری، و رەوشــەنبیری بێ سیاسەت تاکووز نابە ئانکو

هوناندنەک د ناڤبەرا هەردوان دە هەیە.
میر جەلادەت عالی بەدرخان، د بچوکانیا خوە دە فێری گەلەک زمانێن بیانی بوویە و ب وان زمانان سەروەختی چاند، فەرهەنگ و رەوشەنبیریا گەلەک ملەتان بوویە، د گەل کو زمانێ کوردی، زمانێ ئاخفتنا مالا وی بوو. و د سالا (١٩٠٩)ان دە، ل بەر دەستێ مەولان زادە رفعەت ئەفەندی، خوەدیێ رۆژنامەیا "سەربەستی" ل ستەنبۆل، فێری کار و بارێن رۆژنامەڤانیێ بوویە. ل سەر ڤێ یەکێ مێژەکن، بێ ئەو ب خوە د رۆمانا "بیرا قەدەرێ" دە چ دبێژە:
". شەرەکی نۆ دەستپێکربۆ. من کار، شخۆل، مال، دەزگەه، پەیوەندی، هەدەف و ئارمانج دڤیان. منێ چ بکرا بەرێ خوە بدا کو.
کوردان گۆتبوون: تەیر باشە ب رەفێ خوە رە. ئەزێ ببووما هەڤالێ کێژان رێز و رەفانش من خواندن و نڤیسین، علم و عرفان، رۆژنامە و کۆڤار هلبژارتن. من دا سەر ڤێ ریێ. ئەز نکاریبووم ببووما پاشا، زابت، تاجر، دکاندار، کارمەند، هەمبال، بەردەڤک، پەیایێ مالێ و خەمخورێ کارێ رۆژانە. ئەڤ کار و تشت ل من نە دهاتن.١ نە بالا من ل سەر وان بوو و نە ژ وان هەیاجانەک دڤان ژینا من.
لێ نڤیسکاری، رۆژنامەڤانی، کار و دۆزێن مەزن، هەدەف و ئارمانجێن بلند، پیرۆز هەیجانەک بێ پایان ددان من. ئەز، یان ژی، ئەز، برا، مام و مرۆڤێن خوە ژی، ب هەسبینم و ببێژم ئەم، ب بیر و دیتنێن روسوو، دیدەرۆت، ڤۆلتەرێ و فەیلەسوف و نڤیسکارێن دن یێن شۆرشا فرانسایێ، ب شێعرێن خانی و عومەرێ خەیام و ب دەرس، تەجروبە و سەرپێهاتێن میر بەدرخان پەروەردە ببوون. ما مە قیما خوە ب کارێن رۆژانە دئانیش هەدەفێ خوە هەلبژارت..
هنگێ دو مەجموعا هەبوون، کو ل سەر دلێ من، هەم پر ئەزیز بوون، ئیجتیهادا عەبدوللا جەودەت بەگ و (سەربەستی) یا مەولان زادە رفعەت بەگ.
گاڤا من داخوازا خوە یا خەباتێ، ل جهێ سەربەستی ژ مەولانزادە رفعەت بەگ رە گۆت، وی بەرچاڤکێن خوە دەرخستن، ئەز هەمبێز کرم (موکەممەل، موکەممەل) گۆت و ئەز ل ئالیێ دن یێ بورەیێ ل بەر ماسەکە بچۆک دام رۆنشتن. ب ڤێ ئاوایی من دەست ب خەباتا رۆژنامەڤانیێ کر...
سەربەستی رێ ل بەر من ڤەکر کو ئەز بکاربم رۆژنامە و کۆڤارێن کو من پاشێ ل وەلاتێن دوور و خەریب دەرخستن، بوەشینم. ئوگەر ئەو تەجرۆبێن رۆژێن ستەنبۆلێ نەبوونا، نە هاوار و کتێبێن وێ، نە ژی رۆناهی دەردکەتن. ئەز نە باوەرم کو ئەوێ بکاریبوونا دەرکەتنا..."
ژ هنگێ ڤە میر جەلادەت بەدرخان پیش ب کارێ رۆژنامەڤانیێ کریە، پێ مژوول بوویە و گەلەک گۆتار د رۆژنامەیا (سەربەستی) دە وەشاندنە، ئەو رۆژنامەیا کو د ناڤبەرا سالێن ١٩٠٩-١٩١٣ یان دە ل ستەنبۆلێ دهات بەلاڤکرن. د سالا ١٩١٠ان دە، دەما کو هێژ خوەندنا خوە دکر، ب کار و بارێ وەشاندنا کۆڤارەکە دبستانی رابوویە و بەرپسیارا وێ کریە. د سالا ١٩١٢ ان دە ب شاگرت و قوتابیێن کوردێن ستەنبۆل رە بەشداری ئاڤاکرنا (کۆمەلا خوەندەڤانێن کورد) بوویە، ئەوا کو تێ ناسکرن ب ناڤێ "هیڤی"، و ب وان رە ئالیکاری د وەشان و بەلاڤکرنا کۆڤار و رۆژنامەیێن وان دە کریە، وەک:
- رۆژی کورد (١٩١٣): ئەڤا کو د بن بەرپسیاریا محەممەد سالح بەدرخان دە دهات وەشاندن.
- هەتاوی کورد (١٩١٣): ئەڤا کو د بن بەرپسیاریا هەمزە بەگێ مکسی دە دهات چاپ و بەلاڤکرن.
- یەکبوون (١٩١٣): ئەڤ ژی د بن بەرپسیاریا محەممەد سالح بەدرخان دە دهات وەشاندن.
د سالا ١٩١٨ان دە، ئالیکاری د وەشان و بەلاڤکرنا کۆڤارا "ژین" دە کریە، ئەوا کو ب ناڤێ (کۆمەلا تەعالی کوردستان) ل ستەنبوولێ دهات وەشاندن، د بن بەرپسیاریا مەمدوح سەلیم بەگ وانلی و هەمزە بەگێ مەکسی دە...
و وەها تا کو د رۆژا ١٥ گولانا ١٩٣٢ان دە، بەری ٧٤ سالان، کۆڤارا خوە "هاوار" ل شامێ، ب تیپێن لاتینی چاپ و بەلاڤ کریە و د رووپەلا پێشین دە گۆتیە:
"هاوار دەنگێ زانینێ یە، زانین خوەناسینە، خوەناسین ژ مەرە ریا فەلات و خوەشیێ ڤەدکە. هەر کەسێ کو خوە ناس بکە، دکارە خوە بدە ناسکرن. هاوارا مە بەری هەر تشتی، هەینا زمانێ مە دێ بدە ناسکرن، لەوما کو زمان شەرتێ هەینێ ئا پێشی یە.."
ب وەشاندنا کۆڤارا هاوارێ رە، ب تیپێن لاتینی، یەکەمین جارە د دیرۆکا کوردان دە کو زمانێ کوردی ب تیپێن لاتینی تێ نڤیساندن. ژ ڤێ کۆڤارێ ٥٧ هژمار هاتنە وەشاندن. هەژمارا

داویـن د ١٥ێ تەباخا ١٩٤٣ان دە بوو. تەمەنێ هاوارێ دوور ١١ سـالان درێـژ کریە، بەلێ دو جـاران ژی کۆڤار ژ بەر رەوشـا ئابۆری هاتیە سەکناندن.

ئەڤ کۆڤار ب دوو زمانان، کوردی و فرانسـی، دهـات وەشـاندن. ژ هەژمـارا ١-٢٣ـان ب دو ئالفەبەیـان، ئەرەبی و لاتینی، دهات نڤیسـاندن، ژ هەژمارا ٢٤ان و شـۆن ڤـە، تەنێ ب ئالفابەیا لاتینی مایە بەردەست..

د دەستپێکا وەشاندنا کۆڤارا هاوارێ دە ب تیپێن لاتینـی، گەلەک شـێخ، مـەلا و فەقەیێن کوردان دژی بەردەستکرنا تیپێن لاتینی ژ زمانێ کوردی رە سـەکنینە و گۆتنە: ئەڤ تیپێن گاورانن، چاوا هـوون پێ زمانـێ مە دلەوتینن..! تا کو شـێخێ شەهید عەبدولرەحمانێ گارسی فتووکە دەرانیە و پـێ تیپێـن لاتینی ژ زمانێ کـوردی رە هەلال کریە...

ناڤەرۆکا هاوارێ بێتر ل سەر ڤان بابەتان بەلاڤ دبوو: ئالفابەیـا کوردی، زمانێ کوردی، گرامێرا کوردی، فەرهەنگا کوردی، هەم ژی ستوونەک ژ زارۆکان رە و قونجکەک بژیشکی و تەندروستی ژی تێ دەڤەکربوو.

گەلـەک نڤیسـکارێن کـوردان ب رێیـا هاوارێ ناڤ و دەنگ دانە، وەک: جەگەرخوین، ئوسـمان سەبری، قەدری جان، د.نورەددین زازا، رەشیدێ کورد، هەسەن هشیار. ژ خوە قەدری جان وەک نووخریێ هاوارێ تێ ناسکرن، چکوو ئەو ژ یێن پێشین بوو کو تێ دە نڤیساندیە.

د سـالا ١٩٤٢ـان دە، میر جـەلادەت کۆڤارەک دن، د گـەل کۆڤـارا هاوارێ وەشـاندیە ب ناڤێ "رۆناهـی"، ئەڤ کۆڤـار ژی ب کوردیا لاتینی ل شامێ هاتیە چاپ و بەلاڤکرن.

هژمارا پێشـین ژ ڤێ کۆڤارێ د نیسانا ١٩٤٢ان دە هاتیە وەشاندن، هەژمارا داوین (٢٨) د ئادارا ١٩٤٥ان دە دەرچوویە. ب ڤێ کۆڤارێ یەکەمین جـارە کـو رۆژنامەڤانیا کـوردی ب وێنە هاتیە وەشاندن.

ب سایا میر بەدرخانێ بۆتی، کور و نەڤیێن وی، رۆژا ئیـرو ئـەم خوە پەی بلنـد د ناڤ نەتەوێن جیهانێ دە دبینین، ب سایا میر بەدرخان یەکەمین سەرهلدانا کودری یا نەتەوی دەستپێکریە. ب سایا کـورێ وی میقداد مەدحـەت بەدرخان، بنگەهێ رۆژنامەڤانیـا کـوردی هاتیە دانین، و ب سـایا نەڤیـێ وی میر جەلادەت ئالـی بەدرخان زمانێ کـوردی بوویە خـوەدی ئالفابەیەک خوەسـەر، کـو رۆژا ئیرو پرانیـا کـوردان ب ئالفابەیا وی دخوینن و دنڤیسین.

هەکەر ژ بەری ٧٤ سالان ڤە هاوار هاتبە هاوارا مـە، گەلـۆ، رۆژا ئیـرۆ ئـەم ب هـاوارا وێ ڤە چوونـە...! تەڤـی ڤێ تەکنۆلۆجیـا نوو و مودرن و ڤـان ئالاڤێـن راگەهاندنێ یێن ب لـەز و بەز، هـێ ژی ئەم نکارن کۆڤارەکـێ مینا هاوارێ ب هەردوو شێوەیێن کوردی، کورمانجی و سورانی ب وەشـینن و د ناڤ کوردان دە ب بەلاڤ کرن بـدن..! میـر جـەلادەت بەدرخان ب تەنـا خوە، هەردوو زاراڤ د کۆڤارا هاوارێ دە کۆم دکرن، و نڤیسکارێن وێ ئیرۆ ستێرن گەشن د ئاسمانێ کوردسـتانێ دە.. گەلـۆ! چما ئەم نـکارن و ئەم ناکـن. و یێن کو کارن چما ناکن ...! پرسـکە، ئە ژی وەک خوەندەڤانان ل بەرسڤێ دگەرم...!!

هەگـەر مـرۆڤ ل دیـرۆکا مالباتـا بەدرخانیان ڤەگـەرە و بەرپێل بکـە، وێ ببینە کو بەدرخانی ب تەڤایـی د سـەرگوون و زیڤاریـان دە هاتنە کوشتن و مرن، و ئەڤ یەک ب تەنا خوە خوەش ددەڤانە ژ دلسوزی و وەفاداریا وان رە، ژ گەلێ کورد رە. و ئەڤ یەک دهێلە کو ئەم ناڤێ وان ب تیپێن زێرین د دیرۆکا گەلێ کورد دە بنڤیسین و وەها بیرانین ژ بۆ ٧٤ سالیا دەرچوونا یەکەمین کۆڤـارا کوردی ب تیپێن لاتینـی، ب ناڤێ هاوار کـو میر جـەلادەت ئالی بەدرخان د وەشـاند ب بیر بینن..

سـەد رەحمـەت ل گیانێ تـەڤ رەفەرێن مالباتا بەدرخانیان ببارە، بهوشت جە و وارێ وان بە.

*** ئـەو چـوار بڵاوکراوەیـە (رۆژی کورد، هەنـاوی کـورد، یەکبـوون، ژیـن) هیچ بەڵگەیەک لەبەردەسـتدا نییە کە (جەلادەت عالی بەدرخـان) بابەتی تێدا بڵاوکردبنەوە، تەنیـا (ژین)ـەکەیـان نەبـێ دوو بابەتـی د.کامـەران عالی بەدرخانی بە زمانی تورکی تێدا بڵاوکراوەتەوە، هەرچی هەردوو گۆڤاری (رۆژی کـورد و هەتـاوی کورد)یشـە ئەوە یەکەمیان خـاوەن ئیمتیاز و بەرپرسـیاری عەبدلوکەریمی حاجی عەبدوڵڵای کەرکووکی زادەو دووەمیشـیان عەبدولعەزیز بابان زادە بووە نەک ئـەو دوو زاتەی نووسـەر ناوی بردوون.**

# مێژووی ڕۆژنامەنووسیی تورکمانی

# ١٩٥٨ - ١٩٧٠



ئیسماعیل عەلی

**بەشی دووەم**

له پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨، ئاستی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی تورکمانی گەشانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوەو بووە مایەی دەرکردنی کۆمەڵێک ڕۆژنامەو گۆڤاری هەمەڕەنگ، بەزمانی تورکمانی و عەرەبی، کەچەندان چاپخانە بەچاپ کردن و دەرهێنانییەوە خەریک بوون و ڕەواجیان لە نێوەندی خوێنەران و ڕۆشنبیرانی تورکمانی هەبوو، ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارە تورکمانیانەش پێشەنگ بوون:-

### * ڕۆژنامەی البشیر

ڕۆژنامەی (البشیر) ڕۆژنامەیەکی هەفتەیی ئەدەبی بووە، بەزمانی تورکمانی و عەرەبی لەلایەن محەمەد ئەمین عەسری - خاوەن کتێبخانەو چاپخانەی (الترقی) لە کەرکووک دەرچووە، یەکەم ژمارەی لە ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٥٨ دەرچووە، تا ١٧ی ئاداری ١٩٥٩ (٢٦) ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوەو.

سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیە، پارێزەر محەمەد حاجی عزەت بووە، کەیەکێک بوو لەقازییەکانی کەرکووک، بەشە تورکمانییەکەی لەلایەن پارێزەر - عەتا تەرزی باشی، هەروەک سکرتێری نووسینیش کاری کردووە، بەڕێوە چووە و بەشەعەرەبیەکەشی لەلایەن پارێزەر حەبیب هورمزی بەڕێوە چووە. لەژمارە دووشەوە مامۆستای لێهاتوو وەحیدەدین بەهائەدین چووە ڕیزی دەستەی نووسەران.

لەڕاستیدا بیرۆکەی ئەم ڕۆژنامەیە بۆ پێش شۆڕشی گەلاوێژی ١٩٥٨ دەگەڕێتەوە، بەڵام وا ڕەخسا لەپاش ئەو مێژووە دەربچێت. ئەوە بوو ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرو ئەدەبیانی کەرکووک تاوتوێی بیرۆکەو ڕێبازی ڕۆژنامەکەیان کرد. ئەوجا مامۆستا محەمەد ئەمین عەسری داوایەکی فەرمیی ئاراستەی کاربەدەستان کرد بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی (واتە خاوەن ئیمتیازی) ڕۆژنامەکە، گوایە ناوەکەی (تەرەقی) بێت، بەڵام لەبەر هۆکاری سیاسی داواکە پەسەند نەکرا، پاشان پێشنیاری ئەوە کرا ناوی ڕۆژنامەکە (البشیر) بێت، بەو شێوەیە داواکەی عەسری ڕەزامەندی لەسەر درا. بەخامەی نووسەرانی لێهاتوو، ژمارە لە دوای ژمارە ڕۆژنامەکە دەوڵەمەن تر دەبوو، (١٦) لاپەڕە بوو، ئەم ڕۆژنامەیە خزمەتێکی

دیاری بە بزاڤی ڕۆشنبیرانی و ئەدەبی لە کەرکوکدا گەیاندو لە لاپەڕەکانیدا چەندین لێکۆڵینەوە و باسی و وتارو چیرۆک و شیعرو بابەتی دیکەی بە هەردوو زمانی تورکمانی و عەرەبی بلاوکردۆتەوە کۆمەڵێک ئەدیب و نووسەرانی تورکمانی و کوردو عەرەبی ناودارو بە توانا بۆیان دەنووسی، لەڕاستیدا دەرکەوتنی (البشیر) بەو شێوە، ڕووداوێکی بایەخدار بوو لەمێژووی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیری تورکمانیدا، هەروەکو لە پێشودا ئاماژەمان پێدا لە ١٧ی ئاداری ١٩٥٩ دا بەهۆی بارودۆخی ناهەمواری ئەو قۆناغەو دوور خستنەوەی دەستەی نووسەرانی (البشیر)

بۆ باشووری عێراق (پاش کودەتاکەی شەواف لە موسڵ وهاتنی زەعیم روکن دواد ئەلجەنابی بۆ کەرکووک فەرمانەدەی لەشکری دوو، ڕۆژنامە کە پەکی کەوت و بە دەرچوونی ژمارە ٢٦ کۆتایی پێهات.

### * ڕۆژنامەی گاورباغی

ڕۆژنامەیەکی هەفتەنامەی ئەدەبی، تەواو کەری ڕۆژنامەی (کرکوک) بوو لەپاش شۆرشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەی دەرچوو، ڕووناکبیر (عوسمان خۆشناو) لەلایەنی کارگێری بەڕێوەی دەبرد، یەکەم ژمارەی لە ١٩٥٩/٦/٢٩ کەوتە بەر دیدی خوێنەران و (٣٤) ژمارەی لێ دەرچووە.

### * گۆڤاری الطليعة (پێشڕەو)

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری پەروەردەیی بووە، بەهەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی لەلایەن یەکێتی قوتابیانی عێراق ـ لقی کەرکووک دەرچووە، ژمارەی یەکەمی لە ١٩٦٠/٣/١ دەرچوو، تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچوو.

### * گۆڤاری قارداشلق– الاخاء

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و ئەدیبەی تورکمانی بوو لەساڵی ١٩٦٠ لە شاری بەغدا لەلایەن یانەی برایەتی تورکمانی دەرچووە. دوا بەدوای ڕەزامەندی دەوڵەتی عێراق بۆ دامەزراندنی یانەی برایەتی تورکمان (یانەی أوجاغی تورکمانی) لەبەغدا پاش ماوەیەک یەکەم ژمارەی گۆڤارەی (قارداشلق) لە دایک بوو، هەموو ڕۆشنبیران و ئەدیبانی تورکمانی لە شارەکانی کەرکووک




و هەولێر و توز و ناوچەکانی دیکە تورکمان نیشین، بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و مێژوویی ـ خۆیان تیدا بلاو دەکردەوە ئەم گۆڤارە تا ساڵی ١٩٩٨بەردەوام بوو بە بیانووی کەم دەرامەتی و بێ سەروبەری وەستێنرا، خاوەن ئیمتیازی ئەو گۆڤارە سوبحی کەمال و بەرێوەبەری نووسین جەلال تەها عەبدولقادر و سکرتێری نووسین د.فازل مەهدی بەیاتی بوون. گۆڤاری (قارداشلق) مانگانە بەزمانی تورکمانی و عەرەبی دەردەچوو. وێرای وەستانی هەندێ ماوەو گۆڕانی سەرنووسەرەکانی پاش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی یانە دواتر ناوی هەندێ لەو دەستانە دەگۆڕا. بەلام بۆ مێژوو دەڵێین ئەو گۆڤارە بایەخێکی تایبەتی لە ژیانی گەلی تورکماندا هەبووە، لە هەمان کاتدا سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆشنبیرییەکی نوێ بوو لە ژیانی گەلی تورکماندا، بەتایبەتی لە ژیانی ئەدیب و ڕۆشنبیران، نەوەیەکی نوێی لە شاعیرو ئەدیب و نووسەران بەگشتی لێ دروست بوو بە وشەی ڕاستگۆیانە و بەرهەمی شیعری نەمرو زیندووکردنەوەی مێژوو و زمان و هونەر و فۆلکلۆرو کەلەپوری ئەدەبی و نەتەوایەتی خزمەتی گەلی تورکمانیان کرد، لەماوەی دەرچوونی ئەم گۆڤارە بایەخدارە داوای زۆری لەسەر بوو، بەڕاستی بووە هۆی ژیانەوەی

(رۆشـنبیری تورکمانی). لەسەرەتای حەفتاکاندا لاپەڕەکانی کۆتایی، بابەتی بەپیتی لاتینی تورکی بڵاو دەکردەوە، بەڵام زۆری نەخایاندا ئەویش لەبەر هۆی سیاسـی و مەترسی رژێمی عێراق، ئەوە بوو

لـە بۆنەیەکـی دیکـەدا گۆڤارەکـە داخـرا، لێ نەگەڕان بابەت بە زمانی تورکی بڵاو بکرێتەوە، ئەویـش کار دانەوەیەکـی لـێ کەوتـەوە و بـووە نیمچە راپەرینێکـی جەمـاوەری لـە نێو تورکمانەکانی شـاری کەرکووک و خەڵکی زۆر تووشی ئەشکەنجەو گیران هاتن.

گۆڤاری (الاخاء ـ قارداشلق) دوای ئەو هەموو سـەراو دەراوو هێنـان و بردنـەی بەسـەریدا هات و تاداخسـتنی مەیدانێکی بەربڵاوی قەڵەمە هۆشیارەکان و چرۆ تازەکان بوو و کەمتەرخەمی لـە هەق کـەس نەکـردووە. کۆششـی ئەوانەی بەبابەتـی بەرز یارمەتیان داوە بەرز نرخاندووە و هانـی داون ودنەی داون کەسەروسـۆراخی کاری رۆژنامەوانیـی بکەن، هەرچەندە کوسـپ و تەگەرەشـیان هاتبێتە رێ، پتر لە سـیساڵان بە بەرپرسیاریەتی خۆی بابەتیانەو بە دڵسۆزی و رەسـەنایەتی راپەراندووەو خوێنەرانی بەرەو خێر بـردوە نەک شـەڕ. بـۆ سـەرفرازی نەک مل کەچـی و بۆ پاکی نەک پیسـی، بۆ ئەوانەی لـەو کاروانـە درێـژەدا ماندوو بوونـەو مافیان نەخورێ ئەوا ئەو پێشرەوانە بەسەر دەکەینەوە کەبە شانازییەوە بەرپرسیاریەتییەیان لە ئەستۆ دابـووە، لەپێشـەنگەکان، عەمیدی خانەنیشـین شەهید عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان و دکتۆر مەردان عەلی و ئەندازیار جەمال دەمیرچی و نەجمەدین عزەدین و جەلال نەقیب و عەبدولقادر سـلیمان و ئیمان سـەدیق و حەبیب هورمزی و ئەندازیار عەدنان بەیاتلـی بوون. ئەوانەی دوای ئەمانەش عەبدولقادر سـلیمان، ئیحسان وەسفی و شەهید رەزا دەمرچـی و تحسـین بەهجـەت و حەبیب هورمزی کە هەمیشـە لە دەسـتەی نووسەرانی گۆڤارەکە بووە. لەسـاڵی حەڤدە هەمیشدا ئەمانە یـەک لـەدوای یەکـدا بوونـە سەرنووسـەری گۆڤارەکە. جەلال تەها عەبدولقادر و سـکرتێری نووسین د. فازل مەهدی و دەستەی نووسەران حلیمـی عوسـمان و محەمـەد خەلیـل ئەحمەد حەشی و عەدنان ئەحمەد سەعدوڵڵا و تەحسین بەهجەت بوون.

هەرچـی دوای هەشـتاکان بـوو بەتایبەتی لە ١٩٨٢/٣/١٨ کارگێری یانەی (الاخاء ـ قارداشـلق) و سەرۆکایەتی نووسین گۆڕاو رژێمی دکتاتۆر زۆر لـە بۆچـوون و نووسـینی رۆشـنبیرو نووسـەران دەترسا بەڵکو سانسـۆری دانابوو لەسـەر بڵاوکردنـەوەی و ناوەڕۆکی گۆڤارەکە روو لەکزی و لاوازی دەچـوو، گەرچـی لـەم سەردەمەشـدا ئـەم بەرێزانەی خـوارەوە گۆڤارەکەیان بەرێوە دەبرد:. د. سـوبحی کەمال و نـازم بەهجەت و سـەفوەت جەمیل و فەوزی نوری عەلی و مەردان بەیاتی و محەمەد سـاڵح. دەتوانین بڵێن پاش گرتن و لەسێدارەدانی هەندێ لـە رووناکبیـران جـۆرو شـێوازی گۆڤارەکەو ناسنامەی نەتەوەی و تێکۆشانەکەی گۆڕاو بوو بە گۆڤارێکی ئاسـایی. هەرچەندە قەڵەمە پاک و نەتەوەییـە بەرزەکانی ئەو ماوە دوورو درێژەی تەمەنـی (قارداشـلق) بەپێـی شـێوازو جـۆری نووسینەکان و بیرو رایان لێیان دەدوێن:

١- ئـەو نووسـەرە دیارانەی بـۆ گۆڤارەکەیان نووسیووە بەزمانی عەرەبی: د. سەفاء خەلوسی، د. مسـتەفا جـەواد، پارێـزەر حەسـەن عیزەت، سەید عەزیز سامی، شاکر سابیر زابت، نەسرەت مەردان، حەبیب هورمز، هاشـم قاسـم ساڵحی، وسـام هورمز شاعیر، نووسـەران وەحیدەدین بەهائەدین و سەلاحەدین هورمزی و دەیان و سـەدان نووسەری کوردو عەرەب و تورکمان بەشداریان تیدا کردووە.

٢- بـەڵام شـاعیرە ناودارەکانـی تورکمانـی کەبـە بەردەوامـی بەرهەمە شـیعرەکانیان بڵاو دەکردەوە ئەمانە بوون: محەمەد عیزەت خـەتات، فەلـەک ئۆغلو، نەسـرین ئەربیل، نەجم ئەمین، عەلـی مەعـروف ئۆغلو، جـەلال رەزا ئەفەندی، ناسـح بازرگان، سـەلاح نەوەی، ئەکرەم سابیر کەرکووکی، شـەوکەت کەمال، ئەحمەد ڤوشچو ئۆغلـو، ئەحمـەد ئەترەقچیی، جـەلال ئۆرخان، حوسێن حەسـەن کەوسـەر، عەبدولقادر دەباغ ئۆغلـو، فـاروق فائق کوپرلو، ئەحمـەد محەمەد کەرکووکلی، دەیان کەسـی لە نـەوەی نوێ کە ئەمرۆ شـاعیری هاوچەرخی تورکمانن و کتێبی شـیعر و بەرهەمی جوانیان هەیـە. ئەمە وێرای پێشەنگانی بەرایی...

٣- هەرچی ئەو نووسـەرە تورکمانە ناودارانەی کە بەشـداریان کـردووە بە درێژایی ئەو سـی ساڵە نیمچە بەردەوام بوو لە گۆڤارەکەدا هەرە دیارییەکانیان ئەمانەن:.

ڕەژی ئۆغلۆ عەبدولحەکیم مستەفا، ئەلمیلا، ئایدن کەرکوک، ڕەسـول ڕەزا، جـەلال ڕەزا ئەفەندی، دکتۆر مەردان عەلی، محەمەد خورشید داقوقلی، مەولود تەها قایەچی، حەسـەن عـزەت، ئەنوەر تاهیر، عەزیز سـامی، سـانجاق، فوئاد حەمدی، عەلی مەعروف ئۆغلو، عەسکەر مەحمود. هتد.

٤- لە گۆشە عەرەبیە بەردەوامەکانی گۆڤارەکە، دیدارێک لەگـەڵ هونەرمەندانی تورکمان بوو لە ئامادەکردنی سابیر کەرکوکلیی شاعیر، کەلە هەر ژمارەیەکدا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هونەرمەندێکی تورکمان سـاز دەکرد، هەروەها خولێخۆشـبوو (جودەت ئاوچی)یش بە بەردەوامی چاوپێکەوتنی لەگەڵ وەرزشـوانە تورکمانەکان دەکرد، وێرای بڵاوکردنەوەی وتاری کەلەپـووری نەتەوایەتی و فۆلکلـۆری. هەرچـی (مەولود تەهـا قایاچی) بـوو بە وتارو لێکۆڵینـەوە جوانەکانی لە بارەی فۆلکلـۆر و چیـرۆک و کەلەپـوری نەتەوایەتی تورکمان، بەشـدارییەکی گەورەی لە پاراستن و تۆمارکردنی ئەو لایەنە بایەخدارانە هەبووە...

٥- ئەو شاعیرە تورکمانانەی بە عەرەبی شیعریان دەنووسی و بە هەسـتێکی تورکمانی نیشتمانی دەیـان نووسـی هـەر چەنـدە کەمیش بوون، بـەڵام کۆمەڵێکی دیاریان هەن و بەشـانازییەوە ناوی بژاردەکانیان دەنووسـین و بە شانازی و ڕاستگۆیانەوە ناویان دەبەن، ئەوەش ناوەکانیانە، خدر عەباس سـاڵحی، قەحتان هورمزی، وسـام هورمزی، شوکر نوری، عەبدولواحید، نەسرەت مەردان و چەندانی دیکە...

٦- گۆشـە بەردەوامەکانی گۆڤاری قارداشـلق - تەنانەت دوای خستنەسـەری تورکمانیش وەک گوتمان ئەو گۆشانە بوون:

خلق شعرلردن امورنەکلر گنج قلملر - فولکلور - اوگونجی توشەسی - الریاچە - قادیت کوشەسی - لقـاء مـع الفنانییـن الترکمـان - یرالـی خبرلر - یارشمسە. الادب فی شهد - رکن الغنون - الخبار نـادی الأخاء تاریخ یـا پراقلرنـوت - کلمە العدد شعلرو.. چەندانی دیکە...

## * ڕۆژنامەی (أنباء الریاضة والشباب)

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی بوو بەزمانی عەرەبی دەرچووە لە شـاری کەرکوک، خاوەن ئیمتیازی احمد محمد کرکوکلی و دەسـتەی نووسـەرانی کەلەگـەڵ نبیـل الگبقچی کـوری ناڤـم الگبقچی بـوو، تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە لە ڕۆژی دووشـەممە ١٩٦٧/١١/٢٠ بـە چـوار لاپـەڕە لەچاپخانەی (شیمال) دەردەچوو.

## * ڕۆژنامەی (کوچوک قارداشاق)

ئەم ڕۆژنامەیەش لەلایەن نووسـەرانی یانەی برایەتی تورکمانی لە بەغداوە کە یەکەم ژمارەی لە تشـرینی یەکەمی ١٩٦٧ دەرچووە بە هەشت لاپەڕە، خاوەن ئیمتیازی یانەی برایەتی تورکمان بووەو سەرنووسـەریش عەبدولقادر سـلیمان، لەپاشـان ژمارە دووشـی لە تشـرینی دووەمی هەمان ساڵدا بڵاو کردتەوەو کەبە ئومێدی ئەوە بوونـە هەر پانـزە ڕۆژ جارێک دەربچێت، بەڵام بە کەسـەرێکی زۆر ئەویش دەوسـتێت بەهۆی بارودۆخی ئەوسایی.

## * ڕۆژنامەی (یورد)

ڕۆژنامەی (یورد) - یـش هەروەکو ڕۆژنامەو گۆڤارەکـانی دیکـەی تورکمانی بـە گروتینێکی تـازەو ئاسـۆیەکی ڕوونـاک هاتـە گۆرەپانـی ڕۆژنامەنووسی تورکمانییەوە، ئەوە بوو لەساڵی ١٩٧٠ یەکەم ژمارە بڵاو کردەوە و بە بەشداری شـاعیرو نووسـەرو ئەدیبانـی بـە هەرەمەندی لە خـۆ گرت، هەر لە بنچینەدا لـە گۆرەپانەکەدا باوەشـی بـۆ گشـت ڕووناکبیرانـی تورکمـان کردەوەو کە ئەتوانین بڵێین وەک قوتابخانەیەکی ڕۆژنامەنووسـی چەندیـن لاوی خوێـن گەرمی بوارەکە پێگەیشـتن و دەرکەوتـن کەلە بنچینەدا لـە گۆرەپانەکەدا هەبوون، بەڵام هەریەکەو بیرو بـاوەڕو بۆچوونـی تایبەت بە خۆیـان هەبوو و هەر ئەوانە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی تورکمان بوون.

دکتۆر عەبدوللەتیف بەندەر ئۆغلو بەرپرسـی یەکەمـی ئەم ڕۆژنامەیە بوو. سەرنووسـەریش تاریق عەبدولباقی بوو تا ماوەی دوو سـاڵ بەم شـێوەیە بەڕێوە دەچوو لەپاشـان دکتۆر سنان سـەعید لە ڕۆژی ١٩٧٢/٧/٢٠ بوو بە سکرتێری نووسـین، ڕۆژنامـەی (یـورد) لـە سـەرەتا بە شێوەی ڕۆژنامەیەکی هەفتەنامەی چوار لاپەڕەی بەزمانی تورکمانی دەرچوو بوو.

سـاڵانێکی درێـژ عەبدوللەتیـف بندر ئۆغلو سەرنووسـەری بوو تا لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٩٩ ناچاریـان کرد خانەنیشـین بێت، ئەمجا نووسەرو ڕووناکبیر (نەوزاد عەبدولکەریم) بوو بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (یۆرد) تا ماڵ ئاوایی

لەدونیای رۆژنامەنووسیی و هەموو هاوبیرانی کردە چووە دونیای دووەم بەکۆچکرنی. شاعیری گەورەی تورکمانی بەندەر ئۆغلو زیاتر لە چڵ و نۆ کتێبی بە چاپ گەیاندوە لەسەر شیعرو مێژووی تورکمانی جگە لەمانەش چەندین کتێب و نامیلکە بە چاودێری و سەرپەرشتی ئەو سەدان کتێبی تورکمانی بەنرخی نووسەرو شاعیرانی تورکمانی لە چیرۆک رۆمان و مێژوو و فۆلکلۆری تورکمانی بڵاو کرایەوە، لەو کاتەی کە بەرێوەبەری رۆشنبیری تورکمانی بوو لە بەغدا، هەر لە دامەزراندینیەوە لە ساڵی ١٩٧٠ تا هەڵوەشاندنەوەی بەرێوەبەرایەتی ناوبراو لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە.

عەبدوڵلەتیف بەندەر ئۆغلو کۆمەڵێکی زۆر شاعیر و نووسەران و رۆشنبیرانی تورکمان بە درێژایی ئەو ساڵانە

دەوریان دابوو و بنچینەیەکی بەرزیان لە کتێبی بەنرخ و بایەخدار بۆ گەلی تورکمان بەدەست کەوت بوو وەک جۆگەلەیەکی رۆشنبیری لە رۆژگارێکی سەخت و تاریکی سەپێنراوی رژێم بۆ سەر رۆشنبیری و مێژوو و کەلەپوری گەلی تورکمان. گۆشەو بابەتەکانی رۆژنامەگەریی ـ بە زۆری شیعرو بە تایبەتی شاعیرانی لاو ئەویش وەک چاودێری کردن و بڵاو کردنەوەی بەرهەمەکانیان، هەروەها سەروتاری سیاسی، هەواڵی جیهانی

(اسکی کتابلا دوەن ـ لە کتێبەکۆنەکان) خوریان قاوغاسی أسکی فولکلور مریدان ـ لە فۆلکلوری دێرینمان ـ پەندو چیرۆک ـ هەواڵەکانی هونەری لە ناوچە تورکمان نیشینەکان جگە لە بابەتی دیکە لە رۆژنامەکەدا نووسەرانی دیاری تورکمان بەشداری تیا کردووە.

لەپاڵ ئەم رۆژنامەو گۆڤارە تورکمانیانەی لەم ماوەیەدا سەریان هەڵداوەو گووڕیان بەکاروانەکە داوە بەروگیی نێکی نیشتمانپەروەرانە خەباتیان بۆ بوونی رۆژنامەگەریی نەتەوەکەیان کردووە، وەک سەکۆیەکی راستگۆو تیرۆژێکی جوان بۆ خزمەت کردنی نەوەو رۆڵەکانی گەلی تورکمان، بەو رۆژنامەو گۆڤارو تەنانەت سەدان کتێب و نامیلکەی تورکمانی دەرچوون، ئەمە وێرای خەمی و نەتەوە، بە ئەدەب و شیعر و کەلەپورو فولکۆرو چیرۆک خەمەکانیان دەربریووە. بەڵێ ئەو پێشەنگانەی کۆن و نوێ خزمەتی رۆڵەکانی تورکمانی خۆیان و هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ و جوانی و بەرزی و لەخۆبوردوویی و بە دڵسۆزی کردووە بە وشەی راستگۆیانە و بیرو بۆچوونە نەتەوەیی و نیشتمانییە جوان و بەبێ دەنگی و سەر بەرزی...

بەڵێ رۆژنامەڤانی تورکمانی ئامانج و ئامانجە نەتەوەییەکانی بەراستگۆیی و هزری روون بە هەموو لایەنەکانییەوە واقعی ئەمڕۆی هەڵگرتبوو تاکو ئێمەش وەک دڵسۆزێکی ئەم بەرخودانەی بواری رۆژنامەنووسی تورکمانی لە گۆشەنیگایەکی ئەم گۆڤارەدا (گۆڤاری رۆژنامەنووسی) بە چەند زنجیرەیەک بەشداری بکەین و بەدرێژی قۆناغەکانی بواری مێژووی رۆژنامەنووسی تورکمانی باس بکەین.


## سەرچاوەکان:

* تاریخ الصحافه العراقیه ـ الجزء الاول ـ عبدالرزاق الحسنی، مگبعه العرفان ـ صدا ـ لبنان عالم١٩٧١.

* صحافه العراق ـ تاریخها وکفاح اجیالها ـ فائق بگی ـ بغداد ١٩٦٨.

* دلیل الصحافه فی کرکوک ـ اعداد احمد ڤوشچو ـ بهجت مراد غمگین ـ عصمت صاری کهیه.

* یاصین تاریخی ـ تاریخ الصحافه فی العراق باللغه الترکمانیه ـ دار الحریه للگباعه بغداد ١٩٨١ صلاح الدین ساقی ولی و محمد خورشید داقوقلی.

* گۆڤاری رۆژنامەڤانی ـ ژمارە ١١ و ١٢ ساڵی ٢٠٠٣ ـ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

# رۆژنامەوانیی سریانی

# گۆڤاری (المثقف الاثوری-رۆشنبیری ئاسووری)

**ئەکەد موراد**

دوابەدوای بەخشینی مافی رۆشنبیری بۆ ئەوانەی بەزمانی سریانی دەدوێن، هەروەک رژێمی پێشوو ناوی لێنابوون لەعیراق، لەساڵی ١٩٧٢، ژمارەیەک دەزگای رۆشنبیری و نەتەوەییان لە بەغداو پارێزگاکان کەوتنە جموجۆڵ، دیارترین بەرنامەی کە کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر گەلی کلدۆئاشووری سریانییەوە هەبوو لەو سەردەمەدا، دەرکردنی چاپکراو بوو، هەرە دیارەکانیان:

گۆڤاری قالا سوریایا – کۆمەڵەی رۆشنبیری سریانی – بەغدا.

گۆڤاری بین نهرین – لەلایەن دەستەیەک نووسەری سریانی – مووسڵ.

گۆڤاری کۆڕ – کۆڕی زانیاری سریانی – بەغدا.

(المثقف الاثوری–رۆشنبیری ئاسووری) یانەی رۆشنبیری ئاسووری لەبەغدا.

بۆ زیاتر تیشک خستنە سەریەکێ لەو گۆڤارە گرنگانە، وەک نموونە باسی گۆڤاری (المثقف الأثوری–رۆشنبیری ئاسووری) دەکەین، کە لەکۆتایی حەفتاکان تاناوەڕاستی هەشتاکان بەردەوام بوو و زۆر نووسەرو ئەدیب لەدەوری کۆبوونەوەو بەشداریان تێدا کردو پایەکی دیاری لەنێو کۆڕو نێوەندەکانی گەلی کلدوئاسووری و سریانی لەناوەوەو دەرەوەدا هەبوو، بووە تێنووی هەموو رۆشنبیران و تا ئێستاکەش تەواوی ژمارەکانی لەزۆربەی کتێبخانەکانی خەڵک هەڵگیراون.

جێی داخە لەو بارودۆخەی کە عیراق بەهۆی شەڕکردن لەگەڵ ئێرانی دراوسێ و پاڵەپەستۆی رژێمی عیراق بۆ سەر دام و دەزگا نەتەوەیی و رۆشنبیرییەکانمان بەئامانجی داخستنی و بڵاوەپێکردنی ئەوانەی کاریان تێدا دەکرد.. هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ وەستانی گۆڤارەکە.

**یانەی رۆشنبیری ئاسووری و گۆڤاری (المثقف الاثوری)**

لەحەفتاکانداو دوابەدوایە کەش و هەوای تازە کە عیراق تێیدا دەژیاو هەناسەیەکی سەربەستی هەبوو، کۆمەڵێک رۆشنبیری کلدوئاشووری هەوڵیاندا یانەیەک بەناوی (یانەی رۆشنبیری ئاسووری)(١) لەبەغدا دابمەزرێنێ، داوایەکیان دا وەزارەتی ناوخۆو بەماوەیەک لە ١٩٧٠/٧/٢٩ رەزامەندی لەسەر دامەزراندنی درا.

دوای دەست بەکاربوونی یانەکەو لەماوەیەکی کورتدا، توانی زۆربەی توانا رۆشنبیرییەکانی

ڕۆڵەکانی گەلی کلدۆ ئاشووری لەخۆی کۆبکاتەوەو یانە بە راستی بووە پەنجەرەیەک بۆ دەرخستن و بەردەوام بوون لەچالاکیی(٢) رۆشنبیریی و هونەریی لەبەغدای پایتەخت. بۆ یەکەمین جار چالاکی سریانی لەگۆڕەپانی عیراق سەری هەڵدا.. هەروەها یانەکە توانی پەیوەندی لەنێوان رۆشنبیران و هونەرمەندانی کلدۆ ئاشووری و توێژە جیاجیاکانی دیکەی وڵات پتەو بکات لەمیانەی چالاکی هاوبەش، هەروەها یانە رۆڵی گرنگی لەنێو رۆشنبیرانی گەلەکەمان بینی لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوایەتی.

### گۆڤاری (المثقف الأثوری)

هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە، یانە، هەوڵیدا گۆڤارێکی رۆشنبیری دەربکات، بەڵام حکومەت داواکەی زیاتر لەجارێک رەت کردەوە.

دوا بەدوای بەخشینی مافی رۆشنبیری بەوانەی بەزمانی سریانی دەدوێن، هەروەک رژێم ناوی لێنابوون، (بەئاسووری و کلدان و سریان) یانە جارێکی دیکە لەگەڵ وەزارەتی راگەیاندن هەوڵیدا کە رەزامەندی دەرکردنی گۆڤارێک بەناوی یانە (المثقف الأثوری) وەربگرێ و لە ١٩٧٢/١٢/١٦ رەزامەندی دەرکردنی گۆڤارەکە وەرگیرا.

### ژمارە یەکی گۆڤارەکە

ژمارە یەکی گۆڤارەکە بەزمانی عەرەبی و سریانی دەرچوو، بابەتی رۆشنبیری-مێژوویی تێدابوو، وتارو لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری تایبەت بەرۆشنبیریی سریانی و هەواڵ و چالاکییەکان گرتبووە خۆ.

سەرنووسەری گۆڤارەکە: ولسن ملهم نرسا، دەستەی نووسەرانی بەرێزان: یوسف نەمرود، کانون ئەدی ئیبراهیم بابا و ئەوراهم یەلدا ئەوراهم، ئیشو سەنحاریب مەرقس، میخائیل مروکل و بەسەرپەرشتی هونەری ئەدی ئیبراهیم بابا.

لەماوەی سەنووسەری ولسن ملهم(٤) هەشت ژمارە لەگۆڤارەکە لەساڵی ١٩٧٣ تا ئابی ١٩٧٥ دەرچوو.

لەدوای ژمارە (٩)ەوە عودیشو ئادەم بووە سەرنووسەری و لەتشرینی یەکەمی ١٩٧٦ تا ئاداری ساڵی ١٩٧٩ دوازدە ژمارەی لێ دەرچوو لەژمارە (٩-٢٠).

### نووسەرە دیارەکانی گۆڤارەکە:

لەماوەی دەرچوونی گۆڤاەرکە یوسف نەمرود کانون، میخائیل، د.ئیشو سەنحاریب، ئەدای ئیبراهیم، ئەوراهەم یەلدا، یوارتس هیدو، کۆریل شمعون، زیا نەمرود کانون، شلیمون ئیشو، ئیشو قەس بەهنام و نەمرود بیتو.. زۆر چالاکانە بەشدارییان لەنووسین و سەپەرشتی کردنی کردووە.

### خەرجی گۆڤارە

دەرچوونی هەر ژمارەیەکی گۆڤاری (المثقف الأثوری) دەروبەری (٥٠٠-٧٥٠) دیناری عیراقی تێدەچوو، نرخی دانەیەکی ٢٥٠ فلس بوو.. ئەو پارەی بۆ گۆڤارەکە دەهاتەوە خەرجی تێچوونەکەی پڕ نەدەکردەوە، ئەویش لەبەر نادروستی لەدابەشکردنی.. و نەبوونی هیچ کۆمەکییەک لەدەوڵەتەوە، ئەگەرچی داهاتی یانەی رۆشنبیری ئاسووری لەلایەن ژمارەیەک لەئەندامانەوە کۆمەکەکانیان زۆرکەم بوو لەچاو چالاکییەکانی یانە.. بەڵام بایەخی گۆڤار لەپێشەوە بوو لەرووی تەرخان کردنی پارە بۆی، بۆیە لەکاتی دەرچوونی بودجەی یانەی زۆر شپرزە دەکرد، بەڵام بایەخ و ئەو کاریگەرییەی لەنێو رۆشنبیران هەیبوو، وای دەکرد کە زۆر گوێ بەتێچوونی دارایی نەدرێت و تا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەردەوام بوو.

### بابەتەکانی گۆڤار

گۆڤارەکە لەحەفتاکان و هەشتاکان پەیامی راگەیاندن و رۆشنبیری گشتی بەرەنگی کلدو ئاشووری و سریانی بەرێوەدەبردو قەڵەمە چاکەکانی بەلای خۆیدا راکێشاو بە بابەتی بەپێز لەهەموو بوارەکاندا دەیاننووسی.. دیداری رۆشنبیری و وتاری مێژوویی و هونەری و هی دیکە.. و هەواڵ و چالاکییەکانی تایبەتی بەگەلەکەمان و کردنەوەی دەرگای بڵاوکردنەوەی رای جیایجاو هەروەها گۆڤارەکە بایەخی بەزمان و رۆشنبیری و ئەدەبی سریانی دەدا، وتارو بابەت بەزمانی سریانی و عەرەبی بڵاودەکرانەوە.

لەکۆتاییدا دەڵێن گۆڤاری (المثقف الأثوری) بەراستی سەکۆیەکی ئازادی قەڵەمە رووناکەکان بوو لەمیانەی پەیامی راگەیاندنیدا، هیوادارین پرشنگداری رۆشنبیری و زمانی و کەلەپووری

گەلەکەمان دەربخات.. هیوادارین لەژێر سێبەری عیراقی نوێدا رۆشنبیران و نووسەرانمان یانەکە زیندوو بکەنەوە، وەک سەکۆیەکی نوێی رۆشنبیری نەتەوایەتیمان و سەرلەنوێ گۆڤارە خۆشەویستەکەمان (المثقف الأثوری)لەبەغدای پایتەخت دەربکەنەوە.

**پەراوێزەکان:**

١-هەر بەتەنیا یانەی ئاسووری نەبوو لەو جۆرە، بۆ ئاسوورییەکان، بەڵکو سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کەیانەی ئاسووری کەلەبەغدا لەساڵی ١٩٢٠ دامەزراوە، یەکەمین یانەی کۆمەڵایەتی بووە لەعێراق و پاشان یانەی دیکەی کۆمەڵایەتی و وەرزشی بەدوادا هاتووە، لەبەغداو بەتایبەتی هەروەها لە هەندێ پارێزگاکانی دیکە، بەڵام یانەی رۆشنبیری ئاسووری لە ١٩٦١ دەستی پێکرد لەلایەن کۆمەڵێک رۆشنبیری ئاسووری، دەسەڵاتداران بە بەردەوامی دژی ئەوەبوون تا حەفتاکان، یانە لقی لە سلێمانی لەناوەڕاستی حەفتاکاندا هەبوو.

٢- چالاکی و کارەکانی یانە کۆڕو کۆبوونەوە بوو لەسەر زمانی سریانی و مێژووی بابلی و ئاشووری و نیشاندانی شانۆگەری و ئاهەنگی هونەری کە چەندین هونەرمەندی لێیەوە دەرکەوتن بە بێژەرو ئاوازدانەرو پاشان کەلک لێ وەرگرتنیان لەبەشی سریانی رادیۆی بەغدا لەو گۆرانی و بەرنامانە، هەروەها لەبەشی سریانی تەلەفزیۆنی کەرکووکیشدا.

٣- یانە لەدانیشتنی ١٩٧١/٣/١٠ هەوڵیدا رەزامەندی دەرکردنی گۆڤارێک بەناوی (الشموع) دەربکات، بەڵام دەسەڵاتداران لێ نەگەڕان گۆڤارێکی تایبەت بە یانەکە دەرچێت، بەمەش ئەو خەونە نەهاتەدی. دوابەدوای بڕیاری بەخشینی مافی رۆشنبیری بەوانەی بەزمانی سریانی دەدوێن، دەستەی کارگێڕی یانە هەوڵیدا جارێکی دیکە داوابکاتەوە دوای وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی راگەیاندن ناوەکەی بۆ گۆڤاری (المثقف الأثوری) گۆڕدرا.

٤- دوای وازهێنانی ولسن ملهم لەسەرنووسەری گۆڤارەکە، دەستەی کارگێڕی یانە رازی بوون عودیشو ئادەم ببێتە سەرنووسەری گۆڤارەکەو لەسەردەمی ئەو (١٢) ژمارەی لێ دەرکرا.

٥- داهاتی یانە لەئاهەنگەکانی سەری ساڵی نوێ، هەندێ جار دەگەیشتە هەزار دیناری عیراقی، یەکێک لەسەرچاوە گرنگەکانی بەردەوامی چالاکییەکانیو دەرکردنی گۆڤارەکە بوو، هەروەک ئەپرم شپیرا لەکتێبەکەی دەربارەی "یانەی رۆشنبیری ئاسووری" نووسیوە...

**سەرچاوەکان:**


١- گۆڤاری المثقف الأثوری، چەند ژمارەیەک.

٢- یانەی رۆشنبیری ئاسووری، مسیرە تحریات و انجازات، اپرم شبیرا.

٣- سەرچاوەی دیکە.


هەواڵنامەی کتێب

# لەوێستگەی چەند گۆڤارێکدا... هەڵسەنگاندن و بیبلیۆگرافیا

عەبدولخالید سابیر

بەچاو پیاخشاندنێک بەمێژووی رۆژنامەگەری کوردیدا، ئەوەمان دێتە بەرچاو کە چەند گۆڤارێک لەلای بەشێکی خوێنەران و ئارەزوومەندانی رۆژنامەگەریی تەنها ناویان بیستراوەو بەناوەڕۆکەکەی ئاشنانین بەهۆی ئەوەی کە تاکە ژمارەیەک یان دوو ژمارەیان لێ دەرچووەو بەهۆی بارودۆخی تایبەتییەوە نەتوانروە درێژەیان پێ بدرێت و لەلایەکی دیکەشەوە سالانێکی زۆر بەسەر دەرچوونیاندا تێ پەڕیوەو دەست کەوتنیان مەحاڵە، جێی وتنە کە هەریەک لەو جۆرە گۆڤارانە بەپێی تواناو دەرفەت خزمەتی بواری رۆژنامەگەری کوردی بەتایبەتی و ئەدەبی کوردی بەگشتی کردووە، دەتوانرێت ئەوە بگوترێت کە لەنێو ئەوانەدا ئەگەر تاکە ژمارەیەکی یان دوو ژمارەی لێ دەرچووبێ، بەڵام توانیویێتی پێگەیەکی باش لەمێژووی رۆژنامەگەری کوردی دا بۆخۆی بکاتەوە کە دیارە ئەوەش لەئەنجامی بەشداری کردنی ژمارەیەکی خاوەن قەڵەمی رەنگین بووە تیایدا. شایانی باسە بەشێکی ئەو گۆڤارانەی کە تەنها ژمارەیەک یان دوو ژمارەیان لێ دەرکراوە لەلایەن قوتابخانەو زانکۆکان ئەوەی لەم بابەتەدا ئاماژەیان پێدراوە. رۆڵی ئەو گۆڤارانە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە لەلایەک بوونەتە رێگا خۆشکەر بۆ چاندنی ئارەزووی خوێندنەوەو بایەخ دان بەرۆژنامەگەریی لەلایەکی دیکەشەوە خزمەتیان بەچەند بابەتێکی ئەدەبی وەک هۆنراوە، چیرۆک، زانست، مێژوو،.. هتد بەپێی توانا کردووەو خۆیان لەنێو ئاسمانە بەرینەکەی بواری رۆژنامەگەریی کوردی جێ کردۆتەوەو بوونەتە ئەستێرەیەکی گەشی ئەم بوارە. ئەوەی لێرەدا لەنووسینی ئەم بابەتدا مەبەستە هەڵاوێردەکردنی بابەتەکانی ئەو چوار گۆڤارەیە تاوەکو خوێنەران و ئەوانەی زیاتر ئارەزووی زانینیی ئەو بوارە دەکەین لەنزیکەوە پێی ئاشنا بن. نابێت ئەوە لەبیر بکرێت کە ئەو گۆڤارانە لەهەریەک لەو کتێبانە یان گۆڤارانەی کە بیبلیۆگرافیایان بۆ گۆڤارەکان کردووە هەروەک لەسەرچاوەکانی ئەم باسەدا ئاماژەم پێداون، ناویان هێنراوەو لەسەر ئەوەش کۆکن، کە ئەم چوار گۆڤارە تەنیا یەکی ژمارەیەکیان لێ بڵاوکراوەتەوە.

ئەوەی لەم بابەتدا پەیڕەویم کردووە ئەوەیە:

١- کورتە باسێک لەسەر گۆڤارەکەو دواتر هەڵسەنگاندنی.

٢- مەبەست و ئامانج لەدەرکردنی گۆڤارەکە.

٣- هۆکاری بەردەوام نەبوونی یان داخستنی.

٤- پەراوێزم بۆ شوێنی پێویست داناوە.

٥- ناوی نووسەرو دانەرم خستۆتە سەر رێنووسی ئەمڕۆ.

٦- بۆ بەشە عەرەبییەکەی گۆڤاری نیشتمان

جۆری بابەتەکەو ناوی نووسەرەکەم بەکوردی نووسیەوە.

٧- لەبەر زۆری دووبارەبوونەوەی هەندێک وشە، ئەم هێمایانەم داناوە:

(ن: نووسەر، ب: بابەت (جۆری بابەت)، د:دانان (بۆ هۆنراوە)، س: سازدانی (بۆ چاوپێکەوتن)، — واتە ناوی نووسەرەکە نەنووسرابێت، و: وەرگێر).

**١- گۆڤاری نیشتمان: لەسەر بەرگی پێشەوەی نووسراوە:**

(نیشتمان، گۆڤارێکی وێژەیی و زانیاری و کۆمەڵایەتییە، لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی مامۆستایانی کوڕان دەرئەچێت لەسلێمانی). ژمارە (١)ی لە نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩ بە قەبارەی ٢٤ × ١٧ سم و بەدوو زمانی کوردی و عەرەبی و لە ٧٢ لاپەڕەدا دەرچووە.

شوێنی لەچاپدانی چاپخانەی کامەرانییە لەسلێمانی. گۆڤارەکە بەسەرپەرشتی مامۆستایان (عەبدوڵلا زێباری، ئیبراهیم ئەحمەد، محەمەد سلێمان) بووە، ئەم قوتابیانەی خوارەوەش لەدەرکردنی ئەم گۆڤارەدا بەشداربوون: (فایەق محەمەد عەبدوڵلا، زاهد قەرەداغی، محەمەد مەجید، سەلاح یوسف).

ئامانجی گۆڤارەکە پتەوکردنی برایەتی کوردو عەرەبە بەگەیاندنی وێژەو مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی قوتابیانی کورد بەگەلی عەرەب. بەشە کوردییەکەی تا لاپەڕە (٣٧)ی گۆڤارەکەی پێک هێناوەو بەپێی لاپەڕەکان لەم بابەتانە پێک هاتووە:

ل(١): جگە لەناوی گۆڤارەکەو ژمارەو ساڵی دەرچوونی بەزانینیو کوردی، وێنەیەکی سەرۆکی ئەوکاتەی عێراق (عەبدولکەریم قاسم)ی تێدایە.

ل(٢): ناوی سەرپەرشتیار و بەشداربووانی گۆڤارەکەو ئامانج لەدەرکردنی لەخۆگرتووە.

ل(٣، ٤): قارەمان عەبدولکەریم، ب.هۆنراوە، د.مرزا.

ل(٥، ٦): خەباتی گەلی کورد لەرێی ئازادی و سەربەستیا، ب. مێژوو، ن. جەلال عەلی مەهدی.

ل(٧): بەهاری کوردستان، ب.پەخشان، ن.ساڵح محەمەد عەلی.

ل(٨): سرووودی قوتابیەکی کورد، ب.هۆنراوە، د. زاهد قەرەداغی.

ل (٩، ١٠، ١١): لاپەڕەیەک لەمێژووی کورد بەهەڵبەست، ب.هۆنراوە، د.عەلی محەمەد فەرەج.

ل (١١): مەشخەڵ، ب.هۆنراوە، د.جەمال نوری.

ل (١٢، ١٣، ١٤): ژنێک لەبەر دەرگا، ب. چیرۆک، و، تاهیر سەعید ئەمین.

ل (١٤): پاشماوەی شیعری (مەشخەڵ)ی لەخۆگرتووە.

ل (١٥، ١٦، ١٧): ژیانی هەورامان وە خوو




ڕەوشتیان، ب. کۆمەڵایەتی، ن. عومەر حسێن هەورامی.

ل (١٨،١٩): ئافرەتان و شۆڕشی (١٤) تەمموز، ب. سیاسی، ن. فایەق محەمەد عەبدوڵلا.

ل (٢٠): ڕزگاری نیشتمان لەپاش مردن، ب. چیرۆک، ن. کەمال محەمەد سەعید.

ل (٢١، ٢٢):بەرەو بەختیاری، ب.سیاسی، ن.عەلی قەرەداغی.

ل(٢٣): نیشتمانم، ب.هۆنراوە، د.جەلال ئیبراهیم.

ل(٢٤، ٢٥): بۆ کچە نەغەدەیی، ب.سیاسی، ن. عەبدولعەزیزی ماوەتی.

ل(٢٦، ٢٧): ئاشتی و برایەتی و دوارۆژێکی باشتر، ب. سیاسی، ن.عومەر عەلی قادر.

ل(٢٨، ٢٩): ئاگری نەورۆز، ب. هۆنراوە، د. غەفور ئەحمەد.
ل(٣٠، ٣١، ٣٢): بەم جۆرە بوو، ب. چیرۆک، ن. محەمەد مەجید
ل ٣٣: ئێمەی قوتابی و پاراستنی جمهوریەت، ب. سیاسی، ن. غەریب محەمەد ئەمین.
ل (٣٤، ٣٥، ٣٦): میدیا، ب. مێژوو، ن.وەهبی محەمەد رەشید.
هەروەها لە لاپەڕە (٣٦)دا دوو پارچە هۆنراوەی (گۆران و ع.ج.ب) تێدایە.
ل (٢٧): چۆن فێری زبانی کوردی ئەبیت، ب. فەرهەنگی، ن.ــ هەر لەم لاپەڕەیەدا بابەتی (قسەی نەستەق)یشی لەخۆ گرتووە.
بەشی عەرەبی:
ل ٣٨: المحتویات
ل ٣٩: الوگن، مجله أدبیه پقافیه اجتماعیه الأهداء.
ل ٤٠: التقم، وتارێکە لەناوەڕۆک و ئامانجی گۆڤارەکە دەدوێت.
ل ٤١، ٤٢: الأسلام والسلام، ب. سیاسی، ن.محەمەد سلێمان ئیبراهیم.
ل ٤٣، ٤٤: رساله الگالب، ب.پەروەردەیی، ن. ئیباهیم محەمەد.
ل ٤٥، ٤٦: اسمع من الأجانب وتعرف علی القومیه الکردیه، ب. مێژوو، ن. شعەبدولعەزیزم ماوەتی.
ل ٤٧: پورتنا: ب. وتاری سیاسی، ن. عەلی ئەحمەد بەرزنجی.
ل ٤٨، ٤٩: صفحه مشرقه من أدبنا الکردی (پیرمیرد)، ب. ژیاننامە، ن. نەوزاد محەمەد سەعیدی بەرزنجی.
ل٥٠: دور الشعب الکردی فی خدمه الأسلام، ب. مێژوو، ن. فاروق عەبدوللەتیف.
ل ٥١، ٥٢:
١- حدیپ رمچان، ب. ئایینی، ن. ــ .
٢- حب الوگن و التچحیه فی سبیله، ب. سیاسی، ن. جماعه التحریر.
ل٥٣، ٥٤: الهدف التربوی من التعلیم الأبتدائی، ب. پەروەردەیی، ن. نوری گشاد حەسەن(١).
ل ٥٥: قریتی خورمال، ب. مێژوو، ن. کەمال محەمەد سەعید.
ل ٥٦، ٥٧، ٥٨: رکن النشاگ المدرسی، ب. پەروەدەیی، ن. الوگن، (الوگن) (مەبەست لەدەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەیە).
ل ٥٩، ٦٠:
١- السلیمانیه قلب کردستان النابچ، ب. مێژوو، ن. سەلاحەدین یوسف.
٢- من الاقوال المختاره، ب. قسەی نەستەق، ن. خالد ئەلشیخ نەجیب.
ل ٦١، ٦٢، ٦٣: ندوه صحیفه، ب. چاوپێکەوتن، س. ــ (٢).
ل ٦٤: رساله المعلم، ب. کۆمەڵایەتی، ن. ئیبراهیم ئیسحاق.
ل ٦٥، ٦٦: صغر النفس وعگمتها، ب. کۆمەڵایەتی، ن. عەبدولمەجید بالتە.
ل ٦٧: صدی الاحداپ المختلفه فی نفوس المواگنین، دوو وتاری سیاسییەو ناوی نووسەرەکانی لەسەر نییە.
١- مۆامره الموصل الفاشله تقابل بالسخگ التام والاستنکار الشدید.
٢- فرحه الشعب بالخروج من حلف بغداد الاستعماری.
ل ٦٨: عید النوروز وعید الشجره، ب. سیاسی، ن.
ل ٦٩: من شئون الگلبه واچارهم، ب. هەواڵ، ن. ــ .
ل ٧٠: کفاح شعبین، ب. سیاسی. ن. نجاح توفیق.
ل ٧١، ٧٢: قصه العدد (صوره)، ب. چیرۆک، ن. کەمال محەمەد تاهیر.

**٢- مولحەقی کوردی گۆڤاری الادیب العراقی:**

ئەم گۆڤارە هەر وەک لەبەرگی پێشەوەیدا هاتووە کە (گۆڤاری یەکیەتی ئەدیبانی عێراق)ە. لێژنەی بەڕێوەبەری گۆڤارەکە ئەمانەبوون: (پاکیزە رەفیق حیلمی، عەبدولصەمەد خانەقاە، عەبدولڕەزاق محەمەد). لەگەلاوێژی ساڵی ١٩٦١دا دەرچووە. مەبەست و ئامانج لەدەرکردنی ئەم پاشکۆ کوردییەی گۆڤاری ناوبراو، ژیانەوەی زمانی کورد، روونکردنەوەی مێژووی کورد، بوژانەوەی هەستی نەتەوەیی و نشتمانی گەلی کورد، هۆشیار کردنەوەی لاوانی کوردە بۆ هەڵگرتنی مەشخەڵی زانست و زانیاری و خۆ دەربازی کردن لەنەزانین. هەروەها لێژنەی سەرپەرشتیاری گۆڤارەکە جگە لەوەی کە ویستویانە گۆڤارەکە بەردەوام بێت لەدەرچوون هەوڵی ئەوەیاناوە کەناوبەناو کتێبیش بەچاپ بگەیەنن هەر وەک ئەوەی لەلاپەڕە (٨١)




دا ئاماژەیان بەوە داوە کە لەچاپدانی چەند کتێبێکیان بەدەستەوەیە. قەبارەی گۆڤارەکە ٢١ × ١٤ سم، ژمارەی لاپەڕەکانی (٨٢) لاپەڕەیە.

ئەم گۆڤارەش هەروەک چەند گۆڤارێکی دیکەو بەهۆی هەڵایسانی شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٦١ چرای ژیانی کوژاوەتەوەو هەر ئەو ژمارەیەی لێ دەرچووە، ئەگەرچی ویستراوە بەدوو مانگ جارێک ژمارەیەکی لێ بڵاوبکەنەوە. جێی باسە پاشکۆی گۆڤاری ناوبراو بەیەکێک لەگۆڤارە سەرکەوتووەکانی بواری رۆژنامەگەری کوردی ناوزەند دەکرێت. پێرستی بابەتەکانی گۆڤارەکە بەپێی لاپەڕەکانی بەم جۆرەیە.

ل ١: ئامانجی ئەدیبانی کورد، ب. سەروتار، ن.پاکیزە رەفیق حیلمی.

ل ٢-١٣: ناوی کورد لەمێژوودا، ب.مێژوو، ن. پاکیزە رەفیق حیلمی.

ل ١٤-١٩: رەوشتی کوردو سروشتەکانی، ب. مێژوو، و.کەمال غەمبار.

ل٢٠-٢٣: لەنەورۆزدا (یادی مامۆستا رەفیق حیلمی)، ب.یادەوەری، ن.ئەمین موتاعی(٣).

ل٢٤: نوسراوو یادگارەکانی مامۆستا، ب. بەرهەمەکانی رەفیق حیلمی، ن.گۆڤار (لێژنەی گۆڤارەکە)(٤).

ل ٢٥-٢٧: شام شەکرە.. وڵات شیرین ترە..، ب. هۆنراوە، د.جگەرخوێن.

ل ٢٨-٢٩: گای پیرۆز، ب.چیرۆک، ن.مەعروف بەرزنجی.

ل ٤٠-٤٥: ئەی دەریا-هۆنراوەی بوێژی گەورەی گەلی شیلی/ بابلۆ نیرۆدا، ب.هۆنراوە، و.ع.

ل ٤٥: عەلی لوکری، ب. ژیاننامە، ن. ـــ .

ل ٤٦-٥٠: کورد چۆن خزمەتی بەزمان و ئەدەبی عەرەبی کردووە؟، ب. لێکۆڵینەوە، ن.عەلائەدین سجادی.

ل ٥٠: عەلی حەریری، ب.ژیاننامە، ن. ـــ .(٦)

ل ٥١-٥٥: دوو هۆنراوە، ب. هەڵبەست، د.عەبدولڕەزاق محەمەد.

ل ٥٦-٥٩: کاوێس ئاغاو هۆنراوەی گۆرانی، ب. ژیاننامە، ن. هۆشەنگ.

ل ٦٠-٦٤: چاوێکی رەش لەوپەڕی رۆژئاوادا، ب. چیرۆک، ن.مەعروف خەزنەدار.

ل ٦٥-٦٧: ئەی کاکی خۆم، ب. هۆنراوە، د.کەریم شارەزا.

ل ٦٨-٧٠: یادی پیرەمێرد، ب. یادەوەری، ن. باوکی نارین.

ل ٧١، ٧٢: لی جوانی، ب. هەڵبەست، د. کاوێس ئاغا.

ل٧٣-٧٧: ئامانج چی گەرکە؟، ب. چیرۆک، ن. پۆلا.

ل ٧٨-٧٩: دڵ دەکاتن شیوەنی، ب. هەڵبەست. د. حەسەن شنۆیی.

ل ٨٠، ٨١: دەنگ و باسی یەکیەتی ئەدیبانی عێراق، ب. چالاکیی، ن.لێژنەی گۆڤارەکە.

ل ٨٢: بانگێک بۆ چیرۆک نووسەکانی کورد، ب. ـــ ن. لێژنەی گۆڤارەکە.

### ٣- گۆڤاری نۆبەرە:

ئەم گۆڤارە لەلاین قوتابیانی بەشی کوردی کۆلێجی ئەدەبیاتی دانشگای بەغدا دەرکراوە، کۆمەڵە وتارو چیرۆک و هۆنراوەی لەخۆگرتووە، ئەم ژمارە تاقانەیە لە لە ١٩٧٠/١٢/٣٠ دەرچووە، قەبارەکەی ٢١ × ١٤ سم و ٦٤ لاپەڕەی لەخۆگرتووەو لە چاپخانەی (العربیە) لەبەغدا لەچاپ دراوە. ئەم گۆڤارە زیاتر لایەنە ئەدەبیەکەی وەک (هۆنراوە، چیرۆک، ژیاننامە، وتار....هتد) لەخۆگرتووەو لایەنی مێژووی و زمانەوانی و جوگرافی فەرامۆش کردووە، هۆکاری ئەوەش




بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر قوتابیانی بەشی کوردی لەدەرکردنی گۆڤارەکە بەرپرسیاربوون و پێدەچێت قوتابیانی کوردی بەشەکانی مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵناسی.. رانەگەینرابێت و تایبەت بووبێت بەبەشی ناوبراو، بەڵام دەتوانرێت لەبواری بڵاونەکردنەوەی بابەتی زمانەوانی دا رەخنە لەم گۆڤارە بگیرێت، چونکە لەبەشی کوردی هەر کۆلێژێکدا جگە لەخوێندنی ئەدەبی کوردی بەتایبەتی و ئەدەبی گەلانی جیهان بەگشتی بابەتی زمانی کوردی لەهەر چوار ساڵەکەی خوێندندا بەدوورو درێژی دەخوێنرێت، ئەگەر ئەوە بگوترێت کە گۆڤارەکە هەر ئەو ژمارەیەی لێ دەرچووەو بەوەدا رانەگەیشتووە بابەت لەسەر زمانی کوردی بڵاوبکاتەوە، ئەوا لەئەنجامدا دەگوترێت کە ئەو بۆچوونە دوورە لەراستییەوەو پاساوێکی نەگونجاوە، هەر هیچ نەبوایە لەپاڵ ئەو گەلە بابەتە شیعرو چیرۆکانەدا دووبابەتی زمانەوانی یان بابەتێکی لەو جۆرەی تێدا بڵاو بکرایەتەوە. بەهەرحاڵ ئەم گۆڤارە بەپێی توانای خۆی خزمەتی بەئەدەبی کوردی و رۆژنامەگەری کوردی کردووە. ئامانج لەدەرکردنی گۆڤارەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە نەوەیەکی رۆشنبیرو ئەدیب پێ بگەیەنێت ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە هەوڵی ئەوە بدرێت کە بەرهەمی شاعیران و نووسەران بەپێی توانا بڵاوبکەنەوە.

دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە لەم سێ قوتابیەی کۆلێجی ئاداب-بەشی کوردی-زانکۆ (دانشگا)ی بەغدا پێک هاتووە (فریاد فازڵ زەنگەنە، محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی، وریا عومەر ئەمین).

ریزبەندی بابەتەکانی گۆڤارەکە بەم شێوەیەیە:

ل ٣، ٤: وتاری نۆبەرە، ب.وتار، ن. دەستەی نووسەران.

ل ٥-١٠: دانیشتنێ لەگەڵ شاعیرێکی نیشتمان پەروەری کورد، ب. دیدار، س. فریاد فازڵ زەنگەنە(٧).

ل ١٠-١٤: رەشی و سپی، ب. پەخشان، ن. دڵشاد مەریوانی(٨).

ل ١٥-١٧: لەفۆلکلۆری کوردی، ب. فۆلکلۆر، ن. شوکریە رەسوڵ.

ل ١٨-١٩: فەرامۆشی، ب. هۆنراوە، د.ئەحمەد حەمەرەشید هێرانی.

ل ٢٠: من و غەم دەست لەمل یەکتر ئەکەین، ب. هەڵبەست، د. ئەحمەد حەمەرەشید هێرانی.

ل ٢١-٢٤: هەزار شەکسپیر لەساڵی دووهەزاردا، ب. چاوپێکەوتن، و.جەوهەر تایر بەکر.

ل٢٤: مەتەڵی نۆبەرە، ب. مەتەڵ (هۆنراوە)، د.ـــ .

ل ٢٥-٢٧: قەدەم خێر، ب. ژیاننامە، ن.عەبدولقادر رانیەیی.

ل ٢٨، ٢٩: سەربەستی، ب. هەڵبەست، د. عەبدولقادر رانیەیی.

ل ٣٠-٣١: نەورۆزی ئەهریمەن تەزێن، ب.هۆنراوە، د.محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی.

ل ٣٣، ٣٤: سۆزێکی ئاگرین، ب.هۆنراوە، د. ئەنوەر قادر محەمەد جاف.

ل ٣٥، ٣٦: ئاواتی شەهید، ب. هەڵبەست، د.ئەنوەر قادر محەمەد جاف.

ل ٣٧، ٣٨: گریانی وشک (لەناو جەرگەی کوردەوارییەوە)، ب. پەخشان، ن.ئەنوەر قادر محەمەد جاف.

ل ٣٩، ٤٠: بووکی ئاو، ب.هۆنراوە، د.سامی شۆڕش.

ل ٤١-٤٧: سێ سیحری بازی بەغدا، ب. چیرۆک، ن. ڕەشید عومەر.

ل ٤٨-٥٣: چەند وتووێژێک لەگەڵ کوڕو کچە قوتابییەکانی دانشگای ئاداب-بەشی کوردی، ب. چاوپێکەوتن، بەسەرپەرشتی (سروور عەبدولجەبار).

ل ٥٤-٥٦: هاوڕێی دڵسۆز، ب. چیرۆک، ن. وریا عومەر ئەمین.

ل ٥٧-٦٠: فرمێسکی شادی، ب. چیرۆک، ن. ئەرسەلان بایز.

ل ٦١، ٦٢: بەهاری کوردستان، ب. هۆنراوە، د. جەوهەر جەباری.

ل ٦٣: سوپاسنامەی دەستەی نووسەرانەو

ل ٦٤ لەناوەڕۆکی بابەتەکانی گۆڤارەکە پێک هاتووە.

**٤- گۆڤاری بیری نوێ:**

هەروەک لەلاپەڕە (١) دا هاتووە، گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی گشتییە، لیژنەی زمان و ئەدەبی کوردی خوێندنگای ناوەندی کوڕانی هەولێر دەری ئەکات، بەسەرپەرشتی مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی.

ئەو تەنها ژمارە تاقانەیەی لەساڵی ١٩٧٢ دا



دەرچووە، دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە وەک ئەوەی لەلاپەڕە (١)دا نووسراوە بەم جۆرەیە:

١- عەبدولڕەحمان ئەلسعەدی- سەرۆکی لیژنەی

٢- کاردۆ عەبدولقەهار گەلاڵی- سکرتێری لیژنەی

٣- عەبدوللا محەمەد زەنگەنە

٤- تاهیر حوسێن هەمەوەند

ئەو دووانەی دوایی پێدەچێت ئەندامی لیژنەکە بن، گۆڤارەکە لە ٨٨ لاپەڕە پێک هاتووەو قەبارەکەشی ٢١،٥ × ١٤،٥ سم. سەرەڕای بابەتی هۆنراوەو چیرۆک و دیدار بابەتەکانی زانست و پەروەردەیشی لەخۆگرتووە وەک گۆڤارێکی قوتابخانەیی، بەڵام چەند بابەتێکی دیکەی فەرامۆش کردووە لەوانە (مێژوو، جوگرافیا، زمانەوانی) لەچاو ئەوەی کە گۆڤارێکی قوتابخانەیی¬یە، بەڵام سەرباری ئەوەی کە تەنیا ژمارەیەکی لێ بڵاوکراوەتەوە لەڕووی چۆنێتی بابەتەکانیەوە خۆی خستۆتە ناو ئەو گۆڤارانەی کە خزمەتی لەبەر چاوی بەبواری ڕۆژنامەگەری و ئەدەبی کوردی کردووە.

شاراوە نییە کە گۆڤارێک بەتەنیا ژمارەیەک هەر ئەوەندەی لەتوانادایەو ئەگەر ئەمیش درێژە بە دەرچوونی بدرایە کە پێدەچێت فاکتەرە ئابوورییەکە ڕێگر بووبێت، ئەوا دەچووە پاڵ ئەو گۆڤارە ناوازانەی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، شایانی باسە ئەم گۆڤارە درێژەپێدەری گۆڤاری (ڕەهێڵە)ی هەمان قوتابخانەیە کە لەساڵی ١٩٧١دا تەنیا ژمارەیەکی لێ دەرکراوە(٩)، بەڵام دەبێ ئەوە بگوترێت کە گۆڤاری بیری نوێ لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەرفراوانترو پێشکەوتووترە وەک لەگۆڤاری ڕەهێڵە، دیارە ئەوەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دوای دەرکردنی تاکە ژمارەی گۆڤاری ڕەهێڵە، زیاتر بە هەوڵ و خۆماندووکردن برەویان بە گۆڤاری بیری نوێ داوە.

ئامانج لەدەرکردنی ئەم گۆڤارە ڕاژەکردنی ئەدەبی کوردی و هەوڵدان بۆ پێشخستنی زمانی کوردی خۆی. جگە لەلاپەڕە (١) کە شێوەی گۆڤارەکەو ناوی دەستەی نووسەران و لاپەڕە (٢) پێشەکییەک بەقەڵەمی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە (مەدحەت محەمەد صەفوەت)ی تیایە، پێرستی بابەتەکانی لاپەڕەکانی دیکەی بەم جۆرەیە:

ل ٣، ٤: وتاری ژمارە، ب. وتار، ن. سەرۆکی لیژنە.
ل ٥، ٦: وتاری لیژنەی، ب.وتار، ن. سکرتێری لیژنە.
ل ٧، ٨: بەراوردێک، ب. وتار، ن. عەبدولڕەحمان سەعدی.
ل ٩-١٢: رۆژژمێری ئەمڕۆم، ب. هۆنراوە، د. کاردۆ گەلاڵی.
ل ١٢: یاداشتی خوێندکارێک، ب. پەخشان، و. عوسمان حەمەد.
ل ١٣، ١٤: تا ژیان هەبێ هیواش دەبێ، ب. وتار، ن. کوردستان موکریانی.
ل ١٥، ١٦: نەخوێندەواری، ب. وتار، ن. ئەحمەد شەریف.
ل ١٧-١٩: ئێمەو شارەوانی هەولێر، ب. چاوپێکەوتن، س. بیری نوێ(١٠).
ل ٢٠: شلێر، ب. پەخشان، ن. دیار خدر دزەیی.
ل ٢١-٢٥: رۆژە ساردەکەم، ب. چیرۆک، ن. عومەر شێخەڵلا دەشتەکی.
ل ٢٥، ٢٦: مانگ ئەو ئەستێرەیەی خوای ئادەمیزاد بوو، ب. زانست، ن. هیوا یەحیا خۆشناو.
ل ٢٧-٢٩: خوێندکاران لەرێڕەوی ئەم سەردەمەی نەتەوایەتیدا، ب. پەروەدەیی، ن. ئەحمەد نەقشبەندی.
ل ٢٩، ٣٠: گۆڕستانێکی قلێشاوە، ب. پەخشان، ن. جەلال بەرزنجی.
ل ٣١، ٣٢: خۆشەویستییەکی گەرم لەئاگردانێکی پڕ لەخۆڵەمێش، ب. هۆنراوە، د.تاهیر هەمەوەند.
ل ٣٣-٤٦: لەگەڵ هەندێ نووسەرانی شارەکەماندا، ب.دیدار، س. بیری نوێ(١١).
ل ٤٦: سرودێک بۆ ساڵ نامەی خەبات، ب. هۆنراوە، د.خالید جووتیار.
ل ٤٧، ٤٨: هونەرو جوانی، ب. لێکۆڵینەوە، ن. نیعمەت شاکر.
ل ٤٩، ٥٠: بابەگوڕگوڕ، ب. هۆنراوە، د. مەدحەت بێ خەو.
ل ٥٠: ئایا دەزانی؟ پلەی گەرمایی، ب. زانست، ن عەبدولڕەحمان رەشید.
ل ٥١-٥٧: مەولەوی و هۆنراوە ١٨٠٦-١٨٨٢، ب. لێکۆلینەوە، ن. شێرکۆ ئەحمەد حەوێز.
ل ٥٧، ٥٨: ئافرەت، ب. کۆمەلایەتی، ن. نباهەت شاکر.
ل ٥٩، ٦٠: وەرگێڕان، ب. لێکۆڵینەوە، ن. هیوا سەرهەنگ.
ل ٦٠، ٦١: بەرگری، ب.، هەڵبەتس، و. هیوا سەرهەنگ.
ل ٦١، ٦٢: ئاوازێکی تۆمارکراو لە ئیستگەی خۆشەویستی دا، ب. هۆنراوە، د. دڵشاد سنجاوی.
ل ٦٣: گۆتن. مەهەبوون!، ب. هۆنراوە، د. سدیق حامد نزارکی.
ل ٦٤: گوڵ بژێر، هۆنراوە، ئا. وریا بڵباس.
ل ٦٥-٦٧: ژەهراوی بوون بەهۆی مادەی کیمیاوی، ب. زانست، ن. ئەنتۆنیوس قریو عیسا.
ل ٦٨: شاعیرانمان لەساتی ناکامی دا، ب. لێکۆڵینەوە، ن. ئەمین عەبدولقادر خۆشناو.
ل ٦٩، ٧٠: رازو خۆڵەمێش، ب. هۆنراوە، د. خۆشناوێک.
ل ٧١-٧٤: نالی و هونەرە قسەییەکان، ب. لێکۆڵینەوە، ن. زاهید محەمەد.
ل ٧٥-٧٨: تیۆری ئەتۆم، ب. زانست، ن. محەمەد حەسەن حەوێزی.
ل ٧٩: نەورۆز، ب. وتاری سیاسی، ن. ئەبوبەکر لەشکری.
ل ٨٠-٨٢: بەسەرهاتێک، ب. پەخشان، ن. عەبدولقادر حەمەدئەمین.
ل ٨٣-٨٦: چەند پرسیارێک لەگیو، ب. چاوپێکەوتن، س. بیری نوێ.
ل ٨٧: هۆنراوەیەک لە مۆزەخانەی هۆنراوەدا، ب. هۆنراوە، د. موحسن ئاوارە.
ل ٨٨: (سوپاس و مەتەڵی ژمارە)ی لەخۆگرتووە.

**پەراوێزەکان:**

١- ناوەکە بەهەڵە نووسراوەو رەنگە هەڵەی چاپ بێت، راستییەکەی (نوری گشاد حەسەن)ە.

٢- سازدانی چاوپێکەوتنەکە لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە ئەنجام دراوە، کە لەگەڵ چەند مامۆستایەکی وەک (ئەنوەر توفی، نەبیهە رزق، تۆفیق شەفیق، ئیبراهیم بەهنسی)دا دیدارەکە سازدراوە.

٣- ناوی نووسەری بابەتەکە بەهەڵە نووسراوەو راستیەکەی (ئەمین موتابچی)یە، ناوبراو لەژیاندا ماوەو دکتۆرای لە ئەدەبی

فارسیدا بەدەست هێناوە.

٤- لیژنەی بەڕێوەبەری گۆڤارەکە لەبارەی بابەتی (لەنەورۆزا) هەشت بەرهەمی چاپکراوی رەفیق حیلمی لەلاپەرە (٢٤)دا تۆمارکردووە.

٥- مەعروف بەرزنجی، شێخ مارف بەرزنجی شەهیدە، یەکێک بووە لەنووسەرە بەتواناکانی کورد لەبواری چیرۆک و لێکۆڵینەوەدا، لەلایەن فەرمانڕەوایی ئەوکاتەی عێراق (عەبدولکەریم قاسم)ەوە پاش بەندکردنی بۆ ماوەیەک لەسێدارە دراوە.

٦- ئەم کورتە ژیاننامەیە لەمێژووی (ناودارانی کورد)ەوە وەرگیراوە، ناوی نووسەرەکەی لەسەر نییەو رەنگە یەکێک لە ئەندامانی لیژنەکە ئامادەی کردبێت.

٧- ئەو چاوپێکەوتنە لەگەڵ شاعیر (مەلا حامید حەمدون زەکی)دا سازدراوە کە کوڕی شاعیری نابینا (مەلا حەمدون)ە.

٨- هەر لەلاپەرە (١٤)دا دوو پارچە هەڵبەستی (مەدهۆش)ی شاعیری تیایە کە خودی خۆی کردیوێتی بەدیاری گۆڤارەکە.

٩- گۆڤاری (رەهێڵە) بەرهەمی خوێندکاران بووە، بەڵام پاش دەرچوونی ئەم گۆڤارە لەهەمان قوتابخانەدا لیژنەیەک بەناوی (لیژنەی زمان و ئەدەبی کوردی) بەئاگاداری یەکێتی نووسەرانی کورد -لقی هەولێر- پێک هات و هەر ئەو لیژنەیە هەستا بەدەرکردنی گۆڤاری (بیری نوێ).

١٠- چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ بەڕێوەبەری شارەوانی هەولێر (هاشم عەبدوڵڵا)دا سازدراوە.

١١- دیدارەکە لەگەڵ ئەم نووسەرانەدا ئەنجام دراوە (محەمەد حەسەن مەنگوڕی، عەزیز گەردی، کەریم شارەزا، حەمەکەریم هەورامی).

تێبینی:

ناوی بابەتەکانم بەبێ دەستکاری کردنی رێنووسەکەی نووسیوەتەوە.

سەرچاوەکان:

١- مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، عەبدولجەبار جەباری، ١٩٧١.

٢- رابەری رۆژنامەگەری کوردی، جەمال خەزنەدار، ١٩٧٣. بەغدا.

٣- تێگەیشتنی راستی و شوێنی لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا، د. کەمال مەزهەر، بەغدا ١٩٧٨.

٤- گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ژمارە (١١-١٢) ساڵی ٢٠٠٣.

٥- گۆڤاری رۆژنامەنووس ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٠٥.

٦- گۆڤارەکانی (نیشتمان، مولحەقی کوردی گۆڤاری الادیب العراقی، نۆبەرە، بیری نوێ).

٧- گۆڤاری رەهێڵە، ژمارە (١) ساڵی ١٩٧١.

*** دەبوایە ئامادەکار ئاماژەی بۆ چەندان گۆڤاری دیکە بکردایە کە تەنیا یەک ژمارەیان لێ دەرچووە، لەوانە: ژیان/هەولێر، نامیلکەی سلێمانی/سلێمانی، هونەر/ سلێمانی، الجمهوریه/سلێمانی...هتد.**

هەموو نامەی کتێب




# ل کوردستانا باکوور و ل ترکیێ
# رۆژنامەگەرییا کوردی
## ١٩٠٨-١٩٩٢

ع.ز

دوای بەراوردکردن و وردبوونەوەو تاوتوێکردنی زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی دەسپێکی رۆژنامەنووسیی کوردی، دەرکەوتووە ئەم بوارەی مەعریفەی کوردی، هەر لە دەرچوونی (کوردستان)ی یەکەمین رۆژنامەوە، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ رۆژنامەنووسیی میللەتانی دیکەی دەوروبەر هەبووە، تاوەکو ئەمڕۆکە هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆ لە بەردەست دا نییە (کوردستان) دەزگاو دەسەڵاتێکی فەرمی لەپشت دەرچوونییەوە بووبێت، هەبوو دەیەویست بە زۆرەملێ بیسەپێنێت گوایە (کوردستان) ئۆرگانی کوردی (حیزبی ئیتیحاد و تەرەقی) بووبێت، بەڵام بە بەڵگەو توێژینەوە سەلمێنرا ئەو بۆچوونە هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نییە. تاقە بەڵگەیەک هی ئەوەبێت مشتومڕ و دانووستانی لەسەر بکرێت ئەوەی (ئەحمەد ئازیزی) واتە (سورەیا بەدرخان)ی سەرنووسەری (کوردستان)ەکەی ساڵی ١٩١٧یە کە لە وڵاتی میسر دەرچووە، لەوێدا باس لە رێکخراوێک کراوە گوایە لە ساڵی ١٨٩٧ دامەزرابێت و ساڵی دواتر دەستی لە دەرکردنی (کوردستان)ەکەی یەکەمین رۆژنامەی کوردیدا هەبووبێت، لەوەندە زیاتر تاوەکو ئەمڕۆکە هیچ بەڵگەیەک لە سەر ئەم رێکخراوەیە لەبەر دەستدا نییە، دە کەواتە هەر لە هەوەڵەوە رۆژنامەنووسیی کوردی بە سادەو ساکاری دەستی پێکردووە، دیارە ئەو تایبەتمەندییەی رۆژنامەنووسیی کوردیش لە ئەنجامی ئەو رۆژگارە درێژە بووە کە هیچ دەوڵەت و دەسەڵاتێکی دامەزراوی نەبووە، تا کاتی دامەزراندنی (کۆماری کوردستان)یش لە مەهاباد، بە چاوپۆشین لە هەردوو رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی) و (پێشکەوتن)ی سەردەمی

ئینگلیزەکان دواتر ئەوانەی سەردەمی (شێخ مەحموود) رەوشەکە هەر ئاوەها بەردەوام بووە. لەوانەیە هەبێ پێی وابێت رۆژنامەنووسیی ئەرمەنی و ئاسوورییەکانیش، کە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان دەرچوون، هەمان رەوشی رۆژنامەنووسیی کوردییان هەبووبێت و هیچ دەزگایەکیان لەپشت نەبووبێت، بەڵام من پێچەوانەی ئەم بۆچوونە دەبینم و پێم وایە ئەوان دامەزراوێکی ئایینی گەورەو داراییێکی لەبڕان نەهاتوو پاڵپشتی کردوون و بۆ ئەوان سیماو خەسڵەتێکی تایبەتی بە بوارەکە بەخشیوە. شتێکی بەڵگە نەویستە لەناو هەر میللەتێک، چەندە پێشکەوتووش بێت، دەسپێکی کار و داهێنانەکان بە سادەو ساکارییەوە بووە و دواتر فراوان دەکرێت و ئەوەندە لق و پۆپی لێ دەکەوێتەوە. تا وای لێ دێت پێویست بکات دەستەو کۆمەڵەی وا پەیدا ببن ببنە پسپۆری بوارەکە و چاوساغی و ئاسانکاری بۆ ئەوانی دیکە بکەن، لەنێو رۆژنامەنووسیی کوردیدا، بە چاوپۆشین لە هەوڵەکانی هەریەک محەمەد ئەمین زەکی و عەلائەدین سەجادی ئەگەر، بەدوای ئەو (یەکەم جار) و (دەستپێشخەری) یانەدا بچین کە (کاکەی کورد) حەزی لێ دەکات، دەبینین لەم لایەنەوەش هەر بێگانە کەلێنەکەی بۆ پڕکردووینەتەوە، لەوانەیە (ئەدمۆندز) و (مەکەنزی) لە دەستەی یەکەمی ئەو کەسانە بووبن کە سەرەتای مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردییان بۆ تۆمار کردووین، پێشتریش هەوڵی لابەلای دیکە هەر هی بێگانە بووە، ئەوەتا (مینۆرسکی) پێش ئەوان باسی لە هەندێ گۆڤار و رۆژنامە کردووە، تا ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ رەوشەکە هەر وابوو و پەیوەندیشی بەم هۆیەوە هەبووە کە پێشتر دەستنیشانم کردووە، ئەوەبوو لە ئەنجامی هاتنە پێشەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئەم بەشەی کوردستاندا هاتبوو، بەهۆی تەواوکردنی خوێندنی ئەو کەسانەش کە لەم بەشەی وڵاتدا بۆ خوێندن ناردرابوونە دەرەوەی عیراق، هەندێ کەس پەیدابوون و کەوتنە تۆمارکردنی مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردی بەناوی گۆڤار و رۆژنامەکانیشەوە. ئەگەرچی ئەو نسکۆیەی کە لە ساڵی ١٩٧٥دا بەسەر شۆڕش داهێنرا بۆ کورد بووە کارەساتێکی گەورەو بۆ رۆشنبیر و سیاسییەکانیشی مایەی نیگەرانی، بەڵام ئەوەندەی نەبرد کۆمەڵێک گۆڕانکاری کوردی رۆژهەڵات و باکووری کوردستانیشی گرتەوە، بەڵام هۆکاری شکستەکان هەروەکو خۆیان مابوونەوە، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٠ بەدواوە کوردێکی زۆر لە هەموو لایەکی وڵاتەوە روویان لە هەندەران بەتایبەتی ئەوروپا، کرد.

ئەوانە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵیان تێدا بوو و کۆمەڵێکیشیان نووسەر و رۆژنامەنووس بوون، زووبەزوو کەوتنە خۆیان و کۆمەڵێک گۆڤار و رۆژنامەیان لە ئەوروپا و ئەمریکا دەرکرد.

لەنێو ئەو کەسانەشدا هەبوو بایەخی بە تۆمارکردنی ناوی ئەو گۆڤار و رۆژنامانە دەدا، هی واشیان تێدابوو دەیپاراستن، ئەوانە هی وایان تێدایە لەنیوەی رێگادا پەکیان کەوتووە، هەشیانە هێشتا بەردەوامەو هی دیکەیان دەگەڵ دەکەوێ. من پێم وایە ئەوانەی بەدوای ئەم جۆرە سەرچاوانە دەگەڕێن لە هەمووان ماندووتر و رەنج بە خەسارترن، لە ئەنجامی ئەو جۆرە کارەشیان بەردەوام باخەڵیان خاڵییە، لەنێو ئەو ماندوونەناسانەی لە دەرەوەن و خۆیان بەم بوارەی مەعریفەوە ماندوو کردووە، ناوەکان زۆرن و من لای خۆمەوە بایەخی تایبەتیم پێیان داوەو لە زۆربەی نووسین و ئاماژەکانم لە بارەی رۆژنامەنووسیی کوردی و لەسەر لاپەڕەکانی هەردوو گۆڤاری (رۆژنامەڤانی) و دواتر (رۆژنامەنووس)ی (رۆژنامەنووسانی کوردستان) ناویانم هێناوە، پێشم وایە خوێنەرانی کوردستانی باشوور لەنێو ئەو ناوانەدا لەگەڵ هەردوو ناوی (مالمیسانژ) و (مەحموود لەوەندی) لە هەمووان زیاتر ئاشنان، دیارە ئەوەش لە رێگەی چالاکی ئەو دوو زاتەو لە رێگەی نمایشکردنی کتێبی (ل کوردستانا باکوور و ل ترکیێ رۆژنامەگەریا کوردی، ١٩٠٨-١٩٩٢)ەوە بووە. جگە لەمە یەکەمیان هەر لە هەشتاکانەوە بەردەوام بەرهەمەکانی لە تورکییەوە دەکرێنە کوردی، لەوانەیە زۆربەی خوێنەران لە چۆنیەتی دۆزینەوەی هەردوو ژمارە (١٧،١٨)کەی (کوردستان)ی یەکەمین رۆژنامەی بێ ئاگابن کە لە سەرەتای نۆهەتەکانی سەدەی رابردوو لەلایەن (مالمیسانژ)ەوە دۆزراونەتەوەو لە دوو توێی کتێبێکدا بە ناونیشانی (عەبدولڕەحمان بەدرخان، سەرنووسەری یەکەمین رۆژنامەی کوردی)، کە بە زمانی تورکییە، چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە.







له رۆژانی ڤیستیڤاڵی بەدرخان (مالمیسانژ) لە کوردستان بوو، بابەتێکی بە پێزیشی بە ناوونیشانی (زانیاری نوێ لە بارەی عەبدولرەحمان بەدرخان)ەوە پێشکەش بە ئامادەبووانی ڤیستیڤاڵ کرد، من پێم وایە لەبەر دەنگە دەنگ و ژاوەژاو و شوێن تەسکی ناو هۆڵەکە بوو لەوانەیە زۆر کەس لە مەبەستەکانی ناوبراو نەگەیشتبێ و تاوەکو ئەمڕۆکەش نەیزانیبێ زانیارییەکان چەندە گرنگ بوون، جگە لەوە لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا ئەوە سێیەمین جار بوو ئەو بەڕێزە سەردانی کوردستان بکاتەوە، لە هەرسێ جارەکەدا بارو زروفێکی وام خولقاند زۆربەی کاتەکانمان بە یەکەوە بەسەر دەبرد و ئاڵوگۆڕی زانیاریمان لەم بوارەی کەلەپووری کوردی دەکرد، ئەوەندەی سەرنجم داوەتێ هەرجارەی ئەو زاتە گەڕاوەتەوە لە جیاتی هەر شتێکی دیکە کۆمەڵێک کتێب و بڵاوکراوەی کوردی لەگەڵ خۆی بردۆتەوە، رۆژانی سێیەمین ڤیستیڤاڵی بەدرخان و ئەو چوار پێنج رۆژەی دواتریش رۆژانە زۆربەی کاتەکانمان بەیەکەوە بەسەر دەبرد، ئەمجارەیان (مالمیسانژ) زۆر گلەیی لە بایەخنەدان بە باری رۆشنبیری ناوەوەی وڵات دەکرد، زۆر داخی بەوانەوە دەخوارد کە"نانخۆری جێگری" ئەم بوارەن. هەروەها گلەیی لە دەستدرێژی کردنە سەر مافی نووسینی خەڵکی دیکە دەکرد، هەر بۆ نموونە رۆژێکیان باسی چۆنیەتی دۆزینەوەی ژمارە (١٨،١٧)ی رۆژنامەی (کوردستان) و چۆنیەتی چاپکردنەوەکەی لە ساڵی ١٩٩٢دا بۆ کردم، گلەییشی لەو کەسانە دەکرد کە خۆی پێشتر لە ئەوروپا (کۆد)ی رۆژنامەکەی دابوونێ و شوێنەکەی بۆ دەستنیشان کردبوون، کەچی ئەوان لە ساڵی ١٩٩٦دا لە ناوەوەی وڵات دۆزینەوەکەیان کردبووە هی خۆیان و بەناوی خۆیان بڵاویان کردبۆوە، ئەو گلەیی و گازاندانەی (مالمیسانژ)، کە زۆر منی نیگەران کرد بوو، زیاتر لەو رۆژەدابوو کە ژمارە (١١)ی گۆڤاری (مێرگ) دەرچوو، بەتایبەتی کە گۆڤارەکە هەر لە رۆژی یەکەمی دابەشکردنییەوە دانەی لە بازاڕدا نەما، زۆر هەوڵم داو بەدوایدا گەڕام تا دوو دانەم چنگ کەوت، یەکێکیان بۆ خۆم بوو، ئەویدیکەیان بۆ (مالمیسانژ)، رۆژی دواتر دیاربوو، هەموو ئەو بابەتانەی تیایدا خوێندبۆوە کە لە بارەی رۆژنامەنووسیی کوردی بوون، وا پێدەچوو ناوونیشانی (بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی لە باکووری کوردستان و لە تورکیادا، ١٩٠٨-٢٠٠٢) لە هەموو بابەتەکانی دیکە پتر سەرنجی ئەوی راکێشابوو، بەتایبەتی کە لە ناوونیشان

و ناوەڕۆکەکەی کەوتبووە گومان، بۆیە بەرگی دووەمی کتێبە هاوبەشەکەی خۆی لەگەڵ "مەحموود لەوەندی" بەناوونیشانی (ل کوردستانا باکوور و ل ترکیێ) هێنابووە بەردەست و بەراوردێکی سەرپێیی لەگەڵ ناوەڕۆکی وتاری ئاماژەکراوی پێکردبوو، زووبەزوو جێ پەنجەی خۆیانی لەسەر وتارەکە دۆزیبۆوە.

بەڵام چی لەگەڵ ئامادەکاری بابەتەکە بکات وا تەنیا ئاماژە بە سەرچاوەی بابەتەکەی ئەوان ناکات گوایە تەنیا سوودی لە (ئەرشیفی تایبەتی خۆم کە نزیکەی ٧٠٠ ناوونیشانی گۆڤار و ڕۆژنامەو بڵاڤۆکی کوردی لەنێوان ساڵانی ١٨٩٨-٢٠٠٤دا لە خۆ گرتووە) نازانم بۆ، لەکاتی بەراوردکردنی ناوەکان و ئەو زانیارییانەی لە بارەیانەوە نووسراونەتەوە لەگەڵ (مالمیسانژ)دا من دەمەویست دیزە بە دەرخوونەی کەلەبەرەکانی ناوەڕۆکی بابەتەکە بکەم، بەڵام تێبینییەکانی ئەو ئەوەندە وردبوون نەمدەتوانی هیچ پاساوێک بۆ نووسەری بابەتەکە بێنمەوە، ئەوەندەش بە بڕوا بەخۆبوونەوە بەڵگەکانی دەهێنانەوە کە لە کتێبەکەی ئەوان وەرگیراون. دوای مشتومڕ و پاساو هێنانەوەیەکی زۆر دیاربوو هەوڵەکانم بۆ گەردن ئازادی نووسەرەکەی هەر بێسوود دەرچوون، دواجار (مالمیسانژ) بەرگی دووەمی کتێبەکەی چاپی سوێدی بۆ کردمە دیاری تا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەم، ئەمجارەیان ناچار بووم زۆر لەسەر خۆ و بە شێنەیی بەراوردی ناوەڕۆکی بابەتەکە لەگەڵ ئەو دانەیەی هەردوو بەرگی کتێبەکەدا بکەم، ئای خودایە ئەوە چی دەبینم؟ خۆ بەڕاست ئەوە ناوەڕۆکی بابەتەکە دەقاودەق بە کۆمەڵێک لە وێنەکانییەوە، سەرباری چەند هەڵەی مێژوویی لەلایەن ئامادەکاری وتارەکەوە، لەم کتێبە وەرگیراون:

ئەوەتا ئەوەی ناوی لێنراوە (دەستپێک) لەو (پێشگۆتن)ە وەرگیراوە کە وەشانخانەکەی (ژینانوو) لە ١٩٨٩/٣/٩دا لە سوێد بۆ کتێبەکەی نووسیوە، کەچی گوایە ئامادەکار لە کرمانجی باکوورەوە کردوویەتیە کرمانجی خواروو، بەڵام زۆر بە سەقەت و پەقەتی، بەشێوەیەک کە هیچ مانایەکی ئەوتۆ نابەخشێ، هەر بە نموونە ئامادەکاری بابەتەکە نووسیویە (مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بەشێکی گرنگی مێژووی سەدەیەکی بەر لە ئەمڕۆی نەتەوەی کوردی پێکدەهێنێت، یان بە شێوەیەکی دیکە دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیماندا سەرەتایەکی گرنگ و






بەرچاوە بۆ دەستپێکی سەرهەڵدانی هۆشیاری نەتەوایەتیمان، چونکە بە دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان ١٨٩٨-١٩٠٢)لە شاری قاهیرە لە میسر ڕێگای خۆشکرد بۆ بیروبۆچوونی تازەو پەیدابوونی ڕووناکبیری لە کوردستاندا):

تا دەڵێ: (دوای چەند ساڵ بەسەر دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لە شاری قاهیرە، بوو بەهۆکاری ئەوەی پارت و ڕێکخستنی کوردی دروست بێت و لەو ڕۆژەوە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردیی بەگشتی و بزاڤی ڕۆژنامەگەریی بەتایبەتی شان بەشانی یەکتری بەڕێوەن، وەک ڕوون و ئاشکرایە هەموو ساڵێک لە باشووری کوردستاندا ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان لە ڕێکەوتی (٢٢)ی نیسانی هەر ساڵێک یادی ئەو ڕۆژە دەکەنەوەو ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی ناوزەد کراوە).

دڵنیام خوێنەر بە دوو جار و سێ جاری خوێندنەوەی ئەم دەقە هەر دڵی ئاو ناخواتەوەو زانیارییێکی ئەوتۆی لێ وەدەست ناهێنێ، بەتایبەتی هەر لە گەڵ (یەکەم جار) خوێندنەوەی دەقەکە وا هەست دەکرێت چەند وشەو دەستەواژە لە شوێنی خۆیان دانەنراون یان کەم و کورییەک لە داڕشتنی ڕستەکاندا هەیە، ئەوەتا دەقی (پێشگۆتن)ەکەی ژینانوو دەڵێت: (تاریخا ڕۆژنامەگەرییا کوردی، یەک ژ گرنگترین بەشێ تاریخا مللەتێ کوردا سەد ساڵێ مەیە. ب ئیفادەکە دن دەرکەتنا ڕۆژنامەگەرییا کوردی، دەستپیکا قۆناخا هشیاربوون و تێکۆشیا خوە ئاڤاکرنا مللی یا مۆدرنا مللەتێ کوردە. ب دەرکەتنا ڕۆژنامین کوردی ڕە بیرو باوەری، زانین و کولتوورا ڕۆناهیبوونا ل سەر ئەساسێ علمێن پۆزیتیڤ ب ڕوودانەک مۆدرنا قرنێ مە، دناڤ مللەتێ کورد دەست ب بەرفرەبوونێ کر. چەند ساڵ پشتی دەرکەتنا ڕۆژناما کوردی یا پێشین، ڕێخستنا مللی یا پێشین ژی ئاڤا بوو. ژ وێ ڕۆژێ ڤر دە ژیانا تێکۆشینا ڕێخستنێ و ڕۆژنامەگەریێ یا مللەتێ کورد مل ب مل هەتا ئیرۆ هات).

وادیارە ئەو بڕگەیە کە دەق لە ل١٥ی کتێبەکەی (مالمیسانژ) و (لەوەندی)دا هاتووەو ئامادەکار بەپێی سەلیقەو میزاجی خۆی وشەو دەستەواژەکانی ڕێکخستۆتەوە.

## دوای ئیعلانی مەشرووتیەت

دیسان ناوونیشانێکی ئاوا سەربەخۆ لە کتێبەکەی (مالمیسانژ) و (لەوەندی)دا نییە، بەڵام وادیارە ئامادەکاری بابەتەکەی "مێرگ" ئەمەشیانی لە دووتوێی کتێبەکە دەریهێناوەو نووسیویە:

لەدوای ساڵی (١٩٠٨)دا دوای ئیعلان کردنی مەشرووتیەت بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کورد دەستبەکاربوون لە شاری ئەستەنبوڵ بۆ دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەو تا ساڵی (١٩١٤) بەردەوام بوون، بەڵام لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا لەنێوان ساڵانی (١٩١٤-١٩١٨)دا ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی لە دەرچوون دەوەستێت و بڵاونابێتەوە).

هەرچی (مالمیسانژ) و (لەوەندی)ین بۆچوونەکانی خۆیان ئاوا تۆمار کردووە:

(د ١٩٠٨ ئان دە مرۆڤ دبینە کو پشتی ئیعلان کرنا مەشرووتیەتێ، ل ئەستەنبۆلێ، کورد ژی دەست ب دەرخستنا ڕۆژنامەو کۆڤارێن کوردی دکن و هەیانی ١٩١٤ئان هەر ددۆمینن.

د دەما شەڕێ جیهانێ یێ، پێشین (١٩١٤-١٩١٨)دە وەشانێن کوردی دسەکنن، دەرناکەڤن).

خوێنەری زیرەک بە بەراوردکردنی ئەو دوو دەقەش بۆی دەردەکەوێت لە ڕیزبەندی گێڕانەوەکەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە، جگە لەوەی ئامادەکاری بابەتەکەی "میرگ" یان ئەوەتا لە هەندێ وشەو دەستەواژەی بابەتەکەی (مالمیسانژ) و (لەوەندی) حاڵی نەبووبێت یانیش شارەزاییەکی ئەوتۆی لە ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمەدا نەبووە، ئەگینا کەی "مەشرووتیەت" لە دوای ساڵی ١٩٠٨دا ئیعلان کراوە، ئەوە نییە هەر کتێبێکی مێژووی ئەو سەردەمە بگرێ وا باسی "مەشرووتیەت" دەکەن لە ٢٣ی تەمووزی ١٩٠٨دا بووبێت.

پاشان کاکی خۆم کەی جەنگی یەکەمی جیهانی (نەک وەک ئەوەی ئامادەکاری بابەتەکەی" مێرگ نووسیویە جەنگی جیهانی یەکەم) لەنێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩١٨دا بووە؟ خۆ وەک دەبینن هەردوو نووسەری کتێبەکە ڕستەکانی خۆیان ئاوا دانەڕشتووە.

هەرچی بەشەکەی دیکەی بڕگەی سەرەوەیە ئەوە لە (پێشەکی) یەکەی (مالمیسانژ) و (مەحموود لەوەندی) لەبارەیەوە دەڵێن: (ڕۆژناما







پێشینا كوردی، كوردستان، د ٢٢ی نیسانا ١٨٩٨ئان ده ل قاهیرێ دەرکەتبوو.

ڤان سالێن، داوین، ل كوردستانا باشوور (كوردستانا ئیراقێ)، هەر سال ٢٢یێ نیسانا وەك رۆژا رۆژنامەگەرییا كوردی تێ پیرۆزكرن).

## رۆژنامەگەریی كوردی بە زمانی بێگانە

دیارە ئەو ناوونیشانەش لە كتێبەكەی (مالمیسانژ) و (لەوەندی) ئاوا بە زەقی دانەنراوە.

دامەزراندنی كۆماری توركیاو سەرهەڵدانی كوردان

لەژێر ئەم ناوونیشانەی بابەتەكەی "مێرگ"یش نووسراوە:

(لەدوای دامەزراندنی كۆماری توركیا لە ساڵی (١٩١٩)دا، ئەوجا سەرهەڵدانی كوردان لەنێوان ساڵانی (١٩٢٥،١٩٢٧،١٩٣٠،١٩٣٧،١٩٣٨)دا، لەلایەن كەمالیستەكانی توركیاوە ئەو هەموو راپەڕین و سەرهەڵدان و بزووتنەوە كوردییانە سەركوت دەكرێن).

هەڵبەتە ئەو چەند دێڕەی سەرەوە بڕگەیەكی دیكەشی بەدوادا هاتووە، وا دیارە دوای خوێندنەوەیەكی سەرپێیی و دیسان بێ ئاگایی لە رووداوەكان وای كردووە هەڵەی زۆری تێبكەوێت، ئەگینا كۆماری توركیا كەی لە ساڵی ١٩١٩دا دامەزراوە؟ پاشان هەردوو نووسەری بەڕێز كەی وایان گوتووە؟ ئەوەنییە ئەوان دەڵێن:

(پشتی تەڤگەرا كەمالیستان-كو د١٩١٩ ئادە دەست پێكربوو- كۆمارا تركیێ هاتە دامەزراندن، سەرهلدانێن كوردستانێ یێن سالێن ١٩٢٧،١٩٢٥٠-١٩٣٠، ١٩٣٧-١٩٣٨ئان ژ ئالی كەمالیستان ب هۆڤیتی و باربەری هاتن پەلچقاندن و دەولەتا ترك دەست ب پۆلتیكا ئینكار و قركرنا گەلێ كورد كر.

دە كەواتە ئامادەكاری بابەتەكەی "مێرگ" سەرچیغ چووە كە هەریەك لە بزووتنەوەكەی نێوان ساڵانی (١٩٢٧-١٩٣٠)و نێوان هەردوو ساڵی (١٩٣٧-١٩٣٨)ی بە جیا داناون تەقەڵەكانی نێوانیانی كردۆتە وێرگوڵ، هەروەها ئەوەندەی من زانیاریم لەسەر هەیە كۆماری توركیا لە ساڵی ١٩٢٣دا دامەزراوە نەك لە ساڵی ١٩١٩دا. ئەوەی هەردوو نووسەری بەڕێزیش ئاماژەیان بۆ كردووە ئەوە بزووتنەوەی كەمالیستان بووە كە لە ساڵی ١٩١٩دا دەستی پێكردووە نەك كۆمارەكە لەو ساڵەدا دامەزرابێ...!

هەروەها بابەتەكەی "مێرگ" ئەم ناوونیشانانەشی لەخۆ گرتووە:



* گۆڕینی یاسایی بنەڕەتی لە تورکیادا.
* بزاڤی رۆژنامەگەریی لەنێو خوێندکارانی زانکۆدا.
* بزاڤی رۆژنامەگەریی لەنێو زینداندا.
* رۆژنامەگەریی کوردی دوای هاتنی حکومەتی عەسکەری لە ساڵی (١٩٨٠)دا.

ئەگەر دەقەکانی ژێر ئەم ناوونیشانانەی سەرەوەش لەگەڵ ئەوەی (مالمیسانژ) و (لەوەندی) بەراورد بکەم دیارە چەند لاپەڕەیەکی دیکەم دەوێت و پێم خۆش نییە باری گۆڤارێکی وەکو "مێرگ"ی پێ گران بکەم، بەڵام دەبێ ئامادەکاری بابەتەکە لەبارەی هەندێکیان ئاگادار بکەمەوە:

١- ئامادەکاری بابەتەکەی "مێرگ" دەبێ بزانێ ئەو هەرچەندەی گۆڤار و رۆژنامەی خوێندکارانی زانکۆ و زیندانەکانی تورکیاشی لە (ئەرشیف)ی خۆیدا پاراستبێت، بەڵام بەبێ ئاگاداری و هەبوونی کۆمەڵێک بەڵگەنامەی دیکەو شارەزاییەکی باش لەم بارەوە ناتوانێ لە بارەی ئەم دوو تەوەرەوە بدوێ.

٢- هەرچی لە بارەی دواناوونیشانی بابەتەکەشە لەوانەیە زۆربەیان لە ئەرشیفەکەی ئامادەکار هەبن، بەڵام دەبێ بزانرێ کاری رۆژنامەنووسیی هەر ئەرشیفکردنی بڵاوکراوەکان نییە.

٣- بەشێکی دیکەی بابەتەکەی"مێرگ" بریتییە لە تۆمارکردنی ناوی ١٥٤ بڵاوکراوە کە لەنێوان ساڵانی (١٩٠٨-٢٠٠٢) بڵاوکراونەتەوە. من دڵنیام ئەگەر ئامادەکار وێنەی هەرکام لە (١٣٢)کەی بەرایشی لە ئەرشیفدا هەبێت، بەڵام هەر سوودی لە کتێبەکەی (مالمیسانژ) و (مەحموود لەوەندی) وەرگرتووەو هەڵەکانی ئامادەکاری بابەتەکە لێرەدا زیاتر زەق دەبێتەوە کە دەبینین هەموو وەرگێڕدراوی ناوەکانی کردۆتە ناوی گۆڤار و رۆژنامەکان و دیسان لەکارەکەیدا ئەوەندە بە دیقەت نەبووە.

هەر بە نموونە، دەبینین ئەو بڵاوکراوەیەی کە لە ساڵی ١٩٠٩دا لە ئەستەنبوڵ بە ناوی (امد سوداء) دەرچووە لە وتارەکەدا زنجیرە (٤)ی دراوەتێ ئەو کردوویەتی بە (ئامێدا رەش)، هەروەها (عرفان)ی زنجیرەی (١٣)ی بە (یرڤان) خوێندۆتەوە، (دیجلە کایناغی) زنجیرە (١٥)، کە لە ساڵی ١٩٤٨دا دەرچووە، بە (سەرچاوەی دیجلە) خوێندۆتەوە، ئەگەر هەروا پێدا بچم دەبێ پەنجە بۆ ٢٠-٣٠ناوونیشانی دیکە رابکێشم.

٥- لەگەڵ بابەتەکەی "مێرگ"دا وێنەی (٢٠) لەو گۆڤار و رۆژنامانە بڵاوکراونەتەوە کە لە دوتوێی بابەتەکە ناویان هاتووە، بەپێی سەلیقەو ئەو بەراوردکارییە کە لەگەڵ کتێبەکەی (مالمیسانژ) و (مەحموود لەوەندی) ئەو گفتوگۆیەی کە لەگەڵ یەکەم نووسەریانم کردووە، دڵنیام (١٠) لەو وێنانە لە کتێبەکەیان وەرگیراون، بەڵکو هەندێکیان لای ئەو دوو زاتە نەبێت نەبینراون.

من دڵنیام مۆتەکەی ئەو بارە دەروونیەی بەم دواییە کەوتبووە سەر کاک فەخرەدین تاهیر وای کردووە رووداوەکان ئاوەها بەبێ بنەمایەکی زانستی و بەڵگەو ئاماژەکردن بۆ سەرچاوەکان بخوێنێتەوە، ئەگەرنا ئەو بابەتانەی پێشتر کە ئەو لەم بوارەدا تۆماری کردوون دڵنیام دەکەنەوە جارێکی دیکە بە نووسینەکەی خۆیدا دەچێتەوەو هەڵەو کەم و کوڕییەکانی بابەتەکەی هەست پێ دەکات و وەکو جاری جاران زۆر بەبوێرییەوە داوای لێبوردن لە خوێنەران و هەریەک لە (مالمیسانژ) و (مەحموود لەوەندی) دەکات. منیش لای خۆمەوە هەر لە ئێستاوە داوای لێبوردن لە کاک فەخرەدین و خوێنەران دەکەم ئەگەر خوانەخواستە لە هەر شوێنێک قەڵەمم بە خواری بە سەرکاغەز داهێنابێت ئەوە جگە لە خزمەتکردنی ئەم بوارە هیچ مەبەستێکی خۆمی لەدواوە نەبووە.

## پەراوێزەکان:

* أ- ئازاد عوبێد لە ژمارە٢٣ی گۆڤاری (رامان)ی ساڵی ١٩٩٨دا نمایشێکی تێروتەسەلی ئەم کتێبەی کردووە.
ب- تاریق جامباز لە ساڵی ١٩٩٨دا زۆر لە بابەتەکانی ئەم کتێبەی هێنابووە سەر رێنووسی کوردی و لە (برایەتی)دا بڵاوی کردۆتەوە.
ج-فەخرەدین تاهیر خۆی لە ژمارە ١٢ی رۆژنامەی (بارزان)دا، کە لە ئەمریکا دەردەچێ و ئەو ژمارەیەی لە هەولێر چاپ کرابوو، نمایشێکی ئەم کتێبەی کردووە.
** هەموو دەقەکانم لە کتێبی ناوبراوو ژمارە ١١ی گۆڤاری مێرگ وەرگرتووە.
*** هەرسێ گۆڤارو رۆژنامەی (دەنگ، یەنی ئەکش، رۆناهی) لە ئەرشیفی د.مارف خەزنەدار وەرگیراوە.
**** بەشێکی ئەم بابەتە لە ژمارە ١٤ی گۆڤاری (مێرگ)دا بڵاوکراوەتەوە.



لتخفق عالياً راية حزبنا المجاهد

البارتي يوجه نداء الى الامم المتحدة ورؤساء الدول والمنظمات الدولية

خەبات

لسان الحزب الديمقراطي الكردستاني

العدد (٤٧٠)  ايلول ١٩٦٣  الثمن (١٠٠ فلس)

قواتنا الباسلة توالي انزال ضرباتها الشديدة بقوات النزو الجنيه الفاشية

لتكن الذكرى السابعة عشرة لتأسيس حزبنا الثائر طلهمة لتشديد النضال ضد الفاشية والرجعية

نداء من الحزب الديمقراطي الكردستاني

دەنگی کوردستان

ژمارە ٤٧٠ی خەبات ڕۆژی کردنەوەی ئێزگەی دەنگی کوردستان لە ١٩٦٣/٨/٢٠ ساخ دەکاتەوە

# دیاریی ژماره

## کوردێکی یەک ڕەنگ

### (١)
### ژمارەیەکی دیکەی دانسقەی (خەبات)

(شوێنی ڕۆژنامەنووسیی "خەبات" هەرچەندە لێی بکۆڵدرێتەوە، پتر کەلەبەرو کەم و کوڕی و لەمێژووی پڕ لە هەڵچوون و داچوونیدا دەردەکەوێ و تۆژەر پتر هەست دەکات کە پێچەک پتر بەدوای سەرچاوەی نوێدا بگەڕێ)..

ئەو چەند دێرەی سەرەوە لەسەرەتای بەشی دووەمی ئەو لێکۆڵینەوەیەمدا نووسراوە کە بەناونیشانی: (دادگایی کردنی خەبات یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی) بڵاوکراوەتەوەو لەبارەی (خەبات)ی ڕۆژانەی سالانی ١٩٥٩-١٩٦١ نووسرابوو، باروزرووفی کورد لەگەڵ حکومەتی عەبدولکەریم قاسم وای کرد (خەبات) لەژمارە (٤٢٨)ی ڕۆژی ١٩٦١/٣/٢٨دا ڕابگیرێ و پەکی بخرێ، ئەوەبوو دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول جارێکی دیکە لەنێو ئەشکەوتەکانی کوردستان دەست بەدەرچوونەوەی (خەبات) کرایەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەقەبارەو شێوەی دیکە، ئەوەی تاوەکو ئێستا زانراوە بەژمارە (٤٦٥)ی سەرەتای نیسانی ١٩٦٣ دەست بەبڵاوکردنەوەی کراوەتەوە، ناشزانرێ ئەو هەردوو ژمارەی (٤٦٣، ٤٦٤) هەر لەئەسڵدا دەرنەچوونە وەکو ئەوەی زۆرجاران لە کاروانی ڕۆژنامەنووسی کوردی باس کراوە، هەڵەیەک کراوە، بەهەرحاڵ ئەو ژمارانەی نێوان ٤٦٥-٥٢٧ کە تایبەتن بەشۆڕشی ئەیلوول و ساڵانی نێوان ١٩٦٣-١٩٧٥ زۆربەی ژمارەکانی بزرن و دیارنین، جارێ ئەو ١١ ژمارەیەی لەساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥دا دەرچوو تاوەکو ئێستا تاقە ژمارەیەکیشی دیار نییە، ئەوەندەی من ئاگادارم ئەو ژمارانە تا ساڵی ٢٠٠٠ لەئەرشیفی ناوەندی (پارتی)یشدا نەبووە، خۆشبەختانە جاروبار هەندێ برادەر ژمارەیەکیان لێرەو لەوێ چنگ دەکەوی و ئێمەی لێ بێ بەش ناکەن.

کاتی خۆی ژمارە (٤٧٠)مان لەرێگەی کاک مومتاز حەیدەرییەوە چنگ کەوت، ئەمجارەشیان کاک جوتیاری حاجی تۆفیق وا دیارە ژمارە (٤٧١)ی لەرێگەی دکتۆر ئەمیری حەسەن پوورەوە چنگ کەوتووەو لەسەردانی ئەم دواییەی بۆ کوردستان فۆتۆیەکی لێ پێشکەش بە (بنکەی ژین) کردووە، من پێم وایە ئەو ژمارە دانسقەیەی ڕۆژنامەکە زۆر لێکدانەوەی نوێ دەخاتە سەر مێژووی شۆڕشی ئەیلوول، هەروەها ئەم ژمارەشیان کە لەئەیلوولی ١٩٦٣دا دەرچووە ئەو ئاگادارییەی لەبارەی (ڕادیۆی دەنگی کوردستان)ەوەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، ڕۆژی کردنەوەی ئێزگەکەمان لە ١٩٦٣/٨/٢٠دا بۆ دەسەلمێنێ.

# (٢)
# رزگاری ١٩٥٩

لەساڵی ١٩٤٦ بەدواوە تاوەکو ئەمڕۆ بەلای کەمییەوە چوار جار ئەم ناوە بەشێوەی گۆڤارو رۆژ١نامە چۆتە نێو مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردی، لەساڵی ١٩٥٩ دا، دوای باروزرووفی دوای ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، هەل و مەرجێکی لەبار بۆ کورد رەخسا، جارێکی دیکە (پارتی) بەخۆکەوت و ئەمجارەیان لەشێوەی (گۆڤار) ژێراوژێر ئیمتیازیان بەناوی (رزگاری) وەرگرتۆتەوە، بەلام ئەمجارەیان ئیمتیاز بەناوی ساڵح حەیدەری بووە، سەرەکی مەسئوولی نووسین: پارێزەر فوئاد جەواد بووە، هەرچی هەڵسوڕێنەری کاروباریشە ئەوا جەلال تاڵەبانی بووە، ئەوەی شایانی باسیشە لەسەر ئەم (رزگاری)یەی ئێمە زۆر نووسراوە، بەڵام زانیارییەکان تێکەڵ و پێکەڵ و بێ سەروبەر بوون، کاتێ لەژمارە (١١-١٢) (رۆژنامەڤانی)دا ژمارە (١) ئەم گۆڤارەمان کردە (دیاریی ژمارە) هەستمان کرد چمکێکی گرنگی مێژووی ئەم گۆڤارەمان بۆ هەتاهەتایە راست کردەوە، بەڵام ژمارە (٢-٣) مەراقێک بوو هەروەکو خۆی مابووەوە، بەتایبەتیش کە پێشتر لە ل٦٥ی ژمارە (٤) ٢٢ی نیسانی ساڵی ٢٠٠١ لەبارەی ئەم گۆڤارە نووسیبوومان گۆڤاری (رزگاری)یش کە ژمارە ١ی لە ١٠ی شوباتی ١٩٥٩ دەرچووەو هەڵسووڕێنەری جەلال تاڵەبانی بووە، ژمارە (٢، ٣)یشی لێ دەرچووە کە تاوەکو ئێستا بزرە، هەندێ سەرچاوەی هەر لەخۆوە خوالێخۆشبوو عومەر مستەفا دەبابە-یان لەژمارەکانی دواتر بەخاوەنی داناوە، من بەڵگەی راست و دروستم هەیە کە ئەم بۆچوونانە لەبارەیەوە راست نین و گۆڤارەکە لەم چەند ژمارەیەی پتر لێ دەرنەچووەو هەر مامۆستا ساڵح حەیدەری خۆی خاوەنی بووە.

لەم رۆژانەدا لە (بنکەی ژین) بۆ بووژانەوەی کلتووری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانی کورد تەلەفۆنم بۆ کراو هەواڵی گەیشتنی ژمارە٢-٣ گۆڤارەکە لەلایەن خانەوادەی رەشید باجەلانەوە، بەتایبەتی بەهاری کچی، پێ راگەیاندم، خۆشحاڵم کەوا بۆچوونەکانی سەرەوە بەبێ ئەوەی گۆڤارەکەم پێشتر دیبێ راست دەرچوون، هەروەها بەوردبوونەوە لەدانانی زنجیرەی ژمارەکانی گۆڤارەکە وا پێدەچێ، هەڵەیەک لەزنجیرەکە کرابێ و لەدوا لاپەڕەی گۆڤارەکە راست کراوەتەوە.

*** سوپاس بۆ هەردوو برا رەفیق ساڵح و سدیق ساڵح کە هەردوو (دیاریی ژمارە)ی ئەمجارەیان پێشکەش کردووین.**

# باسالی سی یەمی شورشەکەمان بکەینە سالی گور کردنی بەعسی فاشست


## خەبات

ئورگانی پارتی دیموکراتی کوردستان

ژمارە (۳۱) (ئەیلولی ۱۹۶۳) نرخی ۱۰ فلس


## حیزبی بەعسی فاشست

### دوژمنی خەرە گەورەی نەتەوەی کوردە

### پیویستە لە ناو بردنی حوکمی بەعسی ئامانجی یەکەمی سالی سی یەمی شورشەکەمان بیت

چاو پیاخشاندنیکی کردەوە بەرو باوەری حیزبی بەعسی فاشست لە بەر تیشکی ئامانجە پیرۆزەکانی شورشە پیروزەکەمان زور بە ئاشکرا دەری دەخات کە ئـەم دەستە فاشستە خوینخورە دوژمنی خەرە گەورەی گەلی نیشتمانی شورش و پارتی پـیشـمـەرگـەکـەمـان جاری پەر لە هەموو شتیک ئەوی سەرنج بخاتە کردەوە ناجوانەکانی ئەم دەستەیە لە کوردستاندا . لە دەست پی کردنەوەی شەریەوە هەتا ئیستا هیچ گومانیکی لە دلدا نامینی کەوا ئەم بەدە فاشستانە لـە ریزی دوژمنە ترسناکەکانی گەلەکەماندا ... کەمان و ئازادی ... گر نگترین ... کە ... و تەیەکانی ... داکو ... و کەسانی گەلەکەمان . حیزبی بەعسی ... بیرو باوەری ... شوفینی داگیر کەرانە ... ئیمپراتوریەتیکی عەرەبی ... هیچ کاتیک لـە میژوودا ... وەلاتانی ... ئیمپراتوریەتە ... ( یەکیەتی عەرەب ، رسالة خالدة ) ی خوی داکەنی . ... بە هەموو ... گوردستان ... ئەم باوەرەی حیزبی بەعس لـە ژمارە (۳) ی گوفاری (الاشتراکی) ئورگانی پارتی ... لە مانگی ئەیلولی ۱۹٦٦ دا ... ئەم باوەرەیە کە ... العراق جزء من الامة العربیة ... ( کوردە عەرەبە ) ی ... ( عارف ) دا ... کوردستان ... ( ئیسرائیلی دووەم ) ... .

جا بەم چەشنە دەر ئەکەوی کـە بەعس ئامانجی ... گەلی کورد ... لە ناو بردنی کوردستانی ... بی گومان کە

( بو لاپەرە ۲ )

### پیروزبایی مەکتەبی سیاسی ئەبەز بو هەموو کەرت و بنکەو ریکخراوەکانی پارتیمان

بو هەموو کەرتەو بنکەکانو ریکخراوەکانی پارتیمان .

سلاویکی گەرمی شورشگیرانە ! بەو بونەیەوە کە شورشی گەلەکەمان پی ئەنیتە سالی سی یەمیەوە ، مەکتەبی سیاسی پیروزبایی گەرمو گوری خوی ... ئاوەندی پارتیمان ... سەرکردەی گەلی شورش ... مستەفا بارزانی ... لەشکری شورشگیری کوردستان و ئەندامانی پارتی پیشرەومان .

### بروسکەی ( مەکتەبی سیاسی ) پارتیمان بو هەموو کەرتەو لقو پەلو دەستەو پیشمەرگەکانی د.ل.ش.ک ،

### بە بونەی تی پەر بوونی دوو سال بە سەر شورشەکەماندا

پیشمەرگە ئەندامەکانی لەشکری شورشگیری کوردستان ... سەر کەرتەو ... دەستە ... .

زور بە شانازیەوە پیروزبایی گەرمو گوری گەلی کوردی ... پارتی ... بارزانی ... بە بونەی دەست پی کردنی سالی سی یەمی شورشەکەمانەوە . ئەو شورشەی کە بە پشتیوانی گەل و بە ... پارتیو سەرکردەی ... بارزانی لە گەورەی ... شکان و

( بو لاپەرە ۲ )

... زور بەهیز ، کـە لە سالی ... لـەشکری ... بە پشتیوانی گەلی کوردە ... عیراق ... شورشـاوی ... دیموکراتی ... گەلی عیراقیش ... کوردستانی ... خوی ... .

ئیتر سەرکەوتن بو لەشکری شورشگیری کوردستان بە سەرکردەیی

( بو لاپەرە ۲ )

### بانگیک لە

## ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) ەوە

بو :

- سکرتاریەتی کومەلی نەتەوە یەکگرتووەکان .
- ئەنجومەنی ئاسایشی دەولەتان .
- سەروکی دەولەتەکان .
- کومەلی خاج (سەلیب) ی سووری دەولەتان .
- ریکخراو و نەقابەو کومەلە جیهانیەکانو ئازادەکانی جیهان .

ئەمە دوو سالە نەتەوەی کوردی ئاشتی پەروەر ، ... کوردستانی ... عیراق ... . ... ئەم ... کوماری عیراق ... .

( بو لاپەرە ٦ )

### مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی شورشگیر دەربارەی

## شورشی کوردستان ئەدوی

کە شورشەکەمان پی ئەنایە سالی سی یەمیەوە نوینەری رادیوی ( دەنگی کوردستان ) گفتوگویەکی لەگەل مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی ئەندام ... تومار کرد . لەم روژەدا کە رادیوی دەنگی کوردستان پروگرامەکانی تەرخان کرد بو ... پرسیار ... بلاو کرایەوە .

و : لـە بەر گرنگی ئەم ... مامۆستا ئیبراهیم ... ئامانجە ... شورشەکەماندو ... سیاسی و عەسکەری ... دوو سالی ... خوینەرانی بەریز ... تایبەتی ئەوانـەی گوییان لە رادیوی شورشەوە .

پ : ... ئەم شورشەمان ... ئامانجە ... کانی چی بوو ؟ .

و : - بو زانینی حوکی شورشەکەمان ... (۳۰) یان (٤۰) سال ... کوردستان ... عیراقەوە لـە

( بو لاپەرە ٤ )

# حیزبی بەعسی فاشست

دوژمنی هەرە گەورەی نەتەوەی کوردە

( پاشماوەی لاپەرە ١ )

ئەمەی بوو باوەڕی بەعس بەرانبەر بەکوردو کوردستان ئیتر هیچ پێویست بە لە
بکردن ناکا بۆ ئەوەی بزانین ڕەش چییە بەرانبەر بە میللەتەکەمان چونکە جێی
بیروی گەلو نیشتمانەکەمان قووت بدات . ملەت خواردنمان ئەکات بەعەزە . بەس
بووە حیزبی بەعس دوژمنی خوێنە خۆری کوردو کوردستانە کە دەستخستنەوەی
مافو پاراستنی خاکی گەورەترین ئامانجی شۆڕشە پیرۆزەکەمانە .

جگە لەمە حیزبی بەعس وەکو حیزبێکی فاشستی کوێرە پەرست باوەڕی بە
دیموکراتیو دەسەڵاتی گەلو ڕێکخراوە دیموکراتییەکان نییەو بەم شێوەیە
بۆ کەلکی عرایلیاندا ، وە هەر وەکو ئەبینین بەکردەوە دەستی کردووە بە قەڵاچۆ
تێخستنو کوشتنو گرتنو دەربەدەر کردنی پیاوە نیشتمانپەرستەکانی عیراقو
سەرکوتی دیموکراتییەکانی گەل بەربەست کردووە و یاسایو قانوونی خستۆتە
لاوەو بە ئاگرو ئاسنو خوێن ئەیەوێ لە سەر لاشەی دیموکراتیو ئازادی بنچینەی
دیکتاتۆریەتێکی ڕەشی پیس دابمەزرێنێ . کە ئەم بیرو باوەڕەش بەتەواوی
دوژمنانەیە بەرانبەر بە ئامانجی شۆڕشو بیروباوەڕی دیموکراتیو پێشکەوتووانەی
پارتیمان کە تاکە هەر باوەڕێکی تەواوی هەیە بە سیستەمی دیموکراتی وەکو ئەوانیکی
حوکم . باوەڕی تەواویشی هەیە بەوەی کە لە چوارچێوەی عیراقێکی دیموکراتی
واستقلدا نەبێ گەلی کورد ناتوانێ هەتا سەر ، وە بەپێی لەو مافە نەتەوەییەکانی و
ئۆتۆنۆمییەکەی کەلک وەربگرێت .

ئەمە بەکورتی بیرو باوەڕی بەعسو کردەوەی بەرانبەر بە کرێکارو
ئامانجی شۆڕشەکەمان کە دەستخستنی ئۆتۆنۆمی کوردستانە لە چوارچێوەی عیراقێکی
دیموکراتیدا . سەرەڕای ئەمە حیزبی بەعس بەتەواوی خۆی هاویشتۆتە باوەشی
کۆمپانیاکانی نەوتەوە لە گەڵ ئیمپریالیزمی بەریتانی دەستی تێکەڵ کردووەو بە
ئەندازەیەک دڵی هێناونەتەوە جێ کە فرۆکەو توپو تانکو وەسایلی ئەدائی بۆ کوشتنو
قڕکردنو ماڵ کاولکردنی گەلە بەجەرگەکەمان . بەم جۆرە حیزبی بەعسی فاشست
بەم کردەوە جانەوەرییانەو بەم بیرو باوەڕە کوێرە پەرستە پیسانەوە گەورەترین
کۆسپ درووست ئەکات لە ڕێگەی هێنانەدی ئامانجەکانی شۆڕشەکەماندا بۆیە پێویستە
لە سەرمان هەموو هێزو تواناکان لە جاران باشترو زیاتر کۆبکەینەوەو ڕیک بخەینو
بەهاوپشتی مەیدانی شەڕەوە .. ئەو شەڕەی کە صالح مهدی عماش خۆیی بە
( سەرانکی نیشتمانی - نزعە وطنیة ای داکتی ، وەکو پێویستە لە سەرمان ئەی
بکەین بە ( شینی بەعسیان ) ، وە لە دنیاش بیگەیەنین کە ئاگر ... پێشڕەوە
فاشستەکان ... مناڵ ساواو ... ئەوەی پیرە مێردی بچووک کەوتوو و
بەکالا کردنەوەی ... بە سەیران دانێن ... کری ئەم
کوژراوە زۆر ... ئیمەی ماڵوێرانی بەسەر ... باوک وەرا
کوژراو بەرگرتنو ... لانو بردنی ئەو گوڕگە ... دووریانە تاک هەر
بە ... بەلکو بە فرمانیکی ... داتەرێن .

پێش بڕاندنەوەی ئەم وتارە بە پێویستی ئەزانین کە دوو تەختەی گرنگ
بە ... دەست نیشان کردن بەسەریان ئەهێنین .

یەکەمیان ئەوەیە کە دوژمنەکەمان لە گەڵ ئەوەشەوە ... هەڵمەتی پەیدا
بێ هێزو بێ‌ورەو ... چونکە هیچ پێوەندییەکی نییە بە گەلو نیشتمانی
عێراقەوەو سیاسەتو ئامانجی لە دەست کەوتنی پارتیمانی ... فاشستی و
کوێرە پەرستی سەربەخۆ وەربگرێ ، وە هەر لەبەر ئەوەشە کە بۆ هەموو لەشکرو
سپاو توپ و تانکو فرۆکەیەوە کە هەیتی هەرگیز ناتوانێ لە ئێرەیە و
... هەنگاو ناوا بوون ... بەرانبەر هێزی پێشمەرگەی قارەمان .

دووەمیش ئەوەیە کە لە گەڵ ئەوەشدا کەوا سەرکەوتنی شۆڕشەکەمان بە

سەر هێزی شەڕو فاشستو کرداەکانیدا هیچ گومانی تیا نییە بەڵام پێویستە دەرسی
کۆنی هەبوولکە ، بەم ... لە بیر نەچێ کەوا هێچ کێ شۆڕشەکەمان بووە بۆ
بێ هێزی کردنو بەعسیان هەتا ئەکەیان ... هات جێگاکەی . لە بەر ئێستکا ئەو
تاق کردنەوەیە و بۆ دووبات ئەبوونەوەی کارەساتێکی کەی وەها پێویستە لە سەر
هێزە نیشتمانپەروەرەکان لە ناوەڕاستو خوارووی عیراقدا یەکبگرن خۆیان و دەست
بکەنە خەباتی شۆڕشگێرانەی بەجەکدار لە دژی دیکتاتۆریی خوێنڕێژی بەعس و
گرانەوەی حوکمی کوێرە پەرستو ئیمپریالیزم وە پێویستە کەوا هێزە نیشتمانییە
کانی ناوەڕاستو خوارووی عیراق کەڵک لەم هەلە وەرگرن کە بۆیان هەڵکەوتوە بە
هۆی ئەوەی بەشی هەرە زۆری لەشکری عیراق لە کوردستانا گە بەکەمجاکترین
هەڵیان بۆ هەڵکەوتووە ، وە هەروەها پێویستە تێبکۆشن بۆگری دانی ئەم خەباتە
چاوەڕوانکراوەی گەلی عیراق لە گەڵ خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد ، وە بەم
چەشنە ئەتوانرێ ڕێگەی ڕزگاری زیکتر بکرێتەوە و ئازارو ئێشی گەلی عیراق
کەمتر کرێتەوە . بەڵام تا ئەو گەی ئەوەمان بە پیا یێت کە ئەیەوێ بروتەوەیەکی
شۆڕشگێرانە لە خواروو و ناوەڕاستی عیراق بێ بە پشتو بۆ ساردکردنەوەمان
بە پێچەوانەی ئەوە توندو تیژکردنی خەباتمان ، زۆرکردنی سەرکەوتن و
دەستکەوتەکانمان چاوی ڕا هەرەوەکانیشمان ئەکاتەوە ڕێگای ڕاستی خەباتیان
بۆ ڕوون ئەکاتەوەو ئاگر ئەزانن کە لە مەیدانی خەباتدا بە خوێنی خۆمان پەیمانی
بەرمان بەکگرتوویی دوژمنانی دیکتاتۆریەتو ئیمپریالیزم کوێرە پەرستیمان نووسی
وە حوکمی فاشستی خوێنخۆری بەعسمان لە ناو برد .

ئیتر بۆ پێشەوە بۆ لەناو بردنی حوکمی بەعسی فاشست .

---

پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی - پاشماوەی لاپەرە ١

ڕۆڵەی بەهێزی گەل مصطفی بارزانی پەیدەوبەهێزی بۆ بڕیاری کوردو هەرمەسەلە
پاڵەی دیموکراتیو وەک یەکی . ئەمرو سەربەرزی بوتەمەیدانی ڕێگای ئازادی .
مەردنمو سەرشۆڕی بۆ چینە بەعسیە فاشستەکان زوڵم کردە جانەکانیان .

مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی کوردستان

---

بروسکەی ( مەکتەبی سیاسی ) پارتیمان - پاشماوەی لاپەرە ١

چوون دەرهەواییەوە بکرا بەم ئاگرەی کە تاک هەر سەرانسەری کوردستانی
ڕووناک کردۆتەوە بەرشیووتە گیانی پەلاماردەرانی ناوسو شەرەف و ناوبانی
گەلو نیشتمانەکەمان بە بەشی لە سەری هەموو کوردێکی لە دنیادا بەرز
کردووەتەوەو دۆستانی دڵخۆشو دوژمنانی بەعسیو سەرشۆڕ کردووە .

ڕۆڵە قارەمانەکانی کوردستان ..

لە بەر ئێستکی سەرکەوتنەکانی هەتا ئێستامان وەها بە جوانیرو مەرداییو
گیانی بەرزی خۆبەخت کردنتاندا ڕاتەیەرموون کە ساڵی سێیەمی شۆڕش بکەن بە
ساڵی پاک کردنەوەی سەری سێعطاری بەعسیە فاشستەکانو زوڵم کردە جانە -
کانیان هەر وەکو چۆن ساڵی دووەمتان کردە ساڵی سەرەوتوگوم کردنی ڕژێمی
بوگەنی قاسم . بۆ ئەوەی تاک هەر کوردستانی خۆشەویست هەموو عیراقیش لە
پیسو خوێنڕیژێیان پاک بکەینەوەو ڕۆژی ڕزگاری ئەتەوەی کوردو دامەزراندنی
عیراقێکی دیموکراتی ئازاد نزیکتر بخەینەوەو بهێنە دی .

ئیتر بۆ پێشەوە بۆ ڕاماڵینی چینە فاشستە بەعسیەکان بۆ دەستی خستنی ماڤە
نەتەوایەتییەکانمان بۆ دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی کوردستان .

سەرکەوتن بۆ شۆڕشی پیرۆزی گەلەکەمان . مەرگو سەرشۆڕی بۆ دوژمنو
رۆژنامەنووس مەزروعی لەقسەکانی بەردەوام بوو و گوتی: هەر لەساڵی (١٩٩٩) بەدواوە، لەئاکامی ململانێی نێوان چاکسازیکاران و موحافزکاران گێروگرفت سەری هەڵداو چەندین رۆژنامە داخران و چەندین رۆژنامەنووس لەنێوانیاندا (شەمس الواعزین) و (عەلی ئەکبەر گەنجی) گیران.

سەبارەت پێکهاتنی ئەنجومەنی سەندیکاش گوتی: ئەنجومەنی سەندیکا لەساڵی ١٩٩٧ بەهەڵبژاردن کاروباری گرتەدەست، ئێستاش (٣٣٥٠) ئەندام لەخۆدەگرێت و رێژەی ئافرەتان دەگاتە (٣١٪) تێکرای ئەندامانی و هەر (٣) ساڵ جارێکیش هەڵبژاردن دەکرێت و سەندیکاش سەرپەرشتی پەیمانگەیەکی رۆژنامەنوسیی دەکات کەماوە خوێندن تیایدا دوو ساڵە.

دوای گوتەکەی رۆژنامەنووس مەزروعی.. رۆژنامەنووس فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەناوی شاندەوە سوپاس و پێزانینی پێشکەش بەهاوکاران

لەئەنجومەن سنفی ئێرانی کردو ئەویش لەلایەن خۆیەوە سەبارەت مێژووی رۆژنامەگەری کوردی باسێکی کورتی پێشکەشکردو ئاماژەی بەدەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) لەساڵی ١٨٩٨ لەشاری قاهیرەی پایتەختی (میسر) کرد، کەلەلایەن خوالێخۆشبووان (میقداد بەدرخان و براکەی عەبدولرەحمان بەدرخان) دەرچووە...

هۆی دەرچوونی رۆژنامەکەش لەوڵاتی غەریبیدا گەڕاندەوە بۆ سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی کە لەلایەن دەسەڵاتی عوسمانی دژی میللەتی کورد پەیڕەو دەکرا.

لەدرێژەی قسەکانیدا رۆژنامەنووس فەرهاد عەونی گوتی:

ئەم سیاسەتەش لەسەردەمەکانی داهاتووشدا بەردەوام بوو، رۆژنامەگەری کوردی بەچەندین قۆناغی تاریک تێپەڕی و گەلێک جار پەنای بۆ ژێرزەمین وچیاو ئەشکەوتەکان دەبرد، بەڵام دوای راپەڕینی ئاداری ١٩٩١، رۆژنامەگەری کوردی ئازادی بەخۆوە بینی و ژمارەیەکی زۆر لەرۆژنامەو گۆڤارو چاپکراو بەبێ (سانسۆر) دەرچوون و تاکو ئێستاش دەردەچن..

هەروەها ئاماژەی بە (پرۆژەی یاسای رێکخستنی کاروباری رۆژنامەنووسیی لەهەرێمی کوردستان) کرد، کە سەندیکا بەهاوکاری ژمارەیەک لەمامۆستایانی زانکۆو یاساناسان و پارێزەران، پرۆژەکە دارشتووە، ئەم پرۆژەیەش بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەهۆیەکانی راگەیاندن بڵاوکراوەتەوە، بۆ ئەوەی بەپێی بیروبۆچوون و پێشنیارەکان هەموار بکرێ و بەمەبەستی پەسندکردنی پێشکەش بەپەرلەمان بکرێ.

لەکۆتاییدا نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، جەختی لەسەر هاوکاری هەردوولا کردەوە، بەتایبەتی لەرووی کردنەوەی خولی مەشقکاری بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان لەپەیمانگەی رۆژنامەگەری کە سەر بەئەنجومەنی سنفی رۆژنامەنیگارانی ئێرانە..

لەکۆتایی دیدارەکەدا. دیاری لەنێوان هەردوولا ئاڵوگۆڕکرا...

## سەردانی هەردوو رۆژنامەی (ئێران) و (شەرق)
## ٢٠٠٦/٥/٢

لەسەعات چوارونیوی دوای نیوەڕۆی رۆژی (٢٠٠٦/٥/٢) شاندی سەندیکا سەردانی بارەگای رۆژنامەی (ئێران)یان کرد، کە یەکێکە لەو رۆژنامانەی زۆرترین ژمارەی لێبڵاودەکرێتەوەو دەفرۆشرێت، رۆژنانە دەگاتە (٣٠٠) هەزار دانەو رۆژنامەیەکی حکومیشەو وەزارەتی ئیرشاد بڵاوی دەکاتەوە.

لەبارەگای رۆژنامە شاندی سەندیکا لەلایەن رۆژنامەنووس (ئاغای غولام حوسێن ئیسلام فەرد) سەرپەرشتیاری گشتی رۆژنامەکەو ژمارەیەک لەدەستەی نووسەران لەنێوانیان



هەردوو رۆژنامەنووس (محەمەد نوری- بەرپرسیاری بەشی سیاسی) و (عەلەوی-ئەندامی دەستەی نووسەران) بەگەرمی پیشوازی کرا.
لەکۆبوونەوەیەکدا باس لەچۆنیەتی پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان دەزگاکانی راگەیاندنی ئێرانی و کوردستانی کرا.
شایانی باسە ئەم رۆژنامەیە بە (٣٢) لاپەڕە دەردەچێ، رۆژنامەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە، سەرەڕای لاپەڕەی تایبەت بەلاوان و ئافرەتان و وەرزەش و هونەرو ئەدەب و مێژوو.
لەکۆتایی دیدارەکە شاندی سەندیکا موجەلەدی رۆژنامەی (کوردستان) و دروشمی سەندیکای پێشکەش بەرۆژنامەنووس (ئیسلامی فەرد) کرد...
دواتر رۆژنامەنووس (ئیسلامی) هاوڕێیەتی شاندی کرد بۆ بەسەرکردنەوەی بەشەکانی رۆژنامەکەو ئەو بەشەی رۆژنامەی (ویفاق)ی عەرەبی لێدەردەچێت.
لەسەعات (٦)ی هەمان رۆژ، رۆژنامەنووسانی کوردستان سەردانی بارەگای رۆژنامەی (شەرق)یان کرد، ئەویش لەرۆژنامە بەناوبانگەکانی ئێرانەو ئەهلییەو رۆژانە (١٠) هەزار دانەی لێ بڵاودەکرێتەوە.. لەلایەن رۆژنامەنووسیی ئێرانی بەناوبانگ (مەهدی عەتریان فەر) سەرپەرشتیاری گشتی و هەردوو رۆژنامەنووسی ئافرەت (بەدرلسادات موفیدی و فەرزانە روستایی) کە دوو یاریدەدەری سەرەک (عەتریان فەر)ن بەگەرمی پێشوازییان لیکرا.
رۆژنامەنووس (عەتریان فەر) دەربارەی رۆژنامەگەری ئێرانی و گیروگرفتەکانی دواو هاوسۆزی خۆی بەرامبەر دۆزی گەلی کوردستان دەربڕی.
هەروەها ئاماژەی بەدۆستایەتی خۆی لەگەڵ بەڕێز مام جەلال کرد.
پاشان رۆژنامەنووس (فەرزانە رۆستایی) بەرپرسی کاروباری نێودەوڵەتی سەبارەت چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆزە نێودەوڵەتییەکان و رووداوەکانی عێراق دواو گوتی (رووداوەکانی عێراق کۆتاییان بۆ نییە..) لەبەرامبەردا نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان دەربارەی رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووسان لەکوردستان دواو جەختی لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی شارەزایی لەنێوان رۆژنامەگەریی کوردستانی و ئێرانی کردەوە.

## سەردانی کۆمپانیای ئێرانی بۆ دروستکردنی ئۆتۆمبێل (ئێران خودرو) ٢٠٠٦/٥/٣

سەر لەبەیانی رۆژی ٢٠٠٦/٥/٣ شاندی سەندیکا سەردانی کۆمپانیای ئێرانی بۆ دروستکردنی ئۆتۆمبێل (ئێران خودرو) لەسەر رێگای (تاران-کەرەج) کرد. ئەم کۆمپانیایە لەگەورەترین کۆمەڵگاکانی دروستکردنی ئۆتۆمبێلە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. رووبەرەکەی (٤٥٠,٠٠٠) چوار سەدو پەنجا هەزار هێکتارەو (٣٠) سی هەزار کرێکار کاری تیادەکاو (٧) حەوت جۆر ئۆتۆمبێل بەبەرهەم دێنێ و ساڵانە بەرهەمەکە (٦٠٠) شەش سەد هەزار ئۆتۆمبێلە.
لەهۆڵی پێشوازییدا لەلایەن بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان (حوسێن عەلی ئەرمەند) کە ئەندازیارێکی کوردبوو پێشوازی لە شاندی سەندیکا کراو فیلمێک بەزمانی عەرەبی سەبارەت چۆنیەتی دروستکردنی ئۆتۆمبێل لەکۆمپانیاکە پێشکەشکرا، دواتر ئەندامانی شاندەکە بەشەکانی کۆمپانیایان بەسەرکردەوە.

## ڕێورەسمی رێزلێنانی رۆژنامەنووس (ئەکبەر گەنجی) و هاوڕێیانی لەرۆژی جیهانی ئازادی رۆژنامەگەرییدا ٢٠٠٦/٥/٣

ڕێورەسمی رێزلێنانی رۆژنامەنووسی ئێرانی بەناوبانگ (ئەکبەر گەنجی) و هاوڕێیانی لەبارەگای ئەنجومەنی سنفی رۆژنامەنیگارانی ئێرانی لەتاراندا بەڕێوەچوو.
شاندی سەندیکا پێش گەیشتنی میوانان و کەناڵەکانی راگەیاندن گەیشتنە بارەگای ئەنجومەن، دواتر بەدەیەها پەیامنێرو وێنەگر گەیشتن و هەر بەگەیشتنی رۆژنامەنووس (گەنجی) و هاوڕێیانی (موحەمەد بەلوریان-لەیلا رستگار-مەسعود بەهنود-عەمید نائینی) پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا، لەنێوان میوانانی ڕێورەسمەکەدا نووسەری ئێرانی بەناوبانگ (ئیحسان نراغی) نووسەری کتێبی (لە بلاتی شاوە بۆ بەندیخانەکانی شۆڕش – من بلاط الشاه الی سجون الثورة) بەدی دەکرا، ئەم کتێبەش بۆ هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی وەرگێڕدراوە.

ڕێورەسمەکە بەگوتەی نوێنەری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی پێکرد، تیایدا جەختی لەسەر ئازادییە گشتییەکان و ئازادی ڕۆژنامەگەری کردەوە، پاشان ڕۆژنامەنووس فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەگوتەیەکییدا پیرۆزبایی لەئامادەبووان کرد بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ئازادی ڕۆژنامەگەری، هەروەها گوتی: (ئێمە هاوکارانتان لەکوردستانی عێراق و گەلی کوردستان لەدەیەها ساڵانی رابردوودا دووچاری زوڵم و ستەم بووینەتەوە، ئەمەش وایکردوە هەست بەئێش و ئازاری میللەتانی دیکە بکەین، پار ساڵیش کەشاندی ئەنجومەنی سنفی ڕۆژنامەنیگارانی ئێرانی مێوانی ئێمەبوون لەهەرێمی کوردستاندا، بەیاننامەیەکی هاوبەشمان بڵاوکردەوە، کەلەیەکێک لەبڕگەکانی داوای بەردانی زوو بەزووی ڕۆژنامەنووس "ئەکبەر گەنجی"مان کردبوو.. هەروەها داوای ئەوەشمان کردبوو سزای بەندکردن بۆ ڕۆژنامەنووسان لاببردێت)..

پاشان هەریەک لەو ڕۆژنامەنووسانەی ڕێزیان لێگرابوو گوتەیەکیان پێشکەشکرد. دوا ڕۆژنامەنووس کە بۆ ئامادەبووان دوا ڕۆژنامەنووس (گەنجی) بوو، لەگوتەکەیدا سڵاوی بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ناردو گوتی بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێم بۆ ئەوەی سەردانی کوردستان بکەم و لەنزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ببم.

لەتەوەرێکی دیکەی گوتەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کەوا ئەوەی ڕوودەدا لەسەر گۆڕەپانی ڕۆژنامەگەریدا قابیلی قەبوول نییە. لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی: (ئێران لەم قۆناغەدا سەبارەت بەئازادی ڕۆژنامەگەری بەخراپترین بارودۆخ تێدەپەڕێ، بۆیە لەم ڕۆژانەدا پێویستمان بەبوێری و خۆڕاگری لەپێناو وەدی هێنانی ئامانجەکانمان هەیە، لەم ڕووەوەش پێویستە حیساب بۆ ژیانمان و بوونمان نەکەین...).

لەکۆتایی گوتەکەیدا سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی دەربارەی بێدەنگی دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەرامبەر دۆسیەی ئەتۆمی ئێرانی، هەروەک ئەم دەزگایانە پشتگیری لەم مەسەلەیە بکەن!!

شایانە باسە ڕۆژنامەنووس (گەنجی) هەڵگری بڕوانامە ماجستێرە لەبواری کۆمەڵناسیدا چەندین کتێبی جۆراوجۆری بەچاپ گەیاندووەو لەساڵی ٢٠٠٠ دا بۆ ماوەی (٦) ساڵ حوکمدراوە، لەژێر فشاری ناوخۆو دەرەوەدا لەو ماوەی دواییدا ئازادکراوە.

لەکۆتایی ڕێورەسمەکەدا (گەنجی) و هاوڕێیانی خەڵاتکران و نەقیبی ڕۆژنامەنووسانیش موجەلەدی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان) کە لە (٢٢)ی نیسانی ١٨٩٨ یەکەم ژمارەی لەشاری (قاهیرە) لێدەرچووە پێشکەش بەڕۆژنامەنووس (گەنجی) کرد.

هەروەها ڕۆژنامەنووس (مستەفا ساڵح کەریم) نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دروشمی سەندیکا پێشکەش بەڕۆژنامەنووس (لەیلا ڕستگار) کرد، لەکۆتاییشدا چەندین وێنە بۆ یادگاری گیراو شاندی سەندیکاش بەگەرمییەوە بەڕێخرا.

## سەردانی پێشانگای نێودەوڵەتی بۆ کتێب ٢٠٠٦/٥/٤

شاندی سەندیکا سەرلەبەیانی (٢٠٠٦/٥/٤) سەردانی سیانزەمین پیشانگاکانی نێودەوڵەتی بۆ کتێب کرد، ئەم پیشانگایە دەیەها هەزار لەناوونیشانی جۆراوجۆری کتێبی زانستی و هزری و سیاسی و ئەدەبی، بەجۆرەها زمان لەخۆگرتبوو.

شایانی باسە ئەم پێشانگایە لەکتێبی کوردی بێبەش بوو، بەپێچەوانەی ساڵانی رابردوو، نەشمانزانی هۆیەکانی چییە.

## سەردانی مەزارگەی شاعیری کۆچکردووی ئێرانی (فروخی فروخزاد) ٢٠٠٦/٥/٥

بەیانی ڕۆژی هەینی (٢٠٠٦/٥/٥) شاندی سەندیکا سەردانی گۆڕستانی (زەهیرلدەولە) لەباکووری تاران کرد، ئەم گۆڕستانە گۆڕستانێکی بچووکەو لەسەردەمی قاچارییەکان دروستکراوە...

گۆڕی شاعیری ناسراوی ئێرانی (فروخی فروخزاد) لەنێوەڕاستی ئەم گۆڕستانەیەو بەدارو درەخت و گوڵ و گوڵزار دەورەدراوە.

دواتر شاندی سەندیکا بەیاوەری هەردوو ڕۆژنامەنووس (قەیسەری) و (شەبنم) بەرەو هاوینەهەواری (دەربەند) بەڕێکەوتن، کە دەکەوێتە نێوان دۆڵەکانی چیای (ئەلبورز)، شوێنێکی هێجگار خۆش و دڵگیرەو جیهانێکی

پڕ لەجوانییەو کاتێ وردە وردە بەرەو چیایەکە سەردەکەوی.. ئەوبەرو ئەمبەر جۆگە ئاوی سازگار گوزەر دەکاو لەنێوانیاندا شوێنی سرەوتن و حەوانەوەی تیایە.
لەدوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، شاندی سەندیکا سەردانی کۆمەڵگی کۆشکەکانی (سەعد ئاباد) ی کردو ئەو نووسینگەیەی (ڕێکەوتننامەی سەعد ئاباد)ی بەدناوی تیا مۆرکرابوو بەسەرکردەوە، ئەم کۆمەڵگەیەش کەوتوتە شوێنێکی دلگیرو جوان و کۆشکەکانی لەنێوان دارستانێکی فراواندایە، لەکۆتایی سەردانەکە، لەبەردەم کۆشکی سەرەکی کۆمەڵگایەکە، ئەندامانی شاندی سەندیکا بەکۆمەڵێ لەخوێندکارانی شاری (بانە)ی کوردی گەیشتن، کە ئەوانیش لەسەردانێک بوون بۆ کۆمەڵگایەکە، دوای خۆش و شادی دەربڕین، وێنەیەکیان بۆ یادگاری لەگەڵ ئەندامانی شاندی سەندیکا گرت.

## سەردانی ئاژانسی (ئیسنا) ٢٠٠٦/٥/٦

ئاژانسی (ئیسنا) دەکەوێتە ناوەڕاستی تاران، ئەم ئاژانسە قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ بەڕێوەی دەبەن، تەمەنی کارمەندانی ئەم ئاژانسە لەخواروی (٢٥) ساڵە، ئەم ئاژانسەش بەشەکانی سیاسەتی نێودەولەتی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لەخۆدەگرێت.

لەهۆڵی کۆبوونەوەکانی ئاژانس ئەندامانی شاندی سەندیکا بەرۆژنامەنووس (نادر عەلی زادە) بەڕێوەبەری ئاژانس گەیشتن، کەبەڕێزیان بەخێرهاتنی شاندی سەندیکای کردو باسی لەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئاژانس کردو گوتی: ئەم ئاژانسە بەدرێژایی (٢٤) سەعات هەواڵ و تازەترین پێشهاتە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی ئێرانی و نێودەولەتی بەرۆژنامەکان ودەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕادەگەیەنێت.
پاشان نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان سوپاس و پێزانینی ئەندامانی شاندی بە بەڕێوەبەری گشتی ئاژانس ڕاگەیاندو گوتیشی نازانم بۆ لاپەڕەیەکی (کوردی) لەئاژانسەکەدا نییە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا رۆژنامەنووس (عەلی زادە) بەڵێنی دا کە بەهاوکاری خوێندکارە کوردەکان لاپەڕەیەکی کوردی لەئاژانسدا بکەنەوە.
لەکۆتایی دیدارەکەشدا دیاری لەنێوان هەردوولا ئاڵوگۆڕ کرا.

## شاندی سەندیکا سەردانی ئەنیستیۆتی کوردی لەتاران کرد

لەنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ شاندی سەندیکا سەردانی ئەنیستیۆتی کوردی لەتاران کردو لەلایەن ڕۆژنامەنووس (بەهرام وەلەد بەگی) بەڕێوەبەری ئەنیستیۆتەکەو ڕۆژنامەنووس



و نووسەر (موحەمەد کەمانکر) پێشوازییەکی گەرم لەشاندەکە کرا.
لەدانیشتنێکی کورتدا باس لەپەیوەندی نێوان هەردوولا و چۆنیەتی پتەوکردنی کرا.
شایانی باسە ئەم ئەنیستیۆتە گۆڤاری (کوردستان) و ڕۆژنامەی (ئاشتی)ی دەرکردووە، بەڵام هەردووکیان بەبیانووی سەرپێچیکردنی یاسای چاپکراوەکان لەدەرچوون وەستێنراون.

## دیدارێک لەگەڵ یاریدەدەری وەزیری ڕۆشنبیری و ئیرشادی ئێرانی

دوای سەردانی ئەنیستیۆتی کوردی شاندی سەندیکا بەرەو شوێنی پێشانگای نێودەوڵەتی



کە بەڕێز (عەلی ڕەزا موختار پور) یاریدەدەری وەزیری ڕۆشنبیری و ئیرشادی ئێرانی، باڵێکی لەم پێشانگایە کردبووە بارەگای خۆی تا لەنزیکەوە سەرپەرشتی کاروباری پێشانگا بکات.
بەگەیشتنی شاندەکە، لەلایەن بەڕێز (موختار پور)ەوە بەگەرمی پێشوازی کرا.
لەدیدارێکدا لەنێوان هەردوولا، نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سوپاس و ڕێزی ئەندامانی شاندەکەی بەبەڕێز (موختار پور) ڕاگەیاندو ئاماژەی بەڕۆڵی ڕۆژنامەنووسان ئێرانی لەگواستنەوەی کارەساتی (هەڵەبجەی شەهید)ی کرد، کە لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆری سەدامەوە لە (١٩٨٨/٣/١٦) ئەم شارە قارەمانە کیمیاباران کراو (٥) پێنج هەزار لەڕۆڵەکانی لەئەنجامی ئەم کارە دڕندانەیە شەهیدبوون.
هەروەها هیواشی خواست ڕاگەیاندنی ئێرانی ئەرکەکانی ئەنجامبدا بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان گەلی کوردستان و گەلانی ئێرانیدا.
نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەکۆتایی قسەکانی ئاماژەی بەوەکرد کەبەداخەوە چەند ڕۆژنامەیەکی کوردی لەدەرچوون وەستێنراون.
دواتر بەڕێز (موختار پور) جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە هەنگاوی پێویستا بەرەو کوردستانی عێراق دەنرێ و ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی ڕاگەیاندن ڕەوانەی کوردستان دەکرێن.
سەبارەت بەراگرتنی گۆڤاری (کوردستان) و ڕۆژنامەی (ئاشتی) گوتی: (ئەم دوو چاپکراوە بەبڕیاری حکومەتی پێشوو وەستێنراون، ئێمەش هەوڵدەدەین بەپێی یاسا پەیڕەوکراوەکان گرفتەکان نەهێڵین) لەکۆتایی دیدارەکەدا موجەلەدی ڕۆژنامەی "کوردستان" و دروشمی سەندیکا وەکو دیاری پێشکەش بەیاریدەدەری وەزیری ڕۆشنبیری و ئیرشادی ئێرانی کرا. ئەویش لەلایەن خۆیەوە هەردوو ئەنسکلۆپیدیای کوردستانی ئێران و مێژووی ئێران. بۆ ئەندامانی شاندەکە ڕەوانەکرد.

## سەردانی پەیمانگەی ڕۆژنامەنووسیی سەر بەئەنجومەنی سنفی ڕۆژنامەنیگارانی ئێرانی

سەر لەئێوارەی هەمان ڕۆژ، شاندی سەندیکا سەردانی بارەگای پەیمانگای ڕۆژنامەنووسی سەر بە ئەنجومەنی سنفی ڕۆژنامەنیگارانی ئێرانی کردو لەلایەن ڕۆژنامەنووسان ڕەجەب مەزروعی سەرۆکی دەستەی کارگێڕی ئەنجومەنی سنفی ڕۆژنامەنیگارانی ئێرانی و دکتۆر (ڕۆستەمی) بەڕێوەبەری پەیمانگا بەگەرمی پێشوازیکرا.

لەسەرەتای دیدارێکدا لەنێوان هەردوولا، نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئاماژەی بەرۆڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەبواری مەشق پێکردن و پێشخستنی تواناکانی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی کرد. لەم ڕووەوەش نەقیب گوتی: ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پێویستییان بەمەشقکردن لەم پەیمانگەیەدا هەیەو پرسیاریکرد داخوا تا چ ڕادەیەک دەتواندرێ لەم بوارەدا یارمەتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بدرێ....؟

لەوەڵامدا بەڕێوەبەری پەیمانگە. ئامادەباشی دەربڕی بۆ مەشقپێکردنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەپەیمانگەدا، بەڵام دوای ئەوەی ئەنجومەنی سنفی ڕۆژنامەنیگارانی ئێرانی ڕەزامەندی دەردەبڕێت.

هەردوولاش ڕێکەوتن کە شێوازێک بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لەئایندەدا بدۆزنەوە...

شایانی باسە پەیمانگاکە لەچوار بەش پێکهاتووە (بەشی هەواڵ، وێنەگرتن، پەیوەندییەکان، زمانی ڕۆژنامەگەری) ژمارەی قوتابیانی (٥٠٠) خوێندکارەو خوێندن تیایدا تیۆری و پراکتیکیەو قوتابیانیش لەرۆژنامە جیاجیاکانی ئێرانی مەشق دەکەن.

ئەم پەیمانگەیە لەساڵی ٢٠٠٣ دامەزراوە (٢) دوو بڵاوکراوەش بڵاودەکاتەوە..

لەکۆتایی سەردانەکەدا وێنەی یادگاری گیراو شاندی سەندیکا بەگەرمییەوە بەڕێخرا.

بەسەردانی پەیمانگەی ڕۆژنامەنووسیی.. سەردانی شاندی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بەکۆتا هات..

شایانی باسە لەرۆژانی سەردانەکەدا نووسەرو ڕۆژنامەنووس (بەهرامی وەلەد بەگی) و ژمارەیەک لەرۆژنامەنووسانی کوردی ئێران هاوڕێیەتی شاندەکەیان کردو بەشەوو بەرۆژ لەگەڵ شاندەکە بوون و ماندووبوونێکی زۆریان کێشا، بۆیە شاندی کوردستانی سوپاس و پێزانینێکی زۆری بۆ ئەم برا ئازیزانەو هەردوو وەرگێڕ (خانم قەیسەر و دەستە خوشکەکەی) هەیە....

* * *

### لەدیدارێکدا لەگەڵ نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا

## سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پشتیوانی لەپرۆژە یاساییەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دەکات

بەڕێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی ٢٠٠٦/٧/١١ پێشوازی لە نەقیب و جێگری نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کرد لەدیدارێکدا بەئامادەبوونی تاریق سارمەمی ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن بەڕێوەچوو، بیرورا لەبارەی ڕەوشی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەگشتی و پرۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسیی لەکوردستان و گرنگی ڕۆڵی ڕاگەیاندن وەک دەسەڵاتی چوارەم، لە پێشخستنی کۆمەڵگەو چەسپاندنی ئازادی و دیموکراتییەت و خستنەڕووی ڕەخنەی بەجێ و بنیاتنەرانە بۆ چارەسەرکردنی کەموکورییەکانی نێو کۆمەڵ و بەرەوپێش بردنی ئەزموونی دیموکراسی لەکوردستان ئاڵوگۆڕکرا.

هەر لەو دیدارەدا ڕۆژنامەنووس فەرهاد عەونی نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان داوای هاوکاری و پشتیوانی لەپەرلەمان کرد بۆ سەرخستنی پرۆژەو داواکارییەکان لەرووی یاساییەوە، بەتایبەتی پرۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسیی لەکوردستان کە بڕیارە لەسەرتای مانگی ئەیلول دوای ئەوەی چەندین سیمینارو کۆنفرانسی لەسەر دەبەسترێت پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت. هەروەها پرۆژەی هەموارکردن و جێبەجێکردنی یاسای سەندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسیی.

لەبەرانبەردا بەڕێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دوای ئەوەی دەستخۆشی لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسان کرد کە بوونە یەکەم ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی یەکیان گرتەوە، پشتیوانی و هاوکاری پەرلەمانی بۆ سەرخستنی بەرنامەکانیان و دابینکردنی ئازادی

و ریزگرتن لەرۆژنامەنووسان دەربڕی.
لەتەوەرێکی تری قسەکانیدا سەرۆکی پەرلەمان جەختی لەسەر گرنگی رۆڵی میدیاو رۆژنامەنووسان کردەوە وەک دەسەڵاتی چوارەم لەخستنەڕووی راستییەکان و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری دیموکراسی و یەکترقبووڵکردن و دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لەکوردستاندا. هەروەها سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان داوای لەسەندیکای رۆژنامەنووسان کرد کە بایەخی زیاتر بەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری و لایەنی پیشەیی رۆژنامەنووسان بدەن، بۆ ئەوەی کەسانێکی بێ ئەزموون ئازادی رۆژنامەوانی نەقۆزنەوەو بەهەڵە ئەم پیشەیە بەکارنەهێنن و گوتی: پێویستە پێوەرێکتان هەبێت بۆ ئەوەی هەموولا سنووری ئازادییەکان و رۆشنبیری بەکارهێنانی دەسەڵاتی چوارەم بزانن. هەروەک پشتیوانی و دەستخۆشی لەپرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی کردو داوای لێکردن کەراوێژو گفتوگۆی زیاتری لەسەر بکەن بۆ ئەوەی پرۆژەکە دەوڵەمەندتربێت.

* * *

# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان پلەی ئەندامی (کارا) لەفیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ وەدەست دەهێنێت



ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئێوارەی رۆژی (٢٠٠٦/٧/١٢) لەبارەگای سەندیکا لەشاری هەولێر، کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی بەست.
لەسەرەتای کۆنگرەکەدا نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان رایگەیاند. کەوا فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی لەکۆبوونەوەیەکدا لە (٢٠٠٦/٥/٢٨) لەشاری بروکسل بڕیاریدا پلەی ئەندامیەتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەبەشدارەوە بۆ (کارا) بەرزبکاتەوە.
نەقیبی رۆژنامەنووسان لەگوتەیەکدا ئاماژە بەگرنگی ئەم بڕیارەدا.. بەو پێیەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان یەکەم سەندیکای بێ دەوڵەتە پلەی ئەندامی (کارا) وەدەست دێنێت لەم فیدراسیۆنەدا، لەکۆتایی کۆنگرەکەدا بەلاغێک سەبارەت بە بەرزکردنەوەی پلەی سەندیکای بەسەر نوێنەرانی کەناڵەکانی راگەیاندن دابەشکرا. شایانی باسە لقەکانی (سلێمانی، کەرکوک، دهۆک) سەرەڕای هەردوو لقی موسڵ و بەغدا، هاوکات لەگەڵ کۆنگرەی ئەنجوومەن کۆڕیان سازکردو ئەم مژدەیەیان بەرۆژنامەنووسان گەیاند، بەو هیوایەی لەئاییندەیەکی نزیکدا نوێنەرانی رۆژنامەنووسانی کوردستان بگەنە رێکخستنەکانی ئەم رێکخراوە نێودەوڵەتییەو رۆڵی خۆیانی تیا ببینن.

## بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی

# لیژنەی راپەڕاندنی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ پیرۆزبایی لە رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات

**هاوکارانی ئازیز**

بەناوی سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، بەڕێز (ئایدان وایت) و گشت کارمەندانی فیدراسیۆن لە برۆکسل، گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و گشت کارمەندانی بواری رۆژنامەگەری و میدیاکان لەکوردستان دەکەین، بەبۆنەی ساڵیادی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی، رۆژی رۆژنامەنووسانی کورد، لە ٢٢ی نیسان و سازکردنی فێستیڤاڵ بەو بۆنەیەوە لەکوردستاندا.

بەڕێزان فێستیڤاڵەکەتان لەساتێکدا سازدەکرێت، کە رۆژنامەنووسان لەسەرتاپای جیهاندا بوونەتە قوربانیی و ئامانجی تیرۆریستان و چەکداران، بۆیە لێرەدا ئەو رۆژنامەنووسانە لەیاد نەکەین کە لەعێراقدا بوونەتە قوربانیی. ئێمە لەفیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان داوامان کردووە بەردەوامیشین لەداواکردن بۆ پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسان و دەسگیرکردنی تاوانباران بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنیان، بەتایبەتی ئەو ١٩ قوربانییەی کە هێزەکانی ئەمریکا لێی بەرپرسن و ئەمساڵیش لە ٨ی نیسان بۆ ساڵی سێیەم داوامان کرد کە لێکۆڵینەوەیەکی بێ لایەن سەبارەت بەو رووداوانە ئەنجام بدرێت و کەسوکاری قوربانییەکانیش لەئاکامەکەی ئاگادار بکرێنەوە.

لەهەمان کاتدا بەتوندی کاری چەکداری و دژایەتی و رفاندنی هاوکارانمان ریسواو مەحکوم دەکەین، بەتایبەتی ئەوانەی لەئەنجامی بەجێهێنانی کارەکانیان گیانیان لەدەستداوە.

لێرەدا ئێمە داوای پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسان و رەخساندنی بوارێکی گونجاو بۆ کارکردنیان دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانن بەئازادی و دیموکراسی پەیامەکەیان بگەیەنن.

فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی هەمیشە بەردەوامە لەداواکردن لەئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جەختکردن لەدەسەلاتدارو رژێمەکان بۆ پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسان.

بەڕێزان

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەرۆڵی گرنگی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بکەین، کە لەهەموو پرۆژەکانی فیدراسیۆن بەگیانێکی هاوکاری تەواو و بەئیجابی ئامادەی کۆبوونەوەکان بوونەو هەوڵی سەرکەوتنی پرۆژەکانیان داوەو هەردەم لەهەوڵی دابین کردنی بواری گونجاو بۆ کاری رۆژنامەگەریی لەرووی سەلامەتی و ئازادی دان.

بەناوی کارمەندانی فیدراسیۆن پڕ بەدڵ سوپاسیان دەکەین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین، و بێگومانین لەوەی کە لەئایندەش بەهەمان شێوە کارەکان لەنێوان هەردوو رێکخراوەکانماندا بەڕێوەدەبەین.

هیوای سەرکەوتن بۆ فێستیڤاڵەکەتان دەخوازم و بەئومێدی هێنانەدی ئازادی رۆژنامەگەری لەسەرتاپای جیهاندا.

**حەیات زغیش**
**لەجیاتی لیژنەی راپەڕاندنی**
**فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسان نێودەوڵەتی – IFJ**
**برۆکسل – بەلجیکا**
**٢٠٠٦/٤/٢٠**

# ڕۆژنامەنووسانی كوردستان پشتیوانیان لە هاوكارانیان ڕۆژنامەنووسانی عێراقی كرد

بەبۆنەی ڕۆژی نیشتمانی ڕۆژنامەگەری عێراقی.. كە ڕۆژی دەرچوونی یەكەم ڕۆژنامەی عێراقییە بەناوی (ئەلزەورا) لەساڵی ١٨٦٩ لەشاری بەغدادا...

ئەنجومەنی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان لەبارەگای سەندیكادا.. لەشاری هەولێر گردبوونەوەیەكی ڕۆژنامەگەری لەڕۆژی (٢٠٠٦/٦/١٥) ڕێكخست.

لەم ڕۆژەدا (ڕۆژی دەرچوونی یەكەم ڕۆژنامەی عێراقی).. ڕۆژنامەنووسانی كوردستان پشتیوانی خۆیان بۆ هاوكارانیان ڕۆژنامەنووسانی عێراقی كەدووچاری كوشتن و بڕین و تۆقاندن بوونەتەوە دەربڕی...

گردبوونەوەكە بەگوتەیەكی ڕۆژنامەنووس خالید بەكر ئەییوب دەستپێكرد، كە تیایا بەخێرهاتنی ڕۆژنامەنووسانی كرد.. دواتر ڕۆژنامەنووس (فەرهاد عەونی) نەقیبی ڕۆنامەنووسانی كوردستان گوتەیەكی پشتگیری لەڕۆژنامەنووسانی عێراقی پێشكەش كرد.

پاشان بانگەوازی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان لەژێر ناوونیشانی (لەپێناوی پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووسان لەعێراقدا) لەلایەن ڕۆژنامەنووسان (حامد محەمەد عەلی و ئەكەد موراد) بەكوردی و عەرەبی خوێندرایەوە.

ئەمەی خوارەوە دەقی بانگەوازەكەیە:

## بانگەوازێك لە سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستانەوە

لەپێناو پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووسان لە عێراقدا

لەكاتێكدا بەبۆنەی ڕۆژی نیشتمانی ڕۆژنامەگەری عێراقیەوە كە ڕێكەوتی (١٥)ی حوزەیرانەو، یادی (١٣٧)ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەی (زورا)یە، پیرۆزبایی لە هاوكارانمان ڕۆژنامەنووسانی عێراق دەكەین، پشتگیری تەواوی خۆمان بۆ هەڵگرانی خامە ئازادەكان ڕادەگەیەنین، كە ئەركە نیشتمانی و مرۆییەكانی خۆیان لە پێناو بنیاتنانی عێراقێكی دیموكراسی فیدراڵیدا بەجێ دەهێنن، تا لەسایەیدا تێكڕای پێكهاتەكانی گەلی عێراق بەگشت مافەكانیان شادبن و ژیانێكی ئازادانەو سەربەرزانە بەسەر بەرن.

ڕۆژنامەنووسانی عێراق لەو ماوەیەدا ڕووبەڕووی هەموو جۆرەكانی توندووتیژی وئیرهاب بوونەتەوە، هەر لە هەڕەشەو ڕفاندنەوە، تا كوشتن و تیرۆر، تەنها لەبەر ئەوەی كە پەیامی ڕۆژنامەنووسی خۆیان دەگەیەنن و، ڕووداوەكان بە ئەمانەت و ڕاستگۆیانە دەگوازنەوە.

لە ڕاستیدا ڕۆژنامەنووسانی كوردستانیش لەو هەڵمەتە دڕندانەی كە دەرهەق بە ڕۆژنامەنووسانی عێراق ئەنجام دەدرێ بێ بەش نەبوونەو، پۆلێك لە ڕۆژنامەنووسانمان ڕووبەڕووی كردەی ئیرهابی و ڕووداوی كوشتن و تیرۆر بوونەتەوە.

لە ڕۆژی نیشتمانی ڕۆژنامەگەریی عێراقیدا، سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان، ناڕەزایی خۆی بەرامبەر گشت جۆرەكانی توندوتیژی و ئیرهاب لە دژی ڕۆژنامەنووسان ڕادەگەیەنێت و بە توندی ئیدانەی دەكات، داواش لە حكومەتی عێراق و هێزە فرە ڕەگەزەكان دەكەین كە پارێزگاری لە گیانی ڕۆژنامەنووسان بكەن و، كەشوهەوایەكی لەبار و ئارامیان بۆ دابین و فەراهەم بكەن، تا بتوانن بەجوانی پەیامی ڕۆژنامەگەریی خۆیان جێ بەجێ بكەن، هەروەها داوا لە پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین كە پشتگیریی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و دابینكردنی مافی ڕۆژنامەنووسان بكات، لەكوردستاندا..

ئێمە لەكاتێكدا كە یادی گیانی شەهیدانی وشەی ئازاد دەكەینەوەو سەری ڕێز و نەوازش بۆ قوربانیدانیان نەوی دەكەین، پەیمانیان پێ دەدەین كە درێژە بەو كاروانە بدەین لەپێناو پشتگیریی و چەسپاندنی دەسەڵاتی چوارەم لە وڵاتەكەماندا، هەروەها داواش لە گشت دەوڵەتان و دەزگا خێرخوازی و مرۆییەكان و دامودەزگا نێودەوڵەتییەكان دەكەین، كە پشتگیریی و كۆمەكی (سندوقی سەلامەتی نێودەوڵەتی) بكەن، كە سەر بە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسانەو تایبەتە بە خێزانی قوربانیانی توندووتیژی لە ڕۆژنامەنووسانی عێراق و كوردستان..

**ئەنجوومەنی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان**
**هەولێر-٢٠٠٦/٦/١٤**

* * *

# بەلاغی كۆتایی كۆنفرانسی رۆژنامەنووسانی وەرزشی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان




لەبەر رۆشنایی بڕیارو راسپاردەكانی كۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسانی كوردستان، ئەنجوومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان بەمەبەستی رێكخستنی رۆژنامەنووسانی وەرزشی لەچوارچێوەیەكدا، پاش پێكهێنانی لیژنەیەكی ئامادەكار كە لەرۆژی ٢٠٠٦/٦/٢٤ یەكەمین كۆبوونەوەی خۆی لەبارەگای ئەنجوومەنی سەندیكا ئەنجامدا، بڕیاریدا كۆنفرانسێكی گشتی بۆ رۆژنامەنووسانی بواری وەرزشی كە لەلایەن لقەكانی سەندیكاوە دەستنیشان دەكرێت سازبكات.
ئەوەبوو سەعات ١٠,٣٠ی سەرلەبەیانی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی ٢٠٠٦/٧/١٢ لەهەولێر كۆنفرانسەكە بەبەشداری (٤٢) رۆژنامەنووس كە نوێنەرایەتی سەرجەم رۆژنامەنووسانی وەرزشی كوردستان دەكەن، دەستی بەكارەكانی كرد..سەرەتا رێورەسمەكە بەوتەیەكی بەخێرهاتن لەلایەن رۆژنامەنووس (ئەكەد موراد)ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیكاو بەدەقیقەیەكی راوەستان بۆ گیانی پاكی شەهیدانی رۆژنامەنووسانی كوردستان و جیهان دەستی پێكرد.

دواتر وتاری ئەنجوومەنی سەندیكا لەلایەن نەقیبی رۆژنامەنووسان (فەرهاد عەونی)یەوە پێشكەش كرا، پاشان سەبارەت بەچۆنێتی بەڕێوەچوونی كۆنفرانسەكە جێگری نەقیبی (مستەفا ساڵح كەریم) چەند خاڵێكی روونكردەوە.
لەدانیشتنی دووەمدا گفتوگۆ لەسەر دوو خاڵی سەرەكی كرا، كە یەكەمیان بریتی بوو لەناوی ئەو چوارچێوەیەی كە رۆژنامەنووسانی ئەم بوارە دەگرێتە خۆی، ئەوەبوو بەزۆرینەی دەنگ بڕیار لەسەر ناوی (كۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان) درا.
خاڵی دووەمی بریتی بوو لەهەڵبژاردنی لیژنەی راپەڕاندنی كۆمەڵە، ئەوەبوو لەكەشێكی ئازادو پرۆسەیەكی دیموكراسیانەدا ئەندامانی كۆنفرانس (١١) رۆژنامەنووسیان بۆ دەستەی راپەڕاندنی كۆمەڵە هەڵبژارد.

**كۆنفرانسی**
**رۆژنامەنووسانی وەرزشی**
**هەولێر ٢٠٠٦/٧/١٢**

❊ ❊ ❊

## بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی

# لقەکانی سەندیکا سیمیناری فراوان دەبەستن

لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لقەکانی سەندیکاو مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا، هەر یەک لەلای خۆیەوە بەمەبەستی گفتوگۆکردن و وتاوتوێکردنی پرۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی و دەوڵەمەندکردنی چەندین سیمیناریان بەست.

**لقی سلێمانی**

بۆ ئەم مەبەستە لەشاری سلێمانی لەڕۆژی (٢٠٠٦/٧/٢٣)داو لەهۆڵی دیالۆگ دانیشتنێک سازدرا.. نەقیبی ڕۆژنامەنووسان و ژمارەیەک لەئەندامەکانی ئەنجوومەن و سکرتێری لقی سلێمانی و ژمارەیەک لەسەرنووسەری ڕۆژنامەکان و ڕۆژنامەنووسان ئامادەی دانیشتنەکە بوون ڕۆژنامەنووس فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسان بەکورتی باسی لە پرۆژەکە کرد، دواتر هەندێک لەئامادەبووان بیروڕاو سەرنجیان سەبارەت بەپرۆژەکە خستەڕوو.

**لقی کەرکووک**

لەلقی کەرکووکی سەندیکاش.. لەڕۆژی ٢٠٠٦/٧/٢٢ کۆڕێک سازدرا، ڕۆژنامەنووس زیرەک کەمال سکرتێری سەندیکا ئامادەی کۆڕەکە بوو، کە ئەویش لەلایەن خۆیەوە کورتە باسێکی سەبارەت بەپرۆژەی یاساکە پێشکەش کرد، دواتر ئامادەبووان تێبینی و بۆچوونەکانیان دەربارەی پرۆژەکە خستەڕوو..

**لقی دهۆک**

بەمەبەستی زیاتر گفتوگۆکردن لەسەر (پرۆژە یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لەکوردستان) سەعات (٧)ی سەر لەئێوارەی دووشەممە ٢٠٠٦/٧/٣١ وەفدێکی لیژنەی دارشتنی پرۆژەکە لەئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە پێکهاتبوو لەڕۆژنامەنووس (حامد محەمەد عەلی/ ئەندامی ئەنجوومەن) و پارێزەر (حوسامەدین سەرداری) بەهاوکاری لقی دهۆکی سەندیکا سیمینارێکی کراوەو فراوانیان لەباخچەی مۆزەخانەی دهۆک بۆ زیاتر لە (٥٠) ڕۆژنامەنووسی دەڤەری بادینان لەکەناڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن سازکرد...

لەسیمینارەکەدا سەرەتا بەتێرو تەسەلی تیشک خرایە سەر ئەو پرۆژە یاسایە کەماوەی زیاتر لەساڵێکە ئەنجوومەنی سەندیکا بەهاوکاری لیژنەیەکی یاسای سەرقاڵی ئامادەکردن و تاوتوێکردنیەتی، باسی گرنگی پرۆژەکە کرا لەو قۆناغەداو ڕۆڵی لەچەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و بەیاسایی کردنی پیشەی ڕۆژنامەنووسیی...

دواتر لەلایەن ئامادەبووانی سیمینارەکەوە چەندین ڕاو بۆچوون و پێشنیار لەسەر ماددەو برگەکانی پرۆژە یاساکە خرایەڕوو...

لەکۆتاییشدا لەلایەن پارێزەر (حوسامەدین سەرداری) و ڕۆژنامەنووس (حامد محەمەد عەلی)یەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر پێشکەش کراو، ڕاو سەرنج و پێشنیارەکانیش تۆمارکران، بۆ ئەوەی لەدارشتنەوەی کۆتایی پرۆژە یاساکەدا سوودیان لێ وەربگیرێ..

شیاوی باسە سیمینارەکە لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی دەڤەرەکەوە بایەخی تایبەتی پێ درا...

**لقی بەغدا**

بەئامادەبوونی ڕۆژنامەنووس فریاد ڕواندزی سکرتێری لقی بەغدای سەندیکا لە ٢٠٠٦/٧/١٢ لەهۆڵی یانەی فەیلییەکان...

کۆڕێکی فراوان ڕێکخرا.. لەسەرەتادا ڕواندزی باسی لەپرۆژەکە کردو داوای لەئامادەبووان کرد.. سەرنجەکانیان سەبارەت پرۆژەی یاساکە بخەنەڕوو، دواتر دەرگای گفتوگۆ کرایەوەو هەموو تێبینییەکان تۆمارکرا بۆ ئەوەی بۆ ئەنجوومەنی سەندیکا بەرز بکرێتەوە...

**لقی مووسڵ**

لەڕۆژی ٢٠٠٦/٧/١٩دا بۆ هەمان مەبەست لقی

مووسڵی سەندیکا کۆڕێکی فراوانی بەست، لەم کۆڕەدا کە ڕۆژنامەنووس عەبدولغەنی عەلی یەحیا سکرتێری لقی مووسڵ بەڕێوەی برد، ژمارەیەکی زۆر لەڕۆژنامەنووسان ئامادەبیوون و بەتێبینی و ڕاو سەرنجیان پرۆژەی یاساکەیان دەوڵەمەندکرد...

### مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە

هەروەها مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکاش. لەم بوارەدا چالاکی خۆی نواند، ئەوەبوو لەڕۆژی ٢٠٠٦/٧/٢٨ بەئامادەبوونی ڕۆژنامەنووس شەوقی حوسێن سەرۆکی لێژنەی چاودێری لەسەندیکاداو ژمارەیەک لەڕۆژنامەنووسانی عێراق لەشاری (لەندەن)ی پایتەختی بەریتانیان کۆڕێک سازدرا.

لەسەرەتادا ڕۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە گوتەیەکی پێشکەشکردو ئاماژەی بەچالاکییەکانی سەندیکاداو گرنگی پرۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی خستەڕوو.. دواتر دەرگای گفتوگۆ کرایەوە.. ئامادەبووان بیروڕاو تێبینییەکانیان سەبارەت بەپرۆژەکەدەربڕی...

❊ ❊ ❊

# ڕۆژنامەنووس و مێژوونوسیی ناودار جەرجیس فەتحوڵڵا کۆچی دوایی کرد

لەهاوینەهەواری سەلاحەددین سەر بەپارێزگای هەولێر،لە ٢٠٠٦/٧/٢٣دانووسەرورۆژنامەنووس و مێژوونووسی ناودار جەرجیس فەتحوڵڵا ماڵئاوایی لێکردین و کۆچی دوایی کرد.

لەڕێوڕەسمێکی شایستەدا، ڕۆژی ٢٠٠٦/٧/٢٤، لەشارۆچکەی (عەنکاوە)دا تەرمەکەی بەخاکسپێردراو نوێنەرانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێم و ژمارەیەک لەوەزیرە بەڕێزەکان و پارێزگاری هەولێر و کۆمەڵێک لەنووسەرو ڕۆناکبیران ئامادەی ڕێوڕەسمەکە بوون. شایانی باسە خوالێخۆشبوو چەندین کتێب و وەرگێڕاوی سەبارەت بە مێژووی کوردو بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی بەچاپ گەیاندووە.

وا لەخوارەوە کورتەیەک لەژیاننامەی ئەم نووسەر بەناوبانگە دەخەینەڕوو:

* لەساڵی ١٩٢١ی زایینی لەشاری مووسڵ لەدایک بووەو قۆناغی ئامادەییشی هەر لەم شارە تەواوکردووە.
* لەساڵی ١٩٣٩ لەکۆلێژی (ماف) لەزانکۆی بەغدا وەردەگیرێت و دوای تەواوکردنی پارێزەریەتی دەکات.
* لەساڵی ١٩٥٩ ڕۆژنامەی (الحقيقه-ڕاستی) بەزمانی عەرەبی و کوردی دەردەکات.
* لەپەنجاکانی سەدەی ڕابردوو دەچێتە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.
* لەقسەو هەڵسوکەوتەکانی بوێرو ئازاو ڕاشکاو بووە.
* لەساڵی ١٩٦٣. تا ١٩٦٦ بەندکراوەو زۆر زوڵم و زۆری بەدەست حکومەتە دیکتاتۆرەکانی پێشوو بینیوە.
* لەساڵی ١٩٧٠ بەئەندامی یەدەگی لێژنەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستان لەکۆنگرەی هەشتەمدا هەڵبژێردراوە.
* یەکێکە لەشارەزایانی کاروباری کوردو مێژووی عێراقی نوێ.
* لێکۆڵەرەوەکان بەوەرگێڕەری کتێبی (تراث الاسلام) کە چەندین جار چاپکراوە.. دەیناسن.
* لەساڵی ١٩٧٥ دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیر بەرەو ئێران سەفەری کرد، تاکو لەوێ چالاکی سیاسی و هزری تازەکاتەوە.
* وەکو نوێنەری کوردو کلدان و ئاشوررییەکان و سریان لەنەتەوەو یەکگرتووەکان دەستنیشان کراوە.

دواتر داوای پەنابەری کرد لەوڵاتی (سوید) تا. ساڵی ٢٠٠٠ لەوێ مایەوە.. ئینجا بەرەو کوردستان گەڕایەوە.

* لەڕۆژی ٢٠٠٦/٧/٢٣ لەهاوینەهەواری سەلاحەددین بەیەکجاری ماڵئاوایی لەخۆشەویستانی کرد.

* * *

## ڕۆژنامەنووسانی (خورماڵ) سەردانی سەندیکا دەکەن

ژمارەیەک لەڕۆژنامەنووسانی شارۆچکەی (خورماڵ) لەڕۆژی ٢٠٠٦/٧/٢٥دا. سەردانی بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیان کردو لەلایەنی نەقیب و ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجومەن پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا.
لەدانیشتنێکی دۆستانەدا باس لەکاری ڕۆژنامەگەریی و ئازادی ڕۆژنامەنووسیی کرا، نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کورۆدستان پشتگیری سەندیکا بۆ ئەم ڕۆژنامەنووسە لاوانە دەربڕی و هیوای خواست لەپێناو خزمەتکردنی کوردو کوردستان هەردەم لەکاردا بن..
شایانی باسە ئەم گەنجە ڕۆژنامەنووسانەی شارۆچکەی خورماڵ ڕۆژنامەیەک بەناوی (خورماڵ) دەردەکەن، ژمارەی دوایی کەژمارە (١٨) هەژدەیەتی لەیەکی تەمموزی ٢٠٠٦ دا دەرچووە، خاوەن ئیمتیازی ئەم ڕۆژنامەیە (عادل کۆچەر)ییەو سەرنووسەری (ڕەوەشت موحەمەد)ەو جێگری سەرنووسەریش (فەرهاد تاهیر)ەو سکرتێری نووسینیشی (کەیوان عەبدوڵڵا)یە.

* * *

## بەیاننامەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەربارەی ڕۆژنامەنووسە گیراوەکان

ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە (٢٠٠٦/٨/١٩) لەکۆبوونەوەیەکی تەرخانکراو بەمەبەستی تاوتوێکردنی مەسەلەی گیرانی ژمارەیەک لەڕۆژنامەنووسان.. ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەی دەرکرد:
لەگەڵ پەرەسەندنی قەیرانی خزمەتگوزارییەکان، کۆمەڵێک ڕێپێوان و خۆپیشاندان لە چەند شار و شارۆچکەیەکی کوردستاندا ئەنجام درا، لە چوارچێوەی ئەو ڕووداوانەدا ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان لەلایەن هێزەکانی ناوخۆوە دوو چاری گوشاری گرتن و هەندێکیشیان ئازاردانی جەستەیی بوون، جگە لە دەستبەسەرداگرتنی چەندین کەرەستەو ئامێری بواری ڕۆژنامەنووسی.
*لەیەکەم ساتی ئەو ڕووداوانەدا ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و لقی سلێمانی بە تەنگ مەسەلەکەوەبوون و بەردەوام لەپەیوەندیدابوون لەگەڵ لێپرسراواندا، بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی کێشەکەو دۆزینەوەی چارەسەر و ئازادکردنی ڕۆژنامەنووسەکان لە ٢٠٠٦/٨/١١ لقی سلێمانی یاداشتێکیان پێشکەش بە وەزیری ناوخۆ کرد.
* ئێمە لە ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئەم جۆرە مامەڵەیەی هێزەکانی ناوخۆ بەرانبەر بە ڕۆژنامەنووسان کە گرتوویانەتەبەر مەحکوم دەکەین و داوا لە وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە زامنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بکەن و ئامادەبوونی ڕۆژنامەنووسان لەنێو ڕووداوەکاندا بۆ ئەنجامدانی کارە پیشەییەکەیان بە مافێکی یاسایی و کارێکی شارستانی بزانن، لێرەدا جەخت لەسەر داواکانی پێشوومان دەکەینەوە بۆ دەست بەجێ بەربوونی ڕۆژنامەنووسە گیراوەکان کە لەسەر ڕێی ڕۆژنامەنووسی گیراون، لەگەڵ قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانەی لێیان کەوتووە.

بەپێویستیشی دەزانین داوای پێک هێنانی لیژنەیەک بکەین بۆ لێپرسینەوە لەو کەسانەی کە بەرپرسن لەگرتن و ئازاردانی رۆژنامەنووسان.

هەروەها داوا لە سەرجەم رۆژنامەنووسان دەکەین کە پابەندی تەواوی پرەنسیپەکانی کاری رۆژنامەنووسی بن و هەروەک رۆڵی هەمیشەییان لایەنی ئیجابی و بێ لایەن بن لەنێو رووداوەکاندا، بۆ ئەوەی سەرەنجام هەوڵ و توانای هەموو لایەکمان بۆ زیاتر چەسپاندن و گەشە پێدانی بنەماکانی دیموکراتیەت و کۆمەڵی مەدەنی بێت لە کوردستان.

**ئەنجوومەنی سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**لە کۆبوونەوەی تەرخانکراو بۆ ئەم مەبەستە**
**٢٠٠٦/٨/١٩– هەولێر**

❊ ❊ ❊

# نمایشکردنی فیلمێکی دیکۆمێنتی بەناوونیشانی (کۆشکەکانی سەددام)

سەر لەئێوارەی رۆژی ٢٠٠٦/٨/١٩ و لەبارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەشاری هەولێر، لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی دادگایی (سەدام) و ژمارەیەک لەدارو دەستەکەی کە لە ٢٠٠٦/٨/٢١ دەستپێکرد سەبارەت ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال، فیلمێکی دیکۆمێنتی بەناوونیشانی (کۆشکەکانی سەدام) لەدەرهێنانی هونەرمەند فەرید ئاکرەیی لەنێو باخچەی سەندیکادا نمایشکرا. فیلمەکە سەرنجی بینەرانی راکێشاو و کۆشک و تەلارەکانی دیکتاتۆر بووە جێگەی سەرسوڕمان و بێزاری بینەران، چونکە بیناکردنی ئەم تەلارانە لەکاتێکدا بووە، کە ملیۆنەها لەرۆڵەکانی گەلەکەمان بەنەخۆشی و برسیەتی و هەژاری دەتلانەوەو سەدەها هەزاریش لەجەنگە ناڕەواکانی (سەدام) شەهید دەبوون. لەلێدوانێکدا دەرهێنەری فیلمەکە گوتی: ئەمە بەشی یەکەمەو دووبەشی تریش بەدواوەی دێت و هەر کۆشکێکی سەدامیش تەنها یەک کۆشک نییە.. بەڵکو کۆمەڵگایەکە، بۆ نموونە: کۆشکی (فاو) ٢٨ کۆشک لەخۆ دەگرێت... شایانی باسە ئەم فیلمە لەبەرهەمهێنانی کەناڵی ئاسمانی (ئەلعیراقییە)یە کە هونەرمەندی دەرهێنەر یەکێک بووە لەدامەزرێنەرەکانی. دەرهێنەر ئاکرەییش لەساڵی ١٩٨١ لەدایک بووەو دەرچووی ئەکادیمیای هونەر جوانەکانە لەبەغداو ماستەرنامەی لەهونەرکانی بیستن و بینین هەیە. کۆمەڵێ لەرۆژنامەنووسان و نووسەران و رۆشنبیران و نوێنەرانی دەزگاکانی راگەیاندن ئامادەی نمایشی فیلمەکە بوون...

❊ ❊ ❊




# سێیەمین فێستیڤالی بەدرخان

## هەولێر– ٢١و٢٢و٢٣/٤/٢٠٠٦

## شوێن: هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی زانكۆی سەڵاحەدین

دانیشتنی یەكەم، هەینی ٢٠٠٦/٤/٢١ (كات ١٠-١٢ پێشنیوەڕۆ
بەرنامەكە لەكاتی خۆیدا بڵاو دەكرێتەوە.

دانیشتنی دووەم، هەینی ٢٠٠٦/٤/٢١،كات ٤-٣٠، ٧پاشنیوەڕۆ،٥،٣٠-٦،٠٠ پشوو،
كۆڕگێڕ: هەڤاڵ زاخۆیی
- كردنەوەی پێشانگای كتێب، شێوەكاری، فۆتۆگراف، كاریكاتێرو بەرهەمی شێوەكاریی منداڵان.
- پەخشانە شیعر(ڕۆژنامەیەک لە كاغەزی هەتاوو سەرنووسەریش لە قەڵەمی ئەرخەوانو مانگە شەو)/ شێركۆ بێكەس،
- الامیر بدرخان ا لازیزی البوتانی/ كۆنێ رەش
- لێكۆڵینەوەیەک لەسەر هەردووژمارەی (١٠و١٢)ی ڕۆژنامەی كوردستان/ هۆگر تاهیر،
- گۆڤاری ڕوناهی (١٩٦٠-١٩٦٢) لەبەر تیشكی لێكۆڵینەوەدا/ د. جەمشید حەیدەری،
- میدیای ئازاد لە تیۆرییەوە تا پراكتیک / عەلی كەریم .

دانیشتنی سێیەم، شەممە ٢٠٠٦/٤/٢٢،كات ١٠،٠٠-١٢،٠٠ پێشنیوەڕۆ،
كۆڕگێڕ : فەرهاد عەونی و لیژنەی ئامادەكردنی پڕۆژەی یاساكە
- گفتوگۆیەكی كراوە لەسەر یاسای ڕێكخستنی كاری ڕۆژنامەنووسی لە كوردستان.

دانیشتنی چوارەم، شەممە ٢٠٠٦/٤/٢٢، كات ٤-٣٠، ٧پاشنیوەڕۆ، ٥،٣٠-٦،٠٠ پشوو،
كۆڕگێڕان: مستەفا ساڵح كەریم، شێركۆ حەبیب، حامید محەمەد عەلی،

- گفتوگۆیەکی کراوە بەزمانی عەرەبی لەبارەی (میثاق ضمان الحقوق الاجتماعيةو المهنية للصحفيين)،
- کۆرگێڕ : جەوهەر کرمانج
- بەرنامە ڕاستەوخۆکانو کاریگەرییان لەسەر ڕای گشتی / ستران عەبدوڵڵا،
- بەرنامەکانی ژنان لە تەلەفزیۆنە خۆماڵییەکاندا/ چیا یاسین .

دانیشتنی پێنجەم، یەک شەممە ٢٠٠٦/٤/٢٣،کات ١٠،٠٠-١٢،٠٠پێشنیوەڕۆ،
کۆرگێڕ: مومتاز حەیدەری و موسەدەق توفی،
- ڕۆلی کامیران بەدرخانی دشروڤەکرنا کێشا کوردیدا (ڕۆژناما ڕۆژانوو وەک نموونە) / د. سەلاح هروری،
- جۆری دووەمی گریان / د. شیرکۆ عەبدوڵڵا،
- هایداری نوو ل سەر عەبدولڕەحمان بەدرخان / مالمیسانژ،
- بەراورد لەنێوان ڕۆژنامەی ڕۆژ هەڵاتو ئاشتی / سازیان تاڵب،
- ریا تازە بەتەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی/ فەخرەدین تاهیر.

دانیشتنی شەشەم، یەک شەممە ٢٠٠٦/٤/٢٣، ٥،٣٠-٦،٠٠ پاشنیوەڕۆ، ٥،٣٠-٦،٠٠ پشوو،
کۆرگێڕ: زیرەک کەمال
- گۆتارا نەتەوایەتی د گۆڤارا ڕۆژی کورد/ ئەنوەر محەمەد تاهیر،
- ڕۆژنامەنووسیی کۆمەڵایەتی لە کەرکووک / لەتیف فاتیح فەرەج،
- ڕێورەسمی دابەشکردنی خەڵات،
- خوێندنەوەی ڕاگەیاندنی کۆتایی فێستیڤاڵ،
- وتاری بنەماڵەی بەدرخان / ئەمیرە سینەم جەلادەت بەدرخان.

**کۆتایی**

## وتاری لێژنەی باڵای فێستیڤاڵ لە لایەن د.کەمال فوئاد خوێندرایەوە

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کاک عەدنان موفتی،**
**بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاک نێچیرڤان بارزانی،**
**بەڕێز نوێنەری بنەماڵەی بەدرخان ئەمیرە سینەم،**
**بەڕێزان... نوێنەرانی حیزب و لایەنەسیاسی و ڕێکخراوەپیشەیی و کۆمەڵایەتییەکان،**
**ئامادەبوانی بەڕێز**
**خوشک و برایانی خۆشەویست،**

بەناوی لێژنەی باڵای سێیەمین فێستیڤاڵی بەدرخانەوە بەگەرمی بەخێرهاتنتان ئەکەم و سوپاسی ئامادەبوونتان ئەکەم، بەتایبەتی سوپاسی ئەو خوشک و برایانەی ئەکەم کە بۆ بەشدار بوون لە کۆبوونەوە و چالاکییەکانی فێستیڤاڵدا لە ڕێگای دووریان گرتۆتەبەر.

سوپاس و پێزانینی زۆرمان بۆ برای خۆشەویستمان کاک نێچیرڤان بارزانی،



سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەو هاوکاری و کارئاسانییەی پێشکەشی کردین بۆ بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵەکە.
بەڕێزان،وەک ئاگادارن دەزگای چاپ و

بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە دووساڵی رابردوودا لە سلێمانی و لە دهۆک و دوو فێستیڤاڵی رێک خست، فێستیڤاڵی ئەمساڵ لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە رێکخراوە و لەژێر دروشمی (لەپێناو چەسپاندنی ئازادی و بەرز راگرتنی رەوشتی رۆژنامەنووسی) بەرێوە ئەچێ. هەڵبژاردنی ئەم دروشمە بۆ فێستیڤاڵی ئەم ساڵ مانای خۆی خۆی هەیە، پانزە بەشێکی زۆری کوردستانی باشوور ئازاد بووە دەسەڵاتی بێگانەی بەسەرەوە نەماوە، ئایا ئێمە وەک پێویست ئەم هەڵە زێرینەمان هەڵسەنگاندووە و توانیومانە ئەم ئازادییە بە باشی بەکار بهێنین و هۆشیارانە رەفتاری لەگەڵدا بکەین؟

رۆژنامەوانی پیشەیەکی بەرز و پیرۆزە، ئایا ئەو نووسراوانەی لەسەر لاپەرەی هەندێک لە رۆژنامەکان بڵاوئەکرێتەوە ئەو بەرزی و پیرۆزییەی راگرتووە و رەوشتی رۆژنامەوانیی تێدا بەدی ئەکرێ؟ هیوادارین ئەم دوو بابەتە لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا جێگای باس و لێکۆڵینەوە بێ. بانرخی ئەو ئازادییە بزانین کە زۆر لەسەر گەلەکەمان کەوتووە، هەزاران رۆڵەی کورد لەو پێچناوەدا گیانی خۆیان بەخت کردووە، زۆر نارەوایە ئەو دەستکەوتە گەورەیە لەدەست بدەین و ئەو ئازادییە پێشێڵ بکەین و ماوە بدەین بکرێتە بەرەڵلایی و گەرەلاوێژێ.

با رەوشتی رۆژنامەوانی بەرز رابگرین و لە هەموو لەکەیەک بیپارێزین، با رووداوەکان وەک خۆی بخەینە روو، دوور لە هەڵچوون و قسەی ناڕاست و نابەجێ بانەوەی نوێ بە بیرو باوەڕی زانستی وگیانی سەردەم پەروەردە بکەین، بە رۆژانی پڕ لە زۆر و ستەمی رابردوو ئاشنایان بکەین و ئەو رۆژە رەشانە لەگەڵ رۆژانی ئەمڕۆ بەراورد بکەین و بەشێوەیەکی بابەتی هەڵیان بسەنگێنین، با ئەو ئازادییە بپارێزین و هەوڵبدەین کەمووکوڕییەکانی نەهێڵین و ماوەنەدەین کاربەدەستان پێشێڵی بکەن و گێرەشێوێنانیش ناهۆشیارانە رەفتاری لەگەڵدا بکەن.

با هەموو پێکەوە لە پێناو چەسپاندنی ئازادی و پاراستنی رەوشتی رۆژنامەوانی هۆشیارانە هەنگاو بنێین، ئەوەش پێک نایە ئەگەر بە مێژووی گەلەکەمان ئاشنا نەبین و بەراوردێکی بابەتیانە لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا نەکەین. جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە پیرۆزەش بەتەنیا ناکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتەکانی (یاسا دانان و دادگایی و راپەراندن)، دەسەڵاتی چوارەمیش ئەوەندەی سێ دەسەڵاتەکەی تر بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی.

هیوادارین ئەم بابەتە سەرنجی بەشداربووانی فێستیڤاڵ رابکێشێ و ببێتە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی کۆبونەوەکانی داهاتوو، ببێتە جێگای باس و لێکۆڵینەوە و کەرەسەیەک بۆ دارشتنی پرۆژەیەکی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی ئێستاماندا. با ئەو ئەستێرە گەشەی بە دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بەر لە سەد و هەشت ساڵ لەئاسمانی کوردستان هەڵهات و بووە پێشەنگی کاروانی رۆژنامەگەری کوردی و وەرچەرخانێک لە رەوتی بزوتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری لە کوردستاندا هەر لە برەو دابێ و دەشەدارێ و نەهێڵین تەم و مژ بەرگەی بگرێ و کەسانی نەفام لە کەداری بکەن و لە رێگای راست و خزمەتکردنی کۆمەڵ و زانست و پێشکەوتنخوازی لای بدەن و بیکەنە مەیدانێک بۆ شەڕەقسەو ئامرازێک بۆ گەیشتن بە مەرام و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان. با ئەو ئاڵایەی (میقداد مدحەت بەدرخان) بەرزی کردەوە هەر پایەدار و شەکاوە بێ.

هیوادارین بە هاوکاری ئێوەی بەڕێز فێستیڤاڵی ئەمساڵیشمان وەک ئەوانەی پێشوو بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی بهێنێ و لە سەد و دەیەمین ساڵڕۆژی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردیدا بە دیداری یەکتر شاد ببینەوە.

**هەربژین و سەرکەوتووبن.**

# وتاری بەڕێز مام جەلال سەرکۆماری ئێراقی فیدڕاڵ لەلایەن بەڕێز فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

**بەڕێز سەرۆکی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان کاک نێچیرڤان بارزانی**
**بەڕێز کاک د.کەمال فواد سەرپەرشتیاری گشتی لیژنەی باڵای سێیەمین فیستیڤاڵی بەدرخان**
**بەڕێز شازادە سینەم بەدرخان**
**خوشک و برایانی خوشەویست، میوانە بەڕێزەکان...**

سوپاس بۆ بانگهێشتنەکەتان، زۆر بەداخەوە کە نەم توانی لەگەڵتاندا بەشداربم، تکای لێبوردن ئەکەم و سەرکەوتنتان دەخوازم.

بە ستنی ئەم ڤیستیڤاڵە لە ژێر دروشمی لەپێناو چەسپاندنی ئازادی و بەرزڕاگرتنی رەوشتی رۆژنامەنووسی، سووربوونی رۆژنامەنووسان و نووسەران و ئەدیبانی کوردستان دەردەبڕێت، لەسەر چەسپاندنی ئازادی و دیموکراسی، دیارە بۆ ئەم مەبەستەش ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە کە بە پیر داخوازییەکانی رۆژنامەنووساندا بچین و فەزایەکی گونجاو لەبار بۆ چالاکی یەکانیان برەخسێنن کە زەمینەی خیتابێکی دیموکراسی و بیری نوێ و کراوە فراوانتر بکات، بێ گومان فراوانکردنی سەکۆی بیری ئازاد، رۆڵی گرینگی رۆژنامەنووسانی لە ئێستاو داهاتووی گەلەکەمان زامن دەکات.

خوشک و برایانی بەڕێز:

بنەماڵەی بەدرخان ئەو بنەماڵە تێکۆشەرە، نیشتیمان پەروەرەیە کە پێشڕەوی دورکردنی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بوون بەناوی کوردستان کاریگەریمان تاوەکو ئمڕۆش لەناو بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و روناکبیری کوردا دیارە، وا ئەمڕۆش رۆڵی مێژوویی ئەم بنەماڵیە هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستانی لەیەک فیستیڤاڵدا کۆکردۆتەوە، لەبارو دۆخێکدا کە




گەلی کوردمان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە ئازادی شادبووە و بێ گومان ئەوەش هاتنەدی بەشێک لە خەونەکانی بنەماڵەی بەدرخانی تێکۆشەر.

دیارە پرۆسەی رزگارکردنی عێراق و روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان بەسەرۆکایەتی بەریتانیا و هەروا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بارودۆخێکی نوێ ی دیموکراسی و فرە حزبی لە عیراقدا هێنایە ئاراوە، ئەمڕۆش دوای تێپەڕ بوونی (٣)ساڵ بەسەر رزگار کردنی عیراق، عیراقییەکان بە گشت نەتەوە و پێکهاتە ئاینی و مەزهەبیە جیاوازەکان، بەتایبەتی هەر دوو گەلی کورد و عەرەب کە ناوەرۆکی عێراقی نوێ پێک دەهێنن، سەرقاڵی دروستکردنەوەی عێراقی نوێن لەسەر بنەماکانی دیموکراسی و فیدرالیزم و فرە حزبی،

لێرەدا کورد دەیەوێ لە عێراقێکی فیدرڕاڵدا بژین، عێراقێکی گشت نەتەوە و ئاین مەزهەبە جیاجیاکان بێت، عێراقێکی هەموان بێت، هەموومان لە بڕیاردانی چارەنووسی ئەم وڵاتەدا وەک یەک بەشداربین، هەر

بۆیە پێویستە لە چوارچێوەی ئەو دەستورە هەمیشەیەی کە برشیاری لەسەر دراوە ئیدارەی گشت پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراقی تیادا بەرجەستەکراوە، دەڵێ ڕێز لە داخوازی و داواکارییەکان بگیرێت و هەوڵی جێبەجێکردنی گشت ئەو یاسایانە بدرێت کە لە دەستووردا هاتوون، هەروا بە پشت بەستن بەراستی یە میچژوویی و جوگرافییەکان و بەبنەماکانی مافی مرۆڤ و بەگشت ئەو پەیمانانە نێودەوڵەتیانەی مافی گەلان بەرجەستە دەکەن پێویستە داخوازی و داواکارییەکانی گەلەکەمان گەشە پێ بدرێ، دیارە لەم بوارەشدا بزوتنەوەی روناکبیری کوردستان دەتوانی رۆڵی خۆی پیچشرەوایەتی شان بەشانی توێژەکانی تری گەلەکەمان بگیرێت.

عێراقی کۆن، عێراقی یەک تایفە و یەک عەشیرەت و یەک بنەماڵەو یەک تاکەکەس بوو، بەڵام عێراقی نوێ بەبێ جێبەجێکردنی مەبدەئی تەوافق دروست ناکرێتەوە، بەڵکو جێبەجێ کردنی ئەو مەبدەئە تەنیا رێگا چارەیە بۆ زامن کردنی مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوە جیایاکانی عێراق، هەر بۆیە هاوپەیمانێتی کوردستان بەپشت بەستن بەم مەسئولییەتێکی مێژوویی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ لەپاراستن و گەشەپێدانی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان کە لەدوای بەرپاکردنی چەندەها شۆڕش و راپەڕین و قوربانی و قوربانیدانێکی زۆرەوە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان کە لەدوای بەرپاکردنی چەندها شۆڕش و راپەڕین و قوربانیدانێکی زۆرەوە دەستکەوتەکانی ئەمڕۆمان بەدەست هێناوە. یەک ریزی و یەک سەنگەری بزوتنەوەی کورد و کوردایەتی بەردی بناغەی سەرکەوتنی کورد و، یەکێک لە خەونەکانی بزتنەوەی کوردایەتی و روناکبیری کوردستان یەکبوونی ریزەکانی گەلی کوردمان بووە، وا ئەمڕۆ لەسایەی ژیری و هۆشیاری سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەو خەونە هاتۆتەدی و لەم نزیکانە کابینەی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان رادەگەیەنرێ و بێ گومان بزوتنەوەی روناکبیری کوردستان هەر وەک چۆن لە گشت قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی کوردایەتی رۆڵی پێشەنگ و بەرچاوی گێڕاوە ئمڕۆش چاوەڕوانی کاری گەورەی لێدەکرێت وئەم بزوتنەوەیە دەتوانێت بەسوود وەرگرتن لەئازادی بیروڕا و ئازای را دەربڕین رۆڵێکی گرینگ لە خەباتی گەلەکەمان بگێڕێت.

گشت ئەو سیاسەت مەدار و روناکبیرانەی کەپێش روخاندنی رژێم و دوای رۆخاندنی، لەسەر کوردستان و عێراقی یان نووسیوە، بە روونی ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە کوردستان لە واقیعدا هەرێمێکی ئازادە و ئازادی رۆژنامەگەری تێدا بەرقەرارە، ئەمەش ئەکرێت لە گشت لایەکمان شانازی پێوە بکەین و بە دەستکەوتێکی گەورە لە بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلەکەمانی لەقەڵەم دەدەین.

ئەو کاتەی وەک چۆن دروشمی نان و ئازادیمان بۆ رۆژنامەنووسان و نووسەران و ئەدیبان بەروکردبۆوە و باوەڕمان پێی هەبوو، ئێستاش لە هەڵەمەرجی تازەی وڵاتەکەمکاندا دەبێ زیاتر هەوڵ بدەین بۆ چەسپاندنی دروشمی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ.

لە کۆتایدا سوپاسی بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی دەکەم سەرۆکی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان بۆ پشتیوانی و میوانداری ئەم فیستیڤاڵە هەروەها سوپاسی بەڕێز د. کەمال فوئاد سەرپەرشتیاری گشتی فیستیڤاڵ و لێژنەی باڵادەکەم.

جارێکی تر سلاو لە بنەماڵەی بەدرخانی نیشتیمان پەروەر و سلاو لە گیانی پاکی میقداد بەدرخان و سلاو لە رۆژنامەنووسانی کوردستان سلاو لە گیانی پاکی شەهیدانی رێگای رۆژنامەگەری ئێوەش هەر شاد بن.

# وتاری بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لەلایەن بەڕێز مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

بەڕێزان ئامادەبوانی سێیەمین ڤیستیڤاڵی بەدرخان
سڵاو و ریز
بە بۆنەی یادی ١٠٨ ساڵەی رۆژنامە نووسی کوردی کە ئەم ڤیستیڤاڵەی بۆ دەگێڕدرێ گەورەترین پیرۆزبایتان لێ دەکەم، هەروەها پیرۆزبایی لە هەموو رۆژنامەنووسانی دیکە دەکەم کە لە بەرهەر هۆیەک بێت نەمتوانی لەگەڵتان ئامادەبین.
خوشکان برایان: رۆڵی رۆژنامەو رۆژنامەنووسی بۆ هەموو گەلانی جیهان هەردەم گرینگ و پڕ بایەخ بووە، بۆیە گەلی ئێمەش وەکو ئەوان پێویستی بەم بوارەی رۆشنبیری هەیە، ئەوەی ئاشکرایە لەدوای ئەوەی کوردستانی عێراق ئازاد بووە رۆشنبیری کوردی بە گشتی و رۆژنامەنووسی بەتایبەتی بەرەو پێشەوە چووە تەنانەت کوردستان بۆتە مەڵبەندی چالاکی جۆراو جۆر. دیارە ئێمەش بڕوامان بە ئازادی بیروڕا هەیە لە چوارچێوەی یاسادا کە بگونجێ لەگەڵ فەرهەنگ و ئامانجەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان بۆیە پاڵپشتی ئەم ئەزموونە دەکەین بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردستان بەرەو پێشەوە و بەرەو مەدەنییەت بچێ.
ئێمە جارێکی دیکە بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایتان لێ دەکەین و داوای سەرکەوتن بۆ ڤیستیڤاڵەکەتان دەکەین.



**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**٢٠٠٦/٤/٢١**

# وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە لایەن بەڕێز جەوهەر کرمانج

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**
**بەڕێزان رۆژتان باش**
بەبۆنەی یادی ١٠٨ ساڵەی لەدایک بوونی رۆژنامەی کوردستان، وەک یەکەمین رۆژنامە لە مێژووی رۆژنامەنووسی کوردیدا، جوانترین و گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی بنەماڵەی تێکۆشەر و کورد پەروەری بەدرخان پاشا دەکەم، کە لەسەر دەستی کەڵە پیاوانی وەک میقداد مدحەت بەدرخان و عەبدولرەحمان بەدرخانی برای، چرای رۆژنامەنووسی کوردی داگیرساو شەوەزەنگە تاریکەکانی بەردەم کاروانی خەباتی کوردایەتیمان رۆشنکردەوە.
هەروەها لەم رۆژە مێژووییەدا پیرۆزبایی لە گشت رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم، کە دڵسۆزانە درێژەیان بە کاروانی رۆژنامەنووسی داوە و ژیانی خۆیان لەو پێناوەدا بەسەربردووە.
هەروەها دەستخۆشی و پیرۆزبایی بەستنی سێیەمین ڤیستیڤاڵی بەدرخانیشتان لێ دەکەم، کە بۆ بەرز راگرتنی ئەم یادە پیرۆزە، سێیەمین ساڵە سەرکەوتووانە(ڤیستیڤاڵی بەدرخان) دەبێتە وێستگەیەکی گرینگ بۆ کۆکردنەوەی رۆژنامەنووسانی کورد و رێزگرتن لە خەبات



و تێكۆشانی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان.
لەدایكبوونی (كوردستان) لە قاهیرە وەك یەكەمین ڕۆژنامەی كورد لە ئاوارەیی و دوور لە زێدی كوردان، لە هەلومەرجێكی سەخت و دژواری غەریبایەتیدا، كارێكی ئەوەندە ئاسان نەبوو بەڵكو بە كۆڵە مەرگی و بەژانێكی گەورەی نەتەوەیی لە ڕۆژگارێكی تاریك و سەختدا لە دایكبوون، كە دواتر ئاسۆیەكی فراوانی لەبەردەم پێشخستنی كۆمەڵی كوردەواری و زانست و بڵاوكردنەوەی خوێندەواریدا كردووە، بووە ئەو پردەی كە خەباتی كوردی لە چاخە تاركەكانەوە گەیاندە ڕۆژگاری ئەمڕۆ.
ڕۆژنامەە (كوردستان) لە ئەنجامی هۆشیاری تاكەكەسی بنەماڵەی بەدرخانییەكان لە دایكبوو، هەڵگری پەیامێكی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەیی كوردانەبوو، ڕۆڵی پێشەنگ و بەرچاوی لە بڵاوكردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و پتەوكردنی گیانی بڕوا بە خۆبوونی لە ناخی كەسێتی كوددا چاند هەروەها ڕێبازێكی شارستانیانەی بۆ بەدەست هێنانی مافەكانی كورد هەڵبژارد، هاوكاتیش گەشەی بەزمانی كوردی داو بەرەو پێشە برد و بۆیەكەمین جار گوتاری سیاسی و ڕەخنەیی و ئەدەبی كوردی داهێنا. كە دواتریش دەرگای لەبەردەم لەدایكبوونی دەیان و سەدان ڕۆژنامەی و بڵاوكراوەی تری كوردیدا كردەوە، ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن بوونە ئامراز و چەكێكی گرینگی شۆڕشەكانی گەلەكەمان و سەرخستنی خەباتی كوردایەتی لەسەرجەم پارچەكانی كوردستاندا.
بەڕێزان
دیارە ڕۆژنامەنووسی تەنیا ئەو كەسانە ناگرێتەوە كە لەنێو ڕۆژنامەكاندا كاردەكەن، وەك چۆن لەسەرەتای لە دایكبوونی كوردستان باوبوو، ئەمڕۆ چەمكی ڕۆژنامەنووسی زۆر فراوانترە لە جاران، ئەو چەمكە هەموو جۆرەكانی میدیای(بینراو، بیستراو، نووسراو) و میدیای ئەلیكترۆنیش دەگرێتەوە، ئەم پێشكەوتنەی كە لەبواری تەكنەلۆژیای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیدا بەدیهات، كاریگەرییەكی زۆری بەسەر پێشكەوتنی كۆمەڵگاكاندا هەیە، كەناكرێ بەهەند هەڵنەگیرێ، و بایەخی پێ نەدرێ، كەناڵێكی گرینگی بەرەو پێشبردن و دروستكردنی گۆڕانكاریە سیاسی و ئابووری و زانستی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەكانی ناو كۆمەڵگایە، لەم ڕوانگەیەوە ئەركی سەرشانی هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسانەیە كە لە بوارەكانی میدیادا كاردەكەن، بە هەستكردن بە لێپرسراوێتی، ژیرانەو هەستیارانە، پەیامی ڕۆژنامەنووسی ڕاستگۆ و ئازادانەی خۆیان بگەیەنن، چونكە ڕۆژنامەنووسی جگە لەوەی شەرەفێكی گەورەیە، ئەركێكی قورسیشە، كە دەبێ لە چوارچێوەی خزمەتكردنی كۆمەڵانی خەڵك و بۆ چەسپاندنی ئازادی و دیموكراسییەت و بەیاسایی كردنی كۆمەڵگای كوردستاندا بەكار بهێنن.
سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان بە هەست كردن بە لێپرسراویەتی نیشتیمانی و پیشەیی، یەكەمین ڕێكخراوی كۆمەڵگاری مەدەنی كوردستان بووە بڕیاری یەكبوون و یەكگرتنەوەیدا، پێویستە لەم قۆناغەشدا بە ئەركی خۆی هەڵبستێ و زیاتر لە جاران بەدوای خەم و خواست و كێشەی ڕۆژنامەنووسانی كوردستانەوە بچێت، لەگەڵ ڕیچكخراوەكانی تاری كۆمەڵەی مەدەنی ڕۆڵی كارای خۆیان لەم قۆناغەدا ببینن، دیارە بەو كۆمەڵگەیەش دەوترێت كۆمەڵگەی مەدەنی، كە ڕێكخراو و سەندیكاكانی سەربەست و سەربەخۆبن و خاوەنی برشیاری ئازادی بن، تەنیا پابەندی یاسابن و ڕەچاوی بەرژەوەندییەكانی كۆمەڵگا بكەن، چونكە ئەو سەندیكایانەی كە دەوڵەت یا

حزبە سیاسییەکان دروستیان دەکەن، هەرگیز ناتوانن وەک پێویست خزمەتی پیشەیی ئەندامانی کۆمەڵگا بکەن، لەبەر ئەوەی خاوەنی برشیاری ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان نین ناتوانن وەک دامەزراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی پێشکەوتوو هەڵسوڕاوانە و بەکردەوە ئەرکەکانی سەرشانیان راپەڕێنن.
بۆیە دەبێ، سەندیکا و ڕێکخراواکان بە گشتی و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەتایبەتی زۆر بەووردییەوە هەست بەو ئەرکە قورسەی سەرشانیان بکەن و لەوەبگەن: کە ئەوان هەم دەبێ سەربەخۆبن و خاوەنی بڕیاری ئازادانەی خۆیان بن، هەمیش دەبێ تەواوکەری ئەرک و بەرپرسیاریەتی پەرلەمان و حکومەت بن لە پێشخستنی کۆمەڵ و دژایەتی کردنی گەندەڵی و بەیاسایی کردنی کۆمەڵگەی کوردستان و داکۆکیکردن لە ماف و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژنامەنووسان و باشکردنی ژیان و گوزەرانیان. لەم روانگەیەشەوە، پێم وایە یاسای چاپەمەنی کوردستان کەلە پەرلەمان دەرچووە، پێویستی بە چاوپێداخشاندنەوە و هەموارکردن هەیە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەرکەکانی ئەم قۆناغە نوێیەی کوردستان و ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییە بەرچاوانەدا بگونجێت، کە بواری راگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی کوردی بەخۆوەی بینیووە، کە ئەمڕۆ خاوەنی چەندین کەناڵی ئاسمانی و دەیان کەناڵی تەلەفیزیۆنی ناوخۆیی و دەیان رادیۆ و رۆنامە و گۆڤار و راگەیاندنی ئەلیکترۆنی و بڵاوکراوەی جۆراوجۆرین.
پەرلەمانی کوردستان لەکاتێکدا پشتگیری تەواوی لە مافەکانی ڕۆژنامەنووسان و ئازادی راگەیاندن دەکات، هاوکاتیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەنابێ ئازادی راگەیاندن لەدژی بیروباوەڕ و بەها پیرۆزەکان، یاخود بۆ پێشێل کردنی ماف و ئازادی کەسانی تر بەکاربێت. پێویستە ئازادییەکان بۆ خزمەتی پێشکەوتنی کۆمەڵ و رەخنەگرتنێکی بنیاتنەرانەبێت لەناوەندەکانی دەسەلات و دەزگاکانی بەڕێوەبردن، لەپێناو دیاری کردنی گەندەڵی و دیاردە دزێوەکان و بەشداری کردن لە چارەسەرکردنیان، بۆ ئەوەی بتوانین بەکردەوە بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی راستەقینە لە کوردستان دابمەزرێنین.
لێرەدا رۆڵی راگەیاندنی ئاراستیکراو زۆر بە گەورەیی دەدەکەوێت، کەتاچەند دەتوانێت لە بەرپاکردنی گۆڕانکاریەکاندا شوێن پەنجەی دیاربێت. بۆ ئەمەش پێویستە بە سوود وەرگرتن لەو ئازادییەی لە کوردستاندا هەیە، ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وەک چۆن لە سەردەمی خەباتی شاخ و پیچشمەرگایەتیدا قەڵەمەکانیان، هزر و بیرو بەرهەمەکانیان چەکێکی کاریگەری بەرگری کردبوون لە ماف و و خواستە نەتەوەییەکانی کورد، هیوادارین لەم قۆناغە گرینگەی کوردایەتیشدا بەهەمان شێوە پێشەنگی کاروانەکەبن و دڵسۆزانە و ژیرانە، بەوێژدانەوە پەیامی ڕۆژنامەنووسیان بۆ پێشخستنی کۆمەڵ چەسپاندنی یاساو بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری دیموکراسی و پێکەوەژیانی برایانە، بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری هەڵبژاردن، رۆشنبیری یەکتر قبوڵکردن، رۆشنبیری ئاڵوگۆری ئاشتیانەی دەسەڵاتی سیاسی بەکاربهێنن. ئەمانەش ئەوکاتە دێتەدی کە ئەرک و دەسەڵاتی دامەزراوەکان لە یەکتری جیابکرێنەوە، پێویستە هەموومان خەبات بکەین بۆ ئەوەی وەلائو دڵسۆزیمان بۆ بەرژەوەندی گشتی میللەت و پاراستنی ئەمن و ئاسایشی وڵات و چەسپاندنی سەروەری یاسابێت.
لە کۆتاییدا ئومێدی سەرکەوتن بۆ ڤیستیڤاڵی بەدرخان دەخوازم و دەستخۆشی لەو ماندوو نەناسانە دەکەم کە بەهەوڵ و هیمەتی دڵسۆزانە ساڵانە یادی رۆژنامەی کوردستان و بنەماڵەی تێکۆشەر و کورد پەروەر بەدرخانییەکان بەرز رادەگرن، هیوادارم ئەم ڤیستیڤاڵە هاندەرێکی تربێت بۆ فراوانتر کردنی پانتایی ئازادییەکان لەبەردەم کاری ڕۆژنامەنووسان و پێشخستن و خزمەتکردنی بواری راگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا.
نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕۆژنامەنووسی کورد و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**
**٢١ نیسانی ٢٠٠٦**

# نێچیرڤان بارزانی لە فێستیڤاڵی سێیەمی بەدرخاندا:
# لە کارەساتی دابەشبوونی دوای جەنگی چاڵدێرانەوە ئێمە تەنها خەریکی خۆپاراستن و بەرگری و دوورخستنەوەی ئاگری شەڕی خەڵکی تر بووین

**ئامادەبووانی بەڕێز**
**هەمووولایەک بەخێربێن سەرچاوان**

ڕێکخستنی میهرەجانێک بە ناوی بەدرخانیانەوە کردەوەیەکی پڕ بەهای رووناکبیری و سیاسییە، جێگای سوپاسە. ئارەزووی سەرکەوتنتان بۆ دەکەم، سوپاسی کاک دکتۆر کەمال فوئادیش دەکەم کە ئەمە دوو ساڵە زۆر بە ڕێکوپێکی هەوڵدەدات ئەم ئەرکە بەجێ بهێنێت، هەروەها ئەو هەڤاڵانەی کە کاری لەگەڵ دەکەن، یەکەم دەبێت بزانین کە باسی میرنیشینانی بەدرخان دەکەین، دەچینەوە سەر هەوڵدانی سیاسی گەورەیان بۆ یەکخستنی فەرمانڕەوایی میرنشینان و دەسەڵاتداری کوردی ئەو سەردەمە، ئەوان لە یەکگرتنەوە دەستیان پێکرد، دووهەمیش ئەوەیە کە دەبێ سەرلەنوێ یەک بەیەک مێژووی گشت میرنشینەکان و کەسایەتییە مێژووییەکانی کوردستان بەسەر بکەینەوە، ئەوەی تائێستا دووبارە دەربارەی مێژووی گەلی کوردستانمان گوتووەو باسمان کردووە یەکجار کەمە، بەڵکو هیچ نییە بەرانبەر بەوەی کە میللەتانی دیکە بایەخیان بە مێژووی خۆیان داوە، لەناو کوردستانیشدا کەسانێک هەن بەداخەوە بە چاوێکی سووک تەماشای مێژووی میرنشینان دەکەن، یان لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژی و سیاسی ئەمڕۆ دەیانەوێت ئەوکاتە هەڵسەنگێنن، دەبێت مێژوومان لە ئایدۆلۆژی بەرژەوەندی بچووکی سیاسی رزگار بکەین، بەتایبەتی هەندێک لەو میرنشینانە، کە پەیوەندی دیبلۆماسیشیان بە وڵاتە گەورەکانی سەردەمی خۆیان و دەوڵەتی دراوسێ هەبووە. بۆ نموونە میرنشینی بەدلیس لە میرنشینەکانی ئیتاڵی پەیوەندی دیبلۆماسی و بازرگانی هەبووە، کورد دەیان میرنشینی گەورەو سەرکەوتووی هەبووە لەوانەش میرنشینەکانی جەزیرەو بۆتان کە بۆ بەدرخانییەکان ماوەتەوە، ئەگەر بیسەلمێنین لە خانەدانی بەدرخانیان، جێنشین و میراتگری میران و خانەدانەکانی مێژووی هەکاری،



ڕەنگە بتوانین ئەوەش بڵێین فەرمانڕەوای ئەو خانەوادەیە درێژترین تەمەنە لە حوکمڕانیدا، واتە هیچ خانەدانێکی دیکەی کورد بە درێژایی تەمەنی ئەوان لە دەسەڵاتدا نەماون. دەگەڕێمەوە سەر ئەو بیرۆکەیەی کە کورد خاوەنی چەندین میرنشین و دەوڵەت بووە، خۆ لەو سەردەمانەدا بەتایبەتی لە سەدەی ١٣و١٤و١٥دا کوردستان خاوەنی چەندین میرنشینی پێشکەوتوبوو، دوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی لە ئەنجامی شەڕو شۆڕیاندا هەموو ئەو میرنشینە کوردیانەیان لەناودا، دەڵێن لەو سەردەمەدا زۆربەی وڵاتانی ئەوروپیش لە میرنشین پێکهاتبوون، هەندێک وەک ئیتاڵیاو ئەڵمانیا هەریەکە خاوەنی ٤٠ تا ٥٠ میرنشینی گەورەبوون، میرنشین لەو سەردەمەدا کاری دەوڵەتی دەکرد، ئاڵاو سوپاو سنوور و ئابووری و تەنانەت دراویشی هەبوو، مۆزەخانە گەورەکانی ئەوروپا ببینن، کە تەژین لەم کەلەپوورە، کەواتە کورد دەوڵەتی هەبووە، دەوڵەتی بەهێزیش، ئەمە جگە لە دەسەڵاتدارێکی مەزن و بەهێز وەک بنەماڵەی جەزیرییەکان، بەتایبەتی لەسەردەمی سەلاحەدیندا، ئەگەریش کورد تا ئێستا دەوڵەتێکی یەکگرتووی سەربەخۆی نەبووە، ئەوا جێگای لێکۆڵینەوەیە،

کە ڕەنگە لە کارەساتی دابەشبوونەکاندا هۆکاری سەرەکی دەرکەوێت، گەلی کوردستان هێشتا نەپرژاوەتە سەر ئەوەی بەوردی و قووڵی و بەربڵاوی بەخۆی باسی مێژووی خۆی بکات، بەڵکو تا ئێستا خەڵکی تر هەندێک جار داگیرکەران بە ئارەزووی خۆیان مێژووی کوردیان نووسیوەتەوەو تۆماریان کردووە، دەشتوانم بڵێم تا ئێستا دەرفەتی تەواومان بۆ هەڵنەکەوتووە، چونکە لە کارەساتی دابەشبوونی دوای جەنگی چاڵدێرانەوە ئێمە تەنیا خەریکی خۆپاراستن و بەرگری و دوورخستنەوەی ئاگری شەڕی خەڵکی تر بووین. ئەمەش حەفتا هەشتا ساڵە لە ئێراق بارودۆخمان پڕە لە کارەسات و مەینەتی و وێرانکاری، تەنیا ئێستا، کە دانانی دەستووری هەمیشەیی ئێراق و دانانی کیانی فیدراڵی کوردستان یەکەمجار دەبێت، کە هەندێک دڵنیادەبین، کە ئیتر شالاوی تری خوێنرێژی نایەتە سەرمان، ڕەنگە لەمەودوا بە ئازادی و ئاشتی بژین و دەرفەتی بیرکردنەوەو خۆناسین و بووژاندنەوەی کەلەپووری مێژوویی خۆمان لەدەست نەدەین، ئێستا و ئێستاش هەندێک مەترسی و پەڵە هەوری ڕەش بە ئاسمانەوە هەیە، کە دەبێت وریاو وشیاربین تا ئەم دەرفەتەمان لەدەست نەچێ و بیپارێزین.

ئامادەبوانی ئازیز..

ئەگەر ئەم بارودۆخەمان بۆ سەقامگیر ببێت، ئیتر یەکەمجار دەبێت لەماوەی پێنج شەش سەدەدا دەتوانین بە هێمنی دابنیشین، بەوردی بیر لەخۆمان بکەینەوە، ئیتر وەختی ئەوەیە نەخشەو پلانی درێژخایەن دابڕێژین لە بواری پەروەردە و تەندروستی و کشتوکاڵ و پیشەسازی و ڕۆشنبیری و هونەر و ناسینەوەی کەلتووری مێژووی کورد، تەنیا لە ئێستا بەدواوە دەتوانین سەرفرازانە لاپەڕەی شاراوەو زانراوەی مێژوویی خۆمان هەڵبدەینەوە، ئومێدەوارم بەستنی میهرەجانی بەدرخانیان یەکێک بێت لەو دەیان و سەدان میهرەجان و سیمینار و کۆنفرانس و لێکۆڵینەوەی دیکە بۆ ناساندنی مێژوومان، سوپاس بۆ هەڵسووڕێنەرانی میهرەجانەکە.

بنەماڵەی بەدرخانیان لە چەندین ڕووەوە خزمەتی گەلی کوردستانیان کردووە، لە حکومڕانیدا تا ئەوەندەی توانایان هەبووە سەرکەوتووبوون، لە سەربازی و مەیدانی جەنگ و بەرگری لە میرنشینەکانیان بەرانبەر بەهێرشی هێزی فراوانی دەوڵەتی عوسمانیدا، قارەمان و دلێربوون و عەگیدی خۆیان نواندووە.

لەرووناکبیریشدا گەنجینەیەکی ڕەنگینیان لە چالاکی بەجێهێشتووە، ئەوان بوون پێشەنگی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردستان، جگە لە دەیان رووناکبیری گەورە کە ئەوانیش رۆشەن بەدرخان، مقداد مەدحەت بەدرخان، ئەمیر سورەیابەگ بەدرخان، ئەمیر جەلادەت بەگ بەدرخان، دکتۆر کامەران بەگ بەدرخان ئەوانی تر ڕەوانیان شادبێت.

وەک دەزانین دکتۆر کامەران لە رووی دبلۆماسی و ڕاگەیاندنەوە بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی مەزنی هەبوو لە شۆڕشی ئەیلوولدا، دۆستێکی نزیکی مستەفا بارزانی بووەو لەو ماوەیەدا، کە هێشتا لە قاهیرەدا دەژیا هەمیشە وەک نوێنەری بارزانی و باڵوێزی کورد دەناسرا، ڕێزی گەورەی لەناو کورد و کۆمەڵەی نێودەوڵەتیدا هەبوو، چەندین نامەو یاداشتی بە ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان و دەوڵەتە گەورەکان گەیاندووەو بەرگری لە مافی کورد و رزگاری کوردستان کردووە، ئێوە بێگومان لەم میهرەجانەدا باسی هەموو بەرهەمە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی بەدرخانییەکان دەکەن. ڕێگەم بدەن لێرەدا بە کورتی باسی دوو خاڵی کردەوەی سیاسی و سەربازی بەدرخانییەکان بکەم، یەکەم: ئەمیر بەدرخان پاشا، یەکەمین دامەزرێنەری دەسەڵاتی ئەم بنەماڵەیەیە لە ١٨ ساڵییەوە کەوتە چالاکی و بەمیرنشینی جەزیرە گەیشت، دەسەڵاتی تەواوی جەزیرە و بۆتانی وەرگرت، ئەمجا یەکەم شت بیری لێکردەوە بۆ بە ئەنجامگەیاندن ئەوەیە، کە گشت کوردەکانی ئەو سەردەمەی یەکخست، پەیوەندی پێوەکردن تا پێکەوە لەژێر ستەم و زۆرداری دەوڵەتی عوسمانی ڕزگاربین و ببن بە یەک، لە ئەنجامدا میر و سەرۆک و عەشرەتەکانی وان و هەکاری و مووسڵ و چەندین جێگەی دیکەی لەگەڵ خۆی ڕێکخست، ئەنجا کەوتە پەیداکردنی چەک و ئامرازی جەنگ و ئازوقەو کەرەستە پێویست تەنانەت کارگەی تفەنگیشی دامەزراند، بێگومان دەوڵەتی عوسمانی ناقایل بوو، ئەوەبوو هێرشی هێنایە سەر میرنشینی جەزیرەو بۆتان و لەشکری عوسمانی شکستی هێنا، میر بەدرخان سەرکەوتنی لەشکری خۆی قوستەوەو سەربەخۆیی راگەیاند، تەنانەت

دراوی تایبەتی بەناوی خۆیانەوە نا، دوای ئەوە پەرەی بە سنووری دەوڵەتەکەیدا تا مهاباد و رەواندز مووسڵ و قەڵاکانی شەنگار و دیار بەکر و شنۆو ورمێ گەیشت، ئەم دەوڵەتە مەزنە لە ئەنجامی خیانەتی خزمێکی میر بەدرخان تووشی شکست بوو.
دووەم: عوسمان پاشای بەدرخان دووەمین کەسایەتی مەزنی ئەم خانەوادەیەیە، کە جەنگی عوسمانی و رووسی بە هەلزانی و کوردەکانی یەکخست بە هاوکاری هەندێک ئەفسەر و کارمەندی کورد لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا، پەیمانیان بەست پێکەوە دەوڵەتی بەدرخانیان زیندوو بکەنەوە، ئەوە بوو لە چەندین نەبەرددا، شکستی بە لەشکری عوسمانی هێناو سەربەخۆیی دەوڵەتەکەی راگەیاند، سوڵتانی عوسمانی بە فریودانی عوسمان پاشای بەدرخانی بانگ کردە ئەستەمبوول و لەوێ دەست بەسەرداگرت، وەکوو هەمیشە ئەو میرە کوردە کەوتە تەپکی ناحەزان، تاقیکردنەوەی دەوڵەمەندی میرنشینی میرنشینان و دەوڵەتانی کوردستان هانمان دەدات زیاتر و فراوانتر بە قوڵاییدا بە وەزعەکەدا بچینەوە، یەکگرتنی ریزەکانی کورد مەرجی سەرکەوتن بووە لە هەموو کاتێکدا، ئێمە لە حکومەتی هەرێم پشتگیری تەواوی ئەم دامودەزگا رۆشنبیریانە دەکەین و بەردەوام دەبین.
لەکۆتاییدا سڵاو دەنێرم بۆ یادی بەرزی ١٠٨ ساڵەی رۆژنامەگەری بۆ گیانی بەدرخانییەکان، بۆ گیانی سەیدا ساڵح و دارا تەوفیق و عەبدولخالق مەعرووف و مەهدی خۆشناوو هەموو ئەوانەی شەهیدی رێگای ئازادین.
**زۆریش بەخێربێن بەسەرچاوان.**

## راگەیاندنی کۆتایی سێیەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە لایەن حەمید ئەبوبەکر سکرتێری لێژنەی باڵای فێستیڤاڵ

لەژێر دروشمی (لەپێناو چەسپاندنی ئازادی و بەرز راگرتنی رەوشی رۆژنامەنووسی) لەرۆژانی ٢١-٢٢-٢٠٠٦/٤/٢٣ لە هەولێری پایەختی هەرێمی کوردستان، سێیەمین فێستیڤاڵی بەدرخان بەچاودێری و ئامادەبوونی بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لەهۆڵی سەنتەری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زانکۆی سەلاحەددین بەرێوەچوو.
فێستیڤاڵ سەرەتا بەوەستانی دەقیقەیەک ماتەمینی بۆ گیانی شەهیدانی وشەی خاوێن و بیرئازادو بەسروودی (بەدرخانی خاک پەروەرم) لەهۆنراوەی مامۆستا جەمال عەبدول و ئاوازی ئەنوەر قەرەداغی و گوتنی کۆرسێک لەکچان و کورانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی لەهۆڵی سەنتەری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی زانکۆی سەلاحەدین دەستی پێکرد.
وتاری لێژنەی باڵا لەلایەن د.کەمال فوئاد سەرپەرشتیاری گشتی فێستیڤاڵ پێشکەش کرا، پاشان پەیامی بەرێز جەلال تالەبانی سەرۆکی



کۆماری عیراقی فیدراڵ لەلایەن رۆژنامەنووس فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و وتاری بەرێز کاک مەسعود بارزانی و لەلایەن مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و وتاری بەرێز عەدنان موفتی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لەلایەن کاک جەوهەر کرمانجەوە

پێشکەشکران.

ئەمجا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وتارێکی بەو بۆنەیەوە بۆ ساڵیادی سەدوهەشتەمین دەرچوونی یەکەمین ژمارەی کوردستان لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخان و رۆژی رۆژنامەنووسیی کوردی پێشکەشکرد.

پەیامی پیرۆزبایی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی لەلایەن کاک شێرکۆ حەبیب سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا، خوێندرایەوە. شەهاب ئەلتەمیمی نەقیبی رۆژنامەنووسانی عیراق وتارێکی هاوهەستی بەرامبەر رۆژنامەنووسانی کوردستان، پێشکەش کرد، هەر لەم کۆبوونەوەیەدا وتاری بەڕێز دکتۆر کمال مەزهەر کە چەند زانیارییەکی نوێی لەبارەی رۆژنامەی (کوردستان) تیابوو لەلایەن مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمەوە خوێندرایەوە. پاشان چەندین بروسکەی پیرۆزبایی کە لەلایەن گەلێک لایەنی سیاسی و رۆژنامەنووسیی و رۆشنبیرییەوە نێردرابوون، پێشکەشکران.

هەر لەفێستیڤاڵەکەدا چەندین پیشانگە وەک پیشانگی کاریکاتێر هەر یەک لە (کامەران خۆشناو، هەندرێن ئەسعەد، عەلی دەروێش، سەلاح محەمەد، محەمەد فەتاح، دیار ئاکرەیی، سەردا کێستەیی و بۆتان ناڵەیی) ئامادەیان کردبوو، هەروەها پێشانگای فۆتۆگراف کە هەریەک لە (سمکۆ عەبدولکەریم، هێمن جەمیل، ئەیاد عەبدوڵڵا) ئامادەیا کردبوو.

پێشانگای شێوەکاری منداڵان کە هەردوو منداڵی بەهرەمەند (سێبەر سەربەست غەریب و لەنیا سەباح یاسین) ئامادەیان کردبوو، هەروەها پێشانگەی کتێب کە هەریەک لەدەزگاکانی (سەنتەر لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، دەزگای وەرگێران، بنکەی ژین، چاپخانەی رەنج) ئامادەیان کردبوو، پیشاندران. شایەنی باسە ئەم پێشانگایانە لەلایەن بەڕێز ئەمیرە (سینەم جەلادەت بەدرخان) کرانەوە.

دەستپێکی دانیشتنی دووەمدا سەعات چواری هەمان رۆژ شاعیری ناسراو شێرکۆ بێکەس بەناونیشانی (رۆژنامەیەک لەکاغەزی هەتاوو سەرنوسەریش لەقەڵەمی ئەرخەوان و مانگەشەو) پەخشانێکی رەنگینی بۆ گیانی بەدرخانیان لەنێو چەپڵەڕێزانی بەشدارانی فێستیڤاڵەکەدا پێشکەش کردو تێیدا داوای لە رووناکبیرانی کورد کرد لەهەر شوێنێک بن بەدوای ژمارە (١٩)ی (کوردستان)دا بگەڕێن.

لەچوارچێوەی چالاکییەکانی فێستیڤاڵدا چەندین باس و لێکۆڵینەوە لەلایەن بەڕێزانی (کۆنێ رەش، هۆگر تاهیر، د.شێرکۆ عەبدوڵڵا، عەلی کەریم، د.هاشم حەسەن، ستران عەبدوڵڵا، چیا یاسین، د.سەلاح هروری، د.جەمشید حەیدەری، مالمیسانژ، سازیان تالیب، فەخرەدین تاهیر، سالمێ جاسم، ئەنوەر محەمەد تاهیرو لەتیف فاتح فەرەج)وە پێشکەش کران.

دانیشتنی سێیەمی فێستیڤاڵ تایبەت بوو بەگفتوگۆیەکی کراوە لەبارەی (یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسیی لەکوردستان) بەشێکی دانیشتنی چوارەمیش تایبەت بوو بەگفتوگۆیەکی کراوە لەبارەی (میثاق ضمان الحقوق الاجتماعیة والمهنیة للصحفیین).

شایەنی باسە بۆ ئەم فێستیڤاڵە لیژنەیەکی باڵا بەسەرپەرشتی دکتۆر کەمال فوئادو بەڕێزان: (دکتۆر کەمال مەزهەر، فەرهاد عەونی، سینەم جەلادەت بەدرخان، حەمید ئەبوبەکر، مستەفا ساڵح کەریم، جەوهەر کرمانج، کەژاڵ ئەحمەد، حەسەن یاسین، ئەنوەری محەمەد تاهیر، رەفیق ساڵح، زیرەک کەمال، عەبدوڵڵا زەنگەنەو هەڤاڵ زاخۆیی) لە ٢٠٠٦/٣/٨ لەهۆڵی هوتێل ئەزمڕ پالاس لەشاری سلێمانی پێکهێنرا.

ئاهەنگی کردنەوەی فێستیڤاڵ لەلایەن پەروین عەبدولعەزیز و هەژار سدیق بەڕێوەبراو کۆڕەکانیش لەلایەن هەر یەک لەبەڕێزان: (هەڤاڵ زاخۆیی، فەرهاد عەونی، حوسامەدین سەرداری، ئەحمەد عەبدوڵڵا، مستەفا ساڵح کەریم، شێرکۆ حەبیب، حامید محەمەد عەلی، جەوهەر کرمانج، مومتاز حەیدەری و زیرەک کەمال)وە بەڕێوەبران. هەر لەرۆژانی فێستیڤاڵدا فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەبارەی بنەماڵەی بەدرخانەوە لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانەوە لەلایەن خاتوو (سامیە سۆڵماز) کە دانیشتووی شاری دیاربەکرە پیشاندرا.

لەئێوارەی کۆتایی فێستیڤاڵدا وەک رێزلێنانێک سەبارەت بەشدارییان لەکارو چالاکییەکانی فێستیڤاڵدا چەندین خەڵات پێشکەشکران.

هەروەها لەفێستیڤاڵەکەدا جگە لەبەشداربوونی رۆژنامەنووسان و نووسەران و مامۆستایانی

زانکۆ لەبەغداو موسڵ و کەرکووک و دهۆک و سلێمانی و هەولێر، لەکوردستانی تورکیا و ئێران و شام و ئەوروپاوە ژمارەیەک رۆژنامەنووس و رووناکبیر ئامادەی فێستیڤاڵەکە بوون. بەم بۆنەیەوە لیژنەی فێستیڤاڵ سوپاسی بەڕێزان سەرۆکی کۆماری عیراقی فیدڕاڵ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بۆ بەشداربوون و ناردنی پەیام و هاوکارییان بۆ سەرخستنی فێستیڤاڵ، دەکات. هەروەها سوپاسی بەڕێزان گەلاوێژ خان، خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدو هەموو ئەو بەڕێزانە دەکات کە لەکۆبوونەوەکانی فێستیڤاڵدا بەشداربوون.

لەرۆژی ٢٠٠٦/٤/٢٢ رۆژی رۆژنامەنووسیی کوردیی، لەکاتێکدا فێستیڤاڵ لەگەرمی کارەکانیدا بوو هەواڵی هەڵبژاردنەوەی بەڕێز مام جەلال بەسەر کۆماری عیراقی فیدراڵ لەنێو چەپڵەڕێزانی ئامادەبووانداا راگەیێندرا، هەر بەو بۆنەیەوە فێستیڤاڵ بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ سەرکۆمار بەناوی بەشداربووانی فێستیڤاڵەکەوە نارد.

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بۆ ئەم فێستیڤاڵە جگە لەئەلبومی رۆژنامەنووسانی کوردستان و ١٠٨ تابلۆی نامیق عەلی قادر لەدوتوێی کتێبێکدا ژمارە (٦٨)ی مانگنامەی بەدرخان بە ٤٨ لاپەڕەی رەنگاو رەنگ کە شەش پاشکۆشی لەخۆگرتبوو، (٧) کتێبی هەریەک لەنووسەران: چاپی سێیەمی (کوردستان)ی د. کەمال فوئادو، ئەنوەر محەمەد تاهیر، شێرزاد هەینی، هێرش رەسوڵ، نافیع دیبەگەیی، عەبدولمونعیم سەعدو عەبدولڕەحمان مەعروف چاپ کرد. بنکەی ژینیش دوو کتێبی (رەزا شەجیعی و زریان رۆژهەڵاتی) چاپ کردو سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش ژمارە (٧)ی گۆڤاری (رۆژنامەنووس) و بڵاوکراوەی (الصحفی) بەزمانی عەرەبی بە ١٢ لاپەڕە تەرخان کرد بۆ فێستیڤاڵەکەو هەفتەنامەی (الاهالی) و پاشکۆی (رۆژنامەنووسی نوێ)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ و رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) بەو بۆنەیەوە دەرچوون. شیاوی باسە سەرجەم ئەو کتێب و گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوانە لەرۆژانی فێستیڤاڵەکە بەسەر بەشداراندا دابەش کراون.

جێی ئاماژەیە کە پۆستەری فێستیڤاڵ لەلایەن نەخشەساز (هاوڕێ محەمەد زادە) کێشرابوو.

لەکۆتاییدا راگەیاندنی کۆتایی فێستیڤاڵ لەلایەن حەمید ئەبوبەکر بەرپرسی دەزگای چاپ و بڵاکردنەوەی بەدرخان خوێندرایەوەو ئەمیرە سینەم جەلادەت بەدرخانیش وتاری بنەماڵەی پێشکەش کرد.

**لیژنەی باڵا**
**سێیەمین فێستیڤاڵی بەدرخان**
**هەولێر ٢٠٠٦/٤/٢٣**

# چۆن گۆڤاری (الهلال)ی مسری و هارتمانی رۆژهەڵاتناس یەکەم ژمارەی (کوردستان)یان هەڵسەنگاندووە؟

## د.کەمال مەزهەر

خوشک و برایانی ئازیز: لەناخی دەروونەوە تامەزرۆی بەشداری بوونی (سێیەمین فیستیڤاڵی بەدرخان) بووم، هیوادارم بەم چەند دێڕەی پێشکەشتانی دەکەم، توانیبێتم مشتێکی چکۆڵە بخەمە سەر خەرمانی مێژووی گەشاوەی یەکەمین رۆژنامەی کوردی، ئەم هەڵەش بەدەرفەت دەزانم بۆ ئەوەی بە نەوازشەوە ئەم کورتە وتارە پێشکەش بە دۆستی هەرە دڵسۆزی نەتەوەی کورد دکتۆر حیکمەت شوبیەر و خوشکی بەڕێز ست ئیمانی هاوسەری بکەم.

گۆڤاری (الهلال)ی بەناوبانگ کە جەرجی زەیدان لە ساڵی ١٩٨٢ وەوە لە قاهیرە کەوتە بڵاوکردنەوەی، یەکەمین چاپەمەنییە باسی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ( کوردستان)ی کردووە بەرز نرخاندوویەتی. دوای تەنها دە رۆژ لە دەرچوونی (کوردستان) گۆڤاری (الهلال) لە (دەروازە) پیاهەڵدان و رەخنە) (باب التقریڤ و الانتقاد)ی ژمارە یەکی مایسی ساڵی ١٨٩٨ یدا بەم جۆرە باسی

یەكەمین ڕۆژنامەی نەتەوەكەمانی كردووە: (كردستان: هی اول جریده كردیه صدرت فی العالم بالدسان الكردی، و تفتخر مصر ان تلك الجریده صدرت فیها، و كدالیك شانها فی عالم الصحافه فانها میدان تتسابق فیه الاقلام علی اختلاف اللفات وانزعات. و محرر كردستان حچره الفاچل مقداد و مدحت بک نجل المرحوم بدرخان باشا، وهی تصدر فی القاهیره مرتین فی الشهر. بدل اشتركها پمانون غرشا (قرشا) فی العالم، و موچوعیها تحریچ الاكراد علی السعی وراء القمدن و الفچیله، و حپهم علی اكتاب العلوم) (١).

ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی بەناوبانگ مارتن هارتمانیش یەكەمین ڕۆژئاواییە باسی ڕۆژنامەی (كوردستان)ی كردووە. هارتمان (M.Hartman)(١٨١٥-١٩٨١) كە ساڵی ١٨٧٤ دكتۆرای وەرگرتووە و شارەزایەكی كەم وێنەی زمانی عەرەبیی بووە بە سەرجەمی دیالێكت و زاراوە قورسەكانییەوە و زۆربەی وڵاتە موسوڵمانەكان گەڕاوە و دەیان كتێب و سەدان وتاری بەنرخ و دەگمەنی دەربارەیان نووسیوە، ساڵی ١٨٩٩ بە ئینگلیزی كتێبێكی بەناونیشانی (ڕۆژنامەنووسی عەرەبی میسر) (Arabik Press) بڵاوكردۆتەوە. لەو كتێبەیدا هارتمانیش باسی دەرچوونی یەكەمین ژمارەی (كوردستان) ی لە قاهیرە كردووە. گۆڤاری (الهلال) پوختەی ناوەڕۆكی ئەو وتارەی لە ژمارە یەكی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٩٨ یدا بڵاوكردۆتەوە و بەوردی هەڵیسەنگاندووە. هەڵبەت دەبوو یەكەمین ڕۆژنامەی نەتەوەیی كورد ببێتە چقڵی چاوی توندڕەوانی تورك لاوەكان تەنانەت بەر لەوەیش دەسەڵات بگرنە دەست. نووسەری تورك هانی ئۆغلۆ لە دوو بەرهەمی گرینگی خۆیدا ئەم بابەتەی بەوردی بۆ شیكردوینەتەوە، یەكەمیانی ناو ناوە (خۆسازدان بۆ شۆڕش. توركە لاوەكان ١٩٠٢-١٩٠٨ ٤. هاتنی ئۆغلۆ لە یەكەمیاندا كە یازدە ساڵ لەمەوبەر لە نیویۆرک بڵاویكردۆتەوە نیشانیداوە ئەو كورتبینانە لەوساوە چەند بە لووتبەرزی لەگەڵ چالاكییە ڕەواكانی نەتەوە ناتوركەكاندا ڕەفتاریان كردووە هەرچەندە ڕۆڵەكانی ئەو نەتەوانە و خاكی نیشتیمانیان



گەلێک پتر لەوان دووچاری ڕژێمی خوێنڕێژی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هاتبوون. بۆ ڕوونكردنەوەی ئەم بابەتە بایەخدارە هانی ئۆغلۆ چەند نموونەیەكی لەبارەی هێناوەتەوە كە یەكێكیان دەربارەی بڵاوكردنەوەی ڕۆژنامەی (كوردستان)ە لەلایەن عەبدولرەحمان بەگی بەدرخانەوە كە جێگەی میقداد بەگی برای گرتبۆوە، نووسەر لەوێدا دەڵێت تورك لاوەكان بڵاوكردنەوەی (كوردستان) یان لەلایەن عەبدولرەحمان بەدرخانەوە بە كارێكی قێزەون و زیانبەخش"٥"، لە قەڵەم دەدا"٦"، بەهەمان دەستووریش پێشنیاری ڕەوای ئیبراهیم تیمۆی ئەلبانیان دەربارەی پێویستی داڕشتنی پرشۆگرشافێک بۆ بایەخدان بە زوبانی نەتەوە ناتوركەكان هەڵسەنگاندووە"٧" هەرچەندە تیمۆ لەگەڵ عەبدوڵا جەودەت و ئیسحاق سكوتی كە دوو كوردی هاوڵی بوون دیارترین ئەو چوار قوتابییە"٨" بوو كە لە كۆتاكانی سەدەی نۆزدەهەمیندا (كۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی) یان دامەزراند"٩". بریا سەرجەمی توندڕەوانی گێتی لەبەر ڕۆشنایی تاقیكردنەوەكانی تورك لاوەكاندا بە خۆیاندا دەچوونەوە.

**تێبینی: ئەم وتارە لە لەسێیەمین فیستیڤالی بەدرخان لەلایەن محەمەدی مەلا كەریم خوێندراوەتەوە ٢٠٠٦/٤/٢١**

# وتاری فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی
# لە لایەن شێرکۆ حەبیب بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا

**بەڕێزان/ ئەندامانی سەندیکای**
**ڕۆژنامەنووسان**
**هاوکارانی ئازیز...**

بەناوی سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی نێو دەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان بەڕێز"ئایدن وایت"و گشت کارمەندانی فیدراسیۆن لە برۆکسل، گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و گشت کارمەندانی بواری ڕۆژنامەگەری و میدیاکان لە کوردستان دەکەین، بەبۆنەی ساڵیادی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، ڕۆژی ڕۆژنامەنووسانی کورد، لە ٢٢ی نیسان و سازکردنی فێستیڤاڵ بەو بۆنەیەوە لە کوردستان.

**بەڕێزان...**

فێستڤاڵەکەتان لە ساتێکدا ساز دەکرێت، کە ڕۆژنامەنووسان لە سەرتاپای جیهان بوونەتە قوربانیی و ئامانجی تیرۆریستان و چەکداران، بۆیە لێرەدا پێویستە ئەو ڕۆرڕۆژنامەنووسانە لە یاد نەکەین کە لە عێراق بوونەتە قوربانیی، ئێمە لە فیدراسیۆنی نێو دەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان داوامان کردووە بەردەوامیش لە داوا کردن بۆ پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووسان و دەستگیرکردنی تاوانباران بۆ لێکۆڵینەوەو دادگایی کردنیان، بەتایبەتی ئەو ١٩ قوربانیەی کە هێزەکانی ئەمریکا لێی بەرپرسن و ئەمساڵیش لە ٨ی نیسان بۆ ساڵی سێیەم داوامان کرد کە لێکۆڵینەوەیەکی بێ لایەن سەبارەت بەو ڕوداوانە ئەنجام بدرێت و کەس و کاری قوربانیەکانیش لە ئاکامەکەی ئاگادار بکرێنەوە.

لە هەمان کاتدا بەتوندی کاری چەکداری و دژایەتی و ڕفاندنی هاوکارانمان ڕیسوا و مەحکوم دەکەین، بەتایبەتی ئەوانەی لە ئەنجامی بەجێ هێنانی کارەکانیان گیانیان لە دەستداوە. لێرەدا ئێمە داوای پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووسان و ڕەخساندنی بوارێکی گونجاو بۆ کار کردنیان دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئازادی و دیموکراسی پەیامەکەیان بگەیەنن.

فیدراسیۆنی نێو دەوڵەتی هەمیشە بەردەوامە




لە داواکردن لە ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جەختکردن لە دەسەڵاتدار و ڕژێمەکان بۆ پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووسان.

**بەڕێزان...**

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بکەین، کە لە هەموو پرۆژەکانی فیدراسیۆن بە

یانێکی هاوکاری تەواو و بە ئیجابی ئامادەی کۆبوونەوەکانبوونەو هەوڵی سەرکەوتنی پرۆژەکانیان داوە و هەردەم لە هەوڵی دابین کردنی بواری گونجاو بۆ کاری ڕۆژنامەگەریی لە رووی سەلامەتی و ئازادی دان.

بەناوی کارمەندانی فیدراسیۆن پڕ بەدڵ سوپاسیان دەکەین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین، و بێگومانین لەوەی کە لە ئایندەش بە هەمان شێوە کارەکان لە نێوان هەردوو ڕێکخراوەکانماندا بەڕێوە دەبەین.

هیوای سەرکەوتن بۆ فێستیڤاڵەکەتان دەخوازم و بە ئومێدی هێنانەدی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە سەرتاپای جیهان.

**فیدراسیۆنی**
**ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ–**
**برۆکسل – بەلجیکا**
**٢٠٠٦/٤/٢٠**

## وتەی بەڕێز حوسێن کاڵکان، سەرۆکی شارەوانی باتمان



**ئامادەبووانی بەڕێز و دەلال**
**خۆشەویستان، هەڵسوڕاوانی سێیەمین فیستیڤاڵی بەدرخان**

بەناوی خەڵکی باتمان و باکووریی کوردستان جوانترین و گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی گەلی باشووریی هێژا دەکەم لەسەرووی هەموویانەوە هەر سێ بەڕێزان سەرۆک بارزانی و سەرۆک تاڵەبانی و سەرۆک عەبدوڵڵا ئۆج ئالان.

من داوای لێبووردنتان لێدەکەم لەبەرئەوەی کوردییەکەم زۆر باش نییە، بۆیە بەکورتی مەسازی خۆم ئاراستەی ئێوەی خۆشەویست دەکەم. لەڕاستیدا ئێمەی کوردانی باکوور زۆر دڵمان بەو دەسکەوتە مەزنە پێشکەوتنە گۆڕانکاریی سیاسییانەی باشووریی کوردستان خۆشە. بۆیە ئەمڕۆ کە بەرامبەر ئێوە وەستاوم، بۆ من هەستێکی زۆر تایبەتە جودایە، مایەی فەخر و شانازی ئێمەن. چونکە ئێمە لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا دڵ و هەستمان لەگەڵ یەکدایە. ئومێدەواریشم سەرکەوتن ببێتە دوا ئاکاممان...

**دووبارە سوپاستان دەکەم و سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە..**

## ڕۆژنامەیەک لە کاغەزی هەتاو و
## سەرنووسەریش لە قەڵەمی ئەرخەوان و مانگە شەو!

### شێرکۆ بێکەس

**لە بەیانییەکی وەنەوشەیی ناسکی بۆتاندا، کە لە هەناوی تەنکیەوە**
**ئەو دیوی خەمە ئەرخەوانییەکانی هەرهەموو دیاربوون. لەو**
**کازیوەیەدا، بە پەنجەی تەڕی (با)یەکی بزێو، قۆزاخەی**
**نەرم و شلی سەرچڵی دارەبەنێ، ترووکاو، کرمێکی**
**ئاوریشمینی لەگوڵی دار هەرمێ سپیتری لێکەوتە خوارەوەو،**
**لە باوەشی بنچکێکی هێشتا چاو خەواڵوودا، گیرسایەوەو،**
**یەکەمین گزنگی شەرمنی مل بەزەنگیانەی شەونمیش**
**لەلای بارێزەیەکەوە بە چڵو چێوی پەرژینێکدا تێپەڕی و هات و**
**گەیشتە لای بنچک و کرمی ئاوریشمین و پێی وتن: ڕۆژباش!**
**هەر لە هەمان بەیانیی وەنەوشەییدا، هەرهەمان سات،**
**لەکەناری بەبریسکە بریسکی ئاوێنەیی دیجلەدا، چەند**
**مراویەکی سپیکەلەی شیعری مەلای جزیری، زۆر بەهێواشی**
**سەرو ملی نازداری خۆیان ئەکرد، بە گۆمیلکەی،**
**ئاوێکی حەپەساوداو، لەولای تریشەوە، بەچەند شەقاوێ**



لەپاڵ دەوەنێكی شڵەژاودا، ماینێكی ڕەشی ئاوسی
تەوێڵ سپی یاڵ خۆڵاویی، دوای چەند پڕمەیەكی بەژەنگ و
ژاری ژان، زاو، جوانوویەكی تەڕی تیسكنی لەش
بەهاڵاو، بەربۆوە سەر سەوزەگیاو، دەوەن داچڵەكی و،
گۆمیلكە پێكەنی و پەپوولە دەوری جوانوویانداو، جووتێ
سوێسكەیش لەولای ماینی هەناسە سوارەوە نیشتنەوەو
هەتاوی تازە پێگرتوویش، لەوبەری چۆمی بێدەربەستەوە،
هات و گەیشتە بەردەمیان و پێی وتن: سڵاو!
هەر لە هەمان بەیانیی وەنەوشەیی و، هەر لە هەمان ساتدا،
لەشاری شەپۆل و شیعر و پەپوولەدا، لە پێچێكی مێژەرە بەرزەكەی
شەرەفخاندا، كە بە سەر هەموو وڵاتدا ئەیڕوانی. لەگەڕەكێكی
پرتەقاڵی و لەماڵێكی سپی گەورە و فراواندا كە پۆلە پاساری بزۆز
بەو بەیانیە زووە. بەدارتووی پژوپۆ چڕی حەوشەوە،
كردبوویان بە جریوە جریوو جووكەجووكی دەنووك تێكئاڵاو
پیرە دارتوویەك بە دەستی باپیرەگەورە عالی بەدرخان نێژراو. لەو
ماڵەدا، لە هۆدەیەكی تازە گەچكاری كراوی سەر دوو دەرییەكی
ئێسك سووكدا، لەو ژوورەدا كە بۆنی سملأ و مێخەك تێكەڵ بەبۆنی
ئاوڕشێنێكی تازەی گڵەسوور بووبوون. لەو هۆدەیەدا كە باوەشی
تاقی گەورەو بچووكی دیوارەكانی: بۆ گولاو پژێنێكی مسینی گەردن بەرزو،
كتێبێكی كەسكی خواو، كتێبێكی پیرۆزەیی عەشقی خانی و شیعری ناو
خەڵوەتەكەی جزیری و، ئەستێرە دیرۆكی شەرەفخان و، هاوارەكانی
حاجی قادر و، كۆمەڵێ كاسە و كەوچكی دارینی نەخشاو بەپەنجەی
وەســتا هونەركارەكانی ئامەد، كرابوونەوە. لەوێداو لەبەر پەنجەرەیەكی چورگۆشەی نزمی
دەم بەنیزادا، ژنێكی باریكەلەی
وەك تاژان، چاوەكانی لە ترێ ڕەشكە ڕەشتر و، دەستەكانی
لە پەلكی یەكەم بەری دارمێوناسكتر، لەو جەستەیەوە، لە

ڕەنگێکی پەڕیوەوە دوا قیژە هاتە دەرێو ، لەداوێنی پاکەوە،
کوڕێکی ساوای لەپەموو نەرمتر، هەردوو چنگ نوقاو، وەک
خونچە کەوتە ناو کاسەوەو، میوانی بچکۆلانەی ماڵی بەدرخان
کەوتە ئینگا ئینگای گریان و بەڵام ژوور پێکەنی و ئەوسائیتر
گزنگ هات و کرمی ئاوریشمین هات و
جوانوو هات و پەپوولە هات و
مراویەکانی جزیری هاتن و
پاساریەکانی سەردارتوو هاتن و
هەموو چوونە بەردەمی کاسەو ڕوویانکردە
ساوای چاو نەپشکووتووی قوماتەو پێیانوت
بەدرخانی بچووک ڕۆژ باش!
لەدوای ئەوانیش، مەدحەت بەگی باوک، بە چەپکێ
زەردەخەنەی ناو سمێڵی قنج و گوڵەژاڵەی فێستێکی سورەوە
خۆیکرد بە ژووردا و، تۆزێ لە دەم و چاوی سورڤلی قووماتە ڕاماو
ڕوویکردە زەیستانی ناوجێگەو
پێی وت: وا ناوم نا میقداد!
ئیستا میقداد منداڵێکە وەک کارژۆلەی سپی جوان و
ماچ لەم باوەشەوە ئەیبات بۆ ئەو باوەش و. بنەمۆمێکی
زەین داگیرساو. کووژەیەکی شینی قایمکراو بەکالوڵەوە بە بنێشتەتاڵ. ئیستە
ئەوان بە باڵە فڕێ و ئەمیش بە خنەخن و پیا هەڵزنان ئەچنە سەر لقی نزمی
داران. ئەوان بەدەنووک لە شووشەی هەتاو ئەدەن و
ئەمیش مورووی ڕەنگاوڕەنگی خونچە و تەرزەو باویلکەکان ئەهۆنێتەوەو
ئەیکاتە ملی ئێواران. منداڵێکی چاو لە پشکۆ زیتتر. لەوردە
شەپۆل خێراتر و لە نەعنا بۆن خۆشتر. هەنووکە گەورەتر بووە، وا
پشیلەیەکی چاو زەردی بنی چڕنووک ئاڵی لەناو کۆشدایەو هەردووکیان
لە پاڵ کەڵە پەنگری ئاگردانێکدا وەنەوەز ئەدەن و دوایش پێکەوە
خەویان لێئەکەوێ. ئەو لە خەویا خۆی بە چوکڵەی ئەستێرەیەکدا
هەڵئەواسێ و ئەمیش ئەچێتە سەر شانی و بۆڵا بۆڵا جریوە ئەچنێ.
ئیستە میقداد هەرزەکارەو ئەوەندەی سوورە هەتاوی جزیرە
گەرم و گوڵە مێلاقە بە بەرپشتێنەوە و کتێبێ لە بن هەنگڵدا و
سەر دێرو بن دێر ئەکا و بەشوێن چراوگی بیری تازەدا ئەگەڕێ
هەرزەکارەو لەبناری چیاکانی بۆتاندا!
بووە بە شمشاڵ
ئەگەر مانگە شەو بێ تریفە ئەژەنێ و
ئەگەر باران بێ ڕێژنە لێئەداو
ئەگەر پاییزبێ
خەزان ئەیکا بە بای کۆساران.
ورد ئەبێتەوە، تێرامان لە هەموو شتێ، ئیستە بووە بە
پرسیار. ورد ئەبێتەوە لە ڕیشاڵی هەرە وردی گەڵا. لە لەرزەی
کەمەری شەپۆل. لە چاوی کتێبەکانی باوکی، گوێ لە نووزەی
هەرە نزمی مێژوو ئەگرێ لەویاندا پیتەکانی زمان و لەمیاندا
ئایندەیەکی دوورتر ئەبینێ. لە خاڵی خاڵخاڵۆکەدا، نوختەو

فاریزە بە دیئەکاو، لەبن دەوەنێکدا دائەینشێ و لەقاچی
درێژو گرنج گرنجی شێرە کوللەیەک ڕائەمێنێ و دەستی مەکینەیەکی
چاپکردن ئەبینێ و، دەست ئەبا پرشنگێ لەنێوان دووبەردا
بگرێ و "کوردستان"ی پێ بنووسێ و نەهێنی لێ ون ئەبێ و
ئەچێتەوە سەر چیچاکان.
لەسەفەرەکانی ئەستەموولأ و دواتریش قاهیرە و ئەورووپادا لەنزیکەوە
پەنجەرە تازەکانی ڕۆژئاوا ئەبینێ. بالکۆنە نوێیەکانی عەقڵی ئەورووپا
ئەبینێ. گوێ لە ڕستە نەبیستراوەکانی داهێنان ئەگرێ. ڤۆڵتێر ئەبینێو
ڕۆســۆ ئەبینێ و گۆتینبورگ ئەبینێ و شۆڕشی فەڕەنسا و شۆڕشی پیشەسازی دایئەچڵەکێنێ
و
گەرووی زانست ئەیهەژێنێ و لەسەریا بەهاری بیرێ ئەخەملێ.
ڕۆژێک وتی:
لەناو هەموو باڵندەکاندا من ئەو باڵندەیەم خۆش ئەوێ
وەک ئەوانیدی ناخوێنێ و پۆل بە جێدێڵێ و لەئاسماندا
بەجیا ئەفڕێ. لەناو درەختەکاندا من درەختێکم خۆش ئەوێ
لەیاسای پەرژیندا خۆی قەتیس نەکاو تا ئەودیوی لەمپەری
قەدەغە پەل و پۆ بهاوێژێ. لەنێو ڕووبارەکاندا ڕووبارێ
کە بەلایەکدا ئەڕوات، ئەوانیدی پیا ناڕۆن. لەناو کتێبەکاندا
ئەو کتێبەی پرسیاری زۆرترەو ئاینده ئەهێنێ و لەناو
قەڵەمەکانیشدا ئەو قەڵەمەی ڕچەشکێنی بیرێکی نوێیەو
کۆن ئەبەزێنێ!.
لە پەیژەکەی تەمەندا
ئێستا میقداد بەگ لە سەرو پلەی پەنجاوەیە.
خولیایەک لەگێژەن بەسامتر ئەهێنێ و ئەیبا.
هەموو شەوێ لەسەر باڵەکانی غەزەتەیەک
هەڵئەفڕێ بۆلای هەورو لەناو هەوریشەوە
بۆلای خوا، ئەیەوێ بارانێ لە وشە ببارێنێ و
بوومەلەرزەیەک لەزماندا بەرپابکاو
خۆرێک لەشەوی سەری کورددا هەڵبێنێ و
بەدەستی ڕاست پاڵأ بە پێچکەی مێژوویەکەوە بنێ بەرەودواو
بەدەستی چەپ تازە وتازە وتازە بێنێ!
لە بیست و دووی نیسانی ١٨٩٨ دا، لە کاتژمێری
دوانزەی نیوەڕۆدا، وەختێ هەردوو میلی سەعاتژمێرو
دەقیقە ژمێر وەک جەستەی نێر و مێ جووتبوون و
دوانزە کەڕەت لەسەریەک کاتژمێری هەڵواسراو بە تەوێڵی
ئەزهەرەوە لێیدا. لەداوێنی مەکینەکەی گۆتینبورگەوە
لەداوێنی شارستانیەتەوە. ڕۆژنامەی کوردستان کەوتە خوارێو
کەوتە ناو دەستە پیرۆزەکانی میقداد بەگەوە. هەر بە پیەوە
میقدادی یەکەم سەر قافڵەی ڕۆژنامەوان، پڕپڕبوو لە
هەڵاڵەی نیسان. پڕپڕ بوو لە هەتاوی شەمدینان پڕپڕبوو
لە زەردەخەنەی منداڵانی جزیرە و بۆتان.
بیست و دووی نیسانی ١٨٩٨

هەر هەمان سات. هەمان ڕۆژ. بیست و دوو كوێرە كانی
لەبنار شاخەكانی دەرسیم دا تەقینەوە. هەر هەمان سات،
بیست و دوو كچ لەدهۆك لەدایكبوون و بیست و دوو
باوەش گوڵەباخ بوون بە قوماتەیان. لە كەركووك بیست و
دوو جار بابە گوڕگوڕ بەكڵپەوە هەستایە سەرپێ. لەقامیشلو
بیست و دوو كۆترە باریكە باڵیان گرت و هەرهەمان ساتیش
لەبەركاوی زاوا بووكی سابلاخ، بیست و دوو سنەوبەریش
دەستیان گرت و كەوتنە هەڵپەڕین! هەر لەو ساتەیشدا،
لەسەر ڕەوەزێكی چیای جودی، پیرەمێردێكی كاكۆڵ و ڕیش
سپیی دەست بە گۆچان، باریكەلەو نوورانیی لە شێوەی
فەقێ تەیەراندا، لەگەواڵە هەورێكەوە دابەزی و سەری
بۆ خودا هەڵبڕی و ڕوویكردە بەرد و ئاوو پێدەشتی گوڵە گەنمو
لەیەكەمین لاپەڕەی موقەدەسی ڕۆژنامەی كوردستاندا بەر لە سەدو
هەشت ساڵ لەمەوبەر ئەو ڕستانەی خوێندەوە كە بوون بە كلیل و یەكەمین
سەروتاروو ڕیزە چرای سەر شەقامی ڕوو لە ئایندەی ڕۆژنامەوانیمان:
"من ئەڤ جەریدەیەها نڤیسی بە ئیزنا خودێ تەعالا
پاش نهۆ هەر پازدە ڕۆژادە جارەكی ئەزێ جەریدەیەكی بنڤیسم
ناڤێ ڤێ من كریە "كوردستان". ڤێ جەریدەیەدا ئەزێ
بەحسا قنجیا عیلم و مەعریفەتێ بكەم. ل كودەرێ مرۆڤ
د عەلمە؟! ل كودەرێ مەدرەسەو مەكتەبێ قنج هەنە؟
ئەزێ نیشا كوردا بكەم. ل كودەرێ چ شەڕ دبە؟ دەولتێن
مەزن چێدەكەن؟ چاوا شەڕدەكەن؟! تیجارەت چاوا دبێ؟!
ئەزێ حەمیا حیكایەت بكەم. هەتا نهۆ كەسی جەریدەیەكی
هولێ نەنڤیسیە. ئەڤ جەریدەیا من عەوەلییە لۆما
وێ گنیك كێمایی هەبێتن. ئەز هێڤی دكەم كێمایا
جەریدەیێ ژ من ڕابنڤیسن. حەمی شت وەكی
نو چێدەبن كێمن. پاشی هیندكی دچێ د گوێڕیدە
ئەڤە یێدی ئەزێ دەست مەقسەدێ بكەم"
گەورەم میقداد بەگ:
لەو شەوگاری چاو چاو نەبینانەدا، كە تۆ بەمۆمێكەوە
بەشوێن بیری نوێ و دنیای نوێخوازیدا ئەگەڕایت و لە چەقەنە
بەردە قۆقزەكانی بابی عالی و سوڵتان هەڵئەنووتیت و
دركەزیەكانی جەهالەت لە ڕووناكیی چاوت هەڵئەچەقین و
سامالّی ناو سەرتیان زامدار ئەكرد. لەو سەردەمەدا،
هەر ماڵباتە، چاو نەترس و سەردەق شكێنەكەی ئێوە هەبوون
كە لە عەقڵ و هۆشی مۆدێرنەوە بۆ كاڵەو پێتاوی نوێ و
بۆ دەنگ و ڕەنگی نوێ ژیان بگۆڕن. تۆ ڕوو
لە قیبلەی تازەگەری وەستایت و خورافات بەردە بارانی
كردیت و بەڵام ئەو نوێژە تازەیەی خۆت بۆ كەس نەبڕی.
گەورەم ئەوڕەحمان بەگ!
ئێوە ئەگەر پەنجەرەی تازەتان لە عەقڵدا نەبوایە
ڕۆژنامەیش نە ئەبوو بە ڕێگای تازە.

ئەگەر لە ڕوانینە کۆنەکانی ژیان یاخی نەبوونایە
ڕوانینە نوێیەکانی کوردیش نەئەهاتە کایەوە.
بەکورتی ئەگەر ڕووناکبیری سەردەمی خۆتان نەبوونایە
نەشئەبوونە پێشەنگی ڕۆژنامەوانی ئێمە
تۆ و میقداد بەگ، هەردووکتان، کۆڵکێشی وشەو
کۆڵکێشی ئازارو کۆڵکێشی هەموو خەمەکانی ئەم نەخشەیە
بوون. هەم ڕێگابوون و هەم پەیامیش، هەم
نووسەرو هەم کرێکاریش. لە قاهیرەوە بۆ ژونیەف و
دیسانەوە لە قاهیرەوە بۆ لەندەن و ئینجا بۆ فولکستۆن و
هەمدیسان بۆ ژونیف و لەم دنیایەدا کونجێ نەبوو
تاوسە غەمگینەکەی ئەم زمانە داڵدەبدات!. پەنایەک
نەبوو بۆ جێکردنەوەی مەلۆتکەکەی ڕۆژنامەتان و
هەر تەنیایی و بێکەسی خۆتان پەناو هەر خۆشەویستیی
کوردستان ڕێگەی سەفەرتان بوو!
لەزرنگانەوەی بێدەنگیی ناو تاریکستانی سەڵتەنەتدا،
باڵای ئەم ماڵباتە لەتاڤگەی نوورێک ئەچوو بەورشەو پرشەی
درەوشانەوەی بەردەوام چواردەوری ترس و بیمی ناو غەیبیاتی
ئەکرد بەچراخان و دێوو درنجی نەزانین و ئەو مێژووە چەمووش و
شوومەیان ڕاوئەنا کە بەهەر چوارپەلی شەوەزەنگی خۆیەوە
لەسەر سنگی ژیان کەوتبووە سمکۆڵان. لەوەختێکدا قەڵەم
کەم و هەرهی شیعر بوو، ئێوە بوون بە قەڵەمی دیکەی ناو عەقڵی
تازەگەری و یەکەم مەشخەڵی ڕۆژنامەوان. لەوەختێکدا پیتەکانی
زمانی کوردی لەزەمینەی وتارو ڕەخنە نووسیندا
هێشتا نەکەوتبوونە سەرپێ ئێوە بوون دەست و
پل و سەروملی خۆتان بۆ ئەکردن بە ڕەوڕەوەو دارە دارە
تا پێیان گرت و کەوتنە سەرپێ. لەوەختێکدا هزرمان کوێرە
مووشە بوو. هزری ئێوە بووبوون بەمۆمدان.
فەنەرێک بە ئاسمانێکی ڕەشەوە
ئەوە سەری ئێوە بوو.
گوڵە ئەستێرە بەکەژێکی نابیناوە
ئەوە چاوی ئێوە بوو
هاوارێک لە وەختی بی هاواریدا
ئەوە دەنگی ئێوەبوو.
وڵاتێکی کەڕو زمانێکی لاڵ و مێژوویەکی بێهۆش و
ئێوەیش سروودی گەرووی باڵداری ئەڤین و
زرنگەی زەنگ و فڕینی دوا ڕۆژ بوون
ماڵباتێکی پێکهاتوو
لەڕیزە ئاوێنەیەکی فێست لە سەروو
لەژێر فێستیشدا بەهارێ لەنوێخوازی ئەڕسکا.
کۆمەڵێ ژن و پیاو، پێش زەمانی خۆیان
ئەکەون و بەپێچەوانەی قیبلەنمای داب و
نەریتەوە ئەڕۆن و ئەیانەوێ ناباوبکەن

بەباوو مەحالاً بگرن و دنیای نەپشكنراو بدۆزنەوە.
سڵاوی ئەلف و بێی لاتینی لەسەرەتای چاو پشكوتندا
سڵاوی چاپخانە لەگەرمەی گرمەگرم و ئیشكردندا
سڵاوی ڕۆژنامە لەیەكەمین ساتەوەختی دەركەوتندا
سڵاوی یادداشت لە سەرەتای خۆناسینیدا بەجیهان!
ماڵباتێ لەشێوەی ئینجانەیەكی مەزندا:
میر بەدرخان ئینجانەكەو
عالی بەدرخان گڵی ئینجانەو
كامیل بەدرخان لاسك و پەلكی یەكەم و
میقداد و ئەورەحمان
دوو گوڵە قەڵەمی سەرتلاً و
جەلادەت. هەتاوو
عەبدولڕەزاق و سورەیا ئاووهەواو
دوكتۆر كامەران. نەخش و نیگاری ڕەنگینی و
لەیلا بەدرخان گەڵای بەسەمای سەرچلاً و
ڕەوشەنیش پەپوولەو پەروانەی دەوری ئینجانە.
ئەی هەر ئەوان نەبوون لەسەفەری نێو تەمتوومانی
سزاو ئەشكەنجەدا، لەپێشی پێشەوە بوون، یەكەمین نەبوون؟!
لەماراپـۆنی دەربەدەری و غەریبیدا، بەر لە هەموو
كلۆڵانی ناو قەوارە ڕەشەكەی عوسمانی. هەر ئەوان نەبوون
گەیشتنە دوا تاراوگەی قوتبی خوارووی دینا؟!
عەبدولڕەزاق بەدرخان، بەخۆی و تاقە باوڵێكی تەنەكەو
چەند مشتێ خۆڵی جزیرەوە. بەناو ڕەوە قرشەكانی
زەریادا، بەناو شەپۆلە دڕەكانی گەرداودا، بەسواری
كەشتیەكی چارۆگەداری تەختە لەرزۆكی لارە لاركەردا،
بەسەر پشتی شەپۆلە هارەكانەوە، بۆ باشووری ڕەشی
ئەفریقا دوور نەخرایەوەو لەوێش لە قرچەقرچی هاویندا
لە زیندانێكی سوورەوە بووی گۆشەگیر تونەنەكرا؟!
نامۆیی و بەدرخانیان بوون بەیەك بنەماڵە. تاراوگە بوو بە
ئەوگان، حیجازو لیبیاو فەلەستین و دوورگەی كریت
بوون بە جوگرافیای پەرت پەرتی یەكەمینی ئەنفال و وەرزی دابڕان
هەمیشە عەشقێكی سەرگەردان هەمیشە
هەمیشە پێشڕەوو سەرقافڵەی باران. هەمیشە
هەمیشە سەردەق شكێنی ژیان و داهێنان. هەمیشە
هەمیشە باران و هەتاو پێكەوە. هەمیشە
هەمیشە باڵی بەرین بۆ فڕین و شەقژنی تازە. هەمیشە
ئەی تۆ؟! خاتوو لەیلا بەدرخان!
ئەی ژنە پیانۆو كەمانچە!
ژنە فلووتی سەر شانۆ سپییەكانی ئەورووپاو
ئەی نۆتەی مێ و ئەی پرچی گۆرانی و
ئەی باسكە ناسكەكانی كزە با!
خاتوو لەیلا!

ژنە نەورەسێ. وەختێ باڵ لێکئەداو
ئاسمان ئەگرێتە باوەشی و
عەشق ئاوێتەی لەنجە ئەکا.
خاتوو لەیلا!
ئەو وەختەی لە جەستەیەکی یاخییەوە
شەرمی ژنی ئەم ڕۆژهەڵاتە وەک سەرپۆشێک
ئەداتە دەست (با)و، ئەیکا بە گەردەلوولی
سەماو، سەما ئەبێ بە ئازادی و ئازادی
بەسەماو، ئەو وەختەی تخووبەکانی دەسەڵاتی
نێر، قانوونی نێر و شەرعی نێر و لەمپەرەکانی
ئەرزی حەرامی نێر ئەشکێنێ و لەسەر شانۆوە
چون کۆترێکی سپی بەرز ئەبێتەوە بۆلای خودا
ژنە گیتاری بەدرخانیان. قەڵبەزەیەک لەسەما.
ئەو وەختەی پرشە پرشی لەنجەولار، دڵۆپی فێنک
ئەدا لە دڵی گەرم و خۆشەویستیی ئەکا بە پەڕەی
گوڵ و شیعر بە سەر دڵداراندا دابەش ئەکا!
خاتوو لەیلا!
ژنێک لە شمشاڵی ڕێچکە شکێنی و
مێیەک کە هەر بۆ مێیەتی خۆی و
ئازادی سوجدە ئەبا
ئەشێ یەکەم ڕیزە شیعری. ناو ئەم زمانە، ئەوەندە جوان بووبن
چەندین ڕیزە دڵیان کردبێ بە تارمەی مانگە شەوی خۆیان!.
لەوانەیە یەکەم ڕیزە چیرۆکی ناو ئەم زمانە، ئەوەندە کاریگەر
بووبن، چەندین ڕیز بیرو هۆشیان کردبێ بە پەروانەی
باڵای خۆیان. ئەشێ یەکەم پۆلە گۆرانیی ناو ئەم زمانە
ئەوەندە تەلیسماویی بووبن، چەندین ڕیز هەست و نەستیان،
کردبێ بە پۆلە باڵندەی ئاسمانی خۆیان. ڕەنگە یەکەم ڕیزە
تابلۆی وێنەکێشانی ئەم وڵاتە ئەوەندە دلڕفێن بووبن،
چەندین ڕیزە چاویان کردبێ بە گڵۆپی سەرسەری خۆیان.
بەڵام یەکەم ڕۆژنامەی ناو ئەم زمانە ئەوەندە بەهێزو تازە و کاریگەر بوو
دڵ و چاوو هەست و نەست و بیرو هۆشی میللەتێکی هەموو
گۆڕی و هەروەهایش ڕێ ڕەوو ڕوخسارو پێکهاتەی مێژوومان!
بیست و دووی نیسانی ٢٠٠٦
"ئیمەیلێکی شپرزە لەشێوەی دایکە باڵندەیەکدا کە بێچوویەکی خۆی لێ ون بووبێ. لەسایتی "شێرکۆ بێکەس"ەوە بۆ هەموو ڕۆژنامەوانانی کوردستان، یان هەرکەسێ عاشق و خەمخۆری هێلانەکانی ئەم زمانە بێ، لە هەر شوێنێکی تری دنیا:
کە قەڵەمەکەم بزربوو، بۆ ساتە وەختێ، پەنجەکانم
ماتیانکردو، هەر ئەوەندەو، قەڵەمێکی ترم هانی و
ئیتر ئەوم لەبیرچۆوە. کە ڕەشنووسی شیعرێکی
بڵاونەکراوەم بزربوو، گەلێ شوێنی بۆ گەڕام و،
نەمدۆزیەوەو، تا هەفتەیەک، تەمێک نیشتبووە سەر
دیدەم، بەڵام وەختێ کە شیعرێکی تازەم نووسی،

تەم ڕەویەوەو شیعری ونبووم لەبیرچۆوە. باوکم
دوای خۆی چوار وێنەی خۆی جێهێشتوو، بەڵام
وەختێ کە وێنەیەکیان بزربوو، وەک دەستێکی خۆم
لێ بزربووبێ وابوو. هەر چیمکردو، چەند گەڕام و،
چەندە پرسیم. نەمدۆزیەوە و نەمدۆزیەوە. مانگێ زیاتر
خۆم و شیعرەکانم و قەڵەمەکەم، بەوداخەوە تلاینەوە،
بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو سێ وێنەیەی کەمابوون دڵخۆشییان
زۆردامەوەو وتیان: خۆ ئێمەیش هەر ئەوین. لەدواییدا
ئەویشم هەر لەبیرچۆوە.
بەڵام دەمێکە زۆر دەمێکە
خۆشەویستێکم لێ بزربووە. لە قەڵەمەکەم و ڕەشنووسی
شیعرەکەم و وێنەکەی باوکم خۆشەویستر، لەویش زیاتر،
لە کوکوختیەکەی دڵم و، لە پەنجەرەکانی چاوم و،
لەپەلکە گیای پەنجەکانم خۆشەویستتر. ئەم خۆشەویستە
بزرەم، تاقانەیەو، نەجووتی هەیەو نە جێگرا.
بەتاقی تەنیا خۆیەتی. دایکم وتی: من لەجیاتی،
وتم: نابێ. من دڵنیام ماوە، ئەوەندەی بۆ گەڕاوم
شوێن لێم وەڕسبووە. ئەوەندە پرسیارم کردووە، وەڵام
خۆیم لێئەشارێتەوە. بێ هوودە بێ هوودە. هەموو
ساڵێکیش لەم ڕۆژەدا دێتە خەونم.
ئەی ڕۆژنامەوانانی کوردستان! لە هەرکوێ هەن!
وا هانام بۆ ئێوە هێناوە. تکایە
ئەو خۆشەویستە تاقانەیەم بۆ بدۆزنەوە.
ژمارە (١٩)ی
ڕۆژنامەی کوردستان!

سلەیمانی
٢٠٠٦/٤/٧

هەزارنامەی کتێب



دیمەنێکی کردنەوەی ئاهەنگی سێیەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ٢٠٠٦/٤/٢١ هەولێر



لێژنەی باڵای سەرپەرشتی سێیەمین فێستیڤاڵی بەدرخان
هەولێر ٢٠٠٦/٤/٢٢
ریزی پێشەوە لە راستەوە: حەمید ئەبوبەکر، فەرهاد عەونی، سینەم بەدرخان، د.کەمال فوئاد
ریزی دواوە لە راستەوە: عەبدوللا زەنگەنە، د.مۆفەق دەرگەڵەیی، ئەنوەر محەمەد تاهیر، کەژاڵ ئەحمەد، جەوهەر کرمانج، هەڤاڵ زاخۆیی، مستەفا ساڵح کەریم

# ROZHNAMANOOS

***Aperiodical magazine specialized in press***
***Issued by Kurdistan Journalist's Syndicate***